# له چیاکانی موکریانەوە
# تا دەشتی کۆیە

نووسینی:
برایم چووکەڵی

ناوی کتێب:
لە چیاکانی موکریانەوە تا دەشتی کۆیە
نووسینی: برایم چووکەڵی
پێداچوونەوەی: عەلی بداغی
تایپ: محەممەد نەقشی
مونتاژ و دیزاینی بەرگ:
ئەیوب شەهابی راد

# پێشكه‌شه

ـ بـه رێبـه‌رانی هه‌میـشه زینـدووی گه‌له‌كـه‌مان قـازی‌و قاسملوو و شه‌ره‌فكه‌ندی

ـ بـه‌و رۆڵـه تێكۆشـه‌رانه‌ی لـه خـه‌باتێكی سـه‌خت‌و خوێناوی‌دا شه‌هیدو بریندار بوون

ـ بـه‌و كه‌سـانه‌ی كـه درێـژه‌ده‌ری رێگـای شـه‌هیدانن‌و وه‌ك قه‌ڵایه‌كی پۆڵایین له مه‌یدانی خه‌بات و تێكۆشان دا ماون

ـ به‌و كه‌سانه‌ش كه له‌و قۆناغه‌دا واته خه‌باتی چـه‌كداری پشت و پنای هێزی پێشمه‌رگه بوون

# سوپاس و پێزانین

جێگای خۆیەتی کە لەم چەند دێرە دا پڕبە دڵ سوپاسی ئەم بەڕێزانە بکەم کە بۆ ئامادە کردن و چاپ کردنی ئەو پەرتووکە هاوکاری بەنرخیان کردووم وخۆیان لەگەڵ ماندوو کردم.

- سوپاسی خالید محەممەدزادە دەکەم کە هانی دام ئەو رابردووە ژێر گڵ نەخرێ‌و بە شێوەی داخراو نەمێنێ بێتە سەر کاغەز.

- سوپاسی هاورێی خۆشەویستم عەلی بوداغی دەکەم کە زەحمەتی زۆری کێشاو دووجار بە کتێبەکە دا چۆتەوەو کاتێکی زۆری خۆی بۆ ئەم پەرتووکە تەرخان کردبوو.

- سوپاسی محەممەد نەقشی دەکەم کە کاری تایپەکەی وەئەستۆی خۆی گرت.

- سوپاسی ئەیوب شەهابی‌راد دەکەم کە کاری مونتاژو تەرراحی بەرگی کتێبەکەشی کردوە.

سوپاسی بەڕێز قادر وریا دەکەم کە ئەرکی نووسینی پێشەکیی ئەم کتێبەی وەئەستۆ گرت.

- هەروەها جگەر گۆشەی خۆشەویستم بەیان چووکەڵی کە لە هەڵەچنی کتێبەکەم لە سەر کومپیتێر هاوکاری کردووم.

# پێشەکیی نووسەر

گەلانی زۆرلێکراو هەمیشە لەبەرامبەر رێژیمە زۆردارەکان دا،خەبات و بەربەرە کانییان کردوە و دەربەدەری و مالوێرانی و کوێرەوەریان دیوە و فیداکارییان نواندوە تا بە لوتکەی سەرکەوتن گەیشتوون.

نەتەوەی کوردیش،وەك نەتەوەیەکی چەوساوە و بن دەست لە مێژە بۆ وەدەست هێنانی ئازادی خەبات دەکاو لە پێناوی گەیشتن بە مافە ئازادی یەکانی تووشی دەربەدەری، ئاوارەیی و کوێرەوەری بووە، شارو گوندی لێ وێران وخاپوورکراوە و گیانی هەزاران رۆلەی بە وەجی خۆی لەم پێوەندی یە دا بەخت کردوە.

خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە سەدەی رابردوودا بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ساڵی١٣٢٤ی هەتاوی(١٩٤٥)ی زایینیدا شێوەیەکی سیاسی تری بەخۆیەوە گرت وخەلکی کوردستانی ئێران لە دەوری ئالای حیزبی دێموکرات کۆبوونەوە .حیزبی دێموکرات زیاتر لە نیو سەدەیە دژی رێژیمە زۆردارەکان وەستاوەو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەی خەبات دەکا ، بە تایبەتی لە ماوەی نزیك بە ٣٠ ساڵ دەسەڵات دارێتی کۆماری ئیسلامی بە سەر وڵاتی ئێران دا بە سەدان و هەزاران رۆڵەی کورد هاتوونە ریزەکانی حیزبی دێموکرات ولە بەرامبەر درندەترین وکۆنە پەرستترین رێژیمی سەردەم دا خەباتیان کردوە و بە هەزاران کەس لەوان گیانیان لە پێناوی ئامانجەکانی گەلەکەیان دابەخشیوە .

لە کەس شاراوە نیە کە ئەوخەبات و بەربەرەکانی یە لە مێژ ساڵە هەیە . تێکۆشەرانی کورد لە ریزی ئەم حیزبە دا چەندین ساڵە لێبراوانە داکۆکییان لە مانەوەی گەلە بە شخوراوەکەیان کردوە. نزیك بە سێ دەیەیە ئەو بەربەرەکانی یە

دژی دوژمنـــــانی مـــــاف وئـــــازادیی گــــەلی کــــورد درێـــــژەی هەیــــە .
جێگای خۆیەتی هەرکەس بە نۆرەی خۆی رووداوەکانی ئـەم مێـژووە خۆینـاوی یـە تۆمـار بکـا بـۆ ئـەوەی لاپـەرە زێرینـەکان، شـانازی یـە گـەورەکان، حەماسـە پڕلـە قارەمانەتی ولەخۆبوردوویی یەکان لە بیرنەچنەوە، بپارێزرێ ونەسڵەکانی داهاتوو لێیان فێربن وبزانن نەتەوەکەیان لە پێناوی ئازادی دا چ نرخێکی داوە٠

لە مێژ بوو پێوەبـووم منـیش کـە یـەکێك لـەو کەسانەم لـە مەکتـەبی حیزبـی دیمـۆکرات، حیزبـی قـازی و قـاسملوو و شـەرەفکەندی دا مـاوەی چارەگە سـەدەیەك (٢٥سال)خەباتم دژی رێژیمی ئاخوندی وکۆنەپەرەستی کـردوە ئەگـەر بـە کـورتیش بێ هێندێك لـە رووداوەکـانی ژیـانی پڕچـەرمە سـەری بـەڵام سـەربەرزانەی خـۆم و هاوخەباتانم بێنمە سەر کاغەز.

ئەگەرلەخـەبات دا بـە شـداریم نـەکردبا ، لـە وانـە بـوو نـەتوانم وەك ئێـستا دەردومەینــەتی وکــوێرەوەریی گەلەکــەم پــێ زانیبــا ٠ چــونکە لــە بنەماڵەیــەکی وەرزێـری ناوچـەی موکریـانی پرپێـت وبەرەکـەت داگـەورە دەبـووم ولـە وانـە بـوو ژیـــانێکی ئاســـایی وهەرلـــەو کاتـــە دا ئاســـوودە، ژیـــانی منـــی بـــەرەو ئاســـوودە دەوڵەمەندانەم تێپەر کردبا٠ بەڵام ئێستا دەردی من بەشێکە لـە دەردی گەلەکـەم و دەردی گەلەکەشم بووە بەدەردی من٠

کتێبـی "لـە چیاکانی موکریانـەوە تـا دەشـتی کۆیـە"باسـی بـە شـێك لەخـەباتی گەلەکەم لە دوای هاتنەسەرکاری ریژیمی ئیسلامی ئێران دەکا خەباتێك کـە بۆخـۆم راسـتەوخۆ تێـی دا بەشـداربووم ٠باسـی کۆمـەڵێك خـەباتکار دەکـا کـە لـە گـەل نووسەری ئەم دێرانە لەناوچەی بۆکان ئـاڵای خـەباتی حیزبـی دیمۆکراتیـان هـەروا شەکاوە راگرت، باسی حەماسە وفیداکاری یەکانی پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکرات لەو ناوچەیە دەکا کەچیان بەسـەر هێـزی سـەرکوتکەرو دژی گـەلی یـەکانی رێـژیمی دیکتاتۆری ئێران لە بۆکان وناوچەکانی دیکە هێناوە!

دیارە ئەمانەی لەم کتێبە دا هاتوون باسکردنی هەموو ئەو شەروتێکهەڵچوونانە نیە کە لەبۆکان روویان داوە بەڵکو ئەوانەن کە نووسەر تییّان دا بەشدار بووە چونکی تا ساڵی ١٣٦٢ زۆر جار لکەکانی هێزی پێشمەرگە بۆخۆیان سەربەخۆ عەمەلیاتیان دەکردو تاکتیکی شەر تاسەرەتای ساڵی ١٣٦٣جیاواز بوو٠ بە دوای میلیتاریزە بوونی ناوچە هێزەکەمان کۆبۆوە سەر یەك، لەبەر ئەوەی بۆ بەرێوەبردنی عەمەلیات لە هەل ومەرجی نوێ دا پێویستی زیاتری بە هێزی رێك و پێك و بە دیسیپلین هەبوو٠ مەبەست ئەوەیە ئەم را بردووە پرشانازی وسەرفرازییە کە بەشێکە لە مێژووی حیزبی دیموکرات لە بیرنەچێتەوە ٠بۆ ئەوەی نەسڵەکانی داهاتوو بزانن نەسڵی پێش خۆیان ئەرکی ئەوانی کەم کردۆتەوە٠

ئەم نووسینانە قەزاوەتی فەردییان تێدا نیە و بۆچوونی شەخسی و تاکە کەسییان تێدا نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکوو هەوڵم داوە رووداوەکان چۆن بوون ئاوا بنووسرێن دەتوانم بڵێم وەك بووە هاتوونە سەر کاغەز٠

ئەگەرچی بە هۆی هەل ومەرج ئەو کات نەمتوانیوە هەموو شتەکان لە کاتی خۆی دا یادداشت بکەم ئەوانەش کە لە کاتی خۆیدا یادداشتم کردوون بە کورتی بوون بەڵام وەك دەڵێن زەرەر لە نیوەش بگەرێتەوە هەر باشە٠ ئەگینا عەمەلیاتێکی یەك رۆژە کە ١٦ سەعاتی خایاندوە هەڵگری سەدلاپەرەیە، کەچی من لەچەند لاپەرە دا باسم کردوە٠

داواکاریم لە کادرو پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبی دیمۆکرات ئەوەیە لە هەرپلەوپۆست وبەرپرسایەتیەك دان باس و بیرەوەری ئەو رابردوە پرشانازییانە بێننە سەرکاغەز با هەروا بەسووك وسانایی ژێرگڵ نەخرێ٠

برایم چوکەڵی

١٣٨٥/٤/٢٢

# پێشه‌كی

كتێبی له "چیاكانی موكریانه‌وه تا ده‌شتی كۆیه"، له نووسینی هاوڕێی تێكۆشه‌ر برایم چووكه‌ڵی

هه‌ڵبژارده‌یه‌كه له بیره‌وه‌ریه‌كانی به‌شێك له ژیانی خه‌باتكارێكی له مێژینه‌ی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران. خه‌باتكارێك كه زۆربه‌ی ژیانی شۆڕشگێڕانه‌ی له‌سه‌نگه‌ری پێشمه‌رگایه‌تی‌و داكۆكی له نه‌ته‌وه بنده‌سته‌كه‌ی‌دا تێپه‌ڕكردوه‌و، كارنامه‌یه‌كی سه‌ربه‌رزانه‌ی له خزمه‌ت به جووڵانه‌وه‌ی شۆڕشگێڕانه‌ی كوردستان‌و حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران دا هه‌یه.

وه‌ك گوتم ئه‌مه هه‌ڵبژارده‌یه‌كه له بیره‌وه‌رییه‌كانی، نه‌ك بیره‌وه‌ریی هه‌موو ساڵانی ته‌مه‌نی خه‌باتگێڕانه‌ی. كه به ناخی ئه‌م بیره‌وه‌رییانه‌دا شۆڕده‌بینه‌وه، له‌گه‌ڵ ئه‌وه‌ی هیچ نووسین‌و به‌رهه‌مێكی ئه‌ده‌بی‌و هونه‌ری ناتوانێ رووداوه‌كانی نێو هه‌ناوی مێژوویه‌ك به هه‌موو لایه‌نه‌كانیه‌وه‌و ده‌قاوده‌ق به خوێنه‌رو بینه‌ر نیشان بده‌ن، زۆر راستی له باره‌ی خه‌باتی پڕ حه‌ماسه‌و خوێناویی گه‌لی كوردو رۆڵه شۆڕشگێڕه‌كانی، روون ده‌بنه‌وه. له‌م چه‌پكه بیره‌وه‌رییانه‌دا، زۆر روداوو دیمه‌ن سه‌رنج راده‌كێشن: له خۆبه‌ختكه‌ری لاوانی كورد كه به‌و په‌ڕی سه‌خاوه‌ت‌و له‌خۆ بوردوویی‌یه‌وه، له ژیان‌و گیانیان خۆش ده‌بن بۆ ئه‌وه‌ی خه‌باتی ئازادیخوازیی نه‌ته‌وه‌كه‌یان هه‌نگاوێك به‌ره‌وپێش به‌رن، تا ته‌حه‌مموڵی ئه‌وپه‌ڕی سه‌ختی‌و ماندوویی پێشمه‌رگه له پێناوی نزیككردنه‌وه‌ی دواڕۆژێكی پڕ له به‌ختیاری بۆ خه‌ڵكی كوردستان دا. باوه‌شكردنه‌وه‌ی خه‌ڵكی تینووی ئازادیی كوردستانیش بۆ رۆڵه خه‌باتگێڕو ماندوویی نه‌ناسه‌كانیان، سه‌ره‌ڕای له‌مه‌ترسی دابوونی ماڵ‌و گیانیان به بۆنه‌ی ئه‌م كاره‌یان، راستیه‌كی دیكه‌یه كه ئه‌م بیره‌وه‌رییانه شایه‌دییان بۆ ده‌ده‌ن.

هیچ گومانم نیە کە ئەو خەباتەی گەلی کوردو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەدوای هاتنەسەرکاری رێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرێوەیان بردوە، یەکێکە لە پرشنگدارترینو، هەر لەو کاتەدا پڕ لە فیداکاریترین قۆناغەکانی خەباتی خەڵکی کوردستان. نەوەی نوێی کوردستان پێویستە هەرچی زۆرتر لە بارەی چەندو چۆنی ئەم خەباتە بزانێو لە ئەزموونەکانی، لەکەمو کورِییەکانیو، لە وانە جۆراوجۆرەکانی بۆ خەباتی ئێستاو لەمەودوای کەڵك وەربگرێ. بەڵام مێژووی ئەم دەورەیە ئەگەر نەکەوێتە سەر لاپەڕەکانو تۆمار نەکرێ، لاوانی ئەمڕۆ چلۆن بزانن کە نەتەوەکەیانو رۆڵەخەباتکارەکانی چۆنیان ئەم قۆناغە تێپەڕ کردوە؟ چلۆنو بە کام رێگادا بەدژی دیکتاتۆری وەستاونەتەوەو، خاڵە بەهێزو لاوازەکانیان لەم هەوڵانەیان دا بۆ گەیشتن بە ئازادیو مافەنەتەوەیییەکانیان، چ بوون؟

لە مێژە گوتوویانە "نەتەوەیەك مێژووی خۆی نەزانێ، ناچار بە دووپاتکردنەوەیەتی". مێژووی ئێمەش پێویستە بە وردی لێی بکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی ئەزموونە بەنرخەکانی بەکار بێنینو هەڵەکانی دووپات نەکەینەوە. بەڵام بۆ ئەوەی بەوردی لێی بکۆڵرێتەوە پێویستە پێشتر بە ئەمانەتەوە تۆمار بکرێ. مێژووی ئەم دەورەیەش بۆ ئەوەی بەو جۆرەی شایانیەتی بنوسرێو لێی بکۆڵرێتەوە، پێویستی بە ئامادەکردنو کۆکردنەوەی کەرەستەی جۆراوجۆر هەیە. نووسینەوەی بیرەوەرییەکان لە لایەن ئەو کەسانەوە کە راستەوخۆ رۆڵیان لەم خەباتەدا هەبووەو لە نزیکەوە ئاگایان لە لایەنە جۆرواجۆرەکانی رووداوەکانی رۆژانە بووە، یەك لەو کارانەیە.

راستە بیرەوەریی خەباتگێرانی نەتەوەیەك، بە مێژووی خەباتی ئەو نەتەوەیە دانانرێ. بەڵام ئەوەش هەر راستە کە مێژووی راستەقینەو راستو دروست، هەر لەئاکامی شەنو کەو کردنو هەڵوێژاردنو لێکۆڵینەوەی کەرەستە خاوەکانی مێژوو

ـ کە بیرەوەریی رۆژانەی ئەکتەرانی نێو مێژووەکە، سەرچاوەیەکی هەرەگرنگیەتی ئامادە دەکریٚو دەنووسریٚ.

کارێک کە ئەم هاوڕیٚ تێکۆشەرەم، برایم چووکەڵی کردوویەتی، نەك نووسینەوەی ئەدەبیو هونەریی رووداوەکانی ژیانی خەباتگێڕانەی خۆی، بەڵکوو تۆمار کردنی رووداوە گرنگەکانی ژیانی رۆژانە بە شێوەیەکی زۆر سادەو ساکارە. زۆر لەو رووداوو حەماسەو کارەساتانەی، نووسەر بە پاراگرافێك یان لانی زۆر لاپەڕێك بەسەریان دا تێپەڕێوە، بۆ چیرۆکنووسێك یان فیلمسازێك دەتوانن هەوێنی رۆمانێکی گەورەو فیلمێکی درێژ بن. چونکە هەرکامێکیان نوێنگەیەکن لە رووبەروو بوونەوەو بە گژ یەکدا چوونی زۆر تایبەتمەندیو بەهای جۆراوجۆرو تەنانەت دژ بەیەکی مرۆڤەکان. هەر لە خۆ بەختکردن لە پێناوی بەختیاریی هاونیشتمانان تا خەیانەت بە گەلو وڵات بۆ دەسکەوتی نزمی مادی. لە بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤە بە بیرو باوەڕەکان بە چەکێکی ساکارەوە لەگەڵ لەشکرێکی پۆشتەو پەرداخی بەکرێگیراو، لە دەرکەوتنی جوانترین هەستەکانی مرۆڤ وەك بەزەییو خۆشەویستیو ژیاندۆستی تا جنوونی کوشتنو وێرانکاریی هێزەتاریکی پەرستەکان.

سەرنجڕاکێش ئەوەیە نووسەر رووداوەکانی لە کاتی خۆیدا یادداشت کردوونو ئەمەش نرخی کارەکەی دەباتەسەر. چونکە ئەگەر دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ بەسەر رووداوەکان دا، ئاوڕی لیٚدابانەوەو بینووسیبانەوە، لەوانەبوو زۆر شتی وەبیرنەیەتەوەو لە تۆمارکردنیان دا تووشی هەڵەی جۆراوجۆر بیٚ بەڵام ئەوەی ئێستای چونکە تۆمارکردنی گەرماوگەرمی رووداوەکانی ژیانی پێشمەرگانەو خەباتگێڕانەیەتی، پتر متمانەی پیٚدەکریٚ.

لەم پێشەکییەدا من نامەویٚ لەسەر سەرنجو لێکدانەوەکانی نووسەر کە بێگومان لە ژێر کاریگەریی پەروەردەی حیزبیو بیروڕاو هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتیکوردستانی ئێران دانو، تێکەڵ بە بۆچوونو ئاکام وەرگرتنەکانی خۆی

بوون، داوەری بکەم. بەڵام بە پێویستی دەزانم رێز لەو ئیبتکارەی کە ئامادەکرنی هەڵبژاردەی یادداشتەکانی ژیانی پڕ شانازیی پێشمەرگایەتیە، بگرمو دەستخۆشیو پیرۆزبایی لێ بکەم. چونکە بەم کارەی گەنجینەیەك لە رووداوە گرینگەکان کە لەپشت هەرکامیانەوە رەنجو ماندوویی‌و فیداکاریی کۆمەڵێك رۆڵەی بە بیروباوەڕی حیزبی دێموکراتو گەلی کورد هەن، وەبیر نەسڵی ئەمڕۆ دێنێتەوەو، رێگای ناسینی رابردوو، کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونەکان بۆ داهاتوویان بۆ تەخت دەکا.

سوپاس‌و دەستخۆش بۆ نووسەرو، بەو هیوایەی کە تێکۆشەرە لە مێژینەو بە ئەزموونەکانی دیکەی نێو جەرگەی خەباتی ئەم چارەکە چەرخەی دوایی، بایەخ بە یادداشتو بیرەوەریی تێکۆشانی خۆیان لە بوارە جۆراوجۆرەکان دا بدەن‌و بۆ چاپو بڵاوکردنەوە ئامادەیان بکەن.

**قادر وریا ١٣٨٥/٨/١٥**

# ١

شەوی ١٨ی خەزەڵوەری ١٣٦٠ی هەتاوی بۆمن دەرفەتێك بوو تا بە ئاواتی هەرەگەورەی خۆم بگەم و خۆم لەدەست ئەوهەمموو بێ ئۆقرەیی یە رزگار بکەم کە لەمێژ بوو بیر و مێشکی تەنیبووم و دڵ و رووحی پاوان کردبووم. ئەوشەوە دەستەیەك لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان هاتنە گوندەکەمان و بۆ ماوەیەکی کورت لە "داشبەند" گیرسانەوە منیش کە خۆم بە یەکجاری یەکلا کردبووە، خۆم پێ ناساندن و رەگەڵیان کەوتم.

کاتژمێری ١١ی شەو لە داشبەند ڕا بەرەو گوندی "هەباساوە" وەڕێ کەوتین و تا کاتژمێری ٣ی بەیانی لەوێ ماینەوە. لە سەعاتی ٣ی بەیانی چووینە بەرزایی یەکانی نێوان "ئاڵی کەند" و "هەباساوە" لەوێ کەمینیان ناوە، لە هەلومەرجی ئەوکاتی کوردستان هێزەکانی پێشمەرگە بۆ تێکشکاندنی پەلاماری هێزەکانی رێژیم بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان هەموو رۆژێ و زۆربەی کات کەمینیان لەسەر رێگاو شوێنە ستراتیژی‌یەکان دادەنایەوە. کاتژمێر ٨:٣٠ی بەیانی بەرەو مەقەڕەکانیان لە ئاوایی ئاڵی کەند گەڕاینەوە.

شەوی دواتر دایکم و باوکم هاتن بە شوێنم دا تا لەگەڵ خۆیان بمبەنەوە، ئەوکات تەمەنم ١٥ ساڵ بوو و کوڕە گەورەی ماڵە خۆشمان بووم. زۆریان فشار هێنا تا لەگەڵیان بچمەوە، رازی نەبووم چوونکە بڕیارم دابوو ببمە پێشمەرگە و خزمەت بە گەل و نیشتمانم بکەم. باوکم پاشان بە تووڕەیی دەستی دایکمی گرت و رۆیشتنەوە. پاش ٥ رۆژ مانەوە لەنێو ئەو دەستە پێشمەرگەیەدا نێردرامە بنکەی هێز لە گوندی "عەزیز کەند"، ماوەی ٤ مانگ مانەوە لە هێز بۆمن دەرفەتێك بوو تا ناسیاوێکی باشترم لە کاروباری بنکە و پێشمەرگەکان و هەروەها مقەڕەکان و پێوەندی‌یەکانیان

هەبێ. زۆربەی کاتەکانم لەو ماوەیەدا بە خوێندنی کتێب، ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی پڕ دەکردەوە کە ئەوکات بە دەگمەن و بە سەختی دەست دەکەوتن.

دەوروبەری بەهاری ١٣٦١ی هەتاوی بوو کە کاك قاسم باقی[1] داوای لە هێز کرد بمنێرنەوە لکی ٢ی هێزی بەیان. ئەمن پێشتر کاك قاسم باقیم دیبوو و دەمناسی. هەر لەسەر داوای ئەویش لە پەلی هێرش، لکی ٢ی هێزی بەیان سازمان درام. کار و بەرپرسایەتی سەرەکی پێشمەرگەکان لە هەلومەرجی ئەوکات دا پاراستنی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و بەر پرچدانەوەی پەلاماری هێزەکانی ڕێژیم بوو ئەوکات من وێڕای ئەوەی هەوڵم دەدا بەپێی تواناو بە هۆگری یەوە لە هەموو کار و بارەکانی هێزدا بەشداریم هەبێ، لەکاتەکانی حەسانەوە و پشووش دا خۆم بە خوێندنەوە خەریك دەکرد.

ئەوکاتیش بەهۆی زۆربوونی پێشمەرگە بەرپرسانی هێز کەمتر سەرنجیان دەدایە پێشمەرگە تازەکان و ئەو پێشمەرگانە تەنیا لەکاتی بەرپرچدانەوەی پەلامارەکانی ڕێژیم یان عەمەلیاتەکانی هێزی پێشمەرگە و بە کورتی لە مەیدانی شەڕدا دەبوایە خۆیان دەر خستبایە. بۆمن شەڕی نێوشاری باشترین دەرفەت بوو و یەکەمین شەڕ بوو. شەوی ٢٦ی پووشپەری ساڵی ١٣٦١بە پێی گەڵاڵەیەکی دیاری کراو هەموو پەل و لکەکانی هێزی بەیان بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتێکی بەرین چووینە نێو شاری بۆکان و، پاش ئەوەی بە شێوەیەکی زۆرنەهێنی خۆمان لە ماڵان دا حشارداو دابەش بووین، بۆ بەیانی ڕۆژی ٢٦ی پووشپەر پێش دەست پێکردنی عەمەلیات دەستەیەك لە پێشمەرگەکان کە لە ماڵی حەسەنی بایزئاغا دەبن ئاشکرا دەبن بە بیستنی دەنگی تەقە پێشمەرگە لە ماڵان دێنەدەر و کوچە وکۆڵانەکانی شاری بۆکانمان خستە ژێر چاوەدێریی خۆمان و بە ڕەمزی بژی پێشمەرگە شەڕ بە تەوای

---

[1]- شەهید قاسم باقی ئەوکات فەرماندەی لکی ٢ی هێزی بەیان بوو، ساڵی ١٣٦٤ بوو بە بەرپرسی هێزی بەیان و شەوی یەکەمی بانەمەڕی ١٣٦٤ لە ئەنجامی کردەوەیەکی تیرۆریستانەی هێزەکانی کۆمەڵە لە گوندی باغلووجە شەهید کرا.

دستی پێکرد و گەورەتر بۆوە گرمەی بە سامی مووشەکی ئارپیجی قرمەی کلاشینکوفی پێشمەرگە مۆلگە و بنیاتەکانی دوژمن ئاگر و دووکەلیان لێ بەرزبۆوە سەرەنجام تا تاریکی ئێوارێ شەڕو بەربەرەکانی توند، دەیان کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژران و بریندار بوون. یادی حەماسە و قارەمانەتی ئەو رۆژە هەمیشە لە یادی خەڵکی بە شەرەفی بۆکان دایە کە پێشمەرگەکانی دێموکرات چۆن دوژمنیان تاساند. لە گەرماو گەرمی شەڕ دا ٥ رۆڵەی قارەمان بە ناوەکانی برایم ئەمینی، عومەر قادری، حامید لەشکری، قادر مسقەتی و محەممەد ئاقابیگی (ئارامش) شەهید بوون و کاروانی شەهیدانیان بە تارای سوور رازاندەوە. دوای تەواو بوونی عەمەلیاتەکە سەعات ٩ی شەو لە شاری هاتینە دەر.

پاش ماوەیەك پشوودان لە بنکە سابیتەکان رۆژی ١٢ی خەرمانانی ١٣٦١ پێشمەرگەکانی پەل خەریکی خاوین کردنەوەی چەك و چۆڵەکانمان بووین و رەختەکانمان ئامادە دەکرد کاك قاسم باقی کە سەرلك بوو، کاك سەعدوون بارزانی[2] ئاگادار کردبۆوە کە خۆیان بۆ گەشتێکی سیاسی- نیزامی لە ناوچەی "ئاڵەشین" ئامادە بکەن. کاتژمێری ٦ی ئێوارەی هەمان رۆژ هەموو پەلەکانی سەر بە لکی ٢ لە جادەی ئەسڵی میاندواو ـ بۆکان پەڕینەوە و بۆماوەی چەند رۆژ لەو ناوچەیە و لە گوندەکانی ئەو ناوچەیەدا خەریکی کاروباری سیاسی و کاری حیزبی بووین. ئێوارەی رۆژی ١٨ی خەرمانان لە ئاوایی "جامەرد"را هەواڵیان هێنا کە رێژیم لە ساین قەڵا و بۆکانەوە هێزێکی زۆری کۆ کردۆتەوە و وا وێدەچێ کە نیازی پەلاماری بۆسەر هێزی پێشمەرگە هەبێ. ئەوشەوە لە کاتژمێری ١٠ی شەو هەموو پەلەکان لە شوێنە ئاستەمەکان نزیك ئاوایی "هۆرتەکەند" مابووینەوە، سەعات ٥:٣٠ی بەیانی رۆژی ١٩ی خەرمانان من کە نیگابانی دوایین پاسی شەو بووم چاوم بەچەند تارمایی یەك

[2]- شەهید سەعدوون بارزانی ئەوکات سەرپەلی پەلی ئێمە بوو واتا پەلی هێرش. ناوبراو ساڵی ١٣٧٢ لەنێوان رانیە و قەڵا سەیدە لە کوردستانی عێراق تیرۆر کرا.

کـەوت کـە لـەحاڵی جووڵـە دا بـوون. دەسـتم بـە نیگابانەکـەی دی ڕانەدەگەیـشت، هەربۆیە سـەرپەلەکەم لەخـەو هەسـتاند و پـێم گـوت کـە هێزەکـانی ڕێـژیم لـەحاڵی جموجۆڵ دان. ئەگەرچی پێیان ڕاگەیاندین کە ئیحتمالی هێرشی ڕێژیم هەیـە، بـەڵام سەرپەلەکە ڕۆژی پێشتر زۆر ماندوو ببوو زۆری گوێ نەدایـە قـسەکەی مـن و گـوتی: "لەوانەیە ئەو هەواڵەی پێیان داوین وا نەبێ." لە پەنا کێلێکی قەبرانی ئاوایی خۆم مات دا و بە وردی دەوروبەرم خـستە ژێـر چاوەدێری. کـەمێکی دیکـە هـەوا ڕوونـاك بوو، ئەوجار دڵنیا بووم کە ئەوە هێزەکانی ڕێژیمن و بۆلای ئێمە دەهاتن.

ئەوسـەردەم هـیچ ئـامرازێکی پێوەنـدی گرتنمـان نـەبوو بۆیـە بـەردێکم بـۆ نیگابانەکەی دیکە کە ناوی عەلی عەبەشەل[3] بوو هاویشت ئەویش بەپەلە هات گـوتی ئەوە چیە؟ گوتم: وریابە ئەوانە جاش و پاسدارن. هێـشتا پێـشمەرگەکان بـە تـەواوی خۆیان نەپێچاوە کە ئەوان نزیکتر بوونەوە و بە یەکەمین دەستڕێژی ئێمـە بـۆ دواوە هەڵاتن. لەگەڵ بەرز بوونەوەی تەقە، هەموو پێشمەرگەکان خۆیان ڕێك خـست و لـە کاتژمێری ٦ی بەیانیەوە لـە هـەموو بـەرەکان ڕا شـەڕ دەسـتی پێکـرد و لەسـەر یـەك بۆماوەی ١٢ سەعات درێژەی کێشا. لەو شەڕەدا پتر لـە ٧٠ کـەس لـە هێزەکـانی ڕێـژیم کوژران و ١٣ قەبزە چەکی جۆراوجۆر بە دەسکەوت گیران. هەروەها ٣ هێلی کۆپتێری شەڕکەری ڕێـژیم تـا ئێـوارە بـە خەسـتی ڕاکێـت بارانیـان دەکـردین. لـە ئاکـامی ئـەو شەڕەدا چوار پێشمەرگەی ئێمەش بە ناوەکانی ئەبووبـەکر پـارەنج، مامۆسـتا فایـەق، بەرپرسی کـۆڕی پـەروەردە لەناوچـەی بۆکـان، خالیـد ڕەحیمـی و لـەتیف دەروێـشی شەهید بوون.

ئەو شـەڕە لـەجۆری خـۆی دا بـێ وێنـە بـوو و زەربەیـەکی قورسـی لـە ڕێـژیم دا چونکە لە قووڵایی تـرین ناوچـەی کوردسـتان کـرا و دەنگدانەوەیـەکی بێوێنـەی لـێ

---

[3]- عەلی عەبەشەل چوارمانگ دوایی ئەم عەمەلیاتە خۆی تەسلیم ڕێژیم کردەوە و چەکی جاشێتی هەڵگرت. ناوبراو دواجار لە ئاکامی پێکدادانێك لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کوژرا.

کەوتەوە بەتایبەت کە ڕێژیم ماوەی ۱۱ مانگ بوو شاری بۆکانی گرتبۆوە و بەردەوام لە ڕادیۆ باسی پاکسازی ناوچەی دەکرد.

کاتژمێر ۲/۳۰ی شەوەی ۸ی خەزەلوەری ۱۳٦۱ لەسەر بڕیاری پێشوەخت چووینە نێو شاری بۆکان، ئەو هێزە ۱۲۰ کەسی یە بە چەندین تیمی ٥ کەسی دابەش کرابوو و شوێنی تایبەتیشی بۆ دیاری کرابوو. ئەو شەوە تا بەیانی لە ماڵان ماینەوە، سەعات ۹ی بەیانی ڕۆژی دواتر بەپێی بەرنامەی داڕێژراو و لە هەموو شوێنێکەوە هێرش بۆسەر بنکە و بنیادەکانی ڕێژیم دەستی پێ کرد قرمەی تفەنگی پێشمەرگە لە شەقام و کووچە و کۆڵانەکانی بۆکان دەنگی دەهات. هێزی ڕێژیم کە بە تەواوی غافڵگیر ببوو هەموویان بە سەرلێشێواوی بۆ حەشارگایەك دەگەڕان خۆیانی لێ بشارنەوە، لەلایەکی دیکە پێشوازی خەڵك لە هێزی پێشمەرگە لەو ڕۆژەدا بێ وێنە بوو دێمەنەکانی ئەو ڕۆژەم لە خۆشحاڵی و پێوە ماندوو بوونی خەڵك بە پێشمەرگەکانەوە قەت لەبیر ناچێتەوە. شەڕتا تاریکانی ئێوارە لەنێو بۆکان درێژەی هەبوو، لە ئاکامی ئەو شەڕەدا ۱۱٥ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران. قوربانی ئەو حەماسە گەورەیە دوو ڕۆڵەی گەلی کورد بە ناوەکانی محەممەد ساڵح ئیبراهیم ئازەر خەڵکی"داشاغل" و محەممەد ڕەشباڵ خەڵکی"نۆبار" بوون و هەروەها ۹ پێشمەرگەش بریندار بوو.

لەو شەڕە دا ئاخوندێکی بەناوبانگی ڕێژیم کە نوێنەری خومەینی لە بۆکان بوو بە برینداری گیرا. ئێوارەی هەمان ڕۆژ کە شارمان بەجێ هێشت ناوبراو لەسەر چۆمی "تەتەهوو" برستی لێ بڕا و توانای ڕێگا ڕۆیشتنی نەما، لە ئاکام دا پاش ماوەیەك لەبەر کاریگەر بوونی برینەکەی گیانی لەدەست دا.

پێویستە ئاماژە بەوە بکەم، ناوبراو مۆرەیەکی گرینگی ڕێژیم بوو، ڕێژیم لە ساڵی ۱۳٦۳ کە داوای وتووێژی لە حیزب کردبوو دەرکەوت کە ئەو بەناو وتووێژە لە

راستی دا کەوتنــە پێوشــوێنی ئـەو ئاخونـدە بـوو و وەفـدی رێـژیم داوای گۆڕینـەوەی ناوبراویان لەگەڵ چەند دیلێکی دیکە کردبوو.[4]

لەکاتی گەڕانەوەمان لەنێوشار ڕا لە ڕێگـای "مـەحموود ئـاوا" سـواری تراکتۆرێـك بووین کە لە نەکاو دەرکی ترێلی یەکـە کـراوە و پۆلێـك لـە پێـشمەرگەکان بەربوونـە خوارێ، ئەو ڕووداوە بووە هۆی بریندار بوونی ٥ کەس لە پێشمەرگەکان.

بەرێوە بردنی ئەم عەمەلیاتـە لـەو هەلومەرجـەدا بـە ڕادەیـەك گـرینگ بـوو کـە ئاژانسە هەواڵدەری یە جیهانیەکانیش باسیان لێوە دەکـرد. بـڵاو بوونـەوەی هـەواڵی ئەم عەمەلیاتە لە رادیو BBC دەسـەڵات بەدەسـتانی ڕێـژیمی وڕوکـاس کـرد. ئـەوەش وای کـرد کـە ناچـار بـن لـە رادیـۆ دەنگـی تارانـەوە رابگەیـەنن کـە "چـەند ئەنـدامی حیزبی هەڵوەشاوەی دێموکرات لە شاری بۆکان دا تەقەیان کردووە"!

ئەو درۆ گەورەیە بۆ کەس تەنانـەت بـۆ لێپرسـراوانی ڕێـژیمیش قـووت نـەدەدرا. لەبـەر ئــەوەی هێــزی پێــشمەرگە پــتر لــە ١٢ ســەعات کــۆنترۆڵی شــاری بۆکانیــان بــە دەستەوە بـوو. دواتـر ڕێـژیم تـا چـەند رۆژ دواتـریش لـەو شـارە حکوومـەت نیزامـی ڕاگەیاند بوو.

هێـشتا چـەند رۆژێـك لـە عەمەلیاتەکـەی نێـو شـاری بۆکـان تـێ نەپـەڕیبوو کـە هێزەکانی ڕێـژیم رۆژی ٢٥ی ڕەزبـەری ١٣٦١ بـە سـێ هێلـی کـۆپتێرەوە هێرشـی کـردە سـەر مەقـەڕەکانمان لـە گونـدی "ئـاڵی کەنـد". گـورج هـەموو پێـشمەرگەکان خۆیـان ئامـادەی بەربـەرەکانی کـرد و خـەڵکی ئـاواییش شـان بەشـانی پێـشمەرگەکان کـە لـە هێزی بەرگری دا سازمان درابوون لێیان وەدەست هاتین، هێلـی کۆپتێرەکـانی ڕێـژیم پاش ٢٠ دەقیقە بۆمبارانی گوندی "ئاڵی کەند" بەرەو شاری بۆکان گەڕانـەوە و هـیچ زیانێکیش بە خەڵك و پێشمەرگە نەکەوت.

---

[4]- بەرێز مامۆستا عەبداللە حەسەنزادە لە لاپەڕە ٩٥ی نیوسەدە تێکۆشان دا ئاماژەی پێ کردووە.

**ڕۆژی ١٥ی بەفرانباری ١٣٦١ پەلی هێرش لە ئاوایی "هەباساوە" لەبەر بارینی بەفری زۆر مابووینەوە ئەو ڕۆژەش هەر بەفر دەباری. سەعدوون بارزان کە سەرپەل بوو لە مزگەوت کۆی کردینەوە و ئاگاداری کردین کە زوو نانی نیوەڕۆ بخۆین و خۆمان بۆ بەڕێوە بردنی عەمەلیاتێك لەسەر جادەی سەرەکی میاندواو — بۆکان لە گوندی "داشبەند" ئامادە بکەین.**

**کاتژمێر ١ی دوا نیوەڕۆ بە هەنگاوی قایم خێرا بەرەو شوێنی دیاریکراو وەڕێ کەوتین. چەند کەسێکمان هەر زوو لە لێواری جادە سەنگەرمان گرت. تا دەهات کڕێوە توندتر و هەوا ساردتر دەبوو، لەناکاو زیلێکی ئەرتەش کە دوو کەسی تێدا بوو کەوتە کەمینەکەوە پاش ئەوەی زیلەکە درایە بەر دەستڕێژ هەردوو کەسەکە خۆیان بە دەستەوە دا. پاش چەند دەقیقەی دیکە ئایفایەکیش بەسەر کەمینەکەدا کەوت و درایە بەر دەستڕێژ لە ئاکام دا بێ دەست کردنەوە، دوو کەسیان کوژراو ٥ کەسیش بەدیل گیران. ئەو ئایفایە وا دیار بوو تداروکاتی پایەگاکانی ڕێژیمی لەسەر جادەی میاندواو بۆکان دەکرد، چونکە ٥ قابڵەمە گۆشتاوی تێدا بوو. وێدەچوو ژەمی شەوێی بۆ هێزەکانی ڕێژیم لە مۆلگەکانی سەرجادەی بۆکان- میاندواو دەبرد.**

**پاش چەند سەعات مانەوە لەسەرجادە بە دەسکەوت و دیلەکانەوە گەڕاینەوە. لە گەڕانەوەدا لەنێو ئاوایی داشبەند لەماڵی مامم لام دا. مامم لە سووچێکی ژوورەکەیان دانیشتبوو زۆر غەمبار بوو سڵاوم لێ کرد، ئەویش بێ وڵام دانەوە بە پەشۆکاوی گوتی: ئەوە هیچ کوێ نەمابوو بۆ شەڕ کردن ئێرە نەبێ؟[5]. ئەوکات لەهەر شوێنێك عەمەلیات کرابایە دواتر ڕێژیم ڕوحمی بەکەس نەدەکرد منیش پێکەنیم و دوای هەڵگرتنی خواردن و پێخۆر لەوێ وەدەر کەوتم، پاش ماوەیەك سواری ماشێنەکان بووینەوە و بەرەو ئاوایی "گردی قەبران" وەڕێ کەوتین.**

---

[5]- جارێکی دیکە لەگەڵ قاسم باقی بۆ شناسایی چووینە مەزراکانیداشبەند، بە هەڵکەوت تووشی مامم هاتین لە جێگای خۆی ڕەق ڕاوەستا دوای چاك و خۆشی، کاك قاسم گوتی ئەوە برایمە گوتی برایم کێ؟ گوتی برایمی برازات گوتی: هەرسێ تەڵاقم کەوێ برازام نیە ناوی برایم بێ.

بەو کرێوە و سەرماو سەهۆڵ بەندانە بە وەزعێکی زۆر ناخۆش لە چۆمی تەتەهوو پەڕینەوە. سەعات ٨/٣٠ دەبوو کە گەیشتینە گردی"قەبران"، بە هەڵکەوت ئەو شەوە هێزەکانی کۆمەڵە لەوێ گیرسابوونەوە. خەڵکی ئاوایی هەر ئێمەیان بینی بەرەو پێلمان هاتن و بەسەر ماڵاندا دابەشیان کردین، دوای شام کاتژمێری ١١ی شەو بەرەو بنکەکانمان لە ئاڵی کەند کەوتینە ڕێ. بەفر تەواو ڕێگاوبانی پڕ کردبوو سەعدوون بارزان یەکێك لە ماشێنەکانی لێ دەخوڕێ لە نەکاو بەهۆی دیار نەبوونی ڕێگاکە لە قووڵکەیەك کەوتین و ساڵح بەننایی لە یەکێك لە مەنجەڵە گۆشتەکان کەوت ئێمەش ئەوەندە پێکەنین تاکوو قەڵس بوو ئەوەندە رقی هەستابوو، لە ماشێنەکە دابەزی و ڕێگای دوو سەعاتی بەپێیان بڕی، کە گەیشتەوە مەقەڕ هەموو گۆشتاوەکە بە جلەکانێوە بەستبووی. بەیانی دەسکەوت و دیلەکانمان بۆ بنکەی هێز لە گوندی "عەزیزکەند" بەڕێ کرد.

ڕۆژی ٢ی بەفرانباری ١٣٦١ کۆبوونەوەیەکی بەرفراوان بە بەشداری پێشمەرگەکانی لکی ١ و لکی ٢ لە ئاوایی "هەباساوە" بەسترا، لەو کۆبوونەوەیەدا ٩٠ کەس بۆ هێرشێکی نوێ بۆسەر هێزەکانی ڕێژیم لە گوندی "سەراو" هەڵبژێردران، فەرماندەری هێز سەرهەنگ چیا[6] لەو کۆبوونەوەیەدا قسەی کرد و گوتی: "دڵنیاین کە لەو عەمەلیاتەدا دەسکەوتی باشمان دەبێ".

پاش دوو ڕۆژ ڕێگا بڕین لە شوێنی عەمەلیاتەکە نزیك بووینەوە. ڕۆژی ٤ی بەفرانبار لە گوندی "قولەر" خۆ ڕێکخستن و دابەش بوون ئەنجام درا و بڕیار درا کە کاتژمێری ٦ی سەر لە بەیانی ٦١/١٠/٥ هێرش بکرێتە سەر پایەگای "سەراو" لە ناوچەی ئاڵەشین. فەرماندەر و سەرپەرەستی کردنی عەمەلیاتەکە لە ئەستۆی حەسەن جەمشیدی، جێگر هێز و فەرماندەی لکی ١ بوو. ئەو شەوە هەموو تیمەکان

---

[6]- محەممەد ڕەسوول بیعی (چیا) سەرهەنگی ئەرتەش بوو ئەوکات بوو بە فەرماندەی هێزی بەیان و دواتر پەڕیوەی هەندەران بوو ئێستا لە وڵاتی سوئێد دەژێ.

له شوێنه دیاریكراوەكان دامەزراین و هەموو ئەو رێگایانەی دەچوونەوە سەر پایـەگا، كەمینی لـێ دانرا. كاتی دەستپێكردنی عەمەلیات سـەعات ٦ی بـەیانی دیـاری كرابـوو بەڵام بەهۆی تـاریكی هـەوا سـەعاتێك وەدوا خـرا، بـەفر تـا ئـەژنۆ هـەموو كووچـه و كۆڵانـەكانی "سـەراو"ی گرتبـوو، كاتـژمێری ٧ی بـەیانی بـه دروشمـی بـژی حیزبـی دێموكرات و به مووشەكی ئـارپیجی و بازووكـا هێـرش بـۆ پایـەگا كـرا. لـه یەكـەمین ساتەكانی پێكدادان دا چەند كەسێك له هێزەكانی رێژیم كـوژران، سـات لەگـەڵ سـات شەڕ گەرمتر دەبوو، تا سەعات ١٠ی بەیانی دەورووبـەری مۆڵگـه پـڕ ببـوو لـه كـەلاكی كوژراوەكانی هێزی رێژیم. بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمان بوو جاشێك لەگـەڵ دوو كەسی دیكه له گرینگترین شوێنی پایەگاكه بوون و تا ئێواره دەستیان كردەوە. له ٣٥ كەس ئەفرادی مۆڵگه تـەنیا ئـەم سـێ كەسـه دەرچـوون لـەو شـەڕەدا بەداخـەوە كـاك حەسەن جەمشیدی فەرماندەی عەمەلیاتەكه شەهید بوو.

لەراستی دا دوو هۆی سەرەكی بوو كه ئێمه نەتوانین لەو عەمەلیاتەدا به تەواوی دەست بەسەر مۆڵگەكەدا بگیرێ. یەكەم ئەوە لەكاتی خۆی كه سەعات ٦ی بەیانی بوو عەمەلیاتەكه بەرێوە نەچوو لەحاڵێك دا هەموو پێشمەرگەكان لـەكاتی دیـاریكراو لـه شـوێنی خۆیـان ئامـاده بـوون، دووهـەم شـەهید بـوونی فەرمانـدەری عەمـەلیات لـه سەعاتی یەكی نیوەڕۆ پێـشمەرگەكانی لـه گرتنـی پایەگاكـه شـل كـردەوە. لـه لایـەكی دیكه له سەعات ٤ی دوانیوەڕۆ هێزی یارمەتیدەری رێژیم له شاری میاندواو هێرشـی هێنا و له نزیك ئاوایی "وزن قشلاق" كەوتنه كەمین و بـەرەو دواوە گەڕانـەوە جگـه لـەوە لـه كاتـژمێری ١٠ی بـەیانی گـوردانی "كەشـەور"[7] تـا ئێـواره درەنـگ بـه سـەدان گوللـه خۆمپـارەی بـەرەو سـەنگەری پێـشمەرگەكان و گونـدی "سـەراو" هاویـشت. سەرئەنجام له سەعاتی ٧ی ئێواره بڕیاری پاشەكشه دراو هەموو تیمـەكان لـه گونـدی قولەر یەكترمان گرتەوە.

---

7- كەشەور: گوندێكی ئازەری یه له قەراغ چۆمی جەغه توو.

لـه خـەمی شـەهید بـوونی كـاك حەسـەن دا ماتـەمین هـەموو پێـشمەرگەكانی داگرتبوو. بە پێچەوانەی چاوەڕوانیەكانمان هەموو ئامانجەكانی عەمەلیاتەكەمان بۆ نەپێكرا. بۆ بەیانی بە گونـدی "كـانی شـقاقان"دا هاتینـە داشبەند و دوایـی دابـەش كردنی پێشمەرگەكان لەگەڵ كاك قاسم و محەممەد برایم ئۆف چووینە ماڵی بـاوكم، كەس لە پەژارەی شـەهید بـوونی كـاك حەسـەن نـانی پـێ نـەخورا. سـەرهەنگ چیا، فەرمانـدە هێـز لـە گونـدی "هەباسـاوە" چـاوەڕوانمان بـوو، بـەلاّم هێـشتا بـە شەهیدبوونی كاك حەسەنی نەزانیبوو، لە یەكەمین پێشمەرگەی لكەكەمان دەپرسێ: "كێ شەهید بووە؟" پێشمەرگەكەش دەڵێ: "كەس شەهید نـەبووە" سـەرهەنگ چیا دەپرسێ پایەگاكە گیرا یان نـا؟ ئـەویش ولاّم ناداتـەوە. سـەرهەنگ چیا دەڵـێ ئەگـەر پایەگاكـە نـەگیرابێ ئـەوە حەتمـەن حەسـەن شـەهید بـووە. پێـشمەرگەكەش بـە پەرۆشەوە هەواڵەكەی پێ دەدا. سەرهەنگ چیا بە بیستنی ئەم هەواڵـە زۆر خـەمبار بوو چونكە بەڕاستی كاك حەسەنی خۆش دەویـست و كـاك حەسـەنیش بـە وەجـی و لێهـاتوویی خـۆی زۆر نیـشان دابـوو. دوای دوو ڕۆژ تـەرمی شـەهید حەسـەن جەمشیدیمان لە ئاوایی "قەلاّجۆغە"بەخاك سپارد، و هـەر پـەلێك بـۆ بنكـەی خـۆی گەڕایەوە.

ڕێژیم ڕۆژێـك دوای عەمەلیاتەكـە بـە هێزێكـی زۆر و زەوەنـدەوە خـۆی گەیانـدە "سەراو" بە شێوەیەكی دڕندانە هێرش دەكاتە سەرخەڵكی ئـاوایی و ژمارەیـەكی زۆر لـە خـەڵكی بـێ تـاوانی ئـاوایی لـە پـیرولاو و ژن ومنـداڵیان دابـووە بـەر دەسـترێژ و شەهیدیان كردبوون. ڕێژیم دواتر ئەو جاشە خۆفرۆشەی كە لە مۆڵگەكـەدا نـەكوژرا خەلاّت دەكاو ساختومانێكی گەورە و چەند میلیون تمەنی پێ دا.

زستانی ١٣٦١، زستانێكی سارد و تووش بوو لە ناوچەی ژێـر دەسـەلاّتی پێـشمەرگە بـەهۆی گـەمارۆی ئـابووری كـە ڕێـژیم خـستبوویە سـەر ئـەو ناوچـانە، نـەوت و سووتەمەنی گیر نەدەكەوت. ڕێگا و بانەكان هەموو گیرابوون و ڕێـژیم ڕێگـای هـاتنی هەموو جۆرە سووتەمەنیەكی بۆ ناوچەی ژێر دەسەلاّتی پێشمەرگە بەستبوو. بڕیـار

درا بـۆ وه‌ده‌ســت هێنــانی ســووته‌مه‌نی جـاده‌ی بۆكـان — میانــدواو بخرێتــه ژێــر چاوه‌دێری بۆ ئه‌م مه‌به‌سته له گونـدی "داشـبه‌ند" ده‌سـته‌یه‌ك پێـشمه‌رگه چووینه سه‌ر جاده. پاش ماوه‌یه‌ك له‌سه‌ر جاده ده‌ستمان به‌سه‌ر دوو تانكێری گـه‌وره‌ی نـه‌وت هه‌ڵگر داگرت، له‌كاتی په‌ڕاندنه‌وه‌یان له چۆمی ته‌ته‌هوو دا یه‌كێك له تانكێڕه‌كان لـه به‌فر گیری كـرد بـوو، زۆری پـێ نه‌چـوو كـه هێـزی بـه‌ناو زه‌ربـه‌تی رێـژیم گه‌یـشته شوێنه‌كه و له‌م به‌ر و ئه‌وبه‌ری چۆمی "ته‌تـه‌هوو" لێـك دامـه‌زراین و ته‌قـه ده‌سـتی پێكـرد. دیـاره مه‌به‌سـتی ئێمـه لـه ئـه‌نجام دانـی ئـه‌م عه‌مه‌لیاتـه وه‌ده‌سـتهێنانی سووته‌مه‌نی بوو به‌ڵام هه‌ردوو تـانكێره نـه‌وت هه‌ڵـگره كه كه‌وتنـه بـه‌ر ده‌سـترێژی هێزه‌كـانی رێـژیم و دابێـژ دابێـژ كـران و نه‌وته‌كـه‌ش رژایـه نێـو بـه‌فر و چـۆمی ته‌ته‌هوو.

# ٢

زستانی سارد و سۆڵی ١٣٦١ وردە وردە کۆتایی پێهات. ڕێژیم لە سەرەتای بەهاری ١٣٦٢ بە مەبەستی کۆنترۆڵ کردنی جادەی مەهاباد – بۆکان هێرشێکی بەربلاوی هەمەلایەنەی دەست پێکرد. ڕێژیم بۆ ئەم مەبەستە لە ئاسمان و زەوی کەڵکی وەر دەگرت و ڕۆژبەڕۆژ هێزی زیاتری دەناردە مەیدانی شەڕ. هێزی ڕێژیم بۆماوەی ٤ ڕۆژ لە گوندی"قەرەکەند"پێشی پێگیرا. پێشمەرگەکان بە هەموو بێ ئیمکاناتی یەوە بەڵام بە ورەیەکی زۆر بەرزەوە لە بەرامبەر هەموو جۆرە چەکێکی قورس و نیوەقورسی ڕێژیم بەرگرییان لە خاك و نیشتمان دەکرد و زیانێکی بەرچاو لە هێزەکانی ڕێژیم کەوت. بەڵام هێزی تەیاری ڕێژیم بە هەمووجۆرە چەکی شەڕ لە ئاسمان و زەوی دوای ٨ ڕۆژ جادەکەیان داگیر کرد. دیارە گرتنی ئەم جادەیە هەروا بە هاسانی نەبوو بە سەدان کەس لە جاش و پاسدارەکانی ڕێژیم کوژراوەکانیان لەسەر جادەی بۆکان – مەهاباد بۆنی کردبوو تا بتوانن ئەم جادەیە داگیر بکەن.

قوربانیی پێشمەرگەش ٤ تێکۆشەری گەلی کورد بە ناوەکانی (خدر رسولی، جەعفەر بۆکانی، جەعفەر جابلی، جەماڵ ئەمینی) خوێن بەهای حەماسەکانی ئەم جادەیە بوون.

پاش گیرانەوەی جادەی مەهاباد – بۆکان تاکتیکی شەڕەکانیشمان گۆڕدراو لە قۆناغی شەڕی نیوە جیبهەیی و نیوە پارتیزانی دا بنکەکانمان لە ناوچەی "ئەحمەد کۆرە"وە بۆ ناوچەی "پیر محەممەد" گواستەوە. هێرشی بەربلاوی ڕێژیم لە بەهاری ١٣٦٢ دا دوای گرتنەوەی جادە ئەسڵی یەکان، بۆ کوردستان هەمەلایەنە و لە هەموو ناوچەکانەوە بوو. بەرەبەرە ناوچەکانی دەگرتنەوە مۆڵگەی لە دێهات و تەپۆڵکەکان دادەنا. ڕێژیم لەنێو خەڵك پڕوپاگەندەیەکی زۆریان لە دژی هێزی پێشمەرگە و جووڵانەوەی کورد کردبوو هەر شوێنێك کە سەردانمان دەکرد لەگەڵ پێشوازیی

گەرمی خەڵك بەرەوڕوو دەبووین و دەیانگوت ڕێژیم دەنگۆی بڵاوکردۆتەوە کە هێزی پێشمەرگە ناچار بە ئاشبەتاڵ دەکرێ و ئیدی ئاسەوارێك لە بوونی ئەوان لە کوردستان نامێنێ. ئێمەش بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانی ڕێژیم و بردنەسەری ورەی خەڵك بڕیارمان دا گەشتێکی سیاسی- نیزامی بەربڵاو لە هەموو ناوچە دەست پێ بکەین. ڕێژیمیش وەك ماری پێکراو حەجمینی لێ هەڵگیرابوو. لەهەر شوێنێك بۆمان هەڵکەوتبایە لێمان دەدان و هێرشە پەیتا پەیتاکانی ڕێژیم مان تێك دەشکاند.

ڕۆژی ٣١ی خاکەلێوەی ١٣٦٢ ڕێژیم ئاوایەکانی ئەسپۆغە و ئاڵی کەندی دایە بەر پەلامارێکی توند و هەمەلایەنە، ئەگەرچی چەند جاری دیکە ئەم گوندانەی بە قەولی خۆیان پاکسازی کردبوو بەڵام هەموو جارێ ناچار بە پاشەکشە دەکرا. لەو ڕۆژەش دا ٣٠ کەسی لێ کوژرا و ژمارەیەکیشیان خۆیان لە چۆمی تەتەهوو هاویشت و چەند کەسێکیان لێ خنکا.[8] لەم هەڵمەتەدا خوێن لە لووتی هیچ پێشمەرگەیەك نەهات و هەموومان بە سلامەتی و سەرکەوتنەوە درێژەمان بە گەشتەکە دا.

شەوی ١٠ی بانەمەڕی ١٣٦٢ لە هێرشێکی لە نەکاو بۆسەر پایەگای سەدی "نەوروزلوو" زەبرێکی گورچکبڕمان لە ڕێژیم دا. لەبەر ناسکی هەلومەرجی شەڕگەکە نەمانتوانی ئاماری کوژراوەکانی ڕێژیم وەدەست بێنین، بەڵام لەم هێرشەدا پێشمەرگەیەك بەناوی"ڕەحمان فەیزوڵاپور" شەهید بوو، هەر لەدوای ئەو عەمەلیاتە و لە درێژەی گەشتەکەمان بۆ ناوچەی پیرمحەممەد و تورجان، بەپێی گەڵاڵەیەکی لەپێشدا داڕێژراو کاتژمێر ١/٣٠ ی نیوەشەوی ١٧ی بانەمەڕ هێرش بۆسەر پایەگای گوندی"قاقڵاوە" دەستی پێکرا. ئەوکات هەر مۆڵگەیەکی ڕێژیم کەمتر لە ٣٠ کەسی تێدا نەبوو، بە دروشمی" بژی حیزبی دێموکرات" هێرش لە سێ لاوە بۆسەر پایەگا دەست پێکرا، هەر لە یەکەم هەڵمەت دا سەنگەرەکانی یەکەمی

---

8- ڕێژیم ئەوەندەی تەبلیغاتی ناڕەوا بۆ هێزەکانی کردبوو، وەك: "پێشمەرگە سەرتان دەبڕن،.." هەر بۆیە لە ترسان خۆیان لە چۆمی هاویشت.

پایـەگا تێـك شـكان و پـاش سـەعاتێك شـەڕی سـەنگەر بـە سـەنگەر لـەنێو پایـەگا دا، كۆنترۆڵی زیاتر لە نیوەی پایەگاكەمان خستە دەسـتی خۆمـان. لـە كۆتـایی شـەڕەكەدا بەداخەوە"ناسر باریكی"سـەرپەل لەگـەڵ دوو پێـشمەرگەی دیكـە بـەناوی"محەممـەد عوسمان زادە"،"هەمزە فەرەجی"شەهید بوون و گیانیان كردە پردەبازی سەركەوتن. هەرچەند تەرمی شەهید ناسر بەهۆی تـاریكی شـەو نەدۆزرایـەوە، بـەڵام دەسـكەوتی ئەو شەڕە یەك كالیبر٥٠ و ٧ قەبزە ژ-٣ بوو و ٣ كەسیش بە دیل گیران لە سـەعاتی ٣ی پـاش نیوەشـەو بڕیـاری پاشەكـشە درا بـە دەسـكەوت و دیلەكانـەوە بـۆ گونـدی پاشـبلاغ گەڕاینــەوە. دوو ڕۆژ دوای عەمەلیاتەكـە تـەرمی ناسـر لـە ڕێگـای چـەند كەسێكەوە لەگەڵ ٣ دیلەكـە گۆڕدرایـەوە و لـە گونـدی سەرباغـچە بـەخاكمان سـپارد. شەهید بوونی ناسر باریكی كە سەرپەلێكی بـوێر و ئـازا بـوو هـەموومانی ماتـەم بـار كرد.

دوای ١٠ ڕۆژی دیكـە واتـە لـە ٦٢/٢/٢٧ بـە یـادی شـەهید ناسـر جـارێكی دیكـە هێرشمان كردەوە سەر پایەگای قاقڵاوە، گەرچی ئەمجار خۆمان بـۆ هێرشـێكی قـورس و شكێنەر ئامادە كردبوو و لەگەڵ خۆمان چەكی قـورس وەك تـوپی ١٠٥ میلـی مـتر و ١٠٦ و ٥٧مان بردبوو، بـەڵام هـەر لـە سـەرەتاوە دوژمـن هەسـتی بـە جموجـۆڵی ئێمـە كردبوو، بۆیە تەواوی مۆڵگە لەحاڵی ئامادەبـاش دا بـوون ئـەوە كاتێـك دەركـەوت كـە هەر لەگـەڵ دەسـتپێكی تەقـە لەلایـەن ئێمـەوە زوو وڵامیـان داینـەوە بەداخـەوە لـەو پێكدادانـەش دا پێـشمەرگەیەكمان بـەناوی"عوسمـان شـەریفی"خـەڵكی جامـەرد بـە خۆمپارەی ١٢٠ میلیم شەهید بوو.

بەدوای گەڕانەوە لەو عەمەلیاتە ڕۆژی ٢٩ی بانەمەڕ، ٢ ڕۆژ دواتر ڕێژیم هێرشـی كـردە سـەر ئـاوایی "سـێوەدین"، كاتـژمێری ٩ی بـەیانی پێـشمەرگەكان هێـزی هێرشـكەری ڕێـژیمیان تـا ئـاوایی قەرەكەنـد ڕاو نـا. لـەو هەڵمەتـەش دا ٢٠ كـەس لـە هێزەكانی ڕێژیم كوژران و قوربانی ڕۆڵەكانی كورد پێشمەرگەیەك بـەناوی"عوسمـان شوكرڵڵازادە"بوو كە شەهید كرا.

زۆری پێنەچوو کە ڕێژیم سەرلەنوێ هێرشی هێنایەوە سەر ئاوایی "سێوەدین"، پێشمەرگە هەموو لە سەنگەردا خۆیان مات کردبوو تا دەرسێکی باش بە هێزەکانی ڕێژیم بدەین بۆوەی هەمیشە لەیادیان دا بمێنێتەوە، بەڵام سروشت وەفریایان کەوت لەپڕ پەڵە هەورێکی ڕەش ماوەی ٤٠ دەقیقە ئاسمانی ناوچەی داگرت و دایدایە تەرزەیەکی قورس، کە کەس خۆی لەبەر نەدەگرت دوای ڕەوینەوەی هەورەکە سەیرمان کرد کەس لە هێزەکانی ڕێژیم لە مەیدانی شەڕدا نەماون و گەڕابوونەوە بۆ مۆلگەی قەرەکەند.

ڕێژیم بەناوی پاکسازی هەر ڕۆژێ هێرشی دەکردە سەر گوندێك. دوای ئەو هێرشە، ڕۆژی ٩ی جۆزەردان هێرشێکی گەورەی بۆ گوندەکانی خوراسانە، شەرەفکەند، ئاشی گوڵان و سەردەرئاباد کرد.

لە بەرەنگاریەکی کەم وێنەی پێشمەرگەکانی دێموکرات، ڕێژیم بە ژمارەیەك کوژراو و بریندار پاشەکشەی کرد. ئەم بەرەنگاری یەی بە خوێنی دوو تێکۆشەری دیکەی حیزبەکەمان بەناوی ڕەحمان حاجی و سلیمان کاسبی کۆتایی هات.

هەلومەرجی خەبات ڕۆژبەڕۆژ سەخت تر و دژوارتر دەبوو. ئەوە تەنیا شۆڕشگێڕانی حیزبی دێموکرات بوون کە لە وەها دۆخێك دا بە خۆڕاگری بێوێنەیان زەبری کاریگەریان لە ڕێژیم دەدا و بە ورەی بەرزەوە درێژەیان بە خەبات و هەوڵە بەردەوامەکانیان بۆ ڕزگاری گەلەکەیان دەدا. ماوەیەك دەبوو کە کاك خەلیل خەلەبان[9] بە فەرماندەری هێزی بەیان دیاری کرابوو، لەو سەروبەندە لە کۆتایی مانگی جۆزەردان لە ئاوایی "نۆبار" کۆبوونەوەیەك بۆ باس لەسەر جەولەیەکی سیاسی- نیزامی لە ناوچەی ئاڵەشین گیرا ئەم ناوچەیە هەر لە سەرەتایی شۆڕشەوە ڕێژیم گرتبوویەوە و عەمەلیات لەو ناوچەیەدا بەهۆی هاوسنووری و لێك نزیك

---

9- کاك خەلیل خەلەبان تا پاییزی ١٣٦٢ فەرماندەری هێزی بەیان بوو پاشان لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی بۆ ناوچەی کرمانشان گوازرایەوە، لەوێ لەلایەن ڕێژیم بەدیل گیرا و لە زیندان گولله باران کرا.

بوون له ناوچه ئازەری نشینەكانی ئێران دەنگدانەوەی باشی لێ دەكەوتەوە. پاش كۆبوونەوەكە بۆ بەیانی لەناوچەی ئەحمەدی كۆر ڕا تێپەڕین، له ئاوایی "قەرەموسالی" لەچۆمی تەتەهوو پەرینەوە و بۆ پشوودان له گوندەكانی كانی مەملی، ئەرمەنی بلاغی و رەحیم خان لامان دا، پاش سێ رۆژ حەسانەوە و پشوودان، كۆبوونەوە و قسه و باس لەگەڵ خەڵكی، رۆژی ٨ی پووشپەڕ چووینه ئاوایەكانی گامێشان، ئەربەنووس و كانی گورگە، ئێوارێ هەمان رۆژ هەواڵیان بۆ هێناین كه رێژیم بەیانی رۆژی ٩ی پووشپەڕ نیازی هێرشی هەیه، ئێمەش دوای شام خواردن به سێ دەسته بۆ بەربەرەكانی لەگەڵ هێزی رێژیم خۆمان سازمان دا و دیسانەكەش چیاكان كه تەنیا سەنگەر و پاڵپشتی پێشمەرگەكانی كوردستانن، باوەشیان بۆ كردینەوە. له ئێواره سەعات ٩ی شەو تا بەیانی رۆژی ٩ی پووشپەڕ له شاخەكانی ئەم گوندانه له سەنگەردا ماینەوە بەلام شوێنێك له هێرشی رێژیم بەدی نەكرا، بۆ خواردنی نانی بەیانی گەڕاینەوە ئاوایی ئەربەنووس. كاتژمێری ٩ی بەیانی نیگابان به نیشانەی هەواڵی هاتنی رێژیم فیشەكێكی تەقاند، دەبێ بڵێم ئەوكات كەرەسەی پێوەندی گرتن وەك بێسیم هەر نەمانبوو، به بیستنی تەقەكە له ماڵان هاتینه دەر و چاومان به ٥ تویوتا هێزی چەكداری رێژیم كەوت كه خەریكن دەگەنه نێودێ. كوڕانی دێموكرات ئازایانه وەخۆ كەوتن و له ماوەی كەمتر له دوو سەعات هەرهەموو هێزەكانی رێژیم كوژران و دەست بەسەر ماشێنەكان داگیرا به دوای ئەم زەبره گەورەیەی كه وەرێژیم كەوت، ئێمەش خۆمان سازمان دا و به سێ دەسته، لكی ١ لەنێو ئاوایی ئەربەنووس، لكی ٣ لەپشت شاخەكانی باشووری ئاوایی، لكی ٢ له شاخەكانی باكور خۆرهەلاتی ئاوایی.بەم شێوەیه چاوەڕوانی رێژیمان كردەوە. له سەعاتی ١١ی بەیانی رێژیم به هێزی تازەوە هێرشی هێنایەوە. بۆ جارێكی دێكه دەرسی چاك به هێزی داگیركەر درایەوە به ژمارەیەك كوژراو و بریندار بۆ دواوە گەرێندرانەوە. رێژیم وەك ورچی برینداری لێ هاتبوو بەوەش وازی نەهێنا و بۆ جاری سێهەم له شارەكانی بۆكان و میاندواوە هێزی یارمەتی دەری

ڕەكێشی شەڕگە كرد، دیارە چاوەڕوانی مان دەكرد كە ڕێژیم هێرش بكاتەوە هەربۆیە هەموو پێشمەرگەكان وەك پۆلا، لەسەنگەركانیان و كوچە و پەنا دیوارەكانی ئەربەنووس قایمتر لەپێشوو راوەستابوون و چاویان لەهێزی دوژمن بڕیبوو. سەرئەنجام سەعاتی ٢ی دوانیوەڕۆ هێزی بێ وەرەی ڕێژیم كە لە ئەژمار نەدەهات، لەهەر سێ قوڵەوە هجوومی هێنا و ئەمجارەیان بەجۆرێك شەڕو پێكدادان لەنێوان هێزی داگیركەر لە لایەك و هێزی گەل لە لایەكی دیكە هاتە گۆڕێ كە بە قەولی پێشینیان دەڵێن "كەوچكی تێ نەدەگەڕا"، بۆ ماوەی سێ كاتژمێر شەڕی سەنگەر بە سەنگەر و شەڕە نارنجەك بە شكەستی دوژمن كۆتایی هات و هێزكەی ڕێژیم وەك مەڕی گێژ سەریان وەبەر خۆیان ناو بۆ دواوە هەڵاتن، بەڵام كار بەوەندە كۆتایی نەهات. هێزی بەزیوی زامداری ڕێژیم بۆ جاری چوارەم و ئەم جارە بە ئاوری تۆپخانە و سێ هێلی كۆپتێری شەڕكەر و فڕۆكەیەكی F4 بە خەستی كەوتنە بۆمباران كردنی سەنگەری پێشمەرگە و گوندو موچە و مەزرای خەڵك و بەجۆرێك ئاور بارانیان كردین كە كەس تا ٦ میتری خۆی نەدەدی. لەژێر ئاوری توندی تۆپخانە و راكێت، هێزی ڕێژیم وردە وردە لە سەنگەری پێشمەرگە نزیك دەبوونەوە، ئەمجارەش لەماوەی نیو سەعات دا بە یەكجاری هێزی كۆنەپەرەستی تێك شكا و بە شكانی هێزی ڕێژیم ئاوری چەكە قورسەكانی ڕێژیم لەگەڵ سێ هێلی كۆپتێرەكان تا تاریكی ئێوارە ناوچەیان ئاور باران كرد. لەو شەڕە ١١ سەعاتی یە دا زیاتر لە ١٠٠ كەس لە ڕێژیم كوژران و بە دەیان قەبزە چەك وچۆڵ بە دەسكەوت گیران. بە داخەوە لەو شەڕە مێژوویەدا ٨ پێشمەرگەی قارەمان و چاونەترسمان بەم ناوانەی خوارەوە شەهید بوون :

١ـ هەمزە حجازی............................ سەرپەل
٢ـ ئەسعەد سەید ئەحمەدی..............   سەرپەل
٣ـ محەممەد عەبدی ........................ پێشمەرگە
٤ـ مەنسوور سوارە .......................... پێشمەرگە
٥ـ سمایل عەبدی ............................ پێشمەرگە
٦ـ رەسوول خورسەندی ..................... پێشمەرگە
٧ـ بەهمەن سامبەگی ....................... پێشمەرگە
٨ـ لەتیف رەشیدی ........................... پێشمەرگە

هەروەها کاک قاسم باقی فەرماندەی لکی ئێمە واتە لکی ٢ گوللەیەکی وەسەر کەوت کە پاش ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر لاقێکی فەلەج بوو بە هەوڵ و تەقەلای دوکتوورەکانی نەخۆشخانەی حیزب پاش دوو ساڵ چاك بۆوە و گەڕایەوە هێز.

کاتژمێر ٨ی شەو و دوای کۆتایی شەڕەکە بە ئاوایی "قوولەر"دا گەڕاینەوە بۆ ناوچەی ئەحمەدی کۆر و سەعات ٦ی بەیانی لە جادەی بۆکان – میاندواو پەڕینەوە و بۆ پشوودان لە ئاوایی"قاڕەنجە"لامان دا. رۆژی ١٠ی پووشپەڕ رێژیم هەستی بە بوونی ئێمە لە ئاوایی قاڕنجە کردبوو ، برێك جم و جۆڵی لەخۆی نیشان دا بەڵام هیچ تێك هەڵچوونێك رووی نەدا.

دوا نیوەڕۆی ئەم رۆژە بە بریندارەکانەوە بەرەو بەرزاییەکانی تەرەغە و حسین ئاباد هەڵکشاین، لە رێگایە کاتێك بە تراکتۆر دەرۆیشتین،"تاهیرخەلیلی"کە لەگەڵمان بوو بۆ یەکەم جار سروودی "لە تەرەغەی سەربەرزەوە"ی گوت وئێمەش لەگەڵمان دەگوتەوە. لەوێ ڕا بریندارەکان بۆ نەخۆشخانەی حیزب لە دۆڵی"زاواکێو" بەرێ کران.

رێــژیم لــەو عەمەلیاتــەدا زەبــری گــورجکبڕی وێ کــەوتبوو و بــۆ رۆژی دوای هێرشیان کـردە سـەر ئـاوایی "ئەربـەنووس" دەسـتیان کردبـوو بـە ئـازار و ئەزیـەتی خەڵکی ئاوایی، لە ئەنجامی ئەو بەد رەوشتی یە بێ بەزەیانـە و جینایەتکارانەیـەدا ۳ پیرە پیاوی تەمەن سەرەوەی ٥٠ ساڵ بە ناهەق کوشتبوو.

رۆژی ۲۹ی پووشپەڕی ۱۳٦۲کۆبوونەوەیەك گیرا تێی دا باس لـەوە کـرا کـە هـەموو رۆژێ کاتژمێری ۱۰ی بەیانی ۳ تویتای پڕ لە جاش و پاسدار دێنە ئاوایی"قەرگوێز"و ئێوارە دەگەڕێنەوە بۆکان.

وا ساغ بووینەوە کە لە باغی "قاراوە گەورە" کەمینیان بۆ دابنێین. کاتـژمێر ٦ی بەیانی ۳۰ی پووشپەڕ کە ئامادە بـووین بـۆ ئـەو عەمەلیاتـە لـە ئـاوایی قاراوە نزیـك بووینەوە. هەوا وردە وردە رووناك دەبـوو، دوو پێـشمەرگە کـە دەچـنە نزیـك مـاڵان، دەبیــنن کــە ژمارەیــەکی زۆر پاســدار و هێزەکــانی رێــژیم لــەنێو ئــاوایی خــەریکی خۆســازمان دانــن، ئــەوان زوو هەواڵەکــەیان هێنــا. دیــارە لــەم حاڵەتــەدا بەرنامــەی گەڵاڵەی ئێمە کە کەمین بوو گۆڕدرا. دەرکەوت کـە رێـژیم نیـازی هێرشـی لـە نکاوی هەیە. لە ئاکام دا لەگەڵ گەشتیەکانی ئەوان تووشی تەقە و لێکدان هاتین، لە تەقە و لێکـدانێکی کـورت دا، هێزەکـانی رێــژیم پاشەکـشەیان کــرد لــەو کورتــە شــەڕە دا پێـشمەرگەیەك بــەناوی ئەمیرشەمــسە دینــی بەتونــدی برینــدار بــوو. بــەم شـێوەیە تــەرحی عەمەلیاتەکـە تێـك چـوو. بـە پاشەکـشەی رێـژیم و ئێمـەش بـەرەو ئـاوایی "باغڵووجــە" هەڵکــشاین و لەبــەر هێرشــی ئیحتمــالی رێــژیم بەرزایــەکانی باغڵووجـەمان گـرت. ئـەمیر بـەهۆی کاریگـەر بـوونی برینەکـەی سـەعات ۱ی نیـوەڕۆ شەهید بوو و هەر لە گوندی باغڵووجە بەخاکمان سپارد.

دوایی بریندار بوونی قاسم باقی، محەممەد برایم ئۆف وەك فەرماندەری لکی ۲ی هێزی بەیان و محەممەد تۆپچی وەك جێگر لك دیاری کران.

محەممەد برایم ئۆف دوای دیاری کرانی بە فەرماندەی لکی ۲ مەئموورییـەتی بـۆ عەمەلیات لەناوچەی ئەحمەدی کۆر وەرگرت، ئەوکات رێژیم لە هەموو جادەی نێوان

شارەکان "تـەئمین جادە"ی دادەنـا بـۆ ئـەوەی پێـشمەرگە نـەتوانن لـە جادە کـەمین دانێن.

بڕیار درا لەسەر جادەی بۆکان — میاندواو لەکاتی هەلگرتنی تەئمین بەناو جادە پارێزراوەکـان کـەمینیان بـۆ دابنـێین. کاتـژمێری ٦ی ئێـوارێ ١٢ی گەلاوێـژی ١٣٦٢ لـەنێوان ئـاوایی"شـیناوە"—"سـاروقامیش"، ئایفایـەك و تویوتایـەك هـەلگری جـادە پارێزەکان لێمان نزیك دەبوونەوە. بە دروشمی دێموکرات هات (دمکرات امد) داماننە بەر دەسترێژ. هـەر خۆیـان نـەگرت و تەنانـەت لـە ئایفایەکە دابـەزین و بـە راکـردن خۆیـان گەیانـدە پایـەگای "حاجیابـاد" و لـەوێ ڕا دەسـتیان کـرد بـە تەقـە کـردن. گەرچی دەستمان بەسەر ئایفاکە داگرتبوو بەلام بەهۆی ئەوە فیشەکی بـەر کـەوتبوو ئاوری تێ بەردرا، ئێمەش بە سلامەتی و بە خوێنـدنی سـرودی "خوایـە وەتـەن ئـاوا کەی" شوێنی عەمەلیاتەکەمان جێ هێشت و لەناوچەی ئەحمەدی کۆر درێژەمان بـە گشتی سیاسی — نیزامی خۆمان دا.

رۆژی ٥ی خـەرمانان ١٣٦٢ بـۆ جـارێکی دیکـەش چـووینە سـەر جـادەی بۆکـان — میانـدواو و نێوان گونـدەکانی "قەرموسـالی"و"مەلّلالـەر"بـۆ کـەمین دانانـەوە دیـاری کرا، لە بەر زۆربوونی ئاوی چۆمی تەتەهوو بە گەمی پەڕینەوە. بە گەیـشتنی ئێمـە بۆ سەر جادە تویوتایەك پڕ لە هێزی ڕێژیم کە لە بۆکانەوە دەهات کەوتە کەمینەوە بەلام بە هۆی ئەوەی تەنیا سێ کەس لە پێشمەرگەکان لەسەر جادەکە بـوون دەربـاز بـوون. پـاش چـەند دەقیقـە ئایفایـەك کـە لـە میانـدواوە دەهـات کەوتـە کـەمینی پارتیزانەکانی هێزی بەیان و هەرسێ سەرنـشینەکەی کوژران، ئایفاکـەش ئـاگری تـێ بەربوو، دەسکەوتی ئێمە ٣ تفـەنگی کلاشـینکۆف بـوو. هێزەکـانی رێـژیم بـە زانینـی کۆنترۆڵ کردنـی جادەکـان هەمیـشە ورەیـان دادەبـەزی و نـەك توانـای بەربـەرەکانی، بەڵکوو ورەی هاتووچۆشیان نەدەما. هەر ئەوکات لە ئاکامی پشکنینی ماشێنە مسافیر هەلگرەکان سێکەس لە هێزەکانی رێژیم بە دیل گیران کەپاش قسە کـردن لەگـەڵیان

ئازاد كران. رێژیم پاش ئه‌وه‌ی ئێمه به سلامه‌تی له‌شوێنی شه‌ڕه‌كه دوور كه‌وتینه‌وه وه‌ك هه‌میشه له‌دووره‌وه به دۆشكا و چه‌كی دیكه ناوچه‌ی ئاورباران كرد.

له كۆتایی هاوینی ١٣٦٢دا له كومیته‌ی شارستانه‌وه بڕیار درا كه لكی ٢ی هێزی به‌یان بۆ مه‌ئمووریيه‌ت به‌ره‌و ناوچه‌ی مه‌هاباد بڕوا، ئێمه‌ش رۆژی ٧ی ره‌زبه‌ر چووینه ئاوایی"به‌یره‌م"و دوایه چووینه"قزلْجه". رێژیم له‌مێژ بوو نیازی هێرشێكی به‌ربلاوی بۆ ئه‌م ناوچه‌یه هه‌بوو. له ته‌قسیم كاری شوێنه‌كان دا شاخی "قوشه‌هوو" بۆ لكی ئێمه دیاری كرا، سه‌ره نجام له سه‌ره‌تایی مانگی ره‌زبه‌ر هێرشی رێژیم له هه‌موو لایه‌كه‌وه ده‌ستی پێ كرا. جگه له به‌ره‌ی ئێمه نه‌بێ له هه‌موو به‌ره‌كان دا ئاوری شه‌ڕ داگیرسابوو ئه‌ورۆژه به ده‌یان كه‌س له هێزی رێژیم كوژران و تا تاریكی ئێواره شه‌ڕ هه‌ر درێژه‌ی هه‌بوو پاش كۆتایی شه‌ڕ هێزی پێشه‌وا بوْلای مه‌نگوڕایه‌تی كشایه‌وه و ئێمه‌ش لكی ٢ به‌ره‌و ناوچه‌ی بۆكان گه‌ڕاینه‌وه. رۆژی ٦٢/٧/١٢ سه‌عات ٥ی ئێواره بی شێوه‌یه‌كی پارتیزانی چووینه سه‌ر جاده‌ی بۆكان-میاندواو له نێوان گونده‌كانی"داشبه‌ند"و"وشته‌په" كه‌مینمان نایه‌وه ٣ ماشێنی هێزی ریژیم كه یه‌كیان هه‌لْگری دۆشكه بوو كوتنه كه‌مین و له ماوه‌ی كاتژمێرێك دا هه‌ر سێ ماشێنه‌كه ده‌ستیان به سه‌ردا گیراو ٣٠ كه‌س له سه‌رنشینه‌كانی كوژران و بریندار بوون. دوای ته‌واو بوونی عه‌مه‌لیاته‌كه به سرووده‌ی"هێزی پێشمه‌رگه نابه‌زن"شوێنی عه‌مه‌لیاته‌كه‌مان به‌جێ هێشت. رێژیم هێزی یارمه‌تیده‌ر له بۆكان ڕا نارد به‌لاّم وره‌ی هاتنه پێشه‌وه‌یان نه‌بوو. پاش ئه‌م سه‌ركه‌وتنه، له گوندی نۆبار محه‌ممه‌د ئه‌مین بارام میرزا (چرچه)[10] له جیاتی خه‌لیل خه‌له‌بان له لایه‌ن كاك غه‌فوور هه‌مزه‌یی[11] وه‌ك فه‌رمانده‌ری هێز دیاری كرا و دواجار بڕیار درا كه له‌نێو شار عه‌مه‌لیاتێك به‌ڕێوه ببه‌ین. رۆژی دوایی ١٦ی ره‌زبه‌ر به به‌شداری هه‌موو

---

10- چرچه فه‌رمانده‌ی هێزی به‌یان رۆژی ١٣٦٣/٤/١٢ له شاروێران شه‌هید بوو.

11- كاك غه‌فوور ئه‌وكات به‌رپرسی كومیته شارستانی بۆكان بوو ناوبراو سالّی ١٣٧٢ له به‌غدا تیرۆر كرا.

پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و لکی ٢ی هێـزی پێـشەوا و ئەنـدامانی یەکیـەتیی لاوان کۆبوونەوەیەکی گەورە لە مزگەوتنی نۆبار گیرا و کاك"حەسەن شەڕەفی" بەرپرسـی کومیتەی شارستانی مەهاباد قسەی تێدا کـرد. ئێـوارەی ئـەو ڕۆژە دوای سازماندەهی بە تەراکتۆر تا نزیك ئـاوایی "کۆسـتە" ڕۆیـشتین و هـەر لـەوێ لـە چـۆمی تەتـەهوو پەڕینەوە و لە پشتی ناڵە شکێنە "کولتەپە" و لەلای "گۆلـەوە" بۆنێـو شـاری بۆکـان داگەڕاین. ئـەو ڕۆژە ١٧ی ڕزبـەری سـالی ٦٢بـوو. پـتر لـە ١٦٠ پێـشمەرگە دەبـووین کـە بەبێ ئەوەی دوژمن هەستمان پێ بکا، لـەنێو شـاردا جـێگیر ببـوین. هـەموو تیمـەکان لەجێگا و شوێنی خۆیان بوون. ١٥ پێشمەرگە بە فەرمانـدەهی محەممـەد بـرایم ئـۆف وەك دەستەی زەربەت دیاری کرابووین بۆ ئەوەی لەهەر شـوێنێکی شـار پێویـست بـە یارمـەتی بایـە خۆمـان بگەیەنینـە ئـەوێ. کاتـژمێری ١٢/٣٠ ی نیـوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی ڕەزبەر بە یەکەمین تەقەی فەرماندەری عەمەلیات لە شەقامی کەمەربەنـدی کـە لـە تویوتایەکی ڕێژیمی کرد و هەردوو سەرنشینەکەی کوشت، شەڕی نێوشار دەسـتی پـێ کرد. ١٦٠ پێشمەرگە دەستە و تفـەنگ بـە بیـستنی دەنگـی تەقـە ڕژانـە نێـو کـۆڵان و شەقامەکانی شارو دەرەتان و حەجمینیان لە هێزەکانی ڕێژیم لە هەموو شـوێنەکانی شار هـەڵ گـرت. لـەماوەی ٨ سـەعات شـەڕ لـەنێو شـاری بۆکـان دا کـۆڵان بـەکۆڵان لـە هێزەکانی دوژمن پاك دەکرایەوە تا ئێوارە پتر لە ١٢٠ کەس لە هێـزی ڕێـژیم کـوژران و٥ دەستگا ماشێنی تویوتا، ٣بێنز، ٣پەیکان، یەك کومپرێـسێر، ٢ئامبوڵـانس، ٤نیـسان، ٢لـۆدێر، یـەك ئەتڵـەس، یـەك بۆڵـدزێر، یـەك ترێلـی هـەژدە چـەرخ پڕلـە کومپـووت سووتێنران. ئەوەی جێی سرنـج و بایەخ پێدانە ئەوەیە کە بـە دەیـان لاوی کـورد کـە دەم و چاوی خۆیان بەستبوو، یارمەتی ئێمەیان دەدا و دەرگای هەموو ماڵان بـەرووی پێشمەرگە کرابۆوە بۆ ئەوەی لە تەنگانەدا لـە ئامێزیـان بگـرن. دوای بـەڕێوە بردنـی عەمەلیاتەکە سەعات ٨/٥ی شەو پۆل پۆل لەنێو شـار و بـە خۆشـحاڵیەوە هـەموو بـە سلامەتی هاتینە دەر. وا بڕیار درابوو کە بۆ بەیانی لە گوندی نۆبار یەك بگرینەوە. بۆ گێرانەوەش بێ دەبـێ بڵـێم کاتـژمێری ٥ی بـەیانی تیمەکـەی ئێمـە دوا کـەوتبوو.

لەگەڵ چەند کەسێك بۆ وەدەست خستنی وەسیلەیەك کە پێی بچینەوە نۆبار لە ئاوایی "مەحموود ئاوا" لامان دا. لە پەنجەرەی ماڵێکمان دا کابرای خاوەن ماڵ بەو بەیانیە زووە لەگەڵ خێزانی خەریکی زۆران بازی! بوون، بە تەقەی پەنجەرەکە کابرا خۆی کۆ کردەوە، چووینە حەوشە و خۆمان ناساند، کابرا گوتی: "لە خۆشی هاتنی پێشمەرگە بۆ نێو شار ئەمشەو هەر نەخەوتووم بە قوربانتان بم..." گوتمان زەحمەتێك بکێشە بە تراکتۆرێك تا نۆبارمان بگەیەنە ئێمە بەجێ ماوین و دەبێ بە زووترین کات بگەینە ئەوێ. کابرا کە زانی دەبێ لەگەڵمان بێ قسەی دڵی کرد و گوتی دەڵێن پێشمەرگە لەژێر زەوی دێتە دەرێ. چیتان لێ بشارمەوە راستی یەکەی ئەوەیە سێ مانگە خێزانم تۆراوەو ئەمرۆ بۆیان هێناومەتەوە ئێوەش تووشی خەجاڵەتیتان کردم! بەو قسەیە زۆر پێکەنین و بە تراکتۆرەکەی تا نۆباری گەیاندین. کاتژمێر ٧ی بەیانی بوو کە گەیشتینەوە نۆبار. خەڵکێکی زۆر لە چاوەڕوانی پێشمەرگەکان دابوون، بە هاتنیان و بە ساخ وسلامەتی گاو و گەردوونیان بۆ کردین. پاش پشوودانێك راپۆرتێك لەسەر عەمەلیاتەکەی نێوشار ئامادە کرا و بۆ "رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران"نێردرا. دیارە هەر ئەو رۆژەی کە لەنێو شار خەریکی عەمەلیاتەکە بووین، کورتەیەکی لە رادیو باس کرابوو بەڵام سەیر ئەوە بوو کە پێش بڵاو بوونەوەی هەواڵەکەی ئێمە، رادیو مجاهدین بە پێدا هەڵگوتن و ترش و خوێ کردنێکی زۆرەوە ئەو شەڕەیان کردە هی خۆیان و بەناوی خۆیان هەواڵەکەیان بڵاو کردەوە. رادیو مجاهدین لەبەر چاوی بە مۆڵەق وەستاوی ئێمەدا رای گەیاند کە هێزەکانی مجاهدینی خەڵق بۆ ماوەی یەك رۆژ کۆنترۆڵی شاری بۆکانیان بە دەستەوە بووە و زۆر پێدا هەڵگوتن و شتی دیکەش بە شوێنی دا بڵاو بۆوە. لەگەڵ محەممەد برایم ئۆف تووشی کاك"غەفوورهەمزەیی"هاتین. کاك غەفوور هەر بەو زاراوە شیرنەی خۆی بە برایم ئۆفی گوت: "برا ئەمە چەس؟." دوکتور قاسملو پەیامی بۆ کومیتەی شارستان لێ دابوو کە مەگەر ئەو عەمەلیاتە ئێوە نەتان کردووە؟ کاك غەفووریش بۆ دوکتوور قاسملووی باس کردبوو کە ئەو

عەمەلیاتــە هێــزی پێــشمەرگەی حیــزب کردوویــەتی و لــەو عەمەلیاتــە ٤ کەســی مجاهدین لەگـەڵ ئێمـە هـاتن کـە یـەکیان بـەناوی"رەحـیم چـەمەنی"خـەڵکی"بـرایم ئابـاد"ی بۆکـان گیـانی لەدەسـت دا. دوکتـور قـاسملو لـەو کـردەوەی مجاهـدین زۆر ناراحــەت ببــوو. بــەڵام چــۆنیەتی بەشــداریی ئــەو چــوار کەســەی مجاهــدین لــەو عەمەلیاتە لە جێدا جێی باسە. لەراستی دا پاش ئەوەی هێزی کۆنەپەرەستی هەموو دەسکەوتەکانی شۆرشی گەلانی ئێرانی پاوان کـرد و پێگـە و دەسـەڵاتی خـۆی بەسـەر فـەزای سیاسـی ئێـران دا سـەپاند، کەوتـە پاکانـە حیـساب لەگـەڵ هێـزە سیاسـیەکانی دیکەی ئێران و کوردستان باشترین و ئـەمنترین شـوێن بـۆ گیرسـانەوە و لـەخۆگرتنی هێزە بەرهەڵستەکانی رێژیمی پاوانخواز بوو. گەلی کـورد و حیزبـی دێمـوکراتیش بـە دڵ فراوانیـەوە باوەشـیان بـۆ ئـەو هێـزە سیاسـیانە و یـەك لـەوان مجاهـدینی خـەڵق، کردبۆوە. ئەو چـوار کەسـەی ئەنـدامی مجاهـدینیش کـە لـەو عەمەلیاتـەدا لەگـەڵمان بەشداربوون، لەوەپێش پێشمەرگەی حیزبـی دێمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران بـوون و ئەوکات ریزەکانی حیزبیان جێهێشتبوو. ئـەو چوار کەسـە بریتـی بـوون لـە: بـرایم مــەلا مــەحموودی، مــەحموود ترکاشــە، رەحــیم چــەمەنی و ئــازەری یــەك بــەناوی مورتەزا. پێش عەمەلیاتەکە زۆریان داوا کرد کە لەگەڵ خۆمان بیانبەین و بە لەبەر چاو گرتنی ژمارەی هێزی پێشمەرگە لەو عەمەلیاتەدا ئەوان نەقشێکی ئەوتۆیان لەو شەڕەدا نەبوو چوونکی ئەوان لەراستی دا شەڕەکەشیان بە هی خۆیان نەدەزانی هـەر ئەو جۆرەی پێشتریش باسم کرد یەکێکیان لەو شەڕەدا کوژرا و مجاهدینیش زۆر روو هەڵماڵاوانە عەمەلیاتەکەی بەناوی خۆی تۆمار کرد و بڵاوی کردەوە!

پاش ئەوەی لە عەمەلیاتەکەی شاری بۆکان زەبرێکـی گورچـکبڕمان لـە رێـژیم دا پاش دوو رۆژ بۆ جەولە روومان لە ناوچەی ئەحمەدی کـۆر کـرد. رێـژیم ئـەوەی بـە دەرفـەت زانــی و لــەمانگی خــەزەلوەر دا پــەلاماری ناوچــەی پــیر محەممــەدی دا لــە زۆربــەی گونــدەکانی ئــەم ناوچــەیە پایــەگای دانــا. دیــارە لــەو ماوەیــەدا هــیچ پێشمەرگەیەك لەم ناوچەیە نەبوو. کاتێك لەناوچەی"چۆمیمەجیدخان" گەڕاینەوە

لە زۆربەی گوندەکان مۆڵگەی دانابوو. بۆ زەربە لێدان لە یەکێك لەم مۆڵگانە، گوندی "نۆبار" کە سێ پایەگای لێ بوو هەڵبژێردرا. دوای شناسایی و تەرح و گەڵاڵە رۆژی ١٤ی سەرماوەزی ١٣٦٢ لە ئاوایی پاشبلاغ کۆبووینەوە کە گەڵاڵەکە بخرێتە بەر باس و ئەرك و دەسەڵاتەکان دابەش بکرێن. پێش ئەوەی دەست بەکار بین "سالح بەننایی" کە سەرپەلی ئێمە بوو بە شۆخی گوتی:" کوڕینە پێش ئەوەی شەهید بم با حیزب شەهیدانەم بداتێ بۆخۆم دەیخۆم." کاتژمێری ٧/٥ ی ئێوارێ لە نۆبار هێرشمان کردە سەر ٣ پایگای رێژیم و بە دەیان چەکی جۆراوجۆر ئاور بارانمان کردن، دەنگی بەرزی پێشمەرگە لە هەموو ئاوایی دا دەنگی دەدایەوە. بەشێکی مۆڵگە دەستی بە سەر دا گیرابوو شەڕ هەروا درێژەی هەبوو. وردە وردە پایەگای یەکەم سقووتی دەکرد. بۆ هێنانی دەسکەوت خۆمان بە ژوورێ داکرد، بەشێکی دەسکەوتەکان هاتبووە دەرەوەی پایگا ، لە نێو پایگا دابووین کە لەنەکاو لە سەربانی پایەگاکە را نارنجۆکێك فڕێ درایە خوارەوەو لە ژێر لاقی"سالح بەنایی" دا تەقییەوە. ئەو کەسەی نارنجۆکەکەی فڕێ دابوو دەسبەجێ کوژرا. ساڵە کە بە توندی بریندار ببوو هاواری کرد کە فریای کەوم. کاتێ گەیشتمە سەری، لاقی راستی تەنیا پێستەکەی بە لەشییەوە مابوو. دەستم گرت گوتی برایم ئەو شتانەم لە گیرفان دەرێنەو بۆم بدە بە پەروین[12] و پێی بڵێ کە با گەردنم ئازاد بکا سوێندمان خواردبوو کە بۆ یەك بین ، بەڵام من نەمتوانی ویستی ئەو بە جێ بێنم، تۆ لە لایەن منەوە ماڵئاوایی بکەو داوای لێ بوردنی لێ دەکەم. هەر چەند ساڵە لە من باڵا بەرزترو قوورستر بوو، بەڵام بە هەر زەحمەتێك بوو لەپایەگام هێنادەر. زۆرم دڵخۆشی داوە گەرچی برینەکەی قوورس بوو بەڵام هەلومەرج بە شێوەیەك بوو کە

[12]- پەروین خۆشەویستە بە ئەمەگەکەی ساڵە، دوای شەهیدبوونی ساڵە، کە زەماوەندیشی کرد نەیهێشت شایی بۆ بکرێ و داوەت ساز بدرێ.

پـاش چـه‌ند رۆژ ده‌گه‌یـشته نه‌خۆشـخانه، كه‌چـی بـه داخـه‌وه هـه‌ر لـه رێگـای نه‌خۆشخانه شه‌هید بوو.

پاش ئـه‌و عه‌مه‌لیاتـه دیـسان جه‌وله‌یـه‌كی دیكـه بـۆ ناوچـه‌ی " ئه‌حمـه‌دی كـۆر" ده‌ستی پێ كرده‌وه. رێژیم ساڵی ٦١و٦٢ پیلانی دژی گه‌لی یانـه‌ی خـۆی واتـه چـه‌كدار كردنی زۆره ملی خـه‌ڵكی دێهاتـه‌كانی ده‌سـت پـێ كـرد، ئـاوایی " مه‌لَلا لـه‌ریش" لـه‌و پیلانـه بـێ بـه‌ش نه‌مایـه‌وه‌و چـه‌كی زۆره ملـی بـه سـه‌ر دانیـشتوانی دا سـه‌پێنرا. مه‌به‌ستی رێژیم له‌م كاره ئه‌وه بوو پێش به خه‌باتی حیزبـی دێمـوكرات بگـرێ‌و لـه لایـه‌كی دیكـه‌وه كـورد بـه كـورد بـه كوشـتن بـدا. لـه‌و جه‌وله‌یـه دا رۆژی ٢٠ ی سـه‌رماوه‌زی ١٣٦٢ لـه گونـدی"لـه‌گز" خـه‌ریكی پـشوو دان بـووین كـه لـه گونـدی "مه‌ڵلاله‌ر" جاش‌وپاسدارو به زۆر چه‌كدار كراوه‌كان ده‌وری ئاواییان دا و به هـه‌موو جۆره چه‌كێك ئاور بارانیان كردین. به بیستنی ده‌نگی ته‌قه كوڕانی دێموكرات لێیان وه‌خۆ كه‌وتن له شه‌ڕێكی كورت خایـه‌ن دا كـه بـه هه‌موویـه‌وه كـه‌متر لـه ٣ سـه‌عاتی خایاند، هێرشه‌كه‌ی دوژمنمان تێك شـكاند. لـه‌و پێكدادانـه‌دا ٢٥ كـه‌س لـه هێزه‌كـانی رێژیم كوژران و چه‌ك و چۆڵی زۆریـشمان بـه ده‌سـكه‌وت گـرت لـه‌و عه‌مه‌لیاتـه‌دا بـه زۆر چه‌كدار كراوێكیش به‌ناوی ئه‌بوبه‌كر كاكلی خه‌ڵكی مه‌لَلا له‌ر به‌دیل گیرا.[13]

پاش چه‌ند رۆژ گه‌ڕانی سیاسی – نیزامی له ناوچـه، لـه گونـدی "كانی‌یـه ڕه‌ش" گیرساینه‌وه لـه‌وێ كۆبوونه‌وه‌یـه‌ك گیراو تێیـدا راگه‌ینـدرا كـه هـه‌موو مه‌ره‌خه‌سـی‌و جۆره مه‌ئموورییه‌تێك راگیراوه. حیزب به پێی ئه‌ساسنامه به‌ره‌و به‌ستنی كـۆنگره‌ی شه‌شه‌می خۆی ده‌چوو، ده‌بوایه كۆنفرانسه‌كانی پـێش كـۆنگره بگـیرێ. ئـه‌و كـات بـه پێی به‌رنامه‌و پێره‌وی نێو خۆی حیزب هه‌ر دوو ساڵ جارێك كۆنگره ده‌گیرا، له هێز دا هه‌ر لكێك به جیا كۆنفرانـسی خـۆی بـۆ هه‌ڵبـژاردنی نوێنـه‌ری كۆمیتـه شارسـتان

---

[13]- ئه‌بووبه‌كر كاكڵی پاش به دیل گیرانی بوو به پێشمه‌رگه وه دوای شه‌ش ساڵ پێشمه‌رگایه‌تی و به‌شداری ئازایانه له زۆر عه‌مه‌لیات دا، له ساڵی ١٣٦٨ له چیای"وه‌نه‌وشه" له شه‌ڕێكی قاره‌مانانه دا شه‌هید بوو.

دەگرت. رۆژی ۳ ی سەرماوەز لە گوندی"کانی ڕەش" لکی ئێمە واتە لکی ۲ ی هێزی بەیان نوێنەرانی خۆی هەڵبژارد کە ژمارەیان ۵ کەس بوو، فەرماندە لك خۆی راستەوخۆ لە کۆنفرانسی کومیتە شارستان بەشداری دەکرد. پاشان لە گوندی( پاش بلاغ) کۆنفرانسی کومیتە شارستانی بۆکان بە بەشداری سەرجەم نوێنەرانی هەڵبژێردراو بەسترا. سەرەڕای ئەوەی گیرو گرفتی زۆر لە بەر دەم بەسترانی کۆنفرانسی کومیتە شارستانو یەك لەوان نەبوونی بەرپرس خەڵکی ناوچە هەبوو، بەڵام بە بەشداری کاك سەلاح گادانی نوێنەری دەفتەری سیاسی کۆنفرانس بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات و نوێنەرانی کومیتەی بۆکان بۆ کۆنگرە هەڵبژێردران.

چەند رۆژ پاش کۆتایی هاتنی کارو باری کۆنفرانس عوسمان سوارە کە سەرلکی لکی ۱ بوو لەگەڵ پێشمەرگەیەکی دیکە بە ماشێنێکی لەندەوێر و چەند قەبزە چەكوچۆڵی حیزب هەڵاتن و خۆیان تەحویلی رێژیم داوە. رێژیمیش بە بێ سێ و دوو، کردی بە فەرمانـدەی گروهی بە ناو زەربەت و لە دژی حیزبو ئامانجە نەتەوەیی یەکانی گەلی کورد بە کاری هێنا.

شەوی ۱۰ی بەفرانباری ۱۳٦۲ لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر بەسەر ۳ دەستە دا دابەش بووین و کاتژمێری ۱ی نیوەشەو لەنێو کوورەخانەکانی ساروقامیش خۆمان حەشار دا. دوانیوەڕۆی رۆژی ۱۱ی بەفرانبار سەعات ۲ هەموو تیمەکان خۆیان گەیاندە شوێنەکانی دیاری کراو لەسەر جادەی بۆکان – میاندواو کەمینێك بە درێژایی ۵ کیلومیتر دانراو پاش چەند دەقیقە ماشێنێکی تویوتای هەلگری هێزەکانی رێژیم کەوتە کەمینەوە و شەڕێکی قورس دەستی پێکرد. زۆری پێ نەچوو کە هێزی یارمەتی دەری رێژیم لە بۆکان و میاندواو خۆیان گەیاندە شەڕگەکە. ئەو ڕۆژە تا ئێواری زیاتر لە ۷۰ کەلاکی هێزەکانی رێژیم لە مەیدانی شەڕدا کەوتبوون، دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر و تەقەمەنیەکی یەکجار زۆر و پەدافەندێکی ٦۹ میلی میتریش بە دەستکەوت گیرا. لە لایەکی دیکە چەند کەس لە کادر و پێشمەرگەکان

قسەیان بۆ مسافیرەكان كرد و سەبارەت بە هەلومەرجی خەبات و سیاسەتی دژی گەلی یانە ڕێژیم یان ڕوون كردەوە.

ڕووداوێكی گرینگی دیكە هەر لەو عەمەلیاتەدا ئەوە بوو كە ویستمان مینیبووسێكی مسافیر هەلگر رابگرین، دەمانزانی كە مینی بووسەكە چەند پاسداری چەكداری تێدایە لەبەر ئەوەی زۆر بە توندی هات. پاسدارەكان چەكیان لەسەر شۆفیری مینی بووسەكە ڕاگرتبوو كە بەخێرا تێپەڕێ و ڕای نەگرێ، پاسدارەكان نیازیان وابوو كە خەلكی بێتاوان و مسافیرەكان بكەنە قوربانی پاراستنی گیانی خۆیان، بەڵام مینیبووسەكە بەهۆی تەقە كردن لەكار كەوت، بێ وەی كە هیچ كەسی مەدەنی بكوژرێ پاسدارەكانیش پاش دەستكردنەوەیەكی كورت كوژران.

هەر لەو كەمینەدا جیبێك كە گوێی بۆ بڕیاری ڕاگرتنی پێشمەرگەكان نەگرتبوو تەقەی لێ كراو شۆفیری جیبەكە كوژرا. شایەنی باسە ئەوەی كە لەچوونە سەری جیبەكە دا پێشمەرگەیەك لە پشكنینی جیبەكەدا ٥٠ هەزار تمەن پولی كوژراوەكە هەلدەگرێ. باوكی كوژراوەكە سكالای كرد كە ئەگەر كوڕەكەم كوژراوە پوولەكەمان بدەنەوە. ئێمەش هەموو سەرمان سووڕ مابوو. ئەوە شتێكی تازە بوو كە دەمانبیست، چونكە هیچ پێشمەرگەیەك مافی وەرگرتنی پوولی نەبوو. بەلام ئەو كێشەیە بەو پەلە پەلە و لەكاتەدا جێبەجێ نەدەكرا. پاش گەڕانەوە لە عەمەلیاتەكە پێشمەرگەیەك هات و گوتی ٥٠ هەزار تمەنم لەو جێگایە كە تەقەی لێ كراوە هەل گرتووە. دوای لێپرسینەوە ئەوكەسە چەك كراو تەنانەت زیندانیش كرا و پوولەكەش لە ڕێگەی كەسێكەوە بۆ خاوەنەكەی بەڕێ كراوە.

بەداخەوە لەو عەمەلیاتە ٢ پێشمەرگەمان بەناوەكانی"سەید كامیل مستەفەوی" سەرپەل لە لكی یەك و"عوسمان سولتانی"شەهید بوون. دوایی عەمەلیاتەكە بۆ ناوچەی پیر محەممەد گەڕاینەوە.

عەمەلیاتی سەرجادەی بۆکان – مياندواو زەبرێکی قورس لە رێژیم بوو، لەبەر ئەوە رێژیم ئیدعای بەناو پاکسازیی ناوچەی دەکرد و پڕپاگەندەکەی هەموو ناوچەی داگرتبوو.

چەند رۆژ پێش وەرێ کەوتن، نوێنەرانی کۆنگرە بۆ شوێنی بەستڕانی کۆنگرە ژمارەیەك جاش هەڵیان کوتایە گوندی "چوار دیوار"و وێڵەکی دایانە بەر مووشەکی ئار پی جی. ئەو کات کاك چرچە تازە ژیانی هاوبەشی پێك هێنابوو و ماڵەکەشی لە "چوار دیوار" بوو، بە بیستنی دەنگی تەقە لە گوندی "کۆکە"را، زوو خۆمان گەیاندە "چوار دیوار" و بە گەیشتنی ئێمە جاشەکان توانایی بەرگرییان نەماو رایان کرد. ئێمەش بۆ ماوەیەکی کورت لە ماڵی کاك چرچە لامان دا و دوای حەسانەوە بەرەو "ئیسکی بەغدا" ڕۆیشتین.

رۆژی وەرێکەوتنی نوێنەرانی کۆنگرە بەرەو شوێنی بەرێوەچوونی کۆنگرە هات. چرچە و برایم ئۆف داواین کرد تا لەگەڵیان بچم، بە تویوتایەك تا نزیك "گامێشان" لە ناوچەی گەورکی مەهاباد چووین. لەوێ را بەپێیان لە جادەی مەهاباد – سەردەشت پەڕینەوە و چووینە جانداران کە ئەوکات وەك بازاڕێکی گەورەی لێهاتبوو بۆ کڕین و فرۆشی کەل و پەلی قاچاخ. بۆمن تا ئەوکات کە ئەو ناوچەیەم نەدیبوو، دیمەنەکانی زۆر سرنج راکێش بوون. بۆ ئێوارەی ئەو رۆژە گەیشتینە "گۆمان" لە ناوچەی ڕەبەت کە هێزێکی زۆری پێشمەرگە و هێزی بەرگری لێ بوو. پێش تاریك بوونی هەوا لە چۆمی کەلوێ و جادەی سەردەشت – پیرانشار پەڕینەوە بۆ پشوودان لە گوندی "ئەحمەد بریو" ماینەوە.

بۆ بەیانی بە "کۆدەلێ" و "گۆڕەشێر"دا هاتینە سەر سنووری عێراق و لە گوندی "سوونێ" لامان دا. پاش چەند کاتژمێرێك نوێنەرانی کۆنگرە بەرەو شوێنی بەرێوەچوونی کۆنگرە رۆیشتن و ئێمەش تا ڕۆژی ٢ی ڕێبەندان لەناوچەی سەردەشت و لە گوندەکانی "توژەڵو کانی یە زەرد"ماینەوە. رۆژی ٢ی رێبەندان هاتمەوە "سوونێ" و لەوێ را لەگەڵ ماشێنێکی حیزب چوومە قەلادزێ و تاکوو

کۆتایی کاری کۆنگرە لەویٚ مامەوە. لە قەلآدزێ بوو کە لەلایەن بێسیم چی قـەلآدزێ وە هەواڵی گیرانی "رەحمان بولدزێر"[14] و ٥ هاورێی دیکەم بیست. پاش تەواو بـوونی کـۆنگرە و رۆژی ٧ی رێبەنـدان رێگـای گەڕانـەوەمان گرتـە بـەر و هاتینـەوە ناوچـەی بۆکـان. دیـارە هـەر لـە رێ دا بـووین کـە رەفیقێکـی خۆشەویـستم بـەناوی حەسـەن رەحمـان پـوور خـەڵکی داشـبەند، لـەکاتی هێـرش بـۆ مۆڵگـەی دوژمـن لـە گونـدی "وشـتەپە" رۆژی ١٣٦٢/١١/١١ شـەهید بـوو بـۆ هەمیـشە مـاڵاوایی لـێ کـردین. تـا ماوەیەکی زۆر پاش کـۆنگرەش بـاس لەسـەر کورتـەباس و سوسـیالیزمی دێموکراتیـک کـە بەشـێکی زۆری کـاری کۆنگرەشـی بەخۆیـەوە تـەرخان کردبـوو لەسـەر پێـداگری دوکتور قاسملوو و بە دەنگی نوێنەرانی کۆنگرە پەسند کرابـوو و ببـوو  بـە بنێـشکە خۆشکەی هێندێك کەسی دەروێش سفەت و تەنانەت بێ ئەوەی هەر لەو باسە بگەن پـڕ و پاگەنـدەی ناحـەزیان لەسـەر ئـەو بڕیـارەی کـۆنگرە دەکـرد کـە وەك ئامـانجی دوارۆژ تا ئێستاشی لەگەڵ بێ دیاری کرابـوو. لـەنێوان کـادر و پێـشمەرگەکانی دژ بـە کورتەباس، دوو کەس تەواو گێرەشـێوێن بـوون و فـەزای تـەبایی و برایـەتی هێزیـان تێك دابوو. یەکێك لەو کەسانە "عەزیز ئەفسەر دلێر" کە دوای کـۆنگرەی شەشـەمی حیزب دوازدە لاپەڕەی لەسەر کۆنگرە بۆ ئیتلاعات بەناوی نهێنی "ئاتـەش ئـەفروز" رەوانە کردبوو. دیارە لەجێگای خۆی زیاتر ئاماژە بە خیانەتەکـەی دەکـرێ و ئـەوەی دیکەشـیان کـە خـۆی تـەحویل داوە دەسـتی بـە کـارو کاسـبی خـۆی کـرد. کومیتەی شارستانی بۆکان بۆ بە سزا گەیاندنی عوسمان سوارە بە تاوانی خیانەت بە جووڵانـەوە دوو پێـشمەرگەی بـەناوەکانی تـاهیر خـزری و  رەحمـان مـستەفا پـوور راسـپارد کـە خۆیـان بەدەسـتەوە بـدەن، ئـەو دوو کەسـە پـاش لێپرسـینەوەیان لـە ئیتلاعات، لەنێو شار عوسمان سوارە دەبینن بەڵام پێش ئەوەی بتـوانن کارێـك بکـەن

---

[14]- رەحمان بۆلدزێر کە لە بەفرانباری ١٣٦٢ لە گوندی قاجر بە بریندراری بەدیل گیرا پاش دوو ساڵ خۆ ڕاگری و قارەمانیەتی لە زیندانی رێژیم دا رۆژی ١٣٦٤/٦/٩ لە میاندواو گوللە باران کرا.

پلانەكەیان ئاشكرا دەبێ و ئەو دوو پێشمەرگەیە بە ناكامی گەڕانەوە هێز. كردەوە ناحەز و خەیانەتكارانەكەی عوسمان سوارە رۆژ بەرۆژ زیاتر دەبوو. عوسمان هەموو هێڵەكانی خەیانەت بە بزووتنەوە و شەرەفی كوردایەتی بەزاندبوو و تەواو لە خزمەتی رێژیم دا درێژەی بە جینایەتەكانی دەدا. كومیتەی شارستان جارێكی دیكە ٢ پێشمەرگەی دیكەی بۆ سزا گەیاندنی ئەو ناردەوە بۆ شار، بەڵام ئەو ٢ كەسە لە جلكی ژنانە دا و لەسەر پردی میراوا لەلایەن رێژیمەوە شناسایی كران و گیران. ئەو ٢ كەسە سەید جەعفەرحوسێنی پاش سێساڵ زیندانی ئازاد كرا، دواتر پێوەندی بە حیزب گرتەوە و لەلایەن رێژیم گیرا و ساڵی ١٣٧٠ لە زیندانی ورمێ ئیعدام كرا. نەفەری دووهەم ناوی خالید بوو دوایی ٢ ساڵ و نیو ئازاد كرا.

پاش تەواو بوونی كۆنگرە و گەڕانەوەی بەرپرسان بۆ هێزوكومیتە ماوەیەك بوو كە گەڕانی سیاسی — نیزامی بۆ شوێن و ناوچە جۆراوجۆرەكانی بۆكان دەستی پێ كردەوە. رێژیم بۆ قەرەبوو كردنەوەی ئەو زیانەی لە سەر جادەی بۆكان- میاندواو وێی كەوتبوو رۆژی ٢ی رەشەمە هێرشێكی بەربلاو و فراوانی بۆسەر ناوچەی گەوركایەتی مەهاباد لە چەند بەرەوە دەست پێكرد. ئێمە وەك هێزی بەیان لە گوندی "قوڵقولە" پێشمان بەهێزی دوژمن گرت. لە شەڕێكی دوو سەعاتەدا ١٥ كەس لە هێزی رێژیم كوژران، بەڵام هێزی رێژیم ئەوەندە زۆر و زەوەند بوو كە بۆمان نەدەكرا لە هەموو لایەنەكانی شەرگەوە پێشیان پێ بگرین، بۆیە بە ناچاری بۆ پشتی "گورگە" و "ئاغوتمان" تاكتیكی پاشەكشەمان گرت بەر و لە نێوان گوندەكانی"قالوێ"و"ئاغوتمان"رێژیم بەجۆرێك بە خەستی تۆپ بارانی دەكردین كە بە ناچار دەبوا بۆ ماوەیەك لە سەنگەردا نەجووڵێینەوە. رێژیم لەو هێرشەدا هەموو جۆرە چەكێكی قورسی بەكار هێنا. لەو شەڕەدا بۆ یەكەمجار بوو دەمدی بە مووشەكی كاتیۆشا لێمان دەدەن. مووشەكی كاتیۆشا یەك بەدوای یەك دا دەهاوێژران و بەسەر سەرمان دا دەرۆیشتن و لەم شیو و دۆڵە هاژە و گڕەیەكیان نابۆوە، كەس گوێی لە دەنگی كەس نەدەبوو. ئێمە نەماندەزانی كە ئەوە چ چەكێكە لە دژی ئێمە

بەکاری دەهێنن! شەهید ئازاد لەگەڵ سەلاحی پوور ئەسەد[15] کە تازە لە بزووتنەوەی ئامول(امل)[16] را هاتبوونە نێو ریزەکانی حیزب، گوتیان ئەوە پێی دەڵێن"مینی کاتیوشا". تا ئێوارەی ئەو رۆژە بە سەدان مووشەکی مینی کاتیوشایان بە سەر دا باراندین بە داخەوە لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەمان بە ناوەکانی "کریم عبدی"و"جعفر کارشی" شەهید بوون.

ئێوارێو لەگەڵ بەسەر کشانی تاریکی هێزەکانی رێژیم ناوچەکەیان چۆڵ کرد. ئێمەش هاتینەوە"ئیسکی بەغدا" لەوێ پاش دوو رۆژ پشوو دان تەرحی عەمەلیاتێك دارێژراو پاش دابەش کردنی ئەفرادوئەرکەکان بە "غوڵامعەلی" دا چووینە زەنبیل کە ئەو کات چۆل کرابوو. پاش پشوو دانێکی کورت لە سەر کانییەکانی دەوروبەر چوینە ئاوایی یەکانی "کانی زێرینە"و"سەیداوا" مەبەستمان لەو حەرەکەتە چەك کردنی خەڵکی ئاوایی یەکانی "سونج"و"یازی بلاغ"ی گەورکی سەقز بوو کە چەکی رێژیمیان هەلگرتبوو. بەڵام بە هۆی گۆرانکاری لە هاوسەنگی هێزەکانی رێژیم وازمان لەو کارە هێنا. دوای یەك رۆژ حەسانەوەو پشوودان بە گەشتێکی سیاسی نیزامی بە ئاوایی یەکانی "حاشیاباد"و"قەرەڵی"دا بەرەو ناوچەی "چۆمی مجیدخان" گەراینەوە. شەوی ٥ی رەشەممە تەرحی کۆنترۆڵ کردنی جادەی میاندواو-بۆکان مان دارشت.هەر بەو مەبەستەش بە سێ دەستە دابەش بووین. بۆ بەیانی ئەو شەوە هەموو لە شوێنی دیاری کراو دا دامەزرابووین بەڵام پێشمەرگەیەك کە ئازەری زمان بوو ، چەكو رەختی دانابوو و بە شێوەیەکی زۆر نهێنی خۆی تەحویلی پایەگای "مەڵالەر" دابوو.ئێمەش کە ئەوەمان زانی، روون بوو تەرحەکەمان ئاشکرا دەبێ خۆمان کۆ کردەوەو بەرەو ئاوایی "گۆلێ"ی مەرزینگ

---

[15]- ئازاد دواجار بوو بە ئەندامی کومیتە شارستان و لە رۆژی ١٣٦٧/٦/١ لە قوشەهو لە شەرێکی حماسی دا شەهید بوو. سەلاح ئێستا لە وڵاتی ئوسترلیایە.

[16]- مەبەست لە یەکیەتی کومنیستەکان واتە تاقمی "سەربەداران"ە. ئەوان دەیانەویست لە رێگای ئامولەوە تاران بگرن، ئێران رزگار بکەن. بەڵام لە شەڕی "ئامول" بە توندی سەرکوت کران .

چووین دوایـی کۆکردنـەوەی هـەموو پێـشمەرگەکان بـەرەو ئـاوایی "پیرەولـی بـاغی" ڕۆیـشتین و لـە دەوری ئـاوایی لـە سـەر ڕێـی هێزەکـانی ڕێـژیم کـەمینمان دانایـەوە. ڕێژیم دوای پشکنینی ئاوایی "گۆلێ" دەوری گوندی"پیر وەلی باغی"دا بەڵام هەستی بە بوونی ئێمە کردبوو زۆری پێ نەچوو لە دورەوە بە خومپارە ئـاور بـارانی کـردین هێزەکـانی ڕێـژیم ورەی هاتنـە پێـشەوەیان نـەبوو تـا ئێـوارە ئاوەدانییـان ئـاور بـاران کردو سەعاتی ٦ی ئێوارێ ناوچەیان چۆڵ کـرد. ئێمـەش دوای خـواردنی نـانی شـەو بـەرەو ئـاوایی "سـەهۆڵان" وەڕێ کـەوتین کاتـژمێری ١/٣٠ نیـوە شـەو کـە گەیـشتینە سەهۆڵان، چووینە بـەر دەرگـای مزگـەوت.بـێ ئـەوەی ئێمـە هەسـت بـە هـیچ بکـەین، هـیلاكو شــەكەتو مانــدوو ، بــێ خەبــەر لــەوەی مزگــەوت و دوو مــاڵ پــڕە لــە جاشوپاسدار کە خەریکی پشوو دان بوون. ئێمەش بەرنامەی مانەوە لە سـەهۆڵانمان هەبوو. لە پڕ نیگابانەکەیان دەنگی دایـن. سـەیر ئـەوە بـوو کـە بـە هەڵکـەوت نێـوی شـەوی هـەر دوولامـان ئارپیـچی ٤٠ بـوو، بـەو جیـاوازیی یـەی کـە نێـوی ئـەوان سـێ وشـەیی بـوو. کـە دەنگیـان دایـن، محەممـەد گـامێش گـۆلی (١٦) گـوتی ئارپیـچی، پاسدارەکەش گـوتی ٤٠، ڕوون بـوو ئێمـە نـاوی سـێهەممان نیـە، بۆیـە ئێمـە بێـدەنگ بووین کە لە نەکاو تەقە دەستی پێ کرد. هەر دوو لا تێك چڕژاین ئێمـە لـە دەرگـای مزگەوتو ئەوانیش لە مزگەوتو ماڵان دا. لە تەقەو پێکدادانێکی ١٠ دەقیقەیی ئێمە وردە وردە بۆ لای شاخەکانی حسین ئاباد هەڵكشاینو ئەوانیش بەرەو بـەرزایی کـانی پشتی ئاوایی کشانەوە.ئێمە تا سەعاتی ٤ی بەیانی گەیشتینە شاخی مناڵە. هـەوا زۆر سارد بـوو تـەواو مانـدوو شـەكەت ببـووین و برسـێتی بڕسـتی لێ بڕیبـووین. قـسەی خۆش با ون نەبێ، سەعاتی ٤ی شەوێ کاتێك گەیشتینە کێوی"مناڵە"هەوا زۆر سـارد بوو کـەرێکی لێ بـوو هـی شـوانێك. پێـشمەرگەیەك بـە نـاوی"ئیـسلام"( دواتـر خـۆی تەحویل داوە) کورتانەکەی لە کەرەکە کردەوە بە خۆی دادا کەرەکە هەر دەی زەڕاند ئیسلام گوتی زەڕە زەڕ دامەنێ لـە سـەرمان ڕەق هـەڵێی هێـشتا پێـت نادەمـەوە. ئـەو شەوە تا تاو هەڵات زۆر سەخت بوو، بە بەرز بوونەوەی خـۆر پێـشمەرگە وەك مـاری

سـرِ وەجووڵـە کـەوتن. سـەعاتی ٢ی نیـوەڕۆ داگەڕاینـە ئـاوایی حـسین ئابـاد. لـە وێ لەگـەڵ پێـشمەرگەکانی لکـی ٢ی هێـزی پێـشەوا یـەکمان گرتـەوە و پێکـەوە بـەرەو ناوچـەی"شـامات"وەڕێ کـەوتین. ڕۆژی ١٣ی ڕەشـەممەی ١٣٦٢ بـۆ پـشوو دان لـە ئاواییەکانی "تالاو"و"دێمەسوور"و"جەعفەر ئاوا"، لە ناوچەی شامات لامان دا بـوو کـە هـەواڵمان پـێ گەیـشت هێزێکـی زۆری ڕێـژیم لـە میانـدواوە بـەرەو لای ئـەم سـێ گوندە دێن. ڕێژیم کە هەستی بە بوونی هێزی پێشمەرگە لە ناوچەی شامات کردبوو بە مەبەستی نانـەوەی ئـاژاوەو چاندنی تـۆوی دوو بـەرەکی لـە نێـو شـاری میانـدواو کەوتبووە دنەدانی خەڵك دژی هێزی پێشمەرگەو بۆ چەند کاتژمێر بـە بڵێنـدگۆ لـە نێو شارو بە کردنە هاواری"امت همیشه در صحنه میاندواب. چند نفر صد انقلاب در حومە میانـدواب نفـوز کردەانـد بپـا خیزیـد"، خـەڵکێکی دەمـارگرژو نـەفامی لـە خۆی کۆ کردبـۆوە. دوایـی دەرکـەوت کـە لـە ئاکـامی ئـەو پڕوپـا گەنـدە بـەر بـڵاوەی ڕێژیم ئەوە هەر عەجەمی نێو شار بوون کە دووکانو بازاریـان دادەخـستوپۆل پـۆل دەچوونە بەر دەرگای سوپای پاسـدارانو چـەکیان وەردەگـرتو ئامـادەی شـەڕ لەگـەڵ کورد دەبوون.

کاتژمێری ٩ی بەیانی وردە وردە هێزی دوژمن نزیك دەبوونەوە کە لـە٢ ئایفـا ، ٦ تویوتا، ٢ جیبی ١٠٦ی تۆپ هەلگر، لەندەوێریك و لۆدێرێكو سەدان کـەس چـەکداری پیادە پێك هاتبوو و بە پێیان لە شاری میاندواوە بۆ ڕەشە کوژی خەڵکی کورد بەرەو شامات وەڕێ کەوتبوون. ژمـارەی هێـزی پێـشمەرگە لـە چـوار لـك پێـك هـاتبوو، لکـی ١و٢و٣ی هیزی بەیانو لکی ٢ی هێـزی پێـشەوا.هێزەکـانی ڕێـژیم خۆیـان گەیانـدبووە نزیك ماڵەکانو دەوری ئاواییان دابووو دەستیان کـرد بـە ئـاور بـاران کردنـی ئـاوایی. هێـزی پێـشمەرگەش بـە بیـستنی دەنگـی تەقـە لـە نـەکاو لـە سـێ لاوە لێیـان وەدەر کەوتنو لە نێو ماڵانەوە هێرشیان کرایە سەر. شێرە کوڕانی دێموکرات لە ماوەی سێ سەعات دا، وایان تەفرو تونا کردن کە ئەوانەی لەو شەڕە رزگاریان هاتبوو،تا پـۆلیس ڕای میانـدواو رایـان کـرد. لـە ئاکـامی ئـەو شـەڕە حماسـی یـە دا ١٥٠ کـەس لـە هێـزی

ڕێژیم کوژراو برینداربوو و زیاتر لە ١٠٠ کەلاکی لە مەیدانی شەردا بەجێ مابوو. لە کاتی گەرانەوەدا ژمارەیەك هێزی ڕێژیم لە نێو ئاوایی خۆیان لە مالآن دا حەشار دابوو لە ماوەی چەند دەقیقە دا ئەوەی توانی خۆی دەرباز بکا هیچ، ئەوانی تر هەموویان کوژران. چەك‌وچۆڵێکی یەك جار زۆریش لە گەلٚ دوو تۆپی ١٠٦ میلیم لە هێزەکانی ڕێژیم وەك دەسکەوت بۆمان بە جێما. لە ماشێنەکان ٤ تویوتامان هێنا ئەوانی دیکە سوتێنران.

پاش پشوو دانێکی کورت خۆمان بۆ بەر پرچدانەوەی هێرشی نوێی دوژمن سازمان دا. کاتژمێری ٢ی پاش نیوەڕۆ هێزێکی زۆری ڕێژیم بە پشتیوانی دوو تانك هێرشیان هێنایەوە. تانکەکان لە دوور رایان گرتبوو تەقەیان دەکرد.پاش ماوەیەك تۆپخانەی ڕێژیم وەکار کەوت. ئەو تۆپخانەیە بە جۆرێك سەنگەری پێشمەرگەکانی ئاورباران دەکرد کە کورد گوتەنی هیچ باڵندەیەکیش نەیدەتوانی بە ئاسمان دا بفڕێ.بەلآم دیسانەکەش هێزی دوژمن ورەی نەبوو هەنگاوێك لە سەنگەرەکان نزیك بێتەوە تا لای ئێوارە تۆپخانەی ڕێژیم هەدای نەدەداو بێ پشوو ئاگری بە سەردا دەباراندین. لەو کاتە دا محەممەد برایم ئۆف فەرماندەری لکی ئێمە، لکی ٢ بە توندی بریندار ببوو، هاواری دەکرد کوڕینە نەکشێنەوە تا دوا ساتەکانی ژیانتان لێیان دەن. لە دوا ساتەکانی ژیانی پڕ لە شانازی‌و قارەمانێتی‌دا بوو دەستی لە نێو دەستم ناو گوتی: بە کوڕەکان بڵێ بمبورن زۆرم ماندوو کردن ئەرکەکانم جێ بە جێ کرد. لە کۆتایی دا گوتی: خواخافیزی لە خێزانەکەم دەکەم چاوم پێیان ناکەوێتەوە. دەمەو ئێوارە چاوە پڕ لە خوێنەکانی برایمۆف بۆ هەمیشە کەوتنە سەر یەك و ماڵئاوایی یەکجاری لێکردین. لە ئاکامی ئەو شەڕە مێژوویی‌یە دا جگە لە برایمۆف ٥ ڕۆڵەی بە ئەمەگی دیکەی گەل شەهید بوون. ناوی ئەم شەهیدە سەر بەرزانە بریتی یە لە:

١_ محەممەد عیساله ...................... هێزی بەیان

٢_ عەلی قەرەڵی ........................ هێزی بەیان

٣_ فەتتاح خورشیدی .................. هێزی پێشەوا

٤_خالید خزر ئاقایی .................. هێزی پێشەوا

٥_ئیسماعیل عزیز پور ................ هێزی پێشەوا

ئێـواره تاریکـان تیمـی کـەمینو پێـشڕەو سـەرجادەی مـەهاباد- میانـدواویان گرتوشـەهیدو برینـدارەکانمان سـواری تویوتایـەك کـردو بـەرەو ئـاوایی"سـریلاوه" وەرێ کەوتین، کاتژمێری ٦ی بەیانی بوو لە نزیك ئاوایی تویوتایەکە بەنزینی لێ بڕا، بـەڵام دواتـر بـە تراکتۆرێـك تـا ئـاوایی رامانکێـشا. سـەعات ١٠ی بـەیانی رۆژی ١٤ی رەشەمە لەگۆرستانی"پیروەلی باغی" ماڵئاوایی یـەکجاریمان لـە شـەهیدەکانمان کـردو پاش وەدەست خستنی بنزین بەرەو گوندی" قۆڕغان" وەرێ کەوتین.گەرچـی رێـژیم هەموو شاخەکانی دەوروبەری گرتبوو، بەڵام کاتێك هێزی بـەورەی ئێمـەی دیـت، لـە هــەر بەرەوروووبوونەوەیــەك خــۆی پاراســت. ســەعات ٥ی ئێــوارێ بــۆ لای "کولیجـە"دەچـوین تیمـی پێـشرەومان لـە جـادەی بۆکـان-مـەهاباد پەڕیبوونـەوه ١٥٠ پێـشمەرگە ریـزی بەسـتبوو نیـوەی پێـشمەرگە زیـاتر تێپـەڕین کـە لـە نـەکاو لـە شیرکەتی"قەمتەرێ" کە رێژیم هێزێکی زۆری تێخزاندبوو، ئاگر بارانی دوایین ریزی پێشمەرگەیان کرد کە پێشمەرگە لێیان وەدەست هاتو لەماوەی نیو سەعات دا بەرەو گوردانی"قەمتەرێ" راونـران ژمارەیەك لە هێزی دوژمن کـوژراو کـەلاکی ٥ کـەس لـە مەیـدانی شـەڕ بـە جێمـا.لـەو پێکدادانــە دا بەداخــەوه پێـشمەرگەیەکمان بـە نـاوی بەهمەن پاکاری لە هێزی بەیان خەڵکی"حاجیاباد"شەهید بوو. دوای خواردنی نـانی شەو لە کولیجە را بەرەو حسین ئابـاد وەرێ کـەوتین.بـۆ بـەیانی ئـەو رۆژه واتـە ١٥ی رەشەممە لکی ٢ی هێـزی پێـشەوا بـەرەو ناوچـەی "بـەیرم"و"بـەرەجۆ" گەرانـەوه و ئێمەش دوای بە خاك سپاردنی تەرمی شەهید بەهمەن بەرەو کانی یەرەشو لەوێش را بەرەو گوندی"چواردیوار"وەڕێ کوتین. دیاره رێژیم لـە ئـەنجامی ئـەو عەمەلیاتـە دا زەبرێکی کاریگەری وێکەوتبوو هەر بۆیـەش وەك ورچـی برینـداری لێ هـاتبوو بـۆ هەر کوێ چوباین بە هێزێکی زۆروزەبەند بـە شـوێنمانەوه بـووو بـەرزای یـەکانی لێ

دەگـرتین. رۆژی ١٧ی رەشـەممە لـە ئـاوایی ئیـسکی بەغـداد بـووینو"رادیـۆ دەنگـی کوردستان"هەواڵی شەڕەکەی شاماتی بڵاو دەکردەوە کە هـەواڵی هێرشـی بـەر بـڵاوی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر ناوچەی گەورکایەتی مەهابادوبـەرزای یـەکانی قـەرەگوێزو تورجانیان بۆ هێناین، ئێمەش بـە پەلـە خۆمـان رێکخـست کاتـژمێری ٧ی ئێـوارە بـە پشت ماڵانی"باغی شێخان" دا بۆ لای بۆبۆکتانی سەقز وەڕێ کەوتین. کاتـژمێری ٢ی نیـوە شـەو دەبـوو کـە لـە قـەراغ مـاڵانی بۆبۆکتـان کەوتینـە کـەمینی هێزەکـانی رێژیمەوە. بـەڵام توانیمـان بـە سـڵامەتی خۆمـان رزگـار بکـەین و بـە پـشت ئـاوایی دا بەرەو شـێخ چۆپان کەوتینـە رێ. ماشێنەکانیـشمان بـە دیـوی گڵۆڵان دا هێنـا خـوار بـەرزای یـەکانی مێرگـە نەخـشینە. لـەوێ بـۆ مـاوەی چـەند رۆژێـك ماینـەوە پاشـان بــەرەو ناوچــەی موکریــان گەڕاینــەوە. رێــژیم دوابــەدوای عەمەــلیاتی شــامات بــە تەنینەوەی هێزێکی زۆر لە مەحاڵی مەهاباد ڕا تا ناوچەی پیر محەممەد و تورجـانی بۆکــانو گەورکایــەتی ســەقزومەهاباد بــەردەوام بەشــوێنمانەوە بــوو. هێرشــە گەورەکەشی بۆ سەر ئێمە کە پانتایی سەدان کیلومتری چوار گۆشـەی دەگرتـەوە بـێ ئاکام مابۆوە دوای ئەو دەرسەی لە شامات وەریان گرت، کەشو هەوایەکی تایبەت بـە سـەر شـاری میانـدواو دا زاڵ ببـوو بـۆ ماوەیـەك هەسـتێکی دژە کوردانـە تـا رادەی کوشتو بڕین لە نێو شاردا پەنگی خواردبوو. تەنانـەت ژمارەیـەك لـە خـەڵکی شـاری میانـدواو رۆژی دوای عەمەلیاتەکـە کوردێـك لـە نێـو شـاردا دەگـرنو بـە تـەور داس ئەنجن ئەنجنی دەکەن. بۆ ماوەی حەوت رۆژی تەواو لـە حاڵـەتێکی تـەواو نـا ئاسـایی دابــووین بــێ پــشوودان لــە شــوێنێك بــۆ شــوێنێکی دیکــە دەچــووین و هەوڵــەکانی رێژیممان پووچەڵ دەکـردەوە.بـەو جـۆرەی بـاس کـرا سـاڵی ١٣٦٢ بـەرەو تـەواو بـوون دەچوو و لە نێو خەڵکی ناوچەی خۆمان ئاوری جێژنی نەورۆزمان کردەوە.

# ٣

دوایی جێژنی نەورۆز بۆ کۆبوونەوەیەك چووینە"قالوێی موعینی". لەم کۆبوونەوە کە لە سەرەتای مانگی خاکەلێوەی١٣٦٣ بەسترا "عەلی شەم" یان وەك فەرماندەی عەمەلیاتی بۆکان دیاری کرد.[17] فەرماندەی عەمەلیات لە یەکەمین هەنگاوەدا هێزەکەی ئێمە (بەیان)ی بەرەو ناوچەی زمزیران برد و لەوێ لەگەڵ هێزی زمزیران پلانی عەمەلیاتی هاوبەش لەسەر جادەی دۆڵی دێموکرات[18] دارێژرا. بۆ بەرێوەبردنی عەمەلیات بە چەندین تیم دابەش بووین و رۆژی ١٣٦٣/٢/١٥ لەنێوان گوندەکانی "وەڵیو" و "نواوێ" خۆمان حەشار دا و کاتژمێری ٢ی پاش نیوەڕۆ لەسەر جادەکە کەمینمان نایەوە، زۆری پێ نەچوو کە تویوتایەکی رێژیم کەوتە کەمینەوە و سەرنشینەکانی کوژران. پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ کە گەڵاڵەی ئێمە بەرفراوان بوو بەڵام دوای تێکشکانی تویوتاکە، هێزی یارمەتی دەری رێژیم وەرەی نەبوو لە شوێنی عەمەلیاتەکە نزیك بێتەوە و بە هاواری هێزە لەداو کەوتووەکانی یەوە بێ. لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەکی هێزی بەیان بەناوی"مستەفا قادری"خەڵکی میراوای بۆکان شەهید بوو، لە دوایی ئەو عەمەلیاتە لە لایەن هێزەوە وەك سەرپەل لە لکی ٢ دیاری کرام و لە رۆژی ٢٠ی بانەمەر لە لایەن هێزەوە لە کۆبوونەوەیەك دا بە فەرمی راگەیەندرا.

هەل و مەرجی کوردستان بەردەوام لە گۆڕان دا بوو. گۆڕان بەسەر گۆڕەپانی شەڕ و پێکدادان لەگەڵ هێزەکانی رێژیم دا هاتبوو ئێمەش وردە وردە بە تەواوی لە

---

[17] - فەرماندەری عەمەلیاتی لە جێگای فەرماندەری هێز لە جبهەی شەڕ فەرماندەهی دەکرد، دیارە دواتر ئەو ناوە نەما و جێگای خۆی بە جێگری هێز دا.

[18] - دۆڵی دێموکرات لە ناوچەی رەبەتە. کە بنکەی دەفتەری سیاسی دوایی داگیر کردنی شارەکان چووە "شێوەجۆ" پێیان دەگوت دۆڵی دێموکرات.

شـەڕی جبهـەیی دوور دەکەوتینـەوە و وەك پـارتیزان شـەڕی پارتیزانیمـان لـە دژی هێزەکانی ڕێژیم بەکار دەهێنا. ڕێژیم بەردەوام مۆلگەی لە گونـدەکان و تەپۆلکـەکان دادەمەزرانـد و دەسـتی بەسـەر زۆربـەی گونـدەکان داگرتبـوو و ئێمـە نـە بنکـەی جێگیرمان هەبوو نە کومیتە شارستانی سابیت. کومیتـە و هێـز هـەموو بـە یەکـەوە جەولەمان لە ناوچە لـێ دەدا و هەرکـەس ئـەرکی پـێ ئەسـپێردراوی بـەڕێوە دەبـرد. دوای کۆنگرەی ٦ تا کۆنگرەی ٧ کاك"عەزیم ئەفسەر"یـان لـە جێگـای کـاك"غـەفوور هەمزەیی"وەك بەرپرسی کومیتە شارستان دیاری کرد، نـاوبراو قەڵافـەتێکی بـەرز و سمێلێکی ئەستووری هەبوو، ڕوو گـەش و خـۆش، هەمیـشە لـە کۆبوونـەوەکان نـەقڵی دەگێڕاوە یان هەرکات سوێندی خواردبایە، دەیگوت: "بـە گیـانی ڕوونـاك بـە قـەبری قازی محەممەد".

لـە گونـدی"مێرگـە نەخـشینە"خـەریکی پـشوودان دا بـووین سـەعات ٩ی بـەیانی ڕۆژی ٣ی بانەمـەڕی ١٣٦٣ سـوارێك لـە دۆڵـی"شـێخ چـۆپان"ڕا خـۆی گەیانـدە مێرگـە نەخـشینە و هـەواڵی هێرشـی ڕێـژیمی بـۆ هێنـاین، ئـازا خۆمـان بەسـت و بـەرەو بەرزایەیەکانی پشت ئاوایی وەڕێ کەوتین. لەگەڵ هێزەکانی ڕێـژیم وێکـرا گەیـشتینە بەرزای یەکان و شەڕ دەستی پێ کرد لە شەڕێکی قورس و دەستەو یەخەدا کە زیـاتر لە ٤ ساعەتی خایاند ٣٠ کـەلاکی هێزەکـانی ڕێـژیم لـە مەیـدانی شـەڕگە کـەوت. ئـەو هێزەی ڕێژیم کە هێرشی هێنا هەموو کوژران و کەسی نەگەڕایەوە هەروەها چەك و چۆلێکی زۆر بە دەسکەوت گیرا. بە داخەوە ئێمەش پێشمەرگەیەکمان بەناوی"سـەید ئەنوەرحـسینی"شـەهید بـوو. دواتـر ڕێـژیم چـەند کەسـێکی خـەڵکی ئـاوایی شـێخ چۆپانی بۆ بردنەوەی کەلاکی کوژراوەکان نارد.

لــەڕۆژی ٦٣/٣/١٠ بـۆ گەشـتێکی سیاسـی نیزامـی بـەرەو ناوچـەی بۆکـان وەڕێ کەوتین. پاش گەیشتنمان بە ناوچەی بۆکان بڕیار درا بـچینە سـەر جادەی میانـدواو – بۆکان، هەر ئەو شەڕگەیەی لە مـاوەی سـێ سـاڵی ڕابـردوو دا بـە سـەدان کـەس لـە هێزە سەرکوت کەرەکانی ڕێژیمی لـێ کوژرابوو.

لە نێوان داشبەند و باغی ئەحمەدی کەمینێك بە درێژایی ٥ کیلومیتر دانرا. ٢ تویوتای رێژیم کەوتنە کەمینەوە، سەرنشینەکانی کوژران و ماشێنەکانیش سووتێنران و چەند جار رێژیم هێزی یارمەتێدەری نارد کە تێك شکێنران. لەو شەڕەی ئەو رۆژەدا ٣٥ کەس لە هێزی رێژیم کوژران و هێزی پێشمەرگەش بەبێ هیچ زیانێك مەیدانی شەڕمان بەجێ هێشت. گرینگی ئەو عەمەلیاتە و سەرکەوتنەکەی لەوە دا بوو لە گوندی داشبەند گروهی زەربەت و ٦ پایەگای لێ بوو جگە لەوە، لە شاری بۆکانیشەوە هێزی یارمەتی دەر هاتبوو. کە هیچیان لە دەست نەهات.

هەر دوای ئەو عەمالیاتە جارێکی دیکە لە رۆژی ٦٣/٣/٢٩ لە گەل لکی دووی هێزی پێشەوا چووینە سەر جادەی میاندواو- بۆکان لە نێوان داشبەندو وشتەپە کەمینێکمان بە درێژای ٦ کیلومیتر داناوە. لە پێشدا دوو تویوتا کەوتنە کەمینەوە کە سەرنشینەکانی هەموو کوژران و ماشێنەکان ئاگریان تێ بەربوو دوای هێزی رێژیم لە داشبەندو بۆکان ڕا بە یارمەتی لەداو کەوتووەکانەوە هاتن کە ئەوانیش پاش خواردنی زەبرێکی باش بەرەو دواوە پاشەکشەیان کرد تا هەوا تاریك بوو تەقەو لێك دان هەر درێژەی بوو سەرنجام ٢٥ کەس لە هێزی رێژیم کوژراو ٣ ماشێن سووتێنران ٦ کلاشینکۆف بە دەسکەوت گیران ئێمەش هەموو بەسلامەتی درێژەمان بە جەولەی خۆمان دا.

دوای گەڕانەوە لەو عەمەلیاتە بەرەو خوڕخوڕەی گەورکایەتی چووین کە ئەوکات بنکەی کاتی کومیتە شارستانی لێ بوو لە لایەن دەفتەری سیاسی ئاگادار کرابووین کە بۆ مەئمورییەتێك هێزی بەیان بچنە ناوچەی مەنگوڕایەتیی مەهاباد. کومیتە شارستانی مەهاباد لەو کاتەدا لە دۆڵی شێخان جێگیر ببوو.

پاش ٦ رۆژ رێگا بڕین و چالاکی سیاسی گەیشتینە ئەو ناوچە شاخاویانەی مەنگوڕایەتی. مەبەست لەو جەولەیە جێبەجێ کردنی عەمەلیاتێکی گەورە لە ناوچەی شارویرانی مەهاباد بوو، ئەو عەمەلیاتە بە مەبەستی پێشاندانی هێز و

توانایی پێشمەرگە و قورسایی حیزب دەبوو بەرێوە چووبا!، لەبەر ئەوەی لەو کاتـەدا رێـژیمی کۆمـاری ئیـسلامی پێـشنیاری وتوویـژی بـە حیـزب کردبـوو. حیـزبیش دەیەویست بە قودرەت و هێزەوە بەشداری ئەو دانووساندنە بێ.

لەو عەمەلیاتەدا کە گەڵاڵەکەی دارێژرابوو، هەر چوار لکەکەی هێزی پێـشەوا و ۳ لکی هێزی بەیان کە زیاتر لە ۳۵۰ پێشمەرگە دەبوون بەشدار بوون.، وا بڕیار درابـوو کـە لکـی ٤ی هێـزی پێـشەوا لەگـەڵ سـەرجەم پێـشمەرگەکانی هێـزی بـەیان بـچینە شارویێران و ۳ لکەکـەی دیکـەی هێـزی پێـشەوا هـەر ئـەو ڕۆژە، لـەنێو شـاری مـەهاباد عەمەلیات بکەن، دوایی هەموو ئەرکەکان و دابەش کردنـی پێـشمەرگەکان، بـە دۆڵـی "قوشقونە"دا هاتینە خوارێ و بە شەو لە جادەی مەهاباد — ورمێ پەڕینەوە.

رۆژی ۱۲ی پووشـپەڕ تێمێـك بـۆ چـوونە سـەر پایـەگای "خوڕخـوڕە"، تیمێـك بـۆ گوندی "کۆنەدێ" و تیمێك بۆ "گردی یاقوب" و تیمێکیش بۆ ئـاوایی "داشـخانە" و تیمێکی دیکەش بۆ کەمین نانەوە لەسەر رێگای قەرارگای "همزالشهدا" دیاری کـران. بڕیارەکە وابوو ئێمە کە تیمی "داشخانە" بووین تەقە لەو دوو تویوتایـە بکـەین کـە بەیانیان دەهاتنە داشخانە و بەدوایی ئەودا تیمەکانی دیکە دەست بەکار بن.

هەموو تیمەکان لـە شـوێنی خۆیـان چاوەڕوانی کـاتی دیـاری کـراو بـوون، شـوێنە ئاستەمەکان گیران و خۆمان حەشار دا تا لە دەرفەتی لەبار زەبری کاریگەر لە رێژیم بدەین.

هەناسـەکان لـە سـینگ دا حـەپس کرابـوون، دڵـە کوتـە، دڵـی پـڕ لـە ئـاواتی راگرتبـوون، دڵە کوتـە بـۆ سـەرکەوتن بـۆ زەبـر لێـدان لـە دوژمـن. خـۆر بـەرە بـەرە هەڵدەکشا و گەرماوتین دەشتی شاروێرانی هەڵـگرتبوو جووتیـاران هـەموو خـەریکی کاری خۆیان بوون، هێزە کۆنە پەرستەکان تاق و لۆق بە رێگـای ورمـێ — مـەهاباد دا هـاتوو چۆیان دەکـرد. پێـشمەرگە قـامکی لەسـەر پەلاپیتکـەی تفـەنگ، هـەر وا لـە چـاوەڕوانی دا بـوو کـە لـە یەکـەم دەرفـەت سـتونی نیزامـی و مۆلگـەکانی رێـژیم بتەزێنن.

کاتژمێری ٩ی بەیانی"محەممەد هەوشاری"[19] بە زمانی تورکی بانگی کردم کە هەستن پاسدار گەیشتنێ. زوو کە هەستاین بینیمان کە چوار دەورەمان گیراوە هەر جێیەك چاوت لێ دەکرد پاسدار بوو. دیار بوو کە تەرحەکەمان تێك چۆتەوە. کاك چرچە نەیزانی کە هۆی ئەو ئاشکرابوونە چ بوو. تیمی ٢٥ کەسی ئێمە تەواو لە گەمارۆی پاسدارەکان دا بووین. چرچە گوتی: "دەبێ رێگایەك بۆ رۆیشتن بۆ کۆنە دێ ببینینەوە. هێشتا وەڕێ نەکەوتبووین کە لە چەند لاوە دایان گرتین و دراینە بەر پەلامار. هەر لە یەکەم ساتەکانی ئەو شەڕە نا بەرامبەرەدا پێشمەرگەیەکمان بەناوی"خالید ئەحمەد پوور"شەهید بوو. بە هەڵمەتی کوڕەکان ونواندنی ئازایەتی یەك بێ وێنە پاشەکشەمان پێ کردن و خۆشمان بەرەو "کۆنەدێ" کشاینەوە. لە هەموو لایەك و لە گوندی داشخانە را ئاورمان بەسەردا دەباری، تەواوی دەشتی شارویران بە هێزی کۆنە پەرەستی ڕەش داگیرابوو، لەسەر رێگا کەوتینە کەمینەوە زۆر بە زەحمەت کەمینەکەمان تێك شکاند و پێشمەرگەیەکیش بەناوی شێخ ساڵح منیج بۆکانی شەهید بوو. بەو حاڵەش هێزی رێژیم هەربە دوامانەوە بوون و تەقەیان لێ دەکردین لەم تەقە کردنە بەردەوامەدا، لە نەکاو گوللە قەنناسەیەك وەسەری چرچە کەوت و شەهید بوو. هیچ قسەیەکم لێ نەبیست. تفەنگەکەیم بە پێشمەرگەیەك و مۆری[20] هێزم لەلای خۆم راگرت. بە قونەشەڕ درێژەمان بە رێگە بڕینەکە دەدا. لە گوندی کۆنەدێ نزیك ببووینەوە کەچی هێزەکانی رێژیم هەر بە دوامانەوە بوون دیارە دەمانزانی لێرەوە هێزی خۆمان پشتیوانمانە. بەڵام ئەوان هەر لە ماڵان دابوون ئاشکرا نەبوون بە ئاشکرابوونی ئێمەشیان نەزانیبوو.

---

19- محەممەد هەوشاری ساڵی ١٣٦٤ لە ناوچەی بانە بەدیل گیرا پاش ٤ ساڵ زیندانی ئازاد کرا

20- ئەوکات هێزیش بۆخۆی مۆری هەبوو

لەنێو جۆگەیەك دا خۆمان حەشار دا و لەوە زیاتر پاشەكشە كەڵكی نەبوو. مردن باڵی بەسەرمان دا كێشابوو، بڕیاری كۆتایی مان داو بۆیان دامەزراین، خۆمان بە زەوی یەوە مەڵاس دا و لێیان كەوتینە خۆ، تا بێنە پێش.

هێزی رێژیم گەیشتنە ١٥ میتریمان و لەپڕ دامان گرتن، لە یەك كات ١٨ كەسیان لێ كوژرا، هێزی رێژیم بەزین و بەرەو دواوە رایان كرد. گوللەیەك لە لاقی چەپم كەوتبوو بەڵام ئێسكی نەشكاندبوو. دەسكەوتەكانمان كۆ كردەوە. پێشمەرگەكانی دیكە كە زانیان تەقە نزیكە، هەستیان بەوە كردبوو كە شەڕ دوو لایەنەیە، هەر بۆیە زوو لە ماڵان هاتنە دەر و لەگەڵ ئێمە یەكیان گرتەوە. ئەوە بە مانای كۆتایی هاتنی شەڕەكە نەبوو. تیمی خوڕخوڕەش كەوا بڕیار بوو هێرش بكاتە سەر پایەگا ئاشكرا بوون و ئەوانیش دەورەی پایەگایان گرت. ئێمەش لە كۆنەدێ كەمینمان داناو چاوەڕوانی هێزەكانی دوژمن دانیشتین.

هێزەكانی رێژیم بەو خەیاڵە كە هێزی پێشمەرگە كەمە، كاتژمێری ١١/٣٠ هێرشێكی بەربڵاویان كردە سەرمان. هێزی پێشمەرگە لێیان وەخۆ كەوتین و لە ماوەیەكی كورت دا ٣٠ كەلاكیان لێ بەجێما و باقی هێزەكانی رێژیمیش بۆ دواوە پاشە كشەیان كرد و خۆیان بۆ پەلامارێكی دیكە رێكخست. سەعات ١/٥ قۆناغێكی دیكە لە شەڕ دەستی پێ كردەوە، لە قەرارگای هەمزە را بە خەستی تۆپ باران دەكراین. لە دەقیقەیەك دا بە سەدان گوللە تۆپ و خۆمپارە و كاتیوشا بەسەرمان دا دەهاتە خوار، هێزی تازە پشووی رێژیم بە جۆرەها چەكی قورس و نیوە قورس لەژێر ئاوری توندی تۆپخانە هێرشێكی نوێ یان دەست پێ كردەوە. بەرەنگاری و فیداكاریی هێزی پێشمەرگە هەوڵی دوژمنی نزۆك و بێ ئاكام هێشتەوە و ئەمجارەش لەگەڵ شكست رووبەروو بوونەوە و بە دەیان كوژراو و بریندار، پاشەكشەیان كرد "عەلی قومی" جێگری فەرماندەی قەرارگای "همزالشهدا" مۆرەی گەورەی رێژیم لە كوردستان لەنێو كوژراوەكان دابوو وچەك وچۆڵێكی بەرچاو لەگەڵ خۆمپارەیەكی ٦٠ میلی میتری و تویوتایەك بە دۆشكەوە كەوتە بەر دەستمان.

رێــژیم نەیدەویــست واز لــەو شكــستانە بێنــێ. دوای خــۆ رێكخــستنێكی دیكــە كاتژمێری ٤ی ئێوارە بە هێزێكی تـازە پـشوو هێرشـی بـۆ كردینـەوە. بـەڵام لـەماوەی یەك سەعات دا دیسان تێك شكان و بـە سـەر شـۆڕی ناچـار بـە پاشەكشە بـوون و لـە دوای خۆیان كەلاكی دەیان كوژراوی دیكەیان جێهێشت. كاتژمێر ٦/٣٠ی ئێوارە رێژیم بۆ دوایین جار خۆی رێك خـستەوەو پـاش تـۆپ بـارانێكی خەسـتی ئێمـە، هێزەكـانی ناردەوە بۆ مەیدانی شەڕ ئێمەش لە ٣ تیمی ٢٥ كەسی دا لە گـەڵیان كەوتینـە شـەڕ و بەربەرەكانی. ئێوارە هێزەكانی رێژیم بە تەواوی تێك شكان. هەر بۆیە تـۆپ خانـەی رێژیم سەر لەنوێ دەستی پێ كردەوە لە سەعات ٨/٣٠ لە كاتێك دا هێزەكـانی رێـژیم تەواو شكەستیان خواردبوو شـەڕگەیان چـۆڵ كـرد، بڕیارمـان دا هـەموو لـە شـوێنێك یەك بگرینەوە. تیمی ئێمە لـە خوارئـاوایی بـە نیـازی چـوون بـۆلای گونـدی "گـردی یاقوب" بوو كە لە نەكاو ئاتـەش بـارێكی تۆپخانـە ریزێـك كاتیوشـای ٤٠ لولـە كەوتـە نێو تیمەكەی ئێمەی و لەجێدا ٢٤ كەسمان شەهید و برینـدار بوون من لەلای سـینگم و ئەژنۆی راستم ڕا برینی قورسم هەڵگرتبوو تەنیا و تەنیا لەگەڵ چـەند برینـداری دیكە مابووینەوە. ئاسمان خوێن و دووكـەڵی لـێ دەبـاری. تـەرمی پـۆل پـۆل هـاوڕێی هاوسەنگەرم لە دەوروبەرم كـەوتبوون. لەگـەڵ فرمێـسكەكانی مـن لیزمـەی بـارانیش گوناكانی دەشۆردمەوە دەنگم بە هیـچ كـوێ نەدەگەیـشت بێـسیم و شـتی واشمـان بـۆ پێوەنـدی گـرتن نـەبوو. لوولـەی تفەنگەكـەم بـەنێو چـاوانمەوە نـا تـا خـۆم بكـوژم، دیمەنی دایكم هاتە بەرچاو و لە خۆ كوشتن پەشیمان بوومەوە. برینـی لاقـی راسـتم سارد بـۆوە هـەر دوو لاقـم زامـدار بـوو بـەڵام لاقـی چـەپم نەشـكابوو. بـە یارمـەتی قۆنداغی چەكەكەم هەستامە سەر پێ وردە وردە بـەرەو گـردی یـاقوب وەڕێ كـەوتم. ئەم لاو ئەولای تەرمی ئەو ڕۆڵە ئازایانە بوو كە لە بەیانی را تا ئێـوارێ بـەو ئیمانـە بــەرزەوە بەربــەرەكانیی هێزەكــانی رێــژیمیان كردبــوو و نەیانهێــشت بــو هــەنگاوێك بەرەو پێش بێن. چەند برینـدارێكی دیكـەش هێـزی رێگـا رۆیـشتنیان مـابوو."عـەوڵا شەریفی"دەستێكی پەڕیبوو"ئەمیر رەزایی"زگی هەڵدڕابوو بەم حاڵەش ورەیـان هـەر

بەرز بوو. ٧ کەسمان لەو تیمە ٢٥ کەسی یە بە بریندارى مابووینەوە ئەوانی دیکەش بە ئاواتی سەربەستیی نیشتمانەکەمان خاکی پیرۆزی کوردستانیان لە باوەش گرتبوو و بە هێمنی بۆی نوستبوون.

هەرچۆنێك بێ بەو حاڵە بریندارەکان لە ئاوایی گردی یاقوب تیمەکانی دیکەمان گرتەوە لەوێ چەند ولاغێکیان هێنا و بریندارەکان لێیان سوار بووین و وەڕێ کەوتین. لە قەراغ چۆمێك بڕیار درا ئێمەی بریندارەکان بەجێ بێڵن. ئێمەیان بە کومیتەی ناوچەی شارویران سپارد و هێز بۆ لایەکی دیکە رۆیشت. سەید برایم کەریمی، هەمزەخانمێ، محەممەد ئەمین مەعرووفی وەك کادرەکانی کومیتەی شارویران لەگەڵمان بوون و تا دەمە و بەیانی بە رێگادا رۆیشتین و پاشان لە قامیشەلانێك دا شاردیانینەوە بە جۆرێك لەلایەن مێشوولەوە لە ناراحتی دا بووین، هەر بە ئاواتی رۆژەوە بووین کاتژمێری ٤ی ئێوارە رۆژی ١٣ی پووشپەڕ گوتیان پاسدار هاتنە سەرمان. ئەوانەی بۆیان کرا خۆیان حەشار دا، چەند بریندار نەمانتوانی بجووڵێین، گوتم تفەنگەکانی خۆمان پێ بدەن برێك پووش و پەلاشمان پێ دادان تا پێمان دەزانن ئەوکات شتێك دەکەین. پاش ماوەیەك دەرکەوت کە سێ پێشمەرگەی خۆمانن کە لە دەستەکەیان هەڵبراون. بۆ ئێوارەی ئەو رۆژە بە سواری ولاغ هەموو دەشتی شارویرانمان بڕی و لە شوێنێکی دیکە شاردیانینەوە. ئەوە لە حاڵێك دایە کە ئێمە ئاگامان لە هێز نیە کە لە کوێن و چۆن گەڕاونەتەوە؟ تەنیا ٦ کەسی ساغ لەگەڵ بریندارەکان بوون.

بۆ بەیانی رۆژی ١٤ی پووشپەڕ عەولا شەریفی کە دەستی پەڕیبوو شەهید بوو دوو سەعات دواتر ئەمیری رەزایش شەهید بوو. بۆ ئێوارە ئەو رۆژە تراکتۆرێکیان هێنا و سواریان کردین و بەلای قەرارگادا لە جادەی مەهاباد ورمێ پەڕینەوە لە پشت ئاوایی "چۆمەڵ" لەبن پۆلە دارێك ماینەوە. ئێمە نەمانزانیبوو کە رۆژی پێشتر پێشمەرگە لە ئاوایی بوون. وەزعی بریندارەکانمان زۆر شپرزە بوو. ئەو رۆژە کە برینەکانمان کردەوە کە بۆمان دەرمان بکەن دیم بە سەدان کرم لەنێو

برینەكەدا جمەیان دێ و چاوەڕوانی ئەوەش دەكرا چونكی بریندارەكان زۆر بووین و دەواو دەرمانیش زۆر كەم، گەرمای هاوینیش كە لەجێی خۆی.

دوای دەرمان كردنمان سواری وڵاغیان كردین و لە جادەی مەهاباد — پەسوێ پەڕینەوە یەكێك لە بریندارەكان كە تیكەی وەسەر كەوتبوو رەوانی ببوو لە نزیك پایەگا دەستی كرد بە هاوار هاوار.[21]

دواتر لە ١٦ی پووشپەڕ لە دۆڵی شێخان گەیشتینە كومیتەی شارستان و لەوێش ڕا دوای دەرمان كردن بۆ نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ لە كانیە زەرد بەڕێ كراین.

لەو شەڕە قورسەدا كە شەهید بوونی دەیان پێشمەرگە و (دواتر ناویان دێ) كوژرانی ٧٠ كەس زیاتر لە هێزی رێژیمی لێ كەوتەوە دوو بۆچوون لەسەر ئاشكرا بوونی تەرحەكەی ئێمە و هەڵگیرسانی ئەو شەڕە باس دەكرا.

یەكەم: ئەوەی كە كەماڵ ئیسماعیل زادە،[1] جێگر هێزی پێشەوا گوایە لە رێگەی ژنەكەیەوە پێوەندی بە رێژیمەوە بوو ناوبراو رێژیمی لەو تەرح و عەمەلیاتە ئاگادار كردۆتەوە دواتر خۆی تەحویل داوە هێندێك چەك و چۆڵیشی بردبۆوە.

بۆچوونی دیكە ئەوەیە كە گۆیا چەند كادرێكی نەغەدە كە لە لایەن رێژیمەوە تەعقیب كراون و شەوی ١٢ی پووشپەڕ بۆ شوێنە ونكە دەپەڕنەوە شارۆیران. بەلام لەوێش پێیان دەزانن و دەكەونە شوێنیان و لە ئاكام دا شەڕەكە تووشی ئێمە بوو. لەو شەڕە دا ٢٥ پێشمەرگەی قارەمان شەهید بوون، ١٤ كەس لەو شەهیدانە سەر بە هێزی بەیان و ٦ شەهیدیان سەر بە هێزی پێشەوا و ٥ كەسی دیكەش ئەندامی یەكیەتیی لاوانی دێموكرات بوون.

ناوی شەهیدەكان:

١- محەممەد ئەمین بارامە میرزا (چرچە) فەرماندەی هێزی بەیان

---

[21]- ئەو بریندارە ناوی سابیر بوو دواتر چاك بۆوە خۆی تەسلیم كردەوە

[1]- كەمال دواتر لە گەل خیزانەكەی هێزی پێشەوا ئێعدامی كردن

| | | |
|---|---|---|
| ٢- تاهیر خزری | هێزی | بەیان |
| ٣- حسین قادری | ~ | ~ |
| ٤- جەعفەر کۆیخا ئیسماعیلی | ~ | ~ |
| ٥- خالد ئەحمەد پور | ~ | ~ |
| ٦- شیخ ساڵح منیج بۆکانی | ~ | ~ |
| ٧- عەلی نوری | ~ | ~ |
| ٨- خدر عەباسی | ~ | ~ |
| ٩- کەمال ئاقا وەلی | ~ | ~ |
| ١٠- کەریم ئیبراهیمی | ~ | ~ |
| ١١- عوسمان دەروێشی | ~ | ~ |
| ١٢- عەولا شەریفی | ~ | ~ |
| ١٣- خالید سەرایی | ~ | ~ |
| ١٤- ئەمیر رەزایی | ~ | ~ |
| ١٥- مستەفا ئەحمەدی | هیزی | پیَشەوا |
| ١٦- حسین وەحدت | ~ | ~ |
| ١٧- محەممەد ساڵح فەرەجی | ~ | ~ |
| ١٨- سولیمان گوڵێنگ | ~ | ~ |
| ١٩- جعفر ئیبراهیمی | ~ | ~ |
| ٢٠- یوسف شەریفی | یەکیەتیی | لاوان |
| ٢١- برایم سالك | ~ | ~ |
| ٢٢- سالح شازادە | ~ | ~ |
| ٢٣- سەید سمایل ئەندام | ~ | ~ |
| ٢٤- عەلی سەرمایە | ~ | ~ |
| ٢٥- موحسێن گادانی | ~ | ~ |

کاتـژمێر ٩ی ئێـوارە ١٨ای پووشـپەڕ گەیـشتینە نەخۆشـخانەی ٢٥ی گەلاوێـژ. ئـەو نەخۆشخانەیە لە خێـوەتێکی گـەورە بـۆ نەخۆشـەکان و چـەندین خێـوەتی دیکـە بـۆ دەرمانگا و ماڵەکان پێك هاتبوو. خوشکە هاوڕێ ئیـسماعیلی یەکـەم کـەس بـوو کـە خـۆی گەیانـدە ئێمـە و دواتـر کـادرە دەرمانیـەکان و دوکتـور مـراد هاتنـە سـەرمان و خراینە ژێرچاوەدێری پزشکی، بۆ سبەینێ شەو لاقی من عەمەل کرا و لە گەچ گیرا، تیکەی دیکەش لە سینگم و لاقەی دیکەیان دەرهێنا.

بەداخـەوە سـابیر کـە تیکـە خۆمپـارەی وەسـەری کـەوتبوو، تـەواو رەوانـی ببـوو. قسەی نـەدەگێڕاوە و جنێـوی بـە دەوروبـەر دەدا. ئـەو حاڵەتـە دەروونـی یـەی سـابیر زیاتر لە مانگێکی کێشا. بەیانی رۆژێك کە لە خەو هەستاین دیمان سابیر بە پەلە لـە خێوەتەکـە وەدەر کـەوت و سـەیری ئـەم لا و ئـەو لای کـرد. بـە پەلـە گـەڕاوە نێـو خێوەتەکـە و گـوتی: "ئێـرە کوێیـە؟ مـن بـۆ لێـرەم؟ مەگـەر ئێمـە لـە شـاروێران نەبووین؟" و چەند پرسیاری دیکە... ئەوە بوو کە وردە وردە بارو دۆخی رووحـی و جەستەیی سابیر بەرە و باشبوون چوو.

دوای مانگێك مانـەوە لـەو شـوێنە رێکـەوتی ٢٠ی گەلاوێـژی ٦٣ بـۆ نەخۆشـخانەی شۆرش لە پشتی قەڵادزێ بەرێ کراین. دیارە لە رێگا لە ناوچەی پیرانشار ئاسایـشگای هێزی قەندیل هەبوو چەند رۆژێك لەوێ ماینەوە "جەلیل مامایی"[22] کـە بەرپرسـی ئاسایشگا بوو، ئێوارەیەك ئێمە و بریندارەکانی پیرانشاریان بە چەند قاچاخچی دا لە پێش ئاوایی ئاڵی مەڕان، لە سنوور تێ پەڕین. بۆ رۆژێك پشوودان لە سنور لامـان دا، پاشان بەرێی نەخۆشخانەیان کردین، لەوێ چاوم بە"محەممەد گامێش"گۆلی کـەوت، محەممەد کە لە دوایی شەڕی شامات لاقی پەڕیبوو نەمدیبوو کوڵی گریانێکی خەست گرتبوومی، ئەو نەخۆشخانەیە و جێگای بریندارەکانی تەواو بە تەلیسی پڕ لە گڵ و خۆڵ دروست کرابوو، پرسۆنێلەکانی لە چادر دا پشوویان دەدا. نەخۆشـخانە پـڕ لـەو

[22] - جەلیل مامایی لە ساڵی ١٣٧٠ لە ئاکامی کردەوەیەکی تیرۆریستی دا لە قەندیل شەهید بوو

قارەمانانە بوون کە هەرکام بەشێك لە جەستەیان بەختی ئامانجەکانی حیزب و گەل کردبوو و کەمیش نەبوون ئەو رۆڵە ئازایانەی لەبەر سەختی برینەکانیان شەهید دەبوون. دیارە شۆڕش بێ قوربانی دان و گیان و ژیان بەخشین سەر ناکەوێ. بەڵام گەلۆ گەلێك هەیە بە قەرا کورد قوربانی دابێ و هەر ئەوەندەش دەسکەوتی بووبێ؟

پاش چەند رۆژان مانەوە لە نەخۆشخانە دوکتور "پۆل" کە لە فەرانسە را هاتبوو، عەمەلی کردم و ناردیانمە ئاسایشگای حیزب لە گەورە دێ. رێگەی گەورەدێ بە سلێمانی دا بوو منیش ئەوە یەکەم جار بوو چاوم بە سلێمانی دەکەوت، شاری سلێمانیم زۆر رازاوە و دلگیر چاو پێکەوت.

ماوەیەك لە ئاسایشگا خەریکی پشوودان بووم. دواتر لەگەڵ سولێمان فەرامەرزی کە خۆی بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە ساز کرد منیش خۆم ساز کرد زۆری هەوڵ دا کە پەشیمانم بکاتەوە چونکی هێشتا لاقم چاك نەببۆوە، بەڵام گوێم پێ نەدا و ئاخروئۆخری رەزبەر بوو گەڕامەوە ناوچە و لە گوندی مێرگە نەخشینە تێکەڵ بە هێز بوومەوە. پاش چەند رۆژ"وەستا ئەحمەد"تیمێکی لە پێشمەرگەکان دیاری کرد بۆ گرتنی پایەگای" ترکاشا "لە ناوچەی ئاڵەشین ،بە پێی گەڵاڵەیەکی لە پێشدا دارێژراو، شەوەی ١٣٦٣/٨/٨ دەست بە کاربووین سەعات ٨/٣٠ شەو بە گرمەی مووشەکی ئارپیجی و قرمەی کلاشینکۆف ئاگر لە جەستەی هێزی دوژمن بەر درا لە هەڵمەتێکی کوت وپڕو ئازایانە دا لە ماوەی کاتژمێرێك دا دەست بە سەر پایەگاکە دا گیراو ٢٣ کەس لە هێزی رێژیم کووژراو و ٤ کەسیش بە دیل گیران. پاش ئەوەی پایەگاکە بە تەواوی لە جموجۆڵ کەوت دەسکەوتەکان کۆکرانەوە وپایەگا ئاگری تێبەردرا و هەموو بە سلامەتی شوێنی عەمەلیاتەکەمان بە جێهێشت. چەند رۆژ دواتر دوای ئەم عەمەلیاتە ،هێز و کومیتە خۆی رێك خست تا بۆ ناوچەی موکریان جەولەیەك بکاتەوە. لەگەڵ ئەوەی زۆریان لێ کردم لەبەر وەزعی لاقم من لەگەڵیان نەچم بەڵام کۆڵم نەدا و خۆم ساز کرد.چونکی لە کاتی عەمەلیاتەکە لاقم زۆری ژان دەکرد.

لە سەرەتایی مانگی ڕێبەنـدانی ٦٣ لـە لایـەن هێـزەوە تـەرحی گرتنـی پایـەگای " مەحموود جغ" دارێژرا. بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم گەڵاڵەیە و گرتنی سەرکەوتوانەی ئـەم پایەگایـە لەسـەر هاوکـاریی دوو ئەنـدامی حیـزب کـە لـەنێو پایەگاکـە دا بـوون، حیسابی تایبەت کرابوو.

بـۆ ڕۆژی دیـاریکراو واتـە ٦٣/١٠/٣ لەسـەر چـۆمی جەغـەتوو لـەبن پۆلـە دارێـك مابووینەوە کاتژمێری ٢ی دوا نیوەڕۆ نیگابان چاوی بە ٦ کەس چەکدار دەکـەوێ کـە بۆلای ئێمە دێن، پێشمەرگە زۆر زوو خۆیان ساز دەکەن و بۆیان دادەمـەزرێن ، بـەڵام ئەوان بە بوونی ئێمە لەو شوێنە نازانن و بە مەبەستی ڕاو کردن هاتبوون. بە نزیك بوونـەوەیان داوای تەسـلیم بوونیـان لـێ کـرا ئـەو ٦ کەسـە بـێ گـوێدان بـە دەنگـی پێشمەرگە رایان کرد، لە تەقە و لێکدانێکی کورت دا ٥کەسیان کوژرا و ئەوی دیکە بە دیل گیرا، دوای لێکۆڵینەوە لە ئاکام دا دەرکەوت کە لەمێژ بوو چاوەڕوانی ئێمە بوون تا بچین و پایەگاکەیان بگرین!!

دەرکەوت کە دوو ئەندامەکەی ئێمە ئاشکرا بوون و گیراون. ئێمـەش نەفـەرەکمان ئازاد کرد و بەپشت کانی کووزەڵە و عەولاباد دا هاتینە خوار و وازیشمان لـە گرتنـی پایەگاکە هێنا.

ئاشکرا بوونی تەرحی گرتنی پایـەگا کـە لای ڕێـژیم بـەم جـۆرە بـوو کـە"عـەزیز ئەفسەردلێر"کە پێشتر ئیـشارەم پـێ کـرد، کـە ئەنـدامی هەیئـەتی ئیجرایـی کومیتـە شارستانی بۆکان بوو، دیارە ئەم جۆرە بڕیارانە بۆ عەمەلیات هەیئەتی ئیجرایی لێـی ئاگادارە. هەر بۆیە ئەم تەرحەی لە لایەن ڕێژیم ئاشکرا کردبوو. دوایی دەرکەوت کە ناوبراو بە ناوی نهێنیی "آتش افـروز" لەمێـژ بـوو پێوەنـدی بـە ڕێژیمـەوە گرتبـوو. هەر ئەویش مەوزووعی گرتنی پایەگاکەی لەگەڵ ناوی ئـەو دوو ئەندامـە نهێنـی یـە بـە ڕیـژیم ڕاگەیانـد. بەداخـەوە هـەردووك ئەندامەکـەی حیـزب بـەناوی چـەنگیز و شـاروخ ئیعـدام کـران و شـەهید بـوون و هـەر لـەو پێوەندیـەدا ژمارەیـەکی زۆر لـە

**هاوڕێیانی ئەوانە گیران و بە چەندین ساڵ زیندان لە سیاچاڵەکانی رێژیم حوکم دران.**

**کاتێك حیزب بە پێوەندی ناوبراوی زانی کە ئەو پاکانە حیسابی لەگەڵ حیزب کردبوو لە ریزی حیزب نەمابوو.**

**رێژیم بۆ پاداشی خۆش خزمەتەکانی رەوانەی دەرەوەی وڵاتی کرد و ئێستا لە وڵاتانی ئیسکاندیناوی دەژی[23] هۆی زانینی حیزبی دێموکرات بەو مەسەلەیە لە رێگای شەهید"شەماڵ"ەوە کە بەرپرسی تەشکیلاتی شار و ناوچەی ئاڵەشین بوو (ماوەیەکیش عەزیز ئەفسەر دلێر لەو ناوچەیە کاری لەگەڵ کرد) ئاشکرا کرا.**

**شەماڵ لەو ناوچەیە ئازەری زمانیش خۆشیان دەویست زۆر لە ئازەرییەکان پێوەندی تەشکیلاتیان هەبوو یەکێك لەو کەسانەی لەنێو دەستگای ئیتلاعاتی رێژیم دەستی چاك دەرۆی، ئەو نهێنی یەی بە نووسراوەیەك کە لەبەر دەست دایە بە شەماڵی راگەیاندبوو، ئەوە لە حاڵێك دا نامەی بۆ شەماڵ نووسیبوو کە ناوبراو ماوەیەك بوو پاکانەی حیسابی کردبوو کە دەروات بۆ دەرەوە! و لەریزی تەشکیلاتی حیزب دوورکەوتبۆوە.**

***کمیته منطقه بوکان (الشین)***

**سلام بر همه همرزمان شما امیدوارم بار دیگر همدیگر را در آغوش بگیریم سروران من بارها به شما گفتم که کسی از همرزمان شما با نیروهای پاسداران خمینی همکاری دارد. آن شخص کسی است به نام "عزیز "که اسم خودش را "آتش افروز" گذاشته بود چند روز پیش در اطلاعات نامه‌اش را دیده‌ام شخص نامبرده را بارها با شما در این منطقه دیدم.**

***خداحافظ شاهین دژ ۲۰۰***

[23]- عەزیز ئەفسەر دلێر ساڵی ۱۳۷۰ بۆ سەردان گەڕاوە کوردستانی باشوور و رۆژێکیان لەگەڵ ڕەحمان مستەفا پوور لە ڕانیە دیتمان و سەرمان سوورِ ما!؟ پێمان گوت ئەتۆ خەیانەتت کردووە، تۆ چی و ئێرە چی؟ هیچ وڵامی نەبوو تەعەجووبی لەو قسانەی ئێمە دەکرد پێشمان گوت تۆ تاوانت کوشتنە بەڵام بە داخەوە...

***بەڕێز بەرپرسی كومیتە شارستانی بۆكان***

***سڵاوی گەرم و شۆڕشگێڕانە.***

**ئەو نامەیە كە پێوەندی بە كاك عەزیز ئەفسەر دلێر هەیە بە كاك سمایل ڕەزایی دا ناردمە خزمەتتان. هەروەها هێندیك پولی زیادی لە لای من بوو ئەویشم پێدا ناردەوە كە ٤٥٠٠٠٠ تمەن بوو.**

***بە سپاسەوە كومیتەی ناوچەی ئاڵە شین، شەماڵ***

**دوای ئاشكرا بوونمان، ڕێ بڕینی زۆر و ئێشی لاقم لە پێی خستبووم و توانایی ڕێ بڕینم نەمابوو. هەر بۆیە لە ڕێبەندان دا ڕەوانەی ئاسایشگا كرامەوە. دوایی مانگێك لە ئاسایشگا گەڕامەوە نەخۆشخانە لە پشتی قەلادزێ، دوكتورێكی فەرانسەوی بە ناوی "پێغی" لاقی عەمەل كردمەوە و پەلاتینەكەی دەرێناوە. لە باری پێڕاگەیشتنەوە هێندێك لە كارگێڕانی نەخۆشخانە بە پێشمەرگە بریندارەكان تەنانەت كاریگەری خراپیشی لەسەر ورەی ئەوان دانابوو. هەر بۆیەش لە نامەیەك بۆ شەهید دوكتور قاسملو دا بارودۆخی خراپی نەخۆشخانەم بۆ باس كرد. زۆری پێ نەچوو دوكتور قاسملو سەردانی نەخۆشخانەی كرد و لە نزیكەوە بارو دۆخەكەی هەڵسەنگاند. دواتر كۆبوونەوەیەكی بۆ كادر و پێرسونێلی نەخۆشخانە گرت و خودا وەت حەسێنێ كێشەكان هەموو چارەسەر كران.**

# ٤

دوایی عەمەلەکە بەرە بەرە لاقم باشتر دەبوو.تا سەرەتای هاوینی ٦٤ لە ئاسایشگا مامەوە و پاشان لەگەڵ ئەوەی هێشتا لاقم ژانی دەکرد بەڵام گەڕامەوە بۆ ناوچەو لە پشتی "کانی پۆلا"لە ناوچەی سەقز چوومەوە گەڵ هێز. لە هێزدا بە تەواوی ئالو گۆڕ پێك هاتبوو زۆرپێشمەرگەی تازە هاتبوون کە نەمدەناسین و زۆر لە هاوسەنگەرەکانم شەهید ببوون. فەرماندەکان لە سەرپەل را تا هێز ئالْ و گۆریان تێدا پێك هاتبوو زۆر لەو گوندانەی پایەگای لێ نەبوو رێژیم مۆڵگەی لێ دانابوو لە باری نیزامی یەوە ناوچە بە تەواوی میلیتاریزە کرابوو. هەلومەرجی پارتیزانی بە مانای واقعی خۆی خەریکی خۆ گونجاندن بوو. قۆناغی شەڕی جبهەیی جێگای خۆی بە شەڕی پارتیزانی دابوو.

رۆژی ٤ی گەلاوێژ ١٣٦٤ سەرپەرەستی هێز، وەستا ئەحمەد بۆ جەولەیەکی سیاسی نیزامی بۆ قووڵایی ناوچە ١٥ کەسی هەڵبژارد کە منیش لە ریزی هەڵبژیردراوان دا بووم. ماوەی ٢٠ رۆژێك لە ناوچە لەنێو خەڵك دا کاری سیاسی و تەبلیغاتیمان دەکرد. نیوە شەوی ٢٣ی گەلاوێژ ١٣٦٤ لە کاتێك دا کە لە پشت گوندی "حاشیاباد" خەریکی پشوودان بووین لەپڕ بە دەنگی تەقەی تفەنگی نیگابان وەخەبەر هاتین. چەند چەکدارێکی نەناسراو ویستبوویان بێنە سەرمان و نیگابان تەقەی لێ کردبوون، یەك لەو کەسانە دەکوژرێ و ئەوانی تر ڕا دەکەن. کە چووینە سەر کوژراوەکە و گیرفانیان پشکنی دەرکەوت کە ناوی رەحمانە و سەر بە کۆمەڵەیە.

دەستبەجێ خۆمان پێچاوە و لە بەرزاییەکانی حاجی کیمی جێگیر بووین هەوا وردە وردە رووناك بوو. بەرە بەیانیی ٢٤ی گەلاوێژ کاتژمێر ٦/٣٠ هێزێکی ٦٠ کەسی کۆمەڵە هێرشیان کردینە سەر، ئێمە کە ١٦ کەس بووین و کەسێك کە ئەندامی نەهێنی حیزب بوو لەو جەولەیە لەگەڵ ئێمە کەوتبوو دیارە بەو ئەندامەوە ١٦

كەس بووین. كۆمەڵە كە بە ژمارەی هێزەكەی ئێمەی دەزانی بە مەبەستی تۆڵە ئەستاندنەوەی كوژراوەكەیان هێرشیان كردە سەرمان. ئێمەش ناچار بووین لەگەڵیان بكەوینە شەڕ و بەرگری لە خۆمان بكەین. چونكە بەداخەوە كۆمەڵە كە ئێمەیان بە نوێنەری بورژوازی روو لە گەشە دادەنا، بە گوڕتر لە كۆماری ئیسلامی دژایەتی ئێمەیان دەكرد. هەر بۆیەش هەر ١٦ كەسمان بڕیارمان دا و بەڵێنمان بە خوێنی شەهیدان دا كە تەسلیم نەبین و تا دوایین فیشەك دیفاع لە خۆمان بكەین. هۆیەكەشی ئەوە بووكە پێشتر چەند جار پێشمەرگەی حیزب تەسلیمی كۆمەڵە ببوون و ئەوان ئێعدامیان كردبوون. لە لایەكی دیكە هێزی كۆماری ئیسلامی لە گوندی"كۆكە"وە هێرشی هێنانە سەرمان، بەڵام ئەوان زۆر زوو پاشەكشەیان كرد و نەهاتنەوە پێشێ. ئەو رۆژە كۆمەڵە تا ئێواری سێ جار هێرشی كردینە سەرو هەموو جارێ تا چەند میتری دەهاتن، زۆریان هاواری خۆ بەدەستەوەدانی ئێمە دەكرد بەڵام لەگەڵ شكست رووبەروو دەبوون. تا ٧ی ئێواری بە سێ تیمی ٥ كەسی یەوە هەموو سەنگەرەكانمان پاراستبوو و رێگای هیچ پێشرەوی‌یەكمان پێ نەدابوون، لەو كاتەدا واتە ٧ی ئێواری برسیەتی و بێ نان و ئاوی بڕستی لێ بڕیبووین تەنانەت زۆر كەس میزی خۆی دەخواردەوە. لەوە گرینگتر بە هەموومان ١٠٠ فیشەكمان زیاتر پێ نەمابوو. هەستمان بەوەش كردبوو كە لەخوار بەرزای‌یەكان گروپی زەربەتی رێژیمی لێ یە، بەڵام چارمان ناچار بوو، سەعاتێكی رۆژ مابوو لە بەرزای‌یەكانی حاجی كیمی را داگەڕاینە خواری بۆ نێوان گوندەكانی "كۆكە" و "دەروێشان" و لەبن پۆلە داری خۆمان مات دا. لە نەكاو چەند كەس لە زەربەتی دەروێشان وەدەر كەوتن. ئێمەش بۆیان دانیشتین تا نزیك بوونەوە، لە پێشدا دەنگمان دان و داوامان كرد خۆیان بە دەستەوە بدەن، بەڵام كە دەستیان بۆ چەكەكانیان برد، دامان گرتن و لە دەسترێژی یەكەم دا ٢ كەسیان كوژرا و ئەوانی دیكە خۆیان بە دەستەوە دا. هەر یەكەی ٤٠ فیشەكمان پێ بڕا. كۆمەڵەش تازە خۆی گەیاندبووە سەنگەرەكانی ئێمە و تەقەی شادییان دەكرد. رێژیمیش بە بیستنی دەنگی تەقە هێزێكی زۆری ناردە

شوێنی ته‌قه‌كه‌ به‌ڵام شه‌و داهات و تاریكی وڵاتی داگرت و سه‌ید كامیل ئیمامی گوته‌نی "شه‌و قه‌ڵای مه‌ردانه‌ شه‌و". له‌و پێكدادانه‌دا به‌ داخه‌وه "كه‌ماڵ به‌خشووده" كه‌ ماوه‌ی چه‌ند مانگێك بوو ئاشكرا ببوو شه‌هید بوو.

دواتر دیله‌كانمان دوای روونكردنه‌وه‌یان ئازاد كردن و بۆ شه‌وێ چووینه‌ گوندی "ئیسكی به‌غدا"و له‌وێ ته‌قه‌مه‌نیمان هه‌لگرت و گه‌ڕاینه‌وه‌ هێز. له‌و پێكدادانه‌ له‌گه‌ڵ كۆمه‌ڵه‌ دا چه‌ند كه‌سێكمان به‌ سووكی برینـدار ببوون، له‌گه‌ڵ ئه‌وان گه‌ڕامه‌وه‌ نه‌خۆشخانه‌ دا و له‌ سه‌ره‌تایی پاییزی٦٤ داو له‌ رۆژی ٢ی ره‌زبه‌ردا له‌گه‌ڵ چه‌ند پێشمه‌رگه‌یه‌كی دیكه‌ گه‌ڕاینه‌وه‌ بۆ ناوچه‌.

له‌ ناوچه‌ی بانه‌ به‌سه‌ر شاخی "گاكڕ"دا وه‌سه‌ر كه‌وتین و بۆ مێرگه‌ نه‌خشینه‌ دا گه‌ڕاین و له‌ ماوه‌ی ٢ رۆژ ناوچه‌ی بانه‌مان تێپه‌ڕاند و له‌ پشتی یاغیان لكی ٤ی هێزی پێشه‌وامان گرته‌وه‌. تا پشت ئاوایی قالوێ و باراوه‌ له‌گه‌ڵیان بووین و ئێواریێ دره‌نگ وه‌خت لێیان جیا بووینه‌وه‌ و بۆلای "قۆڕغه‌ ته‌په‌" وه‌ڕێ كه‌وتین. دواتر تێكه‌ڵ به‌ هێز و كومیته‌ی شارستان بووینه‌وه‌ كه‌ ئه‌وكات له‌پشت گوندی حوسێن ئاباد جێگر ببوون وخه‌ریكی پشوودان بوون.

كه‌شی ناوچه‌ ئاڵ و گۆڕی به‌سه‌ردا هاتبوو، رێژیم گوندی حوسێن ئابادی رووخاندبوو. گوند نه‌مابوو پایه‌گای رێژیمی لێ نه‌بێ و زۆربه‌ی شاخه‌كانیش به‌ مۆلگه‌ی رێژیم ته‌نرابوون.

پێشمه‌رگه‌ له‌ كه‌شێكی ته‌واو پارتیزانی دا بوو رۆژانه‌ دوور له‌ گونده‌كان و له‌ ده‌شت و چیاكان له‌ حاڵی پشوودان و به‌شه‌و ده‌چووینه‌ نێو گونده‌كان و پێوه‌ندیمان به‌ خه‌ڵكه‌وه‌ ده‌گرت. ئه‌و شه‌وه‌ له‌ پشتی حوسێن ئاباد ماینه‌وه‌. به‌یانی كۆبوونه‌وه‌ گیرا و باس له‌وه‌ كرا كه‌ زه‌ربه‌یه‌ك له‌ پایه‌گای چوار دیواربده‌ین مه‌به‌ست ته‌نیا زه‌ربه‌ لێدان له‌ پایه‌گای چوار دیوار بوو. شه‌وی ٧ی ره‌زبه‌ر هێرشمان كرده‌ سه‌ر پایه‌گاكه‌ و بۆ ماوه‌ی ٤٠ ده‌قیقه‌ خستمانه‌ ژێر ئاگری چه‌كه‌كانمان. هه‌ڵبه‌ت

تەرحەکـەمان هـەر وا دانـابوو کـە تـەنیا ئـاور بـارانی بکـەین. دواتـر بـە سـلامەتی درێژەمان بە گەشتە سیاسی و ناوچەیەکە دا.

هەوا بەرەو ساردی دەڕۆیشت کزەبای پاییز دەستی پێ کردبوو. لە گوندی مێرگـە نەخشینە بنکەیەکمان دانا و خواردن و ئازووقەی زستانمان تێدا کۆ کردەوە.

رۆژی ١٠ی خەزەڵوەر لەگەڵ"رەحیم وەلی زادە"بۆ پیاسە کردن چووینە سەرووی ئـاوایی. چـەکمان لەگـەڵ خۆمـان نـەبردبوو، لـەپڕ دەنگیـان دایـن و گوتیـان وەرن، سەرمان بەرز کردەوەو دیتمان کە١٠ تا ١٢ چەکدار بەرەو ئاوایی دێن. ئێمە بە دیتنـی ئەوان بەرەو ئاوایی گەڕاینەوە و پێمان پێوەنا. ئەوانیش وەك رێژنە بارانە گوللـەیان بەسەردا باراندین، رەحیم کـە ٤ گوللـەی وێ کـەوتبوو خـۆی خزانـد پـەنا بـەردێك و منیش هەر جۆرێك بوو خۆم گەیانـدەوە مەقـەڕ، چـەك و رەخـتم هـەلگرت و بـۆلای رەحـیم گەڕامـەوە، چـەند پێـشمەرگەیەکی دیکـەش خۆیـان گەیانـدە ئێمـە، بۆمـان دەرکـەوت کـە چـەکدارەکان پێـشمەرگەی کۆمەڵـەن، ئـەوان هـەروا تەقـەیان دەکـرد و لێمـــان نزیـــك دەبوونـــەوە. پێـــشمەرگەکان لـــە دوو لاوە لێیـــان وەدەســـت هـــاتن و پاشەکشەمان پێ کردن. رەحیم هەموو گیانی شـەلاڵی خـوێن ببـوو، بـەلام هێـشتا لـە قسەکردن نەکەوتبوو هێنامانە لای بەشی دەرمانی و بۆ مەیدانی شەڕ گەڕاینەوە.

کۆمەڵە وا دیار بوو هـەر لـە بـەیانی ڕا پیلانـی هێرشـی بـۆ سـەر ئێمـەی هـەبوو، بۆیەش چەند کەسێکی بـە تیربـارەوە نـاردبووە نزیـك دیدەبانـەکانی ئێمـە و چـەند کەسێکی ئاوایی مێرگە نەخـشینەیان گرتبـوو و نـەیان هێـشتبوو بگەڕێنـەوە ئـاوایی. چوونە پیاسەی من و رەحیم ببووە هۆی ئاشکرابوونی پیلانەکەیان. سەیر ئەوە بـوو خـــەڵکی ئـــاوایی و ئێمـــەیان وەك یـــەك دەدایـــە بـــەر رهێڵـــەی گوللـــە و کەســـیان نەدەپاراسـت. لەگـەڵ چـەند پێـشمەرگەیەك بۆیـان وەسـەر کـەوتین و هـەر نزیـك بووینەوە لە شەڕێکی ١٠ دەقیقەی دا هەر ئەوەندەیان پێ کرا چەکەکانیان هەلگرن و رابکەن جەنازەی کۆژراوێکیشیان بەناوی "حەمە لەگزی" لە شـەڕگەدا بـەجێ مـا کـە بۆمان هێنانەوە ئاوایی. کاتژمێری ٩ی شەو جـارێکی دی هێرشـیان کـردەوە سـەرمان،

ئـەوجار تـەواو پاشەکـشەمان پـێ کـردن. دوایـی دەرکـەوت چـەند بریـنـدارێکی ئـەو شەڕەیان لە گوندی"قازڵیان"کەوتبوونە چنگی ڕێـژیم. ئێمـە دوو پێـشمەرگەمان بـە ناوەکانی ڕەحیم وەلی زادە سەرپەل و کەریم ساڵحی شەهید ببوون کە هەر لـەوێ لـە گوندی مێرگە نەخشینە بە خاکمان سپاردن.

بەرە بەرە بەپێی ئەساسنامە لە کۆنگرە نزیك دەبووینەوە و ئەمن وەك نوێنەری پێشمەرگەکان بۆ کۆنفرانسی کومیتەی شارستانی بۆکان هەڵبـژێردرام. دواتـر هێـز و کومیتەی شارستان بەرەو ناوچەی بانە کەوتینە ڕێ. لەوێ نوێنەرانی هەڵبژێردراوی پێـشمەرگەکان و کادرەکـان لـە چـۆمی چـۆمان پەڕینـەوە و بـۆ گرتنـی کۆنفرانـسی کومیتەی شارستان چووینە ئاسایشگای حیزب لە کوردستانی عێراق.

ئەو کۆنفرانسە ڕێکەوتی ٩ی سەرماوەزی ٦٤ گیرا و نوێنەرانی کۆنگرە دیاری کران و دوای کۆنگرەش ئەندامانی کومیتە شارستان هەڵبـژێردران."کـەریم هەوشـاری"کـە فەرمانـدەری لـك لـە هێـزی بـەیان بـوو لـەو کۆنفرانـسەدا بـۆ ئەندامـەتی کومیتـە شارسـتان بـە کـەمترین دەنـگ هەڵبـژێردرا. دیـارە کـەریم زۆر ناراحـەت بـوو چونکە نوێنەرانی پێـشمەرگە بـە ئانقەسـت دەنگیـان نەدایـە بـۆ ئـەوەی لـە هێـز بمێنێتـەوە بەراستیش لەلای پێشمەرگەکان زۆر خۆشەویست بوو. دوایـی گرتنـی کـۆنگرەی ٧ لـە ٢٦ی سەرماوەز لەگەڵ بەرپرسانی هێز وەسـتا ئەحمـەد و مەنـسوور حـەقپوور[24] وەك بەرپرسـی کـاتی بـۆ ناوچـەی بانـە گەڕاینـەوە و دوای تێکـەڵ بوونـەوەمان بـە پێشمەرگەکانی هێز، بنکەکانمان لە ناوچەی مێرگە نەخشینە ئاوەدان کردەوە.

قسەی خۆش بۆ گێرانەوە باشە. دوای گەرانـەوە لـە کـۆنفرانس لـە گونـدی کیـوەرۆی بانە نامەیەکیان دامێ بۆ ئاوای چۆمانی بەرم کە دەستەیەکی دیکەی پێـشمەرگەی لێ بوو. بڵووزێکم لە بەر دابوو پـڕ لـە ئەسـپێ بـوو، تـەواو وەڕەزیـان کردبـووم لـە ڕێگـا بریارم دا فڕێی بدەم تووشی شارە مێرووولەیەك هاتم کە زۆر گـەورە بـوو بڵووزەکـەم

---

[24]- مەنسور حەقپوور ساڵی ١٣٦٥ لە مەئموریەتێکی حیزبی لە گوندی وشتەپە گیرا وریژیم رۆژی ٦٨/٤/٥ لە ورمـێ ئیعـدامی کرد

لە سەر شارە مێروولەكە فڕێ دا لەو سەر كە گەرامەوە چاوم لە كراسەكە كرد یەك ئەسپێی پێوە نەمابوو هەڵم گرت و لە بەرم كردەوە .بە هەر حاڵ دوو ڕۆژ دوایی دانانی بنكەكە، ڕۆژی ١ی ڕەشەممە هێرشمان كردە سەر پایەگاكانی گڵۆڵانی سەرێ و خوارێ و زیاتر لە ١٥ مووشەكی RPGمان لێ دان و بە چەكی سووكیش ئاوربارانمان كردن. مەبەستیش تەنیا لێدانی مۆڵگەكان بوو دوایی ئەو ئاور بارانە گەڕاینەوە مێرگە نەخشینە. كومیتە شارستان بێ سیمە راكاڵەكەی خراب ببوو، ماوەی ٢٠ ڕۆژ بوو لەگەڵ دەفتەر سیاسی پێوەندیمان بڕابوو. دوكتور سەعید پەیامی رادیویی راستەوخۆی بۆ "كەماڵ فازلی" لێدابوو كە بێسیم چی كومیتە شارستان بوو داوای لێ كرد پێوەندی بگرێ. بۆ ئەم مەبەستە، ئەمن و"مستەفا گڵۆڵانی"چووینە گوندی "سوتوو" لە ناوچەی بانە و چاومان بە كاك عوسمان ڕەحیمی و سەید برایم هاشمی كەوت[25] هێزی ئاربابا لەو گوندە لە حاڵی پشوودان دا بوون.

هەواڵی عەمەلیاتەكەمان پێدان و داوامان كرد هەواڵەكە بە دەفتەری سیاسی را بگەیەنن و پێشیان بڵێن كە بی سیمی راكاڵەكەمان لە كار كەوتوە. ئەو شەوە لەلای هێزی ئاربابا ماینەوە بەیانی جوابی پەیامەكەمان وەرگرتەوە و زوو گەڕاینەوە بۆ مێرگە نەخشینە.

ڕۆژی ١٥ی ڕەشەممە سێ هێلی كۆپتێری ڕێژیم هاتنە سەر ئاسمانی مێرگە نەخشینە و بە خەستی راكێت بارانیان كردین ئەو راكێت بارانە زیاتر لە نیو سەعات بەردەوام بوو، ئێمەش بەو چەكانەی لەبەر دەستمان دابوو تەقەمان لێ دەكردنەوە، دیارە بە خۆشیەوە زیانی گیانیمان لێ نەكەوت. وردە وردە لە نەورۆز و بەهار نزیك دەبووینەوە و ئێمەش جێژنێكی خنجیلانەی پێشمەرگەكانمان بۆ پێشوازی نەورۆز و چوار شەممە سووری لە گوندی مێرگە نەخشینە بەرێوە برد. ئێوارەی ٢٩ی ڕەشەممە ١٣٦٤ پێشمەرگەكانی هێزی پێشەوا هاتنە گوندی مێرگە

---

[25] – ئەوكات كاك عوسمان ڕەحیمی بەرپرسی كومیتە شارستانی بانە و سید برایم هاشمی فەرماندەی هێزی ئاربابا بوون

نەخشینە و بڕیار درا لە ساڵی نوێ دا بە یەکەوە جەولەیەك بۆ قووڵایی ناوچە لێ بدەین.

# ٥

رۆژەکانی سەرەتای نەورۆزی ٦٥ی هەتاویمان لە شاخ و بژێون و سروشتی جوانی گەوڕکایەتی تێپەڕ دەکرد چیا بەرزەکانی کوردستان ڕەشانگیان تێ کەوتبوو و ئێواری یەکەم رۆژی نەورۆز پێشمەرگەکان بەرەو گوندی "سارده کوێستان" ڕێچکەیان بەست. تاریکای ئێوارە پێشمەرگە لە مالان دا بلاو بوونەوە دوای شام خواردن، نیگابان و کەمینەکان لە دەرەوەی ئاوایی دیاری کران. تا بەیانی چ باس نەبوو سەعات ١٠ی بەیانی لەپڕ شریخەی تفەنگ و BKC و تۆپ و خۆمپارەی دوژمن و بۆنی باڕووت و دوکەڵ سروشتی جوانی ئەم ناوچەیەی لە خۆی دا نوقم کرد.

ڕێژیم هێرشی بۆسەر گوندی سارده کوێستان لە گەورکی مەهاباد هێنابوو. تێکڕای پێشمەرگەکانی هێزی بەیان و پێشەوا لێیان وەدەست هاتن و شەڕێکی نابەرابەر لەگەڵ لەشکری ڕێژیمی ئیسلامی دا دەستی پێ کرد. چەند پێشمەرگەیەك خۆمان گەیاندە لای نیگابان و لەنێو قەبران سەنگەرمان گرت و تیمەکانی دیکەش ئەو بەرە و بەری ئاوایی یان گرت و بە نزیك بوونەوەی هێزی دوژمن، پێشمەرگە لە پەنا کێلەکانی قەبران لێیان وەدەست هاتن سەرە وخوار پاسدارمان هەڵبڕی. نیو سەعات پی نەچوو خۆیان سازمان داوە و هێرشیان کردەوە سەرمان. ئەمجارەیان بە هێزی زۆرتر، شەڕی قورستر دەستی پێ کرد. لە هەموو لاوە ئاگرمان بەسەردا باری، پارتیزانەکانی ئەم دوو مەڵبەندە بۆکان و مەهاباد شێرانە ڕاپەڕین و شەڕ تا سەعاتی ٣/٥ کورد گوتەنی کەوچکی تێ نەدەگەڕا و بە شکەستی دوژمن کۆتایی پێ هات. لەو شەڕەدا ٣٠ کەس لە هێزی دوژمن کوژرا. سەرەڕای ئەوەی تۆپ بارانی ڕێژیم بە ڕادەیەك خەست بوو کە نەمان دەتوانی ئەو سەنگەراو سەنگەر بکەین، بەڵام بەو حاڵەش پاشە کشەمان پێ کردن. ئەوە عادەتی ڕێژیم بوو کە زانی

هێزەکانی تێك شکاون، سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شوێنی ئەوانی لە دەوروبەر بە جۆرها چەکی قورس دەکوتا.

مەبەست لەو کارەش بە قەوەلی خۆیان "زەمین گیر کردن" واتا رێ پێنەدان بە پێشمەرگەکان بۆ هەڵمەت و هێرش بردنە سەر هێزەکانیان بوو. بەداخەوە لەو شەڕەدا چوار پێشمەرگەی ئازا و فیداکار بە ناوەکانی"محەممەد ئەمین مستەفا پوور" ناسراو بە "مینە بێسیم" لە هێزی بەیان و"ناسرمرانە"، "بازید نەبەردی" و"سمایل ئەحمەد زادە"لە هێزی پێشەوا شەهید بوون. کاتژمێری ٥ی ئێواریێ بۆ پشت ئاوایی کشاینەوە تا لە تۆپ و خۆمپارە باران بەدوور بین. دواتر لە دۆڵی ساردە کوێستان دا تەرمی شەهیدەکانمان ناشت و بەرەو مێرگە نەخشینە گەڕاینەوە. شەو هەر دوو کومیتە کۆ بووینەوە و هەواڵی عەمەلیاتەکەیان بۆ رادیو کوردستان نارد.

رۆژی ٥ی خاکەلێوە لکی ٢ی هێزی پێشەوا لەگەڵ هێزی بەیان کەوت و بۆ گەشتێکی سیاسی نیزامی روومان کردە ناوچەی تورجان. لەو بەهارە سەوزەدا شەوی ٨ی خاکەلێوە بوو چیا بەرزەکانی پشتی تورجان رەشانگیان تێ کەوتبوو. دڵداران بە گۆرانی"کوێستانان خاڵ خاڵ و کیژان دچنە مێرگۆلان"تێکەڵ بە شمشاڵی سێحراوی شوانان دەیان چریکاند. رەنوو بەفرەکان بە سروەی شەماڵ دەتوانەوە. شەو درەنگ بوو زەمان بێ خشپە و هەرا بێ دەنگ پەردەی رەشی شەوە زەنگی بەسەر وڵات دا کێشا، گشت گیانداران پاش کار لە حەسانەوەدا بوون، بەڵام گەل فرۆشان و پووڵ پەرستان بە فەرمانی ئەربابەکانیان کەوتبوونە پیلان و زانیبوویان کە پێشمەرگەی دێموکراتی لێ یە وخەریکی پشوودانن، پێیان وابوو بە سووك و هاسانی دەیان گرن. سەعات ١ی نیوەشەوی ١٣٦٥/١/٨ دەورەی گوندی شیلاناوێ دەگرن و بە هەموو جۆرە چەکێك پەلاماری ئێمەیان دا. تەقە و دەنگی شومی گوللە خەوی خۆشی پێشمەرگەی هەژاند و گوندەکەی شلەژاند و بە کورتی:

ماتەم و تەم کەژ و کێوی داگرت .............. کوردە پۆلایەکە هەرخۆی ڕاگرت

جاشه‌كان له سێ لاوه گونده‌كه‌یان گه‌مارۆ دابوو شه‌ڕ كێشایه نێو ئـاوایی، ئـه‌ویش شه‌ڕێكی نابه‌رابه‌ر و ده‌سته ویه‌خه. جاشه‌كان تا ده‌هاتن بازنـه‌ی گـه‌مارۆیان تونـدتر ده‌كرد و پێشمه‌رگه‌ش ئازایانه لێیان وه‌ده‌ست هاتبوون. سـه‌عات ٣ی نیـوه شـه‌و شـه‌ڕ هه‌روا به گه‌رمی به‌رده‌وام بوو. كات به‌كات ئاڵقه‌ی گـه‌مارۆیان تـه‌نگ تـر ده‌كـرده‌وه. بڕیار درا پێش ئه‌وه‌ی هـه‌وا روونـاك بـێ ئـه‌و هێرشـه تێـك بـشكێنین. خـدر سـوورو سمایل خورشیدی[26] چوونه ته‌په‌ی پشت ماڵان و بـه BKC ئاوریـان به‌سـه‌ر دوژمـن دا باراند. ئێمه‌ش سه‌نگه‌ر به سه‌نگه‌ر و كووچه بـه كووچـه ده‌رمـان ده‌كـردن و بـه‌ره‌و دواوه هه‌ڵده‌هاتن و تابه‌شێك له جاشه‌كان خۆیان به حـه‌وز و ئاوده‌سـتی ئـاوه‌دانی دا كرد. ٧ جاش خۆیان له حه‌وزه‌كه خزاند بوو، داوای ته‌سـلیم بوونمـان لـێ كـردن كـه هه‌موویان ته‌سـلیم بـوون. بـه‌ڵام كـه هاتنـه پـێش ره‌خـت و تفـه‌نگمان لـێ كردنـه‌وه هیچیان گولله‌یان پێ نه‌مابوو. هه‌ر هه‌موو فیشه‌كه‌كانیان به پێشمه‌رگه‌وه نابوو. بـه هه‌رحاڵ ئه‌سیره‌كانمان بۆ پشتی جبهه نارد و خۆشمان خوار ئاوایی مان لـێ گـرتن تـا پێش به هه‌ڵاتنی جاشه‌كان بگرین.

قسه‌ی خۆش با ون نه‌بێ. له‌وكاته له‌خوار ئاوایی تووشی پێشمه‌رگه‌یه‌ك بووم بـه ناوی "سه‌رباز" له هێزی پێشه‌وا، سه‌رباز ئێواره‌ی ئه‌و رۆژه له‌به‌ر بێ نـه‌زمی چـه‌ك كرابوو و به ته‌نیا له مزگه‌وت خه‌وتبوو، جاشه‌كان دێنه مزگه‌وت و ده‌یگرن. ئه‌ویش ناڵـێ پێشمه‌رگه‌م و ئه‌وانیش هه‌ر له‌وێ ڕای ده‌گرن دواتر ٢ جاش به برینداری دێنه مزگـه‌وت، ئـه‌ویش لـه هـه‌لێك دا ده‌سـت ده‌داتـه چـه‌كی یـه‌كێكیان و هـه‌ردووكیان ده‌كوژێ. كه دیـتم گـوتم سـه‌رباز ئـه‌و چـه‌كانه‌ت لـه‌كوێ بـوو؟ ئـه‌ویش باسـه‌كه‌ی بـۆ گێڕامه‌وه.

كه به‌لای مزگه‌وت دا تێ ده‌په‌ڕین چاوم به كه‌سێكی چه‌كدار كه‌وت كه جاش بوو و دوو چه‌كی پێ بوو. پێم وابوو پێشمه‌رگه‌ی هێزی پێشه‌وایه. رامان گرت و گوتم چ

[26] – خدر سوور فه‌رمانده هێزی پێشه‌وا بوو له ٦٦/٧/٧ له ته‌ره‌غه شه‌هید بوو و سمایل خورشیدی جێگری لكـی ٢ هێـزی بـه‌یان ٦٥/٧/١٣ له باغی حاجی ئاباد شه‌هید بوو

کـارەی؟ ئـەو چـەکە زیادیــە چـی یــە؟ ئـەویش گـوتی ئـەوەم کوشـتووە ئـەوەش چـەکەکەیەتی. کـە چـاوم بـە تەرمەکـە کـەوت دیـتم"بیـژن سـولیمانزادە"یـە، تـازە جاشـەکە ڕێگـای دەربـازبوونی نـەبوو زانـی پێـشمەرگەین، وردە وردە و مـاڵ بـەماڵ جاشـەکانمان بـۆ دواوە ڕاو دەنـا."عـەلی یاسـین پەرەسـت"فەرمانـدەی جاشـەکان بـە برینداری توانیبووی خۆی لە مەیدانی شـەڕ دوور بخاتـەوە. نـاوبراو دەسـتێکی زۆری لە جەنایەتەکانی ناوچەدا هەبوو. فەرماندەی جاشەکان زەربەتی حەمامیان بوو ئەو شەوە بە خیاڵی گرتنی پێشمەرگەی حیزب هاتبوو، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر زەلیلانە دەرباز ببوو. سەرئەنجام لە کاتژمێری ٤ی بەیانی بە شکەستی خائینـان کۆتـایی هـات و ٣٠ کوژراو و ٨ دیل و ژمارەیەك چەك و چۆڵیان لەپاش خۆیـان بـەجێ هێـشت. لـە ئێمــەش دوو قارەمــان بــەناوی برایمــی شــوجاعی ناســراو بــە "شــەماڵ"و بیــژن سولێمانزادە شـەهید ببـوون. دیـارە شـەماڵ لـەو شـەڕەدا برینـدار بـوو و برینەکـەی سەخت بوو لە دوای شەڕەکە چاوم لـە برینەکـەی کـرد، لـەکاتێك دا چـەند کـەس لـە دەوری بوون گوتی: "هاوسەنگەرانم، ئازیزەکانم، برینەکەم کاریە دەزانم هیچتان پـێ ناکرێ. ئەوەی من ناراحەت دەکا ئەوەیە کە دوژمن بـە مـەرگم شـاد بـێ. بـەڵام ئـەی هاوسـەنگەرانم ئـەی پێـشمەرگەی دێمـوکرات تاقـە ڕێگـای شـەڕەف و شـانازی درێـژە پێدانی ڕێگای منە بژی کورد بژی کوردستان، بژی دێموکرات".

هەوا ڕووناك دەبوو خوداحافیزی مـان لـێ کـرد پـاش نیـو سـەعاتی دیکـە چـاوی لەسەر یەك دانا و بـۆ هەمیـشە ماڵئـاوایی لـێ کـردین. ئـەوەی جێگـای داخ بـوو تـازە خێزانی پێك هێنابوو، ئەو شەوەش سەعات١٠ لە لای خێزانی را گـەڕابۆوە هێـز و بـە داخەوە شەو پەرستان شەهیدیان کرد.

لە بەرە بەیانی زوو شەهیدەکان لە گوندی سەیداوا بە باوەشـی دایکـی نیـشتیمان سپارد. ئەو شەڕە دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی لەنێو خەڵك دا هەبوو، ڕێـژیمی تاسـاند و تـرس و دڵە ڕاوکی یەکی زۆریشی خستبووە نێو دڵی جاشەکانی ناوچە، چـونکی لـە

شەڕەکانی داهاتوو بە زۆریش خۆیان لە پێشمەرگە نەدەدا و هەر کە چاویان پێی دەکەوت بەرەو دواوە هەڵدەهاتن.

بەرە بەیانی رۆژی ٩ی خاکەلێوە کە لە بەرزای یەکانی کێوی وەستا مستەفا جێگیر ببووین و بەرووی" شیلان ئاوێ" دا بۆکانمان لێ دیار بوو، دیمان کە هێزێکی رێژیم بەترس و لەرزەوە هاتە ئاوایی و کەلاکی کوژراوەکانیان کۆ کردەوە و بۆ بۆکان گەڕانەوە.

دوای ئەو عەمەلیاتە بۆ چەند رۆژێك لە ناوچە درێژەمان بە جەولەی سیاسی نیزامی دا و دواتر بە ناوچەی بانەدا پەڕینەوە کوردستانی باشوور و بۆلای بنکەی دەفتەری سیاسی وەڕێ کەوتین. ماوەی ٢ مانگ لە دەوری دەفتەری سیاسی ماینەوە و خەریکی خۆ رێکخستن و بەشداری کردن لە کۆڕ و کۆبوونەوە سیاسیەکان بووین. هەر لەو ماوەیەدا خولێکی گوتنەوەی وانەی بێسیم کراوە کە "عومەر غولامعەلی"، بەرێوەی دەبرد. لە سازماندەهی تازەدا کە حیزب شێوەیەکی مۆدێرنی پێ دابوو، پەل و لکەکانمان رێك و پێکتر کرد. هەر لەو بەهارەدا "سلیمان سەعیدی"[27] کرا بە فەرماندەی هێز و وەستا ئەحمەد وەك جێگر هێز دیاری کرا و وردە وردە، خۆمان بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە ساز کرد. دیارە کاك"جەعفەر حامیدی"ش وەك بەرپرسی کومیتە شارستان دیاری کرا بەڵام برێك درەنگ هاتەوە بۆ ناوچە. رۆژی ٢٠ی جۆزەردانی ٦٥ لە بنکەی دەفتەری سیاسی را بۆ ناوچە وەڕێ کەوتین شەو لە "شانە خسێ" نزیك سنوور ماینەوە و ئێوارێ زوو لەگەڵ چەند پێشمەرگە لە چۆمی "زەڵێ" پەڕینەوە و لە نزیك گوندی "ئاڵوەت" چاوەڕوانی هێزمان کرد دواتر هەموومان بە نێو دێی "ئاڵوەت"دا رۆیشتین و لەنێو کەپرەکانی پشت ئاوایی بۆ پشوودان لامان دا.

---

27- سلیمان سەعیدی ئێستا لە دەرەوەی وڵاتە.

بـۆ سـەرەتاكانی مـانگی پووشـپەڕ گەیـشتینە ناوچـەی بۆكـان. ڕێـژیم هـەموو گونـدەكانی بـە مۆڵگـە و هێـزی زۆر تـەنیبوو و هـەر بۆیـە ئێمـەش زۆرتـر بـە شـەو لەحاڵی ڕۆیشتن دا بووین و ئەو دێ و ئـەو دێمـان دەكـرد. ڕێـژیم بـەو حاڵـەش هـەر پەلاماری دەداین.

ڕۆژی ١١ی پووشپەڕ، ٦٥ جیبێك كە هێزی ڕێژیمی تێدا بوو لە ئـاوایی "قەرەلـێ" بەرەو گوندی"حاشـیاباد"كـە ئێمـەی لـێ بـووین هـات و كەوتـە كەمینـەوە هـەر دوو سەرنـشینەكەی كـوژران. دوایـی ئـەم عەمەلیاتـە چـووكە كـە تـەنیا سـێ پێـشمەرگە تەقەیان كرد جەولەیەكی چەند ڕۆژەمان لـە ناوچـەی پـیر محەممـەد و تورجـان لـێ داو، بـۆ بـەڕێوە بردنـی یەكـەمین عەمـەلیات لـە سـالی ٦٥ پایـەگای گونـدی مێرگـە نەخشینە دیاری كرا ئێوارەی ٦٥/٤/١٤ دوای تەقسیم كارو دابەش كردنی ئەركەكان لە سەعات ٦ی ئێوارە بە ڕەمزی شەهید نامرێ ، هێرش بۆ سـەر پایـەگا دەسـت پـێ كـرا شەڕێكی گەرم لە دەورو بەری هەبوو بەڵام لە نیو سـەعاتی یەكـەم دیـار بـوو گرتنـی پایەگا دژوارە، ماوەی ٢ كاتژمێر ئەوپایەگایەمان ئاورباران كـرد دوای ئـەو ئاوربارانـە بە سڵامەتی لە پایەگا دوور كەوتینەوە. دواتر ناوچەی بە خۆمپارە داگـرت كـە هـیچ زیانێكی بۆ ئێمە نەبوو.

ئــەو ســاڵە واتــە ١٣٦٥ ڕێــژیم چــەكی زۆرە ملــی بەســەر خــەڵكی گونــدی "بۆگەبەسی"دا سـەپاندبوو. بەرنامەیـەكمان دارشـت و لـە لایـەن وەسـتا ئەحمـەدەوە تەرحەكەیان هێنا و هەموو شوێنەكان نەفەریان بۆ دیاری كراو كـە هـەم خـەڵكی دێ چـەك بكـەین و زەربەیـەكیش لـە پایەگاكـە بـدەین. شـەوی ٢٤ی پووشـپەڕ بـۆ ئـەم مەبەستە دیـاری كـرا. هـەر بۆیـە پێـشتر چووینـە نێـو باغـەكانی "قـاراوە گـەورە" و خۆمان شاردەوە. ئێوارە لە ماڵان نزیك بووینەوە. فەرماندەی پایەگاكە لەنێو ئـاوایی دەبێ و زوو خۆی دەخزێنێتەوە نێو پایەگا. ئەو تیمە كە بۆ وەرگرتنی چەكەكان لـە خەڵك وەرگرن دیاری كرابـوو دەسـت بـەكار بـوون. دیـارە خـەڵك بـە پێـشوازی یـەوە

هاتن چەكەكانیان تەحویل پێشمەرگەكان دەدا، چونكی لەمێژ بوو حیزبی دێموكرات لەسەر رادیو تەبلیغی لەسەر ئەو مەسەلەیە دەكرد.

هاوكـات لەگـەڵ ئەسـتاندنەوەی چـەكەكان تیمـەكانی دیكـەشمان بـەرەو پایـەگا، لەگـەڵ پێوەنـانی یەكـەم مووشـەكی ئـار پـی جـی بـە پایـەگاوە لـە دوو لاوە ئاگرمـان بەسەردا باراند. بەو ئاور بارانە پایەگا ئاوری تێبەربوو، تا سەعاتی ١١ی شەو كوتـانی پایـەگا درێـژەی هـەبوو. لـەو پێكدادانـەدا ١٥ قـەبزە چـەكمان دەسكەوت بـوو، بـەڵام بەداخەوە پێشمەرگەیەك بەناوی"كەماڵ ئەشعەری"ناسراو بە (ئازاد) خـەڵكی بۆكـان گیانی بەخت كرد و شەهید بوو. هـەروەها ٤ پێـشمەرگەش برینـدار بـوون. شـەو بـە چەك و چۆڵەوە بەرەو چیای"وەستا مستەفا"كشاینەوە تا ١٠ رۆژ لـەوێ پـشوومان دا. دیارە رێژیم دەیزانی لەو شوێنەین بەڵام بە هـیچ جـۆر خـۆی لـە قـەرەی پێـشمەرگە نەدەدا.

دوای ئــەم دە رۆژە دەســتمان بــە جەولەیــەك كــردەوە. رۆژی ٩ی گەلاوێـژی ٦٥ لەنێوان گوندەكانی "دار گردەڵە" و "عیلماباد"دا و بـە بنـاری تەرەغـەوە بـووین كـە هەواڵیان داینێ هێزەكانی رێژیم لە دارە گردەڵەن و خـەریكی خۆسـازدان بـۆ هێـرش كردنە سەر ئێمەن. ئێمەش خۆمان سازمان دا و تیمێكمان ناردە سەر رێگای نۆبار بۆ كـەمین دانانـەوە و دوو تیمـی دیكـەشمان خۆمـان گەیانـدە نێـو ئـاوایی و سـەعات ٨ی ئێوارە شەڕ و پێكداداان دەستی پێكرد. بەو جۆرە توانیمـان پـێش بـە هێرشـی ئـەوان بگرین و پیلانەكەیان لـێ تێك بدەین و لەگەڵ تێك دانی سـازماندهی هێـزی دوژمـن زەبرێكیان لـێ بـدەین. شـەڕ هـەر دەهـات و گـەرمتر دەبـوو، هێـزی دوژمـن بـە هـیچ جۆرێك دەستی لە ئاوایی بەر نەدەدا چـونكی دەیـانزانی بـە قیمـەتی گیانیـان دەبـێ. ئەو شەوە شـەڕ تـا سـەعاتی ١١ درێـژەی هـەبوو لـە كـوژراوەی دوژمـن هـیچ كـەلاكێك لەبەر دەست دا نەبوو. لە ئێمەش بەداخەوە عەلی عەباسی ناسراو بـە"عـەلی قـاڵۆێ" شـەهید بـوو و پێـشمەرگەیەكیش برینـدار بـوو. دوایـی شـەڕەكە شـوێنی پاشەكـشە گوندی "كانی پانكە كۆنە" دیاری كرا و هەر ئەو شەوە بە مانـدوو شـەكەتی سـەعات

٥ی بەیانی گەیشتینێ. لە حاڵێك دا فیشەك و تەقەمەنیمان لە كەمی دابوو من تەنیا یەك خەشابی ٤٠ خۆرم پێ مابوو. بۆ پڕ فیشەك كردنی خۆمان دەبوایە خۆمان گەیاندبا شاخی وەستا مستەفا كە حەشارگەی تەقەمەنی خۆمان لێ بوو. ئەو رۆژە تا ئێوارە لەم شوێنە پشوومان دا. ئێوارە بەرەو وەستا مستەفا كەوتینە رێ، لە چۆمی قەرە گوێز پەڕینەوە و بەرەو گوندەكانی جەمیان و سەیداوا كە لە بناری وەستا مستەفا هەڵكەوتوون دەرۆیشتن. بەڵام هێزەكانی رێژیم بارگەوبنەیان لە جەمیان لەسەر رێگای ئێمە خستبوو. پەلەكەی ئێمە، كە من سەرپەلیان بووم بۆ تاقی كردنەوەی نێو ئاوایی لە پێشدا چووین. هەر لە یەكەم ماڵەكانی پێشەوە هەستمان بە شتێك كرد. لەگەڵ عەلی لالە وعوسمان مەمیل زۆر بە هێواشی چووینە ئاوایی كە پڕ بوو لە جاش. نیگابانەكەیان بە ئێمەی زانی تەقەیان كرد، زوو تەقەمان كردەوە جاشەكەمان بریندار كرد. بە هۆی كەمی گوللە نەمانتوانی لەوە زیاتر درێژەیی بدەین، سەعات ٣ی نیوەشەو بوو زوو گەڕاینەوە لای هێز و بە شاخەكانی ڕووبەڕووی ئاوایی خومان گەیاندە چیای وەستا مستەفا.

ئەو كاتەی بە وەستا مستەفادا هەڵدەگەڕاین من ٥ فیشەكم پێ مابوو. لەم ناوچەیە، وەستا مستەفا شوێنێكی ستراتیژی بوو. وەستا ئەحمەد بە بێسیم پێی گوتم: "خەمت نەبێ ژێر لاقت پڕ لە فیشەكە". لەوێ تا ئێوارێ ماینەوە هیچ خەبەرێك لە هێزی رێژیم نەبوو ئێوارێ هەمووومان لە پشتی هەرمێلە، لە بناری وەستا مستەفا كۆ بووینەوە و خەشابكانمان پڕكردنەوە هەر لەوێش واتە پشتی هەرمێلە ماینەوە.

بەیانی رۆژی ١٢ی گەلاوێژ سەعات ٩ دوو پاسدار لە پایەگای هەرمێلەڕا كەوتوونە شوێن بێریی مەڕ دۆشین. لەگەڵ ئەحمەد خزری و عەلی لالە و سەعدوونە چكۆل و سمایل بازیار و ئەمیر رەسووڵی و چەند پێشمەرگەیەكی دیكە بۆیان چووینە خوارێ. دوو پاسدارەكە ئێمەیان دی خۆیان خستە نێو دار قەیسی یەكان. دەنگمان دان و داوامان لێ كردن خۆیان بەدەستەوە بدەن، بەڵام گوێیان پێ نەدا، هەر بۆیەش

کۆژران. لە گەڕاینەوە دا تووشی دوو پاسداری دیکە هاتین کە لە هەرمێلەڕا بە دنگی تەقەکەوە هاتن، ئەوانیش حازر نەبوون خۆیان بە دەستەوە بدەن، هەر بۆیە دەست بەجێ کوژران. ئەمجار هێزێکی زەربەتی ڕێژیم لە جاش و پاسدار لە شاری سەقزەوە خۆیان گەیاندە شوێنی تەقە و لەگەڵ لکی یەك دەرگیر بوون. شەڕ تا ئێوارێ درێژەی کێشا و کەلاکی ١٢ کەسیان لە شەڕگەدا بەجێماو لە ئێمەش هیچ کەس لووتی لەخوێن نەهات. هەوا تاریکان بە دیوی تورجان دا چووینە پشتی گلۆڵان. پاش ماوەیەك لە دەفتەری سیاسی پەیامیان نارد کە کاك جەعفەر حامیدی وەك بەرپرسی کومیتە گەڕاوەتەوە و بچین تەحویلی وەرگرین. لە پشت گوندی "شێخ چوپان" چاوەڕوانی کاك جەعفەر ماینەوە تا وەرمان گرت. کاك جەعفەر کۆبوونەوەی سیاسی بۆ گرتین و دوای دوو ڕۆژ ئیستراحەت، دەستمان بە گەشتی سیاسی نیزامی کردەوە.

وردە وردە لە ڕۆژی ٢٥ی گەلاوێژ ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات نزیك دەبووینەوە. ئەوکات ئەوە وەك نەریتێکی لێ هاتبوو کە لەو ڕۆژەدا زۆر لە هێزەکان لە کوردستان عەمەلیاتیان دەکرد و بە ئاگر بەردانە گیانی دوژمن جێژن و خۆشییان وەڕێ دەخست. هەرچەند ڕێژیم لەم چەند ڕۆژەش دا ئامادەباشی ڕا دەگەیاند، ئێمەش لە هێزی بەیان خۆمان ئامادە کرد تا دەست بەسەر مۆڵگەی باغڵوجە دا بگرین. بۆ ئەم مەبەستە و سەرەتا بۆ شناسایی پایەگاکە چەند کەسێك لە هێز دیاری کران کە بریتی بووین لە محەممەد شەهرەوان (تۆپچی)[ئەوکات بەرپرسی ناوچەی تورجان بوو]، وەستا ئەحمەد، ئەحمەد خزری، مامۆستا ئازاد، سمایل بازیار، محەممەد ئەسپووغە و نووسەری ئەم دێرانە.

ئەو ڕۆژەی چووینە شناسایی پایەگاکە لە نزیك ئاوایی لە پۆلە دارێك دا پشوومان دەدا، ڕۆژەکەی محەممەد تۆپچی هەواڵی بۆ ئاوایی نارد کە چەند کەسێکی خۆمان هێندێك خواردنمان بۆ بێنن. سێ ئافرەت کە دوانیان بە ناوەکانی کوێستان و

خەیاڵ بوون مریشکیان بۆ ساز کردبووین و بۆیان هێنایین[28] ئێوارێ تاریکان پایەگاکەمان شناسایی کرد و هەموو لایەنەکانی پایەگا و چۆنیەتی هێرش و لێدانی بە ئارپیجی و زۆر شتی دیکەی لێك دراوە. دوایی شناسایی کردن گەڕاینەوە پشت ئاوایی سەیداوای جەمیان و چاوەڕوانی هاتنی هێز ماینەوە. هێز رۆژی دواتر واتە ٢٢ی گەلاوێژ گەیشتە لامان و یەکترمان گرتەوە. لە کۆبوونەوەی بەرپرسەکان دا تیمەکانمان دەست نیشان کردن و تەرحی گرتنی پایەگاکەمان بە وردی خستە بەر باس. ئێوارێ رۆژی ٢٣ی گەلاوێژ لە ماڵانی باغلووجە خۆمان حەشار دا تا بەیانی رۆژی ٢٤، کاتژمێر ٦ی دوانیوەڕۆ دەست بەکار بووین.

هاویشتنی یەکەم مووشەکی ئار پی جی لە لایەن وەستا ئەحمەدەوە نیشانەی دەسپێکی هێرش بوو، ئێمەش لە دوو لاوە ئاگرمان لەسەر پشتی دژی گەلی یەکان کردەوە، پایەگاکە لە ماڵی کۆنە ئاغای دێ دامەزرابوو شوێنەکەشی بەرز و دەست بەسەر داگرتنی دژوار بوو. نێردیوانمان هێنا. لەسەربانی پایەگا سەنگەرێکی لێ بوو لەگەڵ سمایل بازیار خۆمان تێهاویشت کە لە پەنجەرەی بەرەو ڕووڕا بە تیربار ژ-٣ دایان گرتین، بەهاویشتنی چەند نارنجەك و خەست کردنی ئاگر لە دوو لای دیکە بۆسەر پایەگا، وردە وردە دەست کردنەوەی پایەگا رووی لە کزی دا. هێشتا هەوا رووناك بوو کە دەستمان بەسەر پایەگاکە داگرت. لەو هێرش کردنەدا ١٣ کەس کە هەموویان پاسدار بوون کوژران و پێشمەرگەش بە شادییەکی تەواو هەموو بە سلامەتی و دەسکەوتەکانی پایەگا، شوێنی عەمەلیاتەکەمان بەجێ هێشت. بۆ رۆژی دوایی واتە ٢٥ی گەلاوێژ لە بووزەکانی دەربەند پشتی ئاوایی جەمووغە بووین کە رادیو دەنگی کوردستانی ئێران لەنێو بەرنامە تایبەتی یەکەی ئەو رۆژە مارشی "سەرنج بدەن سەرنج بدەنی"بلاو کردەوەو هەواڵی عەمەلیاتەکەی خوێندەوە.

[28]- کوێستان و خیاڵ دوایی گرتنی پایەگاکە بوونە پێشمەرگە و تا نووسینی ئەم دێڕانەش هەر لە ریزەکانی حیزبی دێموکرات دان

ئـەو عەمەلیاتــە لـە دوو بـارەوە زۆر گـرینگ بـوو. یەكـەم ڕێـژیم لـە هـەموو گونـدەكانی دەورووبـەری شـوێنی عەمەلیاتەكـە پایـەگای هـەبوو. دووهـەم شـوێنەكە ئەوەنـدە سـەخت بـوو ئەگـەر ورەی پـۆلایینی پێـشمەرگە نەبایـە نـەدەگیرا. چـونكی ئارپیجی ئێمە جگە لە پۆستی دیدەبانی سـەربان نـەبێ، ئـەویش بـە بلووك دروسـت كرابـوو كـاری لـە دیوارەكـە نـەدەكرد. لـەوەش گـرینگتر پـاش ٢/٥ سـەعات جـا ئێمـە پایەگاكەمان گرت و ڕێژیم نەیوێرا هیچ هێزێكی یارمەتی دەر بنێـرێ، لـە حاڵێـك دا گروهی زەربەتی شاریكەند، لەماوەی ١٠ دەقیقە بە ماشێن دەگەیشتنێ.

دوایی ئەم عەمەلیاتە بەرەو پشتی حوسـین ئابـاد ڕێ كـەوتین. حوسـین ئابـاد لـە بـواری جوغرافیایـەوە هەڵكـەوتووی ناوچـە زۆر قـایم بـوو، پێـشمەرگە لـەوێ كـەمتر زەربــەی دەخــوارد، بــۆ ئێمــە نوقتەیــەكی ســتراتیژی بــوو. مــاوەی ٢٠ ڕۆژ لــەوێ ئیستراحەتمان كرد. هەموو شەوێ سەعات ٣ی نیوە شەو كەمینمان دەنـاردە شـاخی و ڕۆژانە دیدەبانمان هەبوو.

بــەیانی ڕۆژی ١٨ی خــەرمانانی ٦٥ جاشــەكانی گرووپــی زەربــەتی یەكــشەوە لــە گوندی "سەردەراباد"ڕا هێرشیان كردە سەرمان و بۆ زەربە لێـدانمان بـەرزایی كێـوی مناڵەیان گرت. ئێمـەش زوو خۆمـان ڕێكخـست ڕووبـەرووی ئـەوان دامـەزراین. دیـارە ئەوان بە ئێمەیان نەزانیبوو سەرەتا ٤ كەسیان لە پێشەوە بـەدوای ئـەوان دا ٩ كەسـی دیكەیان كەوتنە ڕێ و بەرەو ئێمە دەخوشین. هەروا سەریان پێوەنابوو لەپڕ كەوتنە بەر دەستڕێژی پێشمەرگە و ٤ كەسیان لـێ كـوژرا و بـە بـێ ڕاوەسـتان هێـرش كرایـە سەر ئەوانی دیكەش لە ٩ كەسەكەی دیكەش ٤ كەسیان دەرچوون یـەك لەوانـەش كـە گوللە ئار پی جی پێنەمابوو ئامادە نەبوو كە خۆی بە دەستەوە بدا بە خۆی خـۆ بـە كوشتن دا.

هێزەكانی ڕێژیم بە سەرشـۆڕی پاشەكـشەیان كـرد و هـەڵاتن. دوای تـەواو بـوونی شەڕەكە و كۆكردنەوەی دەسكەوتەكان سەعات ١٢ی نیوەڕۆ شـەڕگەمان بـەجێ هێـشت

و لـە بـەری"قوشـەهوو"دەسـتمان بـە چـای لێنـان نـا. دوا نیـوەڕۆ هێزەکـانی ڕێـژیم هاتنەوە شوێنی شەڕگە و کەلاکی کوژراوەکانیان بردەوە.

ڕێژیم پەیتا پەیتا خەڵکی دەنارده شوێنی شەڕگە کە گوایە یـەك نەفـەریان دیـار نیە. ئێمەش پێمان وابوو پیلانە، سێ ڕۆژ دوای شـەرەکە، ئێمـە لـە شـوێنی شـەڕەکە نۆبە کەمینمان بوو، هەستم کـرد بـۆنی کـەلاك دێ. ماوەیـەك دەورووبـەری خۆمـان گـەڕاین دیتمـان لـەبن بـەردێك نەفـەرێك پـاڵی داوەتـەوە لەبـەر سـەختی برینەکـەی گیـانی لەدەسـت داوه ژ-٣ یـەکی مـوزەللی پێیـە. ڕێـژیم کـە کـەلاکی ئـەو کـوژراوەی نەدیتبوو. هەموو ڕۆژێ خـەڵکی دەنـارد و هـەموو گونـدەکانی کانێیـەرەش، سـەردەر ابـاد، ئاشـی گـولان، شـەرەفکەند و خانـەقا نـیرووی تـێ خزانـدبوو تـا ئێمـە شـەوانە تـەداروکات نەکـەین. ئەوکاتـەش نانمـان کـەم بـوو، بۆیـە کومیتـە شارسـتان و هێـز بەوانـەی لەسـەردەراباد و دێ یـەکانی دیکـەڕا بـۆ وەرگرتنـی کەلاکەکـە نێردرابـوون گوتیان کە چەند تەلیس نان مان بـۆ بێـنن و کەلاکەکە بەرنـەوە. هۆیەکەشـی ئـەوە بوو ڕێژیم پێشی نانی بۆ مەزراش گرتبوو بە ئەندازەی خۆیان ئیجازەی دەدا خـەڵك نان بۆ مەزرا بەرن.

سـەعات ١٢ی نیـوەڕۆ تەلیـسێك نـان هـات و کـەلاکی کوژراوەکـە کـە بەسـیج بـوو بردیانـەوە. ئێمـەش ئێـوارێ ٢٢ی خـەرمانانی ٦٥ بـە نێـوان سەرباخـچە و باخـچەدا چووینە بەرزای یەکانی"حاجی کیمی".

بوومـەلێلی بـەیانی ٢٣ی خـەرمانان بـرایم خـەتایی[29] کـە دەچـووە سـەر پۆسـتی نیگابانی بە بێسیم ئاگـاداری کـردین لـەلای زەردە رووخـاوی حـاجی کیمـی ڕا چـەند کەسێك بە ئەسپایی بەرە و ئێمە دێن. گورج خۆمان کۆ کردەوە. کە بـێ سـیمەکانمان کۆنترۆڵ کرد زانیمـان سـەر بـە کۆمەڵەن. ئـەوان کـە پێـشتر بـە مانـەوەی ئێمـە لـەم شوێنەیان زانیبوو، بەم بەیانی یە هاتبوون لـە ناخـافڵ زەربـەمان لێـدەن. پـەلێك لـە

[29]- دواتر نەقڵی هێزی ئاربابا وەرگرت و لەسەر جادەی سقز – بانە ساڵی ٦٦ شەهید بوو

لایەك و پەلەكەی ئێمەش لە لایەكەی دیكەوە سەر كەوتین. من چوومە ئەو جێگایە كە ساڵێك پێشتر ئێمە ١٥ كەس ماوەی ١٠ سەعات خۆڕاگریمان لێ كردبوو. بەڵام ئەمجارجێگای نیگەرانی نەبوو لە هێزی ڕێژیمیش نەدەترساین كە بۆمان بێن. ئەو پەلە كە لە خوارەوە بۆیان هاتن لە شەڕو لێكدانێكی یەك سەعاتە ٣ پێشمەرگەی ئێمە بە ناوەكانی محەممەد پور همت، جەعفەر نۆموسلمان ، كەمال ئوستاد ئیبراهیمی شەهید بوون. ئێمەش ٥ كەس هێرشمان بۆ كردن كە سێ كەسیان لێ كوژرا و ئەوانی دیكە بۆ دواوە بەرەو زەردە رووخاو هەڵاتن. ئەگەرچی ئەوان سێ گوردانی مەهاباد، بۆكان و سەقزیان كۆ كردبۆوە بەڵام زۆر زوو پاشەكشەیان كرد. هەرچەند زوو شەڕ تەواو بوو بەڵام دووراو دوور تا ئێوارێ تەقە هەر لێكتر دەكرا. لەو دوورە تەقەیەش دا بەداخەوە ئەحمەد خزری فەرماندەی لكی یەك شەهید بوو. شەوەكەی هێزی پێشەوا هاتن بۆلای ئێمە. بەیانی ٢٤ی خەرمانان شەهیدەكانمان لە گوندی حاشیاباد بە خاك سپارد، هەروەها سێ كوژراوەكەی كۆمەڵەش لەم گوندە تەحویل خەڵك دران كە بیاننێژن.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ هێزی پێشەوا پێوشوێنی كۆمەڵە كەوتین تا لە گەوركایەتی سەقز تێپەڕین وەدوایان كەوتین، ئەوان بەرەو جنووبی كوردستان ڕۆیشتن و ئێمەش بۆناوچەی بۆكان گەڕاینەوە. دوو ڕۆژ دوایی مانەوە لە پشتی سەیداوا، هێزی پێشەوا بۆ ناوچەی خۆی گەڕاوە.

لكی دوو واتە لكەكەی ئێمە لە سەرەتای پاییزدا لەگەڵ كومیتە ناوچەی "ئەحمەدی كۆر" بۆ مەئمووریەتێك لە ناوچە، لە هێز و كومیتە شارستان جیا بووینەوە. ئێمە كە ٢٢ كەس دەبووین لە دەربەندی پشتی جەموغەڕا حەرەكەتمان كرد، خۆمان گەیاندە باغەكانی ئەمیر ئاباد و دواتر چووینە عەمباری خوارێ و لەوێڕا بۆ داشبەند. ڕۆژی ١٠ی ڕەزبەری ٦٥ لە داغداغانی گۆلێی مەرزەنگ بووین، هەدەف لەو جەولەیە هەم كاری سیاسی و ماڵی و هەم لە قووڵایی ناوچە زەبرێك لە

ڕێژیم بدەین. دیارە ئەم پێشمەرگانە لە پێشمەرگە ئازاکانی لك بوون و هێچیان لە گوللە نەدەترسان.

ڕۆژی ١٢ای ڕەزبەر لە گوندی ئەسکەر ئاباد بووین و بۆ یارمەتی وەرگرتن چووینە گوندی گامێشگۆلێ. دوای راپەڕاندنی کارەکان بە تراکتۆرێك هاتینە نزیك جادە و پاشان ڕێگای ٢ سەعات بە پیادە ڕۆیشتین و لە ٢٠٠ میتری جادەی بۆکان — میاندواو لەنێوان ٤ پایەگای ڕێژیم، پایەگای سەرجادە، قارنجی گەورە، چووکە و حاجیابادو قەڵای ڕەسوڵەسیت لەژێر پۆلە دارێکی ٢٠ تا ٧٠ میتری دا مابووینەوە. ڕۆژی دوایی ١٣ای ڕەزبەر سەعات ١٠ لە خەو هەستاین، کوڕەکان ناردبوویان نانی نێوەڕۆمان بۆ بێنن.

لای نیوەڕۆ لەباتی نەهار سەعات ١٢/٢٠ تراکتۆر و ترێلی یەك پڕلە جاش و پاسدارمان بەسەردا گەڕان. زۆربەی پێشمەرگەکان لەخەودا بوون، کاتێك پێمان زانی لە سێ لاوە گەمارۆیان دابووین. بە یەکەم دەسرێژ پێشمەرگە لە خەو ڕاپەڕین، تەواو خافڵگیر کرابووین، هەر لە یەکەم دەستڕێژدا ٨ پێشمەرگەی ئازا شەهید بوون. زوو خۆمان پێچاوە دوو پێشمەرگەم لەو سەری باغەکە دانا ئەو سەریش من وعوسمان خورشیدی گرتمان. یەك یەك و دوو دوو کوڕەکان لە باغەکە بەرەو قارنجە دەکشانەوە ئێمەش بە قوونە شەڕ بۆلای ئەوان کشاینەوە. لە ماوەی کەمتر لە ١٥ دەقیقەدا ئەو ٨ پێشمەرگەیە لەخەودا شەهید بوون تەنیا سولیمان فەرامەرزی توانی ڕەگبارێك باوێ دەنا ئەوانی دیکە فریا نەکەوتن تفەنگەکانیان لە زامن خاریج بکەن.: لە گوندی قارنجە کۆ بووینەوە ٨ شەهید و یەك بریندارمان هەبوو. لەم هەلومەرجەی تێی دا بووین ڕاوتەکبیر ئەوە بوو کە بچینە شاخی داغداغانی بۆ ئەوەی جێگامان قایم بێ و بتوانین دەست بکەینەوە.

ناوی شەهیدەکان:

| | | |
|---|---|---|
| ١_ سمایل خورشیدی | خەڵکی قەڵا | جێگر لك |
| ٢_ سەرهەنگ ئەحمەدی | گوێگتەپە | جێگر پەل |

| | | |
|---|---|---|
| ٣_ قاسم فەیزی | گامێشگۆلی | کادری دەرمانی |
| ٤_ رەحمان مامەش | چوار دیوار | پێشمەرگە |
| ٥_ محەممەد رەحیمی | حاجیاباد جەغەتوو | پێشمەرگە |
| ٦_ هەمزە ئیفتخاری | کەرێزەی ئاڵەشین | پێشمەرگە |
| ٧_ سولێمان فەرامەرزی | عەسکەر ئاباد | پێشمەرگە |
| ٨_ مەحموود چووپان زادە | قۆچاغ | پێشمەرگە |

لە گوندی قارنجە بۆ داغداغانی دوو جادەی پڕ لە تەئمین تەنرابوو من وەزعی لاقم باش نەبوو برینداریکمان بە ناوی حوسێن پێ بوو پێشمەرگەکان لە جادەی یەکەم پەڕینەوە تەنیا من و بریندارەکە مابوو تێپەرین.

گەیشتینە لای سەربازەکە وەك ئەوەی هیچ رووی نەدابێ من خۆش تو خۆشمان لەگەڵی کرد. سەربازەکە گوتی: "بچەها کجا میرند" (کوڕەکان دەچنە کوێ) منیش کە بریندارەکەم وە پەنا خۆم دابوو تا خوێنەکەی نەبینی بە فارسی گوتم: "نمی دونم فەرماندە می دونە" (نازانم فەرماندە دەزانێ) ئەویش هیچی نەگوت و ئێمەش درێژەمان بە رێگا دا. دەشتی قارنجەمان بڕێ و گەیشتینە جادەی دووهەم کە دوو سەربازی لێ بوو پێشمەرگەکانی پێشەوە تەقەیان لێ کردن بەڵام لە تەقە و لێدانێکی کورت وازمان هێنا و بەرەو شاخ رێچکەیان بەست. من لەگەڵ دوو کەسی دیکە چووم تراکتۆرێکم هێنا و بریندارەکەمان سوار کرد. لەم کاتەدا ماشێنێکی هەلگری دۆشکە بەدوامانەوە تەقەی لێ کردین، دواتر نەیوێرا زۆر لە جادە دوور کەوێتەوە وازی لێ هێناین. ئێمەش بەرەو بناری داغداغانی رۆیشتین بە بێ سیم پێوەندیمان بە فەرماندە لکەکە فەتاح ئیلخانی زادەوە گرت کە ئێوارە هەموو لە ژێر ڕەوەزەکە کۆببینەوە، تراکتۆرەکە لە بناری شاخی بەجێ هێشت و بریندارەکەم لەبن بەردێك شاردەوە پێشم گوت لەبەر هێندێك رووداوی چاوەڕوان نەکراو ئەگەر نەهاتمەوە چ بکا. خۆشمان لەژێر رەوەزەکە رووبەرووی گۆلێی مەرزەنگ دانیشین. کاتژمێری چواری ئێوارە هەموو پێشمەرگەکان بە بریندارەکەوە ١٤ کەس مان

مابووینەوە، یەکمان گرتەوە. ڕێژیمیش سەعاتی ٣ هاتبۆ باغەکە و شەهیدەکانی بۆ بۆکان بردبۆوە

بایەکی زۆر توند دەهات و کەم کەس دەیتوانی لەم کەشە ناخۆشە دا جووڵە بکا و بەم لاو ئەم لای دا بچێ. چووم لە نزیك ئاوایی گۆلێ تراکتۆرێکی دیکەم بە تریلی یەوە هێنا بۆلای گوندی کۆنە مەلّلالەر وەڕێ کەوتین.

خەڵکی ئاوایی کە لە وەزعی ئێمە ئاگادار بوون هەموو بەرەو پیلمان هاتن و بە گەرمی پێشوازیان لێ کردین و تەنانەت تا نانی شەومان خوارد خۆیان لە چواردەورەی دێ ئەرکی پاراستنی گوندەکەیان بە ئەستۆ گرت. دوای پشوودانێکی کورت وخواردنی پارووە نانێك وەڕێ کەوتین بۆ پشتی کولیجە، تا ٤ی بەیانی بەڕێوە بووین. بە ماندوویی خۆمان گەیاندە کۆنە چادراغێك بۆ پشوودان، سەرمای ئەو شەوە لە ئێسقان ڕۆ دەچوو. سەرما و تووشیك بوو تفت هەڵاویشتبا دەیبەست. تا ڕۆژ بۆوە لە چادراغەکە دانیشتین. بریندارەکە وەزعی خراپ بوو کادر دەرمانیەکە شەهید بوو. چووم لە کۆڵە پشتی یە دەرمانی یەی کە پێشتر شاردبوومانەوە دواو دەرمانم هێنا و دەستم کرد بە پانسمان کردنی و چەند دەرزی ئانتی بیوتیکم لێ دا. ئێوارەکە هاتینە پشتی حوسێن ئاباد و لە شوانێك کۆمەڵێك زانیاریمان وەرگرت لەسەر بارودۆخی ناوچە. دیار بوو چەند ڕۆژ پێشتر هێز لەوێ بوو بەڵام بەقسەی ئەم شوانە ڕێژیم بەرنامەی هێرشی هەبوو هێزیش ئەو شوێنەی چۆل کردووە. دواتر چوومە سەر شاخی بە بێسیم پێوەندیم بە سولێمان سەعیدی یەوە گرت و ڕووداوەکەم پێ ڕاگەیاند و قەرارمان دانا لە پشتی شیلان ئاوێ یەکتر بگرینەوە ڕۆژی ١٦ی ڕەزبەر گەیشتینە شاخی حاجی کیمی و دوای پشوودانێك کەوتینە ڕێ و لەگەڵ تاهیر حامیدی کە بەرپرسی ناوچەی پیر محەممەد بوو یەکمان گرتەوە و بە بەرماڵانی جەمیان دا بۆ باغی شیلان ئاوێ هەڵگەڕاین کاتژمێری ٢ی شەو لەگەڵ هێز یەکمان گرتەوە. لەوێ بەخۆدا چوونەوەیەکمان کرد و ئاوڕێکمان لەو شتانە داوە کە بۆمان هاتبووە پێش. هەر ڕووداوەکە لەجێ دا کەمترخەمی و نا

بەرپرسایەتی لە ئاستی بەرپرسایەتی دا پێوە دیار بوو لەو شوێنە حەساسە و لەنێوان چەند پایەگا بێ نیگابان ئەوەشی لێ دەکەویتەوە. خەڵکی ئاسایی ناتوانێ ئەرکی نیگابان وەك پێشمەرگە بەڕێوە بەرێ. من دڵنیام ئەگەر یەك پێشمەرگە چاوەدێری دەورووبەری کردبا ڕووداوەکە بەم شێوەیە نەدەبوو. هەر ئەو کات شەو من بە بەرپرسێکی سەرەوەم گوت کە ئەوە جێگا نیە ئێمە لێرە بمێنینەوە، ئێمە تیمی تەشکیلاتی نین زۆرین ئێرە بۆ ئێمە نابێ، تەنانەت پێشنیاری ئەشکەوتەکانی "کیلوئاباد"یشم کرد. دواتر کومیسیونی سیاسی- نیزامی لە ڕووداوەکەی پرسیەوە و کاك فەتاح ئیلخانی زادە کە سەرلك بوو بەرپرسایەتی یان لێ ئەستاندەوە و یوسف ئیسماعیلزادە (یوسف حاجی هەمزە) کە ئەندامی کومیتە شارستان بوو سەرکۆنە بە نووسراوە کرا.

ئێوارەی ١٧ی ڕەزبەر کاك جەعفەرحامیدی لەسەر ئەو شەهیدانە و ئەو زەربەیەی خواردبوومان کۆبوونەوەی گرت و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەو شەڕەی شی کردەوە و لەم حاڵەش دا بەڵێنی دا کە تۆڵەیان بستێنین و ڕێگایان درێژە پێ بدەین. ئاماژەی بەوەش کرد کە بۆ خۆشی لە پێشەوە بێ و تۆڵەی شەهیدانی ١٣ی ڕەزبەر بستێنینەوە.

دوای کۆبوونەوە شۆڕ بووینەوە بۆ"گەردیگلان"و دوای شام خواردن بۆ پشتی سەیداوای جەمیان گەڕاینەوە. سەعات ٦ی بەیانی لە لایەن کەمینەکانەوە ئاگادار کراینەوە کە ڕێژیم هجوومی کردووە و لە پشتی "کانی زێڕینە" جێگای کەمینەکانی ئێمەیان گرتۆتەوە. باران بە ڕێژنە دەباری تا ٢٠ میتری کەس یەکتری نەدەدی. لەگەڵ جاش و پاسدار تەقەو لێکدان دەستی پێ کرد چەند جاش دەهاتن بۆ ئاوایی سەید ئاوا، بەڵام هەر زوو لێمان دان و هەڵگەڕانەوە بۆ کانی زێرینە. تەقە و پێکدادان دووراودوور بەردەوام بوو. ئێمە بە شاخی وەستا مستەفاوە و ڕێژیمیش لەو بەری کانی زێرینە.

بۆ گێرانەوەش بێ دەیلێم کە کاك جەعفەرحامیدی لە کۆبوونەوەی رۆژی پێشوو رایگەیاند کە یەکەم کەس دەبێ. بەلام کە هێزی رێژیم هات، کومیتە شارستان چوونە سەر بەرزایی وەستا مستەفا. دوای تەقەکە ناوچەی بە تۆپ خۆمپارە ئاور باران کرد. سەعات ٢ی نیوەڕۆ لوولەی تۆپ و خۆمپارەی کردە وەستا مستەفا شوێنی کومیتە شارستانی ئاور باران کرد. پێوەندیم بە کاك جەعفەرەوە گرت گوتم: "پشتی جبهە خۆشە؟" توورە بوو گوتی: "کەی ئیستا وەختی شۆخی و جەفەنگە؟" گوتم: "باشە دە هەڵلووشە لەم بۆنە بارووتە بزانە چەند خۆشە".دیارە کاك جەعفەر زۆر ئازاو نەترس بوو من شۆخیم لە گەڵی هەبوو لێی قەبووڵ دەکردم.

خۆمپارەیەکیش لە کەل و پەلەکانی کومیتە شارستان کەوتبوو کە هیچی لە کەل و پەلەکان بۆ نەهێشتبوونەوە. سەعات ٦ی ئێوارێ هێزی رێژیم بۆ سەقز پاشەکشەی کرد و ئێمەش هاتینە خوارێ خۆمان پێچاوە و شەو لکی یەك لەسەر وەستا مستەفا مایەوە و ئێمەش لکی ٢ی کومیتە شارستان لە گوێزەکانی پشت گوندی تورجان جێگیر بووین.

دوای نزیك ١٠ رۆژ مانەوەمان لە ناوچەی تورجان، کومیتە شارستان بڕیاری دا ئەو پێشمەرگە تازانەی هاتبوونە ریزی حیزبەوە بنێرنە فێرگەی سیاسی نیزامی حیزب، من و عوسمان خورشیدی بۆ ئەم مەئمووریيەتە دیاری کراین. ئەو کەسانە سەرجەم ٣٠ نەفەر دەبوون. دوای پەڕینەوەمان لە جادەی مەهاباد – سەردەشت، بە کانی مێرخاسان دا هاتینە چۆمەلان. پاش رۆژێك ئیستراحەت بە پشتی جانداران و پانە سەر،چۆمی کەلۆێ، ئالی مەڕان دا بەرەو سنووری عێراق هاتین و لە رێگای قەلادزێ را چووینە فێرگە و پێشمەرگەکانمان تەحویلی فێرگە دا و خۆشمان چووینە بنکەی دەفتەری سیاسی. من لە نەخۆشخانەی حیزب لاقم نەشتەرگەری کرد. نزیك مانگێك لەوێ مامەوە. ئەوکات هێز و کومیتەی بۆکان بۆ دەوری دەفتەر گەڕانەوە. منیش دوای چابوونەوەی لاقم چوومەوە هێز و پەلەکەی ئێمەیان کردبووە پارێزگاری رادیو.

دوای ١٥ رۆژ ئێمەیان بۆ کانی مێو کە ئینتزاماتی (پرسگە) حیزبی لێ بوو ئەو ماوەیە کارمان خوێندنەوە و بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی سیاسی یەکان دا بوو. دوای ٥ مانگ حەسانەوە سازماندەهی نوێ کرا. کاك جەعفەر هەروەك بەرپرسی کومیتە شارستان مایەوە هەمزە بێهنام[30] لە جێگای سلێمان سەعیدی بە فەرماندەری هێز دیاری کرا و وەستا ئەحمەد وەك جێگری هێز، سەید کامیل نیزامی وەك سەرلکی ١ و برایم چووکەڵی وەك جێگر لك، بۆ لکی ٢ عەوڵاشینانی فەرماندە لك و محەممەد ئەسپووغە جێگر لك و هەروەها ٤ سەرپەلی تازەش دیاری کرا. بەمجۆرە بەرە بەرە بەرەو بەهاری ١٣٦٦ هەنگاومان نا. لە رۆژەکانی کۆتایی رەشەممە بوو کە دوو فرۆکەی شەڕکەری جۆری F14 سەعاتی ١٠ی بەیانی بنکەکانی دەفتەری سیاسی کە لە ناوچەی (قەڵاچوالان و ماوەت و گەورە دێ) بوو بوردومان کرد کە ئێمەش بە پەدافەندی تەقەمان لێ کردنەوە لەم هێرشە هەوایی یە دا هیچ زەرەر و زیانێك لە هیچ کەس و بنکەیەکی حیزبی نەکەوت.

دواتر بە پیری نەورۆزەوە چووین بە گۆرانی و هەڵپەرگێ نەورۆزمان لە دەوری سکرتاریا نوێ کردەوە.

---

30 - هەمزە بێهنام دواتربوو بە فەرماندەری هێزی ئاگری و لە ناوچە شەهید بوو.

# ٦

بارودۆخی ئەوکات لە دەوری دەفتەری سیاسی بە تەواوی ئاڵۆز بوو ڕێژیم بە تۆپی دوور هاوێژ و لە دەورووبەری سەردەشتەوە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبی دەکوتا، پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانیش کە لە شاخی"گۆجار"لە نزیك بنکەکانی دەفتەری سیاسی حیزب بوون، لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیمی بەعس لە شەڕ و پێکدادان دا بوون. ناوچە تا بڵێی ئاڵۆز بەرەو ئاڵۆزی زیاتر دەڕۆیشت. شەوی ١١ی بانەمەڕ پێشمەرگەکانی یەکیەتیی نیشتمانی لەگەڵ هێزەکانی عێراق شەڕ و پێکدادانیان لێ پەیدا بوو، بەداخەوە گوللەیەکی وێل لە ملی مەجید زیبایی کەوت و پاش چەند سەعات بەربەرەکانی لەگەل مەرگ، شەهید بوو. تەرمی مەجیدمان لە گۆڕستانی کانی مێو بەخاك سپارد، پاش ماوەیەکی دیکە تەقەمەنی مان لە ئەنباری حیزب وەرگرت و ئامادەی گەڕانەوە بۆ ناوچە بووین.

ئاخروئۆخریەکانی مانگی جۆزەردان بە ڕێگەی کورتەك دا چووینە لای هێزی قەندیل، تا لە ڕێگای ئەوانەوە بۆ ناوچەی مەهاباد بچین. بڕیار درا ڕۆژی ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٦٦ لە چۆمی کەلۆێ بپەڕینەوە، بەڵام لەبەر هێزی لە ڕادەبەدەری دوژمن کە خۆیان لە دەورووبەری چۆمی"کەلۆێ"دا مۆڵ و مەڵاس دابوو، ئەو کارە بۆ ٢ ڕۆژ دواتر دوا خرا. دوای پەڕینەوە بە ئاوایی"زەوی قوڕنە"داخۆمان گەیاندە پانەسەر. دیارە ئاوایی پانەسەر چەند ساڵ پێشتر لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە کاول کرابوو. ڕێژیم لە هەموو گوندەکان و زۆربەی بەرزای یەکان پایەگای دانابوو هاتووچۆی ئێمەش لەم سۆنگەوە سەخت و بە شێنەیی دەچووە پێش. بۆ پشت ئاوایی کانی شینگە سەرکەوتین کە پایەگایان لێ دانابوو. هەموو هەوڵمان ئەوە بوو کە نەبیندرێین. ڕێژیم لە گوندی جانداران و پشتی کانی شینکە بە تۆپی ١٠٦ میلی میتری پێوشوێنی ئێمەی داگرتبوو، هەوا تاریك بوو هێزیش هەموو کۆ بۆوە،

دەمانویــست بــچینە جانــداران کــە لــە رێ لاقــی جەعفەرحامیــدی وەرگــەڕا ریــزی پێشمەرگە بۆ ماوەیەك وەستا. بە ٤ پێشمەرگە لاقیان راکێشا "کـورە هێـواش هێـواش لە سـەرەخۆ" ئـەو دەوروبـەرەی هـەڵگرتبوو. دوایـە سواری وڵاغمـان کـردووە بـەرەو وشترمل لە ناوچەی رەبەت، کـە هێـزی زمزیرانـی لـێ بـوو رێ کـەوتین. سـەعات ٦ی بـەیانی گەیـشتینە لای هێـزی زمزیـران. پـاش دوو رۆژ پـشوودان، لەگـەڵ کومیتـەی ڕەبەت واتە کـاك کـەماڵ کـەریمی بەرپرسـی کومیتـە و ئەحمـەد نەسـتانی فەرمانـدە هێز کۆ بووینەوە تا لە ناوچەی رەبەت ڕا بەرەو بۆکان رەوانـەمان کـەن. لای ئێـوارێ هـەردوو هێـز بـە نێـوان کاوڵـان و کەلـەکاوێ دا لـە جـادەی سەردەشـت – مـەهاباد پەڕینەوە و سەعات ٢ی نیوەشەو گەیشتینە گوندی"کانی سپی"و رۆژی دواتر خۆمان گەیاندە هەواری پشتی نەستان لە مەیدان چۆغە و پاش رۆژێـك پـشوودان لـە هێـزی زمزیران جیا بووینەوە بەرەو کوێستانەکانی سارده کوێـستان سـەرکەوتین. لـە رێگـا لەگەڵ هێزی پێشەوا یەکمان گـرت. ئێمـە لـە"کـانی پـۆلا"لـە پـشتی سارده کوێـستان گیرسـاینەوە و هێـزی پێـشەواش لــە پــشتی شـێخ چـۆپان مانــەوە. بەرنامەکــەمان عەمــەلیاتێکی هاوبــەش بــوو. فەرمانــدە هێــز و لکــەکانیش بــۆ شناسـایی ناوچــە چووبوونە گـەنمان و موسـێو شـەوێ لـەو دەورووبـەرە مابوونـەوە. کازیوەی بـەیانی رۆژی ١١ی پووشـپەڕ رێـژیم لـە شـاری سـەقزەوە پـەلاماری پێـشمەرگەکانی هێـزی پێشەوای دا. سـەعات ٣ی بـەیانی بـوو کـە شـەر دەسـتی پـێ کـرد. رێـژیم لـە مێرگـە نەخشینەش را هێزەکانی وەجووڵە خستبوو، مەبەستەکەشی گەمارۆدانی ئێمـە بـوو. شـەڕ لـە هـەموو قۆڵـەکان بـە گـەرمی بـەردەوام بـوو. لـە ئاسمـانی شـەڕەکەش سـێ کۆپتێری رێژیم دەسووڕانەوە و سەنگەری پێشمەرگەیان ئاورباران دەکرد.

شـەڕ تـا کاتـژمێر ١ی دوانیـوەڕۆ درێـژەی کێـشا و رێـژیم لـە هـەموو قۆڵەکانـەوە شکستی خوارد. لەم شەڕە گەورەیەدا زیـاتر لـە ٨٠ کـەس کـوژران و بـە دەیـان چـەکی جۆراوجۆر بە دەسکەوت گیـران. لـەو شـەڕەدا دوژمـن سـەرەڕای ئـەوە هێزێکـی زۆری هێنـابووە مەیـدان، لـە هێـزی هـەوایی و نـیرووی تۆپخانـەی جۆراوجـۆریش کـەڵکی

وەرگرتبوو. بەو حاڵەش ورە و ئیمانی پێشمەرگە، دوژمنی بە چۆك داهێنا و ناچار بە پاشەکشەی زەبوونانەمان کرد. ئەو شەڕە حەماسەیی یە بە گیان بەخشینی ٤ پێشمەرگەی قارەمان، خالید ئەمینی، مستەفا گوڵزاری لە هێزی بەیان، وەستا ئەکرەم و سولەیمان نازدار لە هێزی پێشەوا شەڕ کۆتایی هات. دوایی ئێمە، رێژیم بە هێزێکی زۆر هات کەلاکی کوژراوەکانی کۆ کردەوە و بردیانن.

دوای ٣ رۆژ لەو رێکەوتە لەگەڵ هێزی پێشەوا بەرەو قووڵایی ناوچەی موکریان وەڕێ کەوتین. ئەو ساڵە واتە ساڵی ١٣٦٦ گرینگ و چارە نووس ساز بوو.

شوێن و گوند و تەپۆڵکە لە کوردستان نەمابوو کە رێژیم پایەگای لێ دانەنابێ و هێزەکانی تێدا مۆڵ نەدابێ. پاکژ کردنی کوردستان لە هێزی پێشمەرگە، ستراتیژیەکی سەرەکی کۆماری ئیسلامی لەو ساڵە دا بوو. ئێمەش بۆ ئەوەی مەترسی زەربە لەسەر خۆمان لەو دوو ناوچەیە کەم کەینەوە، بڕیار درا بۆ ماوەیەك لەگەڵ یەکتر یا نزیك یەکتر جەولە لێ بدەین.

ئێوارەی رۆژی ١٩ی پووشپەڕ ئێمە (هێزی بەیان) لە تەرەغە و هێزی پێشەواش لە بەرزای یەکانی حاجی کیمی جێگر ببووین کە رێژیم بە هێزێکی زۆرەوە لە بۆکان ڕا بۆلای پاشبلاغ هات. هێزێکی زۆری رێژیم پێشتر دەورووبەری کێوی تەرەغەی گرتبوو. بەرنامەی سەرجادەی پاشبلاغمان هەبوو، بەلام لەبەر هێندێك گیروگرفت تێك چوو، تا ئێمە گەڕاینەوە، کومیتە شارستان بەلای تەرەغەدا دەڕۆن و دەکەونە بەر تەقەی جاش و پاسدار، کە بە خۆشیەوە بە سلامەتی رزگاریان دەبێ. ئێمە لە گەڕانەوەدا بە بیستنی تەقە خۆمان گەیاندە ئەو شوێنە وچەند پێشمەرگە بۆیان سەر کەوتین ماوەی ٤٠ دەقیقە شەڕوپێکدادان درێژەی کێشا، بەهۆی کەمی وەخت درێژەمان بە رێگای خۆمان دا و بۆ بەیانی رۆژی دواتر ٢٠ی پووشپەڕ لە دۆڵی "زەرگەتان"ی کانی یەرەش تێکەڵ بە کومیتە شارستان بووینەوە.

لکی ٢ی هێزی بەیان لە چیای مناڵە رووبەڕووی حوسێن ئاباد مابوونەوە و هێزی پێشەواش سەعاتی ٥ی بەیانی گەیشتنە لای ئێمە.

کاتژمێری ٦ی بەیانی هێزی دوژمن پەلاماری لکی دووی دا و نزیك بە ١١ سەعات لە بەرابەر دوژمن شەڕی قارەمانەیان کرد. ڕێژیم لە نزیك ماڵانی حوسێن ئاباد تۆپخانەیەکی جێگیر کردبوو کە ئەو ماوەی ١١ سەعات بەردەوام سەنگەری پێشمەرگەکانی ئاورباران دەکرد. لە کاتژمێری ٦ی ئێوارە لەگەڵ لکێکی هێزی پێشەوا هێرشمان کردە سەر تۆپخانەکە. ماوەی ٢٠ دەقیقە بە ئار پی جی و بی کی سی، ئاورباران کران و دواتر هێرشمان کردنە سەر. ئەگەرچی پێشمەرگەیەکی هێزی بەیان بەناوی قادر فەرعانی شەهید بوو بەڵام توانیمان دەست بەسەر تۆپخانەکە دابگرین و بێدەنگی بکەین. لەو هێرشەدا دوو تۆپی ١٠٦ میلی میتری و خۆمپارەیەکی ١٢٠ میلم و٢ دۆشکا و چەك و چۆڵێکی زۆری دیکەمان بە دەسکەوت گرت و ١٣ کەسیش لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و ئەوانی دیکە تێکرا تا سەردەراباد هەڵاتن. بۆلای ئێوارە ئاسەوارێك لە تۆپخانە نەماو شوێنەکەشی سووتێندرا. دوایی تەواو بوونی عەمەلیاتەکە چووینە بەرزایەکانی قووشەهوو.

ڕۆژی ٢١ی پووشپەڕ ڕێژیم بۆتۆڵە ئەستاندنەوە هێزی زۆری لە شارەکانی ساین قەڵا، میاندواو، سەقز و مەهاباد ڕا هێنایە شوێنی تۆپخانە سووتێنراوەکە و پایەگای لێ دامەزراند.

هێزی پێشەوا بۆ سەرچاوەی"قەمتەرێ"و ئێمەش لەنێوان کولیجە وحوسێن ئاباد دا جێگیر بووین و بۆ سێ ڕۆژ لەوێ پشوومان دا. دواتر بە مەبەستی چوونە عیلماباد وەڕێ کەوتین سەعات ٨ی شەو لە یەکەمین ماڵ کەوتینە کەمینی دوژمنەوە بەڵام دوای تەقە و لێکدانێکی کورت درێژەمان بە ڕێگای خۆمان دا و ڕێگەمان بۆ باغی خۆراسانە گۆڕی. بەیانی ئەو ڕۆژە پێشمەرگەیەکمان هەڵاتبۆوە و خۆی بەدەستەوە دابوو. ئێمەش حاڵەتی ئامادەباشمان ڕاگەیاند و شاخەکانی دەوری خۆمان گرت و چاوەڕوانی دوژمنماینەوە بەڵام چ بە شوێن ئەم ڕووداوەدا نەهات.

ڕۆژی ٣ی پووشپەڕ ڕێژیم بۆ پشتی کانی زێرینە هێرشی کردە سەرمان کە خۆمان لێ شاردەوە. لای ئێوارە دوو تیم لە پێشمەرگەکان خۆمان گەیاندە سەر

ڕێگای گەڕانەوەی هێزەکانی ڕێژیم وبە گۆرانی" مەلوول مەلوول" لە گەرانەوەیان دا کەوتنە کەمینـەوە لـە هێرشـێکی کـوت و پـڕ و لێکـدانێکی بـەهێز ٤ ماشـێن یـان لـێ سووتا و پتر لە ٢٠ کەسیشیان لێ کوژرا. لـەو شـەڕە ئازایانـە دا تـەنیا پێـشمەرگەیەك بریندار بوو. دوای ئەوەی ڕێژیم ئەو زەبرە قورسەی لـێ کـەوت، وەك پیـشەی خـۆی ناوچەکەی خستە ژێر ئاوری تۆپخانـەکانی. ئێمـەش بـە سلامەتی لـەژێر ئـەو ئـاورە دەرباز بووین و چووینە پشتی گلۆلانی سەرێ.

هێـزی ئاربابـا و ٢ی ڕێبەنـدان هاتبوونـە ناوچـەی گەورکایـەتی سـەقز. ئێمـەش چووینە لای ئەوان و لە کۆبوونەوەیەك دا بڕیار درا کـە لەسـەر جادەی سـەقز- بانـە پێکەوە عەمـەلیاتی هاوبـەش بکـەین. بـۆ ئـەم مەبەسـتە تیمـەکانی شناسـایی دەست بـەکار بـوون و شـوێنەکان دەستنیـشان و ئـەرکی هـەرکام لـە تیمـەکان دیـاری کـران. ئێـــوارەی ڕۆژی ١٢ی گەلاوێـــژ لـــە ســـێ قۆڵـــەوە چـــووینە ســـەر جـــادە و لەنێوان"بەردەسوور"و"کێلەشین"بە درێژایی سێ کیلـومیتر جادەکـەمان خـستە ژێـر چاوەدێری و کۆنترۆڵی خۆمانەوە و دەسـتەیەکی دیکـە لـە پێـشمەرگەکان لـە گونـدی "غـافورەدێ"ڕا چووبوونە سـەرجادە. سـەرەتا تویوتایـەکی هێزەکـانی ڕێـژیم هـات و دەستبەجێ بە ئاگری پێشمەرگەکان لەکار کەوت و ٤ سەرنشینەکەی کوژران. بـەدوای ئەوەدا هێـزی یارمـەتی دەری ڕێـژیم هـات کـە ئـەوانیش ژمارەیـەکی بەرچـاویان لـێ کوژرا و بریندار بوو. شەڕ تـا کاتـژمێری ٧/٥ی ئێـوارە درێـژەی هـەبوو، لـەو شـەڕەدا سەرجەم ٣٠ کـەس لـە هێـزی دوژمـن کـوژرا، ٤ ماشـێن سـووتێنرا و ژمارەیـەك چـەك بەدەسکەوت گیرا. لە هێزی پێشمەرگەش برایم سەلیمی ناسراو بـە (بـرایم خـەتاتی) بریندار بوو بەڵام بەهۆی قورسی برینەکەی پاش چەند سەعات بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ شەهید بوو.

دوای ئەو عەمەلیاتە هەرکام لە هێزەکان بـەرەو ناوچـەی خۆیـان گەڕانـەوە پـاش ماوەیەك گەڕان بە ناوچەدا، ڕێژیم زۆر بێ دەنگ بوو هـیچ جـم و جـۆڵێکی لـەخۆی نیشان نەدەدا. ئێوارەی ٢٤ی گەلاوێژ ڕێژیم هێزێکی زۆری لە مەهاباد، بۆکان، سـەقز،

بانە و سەردەشت كۆ كردەوە، ئێمە لە پشتی مێرگە نەخشینە مابووینەوە، سەعات ٣ی نیوەشەوی ٢٥ی گەلاوێژ كەمینەكان هەستیان بە هاتنی رێژیم كردبوو، هەر بۆیە بڕیارمان دا كە خۆمان حەشار دەین و لەگەڵیان دەرگیر نەبین، من لەگەڵ ٤ كەسی دیكە لە پشتی هەواری حاجی شەریف بۆ چاوەدێری دامەزرابووین. تێكڕای كادر و پێشمەرگەكان لە شیوەكانی چەمی مێرگە نەخشینە خۆیان حەشاردابوو. ئەو رۆژە بە سەدان جاش و پاسدار لەم شارستانانەی ناوم هێنان هجوومیان هێنابوو، ناوچەش هەموو بە مۆڵگە تەنرابوو.

تا ئێوارە تاریك بوونی هەوا لەجێێ خۆمان نەبزووتین، ١٦ سەعات جووڵەمان لەخۆمان بڕیبوو. هێزی رێژیم بە هاتنی شەویش بڵاوەی پێ نەكرا. ئێمەش لە تاریكی شەودا بە شێوەیەكی زۆر نهێنی و شارەزایانە و لەكاتێك دا هەموو بەرزای‌یەكانی لەدەست هێزی دوژمن دا بوو، توانیمان خۆمان لەو گەمارۆیە رزگار بكەین. دواترچەند رۆژێك لە پشتی گەنمان لە گەل هیزی زمزیران بووین و پاش پشوودانێكی ٥ رۆژە لە هێزی زمزیران جیابووینە وە و هێزەكەی خۆمان بەرەو ناوچە گەڕاینەوە. لەپێشدا كۆبوونەوەی لك گیرا و لە پشتی سارده كوێستان (كانی پۆڵا) من لە جێگای سەید كامیل وەك فەرماندە لكی یەك دیاری كرام.

رۆژی ٤ی خەرمانان وەستا ئەحمەد كە جێگری هێز بوو ١٨ كەسی بۆ مەئمورییەت لەهێز جیا كردەوە و بۆ ناوچە، بۆ پشوودان چووینە گوندی قاراوەی گەورە، شەو و رۆژێك لەوێ ماینەوە. ئێوارەی رۆژی ٦ی خەرمانان چەند كەس لە هێزەكانی رێژیم لە پایەگای ئاوایی ڕا راست هاتنە ئەو ماڵەی وا ئێمە لێی بووین. بە خاوەن ماڵیان گوت: "مهمان داری" [میوانت هەیە] ئەویش وتی بەڵێ. ئەوانیش وەك دیار بوو ترسابوون كە لەوێ هێرشیان بكەینە سەر، هەر بۆیە لە پێكدادان خۆیان بوارد و ئێمەش بە بێ دەنگی لە قاراوە چووینە دەر و لە جادەی سەقز — بۆكان پەڕینەوە بۆ ئاوایی قۆچاغ. ئێوارە جیبێك بەرەو ئاوایی هات، وەمانزانی جاش و پاسدار هاتوونە سەرمان، دوایی دەركەوت ملاقاتی یەكێك لە پێشمەرگەكانە

کــە ئیتلاعــات نــاردبووی کــە بزانــێ ئێمــە لــەوێین یــا نــا؟ شــەوی دواتــر چووینە"ئالْبلاّغ"لە ناوچەی فەرهاد تاش. ئێوارەی ٨ی خـەرمانان گرووپـی زەربـەتی یەکشەوە بە مەبەستی زەربە لێدان لە ئاوایی ئالْبلاّغ نزیك ببۆوە. وردە وردە خۆیان خزاندبووە نێو ئاوایی. لەوێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکی ئێمە تێك هەڵەنـدەگوێن و دەبێتە تەقە و لێکدان. ئێمـە لەبـەر کـەمی هێـز و کـاری دیکـە و حەساس بـوونی ناوچــەکە خۆمــان پاراســت. رۆژەکــانی ٩ تــا ١٢ی خــەرمانان لــەنێوان داشــبەند و ئەمیرئاباد، حەمامیان و گردی قەبران خەریکی جەولە بووین. شەوی ١٢ی خەرمانان بڕیارمــان دا هێــرش بکەینــە ســەر جاشــخانەکەی "حــەمامیان"، هەڵبــەت نــەك بــە مەبەستی دەست بەسەردا گرتن، بەڵکوو تەنیا زەربە وەشاندنێك و خـەو زڕانـدنێك، چونکی دەمانزانی هێزێکی زۆری لـێ کۆ کراوەتەوە و بە شوێنمانەوەن و نێو ئاوایش پڕە لە جاش و پاسدار.

لە سێ تیمی ٦ کەسی دا و لە سێ لاوە پایەگامان خستە ژێر ئـاگری چـەکەکانمان. هێشتا خەشابێکم نەهاویشتبوو کە چەکەکەم گوللەی لەنێو لوولەکەی دا گیری کرد و لە تەقە وەستا دوای چاك کردنـەوەی خێـرا، مـاوەی نیـو سـەعات بـە ئـار پـی جـی و چەکی سووك ئاوربارانمان کردن. دوای تەقەکردن لە پایـەگا بـەرەو ئـاوایی سێوەدین کەوتینە ڕێ و لەوێڕا دەشتی داربەسەرمان بۆ گوندی قازڵییان دا بـڕێ. کاتـژمێر ٣ی بەیانی بە لای خەرمانێك دا رۆیشتین و لەوێ نەفەرێکی ئاوایی چاوی پێمـان کـەوت دوا نیوەڕۆ لەنێو ئاوایی بە نهێنی مابووینەوە کە هەواڵی هاتنی هێـزی دوژمـن هـات وا دیار بوو هەر ئەو کەسەی لای خەرمانەکە، رێـژیمی لـە بـوونی ئێمـە لـە ئـاوایی دا تێگەیاندبوو. وەستا ئەحمەد لە ماڵێکی دیکە بە بێسیم ئاگاداری کردینەوە کە ئامادە بن، بەڵام سەیر ئەوە بوو هێزی رێژیم هەر بـە دەوری ئـاوایی دا سووڕانەوە و هـیچ ڕووی نەدا. دوای ئەم جەولەیە، لە ناوچەی پیر محەممەد خـەریکی گەشـتی سیاسـی-نیزامی بووین. کە وەستا ئەحمـەد بـۆ شناسـایی گوردانی ئیمـام حەسـەن لـە گونـدی نۆبار لەگەڵ ٥ کەسی دیکـەوە وەڕێ کـەوتن و چـەند رۆژێـك دواتـر گەڕانـەوە لامـان.

دواتـر لـە كۆبوونەوەیـەك دا وردەكاریـەكان دەسـت بەسـەرداگرتنی گـوردانی ئیمـام حەسەن كەوتە بەر باس و بڕیاری بۆ درا.

لە باسەكان دا دەركەوت كە گوردانێكی بەو زەبەلاحی یە، هێزی پێشمەرگەی زۆر دەوێ. بۆیـە پێـشنیاری بەشـداری كردنـی لكێكـی پێـشمەرگەی هێـزی پێـشەوا لـەو عەمەلیاتـەدا هاتـە گـۆڕێ. دوای ئـەوەی تەرحەكـە لـە گـەڵ خدرەسـوور بـاس كـرا پێخۆشبوونی خۆی لەگەڵ ئەو عەمەلیاتە هاوبەشە ڕاگەیاند.

ڕۆژی ٤ی ڕەزبەر لە پـشت ئـاوایی قـالویْ كۆبووینـەوە تـا خـامی سـپی بێـنن و لـە باسكمانی ببەستین. سەید ئەحمەد تورابی لە هێزی بەیان سـەرپەل بـوو، راسـپێردرا بچێ خام بێنێ، ئێمەش لە ئاوایی قـالوێ چاوەڕوانمان دەكـرد. هەرچـەند خامەكـەی نەهێنا بوو بەڵام لەنێو ئـاوایی قـالوێ تووشـی پاسـدار دەبـێ و تەقـەی لـێ دەكـەن و چەند گوللەیەكیش لە سەمتی دەكـەوێ و پـاش تەقـە و لێكدانەكە پاسـدارەكان تێـی دەقووچێنن و هەڵ دێن بۆ پایەگای پشت ئاوایی. سەید ئەحمەد بۆ دەرمان ڕەوانـەی كومیتــە شارســتان كــرا و ئێمــەش بــەرەو تەرەغــە كەوتینــە ڕێ. ڕۆژی ٥ی ڕەزبــەر لەپشت دار قەیسیەكانی تەرەغـە كۆبوونـەوەی بەرپرسـان پێـك هـات، لەسـەر كاغـەز شوێنەكان و وردە كاریـەكانی گرتنـی گـوردان بـاس كـران و بەرنامـەی بـۆ دارێـژرا. ڕۆژی ٦ی ڕەزبەر لـە گونـدی تەرەغـە ئـەرك و بەرپرسـایەتی یـەكان دابـەش كـران و كەوتینە ڕێ.

گوردان پێك هاتبوو لە: زەربەتێك، پایەگا، ئیتلاعات، حفازەت، بێهداری، مخابـرات و مزگـەوت. هـەر كاتێـك پێـشمەرگە لـەو ناوچـەیە بایـە ٦ نیگابـانی هـەبوە و لـە كاتەكانی ئاسایش دا ٣ كەس نیگابانی بوو هەر وەها ئەمبارێكی گەورەی ٤ لە ٦ پڕ لە تەقەمـەنی جۆراوجـۆر و ٥ ماشـێنی تویوتـا و ئامبوڵانـسێك و تراكتـۆرێكی هـەبوو. لـەكاتی مەترسـی دا ٤ نـوور ئەفكـەنی بـەهێزی تێـدا هەڵـدەكرا و هـەر چـوار دەوری پایەگا بە سەنگەری تەلیسی مارپێچی دانرابوو جگە لەوە دوو ریز سیمی خاردار كـە نێوانیان مین گوزاری كرابوو. سەرجەم پرسونێلی گوردان لە ١٤٧ كەس پێك هاتبوو.

کاتـژمێری ١١ی شـەو لـە پایـەگا نزیـك بووینـەوە. لـەخوار ئـاوایی نۆبـار خۆمـان حەشـار دا، تـا کـاتی دیـاری کـراو نزیـك بـۆوە، سـەرەتا دوو نیگابـانی بـەر دەرگـا کـە یەکیان بە هاتنی ئێمەی زانی گیران و دواتـر دوو پێـشمەرگە نیگابـانی سەربانیـشیان گرت، دوایی پاسبەخشی گوردانیش کـە بـۆ سـەردانی نیگابـان هـاتبۆ دەرێ، گیرا. لـە پێشدا دەسـتەی بەرامبـەر زەربەتەکـە دامـەزرا و دواتـر هـەموو تیمـەکان لـە شـوێنی خۆیان دامەزران.

سەعاتی ١/١٥ی نیوەشـەو بـوو کـە شـەڕ بـە هاویـشتنی نـارنجۆك دەسـتی پـێ کـرد هێزی دوژمن کە چاوەڕوانی ئەو هێرشە لە نکاوەی نەدەکرد، بە تـەواوی حەپەسـان. شەڕ سات بە سات گەرمتر دەبوو تەنانەت بە شێوەیەك بوو کـە پێـشمەرگە و پاسـدار باوشیان بە یەکتردا دەکرد وفریای تەقە نەدەکەوتن. پاش دوو سەعات دەست بەسەر گوردان دا گیرا کە هـەموو ئەوانـەی تێیـدا بـوون یـا کـوژران وئـەوەی مـابوون بـەدیل گیران و پایەگاکەش ئاگری تێبەردرا. لەو عەمەلیاتەدا بە سەدان چەکی جۆراوجۆر و بە هەزاران فیشەك بە دەسکەوت گیرا. بەداخەوە لە هێزی پێشمەرگەش ٤ پێشمەرگە بە ناوەکانی حەسەن عەزیزی ناسراو بە (حەسەن بەیان) و رەحمان زارعی لە هیزی بـەیان، رەحمـان جـەناح و ولی لـە هێـزی پێـشەوا شـەهید بـوون. ١٠ پێـشمەرگەشمان بریندار بوون. لەبەر یەك هەڵوەشاندن و تەفرو تونابوونی گوردانی ئیمـام حەسـەن رێژیمی بە تەواوی تاساند و بـۆ رێـژیم زەبرێکـی گورچکبڕ بـوو. دوای عەمەلیاتەکـە بەرەو چیای تەرەغە پاشەکشەمان کرد، هەرچەند شـوێنی پاشەکـشە پـشتی حوسـێن ئاباد بـوو، بـەڵام بـەهۆی ئـەوە عەمەلیاتەکـە زۆری خایانـد نـەمانتوانی بـچین، هـەر بۆیەش بومەڵێڵی بەیانی ٧ی رەزبەر گرووهی زەربەتەکانی سپا و جاش و بەسـیج و جوندوڵا خۆیان گەیاندە گوردانە سووتاوەکە و کەلاکی کوژراوەکانیان کۆ کردەوە. لـە مەهابادیش ڕا هێزێکی زۆر خۆیان گەیاندبۆ ئاوایەکانی پاشـبلاغ، باخـچە و نۆبـار. هێزی پێـشمەرگەش سـەعات ٧ی بـەیانی خێـرا خۆیـان سـازمان دا و بـەرزای یـەکانی تەرەغە، کۆشکی"خات زارا"، پشتی سەرباخچە مان گرت و چاوەڕوانی هێـزی رێـژیم

ماینــەوە دیــارە هــیچ کــام لــە هێزەکــانی ڕێــژیم ورەی نزیــك بوونــەوەیان لــە پێـشمەرگەکان نـەبوو هـەر بۆیـەش سـەنگەرەکانی ئێمـەیان لـە دوورەوە بـە چـەکی قورس دەکوتا. کاتژمێری ١ی دوا نیوەڕۆ پۆلێکی ٧ کەسی جاش بەرەو چیای تەرەغـە هەڵکشان هێشتا لە نیوەی ڕێگا بوون کەوتنە کەمینی پێشمەرگەوە یەکیان بریندار و جاشێك بەناوی "جانە" بە دیل گیرا. ئـەوانی دیکـەش بـە شـپرێوی توانیـان خۆیـان رزگـار بکـەن. ڕێـژیم بـۆ بـەرز کردنـەوەی ورەی هێزەکـانی بـە تـۆپ سـەنگەری پێشمەرگەکانی بەردەوام ئاواریاران دەکرد تا ئێـوارە هێـزی ڕێـژیم توانـای پێـشڕەوی نەبوو لە سەعاتی ٧ی ئێوارە گوللە تۆپێك وەجێیەك کەوت کـە برینـدار و دیلـەکانی شەڕی نۆباری لـێ بوو کەبە داخەوە خدرەسوور فەرماندەی هێـزی پێـشەوا برینـدار بوو.

هێـزی ڕێـژیم بـەرە بـەرە لـە پاشەکـشەی دا و هێـشتا هـەوا روونـاك بـوو کـە پێشمەرگە لە بەرزایی یەکان هاتنە خوار. کاتێك هەموو کۆ بووینەوە سەر لە ئێوارە چوومە لای خدرەسوور کـە تیکـەی وەسـەر کـەوتبوو بـە ناڵـە ناڵەکـەی ڕا دیـار بـوو هیوای چاك بوونەوەی نیە و سەعاتێك دواتر شەهید بوو.

چــــەند تیمــــی پێــــشڕەومان ئامــــادە کــــرد بــــەلای ماڵــــانی"پاشــــبلاغ"دا بـەرەو"لاسـەگولان"ڕێ کـەوتین لـەم گونـدە شـەهیدەکانی شـەڕی نۆبارمـان بـە خـاك سـپاردن. ئـەوە دوایـین عەمـەلیاتی گـەورەی ئێمـە لـە سـاڵی ٦٦ی هـەتاوی دا بـوو. ڕێـژیم دوای ئـەو عەمەلیاتـە وەك ورچـی برینـداری لێ هـاتبوو شـەو وڕۆژ دووروو نزیکی ئێمە هێزەکانی دەخولانـەوە بـەڵام ورەیـان نـەبوو خـۆ لـە قـەرەی پێـشمەرگە بدەن. گرینگی ئەو عەمەلیاتە لەوە دا بوو کە لە قووڵایترین ناوچەی کوردستان و لە ١٥ کیلومیتری شاری بۆکان دا بـەڕێوە چـوو. سـێ ڕۆژ دوای ئـەو زەبـرە لـە هێزەکـانی ڕێژیم، وتارێك بە قەڵەمی دوکتور سەعید کە ئەو کات بەر پرسی تەبلیغاتی حیـزب بوو لە رادیو کوردستان بڵاو بۆوە ئەوە دەقی نوسراوەکەیە.

***ئەوەیە هەڵمەتی قارەمانان***

"مارشی هەست بزوێن و دلگری رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران کە رستەی هیوا بەخشی " سەرنج بدەن سەرنج بدەن"ی بەدوا دا دێ. بۆ رۆڵەکانی گەلی کورد لەکوردستانی ئێران و دۆستانی بزووتنەوە رزگاریخوازانەی گەلەکەمان موسیقایەکی دڵنەوازو ئاهەنگێکی بەگوێ ئاشنایە . هەموو جارێ کە رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران لەنێو خەبەرەکان دا ئەو مارشە لێ دەدا گوێ گرانی رادیۆ شاگەشکەی شادی و دڵ خۆشی دەیان گرێ و دەزانن کە پێشمەرگە قارەمان و کارزانەکانی حیزب سەرکەوتنێکی گەورەتریان لەخەبات دژی دوژمنانی ئازادی دا وەدەست هێناوە.

لەئاکامی کارامە بوون و قاڵ بوونەوەی خەباتگێرانی حیزبەکەمان دا ئەمساڵ خەڵکی دڵ پڕلە ئاواتی کوردەواری زیاتریان گوێ لە نرکەی دلێرانەی " سەرنج بدەن سەرنج بدەن " بووە وزۆرتر دڵیان بەخەبەری سەرکەوتنی رۆڵە پێشمەرگەکانیان گەشاوەتەوە. بێ لەخۆبایی بوون دەتوانین بڵێین شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ هەموو هەفتەو مانگێکی شاهیدی یەکێك یان چەند سەرکەوتنی گەورەی بەرچاوی کورەکانی گەل وتێك شکانی هێزە سەرکوت کەرەکانی رێژیمی ئاخوندی بووە. هەربۆیەش کەم هەفتە هەبووە کەجارێك دووجار ئەم دەنگە دڵ پەسەندە بەگوێی ئۆگرانی ئازادی و دادپەروەری لەکوردستان و سەرانسەری ئێران نەگا.

لەبەرنامەی رابردووی دەنگی کوردستانی ئێران دا بۆ دووهەمین جار لەماوەی دوو رۆژدا ئەو دەنگە هیوا بەخشە و ئەو موسیقا دڵنەوازە بەرز بۆوە تامزگێنی سەرکەوتنێکی تازەی پێشمەرگەو دوژمن قڕانێکی نوێ بەخەڵکی کوردستان بدا. رۆژی شەممە باس باسی عەمەلیاتی بەربلاو و رێك وپێکی قارەمانەکانی هێزی گیاڕەنگ بوو کەلەچەند مانگی رابردوو دا زۆر مزگێنی گەورەی سەرکەوتنیان بوکۆمەلانی گەلی کورد داوە، یەك شەممەش نۆرەی دوژمن بەزێنەرەکانی هێزی شەهید پێشەوا ونەیار تەزێنەکانی هێزی بەیان بوو کەمژدەی عەمەلیاتی رێك وپێك و بەبەرنامە تێك شکاندنی هێزی رەشی کۆنەپەرستی بەرۆڵەکانی گەلی کوردو

هه‌موو ئازادی خوازانی ئێران بده‌ن هه‌روه‌ك هه‌موو گوێگره خۆشه‌ویسته‌كان ده‌زانن له‌عه‌مه‌لیاتی هاوبه‌ش و سه‌ركه‌وتووانه‌ی قاره‌مانه به‌ده‌ست وبرده‌كانی هێزی به‌یان و هێزی شه‌هید پێشه‌وا بۆسه‌ربنكه‌و پێگه‌كانی دوژمن له‌گوندی نۆباری نزیك شاری بۆكان دا گوردانی ئیمام حه‌سه‌نی رێژیم به‌ته‌واوی ته‌فرو تونا كرا، ١٣٨ كه‌س به‌كرێ گیراوانی كۆنه په‌رستی له‌بن پێی رێبوارانی رێگای ئازادی دا به‌جێ مان، حه‌وت كه‌سیان لێ به‌دیل گیران، په‌نجا قه‌بزه چه‌ك و ته‌قه‌مه‌نی یه‌كی زۆر كه‌وته ده‌ستی پێشمه‌رگه‌كان زیاتر له‌سه‌دان پارچه چه‌ك وسه‌دان هه‌زار فیشه‌كی جۆراوجۆر وته‌قه‌مه‌نی دیكه بایی چه‌ندین میلیۆن تمه‌ن كه‌ل وپه‌لی نیزامی و تداروكاتی و چه‌ند ده‌زگا ماشێن له‌گه‌ڵ هه‌موو ته‌ئسیساتی مۆڵگه‌كانی دوژمن ئاگریان تێ به‌ردرا.

ئه‌و سه‌ركه‌وتنه مه‌زن و كه‌م وێنه‌یه‌ی قاره‌مانه‌كانی بۆكان ومه‌هاباد كه‌بێ گومان بزه‌ی شادی و ره‌زایه‌تی خستۆته سه‌ر لێوی هه‌موو دڵسۆزێكی كورد و به‌رچاوی دوژمنانی داخ له‌دڵی گه‌له‌كه‌مانی تارێك كردووه، له‌گه‌ڵ هه‌موو پانایی و به‌رینایی یه‌كه‌ی دا شتێكی تازه نیه. ئه‌وانه‌ی ئه‌و عه‌مه‌لیاته‌یان له‌سه‌ر كۆنه‌په‌رستان جێ به‌جێ كردوه، هه‌ر ئه‌و قاره‌مانه شۆرشگێرانه‌ن كه ستوونی ٨٠١ی هه‌وا بوردی شیرازیان ته‌فروتونا كرد وحه‌ماسه‌ی هه‌رگیز له‌بیر نه‌كراوی شاروێرانیان خوڵقاند. ئه‌وان له‌ماوه‌ی هه‌شت ساڵ خه‌باتی سه‌خت و چه‌كدارانه‌ی گه‌لی كورد له‌كوردستانی ئێران دا بست به‌بستی دوو ناوچه‌ی پان و به‌ربڵاوی بۆكان و مه‌هابادیان به‌حه‌ماسه ره‌نگاندوه و هه‌رساڵه‌ی ده‌یان شانازیی گه‌وره‌یان خوڵقاندوه. له‌و شۆرشگێره كارامه‌و كارزانانه هه‌رئه‌وه‌و زیاتر له‌وه‌ش چاوه‌روان ده‌كرێ.

به‌لام شتی تازه‌و جێگای دڵخۆشی و شانازی و ئه‌زموون لێ وه‌رگرتن له‌م عه‌مه‌لیاته و زۆر عه‌مه‌لیاتی دیكه‌ی ئه‌م چه‌ند مانگه‌ی میراتگرانی شه‌هید پێشه‌واو هه‌لۆ به‌رزه فره‌كانی به‌یان شتێكی دیكه‌یه. له‌چه‌ند مانگی رابردووی ئه‌م ساڵ دا ئه‌م دوو هێزه وه‌ك دوو دیواری قایم و دووقه‌لای سه‌خت و له‌گیران نه‌هاتوو پشتیان

وه‌پشتی یه‌كتر داوه، پێكه‌وه و له‌نزیك یه‌كتر خه‌ریكی تێكۆشانی سیاسی و نیزامی و ته‌شكیلاتیی خۆیان بوون، له‌ئه‌زموونی یه‌كتر ده‌رسیان وه‌رگرتووه و یه‌كتریان له‌نه‌خشه‌و پیلانی دوژمن و جموجوڵی به‌كرێ گیراوان ئاگادار كردووه. له‌ئاكام دا پێكه‌وه نیشانه‌كانیان ده‌ست نیشان كردوه، نه‌خشه‌ی عه‌مه‌لیاتی یان پێكه‌وه دارشتوه‌و پێكه‌وه به‌رێوه‌یان بردوه كه‌به‌رهه‌می ئه‌و هاوكاری و هاوخه‌باتی یه چه‌ندین سه‌ركه‌وتنی وه‌ك عه‌مه‌لیاته‌كه‌ی كوێستانه‌كانی "گه‌وره‌ك" وچیاكانی ناوچه‌ی "پیرمحه‌مه‌د" بووه.

له‌عه‌مه‌لیاتی رۆژی حه‌وتی ره‌زبه‌ریش دا به‌رنامه‌ی رێك و پێكی عه‌مه‌لیاتی و شناسایی ته‌واوی پێگه‌و مۆلگه‌كانی دوژمن و دیاری كردنی رێگای هێرش و پاشه كشه‌و شناسایی وردی زیانی گیانی وماڵی دوژمن و په‌لاماری به‌جێ و پاشه‌كشه‌ی به‌وه‌خت و رێك و پێك هه‌موویان نوخته‌ی به‌هێزو جێگای ئه‌زموونی عه‌مه‌لیاتی شێره كوڕه‌كانی هێزی به‌یان و پێشه‌وان. به‌حه‌ق به‌جێ و پێویسته كه‌فه‌رمانده‌رانی پێشمه‌رگه‌و به‌رپرسانی حیزبی هه‌موو ئه‌زموونه‌كانی ئه‌و جۆره عه‌مه‌لیاتانه به‌وردی موتالاو كلاسه بكه‌ن و له‌داهاتوودا ده‌رس بڵێن و یه‌كتر فێركه‌ن و له یه‌كتر فێربن.

عه‌مه‌لیاتی كه‌م وێنه‌و سه‌ركه‌وتوانه‌ی رۆژی حه‌وتی ره‌زبه‌ری قاره‌مانه‌كانی بۆكان و مه‌هاباد ده‌بێ وشیار كه‌ره‌وه‌یه‌ك بێ بۆ هێزه سه‌ركوت كه‌ره‌كانی كۆماری ئیسلامی كه نه‌بۆ پاراستنی ئازادی و سه‌ربه‌خۆیی نیشتمان به‌ڵكوو بۆبه‌چۆك داهێنانی گه‌لێكی راپه‌ریوو ئازادیخواز رژاونه كوردستان و وه‌ك سوپایه‌كی داگیركه‌ر له‌گه‌ڵ ئه‌و خه‌ڵكه زۆر لێكراوو بێ به‌شه ده‌بزوونه‌وه. بۆیه ده‌بێ له‌و ده‌رسه تاڵه عیبره‌ت وه‌رگرن، ده‌ست له ئه‌زیه‌ت و ئازادی خه‌ڵكی كوردستان هه‌ڵگرن و سه‌ره‌نجام شه‌ڕی خۆیان له‌سه‌ر گه‌لی قاره‌مانی كورد كه‌م بكه‌نه‌وه.

وه‌ك له‌لیستی ناوی كوژراوه‌كانی رێژیم دا ده‌رده‌كه‌وێ ، زیاتر له‌بیست كه‌س له‌و به‌كرێگیراوانه‌ی به‌سزای كرده‌وه‌ی خائینانه‌ی خۆیان گه‌یشتوون، جاش و خۆفرۆشی

خۆ ولاّتـین ، ئـەو کوردانـەن کەپـشتیان لـەقازانجی گەلەکـەیان کـردوەو چـەکیان بـۆ ڕێژیمی مروڤ کوژان هـەڵگرتوە.ئـەوان هاتوونـە سـەرخەڵکی کوردسـتان وشـەڕیان بـە پێشمەرگی کورد فرۆشتوە. ئێمە نەمان دەویست لەتاقە شەوێك یان باشتر بلّێین لـە ماوەی دوو سەعات دا نیزیکەی٣٠ کوردی لەرێگا دەرچوو بکەونـە بـەر ئـاگری چـەکی پێـشمەرگەو بکـوژرێن. ئەمــە شــتێکە ئــەوان هــەڵیان بــژاردوە. ئــەوان دەیــانتوانی لـەجیاتی ئـەوەی چـەکی خەیانـەت لـە شـان بکـەن وبەسـەر شـۆڕی بمرن،تێکـەڵ بـە قافلّەی پـڕ لەسـەروەری وسـەربەرزیی پێـشمەرگەی کوردسـتان بـن وبـە سەربەسـتی بژین، یان بە سەربەرزی بمرن.

هیواداریـن ئـەم زەبرە کاریگەری رۆڵەکانی هێزی بەیان و پیشەوا بتوانیّ ئەوانەی تـا ئێـستا لـە خزمـەتی دوژمنـانی گـەلی کـورد دان لەخـەوی بـیّ خەبـەری ڕاپـەڕێنیّ وبیانگێڕێتـەوە سـەر رێگـای ڕاسـت، ڕێگـای شـەڕەف وسـەربەرزی، ڕێگـای پـشت لـە بێگانەکردن، ڕێگـای کرنـۆش بـۆ دوژمـن نـەبردن و ڕێگـای بـۆ گـەل ژیـان و بـۆ گـەل مردن. خۆ ئەگـەر واش نـەبوو، دڵنیـاین چارەنووسـی هـەموو ئـەو کوردانـەی چـەکی خەیانەت بە گەلیان کردۆتە شان درەنگ یا زوو هەر چارە نووسـی ئەوانـە دەبـیّ کـە لە شەوی ٧ی رەزبەردا بوونە قوربانیی نەزانی و بیّ خەبەری خۆیان.

گـوێگرە بـەڕێزەکان ! وەك دەزانـین لـە عەمـەلیاتی پـڕ شـکۆی ئـەم دوایـی یـەی پێشمەرگە خوشەویستەکانی بۆکان ومەهاباد دا چوار رۆڵەی تێکۆشەری کـورد ،چـوار قارەمانی نێو سەنگەر گیانیان لە پێناوی ئامانجیان دا بەخشی وچوونە نێـو کـاروانی شەڕەف وسەربەرزی، کـاروانی شـەهیدانی کوردسـتان.دەزانـین دڵـی هـەموو کـوردێکی دڵسۆزهەر وەك ئێمە بۆ لە دەست چوونی ئەوقارەمانانە بە پەرۆشەو هەموو خەڵکی کوردســتان لــە خــەم وپــەژارەی لەدەســت چــوونیان داشــەریکی بنەماڵــە وکــەس وکارەکانیانن.

بەڵام چارە چیە؟ ئەمە شۆڕشە،وەك دەڵێن ئاشـی شـۆڕش بـە خـوێن دەگـەڕیّ. لـە خـەباتێکی سـەخت وخوێنـاوی دا بمانـەویّ، نەمانـەویّ شـەهید وبرینـدارمان دەبـی.

گرینگ ئەوەیە خوێنی ئەو شەهیدانە ون نەبی و ڕێگایان هەمیشە پڕڕێبوار بێ. لەو بارەشـەوە هـەموو دڵـسۆزانی کـورد وهـەموو ئـازادیخوازانی ئێـران دڵنیـا دەکەینـەوە خوێنی ئەو شەهیدە سەربەرزانە، شەهیدان حەسەنی عەزیزی و ڕەحمـان زارعـی لـە هێزی بۆکان و ڕەحمان جەناح و وەلی فـەتاحی لـە هێـزی پێـشەوا هـەر وەك خـوێنی شەهیدانی دیکەی کوردستان دەبێتە چرای ڕێگـای تێکۆشـان وبـەر پێـی تێکۆشـەرانی ڕێگای دێموکراسی وخودموختاری زیاتـر ڕووناك دەکاتەوە.

ئەگەرئەو هاوڕێ بەرێزانەمان لە عەمەلیاتی یادی شەهیدانی سالی ١٣٦٦دا گیانیان بـەخت کـرد، دڵنیـاین میراتگرانیـان لـە هێـزی بـەیان وپێـشەوا وهێزەکـانی دیکـەی پێـشمەرگە یـادی ئـەوان لـە زۆر عەمـەلیاتی بـە شـکۆ وسـەرکەوتووانە دا زینـدوو دەکەنـەوە. ئێمـە جـارێکی دیکـە بـە بۆنـەی لـە دەسـت چـوونی ئـەو ئازیزانـەوە سەرەخۆشی پێشکەشی بنەماڵەو کەس وکارو هاوسەنگەرەکانیان دەکـەین وبـۆ ئـەوان نـەمری وسـەربەرزی وبـۆ پێـشمەرگەکانی هاوسـەنگەریان سـەرکەوتن بـە ئـاوات دەخوازین.

لە کۆتایی ئەم وتارە دا ڕێزو سڵاو وخۆشەویـستیمان بەسـەر هـەموو فەرمانـدەرو پێشمەرگەکان و بەرپرسانی ئـەو عەمەلیاتـە مەزنـەی هێزەکـانی پێـشەوا و بـەیان دا دابـەش دەکـەین، دەسـتیان دەگوشـین، چـاویان مـاچ دەکـەین، قەڵافـەتی پیاوانـەیان لەباوەش دەگرین دەستخۆش و ئافەرینیان پێ دەڵێن و ساغ و سلامەتی و سـەرکەوتن و سـەربەرزیی زیاتریـان بـۆ بـەئاوات دەخـوازین. بـۆ پێـشەوە قارەمانـەکانی هێـزی شەهید پێـشەواو تێکۆشـەرەکانی هێـزی بـەیان. باگەلەکـەتان پێتـان بنـازێ و مێـژوو شاهیدی ئازایەتی و دڵسۆزی و فیداکاریتان بێ."

*ئەم وتارە لە ڕێکەوتی ٦٦/٧/١١ لە رادیۆ خوێندرایەوە*

هەواش وردە وردە سارد دەبوو و لە وەرزی زستان نزیك دەبووینـەوە پـاش چـەند جەولەیەکی دیکە لە ناوچە، لە مانگی ٨ دا چووینە مەقەڕەکانی هێزی زمزیـران و ٣ ڕۆژ لەوێ ماینەوە. دواتر ماشێنیان بۆ ناردین و بەرەو بنکەی دەفتـەر سیاسـی وەڕێ

کەوتین. تازە دەفتەر سیاسی گوێزرابۆوە قەندیل و هێزی بەیان و پێشەوا لە شوێنی پێشووی دەفتەری سیاسی دامەزراین و کومیتەیەکی هاوبەشی بەرێوەبەریمان لە هێزەکانی بەیان و پێشەوا بۆ هەماهەنگی کارەکان دامەزراند.

لەگەڵ نزیك بوونەوەی کۆنگرەی ٨ی حیزب، کۆنفرانسەکانی پێشمەرگە دەستیان پێکرد. ئەمن چونکی سەرلك بووم راستەوخۆ وبەبێ هەڵبژاردنی پێشمەرگەکان بەشداریی کۆنفرانسی کومیتە شارستانم کرد. کاك فەتاح عەبدولی[31] نوێنەری دەفتەری سیاسی لەو کۆنفرانسەدا بەشداری کرد.

لە "کانی مێو" پاش باس کردن و تاو توێکردنی گرفتەکانی ئۆرگان واتە هێز و کومیتە شارستان نوێنەرانی کۆنگرە هەڵبژێردران و پاش چەند رۆژی دیکە بەرەو سولێمانی وەرێ کەوتن. دیارە کۆنگرە موشکیلاتی تایبەت بەخۆی هەبوو. کە لە هەموان گرینگترئەو هەرایە بوو کە لیستی فیکس لە کۆنگرەدا دروستی کرد. دیارە لیستی فیکس ٦٥٪ تا ٧٠٪ بەشدارانی کۆنگرە پەسەندی کرد بەڵام هەڵبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی نیوەی + یەك هەڵبژێردران نەبوونی چەند کەس لە نێو لیستەی رێبەرایەتی و پاك کردنەوەی چەند کەسی دیکە کە بۆ خۆیان ناوی خۆیان سرییەوە ئەو هەڵایەی لێ ساز بوو دوای گەرانەوەی نوێنەرانی هەڵبژێردراو بۆ کۆنگرە هات و هاوار و هەڵلا یەك ساز بوو هەر نەبێتەوە.

باس باسی ئەوە بوو حیزب بەرەو لێك هەڵوەشان دەچێ. هەر وەك ئیشارەم پێ کرد لەسەر هەڵنەبژێرانی چەند کەسێك بۆ کومیتە ناوەندی کۆمەڵێك خەڵکی دیکەش خۆیان لە لیست پاك کردبۆوە ئەوە زیاتر وەزعی ئاڵۆزتر کردبوو بەڵام بە هەموان بە مخالف و مەوافقەوە جگە لە دوکتور سەعید وەزنەیەکی قورس نەبوون کە پشتی حیزبی پێ راست نەبێتەوە کەوابوو هەرچەند دوکتور قاسملو پێی ناخۆش بوو بەو وەزعیەتە، بەڵام دوکتور سەعیدیشی لەشان بوو. لە بنکەکانی شوێنی

[31]- کاك فەتاح ئەوکات بەرپرسی کومیتەی سەردەشت بوو ساڵی ٧١ لەگەڵ دوکتور شەرەفکەندی لە برلینی ئاڵمان بە دەستی تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا.

نیشتەجێی ئێمە هێزی پێشەوا بـە گـشتی مخـالفی لیـستە و هێـزی بـەیان بـە گـشتی موافقی لیستە بوو. هەمیشە قسە و باس لەسەر ئەو مەسەلەیە بوو زۆر جار تووشـی گیروگرفتی گەورەش دەبووین.

لەو سەرو بەندەدا رێژیم بـە تـەما بـوو هێـرش بـۆ ئـەو ناوچـەیە بکا کـە هێـزی بەیان و پێشەوا و ئاربابا لە کوردستانی باشـوور نیـشتەجێ بـووین، هەربۆیـە لەسـەر داوای بڕیـاری دەفتـەری سیاسـی مەقـەڕەکانمان لـە مـانگی ڕێبەنـدان دا بـە شـێوەی خوارێ گواستەوە:

هێزی پێشەوا و ئاربابا بۆ قسڵان لای "دەربەندیخان" و هێـزی بـەیان بـۆ "هـانی گەرمەڵەی" لە ناوچەی هەورامان. تا بیارە رێگـای ماشـێن رۆیـشتن هـەبوو. لـەوێ ڕا بەسواری وڵاغ کەلوپەل و کەرەسەکانمان بۆ ئەوێ گواستەوە.

هانی گەرمەڵە سەرەڕای چۆڵ بـوونی سروشـتێکی زۆر جـوان و دڵڕفێنـی هـەبوو. چوار دەوری ئاوایی دار هەنار و باغ بوو. هەموو بیناکـانی قوتابخانـە، نەخۆشـخانە و حەمام وێران وخاپوور کرابوون بنکەیەکی سپای رزگاری (کە تا ئەو کاتـە هـەر نێـوم بیستبوو) لە دەورووبەر بوون. هەروەها بنکەکانی هێزی ٢ی رێبەندانیش لەوێ بوو. نزیك بە ٣٥ رۆژ بنکەکانمان لـەوێ بـوون. لـەوێ کۆنفرانـسی کومیتـە شارسـتان دوای کـۆنگرە، بـۆ دیـاری کردنـی ئەنـدامانی کومیتــە شارسـتان گـیرا لـەو کۆنفرانـسەدا محەممـەد شـەهرەوان بەرپرسـی کومیتـە، وەسـتا ئەحمـەد فەرمانـدەری هێـز، ئـازاد رەحیم زادە، سەلاح پوور ئەسەد، ئەبووبەکر خـزری، محەممـەد ئەسـپووغە و بـرایم چووکەڵی بۆ ئەندامەتیی کومیتەی شارستان هەڵبژێردران. دیارە دوو نەفەری ئـاخر کاری فەرماندە لکی شیان دەکرد. دوایی ئەم کۆنفرانسە دەنگۆ بڵاو بـۆوە کـە رێـژیم بـۆلای هێـزی شـاهۆ هێـرش دەکـا. رۆژی ٢١ی رەشـەممە سـاڵی ٦٦ دەسـتەیەك لـە پێـشمەرگەکانی هێـزی بـەیان و هێـزی ٢ی رێبەنـدان چـوونە لای هێـزی شـاهۆ لـە ناوچەی نەوسوود.

ڕێژیم لە جبهەی هێزی شاهۆ هێرشی هێنـابوو کـە لـە وردەکـاری یـەکانی ئاگـادار نیم. ئێوارەی ٢٥ی رەشەممە هەواڵی ئەوە هـات کـە ڕێـژیم نیـازی هێرشـی بـۆ خـاکی عێراق هەیە و ئەو هێرشە ناوچەی هـانی گەرمەڵـەش دەگرێتـەوە لـە کاتـژمێری ٦ی ئێوارە ڕا تا ٦ی بەیانی لە کەمین دا بووین بەڵام باس و هەواڵێکی ئەوتۆ لـە هێرشـی ڕێـژیم نـەبوو. کاتـژمێری ٦/٣٠ تۆپبـارانێکی خەسـتی بنکـەکانمان و دەوروبـەر لـە لایەن ڕێژیمەوە دەستی پێ کرد. سەعات ٨ی بـەیانی بـوو کـە هێزەکـانی حکوومـەتی عێراق لـەو بەرەیـەی شـەڕدا تێـك شـکان و لـەلای مەقـەڕەکانی ئێمـەوە بـۆ هەڵەبجـە پاشەکشەیان کرد. لەم هەلومەرجەدا و لەو بارو دۆخەدا بەربەرەکانیی و بـەرەنگاری قازانجێکی ئەوتۆی نەبوو. هەر بۆیە لەگەڵ دەستەیەکی دیکەی هێـزی ٢ی ڕێبەنـدان کە لەگەڵ ئێمە مابوونەوە تا ئاوایی بیـارە داگەڕاینـە خـوارێ کـە مەقـەڕی کۆمەڵـەی لـێ بـوو. ئـەوانیش وێـڕای ئێمـە بـەرەو هەڵەبجـە وەڕێ کـەوتن. لـە نزیـك شـاری هەڵەبجـە کۆمـەڵێك خـەڵکی شـاری رووبـەڕوومان هـاتن کـە هـەواڵی گیرانـی شـاری هەڵەبجەیان لە لایەن هێزی کۆماری ئیسلامی و ئۆپۆزیسیونی عێراقی یەوە بە ئێمە ڕاگەیاند.

ئێمەش پێوەندیمان بەو دەستەیەی دیکەی هێـزی بـەیان گـرت کـە لەگـەڵ هێـزی شاهۆ لە پشتی "هاوار" و "دەرتفێ" بـوون، پێیـان گـوتین وەرنـە گونـدی "عەنـەب" وچاوەڕوان بن بـە شـوێنتان دا دەنێـرین. بـۆ سـەعات ١٢ی شـەو گەیـشتینەوە گونـدی "عەنەب". لـە مزگـەوت جـەنازەی ٦ کـەس کـەوتبوو کـە خـەڵکی ئـاوایی و عەسـکەر بوون وا دیار بوو ئێوارە بە تۆپی ئێران کوژرابوون.

سـەعات ١ی نیوەشـەو دەسـتەیەکی ٥ کەسـی لـە هێـزی شـاهۆ هاتنـە شـوێنمان و بردیانینە شوێنێك. کەڕەی بەیانی ٢٦ی ڕەشـەممە ١٣٦٦ لـە خـەویان هەسـتاندین کـە دەبـێ زوو وەرێ بکـەوین. شـوێنەکەمان سـەر ڕێگـا بـوو و بـەیانیان ڕێـی هاتوچـۆی هێزەکانی ڕێژیم بوو.

دوایی چووینە شوێنێك کە لە پشتی هەڵەبجە و لەگەڵ پێشمەرگەکانی خۆمان و هێزی شاهۆ یەکترمان گرتەوە. ئەو هێزەی لەوێ کۆ بووینەوە. بە بنەماڵەی ژمارەیەك پێشمەرگە و زیاتر لە ٧٠٠ تا ٨٠٠ کەس دەبووین. تا ئێوارە لە شوێنی خۆمان نەبزووتین. ڕێگای دەربازبوونمان نەبوو. تەواو لە گەمارۆ کەوتبووین و چەند کەسێکی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەگەڵمان بوون. ئەو ڕۆژەش بەردەوام فرۆکە شەڕکەرەکانی عێراق هەڵەبجە و دەوروبەریان بۆمباران دەکرد. چرە دووکەڵ تەواو ئاسمانی ناوچەکەی داپۆشیبوو. گرم و هۆری فرۆکە بەردەوام هەبوو.

بەیانی ٢٨ی ڕەشەممە هەل و مەرج و بارودۆخی ئێمە تەواو لە باری تەداروکاتی یەوە شپرزە بوو، هیچ شتێکی خواردنمان پێ نەمابوو و ڕۆژی ئەوەڵ لەم شوێنە هەموو وڵات سەرسەوز بوو لە ڕۆژەکانی دواتر گژ و گیا و ڕووەکی ئەو بەندەنەشمان هەموو خوارد بوو. سەر لە ئێوارە برسێتی برستی بە هەموو لایەك بڕی، چارە نەبوو، بەرپرسانی بۆکان لە دەوری یەك کۆبووینەوە کە ئەگەر ئێمکانی هەبێ بە شێوەیەکی نهێنی وڵاغێك (ئیستر یا ئەسب) سەر بڕین و بێ ئەوەی خەڵکەکە بزانن چیە بیان دەنێ بیخۆن. کەمێ دواتر لە لایەن دۆستانی یەکیەتی نیشتمانی چەند سەر حەیوان و مانگایان هێنا و سەرمان بڕین و گۆشتەکەیمان بەسەر پێشمەرگەکان دا دابەش کرد. خواردنی گۆشتی بێ خوێ بۆخۆی لە هەموو برسێتی یەك ناخۆشترە. چەند فەردە ئاردیش هات کە هەموومان بە کولیچە سازکرد و خەڵکەکە برێك بوژانەوە.

ڕۆژی ٢٩ی ڕەشەممە دوکتور قاسملوو پەیامی نارد کە بەهەر شێوەیەك بووبێ دەبێ لەو ناوچەیە خۆتان رزگار بکەن، چونکی تەواو لە مەترسی هێرش و فەوتان دان. هەر بۆیە ئێوارە بە دەشتی"خورماڵ"دا ڕێگای دوور و درێژمان بڕی. لە ڕێگای هەڵەبجە – ئێران چەند ماشێنی پاسدار بۆ هەڵەبجە دەهاتن ماشێنەکانمان لەسەر جادە ڕاگرت تا هێزەکە تەواو پەڕینەوە. خۆمان بە خەڵکی ناوچەی عێراق لە قەڵەم

دا. له دەشتی هەڵەبجه بەرەو خورماڵ، پڕ له کەلاکی حەیوان بوو. تەواوی دەشتەکه بۆنی شیمیایی لێ دەهات. کاتژمێر ١ی نیوەشەو له گوندی خورماڵ تووشی چەند ئایفا پڕ له پاسدارهاتین کە هەموویان ماسکی دژی شیمیایی یان لێ دابوو و له چەقی ڕێگا وەستابوون. له ئێمەیان دەپرسی "دەچن بۆ کوێ؟" ئێمه هەر ئەوەندەمان دەگوت "بۆ ئەحمەد ئاوا" لەگەڵ ئەوەی زۆریان پێ سەیر بوو ئەو هەمووە خەڵکه بۆ بەو شەوە دەچنه ئەحمەد ئاوا. بەڵام ڕێگایان لێ نەگرتین. هەرچەند پاسدارێکی کرماشانی وتی: "ئەم نەزمه نەزمی عێراقی نیه بڕۆن عەلی یارتان". بێ قڕە و تەقه درێژەمان به ڕێگای خۆمان دا. نیوەشەو هەورەهەلا دەستی پێ کرد هیچ کەس تا دوو میتری نەدەدیت. بەر له ئێمه هێزەکانی ئێران تەقەیان له پایەگاکانی هێزی عێراق کردبوو، هەربۆیه ئەوانیش بەردەوام "نوور ئەفکەن" یان له ئاسمان دا وەڕێ دەخست و هەر کە ئێمەیان دی به تۆپ دایان گرتین. تۆپێك له نێو لکەکەی ئێمه کەوته زەوی و ٧ پێشمەرگه بریندار بوون و ئەمنیش دەست و لاقم بریندار بوون.

تۆپخانەی عێراق هەروا ئاگری لەسەر کردبووینەوە. کاك غەفوور هەمزەیی بەرپرسی نوێنەرایەتی حیزب له سولێمانی لەگەڵیان له پێوەندی دا دەبێ، بەڵام ئەرتەشی عێراق باوەڕیان به کاك غەفوور هەمزەیی نەبوو که ئەو هەمووە هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتن. لەو کاتەش دا ئەرتەشی ئێران به تۆپ هێزەکانی عێراقی داگرتبوو، ئەوەش تەواو کەشەکەی ئاڵۆزتر کرد. بەو حاڵه تا سەعات ٦ی بەیانی یەکەم ڕۆژی ١٣٦٧ بەنێوان ئاگر گوڕینەوەی دوو ئەرتەشی دڕندەی ئێران و عێراق دا ریگەمان بەرەو پێش دەبڕێ. لەگەڵ ڕوونبوونەوەی هەوا تۆپخانەی ئێران هێرشەکەی بۆ سەر عێراقیەکان چڕتر کرد و ئێمه به دەشتی شانەدەری دا بۆلای پایەگاکانی عێراق وەڕێ کەوتین. "ئەڵڵا کەرەم" له هێزی شاهۆ له نزیك پایەگاکانی عێراقی کەوته سەر مین و لاقی پەڕی. له پایەگاکانی عێراقی یەکانیش ڕا به

خۆمپاره‌ی ٦٠ و ٨٠ میلی میتری دایان گرتین، به‌لاّم جگه له بۆ پێشه‌وه رێگای دیکه‌مان له‌به‌ر نه‌بوو. گوێمان پێ نه‌دا و هه‌روا چووینه پێش.

دوو پێشمه‌رگه‌مان نارده پایه‌گا و ئاگری خۆمپاره‌کانیش له‌سه‌رمان وه‌ستان. دواتر سێ هیلی کۆپتێری عێراق و ده‌یان تانکی عێراق هاتن ده‌وریان گرتین تا ئه‌وه‌ی دڵنیا بوون که هێزه‌کانی ئێران نین و ئوپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامین.

بۆ سه‌عات ٩ی به‌یانی خۆمان گه‌یانده شانه‌ده‌رێ، دیاره چه‌ند برینداریکمان له‌و رێگا پڕ که‌ند و له‌نده و سه‌خت و دژواره دا بوو. برینداره‌کان گواسترانه‌وه بۆ قه‌ندیل. هه‌روه‌ها دوو که‌س به ناوه‌کانی مام عه‌زیز و دوکتور سمایل[32] بێ سه‌ر و شوێن ده‌بن به‌یانی که رووناك ده‌کا خۆیان ته‌حویل ده‌ده‌ن. دیاره له ورده‌کاری یه‌کانی ئاگادار نیم به‌لاّم وه‌ك بیستم که خۆیان به شه‌خسی ته‌حویل داوه. له قه‌ندیل و له ساڵۆنی گه‌وره‌ی غه‌زاخوری رێوره‌سمی نه‌ورۆز و ساڵی نوێ به‌رێوه ده‌چوو، ئێمه‌ش به برینداره‌کانه‌وه که چووینه هۆڵی رێوره‌سمه‌که وکه‌شی ئه‌وێ ته‌واو گۆڕا. دوکتور قاسملوو که ته‌واو گه‌شابۆوه باسی دوو جێژنی بوونی ئه‌م جه‌ژنه‌ی کرد. دوای قسه‌کانی، کاك دوکتور قاسملوو هاته لای ئێمه وه‌ستا و ره‌حمانی کانی درێژی پێشمه‌رگه‌ی هێزی به‌یان به چه‌ند گۆرانی رێوره‌سمه‌که‌ی ته‌واو رازانده‌وه.

دوای جێژنه‌که دوکتور قاسملوو چووه ئۆردووگای زه‌راین له نزیك شاری "سه‌ید سادق" پێشمه‌رگه‌کانی به‌خێر هێنا و کۆبوونه‌وه‌یه‌کی بۆ گرتن. دوای دوو رۆژ هێزی به‌یان هاته‌وه قه‌ندیل. لکێکمان له فێرگه نزیك بنکه‌ی ده‌فته‌ری سیاسی و لکه‌که‌ی دیکه‌مان له "ئینزێ" که بنه‌ماڵه‌ی پێشمه‌رگه‌کانی حیزبی لێ بوو، جێگر بووین. کومیته شارستانیش هه‌ر له فێرگه له بناری قه‌ندیل مایه‌وه.

---

[32] - مام عه‌زیز ئێستا له ناوه‌ندی یه‌ك پێشمه‌رگه‌یه و دوکتور عه‌زیز له وڵاتی سوئێد ده‌ژی

ئەو ڕێپێوانە مێژوویی یە کە گیانی سەدان کادر و پێشمەرگەی لـە مـەرگ رزگـار کرد سەرکەوتنەکەی بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە:

یەکەم: هەست بە بەرپرسایەتی کردن و رۆڵی بەرپرسانی حیزب لە پێشمەرگە و سەرپەلێك را بگرە تا دەگەیشتە بەرپرسی کومیتـەکان بـە تایبـەت کـاك جەعفـەری حامیـدی و لـەو لاش سـکرتاریا و واتـا شەخـسی دوکتـور قـاسملوو کـە بـەردەوام بـە پێوەندی و ئەو رێخۆشکەری یەی ئـەو توانیمـان ئـەو سـەرکەوتنە وەدەسـت بێـنین و حیزب لەو مەترسی یە و ئەو زیانە قورسە بپارێزین.

دووهـــەم: خـــۆڕاگری گیـــانی فیـــداکاری و لـــەخۆبردوویی پێـــشمەرگەکان و بنەماڵەکانیان کە سەرەڕای برسێتی و تینوویی و ئاگری دووبەری شەڕ و ئەم زەختە زۆرەی لەسەریان بوو، ورەیان بەر نەدا، بە ئیمـان بـە بـاوەڕ و ئامانجـەکانیان کۆڵیـان نەدا و ئەم سەرکەتنەیان تۆمار کرد جێی خۆیەتی لەمبارەوە ئامـاژە بـەوە بکـەم کـە تەواوی گـژوگیای ئـەو شـیو و دۆڵانـە و چـیاکانی دەورووبـەر هـەر هـەموو خـوران و برسێتی تەواو بڕستی لـێ بریبوون بەڵام ئـەو ٧٠ کیلومیترەیـان بـە ئیمـان و بـاوەڕی پتەو بە رێبازی دێموکرات تا سەر و سەرکەوتن بڕی.

رۆژی دواتر فەرماندەی سپای پاسداران کە بە بوونی ئێمە لـەو ناوچـەیە دەزانـێ بە کۆپتێر وەشوێنمان دەکەوێ و کاتـێ دەبیـسێ کـە ٧٠٠ تـا ٨٠٠ پێـشمەرگەی حیـزب بـەو جـۆرە گـەمارۆی شـەڕیان شـکاندووە و خۆیـان رزگـار کـردووە لـە تـاوان زمـانی دەشکێ و لە داخان کەف دەپڕژێنێ. سەرکەوتنی ئێمە لـەو رێپێوانـە مێـژوویی یـەدا لە لایەکی دیکەش قـەرزداری دوو کـەس لـە بەرپرسـانی یـەکێتی نیـشتمانی بـوو کـە دەبێ وەك لاپەڕەیـەکی شـانازیی بـۆ روحـی نەتـەوەیی تۆمـار بکـرێ کـە چۆن وا بـە گیانی برایەتی و بەو پەڕی دڵسۆزی هاوکارییان کردین. یەکەمیان شـەوکەتی حـاجی موشیربوو کە لە زستانی ١٣٨١ لە ناوچەی هەڵەبجە بـە دەسـتی بزووتنـەوەی ئیلامـی (جندالسلام) لە پیلانێك دا تیرۆر کـرا. ئـەو بـەرێزەی دیکـە حەمـە سیاسی بـوو کـە

کەوتــە بــەر ڕق و کینــەی کۆمــاری ئیــسلامی و ڕێگــای هاتووچــۆی بــۆ ئێــران لــێ قەدەغەکرا و دواتر لە شەڕی بزووتنەوەی ئیسلامی دا شەهید کرا.

قــسەی خــۆش گێڕانــەوەی پێویــستە. لــە ڕووداوەکــەی هەڵەبجــە و مانــەوەمان لــە نهێنــی دا، شــەوانە زۆر ســارد و تــووش بــوو. مامۆســتا ســەلاح پوورئەســەد و کــاك جەعفەری حامیدی پێکەوە شۆخی و جەفەنگیان دەبێ شەوێك لەو شــەوە ســەختانە کــاك جەعفــەر بــە مامۆستا سەلاح دەڵێ: "ســەلاح زۆرم ســەرمایە، شــتێکم دەیــە بــا بــەخۆمی دادەم." مامۆســتا ســەلاح دەڵــێ: "قوربــان شــتێکی لــێ یــە بتــدەمێ، بــەڵام نــاوێرم نــاوی بێــنم"، کــاك جەعفــەر دەزانــی و تێــدەگا کــە مەبەســتی ســەلاح چــیە هەڵدەچێ و دەڵێ برۆ کەرە کەر مەکە...

دیارە ئەوە ئاماژە بەو چیرۆکەی حەسەنی قزڵجی لــە پێکــەنینی گــەدا دا دەکاکــە دەڵێ: مەجیــد بــەگی ســەرکەڵ لەگــەڵ نۆکەرەکــەی ســەردانی خانــەقای زەنبیــل دەکا بەشەو دەگەنێ و دەبوایە لــە هــۆڵی خانــەقا مابانــەوە تــا بــەیانی. شــەو ســەرما تــاقی مەجید بەگ دەبا و بە نۆکەرەکەی دەڵێ بزانە شتێك وەگیر دەکــەوێ بیهێنــی و پــێم دادەی. ئەویش دەڵێ قوربان هەیە و نیە کورتــانی کــەرەبۆر. مەجیــد بــەگیش دەڵــێ: "سەگباب بیهێنە بەڵام ناوی مەهێنە".

با ئەوەش بڵێم دوای ئەوەی مەقەرمان لە قەندیل دانا بە دەیان جــار لــە بــەهاری ٦٧دا سالەکانی دوایــی پێــشمەرگەکانی یــەکێتی نیــشتمانیم لــە جــادەی ڕانیــە – دیانــا دەپەڕاندەوە بەرەو دەمەڵبەندی سێ و دۆڵــی بالیــسان ڕەوانــەمان دەکــردن و زۆر جــار برینداەرەکانمان لەلای خۆمان ڕادەگرت تا برینەکانیان سارێژ دەبۆوە.

دوایی ڕێپێوانە مێژوویی یەکەی ئەو پۆلە لە پێشمەرگەکان لە ســەرەتای بــەهاری ٦٧ دەستــەیەك لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، نارازی لە کۆنگرەی ٨ (کــە ســەرجەم ٤١٤ کەس بوون)[33]

---

[33]- دوکتور قاسملوو لە کۆبوونەوە لە گەل کومیتەی شارستانی بۆکان لە ڕێکەوتی ٦٧/٢/٢١ ئەو ئامارەی پێ گوتین

ریزی خۆیان لە حیزب جیا كردەوە و لە ژێرناوی حیزبی دێموكراتی كردستانی ئێران (رێبەرایەتی شۆرشگێر) راگەیەندراوێكیان بڵاو كردەوە و لە ناوچەی رانیە بنكەیان دامەزراند ئەم جیا بوونەوەیە لە جێ دا و لە هەل و مەرجی خەباتی نەتەوەیەكەمان و حیزبی دێموكرات دا زیانێكی گەورە بوو. رۆژی ٢١ی بانەمەڕ دوكتور قاسملوو لە دانیشتنێك لەگەڵ ئەندامی كومیتەی شارستانی بۆكان دا، لە سكرتاریا باسی جیابوونەوەی ئەو هاوڕێیانە و هەلومەرجی نوێی خەبات و ئەركە تازەكانمانی بۆ كردین. دوكتور قاسملوو دڵنیای كردین كە حیزب لەبەر یەك هەڵناوەشێ، خەباتەكەمان چەق نابەستێ و بەو حاڵەش زۆری پێ ناخۆشە ئەو هاورێیانە ئەو هەڵوێستەیان گرتووە.[34]

[34] - رێبەرایەتی شۆرشگێر لە رۆژی ١٩ی بەفرانبار ١٣٧٥ دا لەگەڵ حیزبی دێموكرات تێكەڵ بۆوە و ماڵی حیزبی دێموكراتیان وەسەر یەك خستەوە. دیارە ئەوەش هەر وا بە هاسانی نەكرا و پاش ٢١ مانگ كۆبوونەوە دانیشتن لە گەل یەكتر كرا

# ٧

له بەهاری ٦٧ لەگەڵ ئەوەی وەزعی نێو حیزب بـەهۆی جیابوونـەوەی هاورێیـان ئاڵۆز بوو ئێمە (کومیتەی بۆکان) دەبوو سازماندەهی نوێمان کردباو هەروەك پێـشتر ئاماژەی پێ کرا زسـتانی ٦٦ تـەرمیمی کومیتـە شارسـتان کرایـەوە لـك و پەلـەکانیش سازمان درانەوە بەرپرسیان بۆ دیاری کران.

لەبەر ئاڵۆزی ناوچە و چڕ بوونەوەی هێزەکانی هەردوو بـەرەی شـەڕی عێـراق و ئێران رێگەی هاتووچۆ و پەڕینەوەمان له سنوور زۆر دژوار ببـوو مـاوەی سێ مـانگ دەبـوو لـە دەوری دەفتـەری سیاسـی مابووینـەوە. رۆژی ١٣ی جـۆزەردانی ٦٧ لەگـەڵ ٦کەس له هاورێیان ٣ کەس له بانەو ٣ کەسیش له بۆکان بۆ دۆزینەوەی رێگایـەك بـۆ گەڕانەوەی هێز بۆ ناوچـە چـووینە سولێمانی و لـەوێڕا بـۆ قـەڵا چـۆلان. هێزەکـانی ئێران دەستیان بە سەر "سوورکێو" دا گرتبوو و دەیان کیلـومتر لـە خـاکی عێراقیـان داگیر کردبوو.

ئێوارە بەلای پایەگایەکی عێراقی یەکان دا و بە شـوێنی لابـەلا دا تێپـەڕین بـەڵام بەسەر مەیدانی مین دا کەوتین. هەر ئەوەندە رێگای رۆیشنەرێی نەفـەرێك لـە مـین پاك کرانەوە و دووکەسمان پەڕینـەوە. ئـازاد رەحـیم زادە لـە پـێش منـەوە هـەنگاوی دەنا و عەوڵاشـێنانی[35] لـە دوامـەوە بـوو. لـە نـەکاو لاقـم هەڵخلیـسکا و هـاتم بکـەوم. عەوڵا شێنانی فریام کەوت و شانی گرتم. ئەگەر دەسـتم دادابوایـە مەیـدانی مینەکـە دەتـەقی یـەوە و هـەمووماان بـە حـەوادا دەچـووین. دوایـی پەڕینـەوە لـە مەیـدانی مینەکە بـۆ چۆمێك شـۆڕ بووینـەوە کـە کـەوتبووە هێڵـی نێـوان هێزەکـانی ئێـران و عێراق. تۆزێك پشوومان دا و لەوێڕا بۆ پردی"جەلالی"وەسـەر کـەوتین. بـە هـەزاران

---

[35] - عەوڵا شینانی فەرماندە هێزی ئاربابا بوو ئیستا لە دەرەوەی وڵاتە و لە سۆئێد دەژی

پاسداری ئێران لە داوێنی خوار سوور کێو وخاکی عێراق و پردی جەلالی بڵاو ببوونەوە.

هیچ ڕێگایەك نەبوو کە ئێمە بتوانین پێی دا بڕۆینەوە بۆ ناوچە. شەوێ لەوێ ماینەوە و لای بەیانی بە ڕێگای خۆمان دا هاتینەوە سلێمانی و کە گەڕاینەوە بۆ قەندیل، باسەکەمان لەگەڵ کومیسیونی سیاسی نیزامی هێنایە گۆڕێ کە بە ڕێگای بانەدا گەڕانەوەمان بۆ ناوچە مومکین نیە.

ڕۆژی ٣١ی جۆزەردان لە بنکەی دەفتەری سیاسی ڕا بۆ"سینە مۆکێ"وەڕێ کەوتین ئەوکات زیندانی ناوەندیی حیزبی لێ بوو. ماوەیەك لەوێ ماینەوە و دواتر لەگەڵ هێزەکانی قەندیل، پێشەوا و زمزیران تەرحی عەمەلیاتێکی هاوبەش داڕێژرا.

مەبەست گرتنی پایەگای"سێپەکان"بوو کە ڕێژیم جگە لەو پایەگایە مزگەوتی ئاواییشی کردبۆوە پایەگای هێزەکانی و ٧٠ کەسی جاش تێ خزاندبوو. بەشێکی دیکەی تەرحەکەمان گرتنی جادەی سەردەشت – پیرانشارو لێدانی چەند پایەگای دیکەی وەك "کڵاوی نۆکان"، قەبری حوسین، بانووسوورە، شیوەمێر، چەکۆ و هەڵوێ بوو. وردەکاری عەمەلیات باس کراو ئەرکەکان دابەش کران و ڕۆژی ١٠ی پووشپەڕی ١٣٦٧ هەموو لە شوێنی خۆمان دامەزراین و لە دەرەوەی ئاوایی خۆمان حەشار دا. بەڵام ڕاست ڕۆژی عەمەلیاتەکە زیاتر لە نیوەی جاشەکان لە ئاوایی هاتنە دەرێ و چوونە شاخ.

کاتژمێری ٥/٣٠ی ئێوارە، بە یەکەم ئار پی جی شەڕ دەستی پێ کرد. سەعاتێکی نەخایاند کە مزگەوت دەستی بەسەردا گیرا و بەرەو دووەمین پایەگای ڕێژیم وەڕێ کەوتین کە نەمانتوانی دەستی بەسەردا بگرین. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە ١٠ ڕۆژ پێشتر هێزی گیارەنگ هێرشیان کردبووە سەر بە تەواوی لە حاڵەتی ئامادەباش دا بوون و هێزی زیاتریشی تێ خزێندرابوو. لەو عەمەلیاتەدا زیاتر لە ١٠٠ کەس لە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و ١٨ کەسیان لێ بە جێ مابوو هەر وەها بە دەیان قەبزە چەکی قورس و سووك بو دەسکەوت گیران. لە هێزی پێشمەرگەش کە

به دیان کیلۆمیتری چوارگۆشه ئەو عەمەلیاتە بەڕێوە بردبوو ٦ پێشمەرگە لە هێزی پێشەوا و قەندیل و زمزیران شەهید بوون و لە هێزی بەیان دوو پێشمەرگە بریندار بوون. دوای ئەو عەمەلیاتە بۆ بەندیخانەی ناوەندی حیزب کە بنکەی کاتیمان بوو گەڕاینەوە.

گرینگی ئەو عەمەلیاتە لەبەر چەند هۆ لەکات و بە وەخت دا بەڕێوە چوو:

یەکەم: ئەوە یەکەم عەمەلیات دوای جیابوونەوەی هاورێیانی (رێبەرایەتی شۆرشگێر) بوو.

دووهەم: ئەوەی کە مجاهدین و کۆمەڵە لەسەر لەتبوونی حیزب و لەبەر یەك هەڵوەشانی حیزب و نەمانی هێزی خەباتی حیزب پڕوپاگەندەی زۆریان وەڕێ خستبوو کە دەبوا وڵامی بە کردەوەیان درابایەوە.


سێهەم: کۆماری ئیسلامی پێی وابوو جێی بە حیزبی دێموکرات لەنێو خەڵك دا لێژ کردوە تازە رێگەی حزووری حیزب لەنێو خەڵك دا نادا. هەر بۆیە ئەو عەمەلیاتە تەواو لە جێی خۆی و لە کاتی خۆی دا بوو. دوایی عەمەلیاتەکە گەراینەوە دورووبەری زیندان کە دوکتور قاسملوی شەهید بۆ کۆبوونەوە زۆر لە مەسئوولینی ئەو چوار هێزەی بانگ کرد لە کاتێك دا قسەی بۆ دەکردین فیلمی عەمەلیاتەکەمان چاو لێ دەکرد خاڵە لاواز و بەهێزەکانمان دەستنیشان دەکرد لە شوێنێکی فیلمەکە چاوی بە من کەوت و گوتی رایگرن ،کوا کاك برایم ! گوتم فەرموو کاك دوکتور:گوتی لە گەڵ ئەو شەر کردنەت نیم تا برایم چوکەڵێ یەکی دیکە بۆ حیزب دروست دەبێ زۆری دەوێ نامانەوێ فەرماندە شەهید بێ..................ئێستاش قسەکانی لە گوێم دا دەزرینگێتەوە کە لە راستیش دا هەر واش بوو.





یەکێك لە لکەکانی هێزی بەیان لەکاتی عەمەلیاتی سێپەکان

کۆبوونەوەی بەرپرسانی نیزامی بۆکان، مەهاباد، رەبەت‌و پیرانشار






چەند وێنەیەك لەکاتی هێرش بۆ سەر پایگای سێپەکان





له‌و سه‌روبه‌نده‌دا سوپای عێراق خۆی ڕێكخسته‌وه و هێرشی كرده سه‌ر ناوچه ودەستی به سه‌ر چاڵه نه‌وته‌كانی فاو دا گرت. دواتر هێرشی كرده سه‌ر ناوچه داگیر كراوه‌كانی و هه‌مووی له هێزه‌كانی ئێران ئه‌ستانده‌وه و به ده‌یان كیلۆمیتر پاشه‌كشه‌ی به هێزه‌كانی ئێران كرد و زه‌ختی خسته سه‌ر ئێران و خومه‌ینی ناچار بوو كه جامه زه‌هره‌كه‌ی بنۆشێ و مل بۆ ڕێكه‌وتنامه‌ی ٥٩٨ی ئه‌نجومه‌نی ئاسایش ڕێكخراوه نه‌ته‌وه یه‌كگرتووه‌كان بدا. به ڕاگه‌یاندنی ئاگربه‌س، كۆتایی به شه‌ڕی ٨ ساڵه‌ی ماڵ وێرانكه‌ری نێوان ئه‌م دوو ڕێژیمه هات.

ڕۆژی ٣١ی پووشپه‌ڕی ٦٧ هێزی به‌یان و ئاربابا و مه‌ڵبه‌ندی ٢ پێكه‌وه به سنووری بانه‌دا هاتنه‌وه ناوچه. به سووركێودا ده‌هاتینه خوار كه ڕێژیم تۆپێكی شیمیایی تێ هه‌ڵكردین. سه‌فی دوور و درێژی پێشمه‌رگه‌كان هه‌نگاویان خێراتر كرد و چووینه‌چۆمی"سیسارك وسماقان"و گیانی خۆمان له‌و مه‌ترسیه رزگار كرد. دیاره ڕێژیم نه‌یده‌زانی كه ئێمه ده‌گه‌ڕێینه‌وه به‌ڵام له هجوومی عێراق هه‌ر ده‌ترسا بۆیه‌ش تۆپی شیمیایی ده‌هاویشت.

تا دووی گه‌لاوێژ و بۆماوه‌ی ٣ ڕۆژ له‌بن پۆله دارێك له‌نێوان ئه‌و دوو گونده "سماقان" و "سیسارك" دا ماینه‌وه. له‌و ماوه‌یه‌دا هیچ نه‌بوو بیخۆین. گونده‌كانی سنوور به هۆی شه‌ڕی ئێران و عێراق چۆل كرابوون و ئێمه‌ش گه‌نممان ده‌برژاند و ده‌مان خوارد دوایی سێ ڕۆژ به‌ره‌و شاری بانه وه‌ڕێ كه‌وتین و بۆ پشوودان له گوندی "كانی به‌ند" لامان دا.

ڕۆژی ٦ی پووشپه‌ڕ به پشت شاری بانه دا ملی ڕێگه‌ی مێرگه نه‌خشینه‌ی سه‌قزمان گرت و له‌وێ ماڵئاواییمان له هێزی ئاربابا كرد و له‌گه‌ڵ هێزی ٢ی ڕێبه‌ندان به دۆڵی بناوه‌ره‌شان دا چووینه ئاوایی "برایم خه‌سار" له‌وێ پشوویه‌كی باشمان دا و ته‌واو بووژاینه‌وه.

ئێوارە بە نزیك گوردانی خوڕخوڕەدا بۆ ئاوایی "قەرەقاچ" وەڕێ كەوتین كە ڕێژیم خاپووری كردبوو.[36] ڕۆژی ١٢ی گەلاوێژ ٢ پێشمەرگەمان چووبوون دار بێنن بۆ چایی لێنان كە نەهاتنەوە و خۆیان بەدەستەوە دابوو. ئەوە تا ماوەیەك بووە جەفەنگی پێشمەرگەكان كە هەركەس برێك لەهێز و پەل دوور كەوتبا پێیان دەگوت "كوڕە نەكا بچی بۆ دارهێنان".

ئێوارەی هەمان ڕۆژ لكێكی هێزی ٢ی ڕێبەندان لەگەڵ لكەكەی ئێمە چووینە "گڵۆڵانی خوارێ"و لكەكەی هێزی بەیان لەگەڵ هاوڕێیانی كومیتە شارستان و لكەكەی دیكەی هێزی ٢ی ڕێبەندان چووینە ئاوایی پیر بادین. دوایی شام ئێمە چووینە پشتی "ئینچكە" و ئەوانی دیكەش لەپشت باغی "شێخان" مانەوە. سەعات ٢ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی دواتر وەستا ئەحمەد و شاروخ مرادی[37] لە دوویان ناردین تا لەگەڵ خەلیلە سوور سەردانیان بكەین، بە یەكەوە لەگەڵ وەستا ئەحمەد و شاروخ و سەر لكەكانی دیكە چووینە شناسایی پایەگای باغی "شێخان".

بۆ ئەم مەبەستە دوایی تەقسیم كار و دابەش كردنی تیمەكان سەعاتی ٦ی ئێوارە دەست بەكار بووین. دەستەیەكمان لەسەر جادە "قورووچا" كە گرووهی زەربەتی لێ بوو كەمینمان دانایەوە و دەستەیەكی دیكەشمان بۆ لێدانی پایەگاكە دیاری كران.

لەكاتی دیاری كراودا دەست بەكار بووین. لە یەكەم هەڵمەتی پێشمەرگەكان دا چەند سەنگەرێكی ڕێژیم دەستی بەسەردا گیرا و شەرێكی قورس دەستی پێ كرد. هێزی ڕێژیم كە پێشتر بە هێرشەكەی ئێمەیان زانیبوو، خۆیان پڕچەك و ئامادە كردبوو. ئێمەش عەمەلیاتەكەمان زوو دەست پێ كرد. بۆیە ئەوانیش زوو وەدەست هاتن. هەرچی هەوڵ درا و ئاور توندتر كرا پایەگا دەستی بەسەر دا نەگیرا. ژمارەیەك كوژراو و بریندار بوون و نەفەرێكیش بەدیل گیرا. لەو شەڕ و پێكدادانە

---

[36]- ڕێژیم ئەگەر جێگایەك بەكەڵكی نەهاتبایە و ئاوەدانی لێ بایە خاپووری دەكرد.

[37]- شاروخ مرادی فەرماندەی هێزی ٢ی ڕێبەندان بوو كە سالی ١٣٧٣ لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ مەقەڕەكانیان بە ماشێن كەوتبووە سەر مین و شەهید بوو.

دا دوو پێشمەرگەمان بە ناوەکانی جەعفەر ئەحمەد پوور لە هێزی بەیان و مەنسوور فەقێ مینە لە ٢ی ڕێبەندان شەهید بوون. دوایی عەمەلیاتەکە ئەسیرەکە گوتی کە ئێمە لەنیوەرۆ ڕا دەمانزانی کە ئێوە لەوێن هەر بۆیەش ئامادەباش ڕاگەیەندرابوو. کەمینەکان تا سەعاتی ١٠ی شەوماینەوە بەلام هیچ هێزێك بە هاواریانەوە نەهات. دوای تەواو بوونی عەمەلیاتەکە بەرەو"بوبوکتان"پاشەکشەمان کرد و لەوێ را بۆ پشتی شاخی "قشلاق" رۆیشتین. بۆ بەیانی کۆبوونەوەیەکمان گرت و بە هەڵەکانی بەرێوەبردنی ئەو عەمەلیاتە دا چووینەوە لەوێرا بەرەو شاخی وەنەوشە و پشتی"ئایچی"وەرێ کەوتین و هەر لەوێ شەهیدەکانی شەڕی باغی شێخان بەخاك سپێردران. ئێوارەی ئەو رۆژە ١٥ی گەلاوێژ تیمی پێشرەومان چوونە نێو ئاوایی "قشلاق" لەسەر جادەی سەقز – بانە و دوایی تاقیکردنەوەی ڕێگا و بان و مەسیری هاتووچۆمان، هەمووومان چووینە نێو ئاوایی و نزیك ٣ سەعات لەوێ ماینەوە لەگەڵ خەڵکی ئاوایی قسەوباسمان کرد و کۆبوونەوەمان گرتن.

دواتر چووینە مەزراکانی ئایچی. رۆژی ١٦ی گەلاوێژ، سەعاتی ٩ی بەیانی دیدەبانەکەمان بە بێسیم پێیان ڕاگەیاندین کە هێزەکانی دوژمن هێرشیان کردووینە سەر. دەستبەجێ خۆمان کۆ کردەوە و چووینە لای دیدەبانەکەمان. بە پەلە و بە وردی کارەکانمان دابەش کرد و بریارمان دا تا هێزەکانی رێژیم نەگەنە چەند هەنگاویمان تەقەیان لێ نەکەین. سەعات ٩/٣٠ لە بەرزای یەکانی لای قشلاق و داوێنی چیای وەنەوشە شەڕێکی قورس دەستی پێکرد کە تا سەعات ١١ی کێشا لەو ماوەیەدا هەموو سەنگەرەکانیان پێ چۆل کرا و پتر لە ٣٠ کەسیان کوژرا و کەلاکیان لە مەیدانی شەڕگە دا بەجێما و چەك و چۆل و تەقەمەنی و بێسیمەکانیان دەستیان بەسەر دا گیرا.

سەعاتی ١٢ی نیوەڕۆ لە بێسیمێکیان دا کە گیرابوو کەسێك هاواری دەکرد: وەستا ئەحمەد... وەستا ئەحمەد وڵامم داوە" ئەمن پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتم وەستا

ئەحمەد لێرە نیە." گوتی: "ئەمن حاجی عومەرم.[38] با لەوە زیاتر براکوژی نەکرێ و ئێوەش بکشێنەوە بۆ وەستا مستەفا". ولامم داوە کە خەباتەکەی ئێمە رەوایە و ئەوە ئێوەی بەکرێگیراون کە لە رووی نەزانی و کالفامی و بۆ بەرژەوەندی خۆتان لوولەی چەکەکانتان لە ئێمە گرتووە و هێرشتان کردووینە سەر. زۆری باسی دێموکراسی و.......کرد تەنانەت گوتی تا جەمهوری ئیسلامی حاکم بێ ئێران دیموکراسی بە خۆیەوە نابینێ. وەرنەوەو.......

دیار بوو کە حاجی عومەر دەیەوێ کات بکوژێ و هێزە شکاوەکانی رێك دەخستەوە. منیش کە سەرم هەڵێنا دیتم هێزی رێژیم وردە وردە سەر دەکەوێتەوە بۆلای ئێمە، وازم لە قسەکردن هێنا حاجی عومەر بە تەوسەوە دەیگوت: "ها فشارو بۆهات" .گوتم ئەوە یەکەم جار نیە لەگەڵ هێزی بەکرێگیراوی رێژیم و ئەو گرووپە زەربەتە بەزیوەی تۆ بەرەو روو دەبین. دوو سەعات لەوەپێش دیتت چیان بەسەر هات و دیسانەکەش خۆ بە تاقیکردنەوە دەدەن؟ بێسیمەکەم کوژاندەوە دیتم چەند هەنگاوێکیان ماوە وەسەر کەون. ئەم جارە هێزێکی زۆریان خزاندبۆ گۆڕەپانی شەڕەکە و تۆپخانەیەکیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو.

ئێمەش خۆمان سازمان دابۆوە و چاوەڕوانی نزیك کەوتنەوەی هێزەکانمان دەکرد. کاتژمێری ١ی دوانیوەڕۆ تەقە دەستی پێ کرد. شەڕێکی گەرم و خوێناوی لە هەموو قۆڵەکان ڕا بەسەرمان دا سەپابوو. پێشمەرگەش بە ئاوری چەك و ئێمانیان گڕیان لە گیانی دوژمن بەردابوو. سەعاتی ٣ هێزەکانی دوژمن شکان و بۆ دواوە سەرەو خوار هەڵاتن و پاشەکشەیان کرد. ئەمجار وەك پیشەی هەمیشە تۆپخانە وەکار کەوت و بە خەستی سەنگەرەکانی ئێمەیان کردە نیشانە.

لەو هێرشەیان دا کەلاکی ٦٥ کەس لە هێزەکانی رێژیم لە شەرگەدا بەجێما و دەیان قەبزە چەکی جۆراوجۆر و تەقەمەنی بە دەسکەوت گیرا. لە هێزی گەلی

---

[38] - حاجی عومەر خەڵکی مێردەیی گەورکی سقز بوو فەرماندەی جاشەکان و زەربەتی ئەم گوندە بوو.

خۆڕاگر خوێن بەهای ئەم شەڕە ٥ قارەمان بەناوەکانی: سەعید ڕەحمانی سەرپەل، قادر ئەحمەد نیژاد لە هێزی بەیان، موزەفەر زارعی، حەسەن سەلبی و ناسر تەوەکولی لە هێزی ٢ی ڕێبەندان شەهید بوون.

قسەی خۆش با ون نەبێ پێشمەرگەیەکی برێك ڕەوانیمان هەبوو. ئەو ڕۆژە سەرپەلەکەی داوای لێ دەکا هێندێك تەقەمەنی بۆ جبهەی شەڕ لای پێشمەرگەکان بەرێ، بەڵام جواب ناداتەوە و سەرپەلەکەی زللەیەکی لێدەدا. ئەویش هەڵدێ، گرتبوویانەوە و هێنایان بۆلای من، لێم پرسی بۆکوێ هەڵدەهاتی؟ وتی: سەید ئەحمەد بە زللە لێی داوم. دەرۆم لە پاسگای میرەدێ شکایەتی لێ دەکەم. زۆر بەوە پێکەنین. گوتم چەك و ڕەختەکەی لێ وەرگرنەوە و برێك پووڵی بدەنێ با بڕواتەوە.

ئێوارە کە لەشاخ هاتینە خوارێ بێسیمە بەدەسکەوت گیراوەکەم هەڵگرت و گوتم حاجی چۆنی ئەوە بۆ وا شڵەژاوی؟ حاجی بە غەزەبەوە گوتی: "خوداش دەرەقەتی ئێوە نایە، مەگەر شیمایی یا ئاوی کوڵاوتووتان پێ داکەن..."

تا سێ ڕۆژی دیکەش لەگەڵ هێزی دووی ڕێبەندان و لە ناوچەی ئەوان ماینەوە. پاش ئەوە ماڵئاواییمان لێ کردن و بۆ ناوچەی بۆکان هاتینە خوارێ ئاگر بەسی نێوان ئێران و عێراق گۆڕانی تەواوی بەسەر ناوچەی کوردستان و بارودۆخی ئێمە هێنابوو.ڕێژیم هێزێکی زۆر و زەوەندی خزاند بووە کوردستان و جگە لەو هەموو پایەگا و زەربەتانەی دابنابوو بە هەزاران پاسداری لە بەرەی شەڕی ئێران و عێراق هێناوە کوردستان، دژی پێشمەرگە شەڕێ پێ دەکرد. ڕۆژی ٢٧ی گەلاوێژ لەپشت ئاوایی "باراوە" لەگەڵ هێزی پێشەوا یەکمان گرتەوە.

کومیتە شارستانی مەهاباد دوای جیابوونەوەی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر" تەواو لاواز ببوو. بەشێکی زۆری پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوا لەگەڵ ئەوان کەوتبوون.

بەڵام بوونی کەسانێکی وەك کاك عەوڵا شەریفی[39] کە ئەو کات بەرپرسی کومیتە شارستانی مەهاباد بوو، تروسکەی ئەوەی لێ دەهات کە زۆر زوو هێز و کومیتە ببووژێنەوە. هەر واش بوو، سال و نیوێکی نەخایاند کە هێزی پێشەوا گیانی هاتەوە بەر و بە گورتر لە جاران هێز و حزووری خۆی سەلماند. بەیانی رۆژی ٢٩ی گەلاوێژ لە پشتی کانی یە رەش لە دوو جێگا بۆ پشوودان لامان دا. ئەو رۆژە پێشمەرگەکانی "رێبەرایەتی شۆڕشگێر"لە بەیانی را لە چیای تەرەغە دا لەگەڵ هێزەکانی رێژیم دەرگیر ببوون هێزی یارمەتی دەری رێژیم  کە لە مەهاباد ڕا وەڕێ کەوتبوو لە "ئاش جانگیر" بەسەر پێشمەرگەکانی هێزی پێشەوادا کەوت و دەرگیر بوون. لە شەڕ و پێکدادانێکی ٢ سەعاتەدا، ژمارەیەك لە هێزی رێژیم کوژران و پێشمەرگەیەك لە هێزی پێشەوا بەناوی حوسێن محەممەد زادە شەهید بوو.

قسەی خۆش لەو نێوە دا ئەوەیە کە شەهید جەلیل رەحیمیان لە هێزی بەیان کە بی.کەی.سی پێ بوو تەقە لە چەند کەسی پێشمەرگە دەکا کە نازانێ ئی خۆمانن. لەو تەقە کردنە حەمەدەمین شریفی لاقی بریندار دەبێ، هەرچەند زۆر هاوار دەکا بەڵام دەنگی ناگاتێ و هەرچی هاوار داد، کوڕە ئەوە چ دەکەی؟

ئەهای هێزی پێشەواین!! بەڵام تازە کار لەکار ترازابوو لایەکی لاقی بی کەی سی هەڵی دڕیبوو دوایە هێنایان پانسمانیان کرد بەڵام تا ئێوارە درەنگ جنێوی بە هێزی بەیان دا!!!

دوای ئەوەی خۆمان پێچاوە، بۆ پشوودان چووینە پشت شاخی "قوشە هو". ئێوارەی رۆژی ٣١ی گەلاوێژ دەستەیەك لە پێشمەرگەکان بۆ هێنانی خواردن و کەل و پەلی پێویست چوونە "سیچامبلاغ" و گەڕانەوە. وا دیار بوو لە گەڕانەوە دا کە لە بێستانێك لادەدەن شوێن پێیان هەڵدەگیرێ بەیانی رۆژی یەکی خەرمانان ئەبووبەکر

[39] - عەولا شەریفی ساڵی ١٣٧٣ لەنێوان کاولان و کوران شەهید بوو.

جامەردی[40] كە نیگابان بوو بە بێ سیم پێی ڕاگەیاندین كە تویوتایەك لەو ڕێیەیی كە شەو پێی دا هاتووینەوە ولامان داوە. چەند كەسێك دابەزیون بە وردی شوێنەكە وشوێنی پێیان هەڵدەسەنگێنن. دواتر چوونە نێو بێستانەكە و پاشان گەڕاونەتەوە بۆ ئاوایی "كولیجە".

سەعات ١٢ی نیوەڕۆ هێزێكی زۆری ڕێژیم بە ماشێنی بێنز و ئوتوبوس ڕژانە كولیجە. هێزێكی ٥٠٠ كەسی ڕێژیمیش لە پشتەوەڕا بۆ پایەگای قوشەهوو سەركەوتن. ئێمەش كە سەرجەم ٩٠ كەس دەبووین خۆمان سازمان داو لە شوێنە ئاستەمەكان جێگیر بووین. زۆری پێ نەچوو كە هێزی ٧٠٠ كەسی ڕێژیم لە سێ لاوە پەلاماری داین. هێزی پێشەوا بۆ شاخێكی ڕووبەڕووی قوشەهوو كە نیگابانەكانی ئەوانی لێ بوو وەسەر كەوتن. لكی ٢ی هێزی بەیان شاخەكانی پشت سەرچاوەی قەمتەرێیان گرت. پەلێكی لكی ١ی ئێمە كە لەگەڵ كومیتە شارستان بوو. پەلەكەی دیكەش كە ١٦ كەس بوون لەگەڵ من ڕووبەڕووی قوشەهوو سەنگەرمان گرت.

لە پێشدا هێزەكانی ڕێژیم لە سەرچاوەی قەمتەرێ وەسەر كەوتن كە لەگەڵ بەرەنگاری لكی ٢ی هێزی بەیان بەرەوڕوو بوون. سەد كەسێك لە هێزەكانی ڕێژیم لە كولیجەڕا بۆ سیچانبلاغ وەڕێ كەوتن كە پێشمەرگەی لێ نەبوو. لە پایەگای قوشەهووش ڕا ١٠٠ كەسێك بۆلای نیگابانەكانی هێزی پێشەوا و ١٠٠ كەسێكی دیكەش بۆلای ئێمە پێشڕەوی یان كرد و باقی هێزەكەی ڕێژیم لە پایەگای قوشەهوو لە پشتی شەڕگە مانەوە.

ئەو هێزەی ڕێژیم كەتازە لە بەرەكانی شەڕی عێراق گەڕابۆوە، كۆك و پۆشتە بوو. هەموو تیم تیم كرابوون و چەك و چۆڵی هەركام لە تیمەكانیش جیاواز بوو. تیمی كلاشینكۆف، تیمی نارنجۆك، ئار.پی.جی و هەركام لە تیمەكان بە جیا و لەكاتی تایبەت دا دەهاتە پێش.

---

40 – ئەبووبەكر جامەردی ئەوكات سەرپەل بوو دواتر بوو بە جێگر لك و ڕۆژی ١٣٧٠/٤/٢٤ لەسەر جادەی سەقز – بۆكان شەهید بوو.

كاتژمێری ٤ی دوانیوەڕۆ هێرشیان بۆ هێزی پێشەوا برد كە تەنیا نیگابانـەكانیان لەو شوێنە بوون. شەڕێكی قورس لە هەموو قۆڵەكانـەوە ڕا بەسـەرمان دا سـەپا بـوو. هێــزی پێــشەوا دوای ســەعاتێك بــەرەنگاری پاشەكــشەیان كــرد و شــوێنەكانیان بەجێهێشت. هێزی زۆر و زەوەندی ڕێژیم و گوڕەگوڕی "الله اكبر"ی پاسـدارەكان لـەو شیوو ودۆڵە دا دیمەن و وێنەیەكی لە گێڕانەوە نەهاتووە.

پاشەكشەی هێزی پێشەوا كاریگەریی خراپی كردبووە سەر ئێمـە و بـەرەی شـەڕ. هۆكاری ئەمەش وەك ئاماژەم پێ كرد زۆربەی پێشمەرگەكانی لـە گـەل" ڕێبەرایـەتی شۆڕشگێڕ"كەوتبوون. لە شـەڕگەی لكـی یـەك شـەڕ هـەر درێـژەی هـەبوو. هێزەكـانی ڕێژیم سەعاتی ٥ بۆ لای ئێمە هاتن بە پێشمەرگەكانی بەری خۆمـان گـوت كەپاسـدار بە بەرامبەر پێشمەرگەدا بـێ ورەیـە و هـەر ئەوەنـدی دوویـان لـێ بكوژرێن ئـەوانی دێكە بۆ دواوە هەڵدێن. پێـشمەرگەكانیش تـا بڵێـی بـە بـاوەڕ و ورە بـەرز و شـەڕكەر بوون. لەپێشدا تیمێكی ٢٠ كەسی بۆمان هاتن. لێمان گەڕان تـا گەیـشتنە ١٥ مـیتری و پاشان لە هەموو لایەكەوە ئاورمان دان. لە چەند دەقیقـەدا هـەر هـەموویان كـوژران. چی وای تێنەپەڕی كە تیمێكی ٥٠ كەسی جێگای پڕ كردەوە. ئەوەنـدە خێرا هاتنـەوە پێش كە دەرفەتی دەسكەوت كـۆ كردنـەوە نـەبوو. بـارو دۆخەكـە دژوار بـوو. ئـەوان پەیتا پەیتا هێزیان بۆ دەهات و ئێمە بە ١٦ كەس تەنیا توانیمان بـە نارنجـەك پـێش بەهروژم و پێشڕەوی ئـەوان بگـرین. شـەڕ سـات بەسـات گـەرمتر دەبـوو. سـەعات ٧ی ئێوارە وەستا ئەحمەد بە بێ سیم پرسیاری كرد كە وەزعیەتتان چۆنە؟ وتم باشین و تەنیا برینداریێكی سووكمان هەیە. گوتم نارنجۆكمان لـێ بـڕاوە و لـەو شـەڕەدا تـەنیا نارنجۆكە كە دەیباتەوە و لە شەڕگە دا شوێن دادەنێ. بەرە بـەرە هـەوا بـەرەو تاریـك بوون دەڕۆی وەستا ئەحمەد بڕیاری پاشەكشەی دا. ٥ دەقیقە دوای پاشەكـشەی ئێمـە پاسـدارەكان كۆنـە سـەنگەرەكانی ئێمـەیان گـرت وجـۆرێ كردیانـە كارنـاواڵی شـادی و تەقـە و "اللـە اكـبر"كـە هـەر نەبێتـەوە. وەك بڵێـی بەنـدەری بەسـرە یـا بەغـدای

پێتەختی عێراقیان گرتبێ. ئوسوولەن لە هەموو شەڕەکان هەوا کە تاریک دەبوو ئێمە شوێنی شەڕەکەمان جێ دەهێشت ئەوەش تایبەتمەندی شەری پارتیزانی یە.

پێوەندیم بە وەستا ئەحمەدەوە گرت و باس وخواسی قۆڵەکانی دیکەی شەڕەکەم لێ پرسی کە گوتی ٣ شەهیدمان داوە و ئازاد رەحیم زادە ئەندامی کومیتە شارستان و عەزیز کیانی و عەلی تەنوومەند شەهیدەکانی ئەو شەڕە نا بەرابەرەن. منیش شوێن و پێگەی خۆمانم پێ گوت و گوتم کە چاوەڕوانی بڕیارین. دواتر لە شوێنی شەوی ڕابردوو یەکمان گرتەوە. شەهیدەکانمان سواری ولاغ کرد و بە دۆڵی "قزلجە"دا هاتینە خوارێ و بەرەو بەیرەم و بەرەجۆ، لەنێوان ئەم دوو گوندە لە شوێنێك بەناوی "پیر عەزیز" شەهیدەکانمان لە قامیشەڵان شاردەوە.

هێزی پێشەوا لەنێو ئەشکەوتەکان و هێزی بەیان لە خوارەوەی ئەوان. بوومەلێڵی بەیانی هێزی پێشەوا پێوەندی گرت کە شوێنی مانەوەتان گونجاو نیە و زوو بیگوێزنەوە. دەست بەجێ پێشمەرگەکانم لەخەو هەستاند و خۆمان خڕ کردەوە، چووینە لای هێزی پێشەوا و لە کەلێنە بەردەکانی شاخەکە خۆمان حەشاردا ٦ هێسترمان پێ بوون کە لە شیوێك دا بەستمانەوە. سەعات ١٠ی بەیانی پاسدار هەموو بەرزایی یەکانی دەورووبەری گرتبوو. دیار بوو کە بە شوێن پێی ئێمەدا دەگەڕان. ئێمە تەواو بێ فیشەك بووین.

هەر لەبەر ئەو نەبوونی تەقەمەنی یە لێیان گەڕاین و خۆمان دەر نەخست. لە لایەکی دیکەشەوە بێ تەداروکات و ماندووش، چونکی رۆژی پێشتر شەڕمان کردبو، پاسدارەکانیش پاش چەند سەعاتێك مانەوە لە بەرزایی یەکان هاتنە خوارێ و شوێنەکەیان چۆڵ کرد. بەدوای ئەوان دا ئێمەش بێ فیشەك و بێ نان و ئاو پاڵمان داوە و لێی گەڕاین.

لەخەودا بووم کە هەستم کرد شتێك لە پشت دەستم قورسایی دەکات. کە چاوم کردەوە دیتم مارێك بە سەر دەستمەوەیە، لە ترسی پێوەدانی مارەکە هەست وخوستم لەخۆم بڕی. کە سەری مارەکە لەسەر دەستم لاچوو، بە دەستەکەی دیکەم

بەردێکم بە دەستەوە گرت و هێواش لەسەر سەری مارەکەم دانا و دەستم لەژێر مارەکە دەر کێشایە دەر. سیگارێکم هەڵ کرد و دەمهەویست چەند دێرێك لە رۆژمێرەکەی گیرفانم دا بنووسم کە وەستا ئەحمەد بانگی کردم. خۆت کۆ کەوە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك و کاك عومەر باڵەکی[41] بچینە خوارێ چای لێ دەنێین، خۆمان پێچاوە و لە نەکاو دیمان کە چەند پاسدارێك بۆ شەخسەکەی پیر عەزیزلە گوندی"بەرەجۆ" وەسەر کەوتن رێك بەرامبەرمان دانیشتن. ١٥ کەس دەبوون. پاش ماوەیەك سێ کەسیان هاتە خوارێ چوونە ئەو شوێنەی شەهیدەکانمان لێ دانابوو بەڵام بە خۆشیەوە چاویان بە شەهیدەکان نەکەوتبوو، ئاویان هەڵگرت و گەڕانەوە.

تاریکانی ئێوارێ هێزەکانی رێژیم هەر لەوێ بوون. ولاغەکانمان بار کرد و شەهیدەکانمان سوار کرد. بۆ شەوێ هێزی بەیان رووی کردە گوندی"حاجی دەرێ"و هێزی پێشەواش چوونە"گراوێ" لای نیوەشەو لە نزیك شارەزوور یەکمان گرتەوە و بۆ شوێنی مانەوەی سبەی پشتی قالوێ نەخۆشخانەمان دیاری کرد.[42]

عەمەلیاتەکەی رۆژی یەکەمی خەرمانان لە چەند لاوە گرینگ و هەستیار بوو.

یەکەم: بەهۆی وەستانی شەڕێ نێوان عێراق و ئێران باسی ئەوە کرا کە خەباتی حیزبی دێموکراتیش تووشی وەستان و نسکۆ دێ کە ئەوە وەڵامێکی باش بۆ بانگەشەی کۆماری ئیسلامی و نەیارانی دیکەی حیزبی دێموکرات بوو.

دووهەم: ئەوەی شوێنی عەمەلیاتەکە و شەڕگە کە هەستیار بوو شوێنەکە لە چەقی بۆکان، میاندواو، مەهاباد بوو لەمێژ بوو لەو ناوچەیە عەمەلیات نەکرابوو و بە سەدان گوند و ئاوایی گوێیان لە گرمەی تۆپ و کاتیوشا و پەدافەندی ٢٣ میلیم دەبوو کە بە سەر کوڕانی دێموکرات دا دەباری.

سێهەم: ئەوەی کە هێزەکانی رێژیم لەو شەڕە دا هەموو کادرە شەڕکەرەکانی سپای پاسداران بوون کە لە بەرەکانی شەڕی عێراق ڕا هاتبوونە کوردستان. تێیان دا

---

[41]- ئەوکات کاك عومەر باڵەکی فەرماندە هێزی پێشەوا بوو.

[42]- نەخۆشخانەی حیزبی دێموکرات ماوەیەکە زۆر لە گوندی قالوێ بووهەر بۆیەش پێیان دەگوت قالوێ نەخۆشخانە.

هەبوو کەم ئەندام بوون و دەستیان لەشەڕدا پەڕیبوو کەچی تەشریفی هاتبوو بۆ شەڕی پێشمەرگە. یان تێیان دا بووکە لە نیویۆرك خوێندنی تەواو کردبوو کە بەقەولی خۆیان ریشەی "فیتنە" لە کوردستان دا بنبڕ بکەن. یەکێك لەوان بەدیل گیرابوو باسی ئەو کۆبوونەوەیەی دەکرد کە لە قەرارگای "همزالمشهد" بۆیان گرتبوون و پێیان گوتبوون کە چەند سەد کەسێك عێراقی لە کوردستان ماوەن ئەوانە دەبێ بکوژین و ئێوەش نابێ بە هیچ جۆرێك خۆ بەدەستەوە بدەن. لەراستی دا ئەو پاسدارانەی لەو رۆژە دا لەگەڵ هێزی پێشمەرگە شەڕیان کرد پێیان وابوو کە ئێمە عێراقین. هەر بۆیە شەری چاکیان کرد و وایان دەزانی کە زوو تەسلیم دەبین. تا ئەو کاتەش شەڕە تفەنگی ئاوایان لەگەڵ نەکرابوو. چونکی هەر بە موشەك و تۆپباران لێیان کوژرابوو. هەر بۆیەش کەم فریای دەسکەوت کەوتین جگە لە چەند چەکێك و ئەسیرێك.

ئەو رۆژە لە پشتی قالوێ پشوومان دەدا و سەعاتی ٢ی دوانیوەڕۆی رۆژی ٣ی خەرمانان بوو کە عوسمان شێخ چۆپانی (نیگابان) بە بێسیم پێی راگەیاندم کە ٣ تویوتا جاش و پاسدار لە گوندی قالوێی موعینی وەدەر کەوتوون چوونە شاخی "هۆمل". دەستبەجێ خۆمان سازمان دا و چەند کەسێکمان خۆمان گەیاندە لای عوسمان. لە گەڕانەوەدا جاشەکان پێشمەرگەکان دەبینن. هەر بۆیە بە دوو تویوتا توانیان ڕا بکەن. بەڵام یەکیان بێ تەقە خۆیان فڕێ دەدەن و هەڵاتن و ماشێنەکەیان بە جێما. هەرچی هەوڵمان دا ماشێنەکە هەڵ نەبوو. نزیك بە ٨ کەس بووین یەکمان شەمچەمان پێ نەبوو ئاوری دەین. پێشمەرگەیەکی هێزی پێشەوا بەناوی سۆفی لەم کاتەدا گەیشتێ، گوتی شەمچەتان دەدەمێ بەڵام بەو مەرجەی هەواڵی عەمەلیاتەکەی بە هاوبەشی لە ڕادیو دا بخوێندرێتەوە. زۆر بەوە پێکەنین...

رۆژی چواری خەرمانان ٦٧ بێ قڕە و کێشە لەگەڵ رێژیم شەومان دەکردەوە. بۆ شەوێ ئەحمەد قۆچاغی کە سەرپەلی یەکێك لە پەلەکانی لکی ٢ی هێزی بەیان بوو لەگەڵ پێشمەرگەیەك بە چەك و رەخت و بێسیمەوە هەڵاتنەوە و خۆیان تەحویل

ڕێژیم داوە. شەوانە کە لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە دەچووین دارێکمان بەدووی خۆمان دا رادەکێشا بۆ وەی شوێن پێمان ون بێ. رۆژی دواتر کە هێزمان هاتەسەر بۆمان دەرکەوت کە ئەحمەد قۆچاغی ئەوەشی لێ ئاشکرا کردبووین.

سەعات ٢ی دوانیوەڕۆی رۆژی ٥ی خەرمانان لەپشت گلۆڵانی سەرێ بووین کە دیدەبان هەواڵی هاتنی هێزی ڕێژیمی لە بۆکان و سەقزەوە پێ راگەیاندین. لە ماوەیەکی کورت دا هەموو بەرزایی یەکانی دەورووبەری خۆمان گرت وچاوەڕێی سەرکەوتنی هێزەکانی ڕێژیم لە شاخی بووین بەڵام نەیان وێرا بێنە پێشێ و لە دوورەوە بە تۆپ و خۆمپارە سەنگەرەکانی ئێمەیان بە خەستی ئاورباران کرد. ئەو تۆپ بارانە تا تاریکانی شەو بەردەوام بوو.

ئێوارە بۆ گوندی شێخ چۆپان داگەڕاین. جاشەکانی میردێ لە قەراغ ئاوایی خۆیان مات کردبوو. هەموو بێ ورە بوون و تا ئێمە دوای خواردنی شام لە ئاوایی دەرنەکەوتین، نەیان وێرا بچنە نێو ئاوایی. بۆ مانەوە بەرەو چۆمی سەرتوون وەڕێ کەوتین. سەعات ٣ی نیوەشەو گەیشتینە جێ کە ئەمیر قادری لە هێزی پێشەوا کە تیرباری پێ بوو رەگبارێکی لەدەست دەرچوو. پێشمەرگەکان کە تەواو ماندوو ببوون زۆر بەوە قەڵس بوون برێك جنێویان پێ دا و ئەویش کە زانی خەتابارە دەنگی لێوە نەهات و تا بەیانی پشوومان دا.

ئێوارەی رۆژی دواتر واتە ١٣٦٧/٦/٦ تیمێکی پێشمەرگەمان چوونە سیادەریی سەقز بۆ هێنانی خواردن. لەوێ کە گرووپی زەربەتی لێ دەبێ لە گەلیان تووشی شەڕ و پێکدادان دەبن. نەفەرێك لە هێزەکانی ڕێژیم دەکوژرێ تفەنگێکی ژ-٣ موزەلی بە دەسکەوت دەگرن و بێ تداروکات بۆلای ئێمە گەڕانەوە.

رۆژی ٧ی خەرمانان هەر لە سەر چۆمی سەرتوون ماینەوە و بۆ رۆژی دواتر چووینە بەرزایی یەکانی سەرتوون. سەعاتی ٦ی بەیانی ٨ی خەرمانان بە دەنگی تەقەی کەمینەکان لەخەو راپەرین و بە هانایانەوە چووین. ڕێژیم لە سەقز ڕا جاش و پاسداری وەسەر گێرا بووین. لە بانەش ڕا جاش ڕژابوونە دیوی ساوان. لە دوو

قۆڵەوە شەڕ دەستی پێکرد لە "سەرتوون" و پشتی ساوان. قورسایی شەڕەکە لەسەر ئێمە بوو. تا سەعاتی ١/٣٠ لەو قۆڵە دا شەڕ بەردەوام بوو. تۆمەز رێژیم تەنیا بۆ خافلاندنی ئێمە ئەو شەڕە لەو قۆڵەدا درێژ دەکاتەوە. دوایە دیتمان هێزێکی زۆر لە کەلیخانەوە هێرشی کردوینە سەر، بە پشتیوانی تۆپی ١٧٠ و ١٣٠ میلی میتری سەنگەرەکانیان بە خەستی تۆپباران دەکردین. ئەو هێزە بە ئەزموون و شەڕکەر بوو دیار بوو کە لە بەرەی شەڕی عێراق را گەڕابۆوە کوردستان. ئەگەر درەنگ وەخۆ کەوتباین کومیتەی شارستانیان تەفروتونا دەکرد. پەلێکی پێشمەرگەمان لە شوێنی کومیتە شارستان دانا و پاسدارەکان هەر بۆ پشتێ دەخوشین. تەقە لە هەموو لایەك بەردەوام بوو ئەو هێزەی رێژیم کە لە شەڕی عێراق گەڕابوونەوە، بەڕاستی ئازا و شەڕکەر بوون. کشانەوەیان نەبوو تا دەکوژران. لای ئێوارێ فیشەکمان روو لە تەواو بوون بوو ئەوانەی پێشمان بوون ژەنگاوی بوون و هەر ئەو رۆژە لەژێر زەوی دەرمان هێنابوون. وا دیار بوو یەکێك لە سندوقەکان کون ببوو فیشەکەکان ژەنگیان هێنابوو. لە دەیان، چواریان دەتەقی. لەگەڵ پاسدارەکان تێکەڵ ببوین و زۆرلە فیشەکەکانمان نیگەران بووین. هەر لە بەر دەرنەچوونی گوللە جەعفەر جەعفەر پوورمان شەهید بوو و ئەبوبەکر کەدخودایی بریندار بوو. بە هەرجۆرێك بوو هێرشەکەمان تێك شکاند. خۆمان بریندارەکەمان بۆ دواوە کێشاوە بەلام شەهیدکەمان هەر لەوێ لە مەیدانی شەڕگەکە بەجێمابوو. زوو فیشەکەکانمان گۆڕی. رێژیم سەرلەنوێ هێرشی هێناوە بەلام زۆر نەهاتە پێش و ماوەی یەك سەعات دوورە تفەنگ، شەڕ هەر درێژەی بوو.

سەعات ٨/٥ی ئێوارە لەگەڵ هێزی پێشەوا یەکترمان گرتەوە و بۆ شەو چووینە هەواری"حاجی شەریف".دوایش بە باسکە درێژەکەی پشتی"شێنان"دا بەرەو چۆمی بناوە رەشان لە پشتی موسێ وەڕێ کەوتین. پاش ٤ رۆژ پشوودان و حەسانەوەی لەو شیو و دۆڵە رۆژی ١٢ی خەرمانان لە شاخی سێوە سووری بانە لەگەڵ هێزی ئاربابا و زمزیران یەکمان گرت. لە کۆبوونەوەیەکی چوار قۆڵی لەنێوان ئەو هێزانەدا باس و

تاوتوێ کردنی بارودۆخی ناوچە بڕیار درا لەبەر زۆربوونی هێزەکان، بەشێك لە پێشمەرگەکانی هەر چوار هێزەکە لە سنوور نزیك ببنەوە. ڕۆژی ١٦ی خەرمانان لە ناوچەی رەبەت و لە "نێو کێل" لامان دابوو. سەعات ٦ی بەیانی هێزێکی زۆری جاش و پاسدار ڕژانە نێو ئەو ناوچەیە و هەموو بەرزایی یەکانی گرت. هەڵبەت بە شوێنی ئێمە و بوونی ئێمەیان نەدەزانی و تا چەند هەنگاوی کەمینەکانمان هاتنە پێشێ. بەڵام ئێمە بەهۆی ماندوویی "(ئیشتیاشمان لە شەڕ نەبوو) خۆمان لە شەڕ و پێکدادان پاراست.

ئێوارێ ئەو ڕۆژە لەجادەی سەردەشت — پیرانشار پەڕینەوە و بۆ بەیانی یەکەی گەیشتینە "دۆڵە کۆگێ" لەسەر سنووری ئێران و عێراق پاشان چووینە بنکەکانی کومیتەی سەردەشت لە سۆنێ و بۆماوەی ١٠ ڕۆژ لەوێ خەریکی پشوودان بووین. ڕۆژی ٢٦ی خەرمانان کاك مستەفا هیجری کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ بەرپرسان گرت بۆ ئەوەی ناوچە چۆل نەکرێ هەرکام لە بەرپرسان ڕاوبۆچوونی خۆیان لەمەڕ ئەو ئالۆزی ناوچە دەربڕی.

دوای ئەو کۆبوونەوە ١٠ پێشمەرگەی هێزی بەیان کە وەستا ئەحمەد بەرپرسیان بوو لەگەڵ ١٠ پێشمەرگەی هێزی ئاربابا گەڕانەوە بۆ ناوچە. مەبەست لەو گەڕانەوەیە ئەوە بوو کە هێزی  پێشمەرگە لەنێو خەڵك دا نەبڕێ و ئەگەر ڕێکەوت لە ئاخرەوە عەمەلیاتێك بکەن، وەستا ئەحمەد عەلاقەیەکی تایبەتی بە تیم هەبوو پێی وابوو لەو هەلومەرجە دا تیم باشتر دەتوانێ لەنێو خەڵك دا حزووری هەبێ. بۆ ئەو مەبەستەش سەریان لە زۆر گوند و ناوچەی بۆکان دا. ئێوارە ٦٧/٧/١٧ خۆر دوا تیشکی خۆی لە کێو و پێدەشتەکانی ناوچەی تورجانی بۆکان دەدا و لە کاتێك دا تین و گەرمای بەرەو کزی دەچوو، لە پشت کێوەکان ماڵئاوایی دەکرد و جێی خۆی بە تاریکی شەوە زەنگی پاییز دەدا.

وەستا ئەحمەد لەگەڵ ٣ کەس لەو دە کەسەی لەگەڵی بوون چاوەڕوان بوون هەوا تاریکتر بێ ئەمجارجەرگی شەو بدڕن و بۆ ئەنجامی کاری حیزبی بچنە نێو گوندی

"قاقلاوا". بەرە بەرە بێ دەنگی تەواو بەسەر ئاوایی دا زاڵ ببوو. دەنگی هیچ بوونەوەرێك نەدەهات. وەستا ئەحمەد لەگەڵ سێ هاوسەنگەرەکەی لە ئاوایی نزیك دەبنەوە بێ خەبەر لەوەی شەو پەرستانی دڵ رەش کەمینیان بۆ ناوەتەوە هەر کە دەگەنە یەکەم ماڵ لە هەموو لایەك تەقەیان لێ دەکرێ و لەم دەستڕێژەدا دوژمن دا کاری خۆی کرد. وەستا ئەحمەد برینێکی قورسی هەڵگرت. لەکاتێك دا بە کۆڵی هاوسەنگەرێکی یەوە بوو. سەر لەنوێ دەکەونەوە بەر گوللە و وەستا ئەحمەد بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لە حیزب و گەلەکەی دەکا و شەهید دەبێ. هاوسەنگەرەکەشی بریندار دەبێ.

شەهید بوونی وەستا ئەحمەد خەمێکی گەورە و کۆستێکی گەورە بوو بۆ هاوسەنگەرانی و خەڵکی ناوچەی و حیزبی دێموکرات. دەرکەوتنی وەستا ئەحمەد، لە مەیدانی کردەوەدا بوو بەهۆی ئەوە زۆر زوو بەرپرسایەتی پێ بسپێردرێ. وەستا ئەحمەد دەیان شەڕی گەورەی لەناوچەی بۆکان – سەقز – مەهاباد، فەرماندەری کرد. دەست بەسەر داگرتنی مۆڵگەی ترکاشە – مەڵلالەر - باغلووجە و نۆبار کە دوژمنی تەزاند بە فەرماندەهی ئەو شەهیدە نەمرە بوو.

وەستا ئەحمەد خۆشەویستی خەڵك بوو و دوژمن لێی دەترسا، چونکی دەیزانی حیزبی دێموکرات لە وەستا ئەحمەدی زەحمەتکێش، شۆرشگێرێکی شێلگیری رێگای دێموکراسی و مافی چارەنووسی ساز کردوە. رێژیم زۆر پیلانی بۆ گێڕا بەلام هیچ پیلانێك کاری تێنەکرد. تەنانەت خێزانەکەی خرایە بەندیخانە، بۆ ئەوەی بتوانن وەستا ئەحمەد بەچۆك دابێنن، بەلام ئەو زیاتر لە پێشوو ئیمانی بە خەباتەکەی بوو.

دوای گەڕانەوەی ئەو ١٠ کەسە بۆ ناوچە، ئەوانی دیکە لەگەڵ کومیتە شارستان گەڕاینەوە بۆ بنکە سابیتەکان لە قەندیل. لەوێ پاش جێگیر بوونمان دەستمان کرد بە کاروباری خانووبەرە ساز کردن و لە "ئینزێ" بۆ کومیتە شارستان و هێز بنکەمان دانا.

گەڕانەوە لە ناوچە و جێگر بوون لە بنکەی سابیت دەرفەتێك بوو بۆ خوێنـدن و بۆ خوێندنەوە. پێداچوونەوە بە کار و بەرنامەکانی رابردوو و بەخۆدا چوونەوە بـۆ گۆڕان و پێشڤە چوون. گەڕانەوەی زووی ئێمە بۆ دەفتەری سیاسی و جێگیر بوونمـان لە ناوچەی قەندیل و بنکەی سابیت هۆکاری خۆی هـەبوو. بـە گـشتی سـاڵی ١٣٦٧ بـۆ خەباتی چەکداری و پارتیزانی ساڵێکی دوژوار و ئەستەم بوو بەتایبـەت بـۆ چـالاکیی نیزامی لە ناوچەیەکی وەك بۆکان کە زۆربەی هەرە زۆری ناوچەکە پێدەشـتە. سـاڵی ١٣٦٧ لە ١٩٩٤ ئاوایی سەر بە کومیتەی شارستانی بۆکـان تـەنیا ١٥ ئـاوایی پایـەگای لـێ نەبوو یانی ١٧٩ گوند پایەگای رێژیمی لێ بوو ئەو گوندانەی پایـەگای لـێ نـەبوو لـە بـواری چـالاکی نیزامـی و سـتراتیژی یـەوە زۆر هەسـتیار و گـرینگ نـەبوون جیـا لـەوەش لـە چـەند ئـاوایی وەك جامـەرد، یەکـشەوە، رەحـیم خـان، قەرمووسـاڵی، حەمامیان، سەرا، شاریکەند، قورووچا، نۆبار و بەردەزەرد سەردەرئاباد، ساروقامیش، اغجێـوان، قەرەکەنـد و قەمتـەرێ بـەپێی بـڵاوی ئـەو دێیانـە لـە ناوچـەی بۆکـان دا گرووپـی زەربـەت تـەیار بـە چـەك و چـۆڵی مـودێڕن و هێـزی زۆری چـەکدار دامـەزرابوون. ئـەوە جیـا لـە گرووپـە زەربەتـە گـەورەکانی نێوشـار وەك ئـەبووزەر، قوللە، کولتەپە کە ئەو گروپانـە هەمیـشە ئامـادە بـوون تـا هـەر شـوێنی پێـشمەرگە دەرگیر بێ بگەنە سەری و پەلاماریان دەنێ. تەنانەت لە زۆر گونـد دوو پایـەگای لـێ بوو بەو حاڵەش هەر هێزی پێشمەرگە سەرکەوتنی مسۆگەر کردووە. زستانی ٦٧مـان بە بەشداری لە کلاسە سیاسی یەکان و وەرزش و شەونشینی لە کۆڕی یاران دا تێپـەڕ کرد. هەروەها لەو زستانەدا کومیتەی شارستانمان "تەرمیم" کـردەوە و سـەرلە نـوێ سازماندەهی نوێمان بۆ هێز کردەوە.

لە سازمانـدەهی نوێ لە زستانی ٦٧دا هێزمان کردە سێ پەل و یەك لکی بـاش. بـە دوای شەهید بوونی وەستا ئەحمەد عـەولا شـێنانی وەك فەرمانـدە هێـز دیـاری کـرا. دواتـر لە مانگی رەشـەممە کۆنفرانـسی کومیتـە شارسـتان گـیرا و سـەلاح پوورئەسـەد، ئەبووبەکر خـزری و بـرایم چـووکەڵی بـە ئەنـدامی کومیتـە شارسـتان هەڵبـژێردران

دیارە نەفەری ئاخر نووسەری ئەم دێرانە کاری فەرماندە لکیشی دەکرد. ئەو ماوەیە بۆ ئێمە زۆر بەسوود بوو کلاسە سیاسی یەکان کاریگەریی زۆریان لە چوونە سەری پلەی زانیاری پێشمەرگەکان هەبوو.

جیا لەوەش کە هەموو بەیانی یان خۆمان بۆ جەولەی وەرزش گەرم دەکردەوە و فوتبالْ و والْیبالْ وەرزشی سەرەکێی ئێمە بوون و هەر بۆیەش کاتی گەڕانەوەمان بۆ ناوچە هەموو ئامادەگیی جسمانی باشمان هەبوو.

لە نزیك بوونەوە لە نەورۆزی ساڵی ٦٨ کومیتەی شارستانی بۆکان و هێزی بەیان کەوتە جموجۆڵێکی زیاتر. بە بۆنەی هاتنی ساڵی تازە رێورەسمێکی تایبەتیمان بۆ بنەماڵەکانی نیشتەجێ لە ئینزێ بەرێوە برد کە بریتی بوو لە پەیامی سیاسی لەلایەن جەعفەر حامیدی یەوە پێشکەش کرا دوا جار بە گورانی و هەڵپەڕکێ ساڵی نوێ کرایەوە.

# ٨

ساڵی ١٣٦٨ ڕێژیم بۆ بەرەنگاریی هێزی پێشمەرگە تاکتیکی نوێ و جیاوازی لە ساڵانی پێشوو ڕەچاو کردبوو. تاکتیکی ساڵی ٦٨ی ڕێژیم تەنیا سیاسەتی کورد بە کورد بە کوشتدان بوو، لەنێو هەموو جاش و سەربازەکان دا تەنیا بێسیم چی غەیری کورد بوون. چ لە پێشمەرگە شەهید بایە و چ جاش سەرباز کوژرابایە هەر لە کورد کەم دەبۆوە، بەڵام سیاسەتی دروست و ئوووسولی حیزبی دێموکرات ئەو پیلانەشی پووچەڵ کردەوە هەر بۆیە لە شەڕ لەگەڵ پێشمەرگە زۆر زوو تەسلیم دەبوون.

ئێمەش وێڕای لێکدانەوەی ئەو تاکتیکە تەواو ئامادەگی جیسمانیمان هەبوو، پارتیزانێکی ئازا و بێباك کە هەرکاممان پێداویستی تەواوی خۆمان لە کۆڵە پشتی یەکانمان دا هەبوو. سەرەتای خاکەلێوە لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا هەلومەرجی دژواری خەباتی سیاسی و پارتیزانی و ئەرك و ڕۆڵی پێشمەرگە خرانە بەر باس و لێدوان. لە درێژەی ئەو زنجیرە کۆبوونەوەیەدا دوکتور قاسملوو ڕۆژی ٢٠ی خاکەلێوە سەردانی کومیتەی بۆکانی کرد و لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی دا بارودۆخی ئێران و کوردستان و هەلومەرجی خەباتی حیزبی دێموکرات دوای کۆتایی هاتنی شەڕی عێراق و ئێران شی کردەوە و لەسەر ئەرکەکانمان بۆ درێژە پێدانی خەبات بۆ سەربەستی و ئازادی دوا.

دوای کۆبوونەوەکە و خواردنی نانی نیوەڕۆ بە قسە خۆشەکانی ئێمەی بەجێ هێشت. ئەوە دواین دیداری  دوکتور قاسملوو لە گەڵ هێز و کومیتەی بۆکان بوو. بۆ یەکەم جار ساڵی ١٣٥٩ لە شاری بۆکان و لە مەیدانی فوتباڵ کە قسەی بۆ خەڵك دەکرد. دواتر لە زستانی ١٣٦١ وەك پێشمەرگە لە گوندی نۆبار کە بۆ سەردان هاتبووە ناوچەی بۆکان وینەی لەگەڵ هاویشتین.

له ساڵه‌كانی ٦٧ — ٦٨ هه‌ركات سه‌فه‌ری ئورووپای ده‌كرد یا ده‌گه‌ڕایه‌وه لكه‌كه‌ی ئێمه له هێزی به‌یان تا جێگای پێویست له‌گه‌ڵی ده‌چووین و ده‌مانهێناوه، زۆر جار ئه‌و پرسیاره‌ی لێ ده‌كردم كه بۆچی هه‌ر ئێوه بۆ ئه‌و مه‌ئموورییه‌ته ده‌نێرن. له وڵام دا پێم ده‌گوت:"كه وڵامه‌كه‌ی هه‌ر لای خۆته". ئه‌ویش هه‌موو جارێ ده‌یفه‌رموو هێزی به‌یان یه‌كێك له به نه‌زمترین و به دیسیپلین ترین هێزی حیزبی دێموكراتن. به‌هه‌ر حاڵ دوای كۆبوونه‌وه‌كه، بۆ سبه‌ینێ پێداویستی و كه‌ل و په‌لی پێویست بۆ گه‌ڕانه‌وه‌مان بۆ ناوچه وه‌رگرت و به‌و مه‌به‌سته‌ش كۆبوونه‌وه‌ی كومیته شارستانی بۆكان له رێكه‌وتی ٢٩ی خاكه‌لێوه له ئێنزێ گیرا.

بڕیار درا كه سه‌ره‌تا تیمێكی ٨ كه‌سی پێش له چوونه‌وه‌ی هێزدا بگه‌ڕێته‌وه ناوچه، بۆ وه‌ی بارودۆخی ناوچه هه‌ڵسه‌نگێنن. ئێمه ٨ كه‌س خۆمان ئاماده كرد به سنووری سوور كێوی بانه‌دا ئاودیوی كوردستانی ئێران بووین. رۆژی ٤ی بانه‌مه‌ڕ له‌ناوچه‌ی بۆكان بووین. ئه‌و رۆژه له پشتی تورجان جێگیر ببووین. رێژیم پایه‌گایه‌كی دیكه‌شی له تورجان زیاد كردبوو كه سه‌ر به سپای پاسداران بوو.[43] رێژیم متمانه‌ی زۆر به سپا بوو. ئێمه‌ش بڕیارمان دا به‌و تیمه ٨ كه‌سی یه له پایه‌گاكه‌ی سوپا بده‌ین. سه‌عاتی ٧ی ئێواره به ئارپیجی و BKC دامان گرت. ماوه‌ی نیو سه‌عاتێك ئاگرمان له سه‌ر پشت كردنه‌وه و دوای ئاوربارانه‌كه بۆ دواوه كشاینه‌وه. رێژیم ده‌ستی كرد به خۆمپاره‌بارانی ناوچه، به‌ڵام زۆرمان گوێی نه‌دایه و به دیوی ئاوایی "تایر بۆغه" دا سه‌ركه‌وتین و بۆ شام چووینه شێخ چۆپان. دوایی خواردنی شێو بۆ پشوودان چووینه قه‌راغ چۆمی سه‌رتوون، پاش حه‌وتوویه‌ك گه‌ڕاینه‌وه سولێمانی. كاك غه‌فوور هه‌مزه‌یی به‌رپرسی ده‌فته‌ری سولێمانی په‌یامی بۆ دوكتور قاسملو لێدا كه تیمه‌كه‌ی هێزی به‌یان له پایه‌گای تورجانیان داوه و به سلامه‌تی گه‌ڕاونه‌ته‌وه.

---

43 – ئه‌و شوێنانه‌ی سالآنی پێشتر پێشمه‌رگه‌ی زۆر بۆ ده‌چوو رێژیم پایه‌گایه‌كی سوپای لـێ زیاد كردبوو

دیارە ئەم عەمەلیاتە کە زۆر گەورە نەبوو بەڵام لە ساڵی ٦٨دا ئێمە یەکەم تیم بووین لە حیزبی دێموکرات دا کە چووبووینە قووڵایی ترین ناوچەی کوردستان و ڕێژیم بەوە حەساس بوو.

دوایی لە کۆبوونەوەیەکی دیکەدا بڕیار درا کە تیمێکی دیکە کە پێك بێ لە زۆربەی کادر و پێشمەرگەکانی هێزی بەیان، بگەڕێنەوە ناوچە.

ڕۆژی ٢٥ی بانەمەڕ ئەو تیمەش بۆ ناوچە گەڕاوە، ئێمەش ١٠ ڕۆژ دوای ئەوان گەڕاینەوە ناوچە و لە پشت ئاوایی بوبوکتان یەکمان گرتەوە.

بەیانی ڕۆژی ١٣ی جۆزەردان ١٣٦٨ کۆبوونەوەیەکی دیکەی کومیتە شارستان مان گرت. ڕاسپاردەکانی ئەو کۆبوونەوەیە چۆنیەتی چوونمان بۆ قووڵایی ناوچە و دابەشکردنی ئەرك و بەرپرسایەتی یەکانمان بوو. سەعات ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٤ی جۆزەردان نیگابان بانگی کردم و پێی ڕاگەیاندم کە جموجۆڵی نا ئاسایی لە پایەگای "کانی درێژ" دەبیندرێ. بە دوربین چاوم لە پایەگا کرد دیتم چەند کەسێك ئاڵایەکی ڕەشیان لە سەر خاکریزی پایەگاکە چەقاند. لەو کاتەدا سەلاحی پور ئەسەد رادیو تارانی گرتبوو کە ڕایگەیاند خومەینی سەرۆکی ئێران مردووە. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە دۆخی ئامادەباش دا بووین.

بەیانی ڕۆژی ١٧ی جۆزەردان لە پۆلە دارێك نزیك ئاوایی بوغدەداغی خەوتبووین کە بە دەنگی گۆرانی گوتنی مێرمنداڵێکی ١٤ ساڵە وەخەبەر هاتم کە گۆرانی یەکی ڕەزازی دەگوت.[44] دەنگ و باسی نێو گوندمان لێ پرسی و تا لەلامان بوو گۆرانی بۆ گوتین. ئێوارە تاریکان لە جادەی سەقز – بۆکان بۆ ناوچەی فیزوڵابەیگی پەڕینەوە ڕۆژی ١٨ی جۆزەردان چووینە نزیك ئاوایی"ئاڵبلاغ"لە مێژ بوو پێشمەرگە سەردانی ئەو ناوچەیەی نەکردبوو. هەر بۆیە حزوور و پێوەندی گرتنمان لەگەڵ خەڵك پێویستی یەك بوو. بۆ شەوێ دامان نا بچینە نێو ئاوایی ئاڵبلاغ. لەپێشدا ٤ کەسمان

[44] – ئەو مێرمنداڵە ناوی حەسەن بوو ساڵی ٧٦ نەفەرێکی بە چەقۆ کوشت و ڕای کردە کوردستانی عێراق. دواتر گیراو ڕاپێچکی ئێران کرایەوە و ڕێژیم ئێعدامی کرد

له‌جاده‌ی ساین قه‌ڵا- بۆكان ده‌په‌ڕینه‌وه و هێزیش به دوای ئێمـه‌وه بـوو. سـه‌عات ٧ی ئێواری بوو كه له نه‌كاو ماشێنێكی تویوتای هێزه‌كانی ڕێژیم له بۆكان ڕا بۆ گرووپی زه‌ربه‌تی یه‌كشه‌وه ده‌گه‌ڕاوه. له ته‌قه كـردن زیـاتر هـیچ ڕێگـا چاره‌یه‌ك نـه‌ما. لـه ٥ ده‌قیقه‌دا ٢ كه‌سی سه‌رنشینه‌كه‌ی كوژران و یه‌كیان به برینداری خۆی ده‌رباز كـرد و ماشێنه‌كه ئاگری تێ به‌ردرا. یه‌كێك له كوژراوه‌كان فه‌رمانده‌ی میحوه‌ر بـوو. رێـژیم تا به‌و هه‌واڵه‌ی زانی ئێمه زیاتر له ١٠ كیلومتر له‌وێ دوور كه‌وتبووینه‌وه.

بۆ سبه‌ی شه‌و چووینه نزیك گوندی كانی شـقاقان. بـۆ بـه‌یانی یه‌كـه‌ی سـه‌ردانی كانی شقاقان و حه‌ساربلاغیمان كـرد لـه هـه‌ردوو گونده‌كه یارمـه‌تیمان كـۆ كـرده‌وه. دیاره بۆ یارمه‌تی كۆكردنه‌وه تیمی تایبـه‌تیمان دیـاری ده‌كـرد له‌گـه‌ڵ كادره‌كـان ئـه‌م كاره‌یـان بـه‌رێوه ده‌بـرد و خـه‌ڵكیش بـه دڵخـوازی خۆیـان چـه‌ندیان لـه ده‌سـت هاتبـا یارمه‌تییان ده‌كرد.

ئێـواره‌ی رۆژی ٢٠ی جـۆزه‌ردان لـه جـاده‌ی میانـدواو — بۆكـان لـه نزیـك ئـاوایی "داشبه‌ند" ده‌په‌ڕینه‌وه كه به‌سه‌ر مێگه‌له مه‌ڕێك و سـێ شـوانی ئـاوایی دا كـه‌وتین. ئه‌وان پێیان وابوو چه‌ته و دزین و هه‌ربۆیه به هات و هـاوار بـۆ نێـودێ ڕایـان كـرد. هه‌رچه‌ند توانیمان یه‌ك له‌وان بگرین و تێی گه‌یه‌نین كه پێشمه‌رگه‌ین به‌ڵام ئه‌وانی دیكه خۆیان گه‌یاندبۆ نێو ئاوایی و خه‌ڵك تێكڕا بـه هـات و هـاوار رژانـه قـه‌راغ دێ. هه‌رچه‌ند خه‌ڵكه‌كه به شوێنی ئێمه‌یان نه‌زانی به‌ڵام هاواری "كوره بیگرن دز" رۆژه رێیه‌ك ده‌رۆی. له‌سه‌ر چۆمی"ته‌ته‌هوو"خه‌شابی چارده‌خۆره‌كه‌ی كاك عه‌وڵا شێنانی ون بـوو و ئـه‌وه‌ش بـۆ ماوه‌یـه‌ك مه‌حتـه‌لی كـردین دوایـه بـه‌نێوان گـردی قـه‌بران و هه‌باساوه‌دا چـووینه نزیـك ماڵـه‌كانی"چاوه‌رچـین".رۆژی ٢١ی جـۆزه‌ردان هـه‌ر لـه‌وێ بـووین. ئه‌گه‌رچـی شـوێنه‌كانمان نالـه‌بار بـوو، بـه‌ڵام بـه‌هۆی ئـه‌وه‌ی رۆژ ببـۆوه و نه‌مانده‌توانی ببزوێین هه‌ر له‌وێ ماینه‌وه. ئێواره شۆڕ بووینه‌وه بۆ دێـی "دونگـوز" تا هـه‌م شـێو بخۆین و هـه‌م یارمـه‌تی كـۆ كه‌ینـه‌وه. نزیـك سـه‌عات ١٢ی شـه‌و لـه دێ هاتینه ده‌رێ و به ده‌شته سووتاوی ئه‌خته‌تـه‌ر دا ملـی رێگامـان گـرت و بـۆ كاتـژمێر

٣ی بەیانی گەیشتینە بەرزایی یەکانی کانی پانکە. لەوێ و لەپشت ئاوایی، لەبەر ئاستەم بوونی شوێنەکە سەلاح مەحموودی مان کە سەرپەل بوو لەگەڵ پێشمەرگەیەك وەك نیگابان بە جێهێشت و بۆخۆشمان چووینە نێو بووزەکانی دەربەند. دەبوا تا سبەی ئێوارە لەوێ مابانەوە و خۆشیان دەر نەختسبایە. شوێنەکە جۆرێك بوو لە شاری بۆکان و هەموو ئەو گوندانەی دەورووبەر کە پایەگایان هەبوو دیار بوو.

لە ئەو گەشتەی ئێمەدا کە تا نزیك ساین قەڵا و لەولاش تا میاندواوی گرتبۆوە دەرکەوت کە تاکتیکی رێژیم تەواو گۆڕاوە. ئەو هێرشی نەدەکرد و هێزەکانی خۆی بەکوشتن نەدەدا. مەگەر ئەوەی جاش بخاتە شوێنمان و سیاسەتی کورد بە کورد بەکوشتن دانی هەبوو. ئێمەش وەك حیزبی دێموکرات لەناوچەی بۆکان شەوانە لە هەموو شوێنێك بووین و لە هیچ کوێ یەکیش دیار نەبووین.

ئێوارەی رۆژی ٢٢ی جۆزەردان چووینە گوندی جەموغە. لەوێ بیستمان کە سێ پێشمەرگەی حیزب لە"شێخلەر"شەهید بوون. دوایە دەرکەوت کە ئەو هەواڵە راستە و تاهیر حامیدی، ئەحمەد قادری و محەممەدی ئەحمەد شەم سێ کادری کومیتە ناوچە کە بۆ کاروباری تەشکیلاتی روویان لە گوندی"شێخلەر"کردبوو لەماڵێکدا دەوریان دابوون و پاش شەڕێکی قارەمانانە تەسلیمی رێژیم نەبوون و سەریان کرد بووە پردەبازی سەرکەوتن.

لە گەشتە سیاسی — نیزامی یەکانی دیکەشمان دا رێژیم هێرشی نەدەکردە سەرمان. رۆژی ١٤ی پووشپەڕ لە پشت ئاوایی "هەر مێلە"لە ناوچەی گەورکی سەقزپشوومان دەدا. لە مێژبوو گوندی"هەرمێلە"پێشمەرگەی بۆ نەچووبوو، پایەگا راست بە ماڵەکانەوە بوو زۆربەی پایەگاکان لەگەڵ داهاتنی تاریکی دەرکەیان پێوە دەدا و تا بەیانی کاریان بە دەورووبەر نەبوو. هێنێدك لە پایەگاکانیش بۆ بێ حورمەتی بە خەڵك شەوانە خۆیان دەخزاندە نێو ئاوایی. زۆر جار لەگەڵ پێشمەرگە تووش دەهاتن و خۆیان بە کوشتن دەدا.

ئێوارە خۆمان ئامادە کرد بچینە نێو دێ. تیمی پێشڕەو لە پێشدا چوونە نێو دێ و لای پایەگایان گرت. ئێمەش بە شوێنیان دا چووینە نێو دێ. لە دەوری پایەگا پێشمەرگەی پێویستمان دانا. دواتر کاتی گەڕانەوەی پێشمەرگەکانمان دیاری کرد و بەسەر ماڵان دا دابەش بووین. لەسەر سفرە دانیشتبووین کە نیگابان بە بێسیم ڕایگەیاند لەنێو پایەگادا جموجۆڵی نا ئاسایی هەیە. ئێمەش نیگابانەکانمان زیاتر و تەقویەت کرد. خەریکی نان و چا خواردن بووین کە تەقە دەستی پێ کرد ئێمە کە بە هاتنی گرووپی زەربەتمان نەزانیبوو، پێمان وابوو هەر ئەوانەی نێو پایەگاکە تەقە دەکەن و چونکی لە چەندایەتی هێزەکانیان ئاگادار بووین، زۆرمان گوێ پێ نەدا. بەڵام کە کار کەوتە شەڕە نارنجۆك و ئارپیجی زانیمان کە هێزی دیکەشی لێیە. تیم تیم لەنێو دێ دەر کەوتین. ئووسولەن درێژ کردنەوەی شەڕ لەکاتی ئاوەدا بە زەرەری پارتیزانە، دەبێ پارتیزان لەبیری داهاتوو (سبەینێ) دا بێ. هەر بۆیە بە باشمان نەزانی شەڕ درێژ بکەینەوە. زیاتر لە کیلۆمیترێك لە دێ دوور کەوتینەوە کە بەسەر پەلەکانم گوت هەر کەس پەلی خۆی جیا کاتەوە و سەر ژمێری بکەن. خۆمپارە بارانی شوێن پێ بە پێی ئێمە هەر دەهات و زیاتر دەبوو. لە نەکاو خۆمپارەیەك نزیك یەکێك لە پەلەکانمان کەوت و ٥ پێشمەرگەمان وەبەر پڕیشکە کەوتن. بە پەلە هەڵمان گرتن بەرەو کۆندوڵان شۆڕ بووینەوە. دیارە لەم کاتەدا پارتیزان دوور کەوتنەوەی هەرچی زووتربێ لە بەرژەوەندی دایە.

باش بوو برینەکانیان زۆر قورس نەبوو. هەر لەسەر بڕیاری ئێوارە، بە پشت ماڵانی "مەرخوس" را لە شاخی "وەنەوشە" نزیك کەوتین. لەبەر ماندوویی و شەکەتی زۆر حەزمان لە سەرکەوتن بۆ بەرزایی یەکانی وەنەوشە نەبوو. هەر بۆیەش لەنێو پۆلە دارێکی پشت ئاوایی "مەرخوس"دا خۆمان حەشار دا. کاتژمێری ٥ی بەیانی ١٥ای پووشپەر بوو پێشمەرگە خۆیان کردبۆوە هەرزوو لەبەر ماندوویی پرخەی خەویان بەرز بۆوە و منیش پاڵم دابۆوە بە دارێك و هێشتا تازە هەوا

بوومـەلێڵ بـوو. بـە دووربـین چاوم لـە دەورووبـەر كـرد، دیـتم لەسـەر بەرزایـەكان جموجۆڵە.

لای كوڕەكان دەنگم نەكرد و گوتم با برێك پشوو بدەن تـا هـەوا رووناكتر دەبـێ. دەمزانی كە بـە بـوونی ئێمـەیان لێـرە نـەزانیوە. نیگابـانی خۆمـانم ئاگـادار كـردەوە. هەوا تـەواو روونـاك بـوو. جاش و پاسـدار لەسـەر بـەرزایی یـەكان ئاوریـان كـردەوە. منیش لە بوونی ئەو هێزە زۆرەی دوژمن پێشمەرگەكانم ئاگـادار كـردەوە و خۆشمـان بـۆ هـەر جـۆرە هێرشـێكی چاوەڕوان نكـراو ئامـادە كـرد هێـزی رێـژیم بـەو نیـازەی پێـشمەرگەی لـێ نیـە داگەڕانـە نێـو دێـی "مـەرخوس". یـەكێك لـە پاسـدارەكان كـە بێسیم چیش بوو راست رووی كردە ئـەو شـوێنەی كـە ئێمـەی لـێ بـووین. لـەو لاش كـاك عـەولا شـێنانی دەچـێتە لای چـادراغەكەی خـاوەن زەوی یەكـە و لێـی دەپرسـێ دەنگ و باس چیە؟ كابراش كە تازە لە ماڵـێ ڕا هاتبوو بە ناخۆشی دەڵـێ: "ئەوە نیە هەموو جێیەكتان داگیر كردوە، نێو دێ، مووچـە و مـەزرا، شـاخ، ئیـدی كـابرا نازانـێ كاك عەولا پێشمەرگەیە تا كاك عەولا گەڕاوە تەقـە ساز بـوو. دەسـتەیەكم هـەر زوو رەوانەی بەرزایی یەكانی پشت سەری خۆمان كرد، ئەوانیش زوو جاشەكانیان راونا و چەند كەسیان لـێ كوژرا و بی.كەی.سی یەك و دوو كلاشینكۆف گیران. لـەماوەی دوو سەعات دا چەند بەرزایی مان لـێ ئەسـتاندنەوە و هێزەكـانی رێـژیممان لـەجێ دا لـە خوست خستبوو. سەر لەنوێ بە خۆمان دا چووینەوە و سـازماندەهی یـەكی نوێمـان كردەوە. بۆ ئەستاندنەوەی دوایین بەرزای یەكان پەلێكمان بۆ دەكەڵی "وەنەوشـە" و پەلێكی دیكەشمان بۆ پـشت ئایـچی وەڕێ كـەوتن ئـەو بـەرزایی یانـە زۆر هەسـتیار و ستراتیژی بوون. سەرپەلەكە زۆر خۆی لـێ نـەدەدا هەرچـەند ئـازاش بـوو بـەلام ئـەو رۆژە روون نـەبوو كـە بـۆ وا سـستە. دوای عەمەلیاتەكـە بـانگ كـراو لـەو مەوزووعـە وشیارمان كردەوە. دواتـر لەگەڵ پێشمەرگەیەك خـۆم گەیانـدە لایـان و تـێم گەیانـدن كە ئەو شوێنە زۆر ئاستەم و ستراتیژیكە و دەبـێ حەتمـەن لەبـەر دەسـتی خۆمـان دا بێ و لە دوژمنی بستێنینەوە. هۆی ستراتیژی بوونی ئەم شوێنە ئەوە بوو كە بەسەر

هەموو ناوچەکەدا دەیڕوانیە و بە دەست هەر کەسێکەوە بێ براوەی شەڕە. ئەوەش دەبێ لێرە دا باس بکەم ئازایەتی مەجید خەبات[45] ئەو رۆژە بێ وێنە بوو بە تیرباری C.K.B ئاوری لەسەر پشتی دوژمن کردبۆوە و ئێمەش بە پشتیوانی ئاوری C.K.B بۆ سەعات ١١ دەستمان بەسەر هەموو بەرزاییەکانی ناوچەی شەڕ داگرت و سەروخوار هێزی دوژمن ڕای کرد. ئێمەش لە جێگای ئەوان جێگیر بووین و چاوەڕوانی هێرشی دوژمن ماینەوە. لە کاتی گرتنەوەی ئاخرین بەرزایی، ئەبووبەکرکاکلی ناسراو بە (ئەبوو مەلّلا لەری) شەهید بوو.

سەعات ٣ی دوانیوەڕۆ گوردانێك جاش لە جاشخانەی "مێرەدێ"ڕا هاتنە خوار بەرزای یەکان، کە نەیان توانی پەل ببزێون و بێنە سەرێ. چی وای پێ نەچوو حاجی عومەری جاش کە فەرماندەیان بوو، گەیشتێ. پێشمەرگەکانم ئاگادار کردەوە کە ئەوان هر ئەو جاشانەن کە ١١ مانگ پێشتر لەم شوێنە ڕاوڕاوێنمان پێ کردن. هەر بۆیەش خۆمان لێ نادەن، بە تایبەتی بە کۆنترۆڵی بێسیمەکان ڕا دەزانن هێزی بەیانین. بەڵام لە سەنگەری قایم دا پەنا بگرن و ئەگەری ئەوە هەیە بە خۆمپارە لێمان دەن. هەر واش دەرچوو بە خۆمپارەی ١٢٠ میلی میتری دەستیان کرد بە کوتانی سەنگەرەکانمان. بەڵام دواتر هیچیان پێ نەکرا، بۆیە پێچایانەوە و رۆیشتنەوە. سەعاتی ٦ی ئێوارە تەرمی شەهید ئەبووبەکرمان هێنا خوارێ و بە باوەشی خاکمان سپارد. لەو شەڕەدا ٣٠ کەس لە هێزەکانی دوژمن کە زۆربەیان جاش سەرباز بوون کوژران و ٨ کەسیش بە دیل گیران دیارە پاش قسە بۆ کردن و روونکردنەوەیان ئێوارە دیلەکانمان ئازاد کردن. لەو شەرە دا دەیان قەبزە چەك و چۆل و تەقەمەنی یەکی زۆریشمان بە دەسکەوت گرتبوو. ئێمە لەو شەڕەدا جگە لە شەهیدێك زیانی دیکەمان نەبوو واتە کەسمان بریندار نەدا.

[45] - هەر رۆژێك دوای عەمەلیاتەکە مەجید خەباتم بە نووسراوە تەشویق کرد

ئەو عەمەلیاتە یەکەمین عەمـەلیاتی گـەورە لـە چـاو سـاڵانی پێـشوو بـوو ڕێـژیم یەکەم پـەلاماری بـوو بـە هـیچ جۆرێـك هێرشـی نـەدەکرد. ئـەو هێرشـەش بەسـەردا کەوت لەو نەقشە نیزامی یەی گرتمان چەند فلیش بە خودکاری سوور لێیـان دابـوو کە دوایی تەقەی شەو ئێمە لە" هەرمێلە"بەرەو وەنەوشە بچین کە دیـارە هـەر واش بوو وتووشی ئەم شەڕە هاتین.

دوایی شەڕەکە شەوێ بە پشت دێی مـەرخوس دا بـۆلای "کونـدوڵان" گەڕاینـەوە. بریندارەکانی شـەوی رابـردووی شـەرێ هەرمێلـەمان پـێ بـوو هـەر ئـەوەش خێرایـی یەکەمانی کەم کردەبۆوە. بـۆ سـەعات ٥ی بـەیانی ١٦ای پووشـپەڕ لـە پـشت کونـدوڵان بووین.

لای سەعات ٨ی بەیانی خەڵکی دێ هاتنە لامان. باس وخواس دێ و ناوچەمان لـێ پرسین. پاش ماوەیەك یەکێکیان گوتی من دەبێ بڕۆمەوە. گوتمان بۆ؟ خێرە؟ گـوتی دەچمەوە پایەگا و پێیان ڕاگەیەنم کە ئێرە پێشمەرگەی لێیە؟ پێمان وابـوو شـۆخی دەکا بەڵام ئەو پێداگر بوو و دەیگوت سوێند و تەڵاقیان داوین کە ئەگـەر پێـشمەرگە ببینین راپۆرت بـدەین، دەنـا تـەڵاقمان دەکـەوێ و سـوێند دەمـانگرێ. هەسـتا و ملـی ڕێگای گرت. لەگەڵ کـاك محەممـەد شـهروان چووین پێـشمان پـێ گـرت و بـە زمـانی خۆش پێمان گوت پێـت عـەیب نیـە شـتی وا دەڵێی،چۆن کـاری وا دەکـەی؟ لـەجیاتی ئــەوەی بڵێــی دەچــم نــان و خــواردن تــان بــۆ دێــنم و کومپــوت و کۆنــسێرت بــۆ بریندارەکان دێنم دەچی راپۆرتمان لـێ دەدەی؟ ئەدی ئەو بریندارانە نـابینی. دامـان نیشاند و گوتم کاکی برا بچۆو راپۆرتی خۆشت بدە با تەڵاقەکەت لـەجێێ خـۆی بـێ، بەڵام ئێستا نا، هەرکات ئێمـە لێـرە رۆیـشتین تـۆش بـچۆ. تـا ئێـوارە کابرامـان لـەلای خۆمان هێشتەوە. ئەوە یەکێك لە سیاسەتە چـەپەڵەکانی ڕێـژیم بـوو کـە بـە کـەڵکی خـراپ وەرگـرتن لـە هەسـتی مەزهـەبی و بـاوەڕی ئـایین یـا خـۆ کلتـوری ناوچـەیی ئامانجەکانی خۆی دەبردە پێش. ئێمەش وەك دژکردەوە ناچار بووین رای بگەیـەنین کە لە مووچەی هەر ماڵێك بین و بێتوو راپۆرتمان لـێ بدرێ، خاوەن مووچە خۆی یا

یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لە لای ئێمە دەبێ. ئەوەش بۆ ئەوە بوو ئەگەر ڕێژیم هاتبا روون بوو کە شەڕ و پێکدادان پێك دەهات و خاوەن موچە نە هێرشی دەکرد و نە دیفاع. هیچ ڕێگایەکی نەبوو لەوانە بوو بە قیمەتی گیانی یەکێك لە ئەندامانی بنەماڵەی تەواو بێ. ڕێژیم بەو پیلانە ناڕەوایە و لە ڕێگایەکەوە دژی شۆڕەسوارانی نەتەوەکەیان رایان دەگرتن کە بۆخۆشیان نەیان زانیبوو.بەو جۆرە ئیدی ئەو کەسە نەفس نزمانەش نەیان وێرا تەڵاق! بخۆن و راپۆرتمان لێ بدەن.

ئێوارە خۆمان پێچاوە و لە شاخی "وەستا مستەفا"ی پشت و پەنای تەنگانەمان وەسەر کەوتین و بە دیوی تورجان دا شۆڕ بووینەوە. ئەو ڕۆژە واتە ١٧ی پووشپەڕ ڕێژیم لە سەقز ڕا هێزێکی زۆری ناردبۆ "وەستا مستەفا" کە بە ناکامی گەڕابۆوە سەقز.

وەزعیەتی ناوچەی ئێمە وابوو کە هیچ کات پێمان خۆش نەبوو بریندارمان هەبێ چونکی سەراپای بەدبەختی بوو. بەهۆی ئەوە لە ناوچە سنووری یەکان دوور بووین هەرکات بریندارێکمان هەبوا ئینێرژی نیوەی هێزەکە بەوە سەرف دەبوو. چاوەڕوانی هێزی دیکەمان دەکردو لەناوچەی خۆمان دوور دەکەوتینەوە. دەبوا بریندارەکانمان بۆ شوێنێکی ئەمن راگویستبا. بە داخەوە هەلومەرجی ئێمە وابوو کە لە هیچ کوێ بۆکان جێگای ئەمن دەست نەدەکەوت. دەبوو هێزێکی دیکە هاتبا بریندارەکانی لێ وەرگرتباین یا هاوکارییان کردباین تا بۆ نەخۆشخانەمان بەڕێ کردبان. هەر بەو مەبەستەش چووینە دەورووبەری "مێرگە نەخشینە" و پێوەندیمان بە هێزی ئاربابەوە گرت. ئێوارە ١٩ی پووشپەڕ چووینە ئاوایی شێخان نەفەرێکمان بۆ شاری بانە رەوانە کرد کە هێندێك باتری و خواردن و کۆنسێرمان بۆ بێنێ. ئێمە گەڕاینەوە بۆ کانی کەوتم[46] ئەو نەفەرە شتەکانمان لە بانە ڕا بۆ دێنێ و کە هێزی ئاربابا دەچێتە شینان، ئەو کەسە راسپاردەکانی ئێمە دەدا بەوان.

[46]- ئەو شوێنە یەکەم جاربوو کە دەچووین وزیاتر لە ٥ پێشمەرگە ئەو شەوە لە کانیێیەکە کەوتن ناومان نا کانی کەوتم ئەوناوە تەنانەت لە پیامی رادیویش دا چەسپاو لەمەو دوا بەوە ناوی دەهات

هێـزی ئاربابـا دوایـی شـام لـه هـەورازی شـێنان سـەر دەکـەون و لـه نزیـك ئێمـه دەمێننـەوە کـه بـەیانی زوو جاشـەکانی بانـه پێیـان دەزانـن و تەقـەیان لـێ دەکـەن. ئـەوانیش وڵامیـان نادەنـەوە کـەل و پەلـەکان بـەجێ دێڵـن و بـۆلای ئێمـه دۆڵکێـشی دەکەن. جاش دێنه خوارێ و کومپووتەکانی ئێمه لەگـەڵ خۆیـان دەبـەن دەیکـەن بـه تەقەی خۆشی!!

لەگەڵ تەقـەی جاشـەکان ئێمـه لـه دەورووبـەری بـەرزایی یـەکان دامـەزراین کـاك کەریم سەقزی که ئەوکات بەرپرسی کومیتەی شارستانی بانه بوو یەکـەم کـەس بـوو هاته لامان. دوایی ئەحواڵ پرسی چۆنیەتی رووداوەکـەی گێـڕاوە. زۆری پـێ نەچـوو سێ هێلی کـۆپتێری رێـژیم هاتنـه ئاسمـانی ناوچـەکه و بـەبێ ئامـانج و سـیله گـرتن وڵاتیان دایه بەر راکێت و شەستتیر. لەو هێرشەدا کەس برینـدار نـەبوو. بـۆ بـەیانی بریندارەکانی چیای وەنەوشەمان بە عەولا سپیدارە(لە هێـزی ئاربابـا سـەرپەل بـوو) سپارد ئەوان بۆ دوو شـەو دواتـر لـه سـەر سـنوور کەوتنـه سـەر مـین و لـەوێ عـەولا سـپیدار، شـەهید و دوو پێـشمەرگەی دیکـەش برینـدار بـوون و برینـدارەکانمان بریندارتر ببوونەوە.

رۆژی ٢٠ی پووشـپەڕی ١٣٦٨ کەسـێکی خـەڵکی گڵـۆڵان مـان دی کـه لـه بۆکـان ڕا گەڕابۆوە گێرایەوە که پرسگەی (بازدیـدە) کـەی"قولقولـه"پێیـان گوتـوون شـیرنیمان دەنێ. وتبوویان بۆ؟ وڵامیان دابۆوە کە وتووێژی حیزب و دەوڵەتە؟!!

ئێوارێ ٢١ی پووشپەڕ له چۆمی بناوەرەشان بووین. بۆ بەیانەکەی جێژنی قوربان بوو چەند سەرمان مـەڕ کـری و سـەرمان بـڕین و لـەنێو پێـشمەرگەکان دا دابـەشمان کردن. کەس نانی پێ نەبوو. گوشتی بێ نان خـورا ئـەوکات رادیـو دەنگـی کوردسـتان ١٢/٣٠ بەکاتی تاران بەرنامەی بڵاو دەکردەوە سەعات ١٢/٤٠ بـەرەو کومیتـه شارسـتان چووم کە سەد میترێك لێمان دوور بـوون لـه رێگـا تووشـی کـەماڵ فـازلی بیـسیم چـی کومیتە شارستان بـوو دەهـات بـۆلای مـن، رەنگـی پێـوە نـەمابوو، گـوتی بـرایم رادیـو کوردستانت گرتووە؟ گوتم نا، بەڵام هەر بۆوە دەهاتم، تۆ بۆ وا تێکچووی؟

گوتی لە ئوتریش تەقەیان لە کاك دوکتور قاسملوو کردووە و دەڵێن بریندارە. تووڕە بووم و شڵەژام. گوتم ئێستا کەی کاتی شۆخی یە؟ گوتی بە خوێنی شەهیدان گاڵتە ناکەم و بەراستمە. رادیۆش بەرنامەکانی ئاسایی نیە. بە پەلە خۆم گەیاندە کومیتە شارستان. هەموو شڵەژاو و خەمبار بۆی دانیشتبوون و بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە بۆ یەکتریان دەڕوانی. بە چاوی پڕ لە ئەسرین و دڵی پڕ لە خەمبار گەڕامەوە لای پێشمەرگەکان. هەموو هەواڵەکەیان زانیبوو، روخساری هەموویان تەم گرتبووی. تا ئێوارە تەنیا بیرم لەوە دەکردەوە لەگەڵ ژانی ئەم کۆستە چ بکەین؟ حیزبی دێموکرات چی بەسەر دێ؟ زۆر جاریش ئەوەم بیر دەکەوتەوە کە دوکتور قاسملوو لە نامیلکەی کورتە مێژووی رێبەرایەتی دا گوتبووی کە، ئەگەر یەك یا چەند کەس لەو رێبەرایەتیی نەمێنین حیزبی دێموکرات هەر درێژە بە رێبازی خۆی دەدات. بەڵام دڵم بەوانە سوکنای نەدەهات.

سەعات ٥ی ئێوارێ ئانتێنی بێسیم مان لە حەوا کرد و پێوەندیمان بە دەفتەری سیاسی یەوە گرت، هەواڵی شەهید بوونی کاك دوکتوریان پێ داین. لەگەڵ هێزی ئاربابا کۆ بووینەوە، هەر لەوێ تێکڕا بەڵێنمان نوێ کردەوە کە رێبازی شەهیدی سەرکردەمان بەر نەدەین و درێژە دەری رێگای پڕ لە شانازیی ئەو بین. لەلایەن هەر دوو کومیتە شارستانەوە پەیامی هاودەردی بۆ دەفتەری سیاسی بەڕێ کرا.

ئێوارێ خۆمان پێچاوە و لە هەورازی چۆمی بناوەرەشان سەرکەوتین. رادیۆ هەواڵی کۆستەکەی دەخوێندەوە. هەنگاوەکانمان قورس ببوون. کەس قسەی لەگەڵ کەس نەدەکرد. هەموو لەنێو خۆمان دا بووین. من لە مێشکم دا بۆ وڵامی ئەو پرسیارانە دەگەڕام کە بۆ ساتێك لێم نەدەبوونەوە. شۆڕش چی بەسەر دێ؟ حیزب چۆن ئەو زامە گەورەیە هەتوان دەکا؟...

سەعات ٨ی شەو لە دۆڵی شێنان دەچووینە خوارێ. رادیو BBC (لەندەن) وتووێژ و راپۆرتی لەسەر ئەم رووداوە بڵاو کردەوە. بەیانی رۆژی ٢٣ی پووشپەڕ رێژیم بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی بۆ هەموو بەرزای یەکانی ناوچە کرد. ئەگەرچی خۆمان

دەرگــیری ئــەو هێرشــە نــەکرد بــەڵام ئامــادەگی ئــەوەمان هــەبوو کــە هەرچەشــنە پلامارێك تێك بشکێنین. رێژیم پێی وابـوو بـەم کارەسـاتە ئیـدی پێـشمەرگە هـەموو ورەیان بەرداوە و دەتوانێ وا سووك و سانا لەبەر یەکمان هەڵوەشێنێ.

رۆژی ٢٤ی پووشـپەڕ کومیتـەی شارسـتانەکانی بۆکـان و بانـە کـۆ بوونەوەیـەکی هاوبەشمان گرت و لەوێ بڕیار درا گەشتێکی سیاسی نیزامـی بـۆ ناوچـەی بۆکـان لـێ بدەین و لەگەل خەڵکی پێوەندی یـەکانمان زیـاتر بکـەین. مەبەسـتمان شیکردنەوەی پیلان و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی و هەڵوێست و رێبازی حیزبی دێموکرات بـۆ خـەڵکی بـوو تـا ورەیـان دانەبـەزێ و پێیـان وانـەبێ خـەباتی گـەلی کـورد و حیزبـی دێموکرات بەو کۆستە تووشی نسکۆدێ.

ئێواری رۆژی ٥ی گەلاوێژ لەپشت دێـی "کـانی درێـژ" مابووینـەوە. بڕیـار درابـوو بچینە "پیربادین" ئێواری بەرەو ئاوایی رێچکەمان بەست. لە نزیك ئاوایی بۆ خۆم و ٥ پێشمەرگە لەپێشەوە و هێزەکەش بـە دوامـان دا دەهـاتن. تۆمـەز گرووپـی زەربـەتی حەمامیان لەوێن و لە سێ لاوە کەمینیان بۆ داناوین. هەر ٦ کـەسمان بـە شـێوەیەکی تـەواو پـارتیزانی چـووینە نێـو دێ و بـە دەرگـای مـاڵێکی ناسـیاو چـوومە ژوورەوە و پێشمەرگەکان لەبەر دەرگای سەری کۆڵانەکە بوون. خانەخوێ کە منـی دی حەپەسـا، گوتی بە کوێ دا هاتی؟ گوتم بۆ؟ گوتی نێو دێ پڕە لە جاش و هەر ئێـستا جاشـەکان لە حەوشە بوون. بە پەلە هاتمە دەرێ. یەکێك لە جاشـەکانی تووشـی پێـشمەرگەکان دەبێ کوڕەکان داوای لـێ دەکـەن کـە خـۆی بەدەسـتەوە بـدا و چـەکەکەی دانـێ. لێـی چوومە پێش دوو پێشمەرگە لە دەوری بوون، لە پشتەوە لوولـەی تفەنگەکـەیم گـرت و بە پێشمەرگەیەك کە ناوی رزگار بوو گوتم تفەنگەکەی لـێ وەرگرن بیدەنـە پـێش خۆتان با لـەنێو ئـاوایی بـچینە دەر. بـە جاشـەکەم گـوت چـەند کەسـن؟ گـوتی: " ٣٥ کەسین، ئێوارە هاتووین و ١٥ کەسمان لە کەمین دان. من نەخۆش بـووم و هـەر بۆیـە ئاگام لـە هـاتنی ئێـوە نـەبوو". جاشـەکەمان لەگـەڵ خۆمـان هێنـا و لـەنێو دێ وەدەر کەوتین. لە دواوە تەقەمان لێکرا بەڵام خۆمان دەرگیر نەکرد و هاتینـە لای هێـز. بـە

پێی بریار چووینە پشت"ئینچکە"و لەوێ ماینەوە. دیارە ڕێگای دوو سەعات لە "پیر بادین"دوور کەوتینەوە. تازە جاشەکان هەستیان بەوە کردبوو نەفەرێکمان لەگەڵ خۆمان بردوە. بەیانی پاش قسە کردن لەگەل جاشەکە کە خەڵکی "باغچە مەشە"ی هەوشار بوو ئازادمان کرد. دەسکەوتوکەمان تفەنگێك و کەرەسەکەی ئەو جاشە بوو.

شەوێ دوای شام لە ئاوایی ئینچکە لەگەل هێزی ئاربابا بەرەو پشتی"قەرەگوێز"چووین و لە چیای حاجی کیمی ماینەوە. سەعات ٢ی شەو هەموو سەرپەلەکانم بانگ کرد و پێم گوتن کە بەیانی هەڵبژاردنی سەرکۆماری یە لە ئێران. بۆیە کەمینەکان بە قایمی بنێرن و بەیانی نیگابانی ئازا و باش لە شاخ بەجێ بێڵن، ئەوانیش ڕەحمان گەورکی و رزگار حەبیب زادە بەجێ دێڵن. دیارە هەردووکیان تا بڵێی ئازا و دلێر بوون بەڵام لەگەڵ ئەوەش خەو خەو وخەوخۆش. ئەو شەوە دوای کەمینەکان خەویان لێ دەکەوێتەوە تا سەعاتی ١١ی بەیانی فرپیان بەسەر دەورووبەر نابێ. هەرچەند هیچ رووی نادا بەلام نابێ لە پارتیزان شتی وا روو بدا. دوو شەو و رۆژی دیکە لەو ناوچەیە بووین. شەوی ٩ی گەلاوێژ لە جادەی سەقز – بۆکان پەڕینەوە و رۆژی ١٠ی گەلاوێژ چووینە ئاوایی "کەلتەگە". هەموو رۆژێ لە دێیەك و شەوێ لە جێیەك، قسەمان بۆ خەڵك دەکرد. گوێمان بۆ بیر و بۆچوونیان رادەگرت، پیلانەکانی رێژیممان لە قاو دەدان. خەڵك بە شەهید بوونی دوکتور قاسملوو زۆر زۆر غەمبار بوون دەیان پرسیاری جۆراوجۆر لەمەڕ شەهید بوونی لە ئارا دا بوو.

ئێوارەی رۆژی ١١ی گەلاوێژ بۆ دێی"دوکچی"وەڕێ کەوتین هێشتا بە تەواوی نەچووبووینە نێو ئاوایی کە رێژیم لە شاری بۆکانەوە هێزی ناردبۆوە خوار ئاوایی و تاریکان هجوومیان هێنا سەرمان.

خێرا خۆمان سازمان دا و بەر لە هەموو شتێك تەپۆڵکەکانی دەوری دێمان گرتن و لە گەڵیان کەوتینە تەقە. پاش سەعاتێك تەقە و پێکدادان، ئێمە بە سلامەتی رێگەمان بۆلای"کانی شقاقان"جیا کردەوە. لە کوژرانی دوژمنیش هەواڵێکمان نەبوو.

بەڵام ئێمە هەر دەبوو واز لەو شەرە بێنین چونكی ناوچە حەساس و ڕێگامـان دوور، درێـژ بوونـەوەی شـەڕ لـە بەرژەوەنـدی ئێمـەدا نـەبوو. ئـەو شـەوە ڕێگایـەكی دوورو درێژمان لەپێش بوو ئاوی خواردن دەست نەدەكەوت لای سەعات ٤ی بەیانی بـوو كـە چووینە شوێنێك بەناوی حەوت كانی یان.

حەوت كانی یان شوێنێك بوو كە حەوت كانی بەدوای یەكی لێ بوو. هەر بۆیەش وایان پـێ دەگـوت. ئێـوارەی ڕۆژی ١٢ی گەلاوێـژ بووینـە دوو دەسـتە و دەسـتەیەكیش چـوونە ئـاوایی"ئەسـپووغە"و لـەوێ چـاوەڕوانی ئێمــە مانــەوە. دوو دەســتەكەی دیكەشمان لەنێوان گوندەكانی داشبەند و مەڵلالەر هاتینـە سـەر جادەی میانـدواو — بۆكان.

هەر دەستەی لە شوێنی خۆی جێگیر بوون و چەند كەسێك دەستمان بە ڕاگرتنی ماشێنەكان كرد. بە دەیان ماشێن لەو شوێنە ڕاگیران و بۆ خەڵكەكە لەسـەر ڕووداوی تیرۆری دوكتور قاسملوو و ئاكامەكانی لەسەر خەباتی حیزب و نەتەوەی كورد قـسەم كرد. تا سەعاتی ١٠ی شەو لەسەر جادە ماینەوە و لەو نێـوەدا ١٣ كـەس لـە هێزەكـانی ڕێژیم بە دیل گیران و دوایی قسە كردن بۆیان، ئازاد كران.

سەعاتی ١٠ی شەو جادەمان بەجێ هێشت و لە گوندی ئەسپووغە یەكمان گرتەوە و بۆ پشوودان چووینە باغەكانی"خوراسانە".

ئێوارەی ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژ بووینە دوو دەستە. دەسـتەیەك چـوونە"سـێوەدین"و دەستەكەی دیكەش چـوونە خوراسـانە و محەممـەد شـەهرەوان و بـرایم چووكەڵی و عـەلی لالـە بۆكـاری تایبـەت چـووینە نزیـك گونـدی"تـازە قـەڵا"دوایـی ئـەو سـەردانە دەگەڕاینـەوە بۆ خوراسانە كە لە ڕێگا نـزیك ئەشكەوتی"موكری قران"[47] تووشـی دوو دانیشتووی گوندی خوراسانە بووین كە بە پەلە ڕایان دەكرد. پێمان گوتن چیە بۆ وا هەڵدێن و بۆ كوێ دەچن؟ وتیان كۆمـەڵێك چـەكدار لـەنێو دێـن و پـووڵ لـە خـەڵكی

47- ئەشكەوتی موكری قران لە نزیك خوراسانەیە و تا ئێستا پشكنینی تەواوی لەسـەر نـەكراوە. دەڵـێن كـەس نـەبووە تـەواوی ئەشكەوتەكەی گەڕابێ

وەردەگرن. نازانین جەردەن، چەتەن، دزن، كێن؟ زۆرمان پێ سەیر بوو. دەمانزانی كە پێشمەرگەكانی خۆمان لەنێو دێن و ئەدی ئەوانە دەڵێن چی؟ یەك لەوان كە گومان لێكراو بوو و لەسەر "پیاوخاسی"!ئەو كە بۆ خۆی قسەی لەسەر بوو دەستی كرد بە جنێودان و حورمەتی پێشمەرگەی تەواو بردە ژێر پرسیار. زۆرمان داوا كرد كە ئەو جنێو و قسە ناشیرنانە تەواو كا. بەڵام ئەو هەر نەی دەبڕییەوە. دەڵێن "كوتەك لە بەهەشتەوە هاتووە" بە زۆر بێ دەنگمان كرد و لەگەڵ خۆمان بۆلای دێ هێنامانەوە. لە نزیك دێ لەسەر ئاوی "بابە قەتار"[48] چاوەڕێی پێشمەرگەكان ماینەوە. سەعات ١٠ی شەو كە هەمووومان كۆ بووینەوە. ئەو كەسەی كە جنێو و بێ حورمەتی بە پێشمەرگە كردبوو لەگەل خۆمان هەلگرت و ئەوەی دیكەشمان ناردەوە ماڵە خۆی لە خوراسانە.

دوایە بە دەشتی "بانوان"[49]دا بۆلای كانییە رەش وەڕێ كەوتین. تا سەعاتی ٤ی بەیانی بەرێوە بووین. لە هەر جێیەك پشوومان دەدا كابرای جنێو فرۆش خۆی بە عەرزی دادەدا و خۆی دەهێنا حاڵی جاو. بڕینی ئەو رێگە دووروودرێژە (ئەویش بە دەشتی بانواندا) بۆ ئەو و بەتایبەت بەو پێڵاوە پاژنە بەرزە زۆر سەخت و دژوار بوو.

گەیشتبووینە پشتی كانی یەرەش، ئەو شوێنە زۆر سارد بوو. بە چلەی هاوین نەتدەتوانی لەوێ بێ پەتوو بخەوی. ئێمە هەموو كیسە خەوی خۆمان بە شانەوە بوو، بەیانی كە لەخەو هەستاین كابرا هاتە لامان. دیار بوو شەوێ لەسەرمان خەوی لێ نەكەوتووە و كەوشەكانیشی هەر بەو رێ بڕینەی شەوێ دڕابوو و بە زەحمەت هەنگاوی دەنا.

---

48 – بانە قەتار رووبەرووی خوراسانەیە و ئاوێكی سارد و خۆش و سروشتێكی دڵگیری هەیە. رۆژانی هەینی پڕ دەبێ لە كچان و كوران بۆ دەربڕینی رازی دڵ و زیارەت.

49 – دەشتی بانوان لەنێو عەزیز كەند و خوراسانە بەرەو عیلماباد دەرواو زۆر دوور و درێژە و رێگا رۆیشتنی زۆر ناخۆشە و تەواو هیلاك و شەكەت دەكا.

هاتە پێش و گوتی تۆبە سەد تۆبە تازە کاری وا بکەم. کورە وەڵڵا کەس لە ئێوە پیاوتر نیە ئەمن هەڵەم کرد. شەرت بێ بەشەرتی پیاوان تازە غەڵەتی وا نەکەمەوە تا پێشمەرگە بێتە ئاوایی یارمەتی بکەم و ...

تا ئێوارە رامان گرت و دوایە کە بەڵێنی دا دەست لە کردەوە ناحەزەکانی هەڵگرێ، ناردمانەوە. بەسەرهاتی ئەو شەوە هەموو شتێکی لەو کەسەدا گۆڕی و تا پێشمەرگە چووبایە خوراسانە ئەو کابرایە زۆرترین خزمەتی دەکرد و باشترین رێز و حورمەتی لێ دەنان.

قسەی خۆش ئەنبار ناکرێ. ئەو شەوە رەحیم پەرشەیی لە هێزی ئاربابا و جەلیل رەحیمیان لە هێزی بەیان بەدزی پێشمەرگەکانەوە دەچنە نێو بێستانێك دوو کوولەکەی گەورە دێنن لەکاتی پشوودان دا کە ماندوو و تینوو دەبن یەکێك لە کولەکەکان بەدزی پێشمەرگەکانەوە تا زگیان هەڵدەگرێ دەخۆن. لە ئاخری دا کە تێر دەخۆن دەڵێن ئەرێ ئەو کاڵەکە بۆ وا بێتامە. ئەوەی دیکەش دەیان کیلومیتر هەڵدەگرن، بەیانی لەخەو هەڵدەستن خۆشی خۆشی کاڵەکیان پێیە. تەماشا دەکەن کولەکەیە. بە یەکتر دەڵێن با بیشارینەوە نابێ هیچمان دەنگ بکەین بەخوا پێشمەرگەکان پێمان بزانن هێندەمان شۆخی پێدەکەن ئابڕووی هەزار ساڵەمان دەچێ....

شەوی ١٤ی گەلاوێژ لە کانی یەڕەش ڕا چووینەوە ناوچەی تورجان و دەستمان کرد بە گەشتی سیاسی نیزامیی بەرین و رۆژی ٢٧ی گەلاوێژ لە"سیادەریی سەرێ"لەگەڵ پێشمەرگەکانی هێزی ٢ی رێبەندان یەکمان گرتەوە. دوایە هەر ٣ هێزەکە پێکەوە لە جادەی بانە- سەقز پەڕینەوە و بۆ سەعات ٣ی بەیانی گەیشتینە دارەکانی قوڵقوڵە. بۆ بەیانی چەند سەر حەیوانمان کڕێ و لەنێو هێزەکان دا دابەشمان کرد. ئێوارەش بڕیار درا زۆر رێگا نەرۆین. هەر بۆیە ئەو رۆژە لە سەعاتی ١٠ی شەو کیسە خەومان لێ بلاو کردەوە پشوومان دا.

سەعات ٦ی بەیانی رۆژی ٢٩ی گەلاوێژ بوو کەمینـەکانمان لەگـەڵ هێـزی رێـژیم دەرگیر بوون. هێزی دوژمن تێك شکا و بەرگـەی هەڵمـەتی پێـشمەرگەیان نـەگرت و خۆیان دەرباز کرد و ئێمەش خۆمان گەیاندە کەمینەکان.

هـەوا بـەرەو روونـاکی دەچـوو. هێـزی رێـژیم خـۆی سـازمان داوەو لـە سـێ لاوە هێرشیان کردینە سەر، قۆڵێکیان لە "بنە خوێ"ڕا و قۆڵێکیان لەلای"پیرۆ مەڕان" را و قۆڵێکی دیکە لـە گەردەنـەی کەلیخانـەوە هێزیـان وەسـەر گێـراین. کاتـژمێری ١٠ی بەیانی لەهەر سێ قۆڵـەوە شـەڕ و پێکـدادان دەسـتی پـێکرد. قۆڵەکـەی لای کـەلیخان هەر زوو تێك شکان و تێکەوەمان پێچان. دوای ئەوە رێژیم هێزێکـی دیکـەی نـاردەوە سەر "مامرخان" کە تا ئێوارە هەر لەوێ مانەوە. لە قۆڵی "بنـە خـوێ" شـەڕ گـەرم و گـوڕ بـوو.تـا سـەعات ٨/٥ی ئێـوارە سـێ جـار هێرشـیان کـرد و هـەموو جارێـك بـە ژمارەیەك کوژراو و برینـدارەوە تووشی پاشەکشەمان دەکردن. لە قۆڵی "پیرۆمـەڕان" پشتەوە لای نیوەرۆ بوو کە هێرشێکی بەرفرەوان لـەژێر ئـاگری تۆپخانـە دەسـت پـێ کـرد کـە لـە جـێدا توشـی شـکان و تێکـشکان هـاتن. لـە حالێـك دا کـە بـۆ سـاتێکیش خۆمپارە باران و کاتیوشا بارانی رێژیم لەسەرمان نەدەوەستا و سێ هێلی کۆپتێریش تا ئێوارێ بەردەوام سـەنگەرەکانی پێـشمەرگەیان دەکوتـا. لـەو شـەڕەدا کـە پـتر لـە ١٤ کاتـژمێر بـەردەوام بـوو ٧٠ کـەس لـە هێزەکـانی رێـژیم کـوژران و ٧ کەسـیش بـەدیل گیران و چەك و چۆلێکی زۆریش بە دەسکەوت گیران.

بەداخـەوە قوربـانی رۆڵـەکانی دێمـوکرات ٣ پێـشمەرگە شـەهید بـوون بـە نـاوی قادری قادر راد و محەممەد شامحەممەدی لە هێزی بەیان و برایم فەزلی پێشمەرگەی هێزی ٢ی رێبەنـدان. هەروەها ٥ پێشمەرگەش مان برینـدار بوون.

تاریکانی ئێوارە بە تێکشکانی هێزەکانی رێژیم شـەڕ کۆتـایی پێهـات و دیلـەکانمان پاش روونکردنەوە ئازاد کردن.

دواتـر لە شوێنێك کۆ بووینـەوە و شەهیدەکانمان بەخاك سپارد. پاش دیاریکردنی نـاوی نهێنـی هاتوچـۆی شـەو تیمـی پێـشڕەو بـەرەو پـشتی "باینجـان" لـە ناوچـەی

سەرشیوی سەقز وەڕێ کەوتن و ئێمەش بە دوایان دا ڕێچکەمان بەست. لای سەعات ٤ی بەیانی لە مووچەکانی"باینجان"بووین ناوچەکە باش شارەزا نەبووین. سەعات ١٠ی بەیانی کە تەئمینی ڕێژیم وەدیار کەوتوون. لەبەر برینداراەکان پێمان باش نەبوو خۆمان ئاشکرا بکەین. خۆمان لەنێوان چەند گاشە بەردێك دا حەشار دا تا سەعاتی ٤ی ئێوارە کە هێزەکانی ڕێژیم ناوچەیان چۆل کرد.

نانمان پێ نەبوو یەرەڵ ماسی (سێوك)مان لەبن عەرزی هەڵ دەکەند و بە شیشی چەکەکانمان دەمان برژاند. ئێوارێ لە ڕێگای بانە — مەریوان پەڕینەوە و بۆ خواردنی نانی شەوێ چووینە گوندی بایندرێ.

شەو لە سنووری ئێران و عێراق نزیك کەوتینەوە و لە گوندی وێران کراوی "سێ کوچکە" لامان دا. بریندارەکانمان لەگەڵ چەند کەس ئاودیوی ئەوبەری سنوورکرد وبۆ خۆشمان لە چیای"پەڕەژل"و دەورووبەری جێگیر بووین.

یەکێك لە هەرە گرفتەکانی گەورەی هێزی بەیان لەم قۆناغەی خەبات دا ناردنی بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە بوو کە جاری وا هەبوو پتر لە ٧ ڕۆژی دەگرت. تەنانەت زۆر جار بریندارەکانمان شەهید دەبوون. ئەوەش بە هۆی بوونی هێزی بەیان لە قووڵایی خاکی کوردستان دابوو.

یەکێکی دیکە لە گرفتەکانی ئەو کاتمان تداروکات و خواردەمەنی ڕۆژانە بوو. ئەوکات سێ هێز پێکەوە لە جەولە دا بووین. زیاتر لە ١٦٠ کەس بووین و لە کەم گوندی سەقز تداروکات بەشی دەکردین. سەر سنووریش هیچ ئاوایی یەکی لێ نەمابوو لە لایەن ڕێژیمی بەعسەوە هەموو چۆل و خاپوور کرابوو.

شەوی ١٣٦٨/٦/٤ هێزەکانی کۆمەڵە سەعات ٣ی نیوەشەو هێرشیان کردینە سەر و هەر زوو نیگابانەکان لێیان وەدەست هاتن و پاشەکشەیان کرد. خۆمان پێچاوە و سەنگەرەکانی دەورووبەری خۆمان گرت تا ڕۆژ بۆوە. ئەو ڕۆژە تەقەی توورە تفەنگ تا ئێوارە بەردەوام بوو. لەو پێکدادانەی شەوێ پێشمەرگەیەکی مەڵبەندی ٢ بە ناوی سادق شەهید بوو و دوو کەسی کۆمەڵەش لەو شەڕەدا کوژران و ببونە قوربانی

سیاسەتی چەوتی ئەوان. دوایی چەند رۆژی دیکە بڕیاری گەڕانەوە بۆ قووڵایی ناوچەمان دا. لە باینجان هێزی ئاربابا بۆ ناوچەی خۆیان گەڕانەوە و ئێمەش لەگەڵ مەڵبەندی ٢ چووینە پشت ئاوایی "دەرەی ئاوی" ناوچەی سەرشیوی سەقز کە پێشمەرگەکانی مەڵبەندی یەك لەوێ بوون و خۆیان بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچەی خۆیان ئامادە کرد. تێکڕا بۆ شام چووینە گوندی "حەسەن سالاران". هەژدە رۆژ بوو پێشمەرگە لە هیچ ئاوایی یەك چێشتی گەرمی نەخواردبوو. دوایی شام بۆ شوێنی لە پێشدا دیاری کراو وەڕێ کەوتین. بەیانی دیمان کە هەر پێشمەرگەیەکی هێزی بەیان ٢٠ تا ٢٥ نانی لەگەڵ خۆی هێناوە. بۆ گێرانەوەش بێ باسی دەکەم، سەید محەممەد کە بەشی دەرمانی هێز بوو (ئێستا لە سوئێد دەژی) لەوماڵەی نانی شەوێی خواردبوو، نان بۆ سبەینێش دەپێچێتەوە. ژنی خانە خوێ دەڵێ کاکە گیان تا لای هێسترەکە بۆت هەڵدەگیرێ؟ سەید محەممەد دەڵێ: "دایە گیان هێستری چی! ئەوە هەمیشە بەکۆڵی خۆمەوەیە" ژنەکە پێی گوت: "ئەك دایکت کوێر بێ، خۆ ئەوە ولاغ نایتوانێ، تۆ چۆنی هەڵ دەگری؟!!

بەیانی کە هەستام لە خەو حەمەخان کە تەدارەکاتی گشتی مەڵبەندی ٢ی دەکرد لەبەر کۆڵە پشتی پێشمەرگەکانی هێزی بەیان! نانی کەمی پێ بڕابوو. چوو بووە لای کاك حەمە نەزیف قادری و محەممەد شەهرەوان شکایەتی کردبوو کە نابێ هێزی بەیان کۆڵە پشتی یەکانیان پڕ بکەن من هەموو تەدارەکات دەکەم. ئێمە بەوە رازی نەبووین، هەرکەس شتی خۆی هەڵدەگرت.

لە نزیك"چل چەمە"هاورێیانی مەڵبەندی یەك لێمان جیا بوونەوە و بۆ ناوچەی خۆیان گەڕانەوە. هێزی بەیان و مەڵبەندی ٢ بۆ چەند رۆژی دیکەش لە چل چەمەماینەوە. هەوا تەواو ساردی کردبوو بە جۆرێك بەیانیان نەماندەتوانی دەست و دەموچاومان بشۆێن، ١٥ شەوی هاوین مابوو ئێمە بە فرمان خوارد.

دوای کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە جارێ هەر دوو هێزەکە پێکەوە بمێننەوە و جەولەیەك بۆ سەقز لێدین پاشان بەرەو "دەرەهوان" و

"بنحانە" كەوتینە ڕێ. جەولەكەمان بە ناوچەی تێلەكۆ وخۆرخورە دا دەستی پێ كرد.

بۆ رۆژی ٢٢ی خەرمانان لە پشت گوندی"دەرتفێ"و"دەرەقوولێ"مابووینەوە. بڕیار درا هێرش بكرێتە سەر دوو پایەگای ئەم گوندانە و كەمینێكیش لەسەر رێگای خوڕخوڕە دابنێین كە گروپی زەربەتی لێ بوو. كاتژمێری ٦ی ئێوارە دوای دانانی كەمینەكە بە دوو دەستە هێرش كرایە سەر پایەگاكانی دەرەتفێ و دەرەقوولێ و لە هەموو لاوە خرانە ژێر رهێڵەی بارانی گوللەوە. مەبەست لەو عەمەلیاتەش كێشانی هێزی یارمەتیدەر بۆ پایەگا و لێدانیان لە خاڵەكانی كەمین دابوو بەڵام پاش چاوەڕوانی یەكی زۆر هیچ هێزێكی یارمەتیدەر بۆ پایەگاكان نەهات و ئێمەش سەعات ١١ی شەو كۆتایمان بە عەمەلیاتەكە هێنا و بە پاشەكشەیەكی رێك و پێك لە شوێنی شەڕە كە دوور كەوتینەوە و لە رووبەرووی قشلاق نزیك جادەی خوڕخوڕە ماینەوە.

هەرچەند مانەوەی چەند سەعات بۆ لە داو خستنی دوژمن زۆرە بەڵام رێژیم بە تەواوی لەم جۆرە تاكتیكانە زراوی چووبوو.

بەیانی رۆژی ٢٣ی خەرمانانی ٦٨ هێزێكی زۆری رێژیم بە ناوچە وەرببون و وا دیار بوو پێوشوێنی ئێمە كەوتبوون! بەڵام سەریان بە هەموو جێیەك و كەلێن و قوژبنێك داكرد و تەنیا نەهاتنە ئەو شوێنەی كە ئێمەی لێ بووین . ئێوارە بارگە و بنەیان تێكەوە پێچا و ئێمەش بۆ خواردنی نانی شەو هاتینە ئاوایی قشلاق.

رۆژی ٢٥ی خەرمانان كۆبوونەیەكی هاوبەشمان گرت و بڕیار درا كە دوو تیم بۆ نزیك شاری سەقز بەڕێ بكەین و لە هەر هێزەی چەند كەسێك ئامادە كران و هەر ئەو رۆژە بۆلای پادگانی سەقز وەڕێ كەوتین. بڕیار وابوو بە چەكی"B10"[50] لە پادگانەكە بدەین و دەستەیەكی دیكەشمان هێرش بكەینە سەر پایەگای"خەیر".

50- B10 لە ١٠٦م چووكترە زیاتر بە وڵاغ هات و چۆمان پێ دەكرد.

ڕۆژی ٢٨ی خەرمانان لە گوندی خەییر نزیک بووینەوە و ئێواریێ کاتژمێر ٧ دەستەیەك بۆ لێدانی پایەگای خەییر و دەستەیەکیشمان بۆ لێدانی پادگانی سەقز دەست بەکار بووین. لەو عەمەلیاتەدا ١٥ گوللە B10 لە پادگان درا و پایەگای خەییریش بە ئارپیجی و چەکی سووك ئاگرباران کرا. مەبەست لەو عەمەلیاتە تەنیا لێدانی ئەو دوو بنکەیەی ڕێژیم بوو، هەر بۆیە ئێمەش دوای ئەوە گەڕاینەوە لای پێشمەرگەکانی دیکە لە جەوشن.[51] ڕۆژی ٣١ی خەرمانانی ٦٨ لەگەڵ هاوڕێیانی مەڵبەندی ٢ بۆ سێ کوچکە گەڕاینەوە و چەند ڕۆژێك لەوێ پشوومان دا.

کۆمەڵە کە لە بوونی ئێمە لە ناوچە ئاگادار ببوو، کەوتبۆ جموجۆل بۆ ئەوەی هێرشمان بکاتەسەر. ئاخریش ئۆقرەیان نەگرت و سەعاتی ١٠ی شەو پەلاماری شاخی پەرەژالیان دا، کە دەستەیەك لە پێشمەرگەی ئێمەی لێ بوو تا سەعاتی ١ی نیوەشەو شەڕ درێژەی هەبوو و کۆمەڵەکان کەسێکیان لە خۆیان بە کوشت دا و ئاودیوی ئەو بەری سنووری عێراق کران.

لەگەڵ سارد بوونی هەوا ئێمە بۆ قەندیل و مەڵبەندی ٢ بۆ"قسڵان"بۆ بنکە سابیتەکانمان گەڕاینەوە. ئێمە ڕۆژی ٦ی خەزەڵوەر گەیشتینە قەندیل و جێگیر بووین و قۆناغی تێکۆشان لە بنکەی سابیت دەستی پێ کرد.

وەرزی پاییز و زستان مان بە گرتنی کۆبوونەوەی سیاسی، خوێندنەوە و وەرزش و سەفەر بۆ ئەم لاو ئەو لا تەواو کرد.

ساڵی ١٣٦٨ لەگەڵ ئەوەی کۆستێکی جەرگبڕ لە حیزب و بزووتنەوەی کورد کەوتبوو،بەڵام لەگەڵ ئەوەش تێکۆشان و خەباتی بێ وچانی پێشمەرگەکان بەرچاو و کاریگەر بوو. شوێنگەی حیزب و خەباتەکەی لە ناوچەی بۆکان تەواو تایبەت بوو. عەمەلیاتەکانی ئەو ساڵە لە ناوچەی بۆکان و گرتنی جادەکان دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی لەنێو خەڵکی ناوچەدا هەبوو. تاکتیکی ڕێژیمیش گۆڕانی بەسەردا هاتبوو.

---

[51]- لە گەڕانەوەدا پێشمەرگەیەکی مەڵبەندی ٢ بەناوی عەبە دەرەقولێ هەڵاتەوە خۆی بەدەستەوەدا دواتر یاغی بوو زۆری پێ نەچوو ڕێژیم کوشتی.

ڕێژیم سیاسەتی کورد بە کورد بەکوژدانی لە پێشەوەی ئامانجەکانی لە کوردستان دانابوو. نەی دەویست هێزە غیرە کوردەکان لە شەڕەکانی کوردستان دا بە کوشتن بدا، چونکە دەنگدانەوەی لە ئاستی ئێران دا گران بۆوی تەواو دەبوو. لەبەرامبەردا گرتنەبەری سیاسەتی دروست و بەوەختی حیزبی دێموکرات، وشیاری بەرزی پێشمەرگەکان، شەڕ نەکردنی سەربازە کوردەکان، ئازاد کردنی دیلەکانی شەڕ و تەبلیغات و بڵاو کردنەوەی شتی بەوەخت و بەجێی رادیو دەنگی کوردستان هەموو ئەو هۆکارانە بوون کە سەرکەوتنی زیاتریان بۆ هێزی پێشمەرگە و حیزب تۆمار کرد.

هێزەکانی ڕێژیم لەناوچەی بۆکان کە بەرەنگاری ئێمە دەبوونەوە زۆر پڕچەك وپۆشتە بوون و پێدەشتەکانی بۆ کانیان بۆ زەربە لێدان لە ئێمە دەکرد،ئەوان ئەگەر چی زۆر بوون بەڵام هیچ دەسکەوتیان دەست نەکەوت مەگەر بەهۆی کەمتر خەمی ئێمە ئەویش کە کەم هەڵدەکەوت.

هێزەکانی وەك گروپی زەربەتی ساین قەڵا، میاندواو، جارجارەش سەقز و نزیك بە ٢٠ گروپی تایبەت بە ناوچەی بۆکان وەك زەربەتەکانی نۆبار، سەردەرئاباد، شاریکەند، یەکشەوە، قەرەمووساڵی، جامەرد، ئاغجێوان، قولله، کولتەپە و ئەوبووزەر لە گەڵ هێزی زۆر و پڕ چەك بوونیان و هات و چۆیان لە پێدەشتەکانی بۆکان بەڵام لە بەرامبەر هێزی پێشمەرگەدا بێ ورە و خۆرانەگر بوون.

هێزی پێشمەرگەش تا دەهات پتر لە شێوەکاری خەباتی پارتیزانی دا شارەزاتر و بە ئەزموونتر دەبوو. شەهید بوونی دوکتور قاسملوو سەرەڕای جەرگبڕ و بەژان بوونەکەی بەڵام ورەی پێشمەرگە و باوەڕ بە خۆبوون و خەباتەکەی هەروا بەرز و بەرزتر راگرتبوو، لەم هەل و مەرجەش دا ڕێژیم هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە زۆرترین زەربە لە هێزی پێشمەرگە بدا بەڵام وشیاری و ئازایەتی ماندوو نەناسی پێشمەرگەکان هەموو تەرح و بەرنامەکانی ڕێژیمی یەك لەدوای یەك پووچەڵ دەکردەوە. ئێمە وەك هێزی بەیان ئەو ساڵە واتا ساڵی ١٣٦٨ زیاتر لە ٥ مانگ لە

قووڵاییی ترین ناوچەی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان دا بووین و لەو کاتە و ئەستەمەدا جگە لە هەڵسووڕانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات چاوت بە هیچ هێزێکی سیاسی ئوپوزیسیون نەدەکەوت. ئەوە تەنیا "سازیشکارەکان" بوون کە تەنگیان بە هێزەکانی ئیسلامی هەڵ چنیبوو، چەکی بەرگری لە خەڵك و هاونیشتمانانیان لە سەردەست و سینگیان قەڵغانی دوژمن بوو، بەسەر هێزەکانی ڕێژیم دا دەرووخان، زەربەیان لێدەدان و شەهیدیان پێشکەش بە دایکی نیشتمان دەکرد.

لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان نزیك ببووینەوە. جێژنی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە ساڵی ١٣٦٨دا لە قەندیل و لە بنکەی فێرگەی سیاسی – نیزامی حیزب دا بەڕێوە چوو. هێزی بەیان لە بەڕێوە بردنی ئەو جێژنەدا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕا، جیا لە هاوکاریی کۆڕی هونەری شانۆیەکی"تەنزمان"ئامادە کردبوو کە پێشتر ڕەزامەندیی سکرتێری حیزب، دوکتور سەعیدمان لەسەری وەرگرتبوو. ناوی ئەم شانۆیە"خانووە قوڕەکان"بوو کە سەرنجی بەشدارانی بۆلای خۆی ڕاکێشا.

دوای تەواو بوونی جێژنەکە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك، دوکتور سەعیدمان تا سکرتاریا هاوڕێ یەتی کرد. لەوێ لەگەڵ کاك سەعید چووینە ژوورێ. زۆری پێ نەچوو کاك"حەسەن شێوە سەڵی"[52] هاتە سکرتاریا. دوکتور شەرەفکەندی ئەمنی بە مەلا حەسەن ناساند و کەوتینە قسە و باس و لێدوانی سیاسی. دواتر من ماڵئاوایم خواست و لەگەڵ پێشمەرگەکان بۆ مەقەڕەکانی خۆمان گەڕاینەوە.

لەگەڵ نزیك بوونەوە لە وەرزی بەهار "تەرمیم"ی کومیتە شارستان واتە گرتنی کۆنفرانس و سازماندەهی نوێ دەستی پێکردەوە. لەو سازماندەی یە محەممەد

---

52– کاك مەلا حەسەن شێوەسەڵی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و فەرماندەری هێزی گیارەنگ بوو. ساڵی ١٣٦٦ لە پیلانێکی تیرۆریستی دا هەر دوو دەست و چاوەکانی لەدەست دا. ئەگەرچی من یەکەم جار لە سکرتاریا دیتم. بەڵام دواتر تا دەچوومە ماڵەکەی بە دەنگ دەیناسیمەوە ئەوکات لە ئینزێ زۆرم سەردان دەکرد و هەر دەمگوت سڵاو، دەیگوت کاك برایم چوکەلی هێزی بەیان بەخێر بێی. کاك مەلا حەسەن ئێستا لە وڵاتی سوئێد دەژی.

شەهرەوان وەك بەرپرسی كومیتە و كەریم سەقزی وەك فەرماندەری هێز، سەلاحی پوور ئەسەد، ئەبوو كانی یەرەشی و ئەمیررەسوڵ ئەندامانی كەمیتە شارستان ،عەولا شێنانی جێگر هێزو برایم چووكەڵی فەرماندە لك و چەند كەسی دیكەش وەك سەرپەل دیاری كران.

پێش ئەم سازماندەهی یە كومیسیونی كۆمەڵایەتی ١٦ كەس لە كەم ئەندامانی حیزبی كە منیش یەكێك لەوان بووم و ئەژنۆی راستم نەمابوو ناردە چاوپێكەوتنی وەفدێكی سوئێدی كە هاتبوونە بەغدا. لەو سەفەرەدا كاك"بابا عەلی مهرپەروەر" وەك بەرپرسی كومیسیونی كۆمەڵایەتی و بەرێوەبەری كارەكانمان بوو. دیارە دواتر من وازم لە چوونە دەرەوە هێنا و بۆ ناوچە گەڕامەوە.

# ٩

جێژنی نەورۆزمان گرت، تەقەمەنی پێویستمان بۆ ناوچە وەرگرت و خۆمان بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە ئامادە کرد. رۆژی ١٢ی جۆزەردانی ١٣٦٩ دوکتور شەڕەفکەندی سەردانی کومیتەی شارستانی بۆکانی کرد. سەعات ٩ی بەیانی بوو کە چووینە پێشوازی. دوای پشوودانێك و چا خواردنەوەیەك لە سالۆن کۆبوونەوەی بۆ گرتین. باسێکی تێر و تەسەل لە سەر سۆسیالیزم، بارودۆخی ئێران و جیهان، ئوپوزیسیونی ئێرانی، خەباتی نەتەوەکەمان لەگەڵ رێژیم، پوختەی وتە بەنرخەکانی دوکتور شەڕەفکەندی لەو کۆبوونەوەیە بوو. هەر ئەو رۆژە دوای سەرفی نەهار، بەرێکردنەوەی دوکتور بۆ گەڕانەوەی ناوچە ئامادە بووین. رۆژی ١٣ی جۆزەردان بەرەو ناوچە کەوتینە رێ. رۆژی ١٤ی جۆزەردان هێزو کومیتە بە "دۆڵە کۆگێ"دا سەرکەوتین و لە رێگای دەشتی "وەزنێ"ی سەردەشت ڕا بۆ ناوچەی خۆمان رێچکەمان بەست و رۆژی ٢٤ی جۆزەردان لە ویشکە شیوی مێرگە نەخشینە بووین.

رۆژی ٢٤ی جۆزەردان نیگابانمان لەسەر شاخی نەبوو. سەعات ١١ی لای نیوەڕۆ بوو کە بێسیمەکەم هەڵکرد، لەو بەری هێڵ یەکێك بانگی دەکرد "بەیان"، "بەیان" و زۆریش بەپەلە بوو. دەنگم ناسیەوە جەلال کۆخانی[53] لە هێزی ئاربابا بوو گوتی لە کوێن؟ گوتم لە "ویشکە شیوین".

گوتی کورە هەستن پشت سەرتان بە هێزی رێژیم گیراوە. زوو خۆمان پێچاوە و پەلەکانمان دابەش کرد. هێزێکی رێژیم بۆ دانانەوەی پایەگای "قەڵاگا" هاتبوون. هێزی ئاربابا لەسەرەوە و ئێمەش لە خوارەوە لێمان دان. لە پێکدادانێکی کورت خایەن دا کەلاکی سێ کەسیان لە شەڕگەدا بەجێما، یەکێکیشیان لێ بەدیل گیرا و

---

[53] - جەلال کۆخانی سالی ٧٤ کەوتە سەرمین لاقی پەری و ئێستا لە سوئێد دەژی.

ئەوانی دیکەش بەرەو مێرگە نەخشینە رایان کرد خۆیان لە کوژران رزگار کرد. دوایی ئەو شکستە هێزەکانی رێژیم ناوچەکەی خۆمپارە باران کرد و تاریکان دوای قسە لە گەل کردن دیلەکەمان ئازاد کرد و بۆ خۆشمان بە سلامەتی بۆلای گوندی "سیادەر" کشاینەوە. ئەمە دەسپێکی دەرگیری و پێکدادانی ئێمە وەك هێزی بەیان لەگەلْ رێژیم لە سالْی ١٣٦٩ی هەتاوی بوو. سبەی ئێوارەکەی بە مەبەستی خواردنی نانی شەو و تەداروکات بەرەو ئاوایی سیادەر وەرێ کەوتین کە کەوتینە بەر تەقەی پایەگاکەی ئەوێ. بەلام لە بەر دلْنیای پارسەنگی هێزەکەمان گوێمان نەدایە و دوای نان خواردن بۆ پشتی "غافوورەدێ" گەڕاینەوە و بۆ بەیانی هێزی ئاربابا لە ئێمە جیا بۆوە. پاش چەند رۆژ کاك کەریم مەهدەوی (سەقزی) تیمێکی ساز کرد تا لە گوندەکانی دەوروبەر نان وەکۆ بکەن و بیهێنن. بەلام پاش ماوەیەك بە دەستی بەتالْ گەڕانەوە چونکی جاش و پاسدار هەموو گوندەکانی تەنیبوو تا ئێمە بە برسێتی لەو کوێستانانە دا بمێنینەوە.

بەیانی ٢٧ی جۆزەردان کە سالْرۆژی دامەزرانی رادیو دەنگی کوردستانی ئێران بوو. ئەبووبەکر کانی درێژی سەعات ٦ی بەیانی بە پەلە لە خەوی هەستاندین کە هێرشمان کراوەتە سەر. جاش و پاسدار و "جندالله" لە هەموو شیو و دۆلْ و گوندەکان ڕا بەرەو بەرزایی هەلْدەکشان. هێشتا کیسە خەوەکانمان کۆ نەکردبۆوە کە تەقە دەستی پێ کرد و چەند کەسێك کە لەگەلْ ئێمە تێکەلْ بوون کوژران و ئەوانی دیکە سەرەو خوار ڕایان کرد. ئێمەش بەرەو لوتکەی بەرزای یەکانی نێوان کەلیخان و سەرتووتن هەلْگەڕاین. هەموو بەرزایی ناوچەکە گیرابوو تەنیا گولْە زەردان مابوو کە لێی جێگیر بین. لەگەلْ مسەفا دامەنگیر زوو گەیشێنە سەرێ. پاسدارەکان "لە کەلیخان"ڕا رووبەرووی ئێمە دەهاتن. ئێمە دوو کەس بووین و ئەوانیش زۆر. بە ناچار لە قسەمان گرتن و سەرقالْمان کردن، ٥ — ٦ دەقیقەی نەگرت پێشمەرگەکان گەیشنە لامان و شەڕ لەم قۆلْەوە دەستی پێ کرد. لە ماوەی نیو سەعات بە ژمارەیەك کوژراو و بریندار تا"دەکەلْی کەلیخان"رانەوەستان. ئێمەش خۆمان رێك

خـستەوە و شـوێنە ئاسـتەم و گرینگـەکانمان گـرت و چاوەڕوانی هێرشـی هێزەکـانی ڕێژیم ماینەوە. ڕێژیم سەعات ٨/٥ جارێك دیکە هەر لەم قۆڵەوە هێرشی کردەوە. لە شەڕێکی دەستە و یەخەدا کە زیاتر لە یەك کاتـژمێری خایانـد دیـسان تێـك شکان و هەڵاتن. ڕێژیم ئەو ڕۆژە سێ جاری دیکە هێرشی هێناو هەموو جارێ بەسـەر شۆڕی تێك دەشکا و نەیتوانی بستێك لە شوێنەکانی ئێمە داگیر بکا. دیارە هەر لە بەیانی ڕا ئێمە خۆمان بۆ شەڕێکی ١٥ سەعاتە ئامادە کردبوو. ڕێژیم لەهەر جارە پەلامارێك دا ژمارەیـەك کـوژراوی لـە شـەرگەدا بـەجێ دەهێـشت و پاشـان بـە تـۆپ و خۆمپـارە و کاتیوشـا سـەنگەری پێـشمەرگەی ئـاور بـاران دەکـرد. لـە سـەعاتی ٥ی ئێـوارە پۆلـە جاشێك بە "الله اکبر" گوتن لە ساوانی بانە را بۆ دەستەیەکی دیکە لە پێـشمەرگەکان سەرکەوتن، کە زۆر ئازایانە لێیان هاتنە دەست و لە شەڕێکی سـەنگەر بـە سـەنگەردا کە ٤٠ دەقیقەی خایاند بەچۆك دا هاتن و تا گوندی ساوان سەرەو خوار هەڵاتن، ئـەو شەڕ و پێکدادانە تا کاتژمێری ٩ی شەو درێژەی کێـشا. لـەو پێکدادانـەدا ٦٠ کـەس لـە هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندارەکانیشیان زۆر لەوە زیاتر بوو.

لە ئێمەش پێشمەرگەیەك بەناوی سولەیمان ئاگوشی خەڵکی پیرانشار شەهید بوو و ٦ پێشمەرگەشمان بریندار بوون. لەگەڵ ئەوەی ١٥ — ١٦ سەعات شەڕی بەردەوامان لەگەڵ هێزەکانی ڕێژیم کردبوو، ماندوو و شەکەت بەڵام ورە هەر بـەرز بـوو. دوایـی چۆڵ بوونی شـەڕگە لـە هێزەکـانی ڕێـژیم بڕیارمـان دا لەشـاخ بێنـە خـوارێ ومـاوەی سـەعاتە رێ یـەك لـە شـوێنی شـەرەکە دوور کەوتینـەوە سـەعات ١١ی شـەو بڕیـاری پـشوودانمان دا تـا سـەعاتی ١٠ی بـەیانی جگـە لـە نیگابـان کـەس جووڵـەی نـەکرد و لەخەو هەڵنەستا.

هەرچـەند خواردنمـان پـێ نـەبوو بـەڵام سـەرحاڵ بـووین. بـەیانی ڕۆژی ٢٨ی جۆزەردان دیمـان کـە ڕێـژیم هـەموو بـەرزای یـەکانی دەورووبـەری ئێمـە و شـەڕگەی دۆینێی گرتووە، بەڵام بە شوێنی ئێمەی نەدەزانی.

هێزەکانی ڕێژیم زۆر نەمانەوە و سەعات ١١ دەبوو کە ناوچەیان چۆڵ کرد و ئێمەش دەستمان بە چایی لێنان کرد.

ئێوارە چووینە هەواری حاجی شەریف و لەوێ ڕا لەگەڵ کومیتەی بانە پێوەندیمان گرت کە برینداره‌کانمان بۆ ئەوبەری سنوور بەڕێ بکەن. بریندارەکانمان بەڕێ کرد و بۆخۆشمان لەگەڵ هێزی ئاربابا بۆ ناوچەی بۆکان وەڕێ کەوتین.

ڕۆژی ٣١ی جۆزەران لەبن دارەکانی "تایر بوغە" دانیشبووین کە کەسێك لەنێو ئاوایی ڕا هات و گوتی: "لەندکروزێرێك کە وەك ماشێنی فەرماندەهی پاسداران دەچوو بۆ لای ببوکتان ڕۆی." پرسیمان هێزی دیکەی لەگەڵ نەبوو، گوتی نا.

خۆم پێچاوە بۆلای دیدەبانەکان سەر کەوتم و هەواڵ و باسی دەورووبەرم لێ پرسین. ئاگایان لە مەحمودی بێ زەواد نەبوو و ماشێنەکە گەڕابۆوە بۆ تایر بوغە. گوتم ئەو ماشێنە کەی هاتوە لە کوێ ڕا هاتووە؟ زۆریان لێ قەڵس بووم. زۆری پێ نەچوو بە دەیان ماشێن لە سەقز و بۆکانەوە وەدەر کەوتن و دۆڵی تورجان و کوندۆلان بە تەپ و تۆزی ماشێن داگیرابوو. خوارەوەم ئاگادار کرد کە خۆیان بپێچنەوە و بەرەو ئێمە هەڵکشێن. هێزی ڕێژیم لە ماشێنەکانیان دابەزین و بەرەو بەرزایی نێوان تورجان و تایر بوغە پێشڕەویان کرد وردە وردە بۆ لای ئێمە هەڵکشان. ئێمە بەرزایی یەکانمان گرتبوو و لێیان دامەزرابووین. هێزەکانی ڕێژیم لە قۆڵی تایر بوغە نزیك بوونەوە و تا چەند میتری کەس دەنگی لێوەنەهات لەپڕ درانە بەر دەسرێژ و ٤ کەس لە پێشەنگی هێزەکانی ڕێژیم کە لە پێشەوە بوون سێ یان کوژران و یەکیان بە دیل گیرا. کە ناوی ڕەحیم لە گوردانی" جوندواللە "ی سەقز بوو. ئەوانی دیکەش بەرەو دواوە هەڵاتن، جارێکی دیکە هێرشیان کردەوە بەڵام زۆر زەلیلانە بوو هیچیان بۆ نەکراو بەرەو دواوە کشانەوە.

لە قۆڵی تورجانەوە سەعات ٥ جاش بۆ بەرزایی یەکان هەڵکشان و شەڕێکی گەرم دەستی پێ کرد جاشان بەرگەیان نەگرت و بۆ دواوە پاشەکشەیان دەکرد. دوای هەڵاتن وەك پیشەی خۆیان بە تۆپ و خۆمپارەو کاتیوشا دایان گرتین. ڕەهێڵەی تۆپ

باران لە دوو لا ڕا بەسەرمان دا دەبارین وکەس نەیدەتوانی سەنگەرا و سـەنگەر بکـا. کەچی بەو حاڵەش هێزەکانی ڕێژیم ورەی هاتنە پێشێ یان نـەبوو. تاریکـانی ئێـوارە ئێمە شوێنەکەمان بە سلامەتی بەجێ هێشت و دواتر هێزەکانی ڕێژیم هاتنە جێگای ئێمە. ئێمەش دوای خۆ ڕێکخستنەوە بۆ سەعاتی ٤ی بەیانی خۆمان گەیانـدە نێـوان شێخ چۆپان و مێرگە نەخشینە. بۆ بەیانی یەکەی ڕێژیم هێزێکی زۆری خزاندبووە ناوچـە، بـەلام تێکهەڵـچوون و پێکـدادان رووی نـەدا. ئێمـە پێـشمەرگەیەکمان بـە بێـسیمەوە لەگـەڵ مێگەلـە مـەڕێك وەك نیگابـان دانـا. تۆپخانـەی ڕێـژیم وێڵـەکی ناوچەی داگرتبوو، ژیانی لە خەڵك تێك دابوو. تا ئێوارە تـۆپ بـاران درێـژەی هـەبوو دوای ئەوان ڕۆیشتنەوە و ئێمەش بۆ شام چووینە شێخ چۆپان هەر لەوێ دیلەکـەمان ئازاد کرد و دوای نان خواردن چووینە"کانی کەوتم".هێزی ئاربابـا لـەکانی کـەوتم ڕا لێمان جیا بوونەوە و ئێمەش بـە چۆمی بناوەرەشـان دا بـۆ "مەیـدان چـوغە" وەڕێ کەوین چەند ڕۆژێك لەوێ ماینەوە لکێکی هێزی پێشەوا لەوێ بوون ئەوانی دیکەیان لە دەوری مەهاباد بوون تا گەڕانەوەیان لەگەڵ ئێمە کەوتن. بەرپرسی کومیتەکـەیان کاك مستەفا مەولوودی بوو. پێکەوە بەرەو ناوچەی تورجان گەڕاینەوە.

ڕۆژی ١٣٦٩/٤/١٨ لە پشتی گڵۆڵانی خـوارێ خـەریکی پـشوودان بـووین. دوانیـوەڕۆ نیگابانەکان ئاگاداریان کردین کە لەنێو دێی گڵۆڵان ڕا جیبێکـی فەرمانـدەهی لەگـەڵ چەند کەس بۆلای ئێمە سەر دەکەون، گورج خۆمان بەست و بەرزاییەکانمان گرت و چاوەڕوان ماین بە تەواوی خۆمان نەدیو کردبوو چەند کەسێکیان لە پێشەوە زۆر بە ئەسپایی هەنگاویان دەنا. گەیشتنە ٥ میتری پێـشمەرگە لـە پـڕ دایـان گـرتن دوانیـان کوژران و ئـەوەی دیکـەیان تـوانی خـۆی ڕزگـار بکـا. دوای نیـو سـەعات لـە تۆپخانـەی "زرانـدۆڵ"[54] ڕا هێزێکـی زۆری ڕێـژیم ڕژانـە شـەڕگە و بـە خەسـتی تـۆپ بـارانی سەنگەرەکانی ئێمەیان دەسـت پـێ کـرد. بـەلام هێزەکـەی ڕێـژیم ورەی هاتنـە پێـشی

---

[54]- بەهاری ١٣٦٩ تۆپخانەیان هێنایە زیراندۆل و ٢٠٠٠ کەس هێزیشی لـێ بوو ئەو تۆپخانە ڕۆژ تا ئێـوارە وێڵـەکی مووچـە و مەزرای خەڵکیان ئاگر باران دەکرد.

نەبوو. لەگەڵ تاریك داهاتنی هەوا بەرەو گوندی کانی بەند داگەڕاین و بۆ خواردنی نان شەوێ لەوێ ماینەوە. دواتر سەعات ١٢/٥ی شەو ئاوایی مان بەجێ هێشت و بەرەو سەرتوون ملی ڕێگامان گرت. سەعات ٢ی نیوەشەو لە نیزیك چیای پیرچۆپان بۆ پشوودانێکی ٥ دەقیقەیی راوەستاین. پاش پشوودانەکە کەخەو و ماندوویی بەرۆکی بە بەرپرسان گرت، بڕیار گۆڕدرا. هەر لەبن چیای پیرچۆپان لە شیوێك لەژێر چەند پۆلەدار کیسە خەومان لێ بلاو کردەوە ١٥ کەسمان بۆ کەمین ڕەوانەی چیای پیر چووپان کرد. سەعات ٥ بەیانی بە قریشکەی تفەنگ و گرمەی ئار پی جی وەخەبەر هاتبوون و گوردانی "جوندوالله"ی سەقز کە ١٩ رۆژ پێشتر لە پشتی تورجان نەفەرێکمان بەناوی رەحیم لێ بەدیل گرتبوون هاتبوون بەسەر کەمینەکانی ئێمەدا کەوتبوون زوو خۆمان پێچاوە و بەرەو بەرزایی یەکان هەڵکشاین. هەموو شوێنێك بەدەست ڕێژیمەوە بوو جگە لە شوێنی کەمینەکان. ئەو گوردانە پتر لە ٢٠٠ کەس دەبوو تەنیا کوردێکی کرماشانیان لەگەڵ دا بوو. بە تیربار و قەنناسە لە هەموو لایەکەوە دایان گرتین. بەرە بەرە لەگەڵ ٦ پێشمەرگە بۆیان سەرکەوتین و پشتەوەمان لێ گرتن و لێمان دان. شەڕێکی زۆر گەرم دەستی پێ کردبوو. کەمینەکان لە پێشەوە و ئێمەش لە پشتەوە لە ماوەی ٢ سەعات دا لە گەمارۆمان خستن و شەڕ بە تەواوی بە قازانجی ئێمە سووڕا. لەو نێوەدا پتر لە ٢٥ کەس کوژران و ٩١ کەسیش بە دیل گیران ئەوانی دیکە بە هەر جۆرێك بۆیان کرا رایان کرد. سەعاتی ٨ی بەیانی شەڕ کۆتایی هات. ژمارەی دیلەکان لە پێشمەرگەکان زۆر زیاتر بوون. دوای ئەوەی چەند قسەیەکم بۆ دیلەکان کرد، بە سێ پێشمەرگەدا بۆلای کومیتە شارستانم بەڕێ کردن دیارە جێگای نیگەرانی نەبوو و هێچیان پێ نەدەکرا. دیلەکان باسی"رەحیم"یان کرد کە لە شەڕەکەی ١٣٦٩/٣/٣١ دا بەدیل گیرابوو. گوتیان رەحیم زۆر لە ئەخلاقی پێشمەرگە دواوە. گوتوویەتی رەفتاریان لەگەڵ ئەمن باش بووە. دواتر کومیتە شارستان لەسەر خەباتی کورد و حیزبی دێموکرات قسەی بۆ کردن و ڕوونی کردبوونەوەو پاشان هەموویان ئازاد کران.

سەعات ٨ بڕیار درا کە بۆ سەرتوون کە شوێنێکی ئاستەمە بکشێینەوە چەند پێشمەرگەیەك بە فەرماندەهی عەلی باڵەکی لە نیزیك پایەگای "ملەی کەڵەك" دانران تا برینداڕەکان و دەسکەوەتەکان بۆ چۆمی سەرتوون دەگوێزرێنەوە. منیش لەگەڵ چەند پێشمەرگە چووینە سەر جادەی مێرگە نەخشینە و پاشان پشتی "باوسینمان" گرت تا هەموو هێزەکە دەکشێتەوە لەو ماوەیەدا ڕێژیم هێرش دەکاتە سەر عەلی باڵەکی وان پاش تەقە و لێکدانێکی کورت سەنگەری پێشمەرگەکان دەگرن و لەوێ چوار پێشمەرگە زۆر بە هاسانی شەهید دەبن ئەوانی دیکەش بەرەو خوارەوە دەکشێنەوە خۆیان رزگار دەکەن. تازە فریاشیان نەدەکەوتین چونکە هێز بۆ سەرتوون هەڵکشابوو. ٤ پێشمەرگەی دیکەشمان لە گەرمەی شەڕەکە لە کاتی گرتنی ٩١ نەفەرەکە شەهید بوون.

لەو عەمەلیاتەدا سەرجەم ٨ پێشمەرگەی قارەمان بەم ناوانە شەهید بوون.

| | | |
|---|---|---|
| ١- عەل شەهابی | هێزی بەیان | سەرپەل |
| ٢- برایم جەهاندیدە | هێزی بەیان | پێشمەرگە |
| ٣- سالح شەریفی | هێزی بەیان | پێشمەرگە |
| ٤- محەممەد خانەخا | هێزی پێشەوا | پێشمەرگە |
| ٥- عەولا چراغ وارە | هێزی پێشەوا | پێشمەرگە |
| ٦- سەعید شکەنجە | هێزی پێشەوا | پێشمەرگە |
| ٧- برایم پور ئەسەد | هێزی پێشەوا | پێشمەرگە |
| ٨- خدر عربی | هێزی پێشەوا | سەرپەل |




-1عەلی شەهابی بە بریندارى. ٢-حەسەن قازى ٣- شەهید محەممەد عەلیزادە. ٤- برایم چوکەڵی. ٥- حوسێن ساڵحی. ٦- خاڵە حەسەن. ٧- جەلیل. ٨-؟. ٩ -عەلی کەسنەزانی. ١٠- هەواڵ. ١١- شەهید خالید باڵکی. ١٢- شەهید نادر وەزیری 13- مێهدی.




-1برایم جوکەڵی.٢- سەلاح. ٣- کەماڵ. ٤- جەعفەر. ٥- غەفور سۆفی. ٦- حەسەن.٧- هەواڵ -8چیای پیر چۆپان شەڕگەی ئەم شەڕە

چوار نەفەری یەکەم لەکاتی شەڕ و پێکدادانەکە شەهید بوون دیارە عەلی شەهابی بە بریندارى ٣ رۆژیش ژیا بەڵام دوایە بەهۆی برینی قورس شەهید بوو. چوار کەسی ئاخر لە بەرەی شەڕگە عەلی باڵەکی شەهید بوون. گوردانەکەی "جندالله"ش کە رێژیم لە ناوچەی پێی دەنازی تەفرو تونا بوو ئەوەی توانی ڕا بکا تفەنگەکەی لە شاخی پیرچوپان فڕێ دەدا و هەڵدەهات. ئەوانی دیکەش یا کوژران یا بەدیل گیران. لەو شەڕەدا سەدان قەبزە چەك و دەیان BKC سێ قەبزە خۆمپارەی ٦٠ میلیم بە دەسکەوت گیران.

سەعات ٨/٣٠ رێژیم هێزی زۆری لە سەقز، بۆکان، مەهاباد هێنایە ناوچەی شەرگەکە و لەولاشەوە تۆپخانەی "زێراندۆڵ" دەست بەکار بوو ئاوری تۆپخانە بەجۆرێك بوو لە یەك دەقیقەدا بە سەدان گوللە تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشا بەر کێوی پیر چۆپان دەکەوت کە تەنانەت هیچ پەلەوەرێك بەسەر ئەم چیایە نەمابوو و چەرە دووکەڵ ناوچەی نوقم کردبوو. تا سەعاتی ٩/٣٠ ئەم ئاوربارانە درێژەی هەبوو.

لەگەڵ مستەفا گڵۆڵانی لە پێشەوە چووینە لای سەرتوون و لەسەر بەرزایی یەك هێزی رێژیممان خستە ژێر چاوەدێری یەوە تا هێزەکەمان بەرەو چۆمی سەرتوون سەرکەوتن، هێزەکانی رێژیم سەعات ١٠ی بەیانی لە "ملەی کەڵك" بۆ پشت باوسێن هاتن بەڵام پاش ماوەیەك گەڕانەوە. ئەو رۆژە ٤ جار هاتن و گەڕانەوە و دەرگیری و پێکدادان لەنێوانمان دا رووی نەدا. ئێوارە بەپشتی مێرگە نەخشینەدا چووینە هاوینە هەواری گوڵی بەرکان. چوار بریندارمان هەبوو کە رێگە برینی ئێمەیان کول کردبوو. شەوی ٢٠ی پووشپەڕ هێزی ئاربابا هاتنە لامان و وێڕای پیرۆزبایی لە سەرکەوتنی عەمەلیاتەکە سەرەخۆشی یان بۆ لەدەستدانی شەهیدەکانمان کرد.

چاوم نەچووبۆ خەو کە دیتم عەلی بە هاشوو هووش شەڕەکەی بۆ کاك حەسەن قادرزادە (ئەوکات بەرپرسی کومیتەی بانە بوو) دەگێڕایەوە. چەند پێشمەرگە پێیان گوت سەری بابت لێی گەڕێ ئەو هەموو عەجەمەی تۆ کوشتت ئەوە ئێستاش هەر

كەلاكی دەبەنەوە. ئەویش بێدەنگ بوو و چووە لای ئاورەكە چایی یەكی هێناو خواردی یەوە. دوای ئەو عەمەلیاتە ئیدی بۆ ناوچەی خۆمان نەگەڕاینەوە. لەگەڵ هێزی ئاربابا بەسەر شیوی سەقزدا چووینە پشتی "حەوت تاش" و "سێ كوچكە". لەوێ برینداره‌كانمان بەڕێ كرد و خەریكی جەولەی سیاسی بووین.دیارە لەو ماوەیەدا ئێمە لە شوێنی چالاكی یەكانی خۆمان دووركەوتبووینەوە كە نەدەبوو وابوایە.

ڕۆژی ١٨ی گەلاوێژ لەگەڵ هێزی ئاربابا بەپێی گەڵاڵەیەكی لەپێشدا داڕێژراو هێرشمان كردە سەر پایەگای "قوڵەستێر" لە ناوچەی بابۆسی بانە.

ڕۆژێ پێشتر لە دەوری پایەگا خۆمان حەشار داو ئێوارە لە چەند لاوە پایەگامان دایە بەر مووشەكی ئارپیجی و بە دەیان گوللە ئارپیجی مان لە پایەگا هەڵكرد و دوایی ئەوە تیمی هێرشبەر پەلاماری پایەگایان دا. نزیك سەعات و نیوێك شەڕ و پێكدادان بەردەوام بوو بەلام پایەگامان بۆ نەگیرا و لە ئاكام دا لای سەعاتی ٩ی شەو بڕیاری پاشەكشەمان دا. ئێمە بە سلامەتی لە شوێنی عەمەلیات دوور كەوتینەوە. كاتژمێری ١٠ی شەو هێزی یارمەتیدەری ڕێژیم لە بانەوە گەیشتە شوێنی عەمەلیاتەكە و وێڵەكی ناوچەیان خۆمپارە و كاتیوشا باران كرد. دوایی ئەو عەمەلیاتە هێزی بەیان لە هێزی ئاربابا جیا بۆوە و ١٣ ڕۆژ دواتر لە (پەرەژاڵ)[55] لەگەڵ مەڵبەندی ٢ یەكترمان گرتەوە.

ڕۆژی یەكی خەرمانان هەواڵمان پێ گەیشت كە ڕێژیم بە نیازە هێرش بكاتە سەر چیای پەرەژاڵ. ئێوارە كارەكانمان دابەش كرد تێمێكمان لە پەرەژاڵ و ئێمەش لە بەرزای یەكانی بەرامبەر"هەرمێدۆل"كەمینمان ناوە.

لە سەعاتی ١٠ی شەو تا ٦ی بەیانی دەست لەسەر ماشەی تفەنگ چاوەڕوانی دوژمن بووین بەڵام هیچ خەبەرێك نەبوو. كاتژمێری ٧ی بەیانی ڕێژیم هێزی ناردە

55 - پەرەژاڵ شاخێكی بەرزە لە ناوچەی سەقز لە سنووری ئێران و عێراق هەڵكەوتووە.

پشت ئاوایی هەرمێدۆڵ، بەڵام لەوە زیاتر نەهاتە پێش. بۆ ماوەی ٢ رۆژیش دەستی لە تۆپبارانی ناوچەكە هەڵنەگرت تا ئێوارە هەر چاوەڕانی هێزی دوژمن ماینەوە، دواتر كە هیچ خەبەرێك لە هاتنیان نەبوو گەڕاینەوە لای كومیتەی شارستان.

پاش دوو رۆژ پشوودان بۆ مەئموورییەتێكی هاوبەش لەناوچەی دیواندەرە ٢٥ كەس هێزی بەیان و ٢٠ كەس لە مەڵبەندی ٢ هەڵبژێردران. باقی هێز لەگەڵ مەڵبەندی ٢ لەسەر سنوور مانەوە، ئێمە لە جادەی سقز — مەریوان پەڕینەوە و بە "چلچەمە"دا بەرەو شانەشین هەڵگەڕاین كە لە ناوچەی دیواندەرە هەڵكەوتووە و هەوایەكی زۆر ساردی هەبوو.

ئێوارە ٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٦٩ لە یەكەم گوندی دیواندەرە واتە "دۆزەخ دەرە" نانمان خوارد. شیوەزاری ئێمە لەگەڵ قسە كردنی ئەوان جیاوازی هەبوو. خەڵك زوو هەستیان كرد خەڵكی لای موكریانین. زۆر لەمێژ بوو كە پێشمەرگە روویان لەو ناوچەیە نەكردبوو چەند رۆژێك لە دێهاتی ئەو ناوچەیە وەك دۆزەغ دەرە، عەنبەربۆ، گیزملی سەری و گزملی خواری، تەوەكلان و گورجی لە سارالّی دیواندەرە جەولەمان لێدا. رۆژی ١١ی خەرمانان بە دوو دەستە دابەش بووین دەستەیەك بۆ ئاوایی تەوەكلان و دەستەیەكی دیكەمان بۆ گورجی. پێشمەرگەكان بەنێو ئاوایی دا بلاو ببونەوە و لای ئێوارە بوو كە ژنێك لە خوار ئاوایی ڕا هات و گوتی ئەوانەی لەماشێن دابەزین هەر لە ئێوەن؟ زوو زانیمان كە جاشن. تا پێشمەرگەكانم لە مالان كۆ كردەوە جاشەكان ٢ ماڵیان گرتبوو، پەلێكی هێزی بەیان لەوێ بوون و پەلەكەی دیكە لەگەڵ شاروخ مرادی فەرماندە هێزی ٢ی رێبەندان لە تەوەكلان بوون.

خێرا دابەش بووین و نەمانهێشت لەوە زیاتر بێنە پێش. تەقە لە سەعاتی ٦ی ئێوارە دەستی پێ كرد و جاشەكان بە جنێودان بەهێزی بەیان گورەگوڕێكیان وەڕێ خستبوو نەبیتەوە "ئاهای هێزی بەیان دایكتان ... بزانن چیتان لێ دەكەین." چەند كەسێك لەگەڵ خەلیلە سوور و چەند كەسێكیش لەگەڵ من لە دوو لاوە هێرشمان كردنە سەر. ١٥ دەقیقەی نەكێشا ماڵەكانمان لێ ئەستاندنەوە.بە جۆرێك

هـەڵاتن لـەو تەپۆڵكانــەی خـوار ئـاوایش ئاوڕیـان نــەداوە. لـەو پێكدادانــەدا ٣ جـاش كوژران. یەك لەو جاشانە یەكجار زەبـەلاح بـوو. ١١ خەشـابی پێبـوو. تـا خـوار ئـاوایی ڕاوٚمان نان. دوایی هـەڵاتنی ئـەوان ئێمـەش نانمـان خـوارد و تـداروكاتمان هـەڵگرت و بـۆلای پێـشمەرگەكانی دیكـە گەڕاینــەوە. بـەیانی ڕێــژیم هێزێكـی زۆری لـە ئـاوایی "هەزاركانی یان"ەوە ناردبووە پێو شوێنی ئێمە، بەڵام ئەوانیش بـە دەسـتی بـەتاڵ و سەرشۆڕی گەڕانەوە.

ڕۆژی ١٤ی خەرمانان چووینە سەر پایەگای "بس" لە ناوچەی دیواندەرە. گرتنـی پایەگاكـەمان مەبەسـت نـەبوو. هـەر ئەوەنـدەی چـەند گوللـە ئـارپیجی یـەكیان لـێ بـدەین و بیانــشڵەژێنین. دوای لێـدانی پایەگاكـە بـە هـەورازی "بـس"دا گەڕاینــەوە. دواتـر پایەگاكەش دەستی كردە ئاگر بارانی ناوچەكە و لـە ئاكـام دا دوو پێـشمەرگەی هێزی بەیان بە خەستی برینـدار بوون. یەك لەو برینـدارانە چاوێكی لەدەست دا.

برینــدارەكانمان هێنــا پــشت ئـاوایی "سـۆڵە" كـە كـاول كرابـوو. ئێـوارەی ٢٢ی خەرمانان بە "خۆشە دەرێ"دا بۆلای كومیتە شارسـتان گەڕاینـەوەو تـا سـەری مـانگ هەر لە ناوچەی سەقز جەولەمان لێدا.

لە مـانگی ڕەزبـەردا هاتینــەوە بـۆ بنكـە سابیتەكان لـە قەنـدیل. ئـەوكات لەسـەر بڕیاری دەفتـەری سیاسـی بنكـەكانمان بـۆ ئینتزامـاتی دەفتـەری سیاسـی گواسـتەوە و هێزی ئاربابا هاتە جێگای ئێمە لە ئینزێ.

وەك نەریتی بنكەی سابیت و جێگیرەكان وەرزێكی دیكە لە چالاكیی تایبـەت بـەو بنكانە دەستی پێكرد و لە هەموویان گرینگتر خوێندنەوە. هەروەها چاو خشاندن بە تێكۆشانی ساڵی ڕابردووی خۆمان و هەڵسەنگاندنی هێزەكانی ڕێژیم.

جموجۆڵــی هێزەكـانی ڕێــژیم لـە سـاڵی ١٣٦٩دا تـەواو و بەرچـاو زیـادی كردبـوو. پێوشوین كەوتنی پێشمەرگەكان و زەربە لێـدانیان و دوور خـستنەوەیان لـە ناوچـەو هەر وەها توندوتیژی نواندن لەگـەڵ خـەڵك ئـەركی سـەرەكی یـان بـوو. لـە ناوچـەی بۆكان ڕێژیم هەر لە سەرەتاوە هێزێكی ٢٠٠٠ كەسـی لـە تیپـی "مەدینـە المنـورە" بـە

سەدان دەزگا ماشێن و چەکی قورس لە"زڕانـدۆڵ"جـێگیر کردبـوو. ئـەو هێـزە تـەواو ئامادە بوو تا بە بیستنی هەر تەقەیەك لـە ناوچـە بگەنـە ئـەو شـوێنە. ئـەو هێـزەی ڕێژیم پێوەنـدیی ڕاسـتەوخۆی بـە قـەرارگای "هـەمزە"ی سپای پاسـداران لـە ورمـێ هـەبوو و لـەوێوە بڕیـاری وەردەگـرت جگـە لـە ئـەو هێـزە زۆرە هـەموو گـوردان و پایەگاکانی دامـەزرا و لـە سـاڵی ١٣٦٨ لـەجێی خۆیـان مـابوون و بـە هێزتـر کرابـوون. نـەبوونی شـاخی ئەسـتەم و سـەخت لـە ناوچـەی بۆکـان کۆسـپێکی دیکـەی بـۆ ئێمـە دروست کردبوو. ئەو ساڵە زۆرمان هەوڵ دا بـۆ قـووڵایی بۆکـان و بـۆ سـنووری ساین قەڵا و میاندواو بچین، بەڵام هەر لەگەڵ گەیشتنمان بە ناوچە و ئەو دەرگیری یانەی تووشی بووین، بوونی برینداری زۆر ڕێگەی بۆ چوونە قوڵایی پێ نەداین و بەناچـار بـۆ دواوە دەگەڕاینـەوە. پـاش ئـەو چـەند دەرگـیری و پێکدادانـە قورسـانەی لەگـەڵ ڕێـژیم هـەبوومان، بـە هەڵـسەنگاندنێکی بـارودۆخی ناوچـە بـۆ ڕێگـرتن لـە زەربـە خواردن ڕێگای ناوچەکانی دیکەی کوردسـتانمان گرتەبـەر و لـە ناوچـەکانی مـەهاباد، بانە، سەقز و دیواندەرە درێژەمان بە تێکۆشانی حیزبی دا. هەر لـەو جەولـە سیاسـی یانەی لەو ناوچانە بوومان، هەڵسووڕان و کاریگەری باشمان بوو و توانیشمان زەربەی باشیش لە ڕێـژیم بـدەین. بەتایبـەت جەولەکـەمان بـۆ ناوچـەی دیوانـدەرە لـە ڕووی سیاسی و کاریگەریی جەماوەری یەوە دەنگدانەوەی باشـی هـەبوو، هـەم لەسـەر ورەی خەڵك و هەم بۆ نواندنی هێزی حیزبی دێموکرات لـەو ناوچـانەدا کـە مـاوەی چـەند ساڵێك بوو پێشمەرگە نەچووبوو.

ئـەوەی لـەو جەولەیـەدا بـۆم دەرکـەوت ئـەوە بـوو کـە خـەڵکی ئـەو ناوچـەیە لـە قـووڵایی دڵـەوە حیزبـی دێموکراتیـان خـۆش دەویـست، هەسـتێکی زۆر پـاك و بـێ خەوشیان بەرامبەر حیزب و بزووتنەوە هەبوو، زۆریشیان یارمەتی داین.

هێزی چەکداری ڕێژیم لە کوردستان لەبارەی کەرەسەی نیزامـی و چـەك و چـۆڵ و ئامێری شەڕ تەیارتر بـوون بـەڵام لەگـەڵ ئـەوەش دیـسان هـەر ورەیـان نـەزم و لـە خـوارێ بـوو. بەرگـەی ڕووبـەڕوو بوونـەوەیان لەگـەڵ پێـشمەرگەدا نـەدەگرت و هـەر

بۆیـەش خۆیـان بـە کوشـتن نـەدەدا. لەگـەڵ هـەر دەرگـیری و تێکهەڵـچوونێك دا کـە دەیاندی چەند کەسێکیان لـێ کوژراوە، یان خۆیان بەدەستەوە دەدا یان هـەڵ دەهـاتن و شەڕگەیان چۆڵ دەکرد.

تۆپخانەی قورسی ڕێژیمیش لە زۆر شوێن، وەخت و ناوەخت لە کوێستانەکان یان ئەو شوێنانەی گومانی بوونی پێشمەرگەیان لـێ کرابا، بە خەسـتی دەڕشـاوە و وڵاتـی دادەگرت، بەڵام ورەی پێشمەرگە هەر وا لـە سـەرێ بـوو. ئـەم ورە بـەرزی یـە کاتێـك خـۆی دەردەخـست کـە لـە تێکهەڵـچوونەکان دا ڕێـژیم بـە هێـزی زۆر و زەوەنـدەوە پەلاماری ئێمەیان دەدا یان گەمارۆیان دەداین، بەڵام بێ ترس لە هێزی زۆری دوژمـن بـەرەنگاری دەبووینـەوە و تێـك دەشـکا. پێـشمەرگە لـە ڕووی فـەننی شـەڕ کـردن و تاکتیکی نیزامی هەڵمەت بردنـە سـەر دوژمـن ئـەزموونێکی بـەنرخیان وەسـەر یـەك نـابوو و شـەڕەکانی سـاڵی ٦٩ لـە هـەموو ناوچـەکانی کوردسـتان ئـەم ڕاسـتی یـەیان دەسەلماند.

کادر و پێشمەرگەکانی هێزی بەیان لەو ساڵەدا هەروەها لەڕووی سیاسی یەوە ڕوو لە هەڵکشان بـوون. ئـەم هەڵکـشانە لـەوەدا خـۆی دەرخـست کـە نـەزم و دسـیپلین لـە باشترین شێوەدا ڕەچاو دەکرا، ورەی پێـشمەرگەکان بـەرز و تەنانـەت لـەم سـاڵە یـەك نەفەریش خۆی بە دەستەوە نەدا.

ساڵی ١٣٦٩ حیزبی دێموکرات وەك ئـاڵا هـەڵگری خـەباتی نەتەوایـەتی کـورد تاکـە هێزی گۆڕەپانی بەرگری لە خەڵکی کوردستان بوو و ڕێژیمیش بە هەموو توانـا و لـە هەموو لایەکەوە لە فیکری زەربە لێدان لەو تاکە هێزەی ئامادە لە گۆڕەپان دا بوو.

بۆکان و ناوچەی بۆکان وەك قووڵایی ترین ناوچەی کوردستان هەڵگری دۆخێکـی تایبـەتی بـوو. لـە ناوچـەی بۆکـان شـوێن نـەبوو کـە هێزێکـی سـەربە دەزگاکـانی ئیتلاعات، جوندوڵلا، سارولڵا، بەسیج، ئەرتەش و سـپای لێـی دانەمـەزرابێ و لەسـەر هـەر تەپۆڵکـە و گونـدێك پایەگایـەك یـا چـەند پایـەگا هـەبوون. بـەڵام کـار کردنـی حیزبی دێموکرات هەر لەجێی خۆیەتی و ئەو هێزە گوڕ و توانای خـۆی لـە کانیـاو و

هەناوی متمانەی خەڵکی کوردستان وەردەگرێ. مانەوەی حیزبی دێموکرات لە گۆڕەپانی خەبات دا هێڵی سووری کێشایە سەر ئەو بۆچوونانەی وا کە گۆیا کۆتایی شەڕی ئێران و عێراق نسکۆ بە خەباتی گەلی کورد و حیزبی دێموکرات دەهێنێ.

زستانی ساڵی ٦٩ لە قەندیل قۆناغێکی پڕ دەسکەوتی سیاسی بۆ کادر و پێشمەرگەکانی ئێمە بوون. دەیان کۆبوونەوە و سمینار لەسەر بارودۆخی سیاسی جیهان و ناوچە و هەلومەرجی خەباتی بەردەممان گیرا لە تەنیشت ئەوانەش خوێندنەوەی چڕوپڕ و کۆبوونەوەی تەشکیلاتی ئاستی سیاسی پێشمەرگەکانی بەرز کردبۆوە.

جگە لەوە کۆبوونەوە و کۆنفرانسانەی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بەڕێوەیان دەبردن، کومیتەی شارستان بۆخۆی گەلێك کۆبوونەوەی سیاسی جۆراوجۆری وەك بەرنامەیەکی حەوتوانە بەرێوە دەبرد.

لەمانگی رێبەندان دا لەگەڵ سێ کادری دیکەی کومیتە چووینە خولێکی مودیرییەت و چەکی قورس، کاتیوشا و نەقشە خانی. ئەو خولە کە مانگێکی کێشا و بەسەرکەوتوویی کۆتایی هات، بۆ من زۆر پڕ دەسکەوت بوو.

لەگەڵ نزیك بوونەوەی بە وەرزی بەهار سازماندەهی نوێی هێز "تەرمیمی" کومیتە شارستان دەستی پێ دەکردەوە.

دیارە لە کۆتایی زستانی ١٣٦٩ ئالوگۆڕی زۆر بەسەر عێراق دا هاتبوو. هێرشی ئەمریکا بۆ ئەستاندنەوەی کویت و دواتر راپەڕینی خەڵکی عێراق بە تایبەتی کوردستان بارودۆخی ناوچەکەی گۆڕی. ئەم بەشە لە کوردستان تا شەوی نەورۆزی ١٣٧٠ بە کەرکووکەوە کەوتە دەستی پێشمەرگەوە. ئەم ئالوگۆڕە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر جووڵانەوەی کوردستانی ئێران هەبوو.

هەر چەند لە زستانی ١٣٦٩ بەپێی ئەساسنامە کاتی گرتنی کۆنگرەی ٩ی حیزب بوو بەڵام بەهۆی وەزعی نوێ کوردستانی عێراق ئەو هەلومەرجەی ئەوکات دوکتور سەعید شەرەفکەندی سکرتێری گشتی حیزب لە کۆبوونەوەیەك ڕایگەیاند کە

"بـەهۆی ئـەو هەلومەرجـە ئێـستا لـە ئـارا دایـە کـۆنگرە لـە پـاییزی ١٣٧٠ لـەژێر پارێزگاری هێزی خۆمان و کوردستانی ئازاد کراودا دەگرین".

# ١٠

دوای کۆبوونەوەی سکرتێر، کومیتەی بۆکان سازماندەهی خۆی دەست پێ کرد. لەو سازماندهی یە دا محەممەد تۆپچی وەك بەرپرسی کومیتە، عەولا شێنانی وەك فەرماندەری هێز، برایم چووکەڵی وەك فەرماندەری لك، ئەبووبەکر جامەردی جێگر لك، محیدین خان ئەحمەدی، محەممەد علیزادە و عوسمان عبدالهی وەك سەرپەل، سەلاح پوور ئەسەد، ئەبووبەکر خزری و ئەمیر رەسووڵی وەك ئەندامانی کومیتەی شارستان دیاری کران. پاش سازماندهی نوێ ئاوا ساغ بووینەوە کە ساڵی ١٣٧٠ وەك هێزی بەیان بە دوو تیم بچینەوە ناوچە تا هەم رێژیممان پتر ماندوو کردبێ و هەم زیاتر سەرمان لێ شێواند بێ و کارایی خۆشمان بردبێتە سەرێ. لەگەڵ ئەوەی پێشبینی ئەوەمان کردبوو کە لە وەها دۆخێك دا ئەگەری زەربە لێدانی قورس لە دوژمن کەم دەبۆوە، بەڵام گرینگ حزوور لەنێو خەڵك و بوونمان لە ئاپۆرەی خەڵك دابوو.

بۆیەش سەرەتا عەولا شێنانی و سەلاح پوور ئەسەد وەك بەرپرسانی یەکەم بۆ ناوچە گەڕانەوە. ئەو تیمە ٤٥ رۆژ لە ناوچەی بۆکان جەولەیان لێدا. لە زۆر شوێنی بۆکان تا سنووری میاندواو گەڕانی سیاسی نیزامی یان لێ دابوو. بە داخەوە رۆژی ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٧٠ کە لە جادەی سقز – بۆکان دەپەڕنەوە، دەکەونە کەمین و لە دەستڕێژی یەکەم دا هاورێی خۆشەویستم ئەبووبەکر جامەردی شەهید دەبێ کاتی گەیشتنی هەواڵەکە من لە مخابەرات بووم و غەم و پەژارە دایگرتم. کەماڵی فازلیم لە مخابرات بە جێ هێشت و گەڕامەوە ئینتزامات و هەواڵەکەم بە کاك محەممەد تۆپچی گەیاند. شەهید بوونی ئەبووبەکر جامەردی خەسارێك بوو لە هێزی بەیان، چونکە ئەبووبەکر جیا لە ئازایەتی، خۆشەویستی جێی رێزی هەموو پێشمەرگەکان بوو. هەر لەو تیمەدا دوو کادری ناوچەمان بە ناوەکانی ئەبووبەکر خزری و جەلیل

ڕەحیمیـان ڕاپۆرتیـان لــێ دەدرێ و لـە گونــدی حوسـێن مامــە هــەردووکیان پــاش سووتاندنی ئەسناد و مەدارکی تەشکیلاتی شەهید دەبن و لە ئاگردا بوونە خەڵووز.

لە مانگی گەلاوێـژدا تیمـی یەکـەم گەڕانـەوە قەنـدیل و پـاش حەوتوویـەك ئێمـە وەك تیمـی دووهـەم گەڕاینــەوە ناوچـە. ڕۆژی ٢٤ بـەرەو ناوچـە کەوتینــە ڕێ. کـاك محەممەد تۆپچی وەك بەرپرسی کومیتە شارستان و ئەمنیش ئەگەرچی فەرماندەری لك بووم بەڵام وەك بەرپرسی یەکەمی نیزامی ئەرکم پێ ئەسپێردرابوو. بە ناوچەی بانەدا گەڕاینەوە ناوچە و لە ڕێگا تووشی هێزی زمزیران بووین و هەواڵی ناوچەمان لێ پرسین. دەرکەوت کـە ناوچـەی ئـەوان هێزێکـی یـەکجار زۆریـان تێـدا مـۆڵ داوە. ئێوارە ٢٦ی گەلاوێژ بە هەورازی "گاکڕ"دا سەرکەوتین. ڕۆژی ٤ی خەرمانان لە کـانی بەندی (٦٠) سەقز بۆ شام لامان دا و چووینە پشتی بوغدەکەندی ماینەوە. ئێوارە لە جادەی سەقز – بۆکان بۆ ناوچەی فەیزوولڵا بـەگی پەڕینـەوە. جـم و جوڵی ڕێـژیم لەو قۆناغەدا زۆرتر ببوو. چەند پایەگایەکی لەو ناوچەیەدا زیاد کردبـوو و وێلـەکی تۆپبارانی ناوچەکانی دەکـرد. ئێـوارە ٦ی خـەرمانان لەپـشت ئـاوایی"قلـیچ"خـەریکی پشوودان بووین کە بینیمان ڕێژیم هەموو بـەرزایی یـەکانی ناوچـەی گرتـووە، بـەڵام بە شـوێنی ئێمـەیان نـەزانیبوو. ڕەحمانـە کـوردە پێـشمەرگەیەك بـوو ماوەیـەك بـوو دەیگوت کورە ڕێژیم نەماوە بۆیەش وای دەگوت مـاوەی ١٠ ڕۆژ بـوو دەنگـی تەقـەمان نەبیستبوو. گوتم کورە مەخوێنە ئاوا ئاسوودەترین.

ئێوارە بۆ شام پاش ١٠ ساڵ چووینە"درویش ئاڵی"و بۆ پشوودان لـە نزیـك کێـوی "کەلتەگە" ماینەوە. ڕۆژی ٧ی خەرمانان پێشمەرگەکان خـەریکی خۆشوشـتن و شـیو و کـوڵ بـوون کـە دیمـان هێزەکـانی ڕێـژیم لـە"یاسـیکەند"و"یەکـشەوە"ڕا بـەرزایی یـەکانی ناوچـەیان گرتـووە. زوو خۆمـان پێـچاوە و لـەژێر دارێـك لـەحاڵی ئامـادەدا کۆبووینەوە. ئەوان نەهاتنە خوارێ و ئێمەش خۆمان تێنـە گەیانـدن. ئێـوارێ بـەلای کـانی سـیران دا چـووینە نزیـك ئەربـەنووس و لـە پـەنا پۆلـە دارێکـی قەیـسی و لـە سەرکانی عەلی کە ئـاوێکی یـەکجار سـووك و خۆشـی بـوو بارگـە و بنـەمان کـردەوە و

سەعاتی ٣ی نیوەشەو كیسە خەومان لێ بلاو كردەوە. خەلکی ئاوایی بەیانی یەكەی رۆژی ٨ی خەرمانان هاتنە لامان و هەواڵ و دەنگ و باسی ناوچەیان بۆ هێناین. خەلكەكە باسی حەماسەی ساڵی ٦٢ی ئەربەنووسمان دەكرد و بۆیان دەگێرامەوە كە پێشمەرگە چیان بەسەر هێزی دوژمن هێنا. لەپڕ بینیم كە چەند كەس پاسدار لە بەرزایی یەكان قوت بوونەوە و لە جامەرد ڕا بە سەدان كەسی دیكە و دەیان ماشێن بەرەو ئێمە هاتن. بەلام ئەمجار وەك ساڵی ١٣٦٢ سەد و پەنجا پێشمەرگە نەبووین ٢٥ پێشمەگەی شەڕكەر قارمان و فیداكار كە هیچكامیان چاویان لە گوللە نەدەترسا.

سەعات ٢ی دوا نیوەڕۆ نیگابانەكانم ئاگادار كرد لەژێر چاودێریان بگرین. هێزی ڕێژیم بە شوێنی ئێمەی نەدەزانی، سەنگەری ئێمە ئەو چەند دارەی قەراغ كانی یەكە بوو ئەوەی دیكەش هەموو پێدەشت و رووت تەنانەت بەردێكی ٥ كیلۆیی لێ نەبوو كەس خۆی لە پەنای لێ مات دا.

چەند كەسێكم بە بی.كەی.سی وە ناردە بەرزایی یەكەی پشت خۆمان و چەند كەسی دیكە لەنێو دارەكان و چەند كەسی دیكە لەنێو كانی یەكە خۆیان حەشاردا. چوار ماشێن پڕ لە سەرنشین كە یەكیان ئامبولانس بوو بێ ئەوەی هەستیان بە بوونی ئێمە كردبێ تا نزیك دارەكان هاتن و تاوێك چاویان لە ولات كرد بەلام ئێمەیان نەدی. هەر بۆیە زیاتر هاتنە پێش تا ١٠ میتری ئێمە ڕایان نەگرت هێشتا ئێمەیان نەدیبوو چاویان لەنێو دارەكان دەكرد. كە زیاتر هاتنە پێش و چاویان پێمان كەوت لە هەموو لایەكەوە ئاور باران كران لەماوەی نیو سەعات دا ٢٠ كەسیان لێ كوژرا و ٣ تویوتا كە دەستی بەسەردا گیرا بەلام ئامبولانسەكە توانی خۆی دەرباز بكا. تویوتاكان و هەموو چەك و چۆلەكانیان ئاگریان تێبەردرا. دوو پێشمەرگەمان برینی قورسیان هەلگرتبوو. پاشان بەرزایەكانی ناوچەمان گرت و چاوەڕوانی هێرشی دوژمنماینەوە.

كاتژمێری ٤ی دوانیوەڕۆ بوو كە هێزێكی زۆری ڕێژیم لە سێ لاوە هاتنە گوندەكانی قورمیش،"كولتەپەی عەیزاغا". قۆلێكیان لە ساین قەلاڕا و قۆلێكیان لە

**جامـەرد را و قۆڵەکـەی دیکـەیان لـە بۆکـان ڕا هـاتبوون. زۆری نەکێـشا سـێ هێلـی کۆپتێر گەیشتنە مەیدانی شەڕەکە و ناوچەیان بە شێوەیەکی دڕندانـە ڕاکێـت بـاران کـرد. ئێمـەش چـەکی قورسمـان ئـارپیجی و بـی.کـی.سـی بـوو. پـەیتا پـەیتا بـانگی کورەکانم دەکرد کە "سام حەوتەکەم"[56] بۆ بێنن.**

**بۆخۆشم قسەکانی خەلەبانەکەم کۆنترۆڵ دەکرد کـە لـە خـوارەوە پێیـان دەگـوتن دوور کەونەوە سام حـەوتیان پێیـە. نیـو دەقیقـەی نـەگرت ئەوەنـدە بـەرز بوونـەوە گولله نەیان دەگەیشتێ.**

**دیـارە ئـەوانیش قـسەکانی منیـان کـۆنترۆل دەکـرد زۆر بـە باشـی گوێیـان دەدایـە بزانن کوێمان لاوازە بۆیە دەبوو زۆر بە دەقیقی قسە بکەین.**

**سەعات ٥ چەند کەسیان هاتنـە نزیـك سـەنگەرەکانی ئێمـە و هـەر کـە سوسـەیان کرد یەکسەر رایان کرد و بۆ دواوە هەڵاتن. پاشان هێزێکی دیکەیان بۆ کۆ کردنەوەی کوژراوەکانیـان نـاردە شـەڕگە کـە بـەهۆی دووری تەقـەمان لـێ نـەکردن. ئـەوانیش کوژراوەکانیـان کـۆ کـردەوە و گەڕانـەوە. ئـەمجار بـە تـۆپ و کاتیوشـا تـا سـەعات ٧ی ئێوارە ناوچەیان داگرت.**

**تاریکانی ئێـوارە برینـدارەکانمان سـواری هێـستر کـرد[57] و بـۆلای جـادەی بۆکـان — میانــدواو کەوتینــە رێ تــا سەرچــۆمی تەتــەهوو رانەوەســتاین و لــە وێ ئاومــان خواردەوە. برینـدارەکانمان وەزعیـان بـاش نـەبوو گوللـە زگیـانی هەڵدڕیبوو. هـاواری ئاویان دەکرد بەڵام نەماندانێ. سەعات ١ی نیوەشەو لە باغی داشبەند لامان دا و ترێ و سـێوێکی باشمـان لـێ کـردەوە. سـەعات ٦ی بـەیانی لـەنێوان ئـاڵی کەنـد و کوچـك وتەمیش لەژێر پۆلە دارێك لامان دا و برینـدارەکانمان هێنـا خـوارێ. کاتـژمێری ١١ی نیوەڕۆ خاوەن موچەکە کە دەیناسین هاتە لامـان و دەنـگ و باسـی ناوچـە و بۆکـانی**

---

[56]- سام حەوت چەکێکە دژی هەوای لەسەر شان حەمل دەکرێ و بە دژی کۆپتێر بەکارمان دەهێنا.

[57]- لە ناوچەی بۆکان هێستر نیە زۆر جار بە هۆی دیتنی ئەوان ئاشکرا دەبووین

پێ بوو. گوتی: "باس باسی شەڕەكەی دوێنێ ئێوەیە." دواتر هێندێكی تەداروكات بۆ هێنایەن.

رێـژیم پێـو شـوێنی ئێمـە كـەوتبوو گونـدەكانی مەلّلالـەر، داشـبەندو ئـەنباری گرتبوو و ئێمەش لە حاڵەتێكی تـەواو ئامادەبـاش دا بـووین بـەڵام ئـەوان بـە شـوێنی ئێمەیان نەدەزانی.

ئێوارە خۆمان پێچاوە و بریندارەكانمان سواری ولاغ كردەوە. عوسمان عەبدوڵاهی برینەكەی زۆر سەخت بوو هـەر بۆیـەش لـە دە دەقیقـە زیـاتر نـەژیا و بـۆ هەمیـشە چاوەكانی وەسـەریەك نـا. عوسمـان لـە بەرامبـەر ٢٩ سـەعات خوێنرێـژی نێـو سـكی (داخلـی) دا خـۆڕاگری كـرد. شـەهیدەكەشمان لەگـەڵ خۆمـان هـەلگرت و بـەنێوان قەرەكەند و تازە قەڵادا لـە جادەی بۆكـان — مـەهاباد پەڕینـەوە. لـە رێگـاش تووشـی دوو كەس بووین و هێندێك قسە و باسم لێ پرسین. ئەوان خەریكی ئاوداشتن بوون شەهیدەكەم پێ ئەسپاردن كە بی نێژن. دوای نووسینی ناوەكانیـان لای خـۆم و دانـی نەهێنی بەوان، تا كەسێك ئەو نهێنی یە نەلێ گۆڕەكەی پێ نیشان نەدەن.

دوایی ئەم قسە و باسە خواحافیزیم لێ كردن و درێژەمان بە رێگەی خۆمان دا.

بە نزیك گوندی"تەپی"وحاشیاباد دا رۆیشتین. سەگی ئەو دێیانە تا چۆمی قەرە گوێز پێو شوێنمان كەوتبوون. لەچۆمی پەڕینەوە، چوار پێشمەرگەمان برستیان لـێ بڕابـوو و نەیانـدەتوانی هـەنگاو بهـاوێن. بـە زۆری و بـە پـاڵ پێوەنـان تـا دارەكـانی گردیگلانم بردن. پێشمەرگە هەموو نوستن و بۆخۆم تا سەعات ١٠ی بەیانی ئاگام لـە وڵات و دەورووبەر بوو. دوایە دوو كادری دیكەم هەسـتاندن و بۆخـۆم لێـی نوسـتم و سـەعات ٢ وەخەبـەر هـاتم. زۆربـەی پێـشمەرگەكان ژێـر لاقیـان بلـۆقی كردبـوو. ناحـەقیان نـەبوو بـە دوو شـەو ١٩ سـەعات رێ بـڕین و ١٤٠ كیلـۆمیتر رۆیـشتین ئەوەنـدەش كـارێكی ئاسـان نـەبوو. ئێـوارە رۆژی ١٠ی خـەرمانان بۆشـام لـە گونـدی "سەیداوەی جەمیان"لامان دا. بریندارەكەم بە كەسێك ئەسپارد كە ئاگـای لـێ بـێ و نەهێڵێ ئاو بخواتەوە. بەڵام ئەو پێـشمەرگەیە كەمتەرخـەمی دەكـا و پـاش ماوەیـەك

دێتە دەرێ و بەجێی دێڵێ. ئەویش دڵی خاوەن ماڵ نەرم دەکا و دەڵێ شیر هیچ نیە. سێ قاپ شیر دەخواتەوە. دواتر زۆری لێ تورە بووم چونکی ئەویش تووشی خوێنرێژی نیو سکی هاتبوو. بۆ سبەی شەو خۆمان گەیاندە گوندی"کانی بەندی"گەورکایەتی سەقز ولەوێ تەقەمەنیمان هەلگرت. سەگی خاوەن مووچەکە لەوێ ڕەگەڵمان کەوت ئەو سەگە زۆر سەیر بوو هەر لە جادە نزیك کەوتباینەوە وەپێش دەکەوت و هەمیشە لەگەڵ تیمی پێشڕەو بوو. لە هەر جێیەك خەڵکی شەخسی دیتبایە بۆی دەچوو، زۆر بەپاسدارحەساس بوو، پاسداری لە پێشمەرگە جیا دەکردەوە و پێی دەوەڕی و جگە لە پاسدار بەهیچ چەکدارێکی دیکە نەدەوەڕی و شەوانە لەکاتی نیگابانی دا لەلای نیگابانەکان رادەوەستا.

بە هەر جۆرێك بێ بە پشت شێخ چۆپان دا بۆ "کانی کەوتم" گەڕاینەوە. ئێمە لەبەر کەمبوونی هێزی ئینسانی دەبوا بۆخۆمان برینداەرکەمان تا سنوور ببەینەوە هەر بۆیەش بە ناوچەی بانەدا بۆلای سنوور ملی رێگامان گرتەبەر. رۆژی ١٦ی خەرمانان لەسەر چیای "گاکر" لەگەڵ هێزی ئاربابا یەکمان گرتەوە. برینداەرکەمان بە هاورێیەتی چەند پێشمەرگە بۆ ئەو بەر سنوور بەرێ کردەوە و بۆخۆشمان لەگەڵ هێزی ئاربابا بۆ ناوچە گەڕاینەوە لە پشتی "بەنەژاژ"ی بانە دەرۆیشتین کە حوسین ساڵحی[58] بە بێ سیم پێی راگەیاندین لەکاتی چوونە خوار لە "گاکر" کەوتبوونە سەر مین و عەلی حەسەن ئاغا شەهید بوو.

لەگەل هێزی ئاربابا بۆ جەولە لێدان بەرەو ناوچەی ئێمە دەرۆیشتن ئێوارە ٢١ی خەرمانان بە دوو دەستە دابەش بووین. دەستەیەك چوونە"دۆڵە هەرزن"لە سەر جادەی بانە- سەردەشت و ئێمەش چووینە"هەلۆ و بناویلە". دوای شام خواردن بۆ یەکگرتنەوە پشتی بەردەڕەش دیاری کرابوو لە جادەی بانە- سەردەشت نزیك کەوتینەوە. لە نزیك جادە بۆنی سیگار دەهات. سەعات ١١ی شەو بوو لە پێشدا تیمی

58. – حوسینی سالحی ئێستا لە کانادا دەژی.

پێشڕه‌ومان به‌ڕێ كرد و چ باس نه‌بوو. به‌ڵام كه‌مینی دوژمن كاری به‌ تیمی پێشڕه‌و نـه‌بوو. ئێمـه‌ بـه‌دوای پێـشڕه‌وه‌كان دا ده‌رۆیـشتین لـه‌ نـه‌كاو گولله‌یـه‌ك و پاشـان ڕه‌گبارێـك به‌نێوه‌ڕاسـتی ریزه‌كـه‌مان دا كـرا. له‌گـه‌ڵ ده‌سـت پـێ كردنـی ته‌قـه‌ زوو وڵامـمـان دانـه‌وه‌ و دیمـان جـاش خۆیـان بـه‌ پایـه‌گای كۆخـان داكـرد. شـوێنی ڕێگـا بڕینه‌كه‌مان گۆڕی و شكوور به‌ سلامه‌ت ده‌رچووین. ڕێژیم پاشـان بـه‌ خۆمپـاره‌ی ٦٠ میلی مترِی ناوچه‌ی داگرت. خۆمپاره‌یه‌ك كه‌وته‌ نێو پۆلێك پێشمه‌رگه‌ كه‌ به‌داخه‌وه‌ مـسته‌فا دامـه‌نگیر خـه‌ڵكی ساروقامیـشی بۆكـان شـه‌هید و ٥ كه‌سـی دیكـه‌ش برینـدار بـوون. برینـداره‌كانمان بـه‌ زوویـی بـۆ دواوه‌ كێـشانه‌وه‌. هێـزی یارمـه‌تیی ڕێـژیم گه‌یشتبوونه‌ جێ و وێڵه‌كی ته‌قه‌یان له‌ چۆمه‌كه‌ و ده‌ورووبه‌ر ده‌كرد. بۆ هێنانـه‌وه‌ی تـه‌رمی شـه‌هید مـسته‌فا دوو جـار چـووینه‌وه‌ بـه‌ڵام نـه‌مانتوانی له‌گـه‌ڵ خۆمـان بـی هێنین.

له‌گـه‌ڵ ده‌سـته‌كه‌ی دیكـه‌ پێوه‌نـدیمان گـرت كـه‌ بگه‌ڕێنـه‌وه‌ لای ئێمـه‌. پاشـان تیمێكمان ڕه‌وانه‌ی "بناویله‌" كرد تا بۆ ڕاگواستنی برینداره‌كان هێسترمان بـۆ بێـنن. سـه‌عات ٢ی نیوه‌شـه‌و توانیمـان وه‌رێ بكـه‌وین و سـه‌عات ٦ی بـه‌یانی ڕۆژی ٢٤ی خه‌رمانان گه‌یشتینه‌ چۆمی بانه‌زێر.

ئـه‌و ڕۆژه‌ نیگابـانی قـایم مـان دانـا و برینـداره‌كانمان ده‌رمـان كـرد و تـا ئێـواره‌ پشوومان دا. كاتـژمێری ٧ی ئێـواره‌ بـه‌ره‌و هـه‌ورازی "به‌نـه‌ژاژ" وه‌ڕێ كـه‌وتین و بـۆ پشوودانێكی كورت ڕوومان كرده‌ گوندی "كه‌نده‌شینه‌". له‌ پێشدا چه‌ند پێشمه‌رگه‌ی هێزی ئاربابا له‌ پێشه‌وه‌ بۆ تاقی كردنه‌وه‌ له‌ ئاوایی نزیك بوونه‌وه‌، به‌ڵام لـه‌ یه‌كـه‌م مـاڵ كه‌وتنـه‌ كه‌مینـه‌وه‌ و دوو پێـشمه‌رگه‌ بـه‌ ناوه‌كـانی مامـه‌ قالـه‌ و مه‌جیـد به‌رده‌ڕه‌شی شه‌هید بوون. دوایی ئه‌م ڕووداوه‌ به‌ كێوی "گاكر"دا سه‌ركه‌وتین و له‌وێ چه‌ند پێشمه‌رگه‌ له‌ پێشه‌وه‌ و ئێمه‌ش به‌ دوایان دا به‌ره‌و سنوور ڕێچكه‌مان به‌ست. برینـداره‌كان وه‌زعیـان زۆر شـپرزه‌ بـوو سـه‌عاتی ٥ی بـه‌یانی لـه‌ چـۆمی "ماڵه‌ دۆم" په‌ڕینه‌وه‌. ڕۆژی ٢٥ی خـه‌رمانان برینـداره‌كانمان بـه‌ڕێ كـرده‌ نه‌خۆشـخانه‌ و دوای ٥

ڕۆژ پشوودان لەسەر سنوور لەگەڵ هێزی ئاربابا بۆ بنكە سابیتەكان لە قەندیل گەڕاینەوە.

ساڵی ١٣٧٠ بۆ ڕێژیم ساڵێكی ناخۆش و پڕ دەردەسەری بوو ڕێژیم زراوی لە هێزی پێشمەرگە چووبوو. هەر بۆیە بەر لە هەموو شتێك سەدان پایەگای لە كوردستان بە مۆڵگەكانی پێشووی زیاتر كردبوو. لە باكووری كوردستانەوە تا باشوور جادەی بە سەر هەموو چیاكان دا كێشابوو. ئەو ساڵە ڕێژیم تەنیا لە ناوچەی بۆكان ١٥٥ پایەگای دانابوو، جگە لە گروپەكانی زەربەتی نێو شار و تایبەت. هەروەها زۆرجار بە ئانقەست لە ساین قەڵا و میاندواو هێزی زەربەتی دەهێنا بۆ وەی لە بەكوشتن دانیان پتر ئاگری دووبەرەكی نێوان ئەو دوو گەلە خۆش بكا. ئەگەرچی ئەو ساڵە ڕێژیم بەو هێزە زۆر و زەوەندە دەیویست توانای مانۆڕدانی خۆی لە گرتنی شوێنە ئاستەمەكان نیشان بدا و بیهەوێ زەربە لە هێزی پێشمەرگە بوەشێنێ. بەڵام پێشمەرگەكان و هەر هێزی بەیان توانیمان لە قووڵایی ترین شوێنی كوردستان زەربەیی گورچكبڕ لە ڕێژیم بوەشێنین.

ساڵی ١٣٧٠ گرتنی كۆنگرەی نۆیەمی حیزب بوو. لەمانگی خەزەڵوەردا وردە وردە كۆنفرانسەكانی پێشمەرگە گیران. ململانێی چوونە كۆنگرە، لە كۆنفرانسی شارستانەكان هەبوو. لە كۆنفرانسی شارستانی ئێمە كە لە مانگی سەرماوەزدا گیرا هەموو پرسە سیاسی یەكان و كارنامەی یەك ساڵی خەبات و تێكۆشانی حیزب لە ناوچەی بۆكان خرانە بەرباس و هەڵسەنگاندن. پاشان كومیتەی شارستانی بۆكان ٣ كەسی بۆ بەشداری لە كۆنگرەی ٩ هەڵبژارد كە بریتی بوون لە محەممەد تۆپچی، عەلی ئەمینی،[59] و برایم چووكەڵی. جگە لەو سێ كەسە عەوڵا شینانی وەك میوان لە كۆنگرەدا بەشدار بوو.

---

[59] - عەلی ئەمینی ساڵی ١٣٧٤ بەهۆی تەقینەوەی مین لە فێرگە شەهید بوو.

کۆنگره‌ی نۆیه‌می حیزب له شه‌وی یه‌ڵدا شه‌وی شه‌ست و یه‌که‌مین ساڵرۆژی له دایکبوونی دوکتور قاسملوو، له شه‌و زستانی ۱۳۷۰ دا له‌ژێر ناوی گۆنگره‌ی قاسملوو کاره‌کانی ده‌ست پێ کرد. پاش سروودی ئه‌ی ره‌قیب کاك مه‌لاحه‌سه‌ن شیوه‌سه‌ڵی به وته‌یه‌کی کورت گۆنگره‌ی کرده‌وه. له ماوه‌ی ٦ رۆژ کاری کۆنگره پرسه سیاسی یه‌کانی ناوچه و جیهان و ئێران و کوردستان له راپۆرتی کومیته‌ی ناوه‌ندی یه وه له‌لایه‌ن سکرتێری حیزب دوکتورسه‌عید خرانه به‌رباس و لێدوان. دوای په‌سه‌ند کرانی راپۆرت هێندێك كێشه له‌نێو کومیته‌ی ناوه‌ندی دا هه‌بوو دوکتور سه‌عید زۆر ئازایانه له پشت تریبوونی کۆنگره باسه‌که‌ی کرده‌وه که ده‌بێ موشکیلات لێره واته کۆنگره چاره‌سه‌ر بکرێ. دوکتور سه‌عید ده‌یزانی کیشه‌که چی یه و که‌سیش له قسه‌ی ده‌ر نه‌ده‌چوو دوای دوکتور قاسملو ئه‌و که‌لێنه گه‌وره ئه‌و پڕی کردبووه. بۆیه به ناکۆکی نێو حیزب و درۆ و خه‌ڵك بن باڵدان زۆر عاجز بوو. گۆی بۆ قسه‌ی هه‌موو که‌س راده‌گرت له کادر و به‌رپرسان تووڕه ده‌بوو زووش ئاشتی ده‌کردنه‌وه. له کۆنگره به‌و خه‌ڵکه‌ی که ناکۆکیان هه‌بوو له پشتی تریبوون قسه‌ی پێ کردن و دواتر خۆی نه‌تیجه گیری کرد و قسه‌ی بۆ کردن و ئاو له ئاو ته‌کانی نه‌خوارد. ئه‌وه‌ی له‌نێودا زه‌ره‌ری کرد کاك جه‌عفه‌ر حامیدی بوو. ناوبراو جێگری سیاسی نیزامی بوو له‌گه‌ڵ مه‌سئووله‌که‌ی کاك مسته‌فا هیجری و کاك شاهۆ حوسێنی ئه‌وکات مشاوری کومیته ناوه‌ندی بوو ئیختلافیان هه‌بوو. ئه‌و موشکیلاته له کاتی هه‌ڵبژاردن ره‌نگی دایه‌وه دوکتور سه‌عید مخالیفه‌تی بۆ کاندیداتۆری کاك جه‌عفه‌رحامیدی به ئه‌ندامه‌تی کومیته‌ی ناوه‌ندی ده‌ربڕی و کاندیدی نه‌کرد له‌و کاته ته‌نیا کاك ته‌ها ئه‌تیقی رووی له کاك سه‌عید کرد و به ناره‌زایه‌تیی له‌و شێوه به‌رخورده به نیسبه‌تی کاك جه‌عفه‌ر قسه‌ی کرد. دواتریش کاك جه‌عفه‌ر خۆی بۆ جێگری کومیته‌ی ناوه‌ندی کاندید نه‌کرد. له ئاکام دا ۱۹ که‌س به کومیته‌ی ناوه‌ندی و ۸ که‌س وه‌ك جێگر بۆ رێبه‌رایه‌تی حیزب هه‌ڵبژێردران.

لــە دووهــەمین رۆژی کــاری کــۆنگرەدا هــەواڵی لەبــەر یــەك هەڵوەشــانی یــەکیتی ســوڤیەتی پێــشوو بــڵاو بــۆوە. پــاش تــەواو بــوونی کــاری کــۆنگرە رێبەرایــەتی هەڵبـژێردراوی کۆنگرەی ٩ دوکتورشـەرەفکەندی بـۆ پۆسـتی سکرتێر هەڵبـژێردرا و لەلایەن بەشدارانی کۆنگرە پیرۆزبایی پێ گوترا. ئەندامانی بەشداری گۆنگرە دوایـی تەواو بوونی جێژنی کۆنگرە بۆ شوێنی کاری خۆیان گەڕانەوە. بە تایبەت کە هەموو کادر و پێشمەرگەکان چاوەڕوانی هەواڵەکانی کۆنگرە بوون. ئێمـەش هـەر ئـەو شـەوە گەراینەوە کومیتەی بۆکـان. چـەند رۆژ دواتـر کۆبوونـەوە بـۆ کـادر و پێـشمەرگەکان گیرا و بڕیاراتی کۆنگرەیان پێ ڕاگەیاندرا.

کــارو بەرپرســایەتیی و ئــەرکی کــادر و پێــشمەرگەکان لــە بنکــە جێگیرەکــان پێچەوانەی ناوچە تەواو تایبەت و شکلی جیـاوازی بـە خۆیـەوە دەگـرت. کـار کردنـی کومیتەکان لەم وەرزانەدا ئاموزش و فێرکردنـی پێـشمەرگەکان لـەبواری جۆراوجـۆر، گرتنــی کۆنفرانــسی ئــازاد، کۆبوونــەوەی سیاســی – تەشــکیلاتی و ســەرقاڵ کردنــی پێشمەرگەکان بە کـاری فیکـری بـوو. لەلایـەن کومیتـەوە مەتڵـەب یـا سـەرە بـاس بـۆ پێشمەرگەکان دیاری دەکرا تا قـسەی لـە سـەر بکـەن. بـۆ ئـەوەی ئاسـتی توانـای قـسە کردن"بـەلاغت"یـان لـەنێو خـەڵك دا بەرنـە سـەرێ. خاڵـە لاواز و بـەهێزەکانی کـارو تێکۆشان و کردەوەکانمان لە ساڵانی پێشوودا دەخرایە بەر رەخنـە و هەڵـسەنگاندن و ئەزمونی نوێمان لە خوێندندنەوەی ئەوان دا وەرگرت.

وەرزش یەکێکی دیکە لـەو سـەر قـاڵی یانـە بـوو کـە لـە بنکـە سابیتەکاندا بـایخی تایبەتی پێ دەدرا. خۆ خەریك کردنی بە وەرزش ئەم بوارەی بە پێـشمەرگەکان دەدا کە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ ناوچە ئازا و چالاك و لەسەر فۆرم بن.

بەرنامەی کار وتێکۆشانمان لە بنکەی سابیت بەو شێوەیە بەرێوە دەبرد

١- بــۆ وەرزش و پــەروەردەکردنی بــەدن ٢ کــەسمان دەنــاردە دەورە دواتــر وەك"مربی" لە هێزو کۆمیتە کەلکمان لێوەر دەگرتن .

– هەموو بەیانیان بێ فەرق وجیاوازی سەعاتی ٦/٥ لە خەو هەستان بوو بۆ وەرزش وماوەی ٤٥ دەقیقە وەرزش بەرێوە دەچوو رۆژی هەینی تەعتیل بوو.

– بەشداری کردنی هەموو کادرو پێشمەرگەکان بە زەرووریمان دەزانی تەنیا ئەو کەسانەی پیر وکەم ئەندام بوون.

– یەك نەفەرمان وەك مەسئوول لە ئەندامانی کومیتە شارستان بۆ ئەم کارە دیاری دەکرد و هەر کەس بێ دەلیل غایب بوایە یا خۆی دزیباوە لە لایەن ئورگانەوە سەرکۆنەمان دەکرد.

٢-بەرنامەی ئاموزشی گشتی بە ٢ شیوە بەرێوەمان دەبرد :یەکەم بەشێوەی کونفرانسی گشتی، دووهەم بە شێوەی کلاسی ئاموزشی.

– کونفرانسی گشتی لەحەوتووی یەك جاربۆ هەموو کادرو پێشمەرگەکان دەگێرا نەفرێکمان پێشتر دیاری دەکرد کە خۆی ئامادە بکا بۆ ئەو هەفتەیە. دیارە زۆر جار لە پێشمەرگە باسوادەکان کەلکمان وەر دەگرت .

— کلاسی ئاموزشی ئەو بەرنامەیە هەفتەی دوو جار بەرێوە دەچوو و کادری سیاسی لك ئەو ئەرکەی بە ئەستۆ بوو ئەو کارش بە هەموو کادرەکان نەدەکرا کادری سیاسی و باسەوادی پێویست بوو. زۆر جاریش لە پێشمەرگە باسەوادەکان ئیستفادەمان دەکرد.ئەو مسایلانەی خوارەوە ئەو کات باس دەکران .

— ئەخلاقی شۆرشگێڕانە ، شی کردنەوەی دێموکراسی، فەرق وجیاوازی وبێ بەند وباری، شێوەی گوزارش نووسین وراپۆرت دانەوە، کاری ئەمنیەت وخۆپاراستن لە پیلانی دوژمن، ئائین نامەکانی نێو خۆی حیزب، گێرانەوەی بیرەوەری یەکان وشتی سیاسی دیکە کە کومیتە شارستان دیاری دەکرد.

٣– بەرنامەیەکی دیکەی ئاموزشی چەکی قورسمان بوو کە چەند کەسمان رەوانەی فێرگە دەکرد دورەی تایبەتیان دەدی. هەروەها بۆ فەرماندەرانی نیزامیش کلاسمان دادەنا کە باسەکانیان ئەوانە بوون : مەوقعی جوغرافیایی، نەقشە خانی،

قوتب نما، باس لە سەر ئەنواعی شەڕەکان، نەوعی کەمینەکان، مودیرییەتی نیزامیی، فەرماندەهی، دارشتنی گەڵاڵە بۆ عەمەلیات،چەند شتی دیکەی نیزامی.

بەو شێوەیە زستانی دوورو درێژمان تەواو دەکرد و زۆر شتیش فێر دەبووین.

کە لە بەهاریش نزیك دەبووینەوە، دیسان لە کومیتە و هێز سازماندەهی نوێ دەکرانەوە ئەو بەهارەش دوای گیرانی کۆنگرەی ٩ زۆربەی بەرپرسانی ئورگانەکان ئاڵوگۆڕیان بەسەردا هاتوو هەر بۆیە بۆ بەهاری ١٣٧١ هەموو ئورگانەکان بەرپرسی تازەیان بۆ دیاری کران.

# ١١

له رۆژەكانی دوای نەورۆزی ١٣٧١ لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبەوە پێشنیاری "سەرپەرەستی هێزی ٢ی رێبەندانم"[60] پێ كرا. هەر بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ كاك مستەفا هیجری سەبارەت بە كار و شێوەكاری هێز دانیشتم. رۆژی ١٨ی خاكەلێوە ١٣٧١ لەلایەن كومیسیونی سیاسی- نیزامی یەوە بۆ ئەم ئەركە راسپێردرام و بە هێزی ٢ی رێبەندان ناسێنرام.

دوكتور سەعید شەرەفكەندی وەك سكرتێر حوكمەكانی دەنووسی ئەوەش دەقی نامەی سكرتێر بۆ من بوو.

***هاورێی بەرێز كاك برایم چووكەڵی***

***لەگەڵ سڵاوێكی شۆڕشگێرانە***

بەم هۆیەوە بەسەر پەرستی هێزی ٢ی رێبەندان دیاری دەكرێی. هیوادارین هەموو توانا و ئیمكاناتی خۆت بۆ رێك و پێك كردنی كاروباری هێزی ٢ی رێبەندان و كومیتەی مەڵبەندی ٢ و خزمەت بە ئامانجەكانی خەڵكی كوردستان، "دێموكراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ كوردستان" وەكار بخەی.

***حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران***

***كومیتەی ناوەندی***

***سەعید ٧١/٢/١***

لەگەڵ ئەوەی تا رادەیەك پێشمەرگەكانی "مەڵبەندی ٢"م دەناسی و لە ناوچەی تێكۆشانی تایبەتی ئەو هێزەش زۆر گەڕابووین. و شارەزا بووم بەڵام ئەو جیاوازی

---

60- سەرپەرەستی هێز قۆناغێكی تاقی كردنەوە بۆ وەرگرتنی پۆستی فەرماندەری هێز. و كاری فەرماندەری هێز دەكا.

**یەی شوێن گۆڕینەوەی تێکۆشانم تەواو بەرچاو بوو، چونکی کار کردن لە شوێن و ناوچەی ژیانی خۆت هەم خۆشترە و هەم ئەرك و کارەکان ساناتر ڕادەپەڕن.**

**پاش ئەو ناساندنەی سیاسی نیزامی گەڕامەوە کومیتەی بۆکان و لە کۆبوونەوەیەك دا دوای ١١ ساڵ ماڵئاواییم لێیان خواست و لە هێزی بەیان دوور کەوتمەوە.**

**ڕۆژی ٢٥ی خاکەلێوە چوومە قسڵان کە بنکەی هێزی ٢ی ڕێبەندانی لێ بوو. ئەوکات گۆران بەسەر بەرپرسایەتی یەکانی مەڵبەندی ٢ هاتبوو. کاك محەممەد شهروان (تۆپچی) کە لە کۆنگرەی ٩ دا بۆ جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێرا بوو، بوو بە بەرپرسی مەڵبەند. ئەندامانی مەڵبەندیش لە ئیقباڵ بەیگی، ڕەحمەت دەست ئاموز، مەجید پەرەندیان و برایم چووکەڵی پێك هاتبوو.[61]**

**دوای دابەشکردنی کار لەناوچە نۆرە بە سازماندەهی هێز گەیشت و ساڵح شەریفی[62] وەك سەرلك دیاری کرا و دوو سەرپەلیشمان دیاری کرد. پاشان پێداویستی یەکانی گەڕانەوە بۆ ناوچەمان وەرگرت.**

**ڕۆژی ٢٥ی بانەمەڕ تیمێکی ٦ کەسی سەردانی سنوورمان کرد کە لەبەر بەفری زۆر و نەبوونی ڕێگە بۆ ناوچە، گەڕاینەوە بنکە سابیتەکان. دواتر ٢٥ی جۆزەردان تیمێکی ٢٥ کەسی لە کادر و پێشمەرگەکانی مەڵبەندی ٢ بۆ ناوچەی سەقز گەڕاینەوە. سەرەتا تاکتیکی ڕێژیممان خستە ژێر چاوەدێری و هەڵسەنگاندن. هەر زوو بۆمان دەرکەوت کە ڕێژیم زۆربەی پایەگاکانی چۆل کردووە و سیاسەتی تۆپ باران کردن و کەمین نانەوە بۆ هێزی پێشمەرگەی وەك تاکتیك بۆ زەربە لێدان لە ئێمە ڕەچاو کردوە. بۆ پێو شوێن کەوتن و کێو ماڵی پێشمەرگەکانیش هێلی**

---

[61] – ڕەحمەت ساڵی ١٣٧١ لەناوچەی دیواندەر شەهید بوو، ئیقباڵ بەیگیش ساڵی ١٣٧٤ لە ناوچەی سنە شەهید بوو و مەجید پەرەندیان ساڵی ٧٤ هەڵاتەوە لای ڕێژیم وخۆی بە دەستەوە دا.

[62] – ساڵح شەریفی ساڵی ١٣٧٥ بەهۆی خواردنی شیرینی کە لە لایەن ڕێژیمەوە دەرمانی سالیومی تێکرابوو و بەهۆی کەسێکەوە نێردرابوو، شەهید بوو.

کۆپتێری زیاتری خستۆتە ژێر ئیختیاری هێزەکانی. ئێمەش بە جموجۆڵی زۆر و خۆماندوو کردنی زیاتر سەرمان لە رێژیم شێواند بوو. پاش ١٠ رۆژ جەولە لە ناوچە تەواو جموجۆڵی و دژ کردەوەکانی رێژیممان هاتبۆ بەردەست و لێی شارەزا ببوین.

رۆژی ٣١ی جۆزەردان لەنزیك گوندی"ئاڵتوون"لە گەورکایەتی سەقز مابووینەوە تیمێکمان بە مەبەستی لێدانی پایەگای سیلۆ و بلاو کردنەوەی تراکتی حیزب ناردە نێو شاری سەقز. سەعات ٩ی شەو پایەگای سیلۆ کەوتە بەر مووشەکی ئارپیجی و چەکی سووك. دوای نیو سەعات لێدانی پایەگا و چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵکی و بلاو کردنەوەی تراکتی حیزب لە شار هاتنە دەرێ و بە ساغ و سلامەتی خۆیان گەیاندەوە ئێمە و بۆ پشت گوندی هەرمێلە کشاینە دواوە.

کاتژمێر ٦ی بەیانی گەیشتبووینە شوێنی مەبەست و هێشتا پشوومان نەدابوو کە خاوەن زەوی گەیشتە سەرمان و دەستی کرد بە کروزانەوە و بۆڵە بۆڵ کە ئێستا پاسدار دەگەنێ و ... زۆرمان قسە لەگەڵ کرد و پاشان بەرەو بناری وەستا مستەفا هەڵکشاین.

سەعات ٤ی دوانیوەرۆ بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ مەڵبەند چوومە سەرشاخی وەستا مستەفا دوو سەعات پتر چاوەڕوان بووم و کەس نەهاتە پشت هێڵ. بۆ شەوێ لە گوندی هەرمیلە بووین. پاش ئەوەی بە تێر و تەسەلی لەسەر هەل و مەرجی خەبات و بزووتنەوە لەگەڵ خەڵکی دواین، لە سەعات ١١ی شەو لە ئاوایی وەدەر کەوتین و لە نزیك گوندەکانی بوغدەکەندی و"شقویێف"بۆ پشوودان لامان دا.

سبەی ئێوارە چووینە ئاخکەند و من چوومە ماڵی خەزووری ئیقباڵ تا ئاشتیان بکەمەوە و پێکیان بێنم. [لەسەر ئەو بەینیان نەبوو کە پێشمەرگەیەك کچەکەی ئەوانی هێناوە] پاش هەوڵێکی زۆر هاتنە سەر ئەوەی کە لەگەڵی ئاشت ببنەوە. بە بێسیم بە ئیقباڵم گوت بێتە لای ماڵە خەزووری و ئەویش هات. خەسووی ئیقبال بە بزەوە باوەشی پێدا کرد خەزووریشی پاش برێك نابێ نابێ باوەشی پێدا کردو

ئاشـت بوونــەوە پاشـان نـانی شـەوێمان خـوارد و درێـژەمان بـە گەشـتەکەمان دا. ناوچـەکانی خـۆڕ خـۆڕە، تیلـە کـۆو سەرشـیوی سـەقزمان هـەموو پێـوا بـەڵام جموجۆلێکمان لەلایەن ڕێژیمەوە بەدی نەدەکرد.

ڕۆژی ١٥ی پووشپەڕ لە نزیك گوندی "سەیفاوا" ئیقبال بەیگی پێشنیاری کچێکی پێ کـردم کـە قسەی لەگـەڵ بکـەم و بـی خـوازم. ئێـوارە چووینە نێـو گونـد و دوای خواردنی نانی شەو چووینە ئەو ماڵە کە ئێستا مالی خەزوورمە. لە دەرفەتێکدا دوای چـاخواردنەوە تـوانیم لەگـەڵ گوڵاڵـە محەممـەد زادە (خێـزانم) قـسە بکـەم. بـەڵام دەرفەت کەم بوو و درێژەی قسەکانمان بۆ کاتێکی دیکە هێشتەوە.

ڕۆژی ١٦ی پووشـپەڕی ١٣٧١ لـە نزیـك گونـدی "دەرە سمایـل" مابووینـەوە کـە بوومـەڵێڵی بـەیانی مـام ڕەحمـان ئاخکەنـدی ئاگـاداری کـردم کـە پاسـدار هاتوونـە بەرزایی یەکان. گورج دوور بینەکەم دەست دایە و لە بەرزایی یـەکانم ڕوانـی، چـەند کەسێك دیـار بـوون بـەڵام ڕوون نـەبوو چـین و کـێن. هێـشتا پێـشمەرگەکانم لەخـەو هەڵنەستاندبوو کە بەراوچی دەرچوون. ئێمە هەروا لەسـەر شـیوی سـەقز درێـژەمان بە گەشتەکەمان دەدا و ڕێژیمیش جم و جۆڵێکی ئەوتۆی نەبوو.

ئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی پووشپەڕ چووبووینە ئاوایی "حەسەن سالاران" تا هـەم نـانی شەو بخۆین و هەم یارمەتی کۆ کەینەوە. لەکاتی کۆکردنـەوەی یارمـەتی دا ڕەحمـەت لەگەڵ کۆنە ئاغای ئاوەدانی لێیان دەبێتە قرمەوقاڵو ڕەحمەت دوو قونداغە تفەنگی لێـدەدا. خـەڵك کـۆ بوونـەوە و ئێمـەش بـە شـێوەیەك کێـشەکەمان بڕانـدەوە. بـەڵام دەسـتێك هـەبوو کـە دەیهەویـست ئـەو کێـشەیە گـەورەتر بکاتـەوە. قووڵکردنەوەشـی ئامـاژەی ڕێـژیمی لـە پـشتەوە بـوو. بـەڵام ئێمـە پێـشمان پـێ گـرت و دوای ئـەوەی لەگـەڵیان دانیـشتینەوە، کێـشەکەمان بڕانـدەوە. ئـەوان نامەیەکیـشیان بـۆ دەفتـەری سیاسی نووسیبوو کە دوایە نوێنەری دەفتەری سیاسی لەگەڵیان باس کردین.

ئێـوارەی ٢٧ی پووشـپە لـە نزیـك گونـدی "سـەردەرێ" مابووینـەوە. ڕۆژەکـەی ئاگامـان لــێ بـوو کـە ڕێـژیم هێزێکـی زۆری لـە گـوردانی "حـاجی مامیـان" ڕا بـۆ

ئاوەدانکردنــەوەی پایــەگای نێــو گونــد هێناوەتــە ئــاوایی و چــەند کەســێکیش لــەنێو مۆڵگــەدا دامەزرانــدوە. ســەعاتێکی ڕۆژ مــابوو کــە بڕیارمــان دا لــە نــەکاو و کتــوپڕ هێرشیان بکەینە سەر. هەر بۆیە کارەکانمان دابـەش کـرد و بـەرزایی یـەکانی دەور و وبەرمان گرت و چەند کەسێکمان بۆ لێدانی پایەگاکە دیاری کرد. هەر کە تیمی سەر پایەگا لێیان نزیك بۆوە. لە دوو لاوە بە ئارپیجی و بی کی سی پایـەگامان ئاوربـاران کرد. دواتر تیمی هێرش پەلاماری پایەگای دا و لەبەر دەرگای پایەگا شەڕە نـارنجۆك دەستی پێ کرد. تویتایەك لەبەر دەرگـا لـەکار کـەوت و چـەند سـەنگەرێکیان کەوتـە بەر دەسـتی پێـشمەرگەکان، بـەڵام برینـدار بـوونی پێـشمەرگەیەکی تیمـی هێرشـبەر بەناوی حامید وزمەلەیی[63] و بەهۆی ئەوە کەم بـوونی نەفـەری هێرشـبەر پـاش نیـو سـەعات کـە بەشـێکی سـەنگەرەکانی پێـشەوە گیرابـوو بڕیـاری پاشەکـشەمان دا و تـا کشانەوەی بریندارەکە ئاگربـارانی پایـەگا هـەر بـەردەوام بـوو. دواتـر هـەمووومان کـۆ بووینەوە و بە پشتی مازواردا بـۆ بـەرزایی یـەکان هەڵکشاین. دوو کەسـم نـاردە نێـو ئاوایی تاوڵاغێك بۆ هەڵگرتنی حامیـد بهێـنن. سـەعات ١٢ی شـەو وڵاغەکـە گەیـشتێ. ڕۆژی ٢٨ی پووشپەڕ لەگـەڵ مەڵبەنـد کـە تـازە بـەرەو ناوچـە دەگەڕانـەوە پێوەنـدیم گرت و باسەکەم پێ ڕاگەیاندن و پێم گوتن کە برینداریشمان هەیە بەڵام لـە شـوێنی خۆتان بن و ئێمە دەیینە لاتان. ئێوارێ خۆمان پێچاوە و دوای پەڕینـەوە لـە جـادەی سەقز – مـەریوان لەگـەڵ مەڵبەنـد یـەکمان گرتـەوە و چـەند ڕۆژێـك پـشوومان دا و بریندارەکەمان ناردە نەخۆشخانە.

دواتر هێـزی بـەیان پـەیامیان لـێ دا کـە برینـداریان هەیـە و ئێمـەش تیمێکـی ٥ کەسـیمان بـە پێـشوازیان نـارد. دوای بـەڕێکردنی برینـدارەکانی هێـزی بـەیان بـۆ نەخۆشـخانە، کۆبوونەوەیـەکی هاوبـەشمان لەگـەڵ هێـزی بـەیان گـرت. کـە پێکـەوە جەولەیەکی هاوبەش لەگەڵ هێزی بەیان دەست پێ بکەین.

---

[63]- حامید ساڵی ١٣٧٥ لە تانجەرۆ شەهید بوو.

دوای چەند رۆژ بڕیارمان دا کەمینێك بۆ هێزەکانی رێژیم بنێینەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستە رۆژی ١٦ی گەلاوێژ لە باغی "قەبەغلوجە"ی گەورکایەتی سەقز خۆمان حەشار دا. ئێوارە کارەکانمان دابەش کرد بەو شێوەیەی تیمێك لە پایەگای "قەبە غلوجە" بدەن و دەستەیەکی دیکە کە کاری ئەسلی بوو لە "کەلی قەرچۆغ" کەمین دانێین. ئێوارە سەعات ٨ لێدانی پایەگا دەستی پێکرد و کەمینەکانیش لە شوێنی خۆیان جێگر ببوین و چاوەروان ماینەوە لەگەڵ لێدانی پایەگا لە سێ لاوە هێزەکانی رێژیمیش لە سەقزەوە بەرەو جاشخانەی میرەدێ وەدەر کەوتن. بەڵام لە میرەدێ ڕا بۆ پێشەوە نەترازان. ئێمە تا سەعات ١١ی شەو لە کەمین دا چاوەڕوان بووین کەچی هێزی رێژیم وڕەی هاتنە پێشیان نەبوو. ئێمەش کەمینەکانمان چۆڵ کرد و لەگەڵ دەستەکەی دیکە یەکمان گرتەوە. رێژیم ئەگەر پایەگایەك کەوتبا بەر هێرشی پێشمەرگە تەواو دەستی لێ دەشۆردەوە و تا دڵنیا نەبا کە پێشمەرگە ئەوێیان چۆڵ کردوە لێشی نەدەپرسینەوە.

دوای ئەوەی رێژیم دڵنیا بوو کە پێشمەرگە لەسەر رێگا نەماوە لەپێشدا ناوچەکەی خۆمپارە باران کرد تازە ئێمە دوور کەوتبووینەوە لەگەڵ ئەوانی دیکە یەکترمان گرتەوە و درێژەمان بە جەولەی هاوبەشی خۆمان دا و شەوی ٢١ی گەلاوێژ لە گوندی "خوردە لۆکێ"ی سەرشیوی سەقز لامان دا. ماشێنێکی ئیدارەی بەرق لەگەڵ ٤ کەس لەنێو ئاوایی بوون و خەریکی چاك کردنەوەی بەرقی ئاوایی بوون. ئێمەش هەر لەبەر ئەوە ماشێنەکەمان نەسووتاند و لەسەر داوای خەڵکەکە ئازادمان کردن.

شەو هەر دوو هێزەکە لە جادەی سەقز – سنە بۆ ناوچەی فەیزوڵڵا بەیگی پەڕینەوە. ئێوارەی سبەینێ چووینە گوندی "ئاڵ کەلۆو". خەڵکی ئاوایی لەگەڵمان زۆر سارد و سڕ بوون وەك بڵێی هەر نەمان ناسن. لەسەر نان خواردن کێشەیەك ساز بوو و خەڵکەکە تا زانیان و دڵنیا بوون کە پێشمەرگەین، شەو درەنگ ببوو. سەعات ١٢ گوندەکەمان بەجێهێشت و دوای پەڕینەوە لە چۆم لە پۆلە دارێکی نیزیك

"سڵەمانکەندی"بۆ پشوودان لامان دا. بۆ سبەی ئێوارەکەی داگەڕاینە نێو گوندی سڵەمانکەندی وخەڵك زۆر بە گەرمی پێشوازی یان لێ کردین. چەند ساڵ دەبوو پێشمەرگە نەچووبوونە ئەو گوندە، هەر بۆیە لە خۆشیان حەجمینمان نەبوو. دوایی شام خواردن و ماڵ ئاوایی لە خەڵك، بۆ بەرە بەیانی رۆژی ٢٤ی گەلاوێژ لەپشت گوندی قلیچ بۆ پشوودان لەژێر دوو پۆلە دار لامان دا.

سەعات ٢ی نیوەڕۆ لەلایەن نیگابانەوە کە (تاهیر قادر پوور، سەعیدی پوورخوسرەوی) بوون ئاگادار کراین کە ١٢ کەس لە زەربەتی "بەردەزەرد" بۆلای ئێمە دێن. دوو کەسیان وەك نیگابان لە دواوە دانابوو ئەوانی دیکە بۆلای ئێمە داگەڕان. ئێمەش خۆمان پیچاوە و لەژێر دارەکان دانیشتین و خۆمان حەشار دا. ئەوانیش راست روویان لە دوو دیدەبانەکەی ئێمە کرد. لەگەڵ نزیك بوونەوەیان لەپڕ لێمان دان، لەماوەی دە دەقیقەدا ٤ کەس کوژران و ٦ کەس بەدیل گیران. جاشێکی ٥٥ساڵەی مێزەر لەسەر کە بەرپرسی تیمەکە بوو لەنێو دیلەکان دابوو. لە پایەگای بەردەزەرد بە بێسیم خێرا خێرا بانگیان دەکرد. بێسیم چی یەکەم هێنا و گوشی بێسیمەکەم دایە دەستی و گوتم جوابیان دەوە بەڵام وریابە نەڵێی چ بووە و چ رووی داوەو باسی تەقە ی ئێمە ناکەی! تەواو تێك چووبوو لێوی ویشك هەڵاتبوو و دەستی بە گریان کرد.

برێك ئاوم پێدا کەچی هەر دەگریا. لەو لاش لە بۆکان و یەکشەوە و بەردەزەرد ڕا پەیتا پەیتا لەپشت بێسیم بانگیان دەکرد:

"هاشم... هاشم" کە ناوی بێسیمەکەی بوو. گوشی بێسیمەکەی هەلگرت و لێیان پرسی ئەوە چ باسە؟ گوتی چ باسێك نیە، پرسیان ئەوە تەقەیە چ بوو؟ پێم گوت بڵێ هەر خۆمان بووین و دوژمنی فەرزیمان دیاری کردوە. ئێدی ئەوان بڕی یانەوە گوێم لێ بوو کە پایەگای بەردەزەرد بە "عەمەلیات شار"ی دەگوت کە شتێکی ئەوتۆ نیە و پێویست بە ناردنی هێز ناکا. بەڵام دیار بوو کە باوەڕیان بەوە نەکردبوو هەر بۆیە هێلی کۆپتێرێکیان ناردە ناوچەکە کە زۆر نەوی هات. ئێمە خۆمان حەشار دا

بــەڵام ســەربازەکانم تێگەیانــد کــە دەســتی لــێ هــەڵێنن. ئــەویش دوای دوو جــار سووڕانەوەو لێی داو ڕۆی. پێشمەرگەکانم بە بەرزایی یەکان دا بڵاو کردەوە. پایەگای بەردە زەرد تەواو دڕدۆنگ ببوو. پـەیتا پـەیتا پێوەنـدیان دەگـرت کـە ئەگـەر شـتێك ڕووی داوە ئاگادارمان کەنەوە با هێزتان بۆ بنێرین. گوتم کە دڵنیایان بکەن کە هـیچ نەبووە. بەڵام پایەگاکە مەشکووك ببـوو داوای فەرماندەکـەیان "سـەعید"ی کـرد کـە جاشە مێزەر بەسەرەکە بوو. دیسان سەعیدم تێ گەیاند کە بڵێ تەقەکە بـۆ دوژمنـی فەرزی بووە و هیچ ڕووی نەداوە سـەعید بـە تـورکی قـسەی لەگـەڵ پایەگاکـە کـرد و ئەوانیش دڵنیا بوون وازیان هێنا.

ئــەو دوو دیدەبانــەی کــە لــە ســەرەوەش دایاننــابوو لەگــەڵ بیــستنی تەقەکــە هەڵاتبوون و تا سەعات ٦ی ئێوارە نەچوو بوونەوە پایـەگا و دواتـر کـە چووبوونەوە ئەوانی ئاگادار کردبوونەوە کە پێشمەرگە لە ناوچەکەیە و پێکدادان هاتۆتـە پـێش و هەموویان کوژراون و یان بـەدیل گیراون. هـەر ئەوەنـدەمان زانـی کـە شـەڕگەیان بـە خۆمپـارە داگـرت. دیلـەکانمان پـاش قـسەکردن و ڕوون کردنــەوە ئـازاد کـردن. بـەڵام سەعیدی جاش لەسەر بڕیاری دادگای شۆڕش مـەحکووم بـە خەیانـەت بـوو. سـەعید خەیانەتی زۆری دەرهەق بەگەڵەکەی کردبـوو دەسـتی بـە خـوێنی پێـشمەرگە سـوور ببوو هەر بۆیە حوکمی دادگای شۆرش لە سەری بەرێوە چوو. تـازە ڕۆژ درەنـگ بـوو پێشمەرگەکانمان لە بەرزایی یەکان بانگ کردەوە خواریێ و دوای خۆرێکخـستنەوە بـۆ ناوچەی سەقز گەڕاینەوە.

دوایی ئەوەی زانییـان کـە بێـسیمەکەیانمان گرتـوە دەسـتیان بـە قـسە و جنێـودان کرد ئێمەش هەر پێیان پێدەکەنین.

بـۆ سـبەی ئێـوارە ٢٥ی گەلاوێـژ ساڵرۆژی دامـەزرانی حیزبـی دێمـوکرات بـوو بـۆ خـواردنی نـانی شـەو چـووینەوە گونـدی "ئـاڵ کـەڵوو". ئـەو ڕۆژە دیتمـان کـە سـێ فرۆکەی شەڕکەر لە ئاسمان وەدیار کەوتن. لەخۆڕا بە دڵم داهات کە لەوانەیە بنکەی دەفتەری سیاسی یان بۆمباران کردبێ.

میوانــداری خــەڵکی "ئــاڵ کــەڵوو" وەك ئــی دوو رۆژ پــێش نــەبوو. بــەرێز وحورمەتەوە وەریان گرتین و میوانـدارییان کـردین. دوای قـسەکردنێکی زۆر لەگـەڵ خـەڵك سـەعات ۱۲ی شـەو لـە ئـاوایی وەدەر کـەوتین. بـۆ سـبەی لەگـەڵ کومیتـەی شارستانی بۆکـان کـۆ بوونەوەیـەکمان گـرت و لـە مووچـەی "دایەسـڵەمان" خـەریکی پشوودان بووین. شەوێ دوای نان خواردن هاورێیانی کومیتەی بۆکان و هێـزی بـەیان لێمان جیا بوونەوە و ئێمەش بۆلای گوندی "دەرەسمایلە" وەڕێ کەوتین.

شــەوی ۲۷ی گەلاوێــژ چــووینە ئــاوایی ســەیفاوا. لــەوێ تــوانیم لەگــەڵ گوڵاڵــە محەممەد زادە قسە بکەم و لەگەڵی رێك کەوم. وا ساغ بووینـەوە کە بێمەوە شوێنی و بۆ قەنديلی بنێرم. پـاش ماوەیـەك هاتینـەوە سـەیفاوا و گوڵاڵـە لەگـەڵ بنەماڵەکـەی ماڵئاوایی کـردو بـۆ سـنوورم رەوانـە کـرد پاشـان چـووە قەنـدیل بـۆ خۆشمـان بـەرەو ناوچە گەڕاینەوە. نزیك مانگێکی دیکە لـەو ناوچـە بـووین بـەڵام رێـژیم خـۆی مـات کردبوو، جموجۆڵی نەمابوو. تۆمەز دیسان لە پیلانگێڕی و کۆست خستێکی دیکە لـە حیزب و گەلی کورد دایە.

رۆژی ۲۶ی خـەرمانان لـەژێر پۆلـە دارێـك دانیـشتبووین. لای نیـوەڕۆ مـن لەسـەر کانی یەك خەریکی خۆشۆردن بووم کە بانگیان کـردم. خـۆم لـە بـەرکردەوە و بـۆلای کوڕەکـان گەڕامـەوە ۱۰ دەقیقەیـەك لێـك دوور بـووین. پـێم وابـوو رێـژیم هێرشـی کردووینە سەر. کە چووم دیتم پێشمەرگەکان لـەبن یـەکتر دانیـشتوون و گوێیـان بـۆ رادیو هەڵ خستبوو. رادیو بەرنامەی نـا ئاسـایی بـوو. راسـت وەك بەرنامـەکانی ۲۲ی پووشــپەڕی ۱۳٦۸. خۆرپــە کەوتــە دڵــم و هــەواڵی شــەهیدبوونی دوکتــور ســەعید شەرەفکەندی دنیای بەسەردا رووخاندم. دیسان کۆستێکی دیکە لە رۆژی هەینی دا و ماتـەمین بـوونی هـەموو هـۆگرانی ئـازادی. دوای تـەواو بـوونی بەرنامـەکانی رادیـو کۆبوونەوەیـەکمان گـرت و بـەڵێنمان دا تـا دوا پـشوو درێـژەدەری رێگـای شـەهیدان بەتایبەت دوا شەهیدی گەل دوکتور شەڕەفکەندی ببین.

له راستی دا دوای شەهید بوونی دوکتور قاسملوو ئەو کەلێنە گەورە دوکتور سەعید توانی پڕی کاتەوە نەی هێشت حیزبی دێموکرات بێ قاسملووی پێوە دیار بێ چونکی زۆر له تایبەتمەندی یەکانی دوکتورقاسملووی تێدا بوو بەڵام بە داخەوە......

لەگەڵ ئەوەی شەهید بوونی سکرتێری حیزب کۆستێکی جەرگبڕبوو بۆ بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات، بەڵام ئیرادە ویستی ئەو نەتەوەیە بەرزتر لەوە بوو کە شەهید بوونی سەرکردەکان پێ بەهەنگاوەکانی ئەو گەلە و خەباتەکەی شل بکا و بی چەمێنێتەوە. هەربۆیە بە گوڕتر لە جاران و هیوادار بە سەرکەوتن بەڵێنمان دا سەنگەرەکانمان قایمتر بکەین. لاوەکانیش لەو پەیامە گەیشتبوون هەربۆیە دیمان کە لەماوەیەکی کەم دا سەدان لاو روویان له ریزەکانی حیزبی دێموکرات کرد.

دوای بلاو بوونەوەی هەواڵی شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی مۆلگەکانی رێژیم کارناواڵی شادیان وەرێ خست، تەقەی خۆشیان دەکرد و وێڵەکی ناوچەیان دابووە بەر تۆپ و خۆمپارە. خۆمان بۆ زنجیرە عەمەلیاتێك ساز کرد. چەندین جەولەمان له ناوچە لێدا بەلام رێژیم هێزەکانی لە مۆلگەکان دا مەلاس دابوو و پێوشوێنی پێشمەرگە نەدەکەوت. ئێمەش گوند بە گوند دەچووین و لەسەر تیرۆری دوکتور سەعید کۆبوونەوەمان بۆ خەڵكی دەگرت و وێڕای لەقاودانی جینایەتەکانی رێژیم دڵنیامان دەکردنەوە کە خەبات تا سەرکەوتن هەر بەردەوام دەبێ و ئاڵای حیزبی دێموکرات هەمووکات هەر شەکاوە دەبێ.

لەمانگی رەزبەردا بۆ بنکە سابیتەکان له قسلان گەڕاینەوە. لەسەر سنوور چەند کەسێکی یەکێتی شۆڕشگێران لەوێ بوون کە خەڵك گلەیی یان هەبوو. لەلای ئێمە سکالایان کردبوو ئێمەش چاومان پێیان کەوت. مەبەست لەو دیدارە بەگوێدادانیان ئەوە بوو کە خەڵك ئەزیەت و ئازار نەدەن و بە زۆر پارە لە خەڵك و کاروانچی یەکمان وەرنەگرن. دیارە دواتر لە رێگەی بەرپرسەکانیانەوە سکالایان لەلای دەفتەری سیاسی بەرز کردبۆوە کە گۆیا ئێمە مزاحیمیان بووین!

دەفتەری سیاسی پەیامێکی بۆ ئێمە نارد کە کارمان پێیان نەبێ و مزاحیمیان نەبین و ئێمەش وڵامی دەفتەرمان داوە کە ئێمە مزاحیمی ئەوان نین بەڵام ئەوە ئەوانن کە زۆر لە خەڵك دەکەن و بە زۆر پووڵ لە خەڵکی کاروانچی دەستێنن. لەگەڵ ئەوەش دیسان لەگەڵیان دانیشتینەوە کە بە جوانی لەگەڵ خەڵك هەڵسوکەوت بکەن.

ساڵی ٧١ بۆ حیزبی دێموکرات ساڵێکی ناخۆش و دڵتەزێن بوو. حیزب کۆستێکی دیکەی لێ کەوتبوو. سەرکردەیەکی مەزنی لەدەست دابوو بەڵام بە بڕوا بە دروست بوون و پیرۆزیی ڕێباز و ئامانجەکەی مەیدانی چۆل نەکرد، کۆڵی نەدا و ئاڵای خەباتی هەروا شەکاوە ڕاگرت.

تاکتیکی ڕێژیم لەساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بۆ بەرەنگاریی لەگەڵ هێزی پێشمەرگە نانەوەی کەمین و پاشان تۆپ باران و خۆمپارە بارانی سەنگەری پێشمەرگە بوو لەکاتی پێویستیش دا کۆپتێرەکانی دێنا سەرمان و ویڵەکی مووچە و مەزرای خەڵکی ئاگر باران دەکرد. وەخت و بێ وەخت گرووپە گەشتی یەکانی لە ناوچەدا بڵاو دەکردەوە تا پێشمەرگەکان لێیان وەدەست بێن، بەم جۆرە شوێنی پێشمەرگەکان ئاشکرا بکا و دوای ئاشکرا بوونی هێزی پێشمەرگە، بە تۆپ و خۆمپارە شوێنەکەیان ئاگر باران بکەن. ڕێژیم هێزەکانی راسپارد بوو کە لە ناوچەدا بگەڕێن و شوێنی پێشمەرگەکان ئاشکرا بکەن. ئەگەر زانیان بەرەنگارییان پێ ناکرێ خۆیان بە دەستەوە دەدەن دواتریش هێزی پێشمەرگە ئازادیان دەکەن یان ئەگەر لەکاتی دیاری کراو دا نەچووبانەوە دیانزانی کە گیراون و چیان بەسەر هاتووە.

جیا لە وێڵەکی تۆپ باران کردنی ناوچە و مووچە ومەزرای خەڵکی و شاخ و داخەکانی کوردستان بە بیانووی ئەگەری بوونی پێشمەرگە گوشاری بۆسەر خەڵکیش دووقات کردبوو. خەڵکی هان دەدا و گوشاری دەخستە سەری کە هاوکاری پێشمەرگە نەکەن.

دژە تاکتیکی ئێمەش پاراستنی خۆمان لە رهێڵەی تۆپ بارانی رێژیم، نەهێنی پارێزی، گورج و گۆڵی و وریایی زیاتر لە حەرەکەت و جێگیر بوون و زەربە لێدان لە رێژیم بوو. سەبارەت بەو کەسانەی کە فریوی دوژمنیان خواردبوو سیاسەتەکانی رێژیمیان بۆ شی دەکردنەوە. دیارە لەو نێوەش دا دەبێ ئافەرین بۆ خەڵکی کوردستان بنێرین کە شەو و رۆژ پێشمەرگەیان لە ئامێزی خۆیان دا داڵدەدا و بەو پەڕی ئەمەگناسی یەوە، ئامادە نەبوون چووکترین زانیاری بە رێژیم بدەن.

من رۆژی ١٥ی رەزبەری ١٣٧١ بۆ بنکە سابیتەکان گەڕامەوە تا هێز و مەڵبەند گەڕانەوە کاری بنکە و مقەرەکانمان تەواو کردبوو منیش خانوویەکم بۆخۆم جێ بەجێ کرد بوو. بڕیارم دابوو کە شایی یەکی گەورە ساز بکەم، بەڵام ئەو کۆستەی لە حیزب و نەتەوەکەمان کەوتبوو، واتە شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی وەهای دڵ بریندار کردبووین کە لەم کارە خۆمان بوارد.

بەدوای گیرانی یەکەم پلینۆمی دوای شەهید بوونی دوکتور شەرەفکەندی کاک مستەفا هیجری و مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ سکرتێری و جێگر سکرتێری دیاری کران. بەم بۆنەوە لە دوو نامەی جیاوازدا بۆ ئەو بەرێزانە وێڕای سەرەخۆشی کردن لەو کارەساتە و دوو پاتکردنەوەی بەڵێنیم لە درێژەدانی خەبات، پیرۆزبایی بەرپرسایەتیی نوێم لێ کردبوون.

کاک مستەفا پاش چەند رۆژ لە رادیو دەنگی کوردستان لە وتووێژێک دا سپاسی ئەو کادر و پێشمەرگانەی کرد کە پیرۆزباییان لێ کردووە و مامۆستا حەسەنزادەش نامەیەکی لە وڵامی نامەکەم دا ناردبۆوە کە ئەوە دەقی ئەو نامەیەیە:

*برای بەرێز و خۆشەویست کاک برایم چووکەڵی*

*لەگەڵ سڵاوی گەرم!*

نامەی پیرۆزباییتان گەیشت و خۆشحاڵی کردم. لەکاتێکدا پڕ بە دڵ سپاسی هەستی خاوێنتان دەکەم ئاواتم ئەوەیە هەمووومان پێکەوە بە هاوکاریی یەکتر و بە

پشتیوانی كۆمه‌ڵانی دڵسۆزی گه‌لی كورد بتوانین ئه‌ركه نیشتمانی یه‌كانمان به‌رێوه به‌رین و له‌لای گیانی نه‌مرانی شه‌هیدان و خه‌ڵكی تێكۆشه‌ری كوردستان سه‌ربه‌رز و روو سوور بێینه‌ده‌ر.

هاوكاری دڵسۆزانه‌ی ئێوه له به‌رێوه‌بردنی ئه‌ركه‌كانی سه‌رشانمان دا باشترین پیرۆزبایی له‌من و له هه‌موو ئه‌ندامانی كادری رێبه‌رایه‌تی حیزبه.

سه‌ركه‌وتن بۆ رێبازه دروسته‌كه‌مان و ئامانجه ره‌واكانمان. نه‌مری بۆ شه‌هیدانی رێگای ئامانج.

*وێرای سلاوسوپاسی دووباره*

*٧١/١٠/٦ ـ براتان عه‌بدوڵا حه‌سه‌ن زاده*

دوای گه‌ڕانه‌وه‌مان له ناوچه راپۆرتی كار و تێكۆشانی ئه‌و ماوه‌یه‌مان ئاماده كرد. به‌ره به‌ره له گرتنی كۆنفرانسه‌كان نزیك ده‌بووینه‌وه. پێش كۆنفرانس له‌لایه‌ن كومیسیونی سیاسی نیزامی یه‌وه، ئاگادار كرابوومه‌وه كه وه‌ك فه‌رمانده‌ی هێزی به‌یان ده‌گه‌رێته‌وه كومیته‌ی بۆكان. هه‌ر بۆیه‌ش سه‌ردانی بنكه‌ی ده‌فته‌ری سیاسیم كرد و له‌گه‌ڵ كاك بابا عه‌لی مهرپه‌روه‌ر، به‌رپرسی سیاسی – نیزامی ئه‌وكات له‌و پێوه‌ندیه‌دا قسه‌مان كرد وله سه‌ری ساغ بووینه‌وه.

دوای گرتنی كۆنفرانسی مه‌ڵبه‌ندی ٢ رۆژی ٧١/١١/١٥ له كۆبوونه‌وه‌یه‌ك دا له‌لایه‌ن كاك مه‌نسوور فه‌تاحی[64] وه‌ك نوێنه‌ری سیاسی نیزامی به هێزی به‌یان ناسێندرام و كاك عه‌ولا شینانی وه‌ك فه‌رمانده‌ری هێزی ٢ی رێبه‌ندان دیاری كرا. له‌و كۆبوونه‌وه‌یه‌ی كه به‌بۆنه‌ی ناساندنی كاك عه‌ولا شینانی بۆ مه‌ڵبه‌ندی ٢ گیرا، منیش ماڵئاواییم له مه‌ڵبه‌ندی ٢ كرد و رۆژی ١٠ی ره‌شه‌ممه ماڵه‌كه‌م له قسڵان بۆ هێزی به‌یان گواسته‌وه.

---

[64] – مه‌نسووری فه‌تاحی رۆژی ١٧ی سه‌رماوه‌زی ١٣٧٦ له رێگه‌ی سولیمانی –كۆیه كه‌وته كه‌مینی تێرۆریستانی كۆماری ئیسلامی شه‌هید بوو.

بەیانی ڕۆژی ٢٢ی ڕەشەممە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك لەسەر ئایین نامەی پێشمەرگە قسە و باسمان دەكرد كە لەپڕ٦ فڕۆكەی بۆمب هاوێژی كۆماری ئیسلامی هاتنە ئاسمانی ناوچەكە و بنكەكانی دەفتەری سیاسی یان بۆماوەی ١٥ دەقیقە بە بۆمبی هێشوویی و موشك و ڕاكێت ئاورباران كرد. ئەو هێرشە ئاسمانی یەی ڕێژیم بۆخاكی عێراق لە كاتێك دا بوو كە ناوچەكەی جێی نیشتەجێ بوونی ئێمەش لەژێر چاوەدێری هێزەكانی هاوپەیمان و هەڵكەوتوو لە هەرێمی هێڵی دیاری كراوی ٣٦ دەرەجە بوو كە لەلایەن ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكانەوە وەك ناوچەی "ئەمن"ی دژە فرین دیاری كرابوو. هەر بۆیەش سەرەڕای ئەوەی بە دەیان پەدافەند و دۆشكە لە دەوروبەر دامەزرابوو، لەبەر ئەو دڵنیایی یە تەنیا پەدافەندێك دژ كردەوەی هەبوو و تەقەی كرد. هەر ئەو دڵنیایی یەو ئەم دەمەلاسكەیەی ڕێژیم بە ئیرادەی جیهانی و UN وایكرد كە ئەوان بە ئاسانی بتوانن ئامانجەكانیان بپێكن. كە دیارە نەخۆشخانە و ئاسایشگا و هێزی سامرەند زیانی ماڵی لێ كەوتبوو و بەداخەوە ٤ پێشمەرگەش بەم ناوانە شەهید بوون. مەحموودی مەحموودپوور؛ حوسێن شەمامی، عەوڵا سێونەیی، ڕەسوڵ عوسمانی.

بەدوای ئەم بۆمبارانە شەپۆلی هاودەردی هاو سۆزی خەڵكی كوردستانی باشوور بەتایبەت ڕێكخراوە سیاسیەكان بۆ حیزب وەڕێ كەوت. هاوسۆزی و هاوخەمیی خەڵكی پشدەر بەرچاو و تایبەت بوو كە ئێمە لە ئینتزامات، واتە كومیتەی شارستانی بۆكان وێرای نوێنەرێكی دەفتەری سیاسی كاك سەلام عەزیزی پێشوازیمان لێ كردن.

# ١٢

دوای دیاریکردنی کاك عومەر باڵەکی وەك بەرپرسی کومیتە شارستانی بۆکان و برایم چووکەڵی وەك فەرماندەری هێزی بەیان کۆنفرانسی کومیتەی شارستان لە خاکەلێوەی ساڵی ١٣٧٢ گیرا و ئەندامانی کومیتەی شارستان هەڵبژێردران.

دیارە بەرپرسی کومیتە شارستان لە تەقسیم کاری پلینۆم دا دیاری کرا و فەرماندەری هێزیش لەسەر پێشنیاری کومیسیونی سیاسی نیزامی و تەئیدی دەفتەری سیاسی دیاری دەکرێ و شەخسی سکرتێر حوکمەکان بە نووسراوە رادەگەیەنێ. هەر لەو پێوەندی یەدا کاك مستەفا هیجری حوکمی فەرماندەری هێزی بۆمن ناردبوو. کە ئەوەش دەقی نامەکەی کاك مستەفایە.

*هاورێی بەرێز کاك برایم چووکەڵی*

*لەگەڵ سڵاوێکی شۆڕشگێرانە*

بەم هۆیەوە بە فەرماندەری هێزی بەیان دیاری دەکریی.

هێوادارین هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆت بۆ رێك و پێك کردنی کاروباری ئەو هێزە و خزمەت بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان، "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" وەکار بخەی.

روونووس بۆ:

١- کومیسیونی سیاسی نیزامی

٢- کومیسیونی ماڵی

٣- کومیتە شارستانی بۆکان

٤- سکرتا

*حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*

*کومیتەی ناوەندی*

*مستەفا* ٧١/١٢/١٢

بەشێك لە هەڵبژێردراوانی ئەم خولە بۆ ئەندامەتیی كومیتە شارستان لاو و كەم ئەزموون بوون و هەر لە سەرەتادا كۆمـەڵێك كونتاكت و گرفتیـان دروست كـرد كـە هەڵبەت ئێمە بەپێی ئایین نامە رێكخستنی نوێمان كردەوە سەڵاحیەتەكانمان لە هێز و كومیتەدا دیاری كرد.

لەو سەرو بەندەدا دەنگۆی هێرشی رێژیم بۆ قـووڵایی خـاكی كوردسـتان و زەربـە لێدان لـە حیزبـی دێموكرات تـا دەهـات پـەرەی دەسـتاند و نیـشانەكان و هەواڵـەكان لەنێوخۆش ئەوەیان پشتراست دەكردەوە.

رۆژی ٢١ی خاكەلێوەی ١٣٧٢ كۆبوونەوەیەك بە بەشـداری بەرپرسـی كومیتـەكان و فەرماندەری هێزەكانی بۆكان، مەهاباد، پیرانشار، بانە، سەردەشت و رەبەت لە بنكەی دەفتەری سیاسی گیراو تێیدا وێرای باس و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەكە بۆ بەرەو روو بوونەوەی رێژیم بەرنامە رێژیی كرا و كـارو بەرپـرسـایەتیی یـەكان و شـوێنەكان بـۆ هەركام لەم هێزانە دابەش كران.

هێزی بەیان لە شاخی "كورتەك" و "بەرقەڵشیو" جێگیر بـووین و هـەموو رۆژێ چـاوەروانی هێرشـی رێـژیم دەبـووین. رۆژی ٢٥ی خاكـەلێوە، حیزبـی دێمـوكرات لـە رێگـەی رادیـو دەنگـی كوردسـتانی ئێرانـەوە ئـەم پیلانـەی رێـژیمی لـەقاودا و لـە بانگـەوازێك بـۆ كـۆر و كۆمەڵـە نێـو نەتـەوەیی كـان و خـەڵكی كوردسـتان مەبەسـتی چەپەڵی رێژیمی ئاشكرا كرد. رۆژی ٢٧ی خاكەلێوە رێژیم كە دیتی پیلانەكەی لەقاو دراوە، یەكـەمین تـۆپی دوورهاوێـژی لـە بنكـەكانی حیـزب هـەڵكرد و بـەمجۆرە رۆژ نەبوو كـە بنكـەكانی حیـزب كاتیوشـا بـاران و تـۆپ بـاران نـەكا. هێرشـی بـەردەوامی تۆپخانـەیی رێژیم ژیانی خەڵكی ناوچەشی تاڵ كردبوو. ئـەو بەرنامەیـەی ماوەیـەكی دوورودرێژ، تا چۆڵ كردنی بنكەكانی حیزب لە قەندیل درێژەی دا.

لەگەڵ بڵاو بوونەوەی بانگـەوازی حیـزب و دەسـپێكی هێرشـە تۆپخانـەی یەكـەی رێژیم شەپۆلی هاوكاری و هاوپێوەنـدی رێكخـرا و حیزبـەكانی كوردسـتانی باشـوور و بەتایبــەت یــەكێتی نیــشتمانی و پــارتی دێمــوكرات و خــەڵكی ئــەم بەشــەی

نیشتمانەکەمان لەگەڵ حیزبی دێموکرات وەرێ کەوت و بۆ ئـەو مەبەسـتە سـەردانی بنکەکانی حیزبیان دەکرد و ئامادەیی خۆیان بۆ هاوکاری دەربڕی.

لەلایەن حیزبی دێموکراتیشەوە، بۆ پتـەوتر کردنـی ئـەو هاوپێوەندیـە رۆژی ٢ی بانەمەڕ ٧٢ وەفدێك پێکهاتوو لە ئەحمەد نەسـتانی، سمایـل بازیـار، کـاوە بـەهرامی و برایم چووکەڵی سـەردانی فیرقـەی چوارقوڕنەمان کـرد و لەگـەڵ نوێنـەرانی بـەرەی کوردسـتانی ئـەوکات کۆبوونـەوەمان گـرت. لـەو کۆبوونەوەیـەدا کـاك تۆفیـق کـانی وەتمـانی فەرمانـدەی ناوچـەی پـشدەر سـەر بـە یـەکێتی نیـشتمانی و بـایز رەزگـەیی جێگـری فەرمانـدە سـەر بـە پـارتی دێمـوکراتی کوردسـتان ئامـادە بـوون و لەسـەر چۆنیەتی دابەش کردنی کارو بەرپرسایەتیی و وتووێژمان کرد و رێککەوتین. دیـارە ئەو هەیئەتەی ئێمـە نیزامـی بـوو بـە مەبەسـتی چـونیەتی دابـەش کردنـی کارەکـان لەکاتی هێرش کردنی کۆماری ئیسلامی بۆ کوردسـتانی عێـراق پێکهـاتبوو. هـەر لـەم کاتەدا هەیئەتی دەفتەری سیاسی بۆ ئـەم مەبەسـتە و گیروگرفتـی ئـەوکات سـەردانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دێموکراتیان کرد کـە مامۆسـتا عەبـدالله حەسەنزادە لە بەرگی دووهەمی نیو سەدە تێکۆشان چاپی دووهەم لە لاپـەرەی ٢٤٤دا ئاماژەی پێ کردووە.

تـا ماوەیـەك ئێمـە تـەواو لـە حاڵـەتی ئامادەبـاش دا وچاوەروانی هێرشـی رێـژیم بووین بەڵام پاش ماوەیەك بۆمان روون بـۆوە کـە رێـژیم لـە هێرشـەکەی لـە رێگـەی زەوی یـــەوە پاشـــگەز بۆتـــەوە و تۆپبـــارانکردنی بنکـــەکانی کردۆتـــە مەبەســـتی هێرشەکەی. ئێمە حاڵەتی ئامادەباشەکەمان خاو کردەوە و شەوانە دەچووینە کەمین و رۆژانە دەگەڕاینەوە بنکەکان. بەڵام رێژیم هەموو رۆژێ ژیـانی لـە خـەڵکی ئاسایی تاڵتر دەکرد.

رۆژی ٥ی بانەمــەڕ پێــشمەرگەیەکمان لــە گونــدی "ســڵێ" ژن هەڵــدەگرێ و بــۆ بنکەی هێزی دێنێتەوە. لەم کاتەدا کاك عومەر باڵـەکی و مـن لـە هێزنـابین چـونکی

شەوانە دەچووینەوە مالّی خۆمان. کریم حاجی رەسوولی[65] ناسراو بە" زێڕە"کە ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کومیتە شارستان بوو ماشێنی کومیتەی پێ دەدا کە بیباتە هێزی قەندیل. باوکی کچە پێی دەزانێ و لە نزیك گوندی"ئینزێ"سەر رێگایان پێ دەگرێ و لەگەڵ نیزیك بوونەوەیان تەقەیان لێ دەکا و ماشێنەکە لەکار دەخا. بەڵام شۆفێرەکە و کوروکچە چیان لێ نایە.

بەیانی کە بە ماشێنی سرویس دەچوومە هێز گوتیان ئەوە رۆنی ماشێنی ئێوەیە کە ژنی پێ هەڵ گیراوە. لە کۆبوونەوەی کومیتە شارستان دا باسی ئەو کێشەمان کرد. لەسەر پێشنیاری کومیتە شارستان و تەئید کومیسیونی سیاسی- نیزامی ئەندامەتیی هەیئەتی ئیجرایی لە کەریم حاجی رەسوولی وەك سزا وەرگیراوە و سەلاح مەحموودی لەجێی ئەو دیاری کرا.

پاش ماوەیەك دەرکەوت کە رێژیم لە پیلانی هێرش بۆسەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات بۆ کوردستانی باشوور پاشگەز بۆتەوە، ئێمەش وردە وردە خۆمان بۆ چوونەوە بۆ ناوچە ئامادە کرد.

پاش وەرگرتنی تەقەمەنی وخۆ رێکخستن رۆژی ٢٢ی پووشپەر ١٣٧٢ بۆ ناوچە گەڕاینەوە. هەرچەند من ماوەی ٨ مانگ بوو ژیانی هاوبەشم پێك هێنابوو بەڵام لە پێشووتر باشتر بۆ ناوچە شانم وەبەر دابوو. رۆیشتنەوەی ئێمە بۆ ناوچە کەش و هەوای نێو خاوخێزانی ناخۆش دەکرد ژنەکان ٤ تا ٦ مانگ چاو لە رێگا دەبوون کە مێردەکانیان بگەڕێنەوە وئاخۆو داخۆ یا نەکە بلێی بە بێوەژنی نەمێننەوە. دیارە ئەو بۆ ئێمەش کارێکی هاسان نەبوو کە ژنێك بە تەنیا یان لە گەڵ چەند منداڵ ماوەی چەند مانگ جێ هێلی وخۆشت روبەرووی ئاور و ئاسن بێیتەوەو بە هەمووکەس ئەو ئازایەتی نەدەکرا. کە وابوو ئەو شێرە ژنانە جێگای شانازین کە

---

65- کەریم زێڕە ساڵی ٧٥ وازی لە پێشمەرگایەتی هێنا و ئێستا لە وڵاتی سوئێد دەژی.

یارمـەتی پیاوەکانیـان داوە، شـاخ و شـیو و دۆڵـی کوردسـتانیان بـە نـەبوونی لەگـەڵ مێردەکانیان پێواوە و پشت و پەنای پیاوەکانیان بوون.

بەهــەر حــاڵ لــە گەڕانــەوەی ســاڵی ۷۲ بــۆ ناوچــە ۱۰ پێــشمەرگەی یــەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستانمان لەگەڵ بوو. یەکێتی شۆڕشگێران داوایان لە حیزب کردبوو کـە تیمێکیـان لەگـەڵ خۆمـان بەرینـەوە ئـەوکارەش بـە ئێمـە سـپێردرا. ئـەوان دوای گەرانەوەیان بڕێك یارمەتی یان لە کوورەخانـەکانی ساروقامیش کۆ کردبـووە و لـە گوندی "ئاغوتمان" تراکتیان بلاو کردبۆوەو دواتر گەڕابوونەوە.

هێـزی بـەیان لـە رێگـای سـلێمانی و پێنجـوێن و رۆژی ۲۳ی پووشـپەڕ ئـاودیوی رۆژهـەلاتی کوردسـتان بـووین. رۆژی ۲٤ی پووشـپەڕ لـە نزیـك ئـاوایی "سـیفەتاڵە" بووین کە سەعاتی ٥ی ئێوارە سێ هێلـی کـوپتێری رێـژیم هاتنـە سـەرمان و ویڵـەکی بەرزایی کانی دەوروبـەری ئێمـەیان راکێـت بـاران کـرد. ئێمـە تـەواو خۆمـان حەشـار (استتار) دابوو و ئەوانیش دوای نیـو سـەعات وێلـەکی راکێـت بـارانی ناوچـە، بـۆ لای سەقز گەڕانەوە. ئێمە تا کاتـژمێری ۷ی ئێـوارە پـشوومان دا و دەمـە و ئێـوارە بـەرەو ئاوایی "سێفە تالە" وەڕێ کەوتین تیمـی پێـشڕەوم کـە لەپێـشدا نـاردبوو لـە ئـاخری مالان ژنێك پێیان دەلێ کە گرووپی زەربەت لە "شیپانەجۆ"ڕا بەرەو ئێرە دێـن. بـە بێسیم ئەوەیان پێ راگەیاندم و منـیش گـوتم لـە ئـاوایی وەرنـە دەرێ و بـۆلای دواوە بگەڕێنەوە. چونکی بەتەمای گەرانەوە بۆقوڵای ناوچە واتا بۆ ناوچەی بۆکان بووین، حەزمان لە تێکهەڵچوون و پێکدادان نەبوو. هەر بۆیە بە پشت ئاوایی دا گەراینەوە و رێگـەی پەڕینـەوەمان گـۆڕی و بڕیارمـان دا لـەنێوان ئـاوایی "سـێفەتالە" و پایـەگای "دوو ئاو"دا بپەڕینەوە.

هەموو هەوڵمان ئەوە بوو بە خێرایی و لـە زووتـرین کـات دا بپەڕینـەوە. هـەل و مـەرجی کوردسـتانی تـازە ئـازاد کـراو رێـی بـۆ دزەی کۆمـاری ئیـسلامی لـە باشـووری کوردستان و هات و چۆی سیخورەکان خۆش کردبوو هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە کـە لە یەکەم رۆژدا کۆپتێرمان پێو و شوێن بخا.

بەنێوان گوندەكانی "كاوە مەلا" و سێفەتاڵە"دا بە هەورازێكی رژدو ناخۆش دا داگەڕاینە خوارێ. لە نزیك چۆمەكە راوەستاین و تیمی پێشڕەوم ناردە سەرجادە چاوەڕوانی وڵامی ئەوانماینەوە.

لەو كاتەدا محەممەد عەلیزادە كە سەرلك و پێشمەرگەیەكی زۆر ئازا و نەترس بوو، خەمۆك و مات دانیشتبوو. پرسیارم لێ كرد بۆ وا ماتی هەستە بزانە ئەو پێشمەرگانەی سەرجادە وڵامیان چی یە؟ چوونە سەر جادە یان نا؟ بێ دەنگ هەستا و قسەی لەزار نەهاتە دەر. وەك بلێی لە دڵی چەقیبێ كە شەهید دەبێ. پێشرەوەكان ئاگاداریان كردم كە چ باس نیە و ئەوان جادەیان گرتووە. منیش پێیانم گوت تا هەموو پێشمەرگەكان لەجادە كە دەپەڕنەوە لەجێی خۆیان بن.

كاتژمێری ١٠ی شەو بوو كە لە جادەكە دەپەڕینەوە. نەفەرێكی ئاوایی بۆ شارەزایی زیاتر لەگەڵمان بوو. ئەمن لە پێشەوە و محەممەد علیزادە بە دوامەوە بوو. ١٠٠ میترێك لەجادە پەڕیبووینەوە و بە شیوێك دا دەرۆیشتین. بە بێسیم پێیان گوتم با پشوو بدەین و سیگارێك بكێشین، گوتم نا جارێ زووە با برێكی دیكەش لە جادە دوور كەوینەوە لە نەكاو تەقەیەك هات، گوتم كێیە ئاگای لە چەكەكەی نیە. دەنگی فیشەكێكی دیكە هات و بەدوای ئەو دا رەگبارێك و محەممەد بەسەر من دا كەوت. كورەكان ئازا لێیان وەدەست هاتن و جاشەكان كە كەمینیان لەسەر رێ نابۆوە بۆلای پایەگای "دووئاو" رایان كرد.

كاك عومەر باڵەكی كە لەنێوەراستی ریزەكە بوو پێوەندی پێوە گرتم. گوتی كە بریندارێكیان لەلایە. منیش هەواڵی شەهید بوونی محەممەد عەلیزادەم پێ گوت. تا گەڕامەوە لای كاك عومەر دیتم كە بریندارەكە ئەبووبەكر مەعروفی ناسراو بە ئەبوو كانی درێژی شەهید بووە. شەهیدەكانمان چەند میترێك بۆ دواوە گواستەوە. هیچ هەواڵێك لە جموجۆڵی هێزەكانی رێژیم نەبوو. سەعات ١٢ی شەو بە كاك عومەرم گوت كە شوێنەكەمان باش نیە و دەبێ شوێنی قایم بۆ سبەینێ بدۆزینەوە تا ئەگەر هێزەكانی رێژیم هاتنە سەرمان بتوانین زەربەیان لێ بدەین. هەموو ٢٠٠

میتر لە جادە دوور كەوتبووینەوە و تاقە ولاغێكیش كە پێمان بوو لە تەقەكەدا بۆی دەرچووبوو.

شەهیدەكانمان لەژێر پۆلەدارێك دا شاردەوە و بەرەو بەرزایی پشتی ئاوایی "دەرەزیارەت" وەسەر كەوتین. لەوێ ڕا من لەگەڵ ٦ پێشمەرگە بۆ بەرزایی یەكانی "شاخەڕەش" ی[66] جەوشەن هەڵگەڕاین و پێشمەرگەكانی دیكەش بۆ ژێر دارەكانی دەرە زیارەت داگەڕان.

لای كاتژمێری ٥ی بەیانی بوو كە شوێنی خۆمان گرت و لێی جێگیر بووین. لەنێوان گوندەكانی "میك" و "دەرەزیارەت" پێشمەرگەیەك بڕی و توانای ڕێگە بڕینی نەما. لەگەڵ ئەوەی زۆرم پێ ناخۆش بوو بەڵام پێشمەرگەیەكم لەگەڵی ناردەوە خوارێ و بۆخۆشمان لەشوێنی ئەستەم و سەخت دا جێگیر بووین. بۆخۆم چاوەڕوان مامەوە گوتم كوڕەكان بنوون و پشوو بدەن تا خۆر دێتە دەرێ بزانین چ باس دەبێ. بە بەردیكەوە پاڵم دابۆوە خەو دەیبردمەوە كەخۆر هەڵات. خەوەكەم ڕەوی، بەسەر ناوچەكەدا زاڵ بووین، سیگارێكم هەڵكرد. بیرم لەو شەوە سەختە دەكردەوە كە چۆن دوو رۆڵەی ئەو نیشتمانە چەندە قارەمان وئازا بوون وا بە سانایی شەهید بوون. بیرم لەو بەیانی یە زووە دەكردەوە كەبڵێی كەس بەدەردومەرگی ئێمە بزانێ كە دەردی گەلەكەمانە. لەپڕ بە تەپە تەپی كۆپتێر لە بیر كردنەوە راچەنیم. تینوێتی هێرشی بۆ هێنابووین بەڵام هیچ چارەمان نەبوو.

كاتژمێری ٩ی بەیانی رۆژی ٢٥ی پووشپەڕ هێزی ڕێژیم لە "شیپانەجۆ" ڕا بۆ بەرزایی یەكان هەڵگەڕان. خوارەوەم لە هاتنی هێزەكانی ڕێژیم ئاگادار كرد و گوتم پێوەندی نەپسێنن. هێلی كۆپتێرەكەش پاش ماوەیەك سووڕانەوە لەسەر شاخەكە نیشت و چەند دەقیقەیەك دوایی هەستاو ناوچەكەی بەجێ هێشت. پۆلە بەردێك لەنێوان ئێمە و جاشەكان بوو كە دەیانویست بێنە پێشێ و بیگرن. كەسی ئێمەی لێ

---

66- شاخەڕەش لە سەرشیوی سەقز هەڵكەوتووە شوێنێكی ئاستەمە و بە سەر هەمووو ناوچەكە دا زالە.

نەبوو. ئەوان بێسیمەكەی ئێمەیان كۆنترۆڵ دەكرد. من قسەم لەگەڵ خواریٚ دەكرد و دەمگوت تا دوو میتری تەقەیان لیٚ نەكەن! جاشەكان لە ترسان هەڵدەهاتن و سەر لەنویٚ دەیان ناردنەوە. هەركە دیسان گوێیان لە قسەكانی من لەپشت بێسیم دەبوو، دیسان بۆ دواوە هەڵ دەهاتنەوە. سەعات ١١ توانییان نەفەرێك بگەیەننە لای ئەو پۆلە بەردەی كە كەسی لیٚ نەبوو! دیارە پێش ئەوەش بە BKC ئەو پۆلە بەردەیان تێر گوللە باران كرد و ئەو جار ئەو نەفەرەیان نارد. دوایی نیو سەعات هێزەكانی رێژیم كۆ بوونەوە و بەرەو گوردانی شیپانەجۆ گەڕانەوە. دیارە دوو شەهیدەكەی ئێمەیان لەگەڵ خۆیان بردبۆوە. ئێمەش لە شوێنی خۆمان مابووینەوە بەڵام تینوێتی ویشكی كردبووین.

كاتژمێری ٢ی نیوەڕۆ كە وڵات تەواو بێدەنگ بوو دوو پێشمەرگەم ناردە كانی یەك لە خواریٚ. سیٚ كتری یان ئاو هێنا و چایی یەكمان وەسەر نا و پشوویەكمان هاتەوە بەر و بووژاینەوە لای ئێوارە پێوەندیم بە كاك عومەرەوە گرت و گوتم با پێشمەرگەكان هەموو بێنە لای ئێمە.

پۆلە بەردێكی قایمی لیٚ بوو. دوای راوێژێك گەیشتینە سەر ئەوەی چونكی هەم ماندووین و هەم شوێنەكەمان سەخت و ئەستەمە جاریٚ هەر لەویٚ بمێنینەوە.

پەلێك پێشمەرگەم ناردە نێو ئاوایی "میك" تاخواردن بۆ پێشمەرگەكان بێنن تا سەعات ١٠ی بەیانی سبەی پشوومان دا. سەعات ١١ی بەیانی ٢٦ی پووشپەڕ كۆبوونەوەی كومیتە شارستان مان گرت و لە جێگای شەهید محەممەد عەلیزادە ئەمیر رەسوڵیمان وەك فەرماندە لك دیاری كرد.

دوای كۆبوونەوەی كومیتە شارستان كۆبوونەوەی هێزم گرت و سەبارەت بە شەهید بوونی دوو هاورێكەمان و هەلومەرجی خەبات و ئەركەكانمان قسەم بۆ پێشمەرگەكان كرد و بەڵێنی درێژەدانی رێگایان نویٚ كرایەوە و لە كۆتایی دا ئەمیر رەسوولیم وەك فەرماندەری لك بە پێشمەرگەكان ناساند. پاش كۆبوونەوەكە بۆ خواردنی نانی شەو چووینە نێو گوندی "میك" و هەواڵی ناوچەمان لە خەڵكی

پرسی. پێیان گوتین کە رێژیم تەرمی شەهیدەکانیان دۆزیوەتەوە و بۆ پادگانی سەقزیان بردوون، هەر ئەو شەوە بۆ پشتی باینجان لەسەر شیوی سەقز چووین. سەعات ۱۰ی بەیانی نیگابان هەواڵی هاتنی هیلی کۆپتێری دا کە دێتە سەرمان. خۆمان حەشاردا. هێلی کۆپتێرەکان دوای ماوەیەك سووڕانەوە بەسەرمان دا ناوچەکەیان بەجێ هێشت. کاتژمێری ٦ی ئێوارە خۆمان پێچاوە و بە نێوەراستی چیای "نەکەرۆز"دا سەر کەوتین و لە پشت ئاوایی "قەپەغلوجە"ی گەورکایەتیی سەقز لامان دا.

ئێوارە تیمی پێشڕەوم بۆنێو ئاوایی رەوانە کرد تا ئەگەر هەلومەرجەکە لە بار بێ بۆ خواردنی شام بچینە قەپەغلووجە، کە لەنەکاو تەقە ساز بوو، هەواڵم لە پێشڕەوەکان پرسی کە گوتیان هەر بە گەیشتنی ئێمە بۆسەر پردەکە جیبێك کە ۳ پاسداری تێدا بوو گەیشتنە سەر پردەکە و تەقە ساز بوو هەر ۳ پاسدارەکە دەکوژرێ و "عەتا" شۆفیری جیبەکەش بریندار دەبێ.

لەو کاتەدا کابرایەك کە لەو دەورووبەرە کاری دەکرد بەرەو مێرەدێ کە گرووپی زەربەتی لێ بوو ڕای کرد. چەند کەسێك کە تێمان هاڵابوون کابرای برینداریان بۆ نێو گوندی قەپەغلووجە برد و ئێمەش ۳ چەکی دەسکەوتمان هەڵگرت و لە شام خواردن لەوێ وازمان هێنا و تاریکانی ئێوارێ بە پشت "کەلی قەرەچۆغ"دا بۆسەر جادەی سەقز — بانە داگەڕاین. دوای ئەوەی بە وریایی لە جادەکە پەڕینەوە بەنێو ماڵەکانی سیادەر دا چووینە سەر چۆمی باوسین و لەوێ سەعات ٥ی بەیانی رۆژی ۲۹ی پووشپەڕ جێگیر بووین. سەعات ۱۰ی بەیانی بە گرمەی تۆپی رێژیم لەخەو راپەرین. دیار بوو رێژیم هێرشی کردۆتە شوێنی پێکدادانی دوێنێ و بە چەکی قورس مووچە ومەزرای خەڵکی داگرتبوو. ئێمەش لە چۆمی باوەسین خەریکی پشوودان بووین دوو رۆژی دیکە لەم ناوچەیە ماینەوە.

ئێوارەی رۆژی ۳۱ی پووشپەڕ لە هەواری حاجی شەریف شاممان خوارد و چووینە نزیك ماڵەکانی شێنان. بۆ بەیانی ئەو شەوە هێزەکانی رێژیم لە شارەکانی بۆکان،

مەهاباد، سەردەشت و بانە هێرشیان كردە سەر بەرزاییەكانی ناوچە، بەڵام ئێمە خۆمان ئاشكرا نەكرد و پێكدادان رووی نەدا. دیارە ئەوان هەستیان بە بوونی ئێمە لەو ناوچەیە دەكرد. بەڵام بە شوێنی ئێمەیان نەدەزانی لای ئێوارە هێزەكانی رێژیم بەرزاییەكانی چۆل كرد و ئێمەش لە شێنان نانمان خوارد و بەرەو "سوتوو" وەڕێ كەوتین.

رێژیم چەند مۆلگەیەكی خۆی لەناوچە چۆل كردبوو بەڵام رۆژ نەبوو وێلەكی بەرزاییەكانی ناوچە و ئەو شوێنەی گومانی بوونی ئێمەی لێ بێ، تۆپبارانی نەكا.

لە پشتی گوندی سوتوو كۆبوونەوەیەكمان گرت وا ساغ بووینەوە كە كومەڵێك لە پێشمەرگەكان بگەڕێنەوە بنكە جێگرەكان. لەبەر ئەوەی هەلومەرجی ناوچە و بارو دۆخەكە بە جۆرێ بوو كە شاردنەوە و حەرەكەتی خێرای هێز بەو هەموو پێشمەرگەیە مومكین نەبوو. لە ناوەندی كوردستان تەنیا هێزی بەیان حزووری هەبوو. تیمەكەی هێزی پێشەواش گەڕابۆوە قەندیل. لەسەر بڕیارەكە دەستمان راگرت و زیاتر چووینە قووڵایی ناوچە تا بارو دۆخەكە زیاتر هەڵسەنگێنین هەر بۆیەش بە گەوركایەتیی مەهاباد دا چووینە ناوچەی بۆكان. رۆژی ٤ی گەلاوێژ لە مووچەكانی "باراوە" بووین" لە مووچەی مەحموود كەچەڵ بارگە و بنەمان كردبۆوە. بەیانی خاوەن مووچەكە كابرایەكی زۆر رووخۆش و قسەخۆش بوو هاتە لامان و بە خێر هاتنی كردین. سەعات ١١ی بەیانی دەنگی خۆمپارە و تۆپ بەرز بۆوە كە لە سوێناس را بەرزاییەكانی پشت گامێشانی دەكوتا.

هەر كە دەنگی تۆپ بارانەكە بەرز بۆوە خاوەن مووچە رەنگی بزركا و ترسی رێ نیشت دیارە ساڵی پێشتر بە هێلی كۆپتێر مەرزاكانی داگرتبوو، هەر بۆیە بە رەنگ و رووی دا دیار بوو كە پەشیمانە كە بۆ هاتۆتە لامان.

ئێوارە خۆمان پێچاوە و بەرەو چیای تەرەغە ومیرقاز وەرێ كەوتین. سەعات ٤ی بەیانی لەكاتی رێگا رۆیشتن دەنگی تەقە هات. پێشمەرگەیەك تفەنگی لە دەست دەرچووبوو و دوو گوللەی لە لاقی خۆی دابوو. بە پەلە بۆیان دەرمان كرد وبەشی

دەرمانی دەرزیان لێ دا تا ژانی بشکێ و ئارام بێتەوە. ئەو رووداوە لە خێرایی رێگا رۆیشتنی کەم کردینەوە شوێنەکەمان نالە بار و ناخۆش بوو. ولاغیشمان پێ نەبوو کە برینداره‌کەمانی پێ هەلگرین. هەر بۆیە لە نزیك ئاوایی "باغچە" و "قۆرغە تەپە" ماینەوە. بەیانی رۆژی ٧ی گەلاوێژ گروپێکی زەربەت لە بۆکان را گەیشتە ناوچە. هێزێکی زۆرو پۆشتە بوو. ئایفایەك کە پەدافەندێکی ٢٣ میلێمی لەسەر دامەزرابوو، بێنزێکی بار هەلگر پڕ لە جاش و پاسدار و ٤ تویتا. هێزەکە سەرەتا لە "هەژدیها داشی"[67] دابەزین و تەئمینی سەر رێگا و بەرزایی یەکانیان دانا. پاشان زۆر بە پارێزەوە بەرەو باغچە داگەڕان و پشتی قورغە تەپەیان گرت. دواتر بە پەدافەند و خۆمپارەی ١٢٠ م وێلەکی ناوچەیان داگرت ئێمەش لە پەنا بەردان خۆمان لێ مات دابوون کە هێزی رێژیم بێنە پێش و ئێمە لێیان دەین. ئەوان سۆسەی ئێمەیان لەوێ کردبوو، هەر لە واقیعیشدا پێووشوێنی ئێمە کەوتبوون. بەلام لێمان نزیك نەدەکەوتنەوە. تەپۆلکەکانی دەورووبەر هەر هەموویان گیرابوون و ئاگر بارانی ناوچەکە تا کاتژمێری ٢ی دوا نیوەڕۆ هەر بەردەوام بوو.

هەر لەو کاتەدا سێ هێلی کۆپتێری رێژیم هاتنە ناوچەکە و نێوداره‌کانی قورغە تەپەیان ئاگر باران کرد. ئەم وێلەکی تەقە کردنەی کۆپتێرەکان نیو سەعات درێژەی کێشا دواترچووینە نێو گوندی قورغە تەپە. خەلکەکە شتێکی چاوەڕوان نەکراویان دی. پێیان سەیر بوو کە ئێمە لە کوێ ڕا گەیشتینە ئەوێ؟ بەنێو مالان دا بلاو بووینەوە. لە سێ لای دێ نیگابانمان دانابوو تەنیا رێگەی کانی یەڕەشمان ئاوەلا هێشتبۆوە . کاتژمێر ٩/٣٠ی شەو پێشمەرگەکانی" رێبەرایەتی شۆڕشگێر" لە کانی یەڕەش ڕا هاتبوونە نێو ئاوایی و راست تووشی کەریمە زێرە دەبن. بە پەلە بانگی کردم "کاوە"، "کاوە"، (ناوی رەمزی بێسیمەکەم بوو) گوتم چیە؟ چ باسە؟ گوتی دێ پڕ لە چەکدارە. لە راستی دا وامزانی جاش و پاسدارن گەڕاونەتەوە. تفەنگەکەم

---

67 - هەژدیها داشی بەردێکی گەورەیە لەسەر رێگای باغچە – پاشبلاغ سالی ١٣٧٦ بەردەکەیان لابرد و دەرکەوت کە ئاسەواری کۆنی تێدایە و دواترلە سالی ٨٠ هەرلە وێ کۆمەلێك کەل و پەلیان بە تالان برد.

دەست دایە و هاتمە دەرێ. سێ پێشمەرگەم لەگەڵ بوو، زێرە بەردەوام دەیگوت چ بکەم زوو وەرە". پێم گوت باشە مەگەر چ باسە؟ کێت لەلایە؟ گوتی ٣ پێشمەرگەم لەلایە بەڵام چەکدارەکان پێشمەرگەی "رێبەرایەتی شۆڕشگێرن". گوتم نەخەجلێی و چ نیە. وامزانی جاش هاتوونەوە نێو دێ. نیگەران مەبە کە منیش ئەوە هاتم. کاك عومەرم بە بێسیم ئاگادار کردەوە کە ئەوە دەچم نەوەکوو تووشی رووداوێکی ناخۆش و نەخوازراو بین. لە نێوەراستی دێ تووشی زێرە هاتم. رەنگی بەروو نەمابوو بەسەری داروخام کە تۆ پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی، ئەوە چیە؟ دیارە زێرە پێشمەرگەیەکی خراپ نەبوو. بەڵام دەبوو ئەو شەوە ئەو ترسەی هەبێ ترسەکەی زێرە لەوە ڕا بوو کە لە جیابوونەوەکەی هاوڕێیانی "رێبەرایەتی شۆڕشگێر" لە بەهاری ١٣٦٧ دەگەڵ ئەوان کەوت و یەکێك لە عونسورە ئاکتیڤەکانی ئەوان بوو. پاش ماوەیەك لەوێش جەماعەتێکی لە رێبەرایەتی جیا کردبۆوە ئەوانیش هەرەشەیان لێ کردبوو. پاش ماوەیەکی دیکە لەوێش دابڕا و هەڵات خۆی تەحویلی حیزب داوە.

بەهەرحاڵ لەنێو ئاوایی لەگەڵ بەرپرسانی هێزەکەی "رێبەرایەتی شۆڕشگێر" دانیشتن و لەسەر وەزع و هەلومەرجی ناوچە چەند قسەیەکمان کرد و هەرکام بە رێگایەك دا درێژەمان بە جەولەی خۆمان دا.[68] دیارە ئەوە پاش ٥ ساڵ شەڕ بە یەکەوە، یەکەم جارلە دێ یەك دا پێکەوە نان بخۆین.

رێژیم گوشاری بۆ بنکەکانی دەفتەری سیاسی چڕتر کردبۆوە تۆپ باران کردنی بنکەکانی سەربە دەفتەری سیاسی ئەو بریارەی هێنا بۆ گۆرێ کە بنکەکانی بۆ ناوچەیەکی قوڵایی تر لە خاکی کوردستانی باشوور بگوازێتەوە. وابوو کە لە

---

68- دوایی گەڕانەوە بۆ دەوری دەفتەر رەخنەمان لێ گیرا کە بۆچی بێ ئیجازە لەگەڵ رێبەرایەتی شۆڕشگێر، دانیشتوون تەنانەت گوشاری زۆریان خستە سەر کاك عومەر باڵەکی. دواتر ئەمن نامەیەکم بۆ سیاسی نیزامی نووسی کە ئەو تووشبوونە بە رێکەوت لە قورغە تەپە بوو ئێمە خەریکی نان خواردن بووین ئەوان هاتوون هەل و مەرجی ناوچەکەش وای خواست کە تەقە لە یەکتر نەکەین و خەڵکیش پێی خۆش بوو.

پەیامێك دا ئاگاداریان كردین كە لە قەندیل نەماوین و لە دەشتی كۆیە جێگیر بووین. ئێمەش بڕیارمان دا بۆ بنكەی جێگرەكان بگەڕێینەوە.

بە ناوچەی بانەدا هاتینە ئەودیو. لە ناوچەی كۆیە شارەزا نەبووین. بە نێو گوندی "هەرمۆتە"[69] دا هاتینە بنكە تازەكانمان. پێدەشتی كۆیە و لە مانگی تەمووزدا و ئێمەی خەڵكی كوێستان و گەرمای تاقەت پرووكێنی ئەو دەشتە دۆخێكی ناخۆشی بۆ دروست كردبووین. بنكە و مەقەڕمان هێشتا جێ نەكردبوو. بنەماڵەكان لە قوتابخانەكانی كۆیە و دەوروبەر نیشتەجێ كرابوون. لەگەڵ ئەوەش وەزع نالەبار بوو بەڵام بنەماڵەكان ورەیان هەر بەرز بوو. تازەماڵەكەی من، خێزانم لەژێر تۆپباران دا هەموو شتێكی هێنابوو. لەگەڵ ئەوەی وەزعەكە بۆ ئەو تازە بوو ورەی بەرز بوو.

ئێمە ساڵانی پێشووتر لە وەرزی پاییزدا دەگەڕاینەوە بەڵام چۆڵ كردنی قەندیل شوێنی لەسەر خەباتەكەی ئێمە دانا كە نەتوانین زۆر لە ناوچە تێكۆشانمان هەبێ.

رۆژی ٢٢ی گەلاوێژ بەرپرسی هەموو كومیتە و هێزەكان لە بنكەی دەفتەری سیاسی لەگەڵ سكرتێر كۆبوونەوەمان گرت تا چۆنیەتی چوونەوەی سەر لەنوێ و كار كردن لە ناوچە تاوتوێ بكەین و چۆن بكەین لە حەوتوویەك دا هەموو كوردستان شاهیدی حزووری پێشمەرگە هەبێ. بڕیار درا تا ٥ی خەرمانان هەموو هێزەكان بگەڕێنەوە كوردستان.

ئێمە لە سەرەتای مانگی خەرمانان واتە ٣ی خەرمانانی ١٣٧٢ بەرەو ناوچە كەوتینە ڕێ. سێ پێشمەرگەی هێزی گیاڕەنگ وەك شارەزا تا لە ناوچەی سەردەشت تێ پەڕین، لەگەڵمان بوون. ئێوارە ٤ی خەرمانان لە سنوور هاتینە ئەو دیو چ ڕێگایەكمان نەبڕیبوو ڕێژیم دەوروبەری ئێمەی بە تۆپ و خۆمپارە داگرت. هێدی

---

69- هەرمۆتە گوندێكی مەسیحی نشینە لە نزیك بنكەكانی ئێمە لە كۆیە.

هێدی بەرەو كانی یە زەرد شۆڕ بووینەوە و رۆژی دواتر گەیشتینە پشتی "سیرە مێرگ".

بۆ سبەی لە "بەردە سوور" و ئەحمەد بریو" بووین دوانیوەرۆ هێزەكانی رێژیم گەیشتنە ناوچە و وێڵەكی دەورووبەریان ئاگر باران كرد. دیار بوو رێژیم تاكتیكی پێشووی خۆی نەگۆڕیوە.دەمە و ئێوارە بۆ بەرزایی یەكانی "ئەحمەد بریو" سەركەوتین. چەند كەسێك لە پێشەوە و هێزیش لە دواوە دەهات. دوایی چەند رۆژ رێگا بڕین لە رێكەوتی ١١ی خەرمانان گەیشتینە گوندی بەیرەم.ئێوارە رۆژی ٧٢/٦/١٢ لەگەڵ پێشمەرگەیەك بۆ پشت كانی یەرەش چووم هێزیش بۆ خواردنی شام چوونە بەیرەم.

زۆرم هەوڵ دا لەگەڵ كومیتە ناوچە كە سێ كەس بوون پێوەندی بگرم بەڵام كەس لەپشت خەت نەبوو و كاتژمێری ١٢ی شەو لەگەڵ هێز یەكەم گرتەوە و سەعات ٤ی بەیانی لەپشت حوسێن ئاباد كە پێشتر كاوڵ كرابوو و چەند ماڵێكی تازەی لێ دروست كرابوو لامان دا. لای بەیانی چەند كەسێكی خەڵكی ئاوایی كە ناسیاو بوون هاتنە لامان. زۆرمان بیرەوەری كۆن باس كرد تا ئێوارە زۆربەی پێشمەرگەكان خۆیان و جل و بەرگیان شۆردوو بۆ نانی شەو گوندی كانی یە رەشمان دیاری كرد.

سەعاتێكی رۆژ مابوو كە گەیشتینە نێو ئاوایی وەك هەمیشە خەڵك بەرەپیلمان هاتن و دەركی ماڵەكانیان بۆ پێشمەرگە ئاوەڵا كرد. سەردانی كانی یەرەش دەسكەوتێكی دیكەشی تێدا بوو كە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتەش جێی خۆیەتی. ساڵی ١٣٦٧ بۆ كرینی كەوش سپۆرتیكس ٢٤ هەزار تمەنمان نارد بۆ كابرایەكی نێو ئاوایی. دوایی تووشی شەڕێكی نەخوازراو بووین و نەمانتوانی پووڵەكەش وەرگرینەوە. تا ساڵی ١٣٧٢ زۆر جار لە كابرامان رادەسپارد بەڵام ئەو خۆی دەبوارد و پشتی بەوە قایم كردبوو كە ماڵەكەی نزیكە بە پایەگایە. ئەو رۆژە دوو كەسم ناردە

شوێنی و رام سپارد بوو بیگرن و نەیەڵن بۆی دەرباز بێ کە گەیشتمە نێو ئاوایی بە بێسیم پێیان گوتم کە ئەو بەرێزە لەماڵی خۆی چاوەڕوانی تۆیە.

کە چوومە لای دوای پرسین لە حاڵ و و وەزعی باسەکەم هێنایە گۆڕێ و گوتم دنیا کە وای لێ هاتووە جوابی حیزبی دێموکرات نەدەیەوە و پووڵی لێ بخۆی؟ چۆنە ٥ ساڵە هەواڵت لێ دەنێرین بەڵام جواب نادەیەوە؟ هەزار سوێند و تەڵاقی خوارد کە کەس نەهاتووە و بواری ئەوەش نەبووە پووڵەکە بنێرێتەوە. دیارە سوور سوور درۆی دەکرد. هەڵبەت ئەو برە پووڵە لە ساڵی ٦٧ کەم نەبوو ٥٠ جووت کەوشی دەکرد ئەو کەسە تا ئەوکات کاسپی پێوە کردبوو. پێم گوت کە ئەمشەو پووڵەکەمان دەوێتەوە. بەڵام ئەو گوتی نیمە. گوێم پێ نەدا و گوتم دوای سەعات ١٠ دەنێرم پووڵەکەمان بۆ ساز بکا. دوایی پێشمەرگەیەکم ناردە لای، گوتبووی کە زیاتر لە ١٠ هەزار تمەنتان پێ نادەم. گوتم بیهێنن بۆلام. دوای ئەوەی قسەیەکی زۆرم لەگەڵ کرد کە چۆن شتی وا دەڵێی ئەوە پووڵی حیزبی دێموکراتە دەمانهەوێ. ٦ هەزار تمەنم لەبەر منداڵەکانی پێ بەخشێ و ١٨ هەزار تمەنمان لێ سەندەوە و دوای راپەراندنی کارەکان، هەموو رێگەی تەرەغەمان گرتەبەر کە باوەشی بۆ گرتبووینەوە.

رۆژی ١٤ی خەرمانان لە تەرەغە بووین کە رێژیم بە تۆپ و خۆمپارە دەورووبەری ئاوایی یەکانی "شەرەفکەند"و"حاجی کەند"و"خوراسانەی داگرت. ئێوارە بڕیارمان دا بچینە گوندی عەزیز کەند ماوەیەکی زۆر بوو کە خەڵکی ئەوێ پێشمەرگە سەردانی نەکردبوون. لەگەڵ پێشوازی یەکی گەرمی خەڵکی بەرەوڕوو بووین، دوایی ئەوەی کۆبوونەوەیەکمان بۆ خەڵك گرت هاتینە ژێر پۆلە دارێك لەنێوان تازە قەڵا و خۆراسانە کە شوێنێکی یەکجار خۆش و دلگیر بوو. لە خوار ئێمە چادرێکی لێ بوو. لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك چوومە لایان. کابرایەکی ئازەری لێ بوو کە بەچەند ئامێرێك سەرقاڵی خاك بەرداری و تاقیکردنەوە بۆ دروستکردنی بەنداو بوو. لە تاوڵەکە چوومە ژوورێ. تەواو خەجلا.

فانووسەکەی کز بوو. پلێتەکەیم هەڵدا. بە ترس و لەرزەوە قسەی دەکرد. دیارە پێشتر خەڵکی تازە قەلا پێیان گوتبوو کە ئەگەر پێشمەرگە هات نەچی بترسی و هەڵێی. برێك قسەم بۆ کرد و دڵنەوایم کرد. رەنگی هاتەوە سەرخۆ و گەشاوە. بەیانی سەعات ١١ لەگەڵ کاك عومەر چووینەوە لای و قسەمان لەگەڵی کرد. باوەڕ کردنی ئەوە بۆ ئەو زۆر سەخت بوو کە ئاوا نەرم و نیان و بە حورمەتەوە لەگەڵ خەڵك بجووڵێینەوە. تەنانەت لەوە گرینگتر پێی سەیر بوو کە دە دەقیقە لە جادە دوور نەبووین و بە دەیان پایەگا لە دەورووبەر بوون، چەند جاری دیکەش کە رێمان دەکەوێتەوە ئەوێ دەهات لەگەڵمان دادەنیشت و سەری قسەی دادەمەزراند.

ئێوارە لە جادەی بۆکان — مەهاباد پەڕینەوە و کاتژمێری ١ی نیوەشەو لەگەڵ تیمەکەی کومیتە ناوچە یەکمان گرتەوە رۆژی ١٦ی خەرمانان لە نزیك گوندی داشبەند و لە خوار ئاوایی ئەو گوندە مابووینەوە. ئێوارە بڕیارمان دا بچینە سەر جادە و بۆ ماوەیەك رێگای میاندواو — بۆکان بخەینە ژێر چاوەدێری. کاتژمێر ٨ی ئێوارە لە سێ خاڵی جیاواز جادەکەمان خستە ژێر چاوەدێری و بە دەیان ماشێن راگیران و بە سەدان کەسی نێو ماشێنە ڕاگیراوەکان لە شوێنێك کۆ کرانەوە و لەسەر هەلومەرجی خەباتی نەتەوەکەمان لە لایەن کاك عومەرەوە قسەیان بۆ کرا. لەنێو مسافیرەکان دا زیاتر لە ٣٠ سەرباز بە دیل گیران کە پاش قسە کردن هەر لەوێ ئازاد کران. ئەو عەمەلیاتەی هێزی بەیان و چوونە سەر جادەی میاندواو — بۆکان لەرووی تەبلیغی یەوە دەنگدانەوە لە زۆربەی شارە گەورەکانی ئێران هەبوو ماوەی ٢/٣٠ سەعات لەسەر جادە بووین هیچ هێزێکی چەکداری رێژیم نەیوێرا هاتووچۆ بکا.

کاتژمێر ١٠/٣٠ی شەو دوای کۆنترۆڵکردنی جادەکە لە قاوەخانەیەکی داشبەند نان خورا و دوای یەکگرتنەوە نێوان "کوچك وەتمیش" و "ئاڵی کەند" بۆ پشوودان دیاری کرا.

ڕێژیم دوای ئەو عەمەلیاتە تەواو ئامادە باشی ڕاگەیاند بوو بەڵام لە پێکدادانی ڕاستەوخۆ خۆی دەپاراست دیارە دەنگدانەوەی ئەو پێکدادانە و دەرگیری یانەی لە رووی تەبلیغی یەوە پێ خۆش نەبوو. تەنیا ڕێژیم تۆپبارانی و خۆمپارە بارانکردنی وێڵەکی و بێ مەبەستی ناوچەکانی گومانلێکراو بە بوونی هێزی پێشمەرگە بوو.

گەشتی سیاسی – نیزامی ئێمە لە ناوچەی بۆکان بەردەوام بوو و لەو ئاوایی یانەی کە مۆڵگەکانی ڕێژیم چۆڵ کرابوون، کۆبوونەوەمان بۆ خەڵکی دەگرت. بەیانیی رۆژی ٢٢ی خەرمانان بە دەیان ماشێن لە بۆکان ڕا بۆلای حاشیائاباد دەهاتن. دیار نەبوون ماشێنی نیزامین یا هی خەڵکی شەخسین. گورج خۆمان پێچاوە و ئامادەی ئەگەری هەر هێرشێك بووین کاروانی ماشێنەکان لە قاجرو تەپی تێپەرین و تا نێو ئاوایی حاشیائاباد رانەوەستان. ماشێنەکان تویوتا و جیب و ئامبولانسێکیان لەنێودا بوو. خەڵکی گوندیش کە دەیانزانی ئێمە لە دەرەوەیی گوندین نەهاتبوونە سەر مەزرا و موچەکانیان.

لای نیوەڕۆ کەسێك لە ئاوایی را هاتە لامان. پرسیاری ماشێنەکانمان لێ کرد. گوتی کوڕی مەلا... کە سەرباز بووە لە شەڕی دژی پێشمەرگە لە لای شنۆ کوژراوە خەڵکی زۆر لەگەل تەرمەکەی هاتوون و حکوومەت نیازی ئەوەی بووە کە هێزێکیش لەگەل بنێرێ بەڵام خەڵك کە دەیانزانی پێشمەرگە لە ناوچەیە گوتبوویان کە هیچ پێویست ناکا. هەرکە ئەوەمان بیست خۆمان پێچاوە، چەند کەسێکمان بە بی.کی.سی یەوە وەك دیدەبان لەسەر بەرزایی یەکان بەجێ هێشت و بۆخۆشمان بۆ نێو گوندی حاشیائاباد داگەڕاینە خوارێ. خەڵکێکی زۆر لە دەورووبەرەوە هاتبوون، ئەوانەی لە بۆکانیش ڕاهاتبوون رامانگرتن کۆبوونەوەیەکی گەورەمان لە مزگەوت پێك هێنا و لەسەر شەڕی داسەپاوی کوردستان بەسەر کورد دا و سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قسەیان بۆ کرا. بۆیان روون کراوە کە نەك پێمان خۆش نیە هیچ کورە کوردێك بە دەست پێشمەرگە بکوژرێ زۆریش بەداخین، بەڵام نابێ ڕێگە بدرێ ڕێژیم سیاسەتەکانی خۆی دژی کورد جێبەجێ بکا. شەڕ دژی پێشمەرگە بە زیانی

بزووتنەوەی کورد و لە بەرژەوەندی ڕێژیم دایە و دەبێ ڕۆڵەکانی کورد خۆیان لەو شەڕانە بدزنەوە. دیارە خەڵکیش هەر وەك چاوەڕوان دەکراو ماڵی مەلاش کە کورەکەیان کوژرابوو پێشوازیان لە قسەکان کرد و تاوانەکەیان خستە ئەستۆی ڕێژیم.

ئێمە تا ١٥ی ڕەزبەر لە ناوچەی بۆکان بووین لە ١٩٢ ئاوایی بۆکان زیاتر لە ١٠٠ ئاوایی چووبووین و کۆبوونەوە و قسەو باسمان بۆ خەڵکی گرتبوو. بەڵام ڕێژیم لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەل ئێمە هەر خۆی پاراست. چوار دەوری شاریشی بە هێز تەنیبوو. خەڵکی کوردستانیش بە پێشوازی کردن لە ئێمە و بەخشینی یارمەتیی مادی و مەعنەوی پشتیوانی خۆیان لە حیزبی دێموکرات دووپات و چەند پات دەکردەوە.

بەرەبەرە لەگەڵ ساردبوونی هەوا بۆ بنکە جێگیرەکانمان لە کۆیە گەڕاینەوە دیارە گەڕانەوەمان لە بەر هاتنی وەرزی بوو کە چی کاتێك گەڕاینەوە کوردستانی باشوور هەروا گەرم بوو. لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر لە سەرەتایی پاییز باران دەبارێ و ڕێژیم گوندەکانی دەگرت و ئەگەر زەویش تەربایە گەرانەوە بۆ ئێمە هاتوچۆ زۆر دژوار دەبوو و پاش ماوەیەك پشوودان لە بنکەی سابیت تیمێکی ٢٥ کەسم لە ئازاترین پێشمەرگەکانی هێزی بەیان هەڵبژارد و ڕۆژی ٢٥ی ڕەزبەر گەڕاینەوە ناوچە. ٥ ڕۆژێك بەرێوە بووین تا گەیشتینە قووڵایی ناوچەی موکریان.

ڕۆژی ١ی خەزەڵوەر لە نزیك"گردیگلان" بووین و بۆ نان خواردنی شەوێش هەر لەوێ بووین. ئەو شەوە مانگە شەوی تەواو، شەوی ١٤ بوو. کاتژمێری ٧ی شەو لەسەر نان خواردن نیگابان ئاگاداری کردم کە لە لای"کەرێزەی گڵی"و"شاریکەندەوە" هێزێکی ڕێژیم بۆلای ئێمە دێن. نێگابانەکانی ئێمە لە کۆنە پایەگای ئاوایی دامەزرابوون. هێشتا نەگەیشتبوومە لای نیگابانەکان کە تەقە ساز بوو. هێزەکەی ڕێژیم هەر لە تەقەی نیگابانەکان زراوی دەچێ و تا کەرێزە و شاریکەند، بەند نابن

و ئاوڕ نادەنەوە. گورج خۆمان ڕێك خست و سەرژماری ئەفرادەکەمان کرد و بەرەو ناوچەی" ئەحمەدی کۆر"کە پێشتر دیاری کرابوو وەڕێ کەوتین.

لە ئاوایی دوور کەوتینەوە کە ڕێژیم بە خۆمپارەی ١٢٠ م ناوچەکەی داگرت. دیارە من ڕۆژی پێشتر پەیامێك رادیویم بۆ ٢ کەس لە هاوڕێیانی تەشکیلات لە بۆکان لێ دابوو کە لە شوێنی تایبەت و دیاری کراو کۆ بینەوە. مەبەست لەو پەیامە دارشتنی گەلاڵەیەك بۆ بەرێوە بردنی عەمەلیاتێك لەنێو شار بوو. ئەو هێزەی ڕێژیمیش پێوشوێنی ئێمە کەوتبوون و دوای ئەو پێکدادانە شوێنەکەمان گۆڕی و لە چۆمی قەرگوێز بە مەبەستی چوون بۆ ناوچەی ئەحمەدی کۆر پەڕینەوە.

کاتژمێری ٣ی دوانیوەڕۆی ڕۆژی ٢ی خەزەڵوەر لەنێو ئاوایی هەباساوە کۆبوونەوەمان بۆ خەڵکی گرت و بۆ خواردنی نانی شەویش هەر لەوێ بووین کاتژمێری ١١ی شەو بە قەراغ چۆمی تەتەهوودا چووینە خوارێ و لە نزیك ئاوایی گولی مەرزەنگ بۆ حەسانەوە لامان دا. ئێوارە شۆر بووینەوە بۆ ئاوایی، لەکاتی نان خواردن نیگابان ئاگاداری کردم کەسێکی نێودێ بە ماشێنەکەی بە بێدەنگی و بە نهێنی لە حاڵێك دا چرای ماشێنەکەی کوژاندەوە لە گۆلێ وەدەر کەوتووە. گوتم چ نیە تا دەگاتە بۆکان ئێمە کاری خۆمان تەواو دەکەین و ئێرە بەجێ دێڵین. ئەو کابرایە لە نزیك ئاوایی" مەڵڵالەر" کە ڕێگای ٤٠ دەقیقە بە پێ لە ئێمە دوور بوو تووشی گرووپی زەربەتی جاش و پاسدار دەبێ و پێیان دەڵێ کە پێشمەرگە لە گۆلێیە. ئێمەش کاتژمێری ١١ی شەو لە ئاوایی هاتینە دەر. جاش و پاسداریش گەیشتبوونە ئەو سەری ئاوایی. دیارە ئەوان زۆر بێ ورە بوون. هەرچەند ئێمە بە هاتنی ئەوانمان نەزانیبوو بەڵام کە دوو شەو دواتر هاتینەوە خەڵك گوتیان.

ئێمە لە پردی حوسێن مامە پەڕینەوە و لە ناوچەی ئاڵەشین لە نزیك جادە ماینەوە بۆ بەیانی ٧٢/٨/٤ هێزێکی زۆری ڕێژیم بە ٥ ماشێن چەکدارەوە چووبوونە ناوچەی ئەحمەی کۆر و گوندەکانی "گولێ"، "کۆنە مەڵڵالەر"، "مەڵڵالەر"، "پیرەوەلی

باغی" و "سریلاوه" پێوشوێنی ئێمه که‌وتبوون به‌ڵام ده‌سبه‌تاڵ گه‌رابوونه‌وه ئێمه‌ش به دووربین چاومان لێیان بوو که له سریلاوه بۆ حوسێن مامه ده‌هاتنه‌وه.

ده‌مه و ئێواره به‌ره‌و ره‌حیم خان وه‌ڕێ که‌وتین نزیك به ١٠ ساڵ بوو که ره‌حیم خان پێشمه‌رگه‌ی بۆ نه‌چووبوو. ره‌حیم خان له باشووری میاندواو هه‌ڵکه‌وتووه و له میاندواو زۆر نزیکه له‌و ماوه‌یه‌دا زه‌ربه‌تێك و دوو پایه‌گای لێ بوو. ره‌حیم خان نزیك به ٥٠٠ تا ٦٠٠ ماڵێك ده‌بێ روونیش بوو که به ٢٥ پێشمه‌رگه کۆنترۆڵ نه‌ده‌کرا. سه‌عات ٧ی ئێواره خۆمان پێدا کرد و پێشوازی خه‌ڵکه‌که و پێخۆشبوونیان له‌و دیداره بێ وێنه بوو. نان خواردن له‌بیر خه‌ڵك چووبۆوه دوایی نان خواردن و به‌ڕێوه بردنی کاره‌کانی حیزب و هه‌ڕه‌شه کردن له چه‌ند گومانلێکراو بۆ ناوچه‌ی ئه‌حمه‌دیکۆر گه‌راینه‌وه. ناوچه‌ی ئه‌حمه‌دیکۆر نێوان جاده‌کانی بۆکان – میاندواو و بۆکان – مه‌هاباد ده‌گرێته‌وه که ٣٠ ئاوایی له‌خۆ ده‌گرێ. دیاره "ئه‌حمه‌دی کۆر" شاعیر بووه‌و گۆره‌که‌ی له گردی قه‌برانه.

ئه‌و رۆژه له شاخی داغداغانی[70] خۆمان حه‌شار دا کاتژمێری ٥ی ئێواری ٧٢/٨/٥ هێزی رێژیم له بۆکان ڕا به‌سه‌ر جاده‌ی بۆکان – میاندواو دا به‌ره‌و کوره‌خانه‌کانی ساروقامیش هاتن. پێیان وابوو ئێمه له کووره‌خانه کانین. دیاره له‌و هێزه‌ی رێژیم که به‌جاده‌که‌دا تێپه‌ڕی مۆلگه‌کانی سه‌رجاده‌ی ئاگادار کردوه‌وه که له ناوچه‌دا پێشمه‌رگه هه‌یه. پێشمه‌رگه‌کانم ئاگادار کردوه‌وه که خۆیان بپێچنه‌وه سه‌ررێگای سه‌ره‌کی ده‌خه‌ینه ژێر کۆنترۆڵی خۆمان.

بۆ ئه‌م مه‌به‌سته ده‌ست به‌کار بووین و شاراوه له چاوی پایه‌گا به‌سه‌ر پردی حوسێن مامه دا په‌ڕینه‌وه و له سێ شوێن جاده‌که‌مان گرت و که‌مینمان دانایه‌وه. ده‌سته‌یه‌کم له‌سه‌ر پردی حوسێن مامه دانا، ده‌سته‌یه‌کی دیکه له‌نێو گوندی "کیلو ئاباد" و چه‌ند که‌سێك له‌گه‌ڵ من له‌نێوه‌راست ده‌ستمان کرد به ماشێن راگرتن. له

70- داغداغانی کێوه‌ێکه له‌نێوان گۆلێ و پیروه‌لی باغی دا.

نیو سەعات دا بە دەیان ماشێن راگیران و بە سەدان کەس لە شوێنێك دا كۆ كرانەوە. لـەم كۆبوونەوەیـەدا لەسـەر هـەل و مـەرجی خـەبات و قۆنـاغی نـوێی بزووتنـەوەی نەتەوەكەمان و لێكدانەوەی قـسەكانی "محەممـەد بەشـارەتی"[71] كـە لـە خـەرمانان دا لەسەر خەباتی نەتەوە و حیزبـی دێمـوكرات چەواشـەكاری یـەكی زۆری كردبـوو، لـە لایەن نووسەری ئەم دێڕانە قسە بۆ خەڵك كرا.

لەنێو قسەكانی مندا، خۆمپارەبارانی ناوچەكە و دەورووبەرمان دەستی پـێ كـرد. دەمزانی كە ئێوارە گرووپی زەربەت هەموو پایەگاكانی ناوچەی ئاگـادار كردۆتـەوە و پایەگای حوسێن مامەش ماشێنەكانی دیوە كە راگیراون، هەر بۆیەش خۆمپارە بارانی دەورووبەری ئێمەی دەست پـێ كـرد و خەڵكەكـە كـە لـەو خۆمپـارە بارانـە دەترسـان داوایان كرد رێگە بدەین بڕۆن و تووشی مەترسی نەبن. منـیش زانـیم كـە مەترسـی بۆ خەڵكەكە هەیە ئیدی قسەكانی منیش كاریگـەرییان لەسـەر دانانـێ، رێگـەمان دان كە بـڕۆن و شـوێنەكە بـەجێ بـێڵن. چـەند سـەربازێكی رێـژیم لـەنێو مـسافیرەكان دا بوون بە دیل گیران كە پاشان ئازادمان كردن.

دەنگی سیگناڵی ماشێنەكان لەنێو هەرا و هۆریای خەڵكی و خۆمپارەبارانی ناوچە و دەورووبەر تابلۆیەكی سەیر بوو. هاوكات لە گەل ئەوە پایەگا لـە تەقـە كردنەكـەی بـەردەوام بـوو، كەمینـەكانم ئاگـادار كـردەوە كـە بـێن یـەكتر بگرنـەوە و دڵنیـاین كـە هێزەكانی رێژیم ورەی هاتنیان نیە. بەسەر پردی حوسێن مامە دا پەڕینەوەو بۆشام خواردن هاتینـەوە گـولی مـەرزنگ. هێـشتا نـانم نـەخواردبوو كـە نیگابـان گـوتی ئـەو كەسەی پیرەشەو بە ماشێنەكە رای كردبوو هاتۆتەوە لێرەیە. پێم گوت تـا دوای شـام خـواردن لـە لای خۆتـان ڕای گـرن. كـە چـوومە لای زۆر بـە تـوورەیی وە گـوتم كـە پێرەشەو بۆ بۆ بۆكان هەڵاتی؟ بۆ چرای ماشێنەكەت كوژاندبۆوە؟ ئەگەرچی یەكجار زۆر توورش بووم بەڵام بەسەر خـۆم دا زاڵ بـووم و بـە هێمنـی لەگـەڵی جووڵامـەوە.

[71] – محەممەد بەشارەتی وەزیری نێوخۆی ئەوكات گوتبووی كە ئاسەوارێك لە حیزبی دێموكرات نەماوە ئەوان تەفروتونا بـوون. هـەر ئەو عـەمەلیاتە دەنگدانەوەی زۆر باشی هەبوو لە سەر وەدرۆ خستنەوەی بەشارەتی.

زۆر بێ شەرمانە گوتی كە قەولم دابوو ئەگەر پێشمەرگە ببینم ئاگاداریان بكەمەوە. گوتم نائینسان ئەگەر ئەو شەوە دوو پێشمەرگە شەهید بوایەن یان ئەگەر ماڵی ئێوە كرابا بە سەنگەر و دایك و باوك و ئەنـدامێكی بنەماڵەكـەت كوژرابـان، چیان بـە تـۆ دەدا و دەسكەوتت چ دەبوو؟ ئێستا كـە خەبـەرت پـێ داون چیان پـێ داوی؟ تفـی لـە زاری دا وشك ببوو. دوایە سەد جار قسەی ناخۆش و جنێوی بەخۆی داوە.

خزم و كەسەكانی و خەڵكی تر هاتنە لامان و تكایـان بـۆ كـرد بـۆ خۆشـی تۆبـەی كرد و بەڵێنی دا قەت راپۆرت لە پێـشمەرگە نـەدا. ئێمـەش لەسـەر تكـا و پاڕانـەوەی خزم و كەسی لە تاوانەكەی خۆش بووین. پاشان پێشمەرگەكان كۆبووینەوە و بـەرەو پیر محەممەد كەوتینە رێ. كاتژمێری ١٢ی شەو لە گونـدی شـێخاڵی پـشوویەكی یـەك ساعەتەمان دا.

نم نم باران دەباری و هەوا ساردی كردبوو. لە جادەی بۆكان — مەهاباد لـە نزیـك بورهـان پەڕینـەوە و بـەنێو ئـاوایی "سیـچامبلاغ" دا تێپـەڕین و لـە پـشتی كولیجـە لەنێو هێندێك رەوەزە بەرد دا خۆمان حەشار دا. باران بە لێزمە و خوڕ دەباری و تا دوا نیوەڕۆ سبەی لێی نەكردەوە.

لە پێوەندی یەك لەگەل دەفتەری سیاسی راپـۆرتی چـالاكی یـەكانم نووسـی و بـە بێسیم راكاڵ كە غەفوور سۆفی بێسیم چی بوو بەڕێ كـرا و لـە هەلومـەرجی ناوچـە ئاگادارم كردن. پاش ماوەیەك دیسان باران دەستی پێ كـردەوە. تـەواو خووسـابووین، سـەعات چـواری ئێـوارە چـووینە ئـاوایی سیـچامبڵاغ تـا كاتـژمێری ٥ی بـەیانی رۆژی دواتـر لەوێ پشوومان دا. هەوا رۆژ لەگەل رۆژ ناخۆشتر دەبوو پـاش ٢٠ رۆژ جەولـەی سیاسی - نیزامی و لە پێوەندیی بەردەوام لەگەل خەڵكی دا بڕیارمـان دا بگەڕێینـەوە بنكە جێگیرەكان.

هەرچـەند پێـشتر باسـم كـرد رێـژیم لەسـەر ئـەو سیاسـەتەی كـە وا بنوێنیـێ پێشمەرگە نەماوە و جێی مەترسی نین، پایـەگاكانی كـۆ دەكـردەوە و لـە بەرامبـەردا

هێـزی گرووپـی زەربـەتی بـە هێزتـر و پوشـتەتری دروسـت دەکـردن و تۆپبـاران و خۆمپارەباران کردنی ناوچە گومانلێکراوەکانی کرد بۆ تاکتیکی سەرەکیی خۆی.

دیارە وەرزی بوونی تێکۆشانی ئێمە ئەو ئیمکانەی زیاتر بۆ ڕێژیم دەڕخساند کە لە پیلانگێڕیی دژی ئێمە بەردەوام بێ. وەرزی بوون بەو مانایە کە ئێمە لە بـەهار و زیـاتر هـاوین بتـوانین تێکۆشـانمان هـەبێ و لـەوەرزی پـاییز و زسـتان دا کـە تـەڕ و تووشـی پەیـدا دەبـوو ڕێـژیم گونـدەکانی دەگـرت و زۆرجـار بـە شـەڕ نانمـان پەیـدا دەکرد. کەوابوو لەم دوو وەرزە هێزی ڕێژیم ترسـی لـە پێـشمەرگە نـەدەما و دەسـتی ئاوەلـە بـوو. لـە زۆربـەی ساڵ دا کـە بـەهاران دەگەڕاینـەوە هێـزی ڕێـژیم خـۆی کـۆ دەکردەوە.

سـەربازە کوردەکـان لـە سـاڵی ١٣٧٢ گرینگـی یـەکی تایبـەتیان لای ڕێـژیم پەیـدا کردبوو. سەربازەکان کە بە پێرەوی لە بانگەوازی حیزب شـەڕیان لەگـەڵ پێـشمەرگە نەدەکرد، بەرپرسانی ڕێژیمیان بە قین داخستبوو. ئـەوان دەیانویـست لەسـەر گیـانی ئەو سەربازە کوردانە نێوان بخەنە خەڵك و هێزی پێشمەرگە. هەر بۆیـەش تەنانـەت بە فەرماندەکانیان راسپارد بوو کە ئەگەر بۆیان دەکرێ خۆیان سەربازە کوردەکان لە پشتەوە بپێکن تا شەڕی براکوژی و تۆوی دوو بەرەکی زیاتر لەنێوان خەڵك و کادر و پێــشمەرگەدا هەلگیرســاند بــێ. بــەلام وشــیاری کۆمــەلانی خــەڵك و کــادر و پێشمەرگەکانی حیزبـی دێمـوکرات ئـەم پیلانـەی ڕێـژیمی نـەزۆك دەهێـشتەوە ورەی خــەڵك لــەم ســاڵەدا زۆر بــەرز بــوو. هەڵـسووران و چـالاکی هێــزی پێــشمەرگە و کۆبوونـەوەی بـەردەوام لـەنێو خـەڵك دا وێـڕای بەخـشینی متمانـە و ورە، ئاسـتی سیاسی ئەوانیشی بەرز کردبۆوە.

کـۆنترۆڵکردنی جادەکـان، ئـازاد کردنـی دیلـەکان و روونکردنـەوە سیاسـی یـەکانی حیزب دەنگدانەوەی باشی بـە قـازانجی حیـزب لـە هـەموو بەشـەکانی ئێـران هـەبوو. هەر ئەوەش وای کردبـوو تەئمینـەکانی جـادە سـەرەکی یـەکان تـا سـەعاتی ١٢ی شـەو هەڵ نەگیرێتەوە.

جاشـە ڕەسمـی و تـەواو وەختـەكانیش بۆیـان دەركـەوت كـە بـەرەنگاریی هێـزی پێشمەرگە بۆ وان هەر روو ڕەشی زیاترە و تا ئەو جێیەی بۆیان كرابا خۆیان لە رووبەروو بوونەوە دەپاراست و بە جاشێتی خۆیان لە سیاسەتەكانی كۆماری ئیسلامی گەیشتبوون. دیارە جاشەكان ئەگەر هەستیان بە بوونی یەك یا دوو پێشمەرگە لە جێگایەك كردبوایە زۆر زوو خۆیان دەگەیاندێ.

لەم ساڵەدا لەناوچەی بۆكان هێزی بەیان وەك هێزێكی حیزبی دێموكرات تەنیا هێزی نێو گۆڕەپانی سیاسی بوو. هیچ ڕێكخراوێكی دیكە جگە لە حیزبی دێموكرات تێكۆشانی ئەوتۆیان نەبوو. راوەستانی شەڕ لەگەڵ "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر" لە هەنگاوە گرینگەكانی حیزب بوو كە وەك مزگێنی یەك خەڵك بەرەو پیلی هاتن و پێشوازی یان لێكرد. ئەو هەڵویستە ئەوەندەی ورەی خەڵك بەرز كردەوە ئەوەندەش ورەی هێزەكانی ڕێژیمی دابەزاند.

زستانی ٧٢ وەرزی خۆماندوو كردن و پەروەردەی پێشمەرگە بوو فێرگە لەو وەرزەدا چالاكتر و بە گوڕتر بوو. پەروەردەی سیاسی تا ئەو پەڕی ئیمكان لەسەر پێشمەرگەكان رەنگی دەداوە. لە وەرزی زستان فێربوون و فێركردن كاری سەرەكی ئێمە بوو. لە زستانی ٧٢ كۆنفرانسی كومیتە شارستان مان گرت كار و تێكۆشانی ساڵی رابردوومان هەڵسەنگاند و تاوتۆێ كران دواتر ئەندامانی كومیتە شارستان مان هەڵبژارد. دیارە پێش كۆنفرانسی كومیتە شارستان كاك عومەربالەكی وەك بەرپرسی كومیتە و نووسەری ئەم دێرانەش وەك فەرماندەری هێز دیاری كرابوونەوە. دواتر سازماندەهی نوێ كومیتە ناوچەكان و هێزمان كردەوە و خۆمان بۆ تێكۆشانێكی نوێ لە ساڵی نوێدا ئامادە كرد.

دیارە پێش كونفرانس، سمینـاری نیزامیو تەشكیلاتی لە رۆژەكانی ٢٥و٢٦و٢٧ی مانگی بەفرانباری ١٣٧٢ بە بەشداری بەرپرسین بەرێوە چوو كە لەسەر مسایلی دیاری كراو باس ولێكۆلینەوەی پێویست كرا ئەو خالانە وەك رینوێنی لە بەر چاو گیران. خاڵە تەشكیلاتی یەكان باس ناكەین خالە نیزامیی یەكان ئەمانە بوون.

١- هەروەك ساڵی رابردوو(مەبەست لەساڵی٧٢)یە لە هەموو تاكتیكی نیزامیی گونجاو لە هەلومەرجی ئێستا كەڵك وەرگرین.

٢ – لە هیچ عەمەلیاتێك خۆ نەپارێزین لە بەر ئەوەی عەمەلیات هەرچەند چووكەش بێ زەربەیەك لە رێژیم بوو.

٣ – لە هەلومەرجی ئەو كات دا تەخریبات گرینگی یەكی تایبەت بە خۆی هەبوو.لێی غافل نەدەبووین و هیچ كەم كاری یەك بۆ "تەوجیە"نەبوو هەر بۆیە سابووتاژ دەسكەوتێكی باش بووبۆ ئێمە.

٤- بەستنی جادە ئەسلی یەكان و كۆ كردنەوەی موسافیرەكان لە شوێنێك كارێكی تەبلیغی گەورە بوو بەو مەرجانەی ئەو خاڵانەی خوارەوە لە بەر چاو گیرابان .

— بۆ ئەم كارە تایبەتە پێشمەرگەی پێویست دابین بكرێ بە ئەفرادی كەم كارەكە زۆر سەركەو توو نەبوو.

— پێش بینی تەواو بۆ دابین كردنی ئەمنییەتی كۆبوونەوەكە بكرێ و لەو شوینانەی كە بە پێویست زانرا پێشمەرگەی زیاتری لێ بێ.

— پێش دانانەوەی كەمینەكە تەقسیم كارێكی زۆر ورد لە نێو كادرو پێشمەرگەكان دا بكرێ كە لە كاتی بەرێوەبردنی كەمینەكە هەر كەس ئەركە خۆی بزانێ و پێش بە بێ نەزمی بگیرێ.

— كادرێكی تایبەت دیاری بكرێ كە لە سەر مسایلی رۆژ و سیاسەتەكانی حیزب ومەبەستەكانی جووڵانەوە ی رزگاریخوازیی گەلی كورد قسە بۆ خەلك بكا. ئەگەرئیمكانی نەشریات هەبوو بڵاو بكریتەوە.

— كاری ماڵیش یەكێك لە ئەركەكان بوو كە دەبوو لە بەرابەردا بەلگە وەرگیرێ ئەوەش تیمی تایبەتی بۆ دیاری دەكرێ.

-٥- زەربە وەشاندن لە بنكە ئابووری یەكان ماشێنی رێژیم بەگشتی(سەر بە هەركام لە دزگای ئیداری رێژیم بێ)وەك عەمەلیات كە لە باری ئابووری یەوە زەربە لە رێژیم دەدا چاو لێ بكرێ.

**٦ــ عەمەلیاتی سەر سنوور بـە تـەواوی وەلا نـراو مەگـەر لـە حالـەتی دیفـاعی دا (ئەو خاڵە بۆ ئێمە نەبوو)بۆ سنووری‌یەكان بوو.**

**٧ــــبە پێی  هەلومەرج بەرنامـە بـۆ حـزووری دایمـی دانـرێ و كـەلكی تـەواو لـە چۆل بوونی ناوچە لە هێزەكانی رێژیم وەربگیرێ.**

# ١٣

له به‌هاری ١٣٧٣ له سمینارێك دا كه به‌به‌شداری به‌رپرسی كومیته‌كان و فه‌رمانده هێزه‌كان گیرا، له‌سه‌ر تاكتیكی كۆنترۆڵكردنی جاده ئه‌سڵی یه‌كان پێداگیری كرا. جگه له‌وه زۆر شتی دیكه له‌و سمیناره هاته به‌رباس.

دوای ئه‌و سمیناره كه‌ره‌سه‌ی پێویستمان وه‌رگرت وخۆمان بۆ چوونه‌وه ئاماده كرد.

له سه‌ره‌تای مانگی پووشپه‌ڕ له كاتێك دا كێشه‌ی یه‌كێتی و پارتی به‌و په‌ڕی خۆی گه‌یشتبوو خۆمان ئاماده‌ی گه‌رانه‌وه بۆ ناوچه كرد. ده‌بوایه زۆر به وردی جوڵاباینه‌وه. ئێمه چووینه مه‌قه‌ڕه‌كانی مه‌ڵبه‌ندی ٢ تا له‌گه‌ڵ ئه‌وان به‌رێگه‌ی پێنجوێن دا بۆ نێوخۆ بگه‌ڕێینه‌وه. پێنجوێن له كۆنترۆڵی یه‌كێتی و گونده‌كانی سنوور له‌ژێر چاوه‌دێری و ده‌سه‌ڵاتی پارتی دێموكراتی كوردستان دا بوون و سه‌نگه‌ره‌كانیان به‌رامبه‌ر یه‌ك دامه‌زراندبوو.

له ناوچه‌ی ژێر چاوه‌دێری یه‌كێتی تێپه‌ڕین و له نزیك گوندی "گه‌رمه‌ك" دۆستانی پارتی گوتیان تا له سه‌ره‌وه بڕیار نه‌گا رێگه‌ی رۆیشتنتان پێ نادەین! به‌رپرسه‌كه‌یان كه ناوی شه‌ریف بوو و شه‌فه كه‌چه‌ڵیان پێ ده‌گوت هاته لامان. قه‌نناسه‌یه‌كی پێ بوو. فه‌رمووی دانیشتنی نه‌كردین. له‌گه‌ڵ كاك محه‌ممه‌د تۆپچی كه ئه‌وكات به‌رپرسی مه‌ڵبه‌ندی ٢ بوو وكاك عومه‌ر باڵه‌كی زۆرمان قسه له‌گه‌ڵ كرد به‌ڵام ملی نه‌دا و گوتی رێگه نادەین بڕۆن. هه‌ر بۆیه گه‌ڕاینه‌وه پێنجوێن و له نزیك مه‌قه‌ڕه‌كانی یه‌كێتی نیشتمانی چاوه‌ڕوانی تاریك داهاتنی رۆژمان كرد. له‌گه‌ل تاریك بوون به پێیان و به قاچاغه رێ تا نزیك ده‌شتی شلێر، به‌رامبه‌ر به سنووری ئێران رۆیشتین و له‌ژێر چه‌ند پۆله دار بۆ حه‌سانه‌وه ره‌خت و تفه‌نگه‌كانمان لێ بڵاو كرده‌وه.

بۆ بەیانی چاومان لـێ بـوو كـە هێزەكـانی رێـژیم لەسـەر سـنوور خـەریكی رێگـە لێدان و مین چاندنن. شوێن لەسەر سنوور نەمابوو كە مینیـان لـێ نەچاندبێ بـەو هیوایـەی پـێش بـە گەڕانـەوەی هێـزی پێـشمەرگە بگـرن. دەسـتەیەك پێـشمەرگەمان نـاردە سـنوور تـا بارودۆخەكـە لـە نزیكـەوە هەڵـسەنگێنین و وردەكـاری یـەكانمان بـۆ بێننەوە. پاشان دەركەوت لەبەر ئەوەی نەماندەزانی ئەودیو سنووری ئێـران چ باسـە گەرانەوە لەو رێگایـەوە زۆر ئاسـان نیـە و تووشـی گرفـت دەبـین. دیـارە هێنـدێك لـە هێزە سنووری یەكانی خۆمان رێگایان پەیدا كردبوو بۆ ناوچە گەرابوونەوە. ئێمەش دوایی ئەوەی زانیمان رێگە دژوارە گەراینەوە مەقەڕەكانی مەڵبەندی ٢ی جنووب.

لە سنووری پیرانشارەوە تا مـەریوان پایـەگا و مـین گـوزاری بـوو تـا سـەرەنجام لـە رێگای كومیتەی سەردەشتەوە بە رێگای دەشتی وەزنێ دا گەڕاینەوە ناوچە. رۆژی ١ی گەلاوێژ بوو كە سنوورمان تێپەڕاند و پـاش ٨ رۆژ رێ بـڕین و پەڕینـەوە لـە چـۆمی كەڵوێ و بەجێ هێشتنی ناوچەكانی سەردەشت و رەبـەت، لـە كوێـستانەكانی مەیـدان چۆغە لەگەڵ دەستەیەكی هێزی پێشەوا یەكمان گرتەوە. ئەو دەستەی هێزی پێشەوا ١٥ تـا ٢٠ كـەس دەبـوون، دەنـگ و باسـی ناوچـە و تـاكتیكی رێـژیممان لـێ پرسـین. دەركەوت كە رێژیم گۆڕانی بەسەر تاكتیكی پێشووی نەهێناوە و دیسان ناردنی تیمی زەربـەتی چـووكە بـۆ ئاشـكرا كردنـی هێزەكـانی پێـشمەرگە و تـۆپ بـاران كردنـی لـە رێگـەی دوورەوە لــە ســەرووی بەرنامــەكانی روو بــە روو بوونــەوە لەگــەڵ هێــزی پێشمەرگەیە.

لەو تاكتیكەی رێژیم دا گیانی هێزەكانی دەپارێزرا و گرینگـی بـە جـادە و رێگـا و بانـەكان دەدرا. رێـژیم بـاش لـە مەترسـی پێوەنـدیی راسـتەوخۆی هێـزی پێـشمەرگە لەگەل خەڵك گەیشتبوو، بۆیە بە توندی جادەكانی دەپاراست. بۆ وێنە جادەی بۆكان – میاندواو كە جادەیـەكی ترانیزێتـی بـوو٢٤ سـەعات لـەژێر چاوەدێری و كـۆنترۆڵی تەئمینەكانی جادە بوو.

رۆژی ١١ی گەلاوێـژ لـەخوار ماڵـەکانی گامێـشان لـە ناوچـەی گـەورکی مـەهاباد پشوومان دەدا. کاتژمێری ٥ی ئێوارە پۆلێك جاش لە کاوەڵان را هاتنە گامێشان. ئێمە خۆمـان حەشـار دابـوو بـەڵام بڕیارمـان دابـوو لـە گەڕانـەوەدا لێیـان دەیـن. بـۆ ئـەم مەبەستە خۆمان سازمان دا و هەر دەستە و پەلـەی لـە شـوێنی دیـاریکراوی خـۆی دا جێگیر بوو. هێزەکانی رێژیم ١٠ کەس بوون و هاتنەکەیان بـۆ شناسـایی ناوچـە بـوو، ئەوانی دیکەش لە دەراوی کاوڵان بەجێ مابوون. کاتـژمێری ٦ی ئێـوارە لـە گەرانـەوە سەرڕێیان پێ گیرا و تەقەیان لـێ کـرا. چـەند کەسـێکیان لـێ کـوژرا و ئـەوانی دیکـە بەرەو کۆنە پایەگای گامێشان رایان کرد.

تا نزیك ئاوایی دوایان کەوتین بەڵام هێزەکانی یارمەتیدەری رێژیم زوویـان فریـا کەوتن و بە هانایانەوە هاتن. پەلێك پێشمەرگە لەجێی خۆمان بەجێ مابوون لەگەل هێـزی یارمــەتی دەری رێــژیم دەرگــیر دەبــن و لــەو پێکدادانــەدا کــەریم شــوجاعی، سەرپەلەکەیان گوللەیەکی وە سمتی دەکـەوێ. کـەریم کـە بۆخـۆی زۆر قەڵـە و زەڵام بوو، پتر لە ٩٥ کیلو کێشی بوو، بە کەس هەڵ نـەدەگیرا. زۆرمـان پـێ گـوت کـە خـۆی بگەیەنێتە لای ئێمە بـەڵام نـەیتوانی و نەشـی زانـی بـە کـام شـیو دا رۆیـشتووین بـە ناچـار کـاك عومــەر و ئــەمیر رەســووڵی و چــەند پێــشمەرگەیەك بــۆی گەڕانــەوە و رزگاریان کرد. دیارە ئەگەر چەند دەقیقەیەکی دیکە درەنگتر وەخۆ کـەوتبان کـەریم شەهید دەبوو. لـەو شـەرە دا تـەنیا ئـەو برینـدارەمان هـەبوو. دەسکەوتی ئێمـەش ٦ کلاشینکۆف بوو. دوایی ئەوە چەند کەسێکمان بـۆ هێنـانی ولاغێـك بـۆ زینـدە قـووڵ بـەرێ کـرد، کـەریممان سـوار کـرد و بـۆ شـام چـووینە نێـو دێ و دواتـر پـاش رێگـا برینێکی زۆر لە نزیك قۆرغە تەپە لە شوێنێکی ئەستەم و سەخت دا خۆمان حەشار دا. کاتژمێری ١٢ی نیوەرۆ نیگابـان ئاگـاداری کـردین کـە هێزەکـانی رێـژیم کێوەرشـی قادراوەیان گرتووە. بە دووربین زۆرم روانی دیـتم کەچـەند کەسـێکی راوچـی بـوون. ئەمرۆژە بەبێ دەنگی تێپەڕی ئێوارە ئەو چەند کەسەی هێزی پێـشەوا پـەیامیان بـۆ لێدان کـە بـۆلای کومیتەکـەیان بـچن کـە تـازە دەگەرانـەوە ناوچـە. ئێمـەش چـووینە

پشتی كولیجه. به‌یانی زوو نیگابان له‌خه‌وی هه‌ستاندم كه هێزه‌كانی ڕێژیم به‌رزاییه‌كانی ده‌وروبه‌ری گرتووه كه سه‌یرم كرد چوار كه‌س چواركه‌س له به‌رزاییه‌كان دامه‌زرابوون دیار بوو ته‌نیا مه‌به‌ستیان ئاشكرا كردنی ئێمه‌و پاشان "گه‌را"گیری و تۆپ باران كردنی ئێمه بوو. هه‌ر بۆیه‌ش ئێمه خۆمان تێنه‌گه‌یاندن و له شوێنی خۆمان تا ٥ی ئێواره نه‌جوولاینه‌وه. سه‌عات ٥ ئێواره به‌رزاییه‌كان له هێزه‌كانی ڕێژیم چۆل كران. ئێمه‌ش درێژه‌مان به جه‌وله‌ی سیاسی – نیزامی خۆمان دا.

له درێژه‌ی ئه‌م جه‌وله‌یه‌دا ڕۆژی ٢٢ی گه‌لاوێژ له‌پشت ئاوایی "یاغیان" بۆ پشوودان له‌ژێر پۆله دارێك لامان دا. كاتژمێری ١١ی به‌یانی ئاگاداریان كردین كه هێزی ڕێژیم هاتۆته ده‌وروبه‌رمان. جاسووسی ڕێژیم هه‌ستی به بوونی ئێمه كردبوو ڕاپۆرتی لێ دابووین و پێوشوێنمان كه‌وتبوون.

تاكتیكی ڕێژیم به‌م جۆره كه جاشێك به ماتۆڕ گوند به گوند ده‌گه‌ڕا و ئه‌گه‌ر پێوشوێنی پێشمه‌رگه‌ی ئاشكرا كردبا، هه‌واڵی ده‌نارده پایه‌گا و تۆپخانه تۆپبارانی ده‌كردین. ئێمه خۆمان بۆ ئه‌گه‌ریی هه‌ر جموجۆلی یه‌كی هێزه‌كانی ڕێژیم ئاماده كرد به‌ڵام هێزی ڕێژیم نه‌هاته پێشێ و ته‌نیا به تۆپ و خۆمپاره وڵاتی داگرت. هێرشی تۆپخانه‌ی ڕێژیم بێ به‌زه‌یی یانه و"شه‌لم كوێرم كه‌س ناپارێزم"بوو. بۆی گرینگ نه‌بوو كه كوێ ده‌كوتێ و له كێی ده‌دا. موچه و مه‌زراو ماڵ ومنداڵ، پاتاڵ و مه‌ڕوماڵاتی خه‌ڵكی به ئاگری تۆپخانه داگرتبوو. به‌سه‌ر خه‌ڵكی بێتاوان دا ده‌ڕشاوه و ڕقی خۆی به شاخ و به‌رده‌كانی ده‌ڕشت. ئێمه‌ش له‌نێو شیوو په‌نا به‌ردی ئه‌و شوێنه خۆمان له هێزی ڕێژیم مات دابوو كه ئه‌گه‌ر بێنه پێش زه‌برێكی گورچكبڕیان لێ بده‌ین به‌ڵام یه‌ك هه‌نگاویش پێشڕه‌ویان نه‌كرد.

ئه‌وه‌ی جێگای سه‌ر سوڕمان بوو له گه‌رمه‌ی تۆپ بارانه‌كه‌دا عوسمان مه‌میل له گه‌ل چه‌ند پێشمه‌رگه‌یه‌ك به‌ره‌و شاخی به‌رده هه‌لۆ سه‌ركه‌وتن كه تۆپخانه چاوی پێیان نه‌كه‌وتبوو. دیاره یه‌ك ڕه‌نگ بوونی لیباسه‌كان له‌گه‌ڵ سروشت ئه‌و ئاسانكاری و یارمه‌تی یه باشه بوو كه زۆر جار فریای پێشمه‌رگه ده‌كه‌وت. تۆپبارانه‌كه‌ی ئه‌و

ڕۆژە تـا سـەعات ٦ی ئێـوارە درێـژەی هـەبوو بـەڵام هێـزی پیـادەی ڕێـژیم تـا یـەك کیلومەتری پێشمەرگەش نەهاتنە پێش.

ڕێژیم چیدی نەیدەویست هێزەکانی خۆی لە کوردستان بـە کوشـتن بـدا. ئەگـەر پێـشتر کوژراوەکـانی بـەهۆی شـەڕی عێـراق پاسـاو دەدا، ئیـدی کـوژرانی سـەرباز و پاسدارە غەیرە کوردەکان لە شارەکانی دەرەوەی کوردستان بۆی گران تەواو دەبوو. لە ڕێژیم تۆپ باران و لە ئێمـەش جەولـەی سیاسـی و قـسە کـردن و کۆبوونـەوە لەگـەڵ خەڵك، لە هەر جێگایەك دەرفەتیش بوایە زەبری خۆمان لێ دەدان.

ئێوارەی ڕۆژی ٣٠ خەرمانان نانی شەوێمان لە گردیگلان خوارد. پاشان لە چۆمی قرەگوێز پەڕینەوە و بەدەشتی شاریکەند دا چووینە گونـدی تـەپی لـە ناوچـەی پیر محەممەد.

کاتــژمێری ٣ی بــەیانی بــە شــێوەیەکی زۆر نــەهێنی چــووینە نێــو دێ. چــەند ماڵێکمان لـە خـەو هەسـتاند و پێـشمەرگەکان لـەو ماڵانـە دا جـێگیر کـران. بۆخۆشـم لەگـەڵ ٥ پێـشمەرگە چـووینە ماڵێـك کـە دوو کـادری حیزبـی لـە ساڵی ١٣٦٤دا لـێ گیرابوون. نان و ماستێك و چایی یەکمان خوارد و هەر لەوێ ماینەوە. دیـارە خـاوەن ماڵ زۆر بەوە قایل نەبوو. دەترسا و شڵەژابوو. باسی گیرانی ئەو دوو کـادرەی دەکـرد کە ساڵی ٦٤ لە ماڵەکـەی دا گیرابـوون. بـەڵام چـارە نـەبوو، نەماندەویـست کەسـی کـە لەخەو هەستێنین. خانەخوێ گـوتی کـە بـەیانی کـەسمان لـەماڵ نـابین و دەچـین بـۆ مەزرا و کاری خەلـە و خـەرمانمان هەیـە. تـەواو مانـدوو بـووین. لـە دیوێکیـان بـۆی نوسـتین. کاتـژمێری ١٠ی بـەیانی وەخەبـەر هـاتین. کـەس لـە مـاڵ نـەبوو، هـەموو چووبوونە مەزرا بۆلای خەلەو خەرمانان. کاتـژمێری ٢ی نیـوەڕۆ خانـەخوێ هاتـەوە مـاڵ و کـە زانـی چ نەقـەوماوە و هـیچ ڕووی نـەداوە، داوای لێبـۆردنی کـرد کـە شـەو هەڵس و کەوتەکەی زۆر باش نەبووە. پاشان چوو نان و هێلکەی بۆ هێنـاین و چـەند پاروو یەکیشی لەگەڵ خواردین.

كاتژمێری ٦ی ئێواره له‌ماڵ دانیشتبووین قسه‌مان ده‌كرد كه ماتۆر سوارێك هاته گه‌ڕه‌ك و له‌و ماڵه‌ی ده‌پرسی كه ئێمه‌ی لێ بووین. به خانه‌خوێم گوت ئه‌گه‌ر سه‌ید كریمه(٧٨) ئاگادارم كه كارمان پێیه‌تی، راست بۆ خۆی ده‌بێ. كابرا ده‌چێته ده‌رێ و سه‌ید كه‌ریمی جاش لێی ده‌پرسێ كه ئه‌م شه‌و پێشمه‌رگه هاتوون بۆ نێودێ؟ ئه‌ویش ده‌ڵێ به‌ڵێ هاتوون به‌ڵام ناڵێ كه ئێستا له نێو دێن. ناوبراویش كه به فیتی خۆی زانی گورج سواری ماتۆر ده‌بێ و بۆ"قاجر"پێی پێوه ده‌نێ.

كه خاوه‌ن ماڵ هاته‌وه زوو لێم پرسی كێ بوو؟ گوتی خزمێكی خۆمان بوو خه‌ڵكی "تبته" هاتبوو داوای خه‌رمانكووبی ده‌كرد. ئه‌وه‌ی گوت چووه ده‌رێ و پاش ١٠ ده‌قیقه هاته‌وه و گوتی كاك برایم، براله تا نه‌گیراون هه‌ستن بڕۆن. گوتم: بۆ مه‌گه‌ر پاسدار هاتوونه سه‌رمان؟ گوتی: نا كاكه گیان ئه‌و ماتۆڕه سه‌ید كه‌ریم بوو، پێشم گوتووه كه ئێره پێشمه‌رگه‌ی لێ بووه.

زۆری لێ قه‌ڵس بووم، قسه‌م پێ گوت. گورج خۆمان پێچاوه و تیمه‌كانی دیكه‌شم ئاگادار كرده‌وه كه ئاماده بن. ده‌مزانی كه ده‌بێ چاوه‌ڕوانی جاش و پاسدار بین. ٥ ده‌قیقه‌ی پێ نه‌چوو به په‌دافه‌ند پشت گوندیان داگرت دیاره نه‌یانده‌زانی ئێمه له كوێین و وێڵه‌كی ته‌قه‌یان ده‌كرد.

له ماڵان هاتینه‌ده‌ر و ده‌وران ده‌وری دێمان گرت و له‌سێ لاوه كه‌مینمان دانا و چاوه‌ڕوانی هاتنی هێزی رێژیمماینه‌وه. هێزه‌كه‌ی رێژیم له‌نێوان قاجرو ته‌پی مۆڵی خواردبوو و روو به حاشیائاباد راوه‌ستابوو و داره‌كانی خوار ئاوایی ده‌كوتا. ئێمه له‌نێو ئاوایی بووین به‌ڵام به‌شێكی زۆر خه‌ڵكی نێو دێ له موچه و مه‌زرا بوون و نیگه‌رانی ئه‌وان بووین. چونكی هێزی بێ وره‌ی رێژیم كه نه‌ده‌هاته پێشێ، به‌ڵام ناوچه‌ی به كاتیوشا و خۆمپاره داگرتبوو. ئه‌م ره‌هێڵه‌ی خۆمپاره و كاتیوشا بارانه ماوه‌ی دوو سه‌عات بێ پسانه‌وه به‌رده‌وام بوو. هێزی سه‌ركوتكه‌ری رێژیم پاش ئه‌وه‌ی زیان و خه‌سارهتێكی زۆریان به خه‌ڵك گه‌یاند و ده‌یان سه‌ر ماڵاتیان قڕ كرد، ده‌مه و ئێواره به‌بێ ئه‌وه‌ی روو له گوندی ته‌پی بكه‌ن بۆلای بۆكان گه‌ڕانه‌وه.

دواتر کە وەزعەکە هێور بۆوە و زیانی گیانی بۆ خەڵك نەبوو کاتژمێری ٨ی ئێوارە لە مزگەوت خەڵکمان کۆ کردەوە و قسەمان بۆ کردن. ئەو کەسەی کە هەواڵەکەی بە سەید کەریم جاش دابوو ویستبووی لە ئاوایی خۆی دەرباز بکا بەڵام نیگابانەکان گرتبوویان و هێنایانە مزگەوت، دوایی کۆبوونەوە تکاو رەجای خەڵکی لێی نەگەڕا و ئێمەش پاش وشیار کردنەوە لێی خۆش بووین. تا سەعاتی ١١ی شەو لەنێو گوندی تەپی بووین پاشان وەدەر کەوتین. بۆ بەیانی لە گوندی "دارە گردەلە" بووین ئەو رۆژەش رێژیم هەستی کرد لەوێین گرووپی زەربەت لە نۆبار را هات بەڵام هەنگاوێك لە سەیداوا زیاتر نەهاتە پێش.

سەرەتای مانگی خەرمانان لە ناوچەی ئەحمەدی کۆر درێژەمان بە جەولەی خۆمان دا نیازی چوونە نێو شاری بۆکانمان هەبوو و چاوەڕوانی دەرفەت بووین.

رۆژی ٥ی خەرمانان لە گوندی گردی قەبران بووین. لەمێژبوو پێشمەرگە سەردانی ئەو گوندەی نەکردبوو چوونەکەی ئێمە لەگەڵ پێشوازی گەرم و گوڕی خەڵکی نێودێ بەرەوڕوو بوو. کۆبوونەوەمان بۆخەڵك گرت و هەر لەوێ شاممان خوارد. ئێوارە رێژیم بە هێزێکی زۆر و زەوەند ناوچەی تەنیبوو. دیارە سۆسەی بوونی ئێمەی کردبوو و زۆر بە پارێزەوە جووڵایەوە. سەعات ١ی نیوە شەو لە گردی قەبران دەرکەوتین. لە سەر جادەی نێوان داشبەند و وشتەپە تووشی تەئمینی جادە بووین. زۆر چاوەروان بووین تا بڕۆن ئێمەش بپەرینەوە. بەڵام کە دیمان ئاوریان کردۆتەوە زانیمان چۆلی ناکەن بۆ گەرانەوە نەدەبوو و نەدەکرا. بۆیەش بە تیمی ٥ کەس ٥ کەس لە جادە پەرینەوە لە بەر ئەوەی ئەگەر شتێك لە سەر جادە رووی دابوایە ٥ کەس باشی دەست دەکردەوە. دوایی پەرینەوە هەمووومان بە دەشتی ئاڵەشین دا چووینە نزیك گوندی قەڵایچی.

بۆ سبەی شەو چووینە نێو گوند و سەردانی قەڵامێژوویەکەم کرد کە رێژیم تەواو تێکی دابوو و چی تێدابوو بەتاڵانی بردبوو. لە شاری بۆکان نزیك ببووینەوە و هەواڵەکان باسیان لەوە دەکرد کە رێژیم تەواو لە حاڵەتی ئامادەباش دایە.

کاتژمێری ١١ی شەو لە قەڵایچی وەدەر کەوتین و بۆ مانەوە و پشوودان لەژێر پۆلە دارێك لە پشتی "شیوی خەمە" لامان دا. سەعات ١٠ی بەیانی واتە ٧ی خەرمانان ٣ هێلی کۆپتێر لە بۆکان ڕا هاتنە ئاسمانی ناوچەکە و زیاتر لە نیو سەعات شاخەکانی دەوروبەر و چیای "گەڵتەگە"ی راکێت باران کرد کە بەخۆشی یەوە زیانێکی ئەوتۆی لێ نەکەوتەوە.

باتریمان بۆ بێسیم پێ نەمابوو لە "شیوی خەمە" ماشێنێکمان بۆ شاری بۆکان نارد و کە هاتەوە و دەنگ و باسی نێوشارمان لێ پرسی ئەویش گوتی تەواوی "ئەبووزەر" مەیدانی فوتباڵ پڕە لە هێز و سێ هێلی کۆپتێریش لە مەیدانی فوتباڵ نیشتوون.

زانیمان کە رێژیم تەمای هێرشی گەورەی هەیە بۆیە لە تەمای چوونە نێو شار پاشگەزە بووینەوە و لەشار دوور کەوتینەوە.

رۆژی دواتر لە نزیك "قورمیش" بووین. هەرچەند چاوەروانیمان دەکرد رێژیم بەرزایەکانی لای قەڵاچی و شیوی خەمەی گرتبوو. بەڵام شوێن پێی ئێمەی نەدەزانی. ئێوارە کۆبوونەوەیەکمان بۆ خەڵکی قورمیش گرت و دیدارمان لەگەڵ نوێ کردنەوە. دواتر ناردمە شوێن چەند کەسێکی گومان لێکراو کە یارمەتی و هاوکاری رێژیمیان دەکرد تەزەکوورمان پێ دان کە ئیدی دەست لەو کارانە هەڵ بگرن. کارو ئەرکەکانمان کە تەواو بوو لە دێ هاتینە دەر دوو سەعات دوای هاتنە دەریی ئێمە لەنێو دێ هێزەکانی رێژیم دەچنە ئاوایی. کاتژمێری چواری بەیانی رۆژی ٨ی خەرمانان بوو کاك عومەر گوتی کە قەپاغی چەکەکەم کەوتووە. زۆر گەراین نەمان دیتەوە هەوا بەرەو ڕووناکبوون دەڕۆی. بەپەلە خۆمان گەیاندە شوێنی ئاستەم و حەشارگەیەکی بەناو ئەمن.

هێزی رێژیم دوانیوەڕۆ نزیك بە شوێنەکەی ئێمە مۆڵی خوارد نیگابان ئاگاداری کردم کە هێزەکانی رێژیم لە جێگای ونبوونی قەباغی تفەنگەکەی کاك عومەر راوەستاون. جێ پێی ئێمەیان دیتبوو و وێڵەکی تەقەیان دەکرد. ئێمە خۆمان سازمان

دابوو ئەگەر بێنە پێشێ زەبری باشیان لێ بدەین بەڵام هەر وەك جاران تەقە لە ڕێگای دوور و نەوێران لە هاتنە پێش.

ئەمجارە لە گوندی داشبەندرا باوکمیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو زۆریان سووکایەتی و بێ حورمەتی پێ کردبوو، جەزرەبەیان دابوو. دوایە کە باوکم بۆی گێرامەوە دەرکەوت کە هەڵسووکەوتی پاسدارەکان باشتر لە هی جاشەکان بووە. جاشەکان باوکمیان وەپێش خۆیان دابوو کە "وەپێشکەوە با پێشمەرگە لێت بدەن". کردبوویان بە سپەری خۆیان باوکم گوتبووی ئێوە پیاو بن کوڕەکەم بگرن، من خۆم دەیکوژم، ئێوە ئەو هەموو هێزەتان لێرە کۆ کردۆتەوە، ئەو شاخانە لەبەر ئەو هێزەی ئێوە ڕەش داگەڕاوە، چی چەکی سووك و قورس پێتانە، هێشتا ناوێرن بچنە پێشێ ئەدی منتان هێناوە چیتان بۆ بکەم؟

هێزی ڕێژیم دوو سەعات زیاتر دەورووبەری ئێمەیان ئاگرباران کرد چی چەکی پێبوو بەکاری هێنا و پاشان بێ دەسکەوت بۆ"قەرەمووسالی"گەڕانەوە. تاریکانی ئێوارە تیمی پێشڕەوم ناردە سەر جادەی میاندواو – بۆکان و لە نێوان "حوسێن مامە"و قەرەمووسالێ پەڕینەوە بۆ شەوێ چووینە گوندی گۆلێ.

ئێمە کە لە قووڵایی ناوچە بووین تا لە شاری میاندواو نزیك دەبووینەوە و گوندەکانی دەور و بەریمان بەسەر دەکردەوە هەم ڕێژیم زیاتر پێی قەڵس بوو، هەم ئێمە لەنێو ئەو خەڵکە دەگەشاینەوە و زیاتر خۆمان ماندوو دەکرد. هەر بۆیەش دوای هەر جەولەیەك شوێنی سەخت و شاخاوی مان دیاری دەکرد و ماوەیەك لەوێ پشوومان دەدا. ئەمجارەش دوای گەڕانێکی زۆر لە جادەی بۆکان – مەهاباد پەڕینەوە پشت قادراوا بۆ ٢ ڕۆژ لەوێ خەریکی پشوودان بووین.

شەوی ١٣ی خەرمانان بوو تازە لە قادراوا گەڕابووینەوە هەوای ئەوێ تەواو سارد بوو لەسەرمان سەنگەرمان لە دەوری خۆمان هەڵچنی. دوو نیگابانمان دانا و سەعاتی ١١ لێی خەوتین. ئەوە یەکەم شەو بوو کە وازوو دەنووستین. لەنێو کیسە خەوەکان دا لەسەرمان خۆمان مات کردبوو وەك هەمیشەش چەك و ڕەختەکانمان سەرینی

بەردینمان بوو. کاتژمێر ۲/۳۰ی شەو بە دەنگی دەسرێژێك لەخەو ڕاپەڕین. گورج خۆمان پێچاوە بەڵام تەقە کۆتایی هات. خێرا سازماندەهی مان کرد. دەستەیەکم بۆ بەرزایی یەکان نارد و دەستەیەکیش بۆ خوارەوە. پێمان وابوو تیمی شناسایی ڕێژیم هاتوونە سەرمان. پاش ماوەیەك یەکێك لە سەرپەلەکان گوتی لێرە جەنازەیەك هەیە کە چاوم لە پێناسەکەی کرد ناسیمەوە و خەڵکی ساروقامیش بوو وساڵی ٦٥ چووبوومەماڵیان. لێی بێ خەبەر بووم و نەمدەزانی چ کارەیە؟

دوایی دەرکەوت کە ٥ — ٦ کەس ئی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر" بوون دیارە پێش ئەوەی بگەنە لای ئێمە شوانەکان پێیان گوتبوون کە ئێوارە هێزی بەیانی لێ بووە بەڵام ئەوان گوێیان نەدابویە. شوێنەکەی ئێمە شوێنێکی ئاستەم بوو یەکێك لە نیگابانەکان تەقەیان لێ دەکا و ڕەگبارێکی تێ هەڵکردبوون کە چوار کەسیان وەبەر کەوتبوو و ئەو کەسەش بەناوی زیرۆ قازی کە ئەندامی حیزب بوو و بە نیازی دەرەوە لەگەڵیان کەوتبوو کە بە داخەوە لەو ڕووداوەدا گیانی لەدەست دا. ئەوانی دیکەش گەڕابوونەوە و لە ئەشکەوتێك بەرامبەر بە قادراوا خۆیان شاردبۆوە.

بەیانی ١٤ی خەرمانان بوو. پێشمەرگەکان لەشاخ هاتنە خوار. چ باسی دیکە نەهاتبۆ پێش دیدەبانمان لە بەرزایی یەکان دانابوو و لای سەعات ١٠ شوانێك لە خوارێ را بۆ لای ئێمە هەڵدەکشا. کە هەستم کرد بە دوای شتێك دا دەگەڕێ زۆرم دواند باسی هیچی نەکرد بۆیە لێم توند کرد کە ئەگەر بەدوای شتێکەوەنی لێرە لە چ دەگەڕێی؟ گوتی ئەوەی ڕاست بێ پێو شوێنی تەقەکەی دوێنێ شەو کەوتم و سەید عەولا ناردوومی، نەفەرێکیان دیار نیە. گوتم پێیان بڵێ کوژراوە با بێن بە خاکی بسپێرن. دواتر لە یادداشتێکی چووکەدا کاناڵێکی بێسیمم بۆ ناردن کە پێکەوە قسە بکەین. کاتژمێری ١١ من لە بەرزای یەك بووم کە ئەوان هاتنە پشت هێڵ. دەستمان بە قسە کرد بوو پێشمەرگەیەکیان کە دەمناسی دواتر خۆشی تەحویل داوە زۆر لە خۆبایی یانە قسەی دەکرد  لێی تووڕە بووم کە بزانێ دەڵێ چی. گوتم خۆتان و ٥ کەس کە ٣ کەسیشتان بریندارن و لە ئەشکەوتی قادراوەن ئەگە پێم خۆش بێ ١٠

کەس دەنێرم بتانگرن و بتان هێنن. دیاربوو دەنگی سەیدعەولا دەهات لێی تووڕە دەبوو کە جوان قسە بکا پێم گوتن ئەوە دەرمانتان و بۆ دەنێرم بۆ بریندارەکانتان، بەلام رازی نەبوون لە خۆیان دەترسان.

شەوی تەقەکە بۆ بەیانی جگە لە کوژراوەکە دیار بووکە کشابوونەوە خوێنیان لێ ڕژابوو. دەمزانی تازە لەو ئەشکەوتە زیاتر دەستیان بە هیچ کوێ راناگا. لای ئێوارە کوژراوەکەمان تەحویل چەند کەسێکی قادراوا دا بە خاکی بسپێرن. ئێمەش چووینە قادراوا.

کاتژمێری ٧ی ئێوارە نیگابان بە بێسیم گوتی بەرنامەی هاتنیان بۆ نێودێ هەیە لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەك هاتمە سەر رێگەو بە بێسیم قسەم لەگەڵ کردن. داوای ولاغیان دەکرد تا بریندارەکانی پێ راگوێزن. بەلام دەرکەوت کە راست ناکەن و پوولێکی زۆریان لە قادراوا هەبوو کە هاتبوون لەگەڵ خۆیان بیبەن دیارە ئێمە بەوەمان نەزانیبوو لەگەڵ کاك عومەر لەسەر ئەوە ساغ بووینەوە کە کەسێکیان بێ چەك بێتە نێو دێ و کارەکەیان جێبەجێ بکەن و بگەڕێتەوە. یەك نەفەریان هاتە ئاوایی و" کوەیسیم"[72] لەگەڵ نارد تا کارەکەیان جێبەجێ دەکا لەگەڵی بێ. پاش ماوەیەك ئەو بۆلای خۆیان گەڕاوە و کوەیسی هاتەوە چی باس نەکرد دواتر بۆمان دەرکەوت کە پوولیان لەوێ بووە. تا دوای تێکەڵ بوونەوە کوەیسی باسی ئەو مەوزووعەی نەکرد.

دوای نان خواردنی شەوێ کاك عومەر باڵەکی لەگەڵ چەند کاردی دیکە بۆ کاروباری تەشکیلاتی لە هێز جیا بوونەوە ئێمەش هەر لەو ناوچەیە درێژەمان بە گەڕان و جەولەی خۆمان دەدا.

[72]- کویسی کادری کومیتە بوو ئێستا لە سوئێد دەژی.

ئـەوكات كـە لـە بنكـەی سـابیت بـووین لەگـەل كـاك" حەمـە نارسـتی"[73] سـاغ ببووینەوە كە هێزی بەیان و زمزیران پێكەوە عەمـەلیاتێكی هاوبـەش بكـەین. هـەر بە مەبەستی تێكەڵ بوون و یەكگرتن رۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٧٣ لـە گونـدی گـەنمان چاومان بـە یـەك كـەوت. زۆرمـان قـسە كـرد لـە كۆبوونەوەیـەك دا بۆمـان دەركـەوت ئەوان بۆ ناوچەی بۆكانیان زۆر پێخۆش نەبوو.

دواتر كاك سمایل بازیار فەرماندەی هێزی قەندیل لەگەل ٦ پێشمەرگەی هـاوڕێی لەگەڵمان كەوتن و بۆ ناوچەی بۆكان هاتن پاش چەند رۆژ لە ناوچە، بـە مـەهاباد دا بۆ پیرانشار گەڕانـەوە. رۆژی ٢٧ی خـەرمانانی ٧٣ لـە رێـی پاشـبلاغ دا بـووین رێـژیم هێزێكی زۆری لە نۆبار مۆڵ دابوو وێڵەكی تەرەغەی كاتیوشاباران دەكرد لـە رێگـەوە بە بێسیم زۆر بەپەلە بانگیان دەكردم كاوە... كاوە... گوتم چ باسە؟ گـوتی"مزگێنـی! بووی بە باوكی هەلاڵە" لە پەیامەكەی گەیشتم وادیار بـوو كـە كچێكمان بـووە. ئـەو شەوە ناردمە بۆكـان چـەند قودوویـەكیان شـیرنی هێنـا چـوار نـاوم هەڵبـژارد لەسـەر كاغەز تا بە پشك ناوێكی بۆ هەڵبژێرین. ناوەكان (بەیان، ئەوین، ئەسرین و هەلاڵـە) بوون كە بەیان دەرچوو. ئێوارێ كاك عومەر غوڵامعلی پەیامی لـێ دابوو چ ناوێكتـان بۆ داناوە غەفوور سۆفی كـە بێـسیم چـی بـوو ئاگـاداری كردبوونـەوە نـاوی بەیانـە و ئەویش ماڵی ئێمە ئاگادار دەكاتـەوە. بـەیان لـە دووهـەمین ساڵرۆژی شـەهید بـوونی كاك دوكتوور سەعید و رۆژی ٧٣/٦/٢٦ لە دایك بوو.

رۆژی ٢٩ی خەرمانان لەپشت كولیجە لەگـەڵ هێـزی پێـشەوا كۆبوونەوەیـەك مـان گرت كە ئەگەر بكرێ لەسەر جادەی بۆكان- مـەهاباد عەمـەلیاتێكی هاوبـەش بكـەین. رێژیم لە رێگەی سیخورەكانیەوە بە تێكەڵبوونی ئەم دوو هێـزەی زانیبـوو، ترسـێكی زۆری رێ نیشتبوو و هێزەكانی خۆی لە ناوچە چـەند قـات كردبـوو. بـە زۆر كردنـی هێزەكانی تەرحەكەی ئێمەی تێـك دا. ١٠ رۆژی دیكـەش لـە ناوچـە خـەریكی جەولـە

[73] – حەمەنارستی سالی ١٣٧٣ فەرماندەری هێزی زمزیران بوو سالی ١٣٧٨ لە نیزیك شاری كۆیە تیَرۆر كرا.

بووین. و رۆژی ١٠ی رەزبەر بڕیاری گەڕانەوە بۆ دەوری دەفتەرمان دا. بەڵام گرفتی زۆرمان لەسەر رێ بوو. سەر سنوورە هەر هەمووی مین رێژ و پایەگا بوو. دەبوایە زۆر بە پارێزەوە بجووڵێینەوە. لەگەڵ مەڵبەندی دوو یەکمان گرتەوە و بە ناوچەی سەرشیوی سەقزدا خۆمان نیزیك کردەوە بەڵام رێگە بەسترابوو. چووینە چیای چلچەمە و چەند رۆژێك لە دەورووبەری گوندەکانی "ئاگجە و گۆگجە" جێگیر بووین و پێوەندیمان بە دەفتەری سیاسی یەوە گرت کە لە نەفەرە شارەزاکانی خۆمان لە مین گوزاری، بۆمان بنێرن. کەش و هەوای سروشتیش گۆڕابوو. هەموو رۆژێ باران دەباری و وەزعی ئێمە تەواو ناخۆش ببوو.

رێژیمش هەموو گوندەکانی پڕ لە هێزەکانی خۆی کردبوو. برسێتی فشاری هێنابوو. ئێوارەی رۆژی ٢٣ی رەزبەر ١٥ پێشمەرگەی هێزی بەیانم لەگەڵ خۆم هەلگرت و بۆ هێنانی خواردن بەرەو گوندی"تەوەکلانی"دیواندەرە کەوتینە رێ. بۆ نان پەیدا کردن ٥ سەعات بەڕیوە بووین تا گەیشتینە دێ. نیگابانم دامەزراند و دوای نان و چایی خواردن تداروکاتی هێزمان لە ولاغێك نا و کاتژمێر ٦ی بەیانی بوو کە گەیشتینەوە لای کورەکان. دوو پێشمەرگەی بنکەی سابیت لە مین گوزاری تێپەڕین و گەیشتنە لامان. شەوی ٢٥ی رەزبەر توانیمان لە "دووپلۆرە" و "بەردەڕەش"ی مەریوان بەنێوان مەیدانی مین دا پەڕینەوە. سەر سنوور هەر هەمووی پایەگا بوون. هاتنەوەمان بۆ ناوچە و گەڕانەوەمان بۆ بنکەی جێگرەکان بەلگەی شکەستێکی دیکەی رێژیم لە هەمبەر هێزی پێشمەرگە بوو. رێژیم پێی وابوو دەتوانێ بە مین رێژکردنی بست بە بستی ناوچە سنووری یەکان بەر بە هاتنەوە و گەڕانەوەی پێشمەرگە دەگرێ بەڵام بۆی دەرکەوت کە هیچ هێزێك ناتوانێ هێزی پێشمەرگەی دێموکرات لە خەلکەکەی دابڕێ. رێژیم بەهۆی هەل و مەرجی نوێی کوردستانی باشوور زیاتر توانایی دزەی بۆ ئەو ناوچە ئازاد کراوا دا هەبوو رێگەیەکی دیکە بۆ زەربە لێدان لە حیزب هەڵبژاردبوو، ئەویش تیرۆری تێکۆشەرانی دێموکرات لە رێگەی بەکرێگیرا و دار و دەستەی خۆی.

گەیشتینەوە بنکەکانی خۆمـان و بـە دیتنـی بـەیان هێزێکـی دیکـەم هاتـەوە بـەر، منداڵێکی بچووك لە گۆشەی ماڵە چووکەکەمان دا خـەوتبوو. کـاك عومـەری باڵـەکی کچێك و کورێکی ١٠ تا ١٢ ساڵەی هەبوو ئەوان "بەیان "یان بە پەلە هەڵگرت و بۆیان هێنام. تا ئەو کاتە منداڵی هێندە چووکەم هەڵ نەگرتبوو. ماچم کـرد و بـۆنم پێـوە کـرد. کەوتمـە بـیری یەکـەم شـەوی پێـشمەرگایەتی کـە دایـك و بـاوکم بـە شـوێنم دا هاتبوون ئەوکاتە هەستم کرد کە دایك و بـاوکم لـە دوری ئێمـە و لـە سـویی ئێمـە چ دەکێشن؟

چـەند رۆژێـك لـە گەڕانــەوە تێنەپــەڕی کـە پێـشمەرگەیەکی تـداروکاتی گـشتی تویوتایەك هەڵ دەگرێ و دەچێتە قەڵا سەیدە بۆلای "رێبەرایەتی شۆڕشگێر". پـاش چەند رۆژ چوار پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە ئـەنجامی مەئمووریـەتێك لەسـەر رێگای رانیە – دۆڵە رەقێ تویوتایـەکی "رێبەرایـەتی شۆڕشـگێر" لەگـەڵ خۆیـان بـۆ کۆیـە دێننــەوە کاتێـك ئـەو هەواڵـە دەگاتــەوە "قـەڵا سـەیدە" لـە لایـەن مەسـئوولی کومیــسیونی تەشــکیلاتیانەوە چــەند پێــشمەرگەیەکیان دەنێرنــە لای چــنارۆك و هەیبەت سوڵتان. لەو رۆژەدا ماشێنێکی حیزب کە لـە بەغـدا گـەڕابۆوە لـە چـنارۆکی نیزیك هەیبەت سوڵتان لەکار دەکەوێ مستەفایمێهرپەروەر شۆفیری لەندکرۆزێرەکە دێتەوە کۆیە و برازیلێکی خۆمان بە سێ پێشمەرگەوە دەچـنەوە لای لانکرۆزێرەکـە. هێزەکـەی "رێبەرایـەتی شۆڕشـگێر" کـە دێنـە چـنارۆك تەقـەیان لـێ دەکـەن دیـارە ئــەوان زۆر و هاورێیــانی ئێمــەش ســێ چــوار کــەس دەبــن. لــەو پێکدادانــەدا پێشمەرگەیەکی ئێمە بریندار دەبێ ئەوان دەست بەسەر لەندکرۆزێرەکـەدا دەگـرن و ئاگری تێ بـەردەدەن. کاتێـك ئاگـادار کـراین کـە کاتـژمێر ٢ی دوانیـوەڕۆ بـوو لەگـەڵ چـەند کەسـێکی هێـزی پێـشەوا بـۆ هەیبـەت سـوڵتان سـەر کـەوتین لەولاشـەوە کـاك کەریم سەقزی فەرماندەی هێزی پارێزگاری هاتبوو. تیمێکی چەند کەسیمان خستنە شوێنیان، بەڵام ئـەوان بـە ماشـێن بـۆلای قـەڵا سـەیدە دەگەڕانـەوە و تەقـەی دوورا و

دووریش کەڵکی نەبوو. دواتر یەکێتی نیشتمانی هاتە نێونجی و هێزەکەی ئێمەش گەراینەوە بنکەکانی خۆمان.

کۆماری ئیسلامی کە بەهۆی بارودۆخی نوێی کوردستانی ئێران هەلی بۆ ئاژاوەگێڕی و تۆوی دوو بەرەکی چاندن لەنێوان هێزە کوردستانیەکان هەڵکەوتبوو، لە هیچ پیلانێك بۆ زەربە لێدان لە رەوشی کوردستانی ئازاد کراو و خەباتی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات نەدەپرینگاوە، هەر لە ئاکامی ئەو ئاژاوەگێڕیانە دا بوو کە وردە وردە هەوری رەش پەیوەندی یەکانی حیزبی دێموکرات و یەکیەتی نیشتمانی خستە ژێر سێبەری خۆیەوە. پێوەندیەك کە خوێن لێکی گرێ دابوون، وردە وردە کز و کزتر و بەرەو ئاڵۆزی دەرۆیشت.

رێژیم گوشارێکی زۆری خستبووە سەر رێبەرایەتی کورد لە کوردستانی تازە ئازاد کراو. ئەوەی کە نەهێڵن ئێمەش لێرە بمێنینەوە، رێگەی هاتووچۆمان بۆ نێوخۆی کوردستان لێ ببەستن و ئیزۆلەمان بکەن. لە بەرامبەردا هەڕەشەی ئەوەشی لێ دەکردن کە ئەگەر گوشارمان نەخەنە سەر، رەوشی کوردستان ئاڵۆزتر دەکەن و.......

زستانی ٧٣ وەك یەکەم دەرکەوتەکانی ئەم قۆناغە لە دانیشتنێکی یەکێتی و حیزب دا بە شێوەیەکی بەرژەوەند خوازانە و بۆ ماوەیەکی کاتی رادیو دەنگی کوردستان داخرا و پاش چەند رۆژ بەرنامەکانی خۆی دەست پێ کردەوە. زستانی ٧٣ جارێکی دیکە یەکێتی نیشتمانی ئەو جارەیان بەفەرمی داوای ئەوەیان کرد کە دەنگی کوردستان بێ دەنگ بێ و بەرنامەکانی خۆی بڵاو نەکاتەوە حیزبی دێموکرات کە ئەو داوایەی پێ ڕەوا نەبوو وڵامی "نا"ی بە یەکێتی نیشتمانی داوە. بەڵام یەکێتی نیشتمانی لەرۆژی ٧٣/١٢/٢٧ چەند پێشمەرگەیەکی رەوانەی بنکەی رادیو کردو پێشی بە بڵاو بوونەوەی بەرنامەکانی گرت. ئەوە رووداوێکی زۆر تاڵ لە مێژووی حیزبی دێموکرات دا و هاوپێوەندی نەتەوەیی بوو. رادیویەك کە لە سەرەتای دامەزرانیەوە رێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هەموو توانا و هێزی

سەرکوتکەری خۆیەوە نەیتوانی بۆ ساتێکیش کپ و بێدەنگی بکا، بەڵام لە رێگەی دۆستێکی مێژوویی حیزبەوە ئەم پیلانەی بە کردەوە جێبەجێ کرد. ئەو رووداوە و پێوەندی نێوان حیزب و یەکێتی نیشتمانی ئاڵۆزتر و گرشتر کرد. دەفتەری سیاسی حیزب بەیاننامەیەکی لەو پێوەندیەدا لەژێر ناوی "رەفتارێکی نادۆستانەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان" بڵاو کردەوە.

رادیو دەنگی کوردستان نزیك بە ٥ مانگ کاری نەکرد. دواتر لە نزیك ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٧٤ بۆ کەرکووك گوێزرایەوە و لە یادی ٥٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکرات دەست بەکار بۆوە.

# ١٤

نەورۆزی ساڵی ١٣٧٤ بۆن و بەرامەی خۆشی بۆ ئێمە پێ نەبوو، جێژنی شادی وەك ساڵان نەبوو. داخستنی رادیو هەم زیانێکی گەورە بۆ حیزب و هاوپێوەندی نەتەوەیی حیزبە کوردستانیەکان بوو، هەم کۆماری ئیسلامی ئەوپەڕی کەڵکی خۆی لێ وەرگرت. کۆماری ئیسلامی بەو کارەی ئەوەی دەسەلماند کە هیچ رێزێك بۆ دەسەڵاتی سیاسی کوردستان لەم هەرێمە ئازاد کراوە دانانێ و کەس بە رەسمی ناناسێ. رەفتاری کۆماری ئیسلامی لە ئاراستەی بەهێند وەرنەگرتنی گۆڕانەکانی کوردستانی باشوور و دان نەنان بەو واقعە نوێیەی لە کوردستانی باشوور بوو کە رێژیم نەك چاوی بەرایی دیتنی نەدەدا بەڵکوو بە ئاشکراش هەوڵی تێکدانی دەدا.

هەر لە زستانی ٧٣ دەبوایە بەپێی ئەساسنامە کۆنگرە گیرابوایە بەڵام هەلومەرجی ئەوکات ئەو دۆخەی حیزبی دێموکراتی تێدابوو چەند مانێگێك وەدوا کەوت. کۆنفرانسەکانی کومیتە شارستانەکان بەرەبەرە دەگیران لە کۆنفرانسی کومیتەی بۆکان دا باس لە گیروگرفت و ئاستەنگەکان کرا و رێگە چارەیان بۆ پێشنیار کرا. هەڵبژاردنی نوێنەران بۆ کۆنگرەی ١٠ بەرەو تەواوبوون دەچوو. لە کومیتەی بۆکان نووسەری ئەم دێڕانە و ئەمیر رەسووڵی، سەلاح مەحمودی و عەلی دەست نەزەر وەك نوێنەری کومیتەی بۆکان بۆ کۆنگرە هەڵبژێراین.

رۆژی ٢٢ی خاکەلێوەی ١٣٧٤ بۆ شوێنی کۆنگرە کە نەماندەزانی کوێیە وەڕێ کەوتین. بەڵام دەرکەوت کە رێگەی هەولێرمان لەبەرە و لە بنکەی حیزبێکی دۆستمان، حیزبی شیوعی کوردستان، رێکخراوی هەولێر دابەزین و جێگیر بووین. دیارە پاراستنی نێو کۆنگرە و ساڵۆن لە ئەستۆی خۆمان و دەوروبەری مەقەڕەکە

حیزبی شیوعی و خیابان و کووچەکانیش لە ژێرچاوەدێری پۆلیسی حکوومەتی هەرێم دابوو.بەم جۆرە بە سێ شێوە کۆنگرە پارێزگاری لێ دەکرا.

کاتژمێر ٤ی دوانیوەڕۆی رۆژی ٢٣ی خاکەلێوە کۆنگرەی ١٠ی حیزبی دێموکرات کارەکانی خۆی دەست پێکرد. ئەم کۆنگرەیە ٨ رۆژی کێشا و رۆژی ٣٠ی خاکەلێوە کۆتایی بەکارەکانی خۆی هێنا.

کۆنگرە لەگەڵ ئەوەی جێگای دوو گەورە پیاوی وەك دوکتور قاسملو و شەرەفکەندی تێدا بەتاڵ بوو، کۆنگرەیەکی زیندوو و ئەکتیف و پڕنێوەرۆك بوو. نهێنی لەسەر هەموو گرفتەکانی حیزب هەلگیرا و رێگەی چارەسەریان بۆ پێشنیار کرا و بڕیاری لەسەر درا. لە زۆر جێگای کۆنگرە لەسەر مەسەلەکان جیاوازی سەلیقە هەبوو. گرینگترین بڕیارەکانی حیزب لەو کۆنگرەیەدا دوو بڕیاری ئەساسی بوون. یەکیان هەلگرتنی بایکۆت لەسەر ئەو هاوڕێیانەی لە کۆنگرەی ٨ ریزی خۆیان لە حیزب جیا کردبۆوە و بڕیار درا کە وتوویژ لەنێوانمان دەست پێکرێ و ئەگەر گەڕانەوە وەك کادر و پێشمەرگەی حیزب چاویان لێ بکرێ. بڕیاری گرینگی دووهەم ئەوە بوو کە مافی کەمایەتی ئەندامان لەنێوخۆی حیزب دا بە رەسمی ناسرا. بۆوەی کەمایەتیی بۆی هەبێ لە ٦مانگ پێش گرتنی کۆنگرەوە بانگەشە بۆ بیروبۆچوون و روانگەکانی خۆی بکا. دیارە ئەو ئەسڵە پێش مەرجەکەشی نەما و لە کۆنگرەی ١١ی بوو بەدوای کۆنگرە.

ئەو کۆنگرەیە لە روویەکی دیکەشەوە گرینگ بوو. یەکەم گۆنگرە بوو کە ئاڵوگۆڕ لە پۆستی سکرتێری دا کرا و جێگر سکرتێری پێشوو بە سکرتێری هەڵبژێردرا و سکرتێری پێشوو بوو بە جێگر سکرتێری نوێ. هەر لە ساڵۆنی کۆنگرە مامۆستا عەبدوڵڵاحەسەنزادە، لەلایەن کومیتە ناوەندی یەوە بە سکرتێر هەڵبژێردرا و بە بەشدارانی کۆنگرە ناسێندرا.

ئەندامانی کۆنگرە پاش تەواوبوونی کاری کۆنگرە و دوای جێژنی کۆنگرە، بۆ شوێنی کاری خۆیان گەڕانەوە. تەواوبوونی کاری کۆنگرە و راگەیاندنی تەواوبوونی

کـۆنگرە، کۆمـاری ئیـسلامی تاسـاند. ڕێـژیم لەمێـژ بـوو کیـسەی بـۆ کـۆنگرەی ١٠ هەڵدووریبووکە زەربەی لێ بدا. زۆر هەواڵ بەدەست گەیشتبوو کە ڕێژیم بە هەموو توانا و ئیمکاناتی خۆی لە فیکری زەربە لێدانی کـۆنگرە دایـە. کـەوابوو سـەرکەوتنی کۆنگرەو ئاکامەکانی شکستێکی گەورە بۆ دوژمن بوون.

بڕیارەکانی کۆنگرە هـەر لـە یەکـەم ڕۆژەکـانی دوای کـۆنگرەوە کاریگـەری خۆیـان نوانـد. چـەند ڕۆژ لـە گەڕانـەوەمان تێنەپـەڕیبوو کـە وەفـدێکی بـاڵی "ڕێبەرایـەتی شۆڕشگێر" پاش ٧ ساڵ سەردانی بنکەی دەفتەری سیاسی حیزبیان کرد و هاتنی ئەو وەفدە لە گرژی و ئاڵۆزی نێوان هـەردوو لای کـەم کـردەوە و بڕیـار درا کـە وەفـدێکی حیزبی دێموکراتیش سەردانی ئەوان بکا.

بۆ ئـەم مەبەسـتەش ڕۆژی ١٩ی جۆزەردان مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە لەگـەڵ وەفدێکی هاوڕێی سەردانی "ڕێبەرایەتی شۆڕشگێر"ی کرد. پاراستنی ڕێگای کۆیـە — ڕانیە لە ئەستۆی هێزی بـەیان بـوو. ئێمـەش زۆر بـە وردی و هەسـتیاری ئەمنیـەتی ڕێگامان دابین کردبوو و تا ئێوارە کە وەفدی حیزب گەڕانەوە ئەرکەکانمان بـە باشـی بەڕێوە برد.

ڕۆژی دوای گەڕانـەوە مامۆسـتا عەبدوڵاحـسن زادە نامەیـەکی بـەو چەشـنەی بـۆ ناردبووم.

***برای بەڕێز و خۆشەویست کاک برایم چووکەڵی***

***لەگەڵ سلاوی گەرم***

لە بەرنامەی سەفەری دوێنێ بۆلای دۆڵەرەقێ دابین کردنـی ئەمنیـەتی ڕێگـا زۆر باش ڕێك خرابوو. بەم بۆنەوە پڕ بەدڵ لە زەحمەت و ماندوو بوونی ئێوە و هـەموو ئۆرگانەکانی هاوکار لە ڕێکخستنی ئەو بەرنامەیە ڕێز دەگرم و سپاستان دەکەم.

تکایە ڕێز و سوپاسم بە هەموو هاوڕێیانی بەشدار لەو بەرنامەیەدا بەگشتی و بە کادر و پێشمەرگەکانی ئۆرگانەکەتان ڕابگەیەنن.

بەهیوای ڕێك و پێکی زیاتر

*براتان*

*عەبدوڵا حەسەن زادە*

*١٣٧٤/٣/٢٠*

پاش ئەو سەفەرەی مامۆستا و گەڕانەوەی بۆ کۆیە، لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی کار و بەرپرسایەتی یەکان دابەش کرانەوە و سازماندەهی نوێ دەستی پێ کرد. بۆساڵی ١٣٧٤ کاك موعتەسەم نوورانی کە لە کۆنگرەدا بە جێگری کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا وەك بەرپرسی کومیتە شارستانی بۆکان دیاری کرا و نوسەری ئەم دێڕانەش وەك فەرماندە هێزی بەیان سەرلەنوێ ئەم ئەرکەم بۆ گەڕایەوە. دیارە ئەم مەسئوولییەتە وا بە هاسانی بە هەموو کەس نەدەدرا. کەم کەس لەدوای وەستا ئەحمەد مەسئوولییەتی ئەو هێزەی وەئەستۆ دەگرت.

هۆکارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ناوچەی بۆکان بەهۆی پێدەشت بوونی کار و تێکۆشانی دژوار و سەخت بوو. زۆر فەرماندە و پێشمەرگە هەڵگری هەلومەرجی ئەو ناوچەیە نەبوو تەنیا چەند مانگێك دەیانتوانی لەو ناوچەیە دا کار بکەن. دوای ئەوە لە دەفتەری سیاسی داوایان دەکرد کە جێگاکەیان بگۆڕن. ئەوە تەنیا کادر و پێشمەرگەی ئەو ناوچەیە بوون کە دەیانتوانی بۆخۆیان کاری خۆیان بەرێوە بەرن و لە ئەرکەکانیان دا رووسوور بێنەدەر. بەهەر حاڵ دواتر کۆنفرانسی کومیتەی شارستان گیرا و ئەندامانی کومیتە هەڵبژێردران. کە بریتی بوون لە سەلاح مەحموودی، محیدین خان ئەحمەدی و کەریم حاجی رەسوولی، لە هێزیش ئەمیر رەسووڵی وەك جێگر هێز و عوسمان مەمیل وەك فەرماندەری لك دیاری کران کە هەردووکیان زۆر ئازا و قارەمان بوون. پاشان ٣ سەرپەل و جێگرپەلان دیاری کرد. لەوە دوا دەبوا خۆمان بۆ گەڕانەوە ئامادە کردبا . رێگای گەرانەوە سەخت و دژوار بوو. مین رێژی ناوچە سنووری یەکانیش گرفتی دیکەی سەر رێمان بوو کە رێگەی گەڕانەوەی بە کۆمەڵی بە ئێمە نەدەدا. بۆیەش بڕیارمان دا لەم ساڵ دا وەك تیم

بگەڕێینەوە ناوچە و لەوێ یەك بگرینەوە. هەر لە سەرەتای هاوینیش دا دوو تیم لەهێزی بەیان گەڕانەوە ناوچە.

پێش گەرانەوە بۆ باشترکردنی كاری سیاسی نیزامی لە ناوچە رۆژی ٧٤/٤/١٨ سمیناری تەشكیلاتی-نیزامی بە بەشداری ئەندامانی دەفتەری سیاسی، ئەندامانی كومیتەی ناوەندیو جێگرەكان، بەرپرسانی كومیتە و فەرماندە هێزەكان پێك هات لەو سمینارەدا بەدوورودرێژی لەسەر شێوەی كاری تەشكیلاتی- نیزامی بە گشتی كارو تێكۆشانی ساڵی ٧٣ لە ناوچە باس كرا و خاڵە لاوازو بە هێزەكان باس كران وبە لەبەر چاوگرتنی نەزەری بەشداربوان چەند خاڵ بۆ كاری سالی ٧٤ بوو بە بەرنامەی كارو تێكۆشانمان.

دیارە لێرە دا باسی شتە تەشكیلاتیەكان ناكەم تەنیا ئەو خاڵانەی بۆ كاری نیزامی بریاریان لە سەر درا باس دەكەم.لەو سمینارەدا لە سەر ئەمانە ساغ بووینەوە .

١- بە لەبەر چاوگرتنی وەزعی سنوورەكان و هەلومەرجی ناوچە، تا ئەو جێگایەی كە دەكرێ لە"عملیات"خۆ بپارێزین. بەگشتیهەدەفی ئەسڵی ئێمە لە سالی ٧٤ حزوور لە نێو خەڵكەكەمان وكاری سیاسی وتەشكیلاتی وماڵی بوو.

٢- كاری سابووتاژ(تخریب)تا ئەو جێگایەی دەگونجا، زیاتر بایخی پێ بدرێ ولە سەر ئەموالی حكومەتی بەرێوە بچێ.

٣- ئەگەر كادرو پێشمەرگە لە سەراسەری كوردستان بە ناچاری تووشی"عملیات"ی نیزامی هاتن نەدەبوو لە نێو خەڵك یا لە راپۆرت دا بە ناوی هێز یا لك بڵاو بێتەوە.( .هەر چەند ئەو خاڵە تەسویب بوو بەڵام مەسئوولی كومیتەكان وفەرماندە هێزەكان ئەو خاڵەمان پێ" فشە"بوو لە بەر ئەوەی دوور لە راستی بوو و هەر نەدەگونجا.)

جگە لەم خاڵانە چەند وردە كاری بۆ چوونەوە لە بەر چاو گیرا وەك:

– چوونەوە بۆ ناوچە لە کوردستانی عێراق ڕا زۆر بە نەهێنی بێ لە مانۆر دان وخۆنیشاندان بە گشتی خۆبپارێزرێ.

– بەرنامەی چوونەوە زۆر ورد "هماهنگ"دابرێژرێ. بە جۆرێك کە لە ماوەی ١٠ رۆژدا بەرنامەی چوونەوە و تێپەر بوون لە سنوور تەواو بێ.

– هاتوچۆ لە ناوچە زۆر بە نەهێنی بێ وئوسوولی پارتیزانی لە بەر چاو بگیرێ.

– بۆ پێشگیری لە ئاشکرا بوون و هاتوچۆی زۆری کادروپێشمەرگەکان لە سنووربە شێوەی رێك وپێك تێپەر بین و بە چەند تیم برۆینەوە لەودیوی سنوور یەك بگرینەوە.

– زۆرتر ئەهمیت بە کاری ماڵی بدرێ.

– هەموو ئەو نەهێنیيانەی بۆ چوونەوە لە بەر چاو گیرابوو بۆ هاتنەوەش لە بەر چاو بوون لە هەر کەرەسەیەکی"ممکن" کەڵکمان وەر دەگرت.

ئێستا تیمێکمان لە بنکەی سابیت بوون کە رۆژی ١١ی گەلاوێژ کاك جەلیل گادانی سکرتێری "رێبەرایەتی شۆڕشگێر" سەردانی حیزبی کرد و لە کۆبوونەوەیەك کە لە قەلا بۆی گیرا قسەی بۆ بەشداران کرد و وڵامی پرسیاری بەشدارانی دایەوە.

دوای ئەو کۆبوونەوەیە لە مانگی خەرمانان دا دوایین تیمی هێزی بەیان بەشێوەیەکی زۆر نهێنی و بە قاچاغە رێ دا گەڕاینەوە تەنانەت یەك رۆژ بە نهێنی لە قەڵادزێ ماینەوە خۆمان پێشان کەس نەدا و پاش ٥ رۆژ رێگە بڕین لەپشت تورجان لەگەل تیمەکانی دیکە یەکمان گرتەوە.

ساڵی ١٣٧٤ کەمترین پێکدادان و تێکهەڵچوونمان لەگەل هێزەکانی رێژیم بوو. جگە لە جارێك کە لە رۆژی ١٨ی خەرمانان دا هێزەکانی رێژیم لە پایەگای تورجان بە نیزیك نیگابانەکانی ئێمەدا دێن کە تەقەیان لێ دەکرێ و بۆ پاسگا هەڵاتبوونەوە و دوایە وێڵەکی تەقەیان لەنێو دێ کرد و تراکتۆری ماڵێك ئاگری تێبەر بوو. دەنا لەو ماوەیە دا کە لەناوچە بووین مەترسی یەکی ئەوتۆمان لەسەر نەبوو یانی رێژیم

**هێرشی راستەوخۆی لەسەرمان کەم کردبۆوە و ئێمەش بە پێی بەرنامە لەگەڵ خەڵکی پێوەندیمان دەگرت و دیدارمان لەگەڵ نوێ دەکردنەوە.**

**رۆژی ٢٨ی خەرمانان بۆ عەمەلیاتێکی تایبەت دوو پێشمەرگەمان دیاری کرد کە بچنە نێو شاری بۆکان و ئەرکی دیاریکراویان جێبەجێ بکەن. ئەو رۆژە لە گۆندی میرگە نەخشینە ئەم دوو پێشمەرگەیەمان بەرێ کرد. سهراب مەعرووفی و سمایل سالْحی و بێ ئێجازە پێشمەرگەیەکی دیکەش بەناوی محەممەد ئارمندزادە[74] لەگەڵ خۆیان دەبەنەوە.**

**ئەو تیمە پاش چەند رۆژ مانەوە لەنێو شار بۆ کارێکی تایبەت، پاشان سەردانی کەسێك دەکەن بەناوی خالیدحاجی برایمی کانی پانکە[75] لە دەست و پێوەندی یەکانی رێژیم دەبێ ئەویش کاتێك بۆ ئامادەکردنی پووڵەکە و تەحویل دان بە وان دیاری دەکا. بەڵام دواتر راپۆرتیان لێ دەدا. شەوی دواتر محەممەد دەگیرێ ئەو کەسەی لەگەڵ محەممەد دەبێ دەتوانێ خۆی دەرباز بکا و بە تەلیفون"دەریا"لەم رووداوە ئاگادار دەکا دەریاش لەشار دێتە دەر بەڵام لە سمایل سالْحی دادەبڕێن و بە شوێنی نازان و دواتر دەریا لەگەڵ تیمێکی خۆمان لەناوچە یەك دەگرێتەوە و گەڕاوە لای خۆمان. ساڵی ١٣٧٤ زۆرترین پێوەندیمان بە خەڵکەوە گرت و تراکت و بڵاوکراوە و سیاسەتەکانی حیزبمان زۆر باش لەنێو خەڵك دا بڵاو دەکردەوە. رێژیم وەك تاکتیك تیمی چووکە چووکەی لە ماڵان دا دەشاردەوە تا لە کاتی کۆبوونەوەی پێشمەرگەکان لێیان دەن، بەڵام لەمبارەشەوە سەرکەوتنیان وەدەست نەهێنا.**

**ئێمە جگە لەکاری تەبلیغی و تەشکیلاتی ئەرکێکی دیکەشمان کۆکردنەوەی یارمەتی ماڵی بۆ حیزب بوو ئەوەش زۆر پێویست بوو کە یارمەتی خەڵك بە شۆڕش**

---

74- سوهراب مەعروفی ناسراو بە دەریا سالی ١٣٧٥ لە گەل بنە ماڵەکەی وەك پنا بەر روویان لە وڵاتی نۆروێژ کرد.سمایل سالحی لە کاتی گەرانەوە لە سەر پردی بریسوێ سەردەشت گیراو دواتر لە زیندانی بۆکان ئێعدام کرا. محەممەد ئارمانزادە پاش ماوەیەك زیندانی کێشان لە گەل سمایل ساڵحی ئێعدام کرا.

75- خالید کە راپۆرتیان لێ دەدا ساڵی ٧٦ بە رووداوی تەسادفی ماشێن کوژرا.

و بزووتنــەوە كــۆ بكرێتــەوە. یارمــەتی دان دڵخوازانــە بــوو جگــە لــە هێنــدێك كەســی دەوڵەمەندی نفس نەزم نەوی كە دەبوو بە زۆر یارمەتی لـێ وەرگری ئەویش ئەگەر زانیبای خۆی دەشاردەوە ئـەوەی دیكـەش زەحمـەت و كـوێرەوەری زۆر لەسـەر شـانی وەرزێڕ و زەحمـەتكێش و جوتیـار و كرێكـاران بـوو چییان لـە توانـا دابـوو یارمـەتی جووڵانەوە و پێشمەرگەیان دەكرد.

كاتێك هەموو كارەكانی خۆمان لەناوچە راپەراند پەیاممان بۆ هێزی ئاربابا لـێدا كە چەند كەسێكمان وەك شارەزا بۆ پەرینەوە لـە سـنوور بـۆ بنێـرن. پێـشتر ئامـاژەم پێ كردبوو كە ناوچە سنووریەكان تەواو مینرێژ كرابوون. رۆژی ٩ی رەزبەر لەپـشت گوندی ئاڵوەتی بانە خۆمان بۆ پەڕینەوە لە مەیدانی مـین لەناوچـە سـنووری یـەكان ئامادە دەكرد و بۆ ئەم مەبەستەش دوو كەسی بەڵەد و شارەزامان رەگەڵ كەوتبوو.

كاتژمێری ١٠ی شەو لەنیزیك ناوچە مین رێژ كراوەكان بووین و تیمی پێـشڕەوی پسپۆڕ خەریكی كردنەوەی رێگە لەنێو مەیدانی مین بوو. ئێمەش لەدواوە وردەوردە هـەنگاومان بـۆ پێـشەوە دەنـا. زۆری نـەمابوو تـەواو لێـی تێپـەڕین كـە لـە نـەكاو لەنێوەراست ریزەكـە مینێـك لـەژێر لاقـی ئـەمیر رەسـووڵی[76] دا تـەقی و لـە دوایـەش مینێـك لاقـی جـەلال كۆخـانی[77] هـەلگرت و بـردی. چـەند دەقیقەیـەك هـەموو راوەستاین كەس چرتەی لـێ وە نەهات بێدەنگی یەك بەسـەرمان دا زاڵ بـوو. لەگـەڵ بەرز بوونەوەی دەنگی تەقینەوەكـە پایـەگاكانی دەورووبـەر ناوچـەیان بـە خۆمپـارە داگرت. كاتێكی هەستیار بوو. بانگی پێشڕەوەكانم كرد هاتن ئەمیریان لە كۆڵ كـرد و لە دوایەش جەلالیان هەلگرت و لە مەیدانی مینەكە تێ پەڕین رێگاكەمان هەڵدێر و ناخۆش بوو. دڵخۆشی ئەمیر و جەلالم دایەوە. هەردووكیان لاقیان پەڕیبوو.

---

76- ئەمیر رەسوولّی جێگر هێز بوو ئێستا وەك پەنابەر لە وڵاتی فینلاند دەژێ.

77- جەلال كۆخانی كادری كومیتەی بانە ئێستا لە وڵاتی سۆئێد دەژێ.

بە پەلە بۆسەر چۆمی شۆڕ بووینەوە. دەنگی تەقە لە هەموو لاوە دەهات دیار بوو سەر ڕێگا کەمینی لێیە کە بێ ئامانج و وێڵەکی تەقەیان دەست پێکردبوو. ئێمە خۆمان لێ نەدان و گەراینەوە بە شوێن و ڕێگەیەکی زۆر ئەستەم دا برینندارەکانمان بردە خوارێ و کاتژمێری ٢ی نیوەشەو لە چۆمی چۆمان نیزیک "زەڵێ" نێوان سنووری عێراق و ئێران پەڕینەوە. هەر ئەو شەوە برینندارەکانمان بۆ سلێمانی بەرێ کرد و بۆخۆشمان ڕۆژی ١٠ی ڕەزبەر گەیشتینەوە بنکە جێگیرەکانمان لە دەوروبەری کۆیە.

دوو مانگ لە کۆیە سەرقاڵی خوێندنەو و پشوودان و ئاموزش بووین. ڕۆژی ١٠ی سەرماوەزی ٧٤ بە مەبەستی گەڕانەوە بۆ ناوچە لەگەڵ ٧ پێشمەرگە بەرەو سلێمانی وەرێ کەوتین.

لە سلێمانی کەسێکی قاچاغچیم بە ٥٠٠٠ دیناری سویسری بە کرێ گرت تا چەك و چۆڵەکانمان بۆ سنوور ڕەوانە بکا بۆخۆشمان ڕۆژی دوایی چووینە پێنجوێن و ئێوارەکەی سواری لەندەوێرێك بووین و بەرەو سنوور کەوتینەرێ.

پێش ئەوەی بە دوایین بازگەدا تێپەڕین بە شۆفیرەکەم گووت با ئێمە لابدەین و دابەزین بەڵام وتی خەمتان نەبێ خۆم چارەسەری دەکەم لە بازگەکە رایان گرتین و لێیان پرسین و هەموو ماشێنەکەیان پشکنی و لە پشکنینی ئێمەش دا دەمانچە و بێسیمەکەم ئاشکرا بوو و گوتی کە دێموکرات ناتوانن بڕۆن بۆ ئەودیو. زۆرم هەوڵ دا کە لە سنوور کارمان هەیە و ناچینەوە، فایدەی نەبوو. ئێمەیان گەڕاندەوە لەکاتی گەڕانەوەدا شارەزاکەمان لە ماشێنەکە دابەزی و ڕای کرد. دیارە تەقەیان لێ کرد بەڵام ئەو خۆی دەرباز کرد. ئێمەشیان بردە ئاسایشی پێنجوێن و بەیانی سبەی واتە ڕۆژی ١٢ی سەرماوەز بردیانین بۆ ئاسایشی سولێمانی و کەسێك کە ئێستاش ناوەکەیم نەزانی هێندێك پرسیاری لێ کردین. دیارە پێشتر بە پێشمەرگەکانم گوتبوو کە لە هەموو حاڵەتێك دا یەك قسە و دوا قسەیان ئەوە بێ کە ئێمە چ نازانین برایم بەرپرسیارە! دواتر لاوێك هات و گوتی ئەوانەم پێ بدەن تا "رمیان"

بكەم واتە ئێعدامیان بكەم. گوتم گوناهمان چیە؟ لەبەر ئەوەی چقڵی چاوی دوژمنانی گەلی كوردین. ئەو قسەیەی ئەو لاوە نەزانە بە گوێی مامۆستا شاهۆ، بەرپرسی ئاسایشی سلێمانی گەیشتبۆوە. ئەویش بۆ دڵدانەوەی من یان بە باوەڕی خۆی گوتی ئەوانە هێشتا لە پێوەندی حیزب دێموكرات و یەكێتی نیشتمانی نەگەیشتوون.لای نیوەڕۆ ٢ لەندكرۆزێر هاتنە لامان و یەك لە شۆفیرەكان دابەزی و گوتی كاك بریم كێ یە ؟ دوایی تاوێك راوەستان گوتم منم. گوتی لەگەڵ پێشمەرگەكانت وەرن سواربن. تەواو نیگەران بووم پێم وابوو بۆ زیندانمان دەبەن پێوەندی یەكانی ئێمە زۆرخۆش نەبوو، سوار بووین ماشێنەكان تا خواردنگەی شكار[78] رانەوەستان. لەنێو خواردنگەكە بۆلای تەلەیفوونەكە چووم بەڵام دەستیان گرتم و نەیان هێشت. لەكاتی نان خواردن بە گارسۆنەكەم گوت كە تەلەیفوونێك بۆ ٢٨٥٢٠ بكە و بڵێ ٧ پێشمەرگەی ئێوە گیراون ئێستا لە خواردنگەی شكارن. ئەویش راست بەو كەسانەی گوتبوو كە لەگەڵ ئێمە بوون. بەرپرسەكەیان كە نوێنەری تایبەتی مام جەلال بوو هات و گوتی چیە بۆ وادەكەی؟ گوتم ئاسایی یە با حیزبەكەمان ئاگاداری وەزعی ئێمە بێ،گوتی دوایی نان خواردن بۆ سكرتاریای خۆتان دەگەڕێنەوە. نان خورا و گوتم ئەو نەهارە ئێوە میوانی حیزبی دێموكراتن. بەڵام ئەوان نەیان هێشت حیسابی بكەم. پاشان سواری ماشێن بووین وبەرەو كۆیە وەڕێ كەوتین و لە پرسگەی خۆمان كاك چەكۆ رەحیمی نوێنەری سكرتاریا پێشوازی لێ كردین و لەگەڵ بەرپرسەكەی یەكێتی نیشتمانی دانیشت. ئەو بەرێزە لەگەڵ خۆی پەیامی مام جەلالی بۆ حیزب هێنابوو كە دەقی پەیامەكە بۆمن روون نەبوو.[79]

وابوو ئیدی كومیتەی بۆكان بریاری دا چیدی لە ماوەی ساڵی ١٣٧٤ دا پێشمەرگە بۆ ناوچە نەنێرێتەوە و لەسەر كاری سیاسی و پەروەردە لە بنكە جێگیرەكان

---

[78]- خواردنگەی شكار ئەوكات لە سلێمانی بەناوبانگ بوو بانگهێشتی ئێمە بۆ خواردنگە بۆ رێزگرتن لە ئێمە بوو تا بەجۆرێك لە چاو پێشوو قەرەبووی بكەنەوە. پێشتر ئەو پێشمەرگانە راگیران بۆماوەیەك بەڵام قەدری ئێمەیان زۆر گرت.

[79]- بە نەزەرم پەیامەكە جۆری گلەیی لە حیزب بوو سەبارەت بە ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ ناوچە.

بەردەوام بێ. زستانی ١٣٧٤ لە خولی نێونجی سیاسی بەشداریم کرد، لەم خۆڵەدا کە لە ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندان تا ٢٦ی ڕەشەممەی ٧٤ی کێشا بە نمرەی باش سەرکەوتوو بووم.

نەورۆزی ساڵی ١٣٧٥ لەنێو جۆش و خرۆشی کەم وێنەی کادر و پێشمەرگەکان و بنەماڵەکانیان پێشوازی لێ کرا بەو بۆنەوە ڕێورەسمێکی ڕازاوەش لە ساڵۆنی قەلا[80] بەڕێوە چوو

[80] – قەلا لە دەورانی حکوومەتی سەدام دروست کرابوو لە دەشتی کۆیە کاری ڕۆژانەی حیزبی دێموکراتی لێ دەکرا.

# ١٥

.

ڕۆژی ٢٦ی خاكەلێوە كۆنفرانسی كومیتە شارستان بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی كومیتە شارستانی بۆكان بەرێوە چوو. پێش گرتنی كۆنفرانسەكە لەلایەن دەفتەری سیاسی یەوە پێشنیاری فەرماندە هێزی پێشەوا یان گیارەنگم پێ كرا كە من قەبووڵم نەكرد. دواتر لەسەر فەرماندە هێزی، هێزی پارێزگاری سەر بە دەفتەری سیاسی ساغ بوومەوە و قەبووڵم كرد. ڕۆژی ٢ی بانەمەڕ ماڵئاواییم لە هێزی بەیان كرد و لەگەڵ ئەوەش نامەیەكم لەسەر وەزعی كومیتەی شارستانی بۆكان و چۆنیەتی باشتر بەرێوە بردنی ئەرك و هەماهەنگی ئەندامانی كومیتە بۆ دەفتەری سیاسی نووسی.

ڕۆژی ٢٠ی بانەمەڕی ١٣٧٥ پاش ٣ حەوتوو مەرەخەسی لەلایەن كاك سەید سەلام عەزیزی[81] ئەندامی دەفتەری سیاسی و بەرپرسی كومیسیونی سیاسی – نیزامی ئەوكات بە پارێزگاری ناسێندرام. ئەگەرچی پارێزگاری بۆمن شوێنێكی تازە بوو بەڵام لە ئەرك و بەرپرسایەتیم شارەزا بووم. ماوەی ٥ ساڵ بوو كاری فەرماندەری هێزم دەكرد بەڵام لەگەڵ ئەوەش بەرپرسایەتی پاراستنی دەفتەری سیاسی قورس و هەستیار بوو. گرفتی من ئەوكات لێك دوور بوونی شوێنی كارومالْەوەم بوو كە دەبوا هەموو ڕۆژێ بە پێیان ٥ كیلومتر چوون و گەڕانەوە ببڕم وئەو هاتوچۆیە بە شەو زۆرجار نیگەرانی دەكردم.

ئاڵوگۆڕێك كە لە كاری من دا پێك هاتبوو ئەوە بوو كە ساڵانی پێشوو لە سەرەتای چوونەوە تفەنگ ئامادە و قامك لەسەر ماشە و تا پاییز ریش نەدەتاشرا.

---

[81]– كاك سەلام ڕۆژی ٢٤ی پووشپەڕی ٧٨ بەهۆی سەكتەی مێشك لە بەغدا كۆچی دوایی كرد.

**بەڵام لە پارێزگاری بە لیباسی خاوێن و بێ ریش بە دەمانـچەوە لـە سـکرتاریا دەبـوو ئامادە لەسەر کار بم.**

**پلینـۆمی کومیتـە ناوەنـدی حیـزب لـە رۆژی ۲۷ی ۲ی ۷۵ لەپێوەنـدی لـە گـەل سرینەوەی ئاڵۆزیی نێوان دوو باڵی حیزب و ڕێخۆشکردن بۆ هاتنـەوە و یەکگرتنـەوە بوو. تا کۆتایی کاری پلینۆم نەچوومەوە ماڵێ و شەوانەش لە پارێزگاری دەبووم.**

**دوایی پلینۆم دەفتەری سیاسی نامـەی ئیبلاغـی فەرمانـدە هێـزی پارێزگـاری بـۆ نووسیبووم.**

***هاورێی خۆشەویست کاك برایم چووکەڵی***

***وێرای سڵاو و ئاواتی سەرکەوتن***

**بەم هۆیەوە پێت رادەگەیەنین کە لەسـەر بریـاری دەفتـەری سیاسـی جـەنابت بـە فەرماندەری هێزی پارێزگاریی دەفتەری سیاسی دیاری کراوی.**

**لەحاڵێك دا بەو بۆنەیەوە پیرۆزباییت لـێ دەکەین هیواداریـن وەك لێت چاوەروان دەکرێ هەموو توانات بۆ رێك و پێکتر کردنی ئەو هێزەو بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانت وەکار بخەی.**

***حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران***

***دەفتەری سیاسی***

***۱۳۷۵/۳/۲۵ی هەتاوی***

**دوای کۆتایی هـاتنی کـاری پلینـۆم رۆژی ۳۰ی بانەمـەڕ لەگـەڵ مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسەنزادە، سکرتێری گشتی دانیشتم و لەسـەر کـار و بـاری پارێزگـاری و چۆنیەتی کار و پێوەندی لەگەڵ سکرتاریا و ئۆرگانـەکانی دیکـە قسەمان کـرد و رێنـوێنیم لـێ وەرگرت.**

**لە سەرەتای چوونی من بۆ پارێزگاری ئەو ئۆرگانە کادری سیاسی لـێ نەبوو و من دەبـوا زۆربـەی کۆبوونـەوە سیاسـی یـەکان بـەرێوە ببـەم و بیـان گـرم و جارجـاریش ئەندامێکی دەفتەری سیاسیم بۆ کۆبوونەوە گرتن بانگهێشتن دەکرد.**

رۆژی ١ی جـۆزەردان لەگـەڵ مامۆسـتا سـەردانی کـەمپی جێژنـەکانمان کـرد و مامۆستا لەوێ لە کۆبوونەوەیەکی گشتی دا لەسەر هەل و مەرجی سیاسی کوردستان و ئێران قسەی بۆ کادر و پێشمەرگەکانی ئەو کەمپە کرد. دوای ئەو کۆبوونەوەیەی مامۆستا گەڕاینەوە هەولێر، مامۆستا سەردانی چەند حیزبی سیاسی کوردستانی کرد و دەمەو ئێوارێ گەراینەوە کۆیە و بنکەی دەفتەری سیاسی. دیارە من جگە لەوەی فەرماندە هێزی پارێزگاری بووم ئەندامی کومیتەی ئەمنیەتیش بووم.

پاش ماوەیەك کۆبوونەوەی کومیتەی ئەمنیەت لەگەڵ سکرتێر گیرا. ئەندامانی کومیتەی ئەمنیەت بریتی بوون لە چەکۆ رەحیمی بەرپرس، ئەحمەد پادگانی، قادر نەبی زادە، خالید مەهابادی و برایم چووکەلی. لەم کۆبوونەوەیەدا باس لە رەوشی کومیتەی ئەمنیەت لە حیزب، هێزی پارێزگاری و ئەرکەکانی ئەمنیەت لە بەرەنگاریی پیلانەکانی رێژیم دا کرا و خاڵە لاواز و بەهێزەکان تاوتوێ کران و پێشنیاریان لەسەر درا.

رۆژی ١٩ی جۆزەردان کاك حەسەن رەستگار ئەندامی دەفتەری سیاسی باڵی رێبەرایەتی شۆرشگێر لە"دۆڵەرەقی"را بۆ تاوتوێ کردنی کێشەکانی یەکگرتنەوەی هەر دوو باڵی حیزب هاتە کۆیە. چەند پێشمەرگەیەکم لەسەر رێگای هاتنی بۆ پاراستنی جادەکە دانابوو. کۆبوونەوەی مامۆستا و کاك حەسەن بە ئاکام نەگەیشت و بەرێزیان گەرانەوە رانیە. بەیانی ئەو رۆژە مامۆستا سەردانی بنکەی سیاسی خەبات (مەلاخدر)ی کرد و ئێوارە بەرەو سکرتاریا گەڕاینەوە. لە رێگەی هاتنەوە ماشێنەکان زۆر بە خێرایی بەرەو کۆیە دەهاتن. دەتکوت باڵیان گرتووە. مامۆستا لە کاك محەممەد حەسەن پوری پرسی ئەوە بۆ لەو سەرە وا توند دەرۆی؟ گوتم مامۆستا ماشێنەکان توند ناڕۆن، حەسەن پور ماڵێی پێخۆشە!

رۆژی ٢٤ی جۆزەردان کۆبوونەوەیەکم بۆ هێزی پارێزگاری گرت و لەسەر کاری رۆژانەی هێز، چۆنیەتی هەڵسووکەوتی پێشمەرگەکان و شێوەی پاراستنی ئەندامانی دەفتەری سیاسی قسەم بۆ کردن.

چەند رۆژ دواتر لەگەڵ مامۆستا دانیشتم و ئاكامی كۆبوونەوەكە و پێشنهادەكان و گیر و گرفت و كەم و كوری یەكانی پارێزگاریم لەگەل هێنا گۆڕێ و مامۆستاش بەڵێنی پێ داین بەپێی توانا كەم و كوری یەكانمان بۆ چارەسەر بكا. وەفدی باڵی "رێبەرایەتی شۆرشگێر" بۆ درێژەی وتووێژەكان رۆژی ٣ی پووشپەڕ جارێكی دیكەش هاتنەوە كۆیە. كۆبوونەوەكان لەسەر یەكگرتنەوەی حیزب درێژەی كێشا و میوانەكان بۆ شەویش مانەوە و درێژەی كۆبوونەوەكان بۆ كاتی دیكە دواخرا.

رۆژی ٦ی پووشپەڕیش لەگەڵ هاتنی وەفدی باڵی "رێبەرایەتی شۆرشگێر" كۆبوونەوەكان دەستی پێ كرایەوە، دیارە لە دوا قۆناغەكانی لێك نزیك بوونەوە و چارەسەری كێشەكان دا بوون. رۆژی دواتر ئەمن ماڵەكەم بۆ ئازادی لە نزیك شوێنی كارەكەم گواستەوە تا باشتر بە كارەكانم رابگەم.

رۆژی ٢١ی پووشپەڕ لە دەرفەتێكی دیكەش دا وەفدی هاورێیانی "رێبەرایەتی شۆرشگێر" هاتنە سەردانی حیزب و لەسەر درێژەی كۆبوونەوەكان بەردەوام بوون. هاوكات ئەو رۆژە منیش كۆبوونەوەیەكم بۆ پێشمەرگەكانی پارێزگاری لەسەر كێشەی فەلەستین و ئیسرائیل گرت.

رۆژی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٧٥ و لە ساڵرۆژی شەهید بوونی دوكتور قاسملوودا مام جەلال سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی كرد و كۆبوونەوەیەكی داخراوی لەگەڵ مامۆستا عەبدوللا حەسەنزادە هەبوو كە دیار بوو هەڵگری پەیامێكە.

لە رۆژانی داهاتووش دا كۆبوونەوەی هەردوو باڵی حیزبی دێموكرات بە مەبەستی یەكگرتنەوە بەردەوام بوونەوە.

تا ئەوكات هێزەكانی حیزب نەگەرابوونەوە ناوچە، لە سمینارێك دا لە سەر ئەوە ساغ بوونەوە كە یەك لە سێی هێزەكانی حیزب بچنەوە ناوچە ، بەڵام بریارەكە وەك خۆی بەرێوە نەچووو هەركام لە كومیتەكان دوو لە سێی هێزەكانی بۆ ناوچە گەراندبۆوە. هێزێكی بەرچاو و زۆر لە دەوری دەفتەرو بنكە جێگیرەكان

نەمابوونەوە. ئەم بریارەش بۆیە درا کە بۆ ئەوەی هێزێکی بەرچاو بۆ بەرەنگاری لە پیلانەکانی ڕێژیم لە دەوری دەفتەر حزووری بێ.

مەترسی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرحیزبی دێموکرات لەخاکی کوردستانی عێـراق هـەردەم لـە زێـدە بـوون و پـەرەگرتن دا بـوو. هـەر بۆیـەش بـە مەبەسـتی بەربـەرەکانی و ڕووبـەڕوو بوونـەوەی ڕێـژیم، سـتادێکی فەرمانـدەیی بـە بریـاری دەفتـەری سیاسـی حیزبـی دێـموکرات بـۆ بـەر پرچـدانەوەی هـەر چەشـنە پیلانێـکی ڕێژیم پێکهات کە بریتی بـوون لـە مـستەفا مـەولوودی جێگـری کومیـسیونی سیاسـی نیزامی، ئەحمەد نەستانی، ئەحمـەد پادگـانی (لـەجێی چەکۆ ڕەحیمـی کـە ئـەوکات لەماڵ نـەبوو) کـاوە بـەهرامی و بـرایم چووکەڵی. لـە یەکـەم دەرفـەت دا ئەنـدامانی ستاد یەکەم کۆبوونەوەمان لەگەڵ دەفتەری سیاسی پێك هێنا.

ئێوارەی ڕۆژی ٦ی گەلاوێژ بۆ کڕینی هێندێ کەلو پەل و پێداویستی یەکانی مـاڵ چووبوومە شاری کۆیە. دوای گەڕانەوە خێزانم گـوتی مامۆسـتا عەبـدولّلا حەسـەنزادە دوو جاری ناردۆتە شوێنت. زانیم کە دەبێ مەسەلەیەکی گـرینگ ڕووی دابـێ. خێـرا بەرەو سکرتاریا وەرێ کەوتم لە ڕێگـا چـەند ئەنـدامێکی کومیتـەی ناوەنـدیم دی کـە ئەوانیش بەرەو سکرتاریا دەرۆیشتن.

راسـتەڕێ چـوومە ژوری سـکرتاریا و بینـیم چـەند کـەس لـە ئەنـدامانی دەفتـەری سیاسـی لـەوێن. مامۆسـتا ئاگـاداری کـردم کـە کۆمـاری ئیـسلامی ئەمـشەو هێرشمـان دەکاتـە سـەر. ئێـستا کومیتـەی ناوەنـدی کـۆ دەبێتـەوە و تـۆش لێـرە بـە ئەنـدامانی کومیتەی ناوەندی حیـزب ئەوەنـدەی لـە ئـازادی و دەوری دەفتـەری سیاسـی بـوون و دەسـتیان پـێ ڕاگەیـشتبوو لـە سـکرتاریا کۆبوونـەوە و ئـەمنیش لـەو کۆبوونەوەیـەدا بەشداریم کرد. لەوکاتەدا دۆسـتێکی بـە ئەمـەگی حیـزب لـەنێو حیزبێکـی دۆسـتمان هـەواڵی ئـەوەی هێنـابوو کـە ڕێـژیم ئەمـشە و سـبەی هێرشـتان دەکاتـە سـەر. لـەو کۆبوونەوەیەدا پاش تاوتوێ کردنی باسەکە بڕیار درا ژن و منداڵ و کەم ئەندامەکان بنێرینە شاری کۆیە و لەنێو خۆشمان دا کارەکانمان دابـەش کـرد. هـەموو ئەنـدامانی

کومیتەی ناوەندیش ئەرك و بەرپرسایەتی تایبەتی یان وە ئەستۆ گرتو لە گۆڕەپان دا مانەوە. ژن و منداڵەکان بە خێرایی لە کۆیە جێگیر کران و پێشمەرگەکانمان بەسەر پایەگاکانی دەورووبەری دەفتەری سیاسی دا دابەش کرد و دەفتەری سیاسی مان نارده بنکەی هێزی زمزیران. ستادی فەرماندەییمان لە پرسگەی حیزب دامەزراند و چاوەڕوانی هێرشی ڕێژیم و پێشهاتەکانماینەوە. تا کاتژمێری ١٠ی شەو هیچ باسێك نەبوو.

بەشێکی هێزی پارێزگاریم بۆ پارێزگاری دەفتەری سیاسی دانا و ئەوانی دیکە لەگەڵمان مانەوە.

بەرە بەیانی ڕۆژی ٧ی گەلاوێژ لە گێژاوی بیرکردنەوەیەکی قووڵ دا بووم. هەموو ئەو شەڕ و پێکدادانەم دەهاتەوە بیر کە لە کازیوەی بەیانی دا لەناوچە تووشیان دەبووین. یەکەم گوللە تۆپ لە کاتژمێری ٦ی بەیانی لە ئازادی هەڵکرا و پاشان بێدەنگی یەك وڵاتی داگرت پاش ٥ دەقیقە گوللە تۆپێکی دیکە لە نزیك پرسگەی حیزب درا و دواتر وەك ڕێژنە باران گوللە تۆپ بەسەر ماڵ و بنکەکانی حیزبی دێموکرات دا باری. هەموو وڵات لە تەپ و تۆزدا نوقم ببوو.

بست بە بستی وڵاتیان دەکوتا. بە بێسیم لەگەل پایەگاکانی خۆمان لە دەوری دەفتەر سیاسی لە پێوەندی دابووین، ماڵەکانی حیزب لەنێو ئاگر و دووکەڵ دا نوقم ببوون بەشێکی زۆر لە هێزەکانی ڕێژیم لە سلێمانی را بەرەو شارۆچکەی تەق تەق لە باشووری بنکەکانی حیزب کەوتبوونە ڕێ تا ئەگەر حیزب پاشەکشەی کرد بیانگرن و لە قەفەسیان هاوێن! بنکەیەکی پێوەندیمان لەشاری کۆیە هەبوو کە وێرای پێوەندی لەگەل یەکێتی نیشتمانی هەواڵی نێوشاری کۆیەی دەداینەوە. کاتژمێری ٢ی دوانیوەرۆ ڕا ڕێژیم لە"هەیبەت سوڵتان"ڕا بێسیمەکانی ئێمەی کونترۆل کرد. دەستیان کرد بە قسە و هەڕەشە بۆ وەی بە خیاڵی خۆیان ورەمان

بروخێنن و پەیتا پەیتا دەیان گوت کە دار بەرووتان لێ گیراوە[82] و چیتان پێ ناکرێ و لەگەڵ قسەی ناشیرن و جنێودان دەیانگوت ئەوە دێین دەتانگرین[83] منیش لێیان وەدەنگ هاتم کە ئەوە یەکەم جار نیە کە بەرامبەرتان وەستاوین و ئاخر جاریش نابێ. ئەگەر غیرەتتان هەیە و دەوێرن لە هەیبەت سوڵتان وەرنە خوارێ و خۆتان نیشان بدەن دەنا با پێتان بڵێم کە ئەم تۆپ و خۆمپارە و کاتیوشایانە وزەی مێشوولەن بە پەنا گوێچکەی ئێمەدا دێن و دەچن.

کاتژمێری ٤ی ئێوارە ستادی فەرماندەیی کەوتە ژێر رەهێڵەی ئاگربارانێکی توند کە بە خۆشیەوە کەس لووتی لەخوێن نەهات. تۆپ و کاتیوشا بارانی کەمپەکانی حیزبی دێموکرات هەر بەردەوام بوو. چەند ماڵێك ئاگریان گرتبوو و چڕە دووکەڵ ناوچەی داگرتبوو کاتژمێر ٥ی ئێوارە یەکێتی نیشتمانی لە رێگەی دەفتەری پێوەندی یەکانمان لە کۆیە رایگەیاند بوو کە دەیانەوێ قسەمان لەگەل بکەن. سەعات ٦/١٥ تۆپ باران وەستا و ئێمە بە پەلە چووینە پرسگەی ئەمنیەت. لە لایەن یەکیەتیش ڕا چەند کەسێك هاتن. داوامان کرد چەند دەقیقەیەك رێژیم بە قسە بخافڵێنین تا کتێبخانەکەمان رابگوێزین. دیارە کتێبخانە بەهانە بوو بەڵام ئێمە ئەسنادی زۆر گرینگمان لە شوێنی کارەکان هەبوو بۆ ئەوەی ئەو ئەسنادانە راگوێزین پێویستمان بە دەرفەتێك هەبوو کە بەم جۆرە جێ بەجێمان کرد.

کاتژمێری ١٠ی بەیانی رۆژی ٨ی گەلاوێژ واتە سبەی ئەو شەوە کاك فەرەیدون عەبدولقادر ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی سەردانی کردین و پاش لێ پرسین و چاك وچۆنی پەژارە و پێناخۆشبوونی خۆی لەم رووداوە دەربڕی. دواتر گوتی کە راسپاردەی مام جەلالم، هاتووم کۆتایی بەو وەزعە بێنم. ئێمەش گوتمان لە خزمەت داین و گوێبیسی قسەکانتانین بەڵام هەر چەشنە بریارێکی سیاسی لە سەڵاحییەتی دەفتەری سیاسی دایە و ئێمە ناتوانین بڕیاری لەسەر بدەین. دیارە

---

[82]- دار بەروو لەسەر رێگای تەق تەق و خوار بنکەکانی حیزب لە کۆیە بوو.

[83]- سەیر بوو لەگەل خۆیان قەفەسی گەورەی تایبەتیان هێنابوو و وەك بلێی زستانە و بۆ راوکردن هاتوون.

رۆژی تـۆپ بارانه‌كـه سـه‌عاتێك پێـشتر ئه‌نـدامانی ده‌فتـه‌ری سیاسـی، بـۆ بنكـه‌ی هه‌ولێری خۆمـان ره‌وانـه كرابـوون چـونكی سـه‌عات ٣ی شـه‌و له‌گـه‌ل كـاوه بـه‌هرامی چووین و داوامان لـێ كردن بچنه هه‌ولێر كـه مناسـبتره و كاره‌كـانیش باشـتر بـه‌رێوه ده‌چن.

پاش قسه و باسێكی زۆر كاك فه‌ره‌یدون گه‌راوه كۆیه و دوا نیـوه‌رۆی هـه‌مان رۆژ كـاك بێهـروز گـه‌لاڵی سـه‌ردانی كردینـه‌وه. له‌سـه‌ر جـاده‌ی كۆیـه – هـه‌ولێر كۆبوونـه‌وه‌مان گـرت و كێـشه‌كانمان تـاوتوێ كـرد. دواتـر وتووێـژه‌كان لـه ئاسـتی ده‌فته‌ری سیاسی دا درێژه‌یان كێشا و له ئاكام دا له‌سه‌ر چه‌ند خاڵێك ساغ بوونـه‌وه و بـه‌م بۆنـه‌وه به‌یاننامه‌یـه‌كی هاوبه‌شـیان ده‌ركـرد كـه لـه ژمـاره‌ی ٢٣٦ی كوردسـتان، ئۆرگانی كومیته‌ی ناوه‌ندی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران چاپ و بڵاو بۆوه و راگه‌یه‌نه‌كانی یه‌كێتی نیشتمانیش بڵاویان كرده‌وه.

ئه‌وه‌ش ده‌قی ئه‌و به‌یاننامه هاوبه‌شه‌یه كه لێره دا ده‌یخه‌ینه روو.

### *به‌یاننامه‌ی هاوبه‌ش*

دوابه‌دوای هێرشی هێزه‌كانی كۆماری ئیـسلامی ئێـران بۆسـه‌ر بنكـه‌كانی حیزبـی دێموكراتی كوردستانی ئێران و بنه‌مالـه ئاواره‌كـانی كـوردی ئێرانـی لـه ده‌وروبـه‌ری كۆیه له رۆژی ٢٧-١٩٩٦/٧/٢٨ هه‌یئه‌تی مه‌كته‌بی سیاسی یه‌كێتی نیشتمانی كوردستان و ده‌فته‌ری سیاسی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران له رۆژه‌كانی ١ تـا ٤ی مـانگی ٨ی ١٩٩٦ كۆبوونـه‌وه بـۆ تـه‌نزیم كردنـی پێوه‌نـدی یـه‌كانی نێـوان دوو حیـزب و چاره‌سـه‌ری ئـه‌م گیروگرفتانـه‌ی كـه بـه‌هۆی ئێـران لـه نێوانیـان دا پێـك هـاتبوو. لـه ئاكامی ئه‌و وتووێژانه‌دا به ته‌وافوق گه‌یشتین كه حیزبی دێموكرات به‌رنامه‌ی كـار و تێكۆشانی خۆی به چه‌شنێكی ئـه‌وتۆ دابرێژێتـه‌وه كـه له‌گـه‌ڵ هه‌لومـه‌رجی ئێـستای

کوردستانی عێراق گونجاو بێ و یەکییەتی نیشتمانی کوردستانیش وێری تەزمینی تێکۆشانی سیاسی حیزبی دێموکرات لەناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆی دا ئەمن و ئاسایشی ئەندامان و ئاسایشی ئەندامانی و لایەنگرانی ئەو حیزبە بپارێزێ.

هەروەها هەردوو لا بەلێنیان دا کە بە کردەوە هەنگاو هەلگرن بۆ ئەوەی رووحی تەفاهوم و دۆستایەتی لەنێوانیان دا بەهێز بکەن و ئەگەر هەر گیر و گرفتێکیش لە نێوانیان هاتەپێش، بە رێگەی وتووێژی دۆستانەدا چارەسەری بکرێت.

*مەکتەبی سیاسی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان*

*دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران*

*١٣٧٥/٥/١٤ — ١٩٩٦/٨/٤*

ئەگەرچی زۆر ماڵ سووتابوون و کاول ببوون کە ماڵی ئێمەش یەك لەو ماڵە سووتاوانە بوو. بەلام سووتانی ئالبۆم و کتێبخانەکەی من بە هیچ چەشنێك قەرەبوو ناکرێتەوە. زیاتر لە ١٢٠٠ وێنەی ناوچە و پێشمەرگایەتیی و دەیان بەلگە و دیکۆمێنتی سیاسی کە هەر هەموویان ئەسناد و دێکۆمێنتی خەباتی چەکداریی حیزبی دێموکرات بوو لەو سووتمانە دا لە کیسم چوون کە تازە بە هیچ شێوەیەك بۆم قەرەبوو نابنەوە.

رۆژی ٩ی گەلاوێژی ١٣٧٥ لەلایەن ستادەوە بریار درا کە سەردانی شوێنی تۆپخانەکەی رێژیم لەو هێرشەدا بکرێ. نووسەری ئەم دێرانەو ئەحمەد پادگانی لەگەل دوو پێشمەرگە بەرەو "دۆلی سماقوولی"، شوێنی تۆپخانەکە وەرێ کەوتین. لەوێ لەلای خاوەن موچەکە کە تۆپخانەکەیان لێ دامەزراندبوو لامان دا و ئەو لەگەڵ میوانداری کردنی ئێمە بەم شێوەیە رووداوەکەی بۆ گێڕاینەوە:

"کاتژمێر ٨ی ئێوارە چەند ماشێنی گەورە وەك "گەلابە" (بێنز) لۆری گەورە و تویوتا هاتنە ئێرە و لە قەراغ ئەو چۆمە رایان گرت و تۆپەکان و راجیمەکانیان (کاتیوشا) روو بە شاری کۆیە دامەزراند. جاشێکی خەلکی سەقز هاتە لام و گوتی ئێستا باوکی دێموکرات ... و تەفرو تونایان دەکەین. نایەلین تاقیان دەرچن و

هـەموویان ئـاگر دەدەیـن و لـە قەفەسـیان دەخـەین. منـیش گـوتم وریـا بـن بـەرەو كەركووك ڕانەكەن!!

پاشـان فەرماندەكـەیان هـات و بـە فارسـی بـە جاشـەكەی گـوت پێـی بڵـێ بـا مەزراكەمان بۆ چۆڵ بكەن و یەك كاتژمێری دیكە دەبێ كەس لێرە نـەمێنێ. منـیش گوتم لێرە ناڕۆم و ئێرە زەوی وزاری خۆمـە. فەرماندەكـەیان هەڕەشـەی كـرد ئەگـەر نەڕۆی دەتكوژین. ٥ دەقیقە بۆ ٩ مـابوو جاشـێك هاتـە لام و گـوتی ٥ دەقیقـەی مـاوە دەڵێی چی؟ لەم كاتەدا یەكیان كە جیهازی (بێـسیم)ی پـێ بـوو گـوتی حـاجی حـاجی بێـسیم كـاری پێتـە. هـەموو ٢ دەقیقـەی قـسە كـرد و بریـاری "خـامۆش"ی پـێ دان. هـەموویان لوولـەی تۆپـەكان و راجیمـەكانیان روو بـە زەوی خەوانـد و چادریان پـێ دادان. دۆشـكەكانیان روو بـە كۆیـە راگـرت و بـە چـەند جێگـادا بـڵاو بوونـەوە. ماشـێنێكی گـەورە نیزامـی (عەسـكەری) لـە دوورەوە راوەسـتابوو و یـەك یـەك نـان وخواردنیان وەردەگـرت. جاشـەكە هاتـەوەو گـوتی حـاجی دەڵـێ كاتـژمێر ٦ی بـەیانی دەبێ بچتەوە نێو دێ. دواتر هەموو بڵاوەیـان كـرد و منـیش لـەژێر كەپرەكـەم بـۆی نوستم. سـەعات ٥/٣٠ی بـەیانی لەخـەویان هەسـتاندم. گوتیـان بـچۆوە نێـو دێ سـەد میترێـك دوور كەوتمـەوە دانیـشتم سـەیرم كـردن. چـادرەكانیان لەسـەر تـۆپ و كاتیوشاكان لابرد و لوولەكانیان بەرز كردنـەوە. ٣ تـۆپ لوولـەكانیان روو بـە دێگەڵـە بوو[84] و ئەوانی دیكە روو بە كۆیە دامەزرابوون. كاتژمێری ٦ی بەیانی بوو كە یەكەم گوللەیان هاویـشت و ئـەوجار بـە هـەموو چەكەكانیان دەسـتیان پـێ كـرد. لـە شـەڕی ئێران و عێراقیش شتی ئاوام نەدیبوو ئەوان تا سەعات ٦/٥ دەقیقەی ئێوارە هەزاران گولله تۆپیان بێ پسانەوە لە مەقەڕەكانی ئێوە هەڵكرد. ئێوارە دوای تەقەكە چوومە لای فەرماندەكـەیان گـوتم "سـەیدی"[85] لـەو سـەندووقە بەتاڵانـە سـێ دانـەم بـدەنێ.

---

[84] - دێگەلە كەمپێكی حیزبی دێموكراتی لێ بوو تا نووسینی ئەم دێرانەش لێیەتی و لە سەر رێگای كۆیە هـەولێر هەڵكـەوتووە هەر ئەو رۆژە چەند تۆپێكیان لەم كەمپە هەڵ كردبوو.

[85] - لە نیوّ سپای عێراق بە ئەفسەرەكانیان دەگوت سەیدی.

بەڵام ئەوان هیچ كە سەندووقیان پێ نـەدام نێـو چاوانیـشیان تـاڵ كـرد و منـیش بـە جنێو دایانم گرت و گـوتم بـۆ ژن و منـداڵی خـەڵك دەكـوژن. بـچن بـۆ وڵـاتی خۆتـان ئامبازیان بن لەوێ پێیان ناوەستن لێرە ژن و منداڵەكانیان دەكـوژن ئـەوانیش پاڵیـان پێوەنام و دووریان خستمەوە.

دوای تاوێـك راوەسـتان سـەعات ٦/٣٠ ئێـوارە چـەك و چـۆڵەكانیان كـۆ كـردەوە و شەوێ لەنێو قەبرستانەكە مانەوەو كاتژمێر ٧ی بەیانی (رۆژی ٨ی گەلاوێژ) هاتنەوە تۆپـەكان و كاتیوشـاكان گوللـەیان تـێ هاویـشتن و سـەر لـەنوێ ئامـادەی تەقـەیان كردنەوە. ئەوكات بێسیمەكە بانگی فەرماندەكەی كردو لـەم كاتـەش دا دوو فرۆكـەی ئەمریكایی هاتنە سەر ناوچەكە و نـەوی نـەوی چـەند دەورێكیـان بەسـەر هێزەكـەدا لێدا. هێزەكە هەر كە ئەوەیان دی زوو پێچایانەوە و بەرەو سلێمانی و رانیە كەوتنـە رێ."

خاوەن موچەكە لەگەڵ گێرانەوەی ئەو رووداوە دا چایی یەكی بۆ لێنـاین و ئێمـە وێڕای دەستخۆشی لە قسەكانی سواری تویوتاكەمان بووین و بەرەو شوێنی هاویشتنی مووشــەكەكان چــووین كــە لــە گونــدی "كامووســەك" و "كۆلكــەرەش" دایــان مەزرانـدبوون. هـەر لـەم شـوێنە ڕا چـەند مووشـەكێك یـان لـە بنكـەی حیـزب لـە جێژنەكان هەڵكرد بوو،كە كەوتۆتە رۆژئاوای هەولێر.

شـوێنەكەمان دی و لەگـەل چـەند كەسـێكی ئـاوایی قـسەمان كـرد خـەڵكی ئـەو گوندانــە هێزەكــانی ئێرانیــان لــەكاتی گەڕانــەوەدا بــەرد بــاران كردبــوو لــەدوای تــەواوبوونی كارەكانمــان بــەرەو ســتاد گەڕاینــەوە دوای ئــەم تۆپبارانــە بنەماڵــەكانی حیـزب لەبـەر دەرگـای رێكخـراوی نەتـەوە یـەكگرتووەكان لـە هـەولێرمانیان گـرت و ئیعتزازی خۆیان بەگوێی دنیای دەرەوە گەیاند. ئەم مانگرتنە ١٨ رۆژی كێشا. زۆربەی پەنا گرتووەكان ژن و منداڵ و پـیر بـوون. لـە رۆژانـی یەكـەم دا وەزعـی گـشتی پـەنا گرتووەكان زۆر خەراب بوو ئەوانە زیاتر لە هەر شتێكی دیكـە بـوونی سـێبەرێك كـە بیان پارێزێ نەبوو لە گەرمای هاوینی هەولێر لە ژووری ٤٥ پلەی گەرما دا دەژیـان و

ئاوی خواردنـەوە و لـەش ساغی و دەرمـان زۆر کـەم بـوو تەنانـەت منداڵـە ساواکان دایکیان نەیاندەتوانی تێـر شـیریان بکـەن. پـەنا گرتووەکـان داوایـان لـە UN کـرد کـە هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و ئوردوگاکانی کوردە پەنابەرەکان مەحکووم بکەن. هەروەها داوای دروستکردنەوەی ماڵە وێرانکراوەکانیان و وەرێ خستنەوەی ئاو و بەرقی ماڵەکانیان و هەروەها گەڕانەوە بۆسەر ماڵی خۆیان لـەژێر سەرپەرستی کاربەدەسـتانی UN دا کـرد. ئـەم داخـوازی یـە بـە نووسـراوە تـەحویل UN درا. لـە هـەموویان گـرینگتر لـەو مانگرتنـە "کومیتـەی بەرێوەبـەری ئاوارەکان" نەقشی بەرچاوی هەبوو. ئەو کومیتەیە لە چوار ژن و لاوێکی خوێنـدکار پێك هاتبوو لە یەکەم هەنگاوی دا بانگەوازێکی بۆ حیزب و رێکخراوە کۆڕ و کۆمەڵـە خێرخوازەکـان و مرۆڤدۆسـتانی نێوخـۆ و دەرەوە بـڵاو کـردەوە. ئـەوە دەقـی بانگەوازەکەیە کە لە ئارشیوی حیزب وەرگیراوە:

*بۆ: سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!*

*رێکخراو و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!*

*هەموو ئینسانە خێر خوازەکان!*

ئێمە کومیتەی بەرێوەبەریی بنەماڵە ئاوارەکانی کوردستانی ئێـران رادەگەیـەنین کە ماڵەکانمان رۆژی یەك شەممە ١٩٩٦/٧/٢٨ سـەعاتی ٦/٥ی بـەیانی لەلایـەن کۆمـاری ئیـسلامیی ئێرانـەوە لـە قـووڵایی خـاکی کوردسـتانی عێـراق دا دراوەتـە بـەر تـۆپ و کاتیوشا و نزیکـەی ٣٥٠بنەماڵـە و (زیـاتر لـە١٥٠٠ کـەس) ئـاوارە و بـێ مـاڵ و هێلانـە بووین.

ئێستا ئێمە لەبـەر دەرکـی بنکـەی رێکخـراوی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـە هـەولێر جێگیر بووین و داوای هاوکاری و یارمەتی دڵسۆزانەتان لـێ دەکـەین. ئێمـە لـە بـاری خۆراك و جێگا و دەرمان و بە گشتی هـەموو پێداویـستی یـەکی ژیانـەوە پێویـستمان بە کۆمەکی بەپەلەی ئێوە هەیە.

تکایە نوێنەرانی خۆتان بنێرن کە هەم وەزعی ئەو ژن و منداڵە ئاوارانە و هەم شوێنەواری پەلاماری دڕندانەی کۆماری ئیسلامی بەچاوی خۆیان ببینن.

بەهیوایە بەهانامانەوە بێن.

*کومیتەی بەرێوەبەری بنەماڵە ئاوارەکانی*

*کوردستانی ئێران لە بنکەی UN لە هەولێر- ١٩٩٦/٧/٢٩*

دواتر ئەو کومیتەیە سازماندەهی یەکی رێك و پێکی کرد بە مەبەستی هەڵسورانی کاروباری ئاوارەکان لە باری خواردن لەش ساغی یەوە هەروەها لەو ژنانە کە لە رابردوودا کاری دەرمانی یان کرد بوو کەڵك وەرگیرا بە هاوکاری دوکتورێك کە لە لایەن رێکخراوی (P.W.J)ی ژاپۆنی بە نەخۆشخانەکان رادەگەیشتن.

لە لایەکی دیکەوە لاوانی ئاوارە بە داروحەسیر سێبەریان بۆ ئاوارەکان دروست دەکرد تا لە هەوای گەرم و تاقەت پروکێنی هەولێر بیانپارێزێ. دیارە کومیتەی بەرێوەبەری لەگەڵ دەیان هەواڵنووس وتووێژیان کرد و دەنگی خۆیان بە جیهان راگەیاند. کاتێ پاش ١٨ رۆژ کار بەدەستانی UN وڵامی گونجاویان بە پەنا گرتووەکان دایەوە ئاوارەکان کۆتاییان بە مانگرتن هێناو لە ماوەی دوو رۆژ دا بە دوو کاروان لەژێر چاوەدێری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و پۆلیسی نێونەتەوەیی دا گەرانەوە سەرماڵ و رێ وجێی خۆیان و بە بڵاو کردنەوەی سوپاسنامەیەك رێز و پێزانینی خۆیان بە هەموو رێکخراوە خێرخوازو سینفی یەکان و ئەحزابە سیاسی یەکان نێوخۆ و دەرەوە کە لەو ماوەیەدا بە فریایان گەیشتوون راگەیاند.

رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی کۆبوونەوەی ستاد لەگەڵ ئەندامانی دەفتەری سیاسی بۆ تاوتوێ کردنی ئەو رووداوە دەستی پێ کرد کە دوو رۆژی خایاند. لەو کۆبوونەوەیەدا عەمەلکردی حیزب و هێزەکانمان بە وردی خستە بەر باس و لێدوان. ستادی فەرمانـدەیی رۆژی ٣١ی گەلاوێژ کۆبوونەوەیەکی دیکەی لە کومیسیونی سیاسی- نیزامی گرت و لەسەر ئەمنیەت و پاراستنی خۆمان و ناوچە و بەرەنگاریی رێژیم لە ئەگەری هێرش دا قسە و باسمان کرد و بریار درا کە لە

کەمپی جێژنەکان دەستەیەك پێشمەرگە بۆ بەهێز کردن و تەقویەتی دەوری دەفتەر بە مەئموورییەت بۆ کۆیە بنێردرێن.

حەوتوویەك دوای ئەو کۆبوونەوەیە ڕۆژی ٨ی خەرمانان سکرتێری حیزب، مامۆستا عەبدوڵڵاحسن زادە بۆ سەفەری دەرەوەی وڵات چوو. تا بەغدا هاورێیەتیمان کرد. سەفەری مامۆستا بۆ دەرەوە لەجێ دا زۆر پێویست و بەوەخت بوو دنیای دەرەوە دەبوایە لە بارودۆخی ئێران و کوردستان و کردەوە و جینایەتەکانی ڕێژیم پتر ئاگادار کرابا. جیا لەوەش لەکاتی بەستنی بیستەمین کۆنگرەی ئەنترناسیونال سوسیالیست نزیك دەبووینەوە و بریار وابوو کە لەو کۆنگرەیەدا حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە فەرمی بە ئەندامی SI وەربگیرێ.

شەڕی نێوخۆی یەکیەتی و پارتی وەك دوو هێزی سەرەکیی کوردستانی عێراق نەبڕابۆوە. ڕۆژی ١٠ی خەرمانانی ٧٥ پارتی دێموکرات لە لایەك و لە لایەکی دیکە ئەرتەشی عێراق هاوکات هێرشیان کردە سەر شاری هەولێر و کۆنترۆڵی شاری هەولێریان لە چنگ یەکیەتی نیشتمانی دەرێنا و پارتی بۆخۆی لە هەولێر جێگیر بوو. پارتی لە درێژەی ئەم هێرشەدا چەند ڕۆژ دواتر شاری "کۆیە"شی گرت و یەکیەتی نیشتمانی تاکتیکی پاشەکشەی بەردەوام تا سەر سنوور گرتەبەر. خاڵی گرینگ لەو نێوەدا ڕاگرتنی بێلایەنی و سەربەخۆیی حیزب چ لە بڕیاردان و چ لە هەستیار بوون بە نیسبەت ململانێ خوێناوی یەکانی یەکیەتی و پارتی لەو شەڕە براکوژی یەدا بوو.

لەکاتی هێرشی پارتی بۆسەر شاری کۆیەدا پێشمەرگەکانی پارتی چووبوونە پایەگاکانی "عەلیاوا"کە یەکێك لە پایەگاکانی حیزب بوو و بە دۆشکەی پایەگا تەقەیان لە هێزەکانی یەکیەتی کردبوو. لەو نێوەدا پێشمەرگەکانی یەکیەتی پێیان وا دەبێ کە ئەوە حیزبی دێموکراتە تەقەیان لێ دەکا و ئەوەش دەنگی دابۆوە. بەڵام حیزبی دێموکرات نەك ئەوەی لەو شەڕەدا تەواو بێ لایەنی گرتبۆ پێش، بەڵکو زۆر لە درێژە کێشانی و بەردەوامی ئەو ناکۆکی یانە نیگەران بوو. لەو نێوەش دا زۆری

هەوڵی نێو بژیوانی بۆ پێك هاتن و کۆتایی هێنان بەو شەڕە دزێوەی نێوان ئـەم دوو هێزە سەرەکی یەی کوردستان دەدا.

نزیك بـە ٤٠ رۆژ دواتـر و لـە رێکـەوتی ٢٣ی رەزبـەری ٧٥دا یەکییـەتی نیـشتمانی هێرشی بۆ سەر سلێمانی و رانیە کـردەوە و دەسـتی بەسـەر ئـەو دوو شـارەدا گـرت و دواتر شاری کۆیەشی گرتـەوە. رۆژی ٢٤ی رەزبـەر کـاوە بـەهرامی کـە ئەنـدامی سـتاد بوو لەگەل چەند کەسێك بـە مەبەسـتی سـەردانی برادەرانـی یەکیـەتی چـووە لایـان بـەڵام، لـە بازگـەی کۆیـە — هـەولێر لەلایـەن چـەند پێـشمەرگەی یەکیـەتی وە لێیـان دەدەن و دەمانچەکانیان لـێ دەسـتێنن و زۆریـان قـسە پـێ دەلـێن. دیـارە ئـەو تـووڕە بوونە لەسەر ئەوە بوو کە گۆیا بە دۆشکە تەقەیان لـێ کراوە هەروەك باس کرا. ئەو تەقە کردنە وەك ئاماژەی پێ کرا دوور لە راستی بوو.

هەمان رۆژ واتە ٢٤ی رەزبەر ماشێنێکی کومیتەی بۆکان بو کرینی کـەل و پـەل و پێداویستی یەکانی کومیتە دەچێتە نێو شاری کۆیە کە چەند چەکدار ماشـێنەکەیان لـێ دەستێنن. دوایە سەردانی بنکەی یەکیەتی نیشتمانی لە کۆیە کرا و دەرکەوت کە تاقمی چەکداری مەجید مەلا فەتاح ماشێنەکەی کومیتـەی بۆکانیـان رفانـدووە و بـۆ ئێرانیان بردوە.

رۆژی ٢٥ی رەزبەر لـە هاورێیـەتی کـاك مـستەفا هیجـری، وەك جێگـر سـکرتێر دا چووینە سەردانی کاك کۆسرەت رەسوول عەلی لەنێو شاری کۆیە. لـە کۆبوونەوەیـەك دا باسـی رووداوەکـانی رۆژ و ئـاڵۆزی یـەکانی پێوەنـدیمان لـەو ماوەیـەدا کـرا. لـەو کۆبوونەوەیە ٢ کاتژمێری یەدا زۆر کێشەی رۆژ هاتنە بەرباس و قسەیان لەسەر کرا. دوو رۆژی تـر واتـە ٢٧ی رەزبـەر پـارتی هێرشـی بـۆ کۆیـە کـردەوە تـا نزیـك دوکـان یەکییـەتی پاشەکـشەی کـرد. یەکییـەتی لـە دووکـان دوو رۆژ شـەڕی کـرد و پـارتی کـشایەوە دواوە. رۆژی ٢ی خـەزەلوەر یەکیـەتیی نیـشتمانی لـە هێرشـێك دا کۆیـەی لەچنگ پارتی دەرهێنا و لەنێوان کۆیـە و دێگەڵە بەرامبـەر یـەك راوەسـتان و رۆژی دواتر ئاگر بریان راگەیاند.

ڕۆژی ٩ی خــەزەلوەریش بــەنێو بــژیوانی ئــەمریکا لــە وڵاتــی تورکیــە پێکــەوە دانیشتن و کۆتایی یان بەو شەڕە براکوژی یەهێنا ئەم هەواڵە بۆ گەلی کورد مزگێنــی یەکی خـۆش بــوو ئەگەرچــی نامهــەوێ بــاس لــە پێوەنــدی حیزبــی دێمـوکرات لەگـەڵ حیزبە کوردستانی یەکان بکەم بەڵام لەبەر ئالۆزی پێوەندی یەکان حیزب و حیزبــی دەسەڵاتداری ناوچە واتە یەکییەتی نیشتمانی دەبێ ئاماژە بکەم کە ئەو پێوەندی یە بــۆ دوای کــۆنگرەی ٣ی حیــزب و دامــەزرانی یەکییــەتی نیــشتمانی دەگەڕێتــەوە و دوکتور قاسملوو حیزبی دێموکرات یەکـەم حیـزب بـوو کـە پـشتیوانی لـە دامـەزرانی یەکییەتی کردبوو و ئەو پێوەندی یەش ڕۆژ بەڕۆژ ڕوو لە گەشەکردن ببوو.[86]

دوای ڕاپەرینی گەلی کورد لە کوردستانی عێـراق و لـە زسـتانی ١٣٦٩ ڕا وردە وردە پیلانگێری یەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ تێکدانی ڕەوشی نوێی کوردسـتانی ئـازادکراو ڕەوتێکی نوێ و خێراتری بەخۆیەوە بینی. هەموو هەوڵی ڕێژیم ئەوە بوو کە نێوان بخاتە نێو حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی کوردستان بەتایبەت یەکییەتی و پارتی.

لەم ڕێگەیەوە بۆ ئـەم مەبەسـتەش لـە ئەنجامـدانی هـیچ پـیلان و ناحـەزی یـەك نەپرینگایەوە. دەستی بۆ هەموو تاوانێك درێژ کرد و دیتمان کە هێرشی بۆ قووڵایی خاکی کوردستانی عێراقیش کرد و زیانەکانی ئەم هێرشە و نانەوەی ناکۆکی یـەکانی نێوان حیزبە کوردستانی یەکان لە ژێر کارتێکەریی تێکدەرانەی ڕێـژیم تـا ماوەیـەك باڵی بەسەر پێوەندی ئەم حیزبانەدا کێشا و تەنانەت شەڕی براکوژی لـێ ساز بوو.

هــــەوری گــــرژی و ئــــالۆزی نێــــوان یەکییــــەتی و حیزبــــی دێمــــوکرات دوای کۆبوونەوەیەکی مام جەلال تاڵەبانی و مامۆستا عەبدالله حەسەنزادە لە پـاریس وردە وردە ڕەوی یەوە. ئەو دیدارە بوو بەهۆی وەلانانی ناکۆکی و هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی دیکــە لــە پێوەنــدی یــەکانی هــەردوو لا و هــەنگاونان بــۆ پتــەوتر کردنــی ئــەو پێوەندییانە.

---

[86]- لە پیامی بەڕێز مام جەلال بۆ کونگرەی ١١ی حیزب هاتبوو.

بـەڵام کـردەوە دزێوەکـانی کۆمـاری ئیـسلامی دژی حیزبـی دێمـوکرات و کـادر و پێـشمەرگەکانی لـە خـاکی کوردسـتانی عێـراق هـەر بـەردەوام بـوون و لـەو ماوەیـەدا دەیان کادر و پێـشمەرگەی حیـزب و حیزبـە کوردسـتانی یـەکانی نـەیاری رێـژیم لـە رێگەی سیخور و بەکرێگیراوەکانی رێژیمەوە تیرۆر کران.

رۆژی ١٦ی خــەزەڵوەر مامۆســتا حەســەنزادە لــە ســەفەری دەرەوە ڕا گەڕایــەوە کوردسـتان. پێـشتر لەگـەڵ دوو پێـشمەرگە چـوومە بەغـدا و لـەوێڕا لـە هاورێیـەتی مامۆستا گەڕاینەوە بنکەی دەفتەری سیاسی حیـزب لەکۆیـە. رۆژی ٢٧ی خـەزەڵوەری ١٣٧٥ مامۆستا سەبارەت بە سـەفەرەکەی بـۆ دەرەوە و دەسکەوتەکانی ئـەم سـەردان و چـالاکی یانـەی کۆبوونەوەیـەکی لـە سـالۆنی گـشتی قـەڵا گـرت و تـەوەرەی گرینگـی باسەکانی مامۆستا بە ئەندام وەرگیرانـی حیزبەکـەمان لـە رێکخـراوی ئینترناسـیونال سوسیالیست SI و دەنگدانەوەی هێرشی رێژیم لە قووڵایی خاکی کوردسـتانی عێـراق بۆسەر بنکەکانی حیزب لەنێو کۆروکۆمەڵە نێونەتەوەیی یەکان بوو.

پلینۆمی کومیتەی ناوەندی لە دوایی گەڕانەوەی مامۆستا لەشاری هـەولێر گیرا. بـۆ ئـەم مەبەسـتە رۆژی ٢ی سـەرماوەز چـووینە هـەولێر و تـا رۆژی ٧ی سـەرماوەز کۆتایی پلینۆمی لە وێ ماینەوە. دوای کۆتایی هاتنی کـاری پلینـۆم و راگەیانـدنی لـە رادیو و دەزگا تەبلیغی یەکانی حیزب هاورێیانی رێبەرایەتی بۆ شوێنی کاری خۆیـان گەڕانـەوە بـەڵام مامۆسـتا عەبـدوڵڵا حەسـەنزادە لەگـەل چـەند کـەس پێـشمەرگە لـە هاورێیەتی بـەرێزیان لـە هـەولێر ماینـەوە و پـاش ئـەوەی مامۆسـتا سـەردانی چـەند حیزب و رێکخراوی کوردستانی عێراقی کرد، گەراینەوە کۆیە.

رۆژی ١٠ی ســەرماوەز تیرۆریــستەکانی نێــردراوی کۆمــاری ئیــسلامی تەقــە لــە لەنـدروێری کابرایەکی هەرمۆتە دەکەن کە چەند کەسـی لـە پێـشمەرگەکانی حیزبـی تێدا دەبێ، ئەو پەلامارە تیرۆریستی یە لە نزیـك شـاری کۆیـە بـوو و پـاش تیرۆرەکـە برازیلی یەکی تیرۆریستان لەنێو شـاری کۆیـەدا خـۆی بـزر دەکـا. لـەو کردەوەیـە دا ٥ سەرنشینی لەندروێرەکە شەهید دەبن دوو کەس لە شەهیدەکان ئەندامی تەشکیلاتی

بوون بۆ سەردان هاتبوون دەگەڕانەوە. دوو پێشمەرگەی دیکە و منداڵێکی ٥ ساڵەی پێشمەرگەیەك (ئامانج) لە قوربانیانی دیكەی ئەم كردەوە تیرۆریستی یە بوون.

لەگەل بیستنی ئەم هەواڵە لەگەل مامۆستا چووینە شوێنی رووداوەکە و دوای گەرانەوەمان بۆ سكرتاریا لەگەڵ چەكۆ رەحیمی چووینە ئاسایشی كۆیە بۆ ئەوەی وەدوای پێوشوێنی بكوژان و تیرۆریستەكانی ئەم جینایەتە بكەوین بەلام چمان دەست نەكەوت.

رۆژی دواتر هەیئەتێكی پایەبەرزی یەكییەتی نیشتمانی بۆ سەرەخۆشی ئەم كردەوە تیرۆریستی یەی كۆماری ئیسلامی سەردانی بنكەی دەفتەری سیاسی حیزبیان كرد. هەر ئەو رۆژەش هەیئەتێكی رێكخراوی خەبات بە سەرۆكایەتی شێخ جەلال حوسێنی سەردانی سكرتاریای كرد. رێوشوێنی ئەمنیەتی بە توندترین شێوە لەم رۆژانەدا رەچاو كرابوو. هەروەها رۆژی ١٢ی سەرماوەز وەفدێكی "رێبەرایەتیی شۆرشگێر"كاك فەتاح كاویان وكاك حوسێن مەدەنی سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبیان كرد و كۆبوونەوەكانی یەكگرتنەوەیان دەست پێ كردەوە و درێژەیان پێ دا.

رۆژی ٢٠ی سەرماوەز وەفدێكی كۆمەڵە سەردانی حیزبی كرد. بۆ پێشگرتن لە هەر چەشنە كردەوەیەكی تیرۆریستی بە باشترین شێوە خاڵە ئەمنیەتی یەكان لەبەر چاو گیرابوون. جادەی هەیبەت سوڵتان هەر بە چەند میتر پێشمەرگەی خۆمان لێ دانابوو. تەوەری ئەم كۆبوونەوەیە و مەبەست لەو سەردانە باس لەسەر بابەتە سیاسی یەكانی رۆژ و نێوانی دوولا بوو. وەفدی كۆمەڵە دوای نێوەرۆ بۆ سولێمانی گەڕاوە. پاش چەند رۆژ داوام لە مامۆستا كرد كە كۆبوونەوەیەك بۆ هێزی پارێزگاری بگرێ بۆ ئەم مەبەستەش رۆژی ١ی بەفرانباری دیاری كرد و كۆبوونەوەكە لەكاتی خۆی دا گیرا و پێشوازی باشی لێكرا.

تـەوەری باسـەکەی مامۆسـتا پرسـە گـشتی یـەکان و باسـە سیاسـی یـەکانی رۆژو گرفتەکانی هێزی پارێزگاری بوو. مامۆستا لـەو کۆبوونەوەیـەدا وڵامـی پرسـیاری بـە بەشدارانی کۆبوونەوەکەی داوە و بۆ سکرتاریا گەڕاوە.

لەماوەی رۆژانی ٤ تا ١٣ی سەرماوەزدا وەفدی"رێبەرایەتیی شۆڕشگێر"سـێ جـاری دیکـە سـەردانی بنکـەی دەفتـەری سیاسـی یـان کـرد، کۆبوونـەوەکان زۆر بـە وردی و بەردەوام بەرێوە دەچوون و لەسـەر هـەموو خاڵەکانی یەکگرتنـەوە سـاغ بوونـەوە و رێککەوتن.

رۆژی ١٩ی بەفرانبار جێژنی خۆشی یەکگرتنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. لـە سـاڵۆنی قـەڵا پـاش قـسەکانی کـاك حەسـەن شـەرەفی و کـاك حەسـەن رەستگار و خوێندنەوەی بەیاننامەی یەکگرتنەوە، شایی یەکی گەورە ساز بـوو کـە تـا درەنگانێك لە شەو کەس دڵی نەدەهات لێی بێتەدەر.

رۆژی ٢١ی بـــەفرانبار مامۆســـتا لـــە کۆبوونەوەیـــەك دا لەســـەر دوا بریارەکـــانی یەکگرتنــەوە بــۆ هاتنــەوەی هاورێیــان و لێـك دانــەوەی لایەنــەکانی دیکـەی رۆژەڤــی حیزب قسەی کرد و باسی لە سەفەری سبەینێ بۆ دەرەوە کـرد. بـۆ بـەیانی مامۆسـتا سەفەری دەرەوەی وڵاتی دەست پێ کرد و لە جۆش و خرۆشی یەکگرتنـەوەی حیـزب دا درێژەمان بە کارەکانی خۆمان دا.

هێزی پارێزگاری ئەوکات راستـەوخۆ لەگـەڵ دەفتـەری سیاسـی پێوەنـدی هـەبوو. رۆژی ٩ی رێبەنـدان سـەبارەت بـە باسـکردن لەسـەر کـەم و کـوری یـەکانی پارێزگـاری لەگـەل کـاك سـەید سـەلام عـەزیزی کۆبوونەوەیـەکمان گـرت و رۆژی دواتـر هـەر سەبارەت بەو بابەتە لەگەل کاك مستەفا هیجری (جێگر سکرتێری کـات) دانیـشتم و زۆرتری باسەکانمان کەمی پێشمەرگە لە هێزی پارێزگاری، چونکی هێـزی پارێزگـاری لە کومیتەکانی حیزبی پێشمەرگەی بۆ دابین دەکـرا ئێمـەش هەرکـەس لـە سـێ سـاڵ کەمتر پێشمەرگایەتی بوایە لە پارێزگـاری نەمانـدەویـست ئۆرگانـەکانیش کـەمتر لـەم

بارەوە هاوکارییان دەکردین. لەلایەکی دیکەوە دەبوو لەو هەل و مەرجەدا گیانی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بە شەو و رۆژ لە ئەمان دابان.

دوایە رۆژی ١٠ی رێبەندان کۆبوونەوەی ستاد لەگەڵ دەفتەری سیاسی گیرا و لەو کۆبوونەوەیەدا جارێکی دیکە وردەکاریی بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ هێزەکانی رێژیم لە ئەگەری هێرشی دووبارەدا تاوتوێ کران و بریاریان لەسەر درا. لەو سەرو بەندەدا هەموو پێشمەرگەکانی حیزب و هێزەکانی حیزب لەناوچە گەڕابوونەوە و تەواو لە ئامادە باش دا بووین.

پێویستی یەکی زۆرمان بە بێسیم بۆ راپەراندنی کارەکانمان بوو. دوو جار سەبارەت بەو بابەتە لەگەڵ کاك حەسەن شەرەفی کۆبوونەوەم بوو و قسەم لەگەڵ کرد بەڵام ئەو داخوازی یەمان جێبەجێ هەر نەبوو. هەر بۆیە رۆژی ١٩ی رێبەندان سەردانی کاك مستەفا هیجری م کردەوە بەرێزیان نامەیەکی بۆ کاك حەسەن شەرەفی نووسی بەڵام دیسان داواکەی ئێمە و نامەکەی کاك مستەفاش بێ وڵام مایەوە هیندەی ئەو رۆ ئەو رۆ پێ کردم تا ئێمەش وازمان لێ هێنا.

رۆژی ٢١ی رێبەندان لە سیاسی — نیزامی لەگەڵ کاك سەلام عەزیزی کۆبووینەوە تا سەبارەت بە هێندێك لە پێداویستی یەکانی هێزی پارێزگاری قسەی لەگەڵ بکەم و خۆمپارەیەکی ١٢٠م بۆ کەڵك وەرگرتن لەکاتی ئەگەری هێرشی رێژیم وەرگرت و لە پارێزگاری دامان مەزراند و رۆژی ٢٧ی رێبەندان بۆ دیاری کردنی جێیەك بۆ هێزی کێلەشین، لەسەر بڕیاری پێشوو کە بێتە دەوری دەفتەر، چوومە لای کاك سەلام و جێمان بۆ دیاری کردن.

رۆژی ٣٠ی رێبەندان ستادی فەرماندەیی جارێکی دیکە بە مەبەستی تاوتوێ کردنی رووداوەکان و ئامادەباشی کۆبوونەوەمان گرت و ئاکامی کۆبوونەوەکە وردەکاری یەکانی ئەرکی پێشمەرگەی پارێزگاریم لە کۆبوونەوەی سبەی واتە رۆژی ١ی رەشەممە بۆ پێشمەرگەکان شی کردەوە.

ئێوارەی ١٢ی رەشەممە کاك مستەفا هیجری ناردبوویە شوێنم و ئاگاداری کردم کە مامۆستا لە سەفەری دەرەوە دەگەڕێتەوە. لەگەڵ خەدەمات هەماهەنگیمان کرد و بەیانی کاتژمێری ٨ هەموو ئامادەی پێشوازی لە سکرتێر بووین.

رۆژی ١٩ی رەشەممە مامۆستا مەئمورییەتی پێدام کە ئەمانەتی یەکی حیزب لە دەرەوەڕا دێتەوە و من دەبێ بەرەو پیلی بچم. سەعات ٦ی بەیانی سبەی لەگەل دوو پێشمەرگە بۆ سنووری زاخۆ وەرێ کەوتم. قەرار وابوو بۆ ئێوارە ئەمانەتەکە بگا، بەلام چ باس نەبوو لەگەل دەفتەری پاریس بە تەلەفون قسەم کرد کە لێرە چاوەڕوانم. شەو لە زاخۆ ماینەوە و کاتژمێری ٩ی بەیانی ئەمانەتی یەکە کە پووڵ بوو گەیشت، لەگەل نەفەرەکە هەڵمان گرت و بۆ کۆیە گەڕاینەوە.

سەبارەت بە چۆنیەتی کاری پارێزگاری و کەموکوڕی یەکانی جارێکی دیکەش لە رۆژی ٢٢ی رەشەممە لەگەڵ کاك مستەفا هیجری کۆبوومەوە و بەڵێنی دا کە کەموکوری یەکان لەگەل دەفتەر باس بکا و چارەسەری بکا.

ئێوارە رۆژی ٢٤ی رەشەممە مامۆستا عبدالله حسن زادە ئاگاداری کردم کە سبەی سەردانی کۆمەڵە دەکەین و ئاگادار بە. ئێوارە پێشمەرگەکانی پارێزگاریم هەڵبژراد و هەماهەنگیمان لە گەڵ خەدەمات بۆ ئامادە کردنی ماشێن کرد. بەیانی بەرەو سلێمانی وەرێ کەوتین. سەرەتا سەردانی دەفتەری پێوەندیەکانی حیزبمان لە سولێمانی کرد دواتر بەرەو "زرگوێز" شوێنی رێبەرایەتی کۆمەڵە وەڕێ کەوتین لە شوێنی دیاری کراو کاك برایم عەلیزادە پێشوازی لە مامۆستا و وەفدی حیزب کرد. وەفدەکەی حیزب بریتی بوون مامۆستا عبدالله حسن زادە، عەلی مهرپەروەر، سەید مەنسوور ناسری، ساماڵ ئیسماعیل زادە و مەنسوور فەتاحی. تەوەری باسەکان چۆنیەتی توند و تۆڵ کردنی پێوەندی یەکان و لێك نزیك بوونەوەی زیاتر بۆ هاوکاریی هاوبەش بوون و بەشداری کردن لە بۆنە و مناسبەتی یەکتری بوو.

دوانیوەڕۆ دوای ماڵئاوایی لە کۆمەڵە بەر لە گەڕانەوەمان بۆ کۆیە سەردانی کەمپی بازیان، یەکێکی دیکە لە کەمپەکانی حیزبی دێموکراتمان کرد و بۆ شام لە

لایەن مەڵبەندی یەك دوو میوانداری کراین و بۆخەوتن هۆدەیەك بۆ سکرتێرو کاك بابا عەلی و نووسەری ئەم دێڕانە دیاری کرا. پێش لە خەوتن ئاگادارم کردبوون کە ئەگەر هات و چۆی دەرێ دەکەن ئاگادارم کەنەوە و بۆ خۆشم تفەنگەکەم بە دەرگاوە نابوو کە هەرکەس بیهەوێ بێتە ژووری زوو پێی بزانم. بۆ بەیانی ڕۆژی ٢٦ی ڕەشەممە بە ڕێگەی تەق تەق دا بەرەو بنکەی دەفتەری سیاسی گەڕاینەوە.

ساڵی ١٣٧٥ ساڵێکی پڕ ڕووداو و پڕ کێشە لە ژیانی سیاسی من بوو. شوێنگەی حیزب لە بارودۆخی ئەوکات دا هەستیار و ناسك بوو و منیش کە بە فەرماندەری هێزی پارێزگاری دیاری کرابووم هەستم بە بەرپرسایەتیی قورس دەکرد.

ئەوانەی من دەبوا گیانم پاراستبان هەر هەموو ئەرکی قورسی ڕێبەرایەتیی خەباتیان لە ئەستۆ بوو هەر بۆیە هەمیشە چاوم لە دەورووبەری سکرتاریا بوو. زۆر جار بۆوە لەگەل ئەندامانی دەفتەری سیاسی دوو کەسی سەفەرمان کردوە لەو سەفەرانەدا چووکترین هەڵە دەبوە لێکەوتنی زیان لە حیزبی دێموکرات. هەر بۆیەش لەو ماوەیەدا یەکجاریش هیچ کام لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ڕەخنەیان لە کاروباری پارێزگاری و هەڵسوورانی ئەم ئۆرگانە نەگرت. هەمیشە لەکاتی خۆی و لەجێی خۆی پێشمەرگە ئامادە دەبوون. زۆر شەو بوو، لەبەر ئەرکی قورس و پاراستنی کەسایەتیی سیاسیم شەو تا بەیانی نەخەوتووم و ئاگاداری وڵات و وەزعی ئاڵۆزی ناوچە بووم. هەموو توانام ئەوە بوو کە هیچ شتێك لە زیانی گیانی ئەندامانی دەفتەری سیاسی بە گشتی و سکرتێر بەتایبەتی روونەدا.


فەرماندەری هێزی پارێزگاری جیاوازی یەکی زۆری لەگەڵ فەرماندەیی هێز لە ناوچە هەبوو. لە ناوچە دوژمن لەبەر چاوت بوو دەتدی، هێزەکەیت بەراوەرد دەکرد و شەڕگە دیار بوو، لەشەڕدا دەتکوشت و یا دەی کوشتی. بەڵام لە پارێزگاری و لە هەل و مەرجی کوردستانی عێراق دا دوژمن نەدیوو و شاراوە بوو و پاراستنی بژاردە سیاسی یەکان لەو کات و هەلومەرجە سەخت و دژوار بوو. زۆر بەختەوەرم کە لەو ئەرکە قورسەدا سەرکەوتوو هاتمە دەرێ.


**دوایین كۆبوونـه‌وه‌م لـه‌و سـاڵه‌دا له‌گـه‌ڵ كومیـسیونی سیاسـی- نیزامـی رۆژی ٢٨ی ره‌شه‌ممه له‌سه‌ر بێنه‌زمی سێ پێشمه‌رگه بوو كه به‌هۆی قورس بـوونی تاوانه‌كـه‌یان له‌سه‌ر ره‌زامه‌ندی سیاسی نیزامی بڕیاری ده‌ركردنیان له حیزب وه‌ك سزا بـۆ دیـاری كرا.**


**ئێـــوارێ رۆژی ٢٩ی ره‌شـــه‌ممه به‌بۆنـــه‌ی هـــاتنی ســـاڵی نـــوێ و نـــه‌ورۆزی ١٣٧٦ جێژنێكی به‌شكۆ له ساڵۆنی قه‌ڵا گیرا. پاش ئه‌وه‌ی مامۆستا به‌و بۆنـه‌وه قـسه‌ی كـرد و په‌یامی خۆشی پێش كـه‌ش كـرد، پـه‌زیرایی لـه به‌شـداران كـرد و سـاڵێكی نـوێ لـه خه‌بات و تێكۆشانی حیزب ده‌ستی پێ كرد. لـه سـه‌ره‌تایی ١٣٧٦ خـه‌باتی چـه‌كداریش كه‌م ره‌نگ بۆوه. ئه‌گه‌ر عومر باقی بێ و ته‌مه‌نمان درێـژتر بـێ هۆكـاری كـه‌م ره‌نـگ بوونه‌وه‌ی خه‌باتی چه‌كداری و موبـارزاتی سیاسـی لـه سـه‌ره‌تای سـاڵی ١٣٧٦ بـه‌و لاوه باس ده‌كه‌م.**

***سه‌ركه‌وتوو بن.***

# ئاڵبۆمی شەهیدانی هێزی بەیان



دوکتور سەعید شەرەفکەندی



سەلام عەزیزی



سەرگورد عەلیار



سەروان ئەفشین


وەستا ئەحمەد کوهگرد


قاسمی باقی



کەریم عەلی فەرامەرز



محەممەد برایم ئوف



عوسمان دادخوا



حەسەن جەمشیدی



ناسر باریك



سوارە مەعرووفی



محێدین حوسێنی


هەمزە حیجازی


سەلاح عەلیار



ئەحمەد عەزیزی



جەعفەر بۆکانی


ئەسعەد سەیدئەحمەدی


محەممەد برایم ئۆف


عەولا فەیزی


مەنسوور سوارە



خدری رەسووڵی


خالید فەیزوڵڵاپوور



محەممەد مەولوودپوور



رەحمان فەیزوڵڵاپوور


مەحموود سوڵتانی



محێدین سوارە



عوسمان شوکروڵڵازادە



عومەر قادری (شۆڕش)



سەدیق عەبدوڵڵاپوور



ئەبوبەکری بەقاڵی



عەلی جەلالی



عەلی سەرمایە


عەولا شەریفی


ساڵحی ئاغابەیگی


محەممەد چەمەنی



حەسەن عەزیزی


هەمزە خان ئەحمەدی


تاهیر خزری



ڕەحیم وەلیدازی



ئازاد خوسرەوی


عێزەددین حوسێنی


سمایل ڕەزایی



کەریم ساڵحی


رەحمان زارعی


ئەحمەد خزری


خالید رەشیدی



مستەفا گوڵزاری


سەعید رەحمانی



عەزیز کیانی


خوسرەو گورگی


جەلیل رەحیمیان



برایم شوجاعی (شەماڵ)


ئەمیر رەزایی



سمایل رەحیمزادە (ئازاد)



کەماڵ ئاقاوەلی


قادر فەرعانی



حوسێن نادری


خاڵند ئەمینی


مەحموود سەربرەهنە



سلێمان فەرامەرزی


قاسم فەیزی



حەسەن کەریمی


رەشید سەلیمی


عەلی عەبباسی


تاهیر حامیدی



محەممەد شامحەممەدی



عومەر رەحمانی



مەنسوور محەممەدپوور


کاوە رەسووڵپوور



سەیفوڵڵا فەیزی


مەنسوور مەعرووفی


بەهمەن پاکار



ساڵە ئەڵماسی


سەید کەرمی راج


عەلی شەهابی



مەنسووری فەقێمینە




محەممەدی ئەحمەدشەم



سمایل کەریمزادە



عەلی رەحیمی



عەلی خاریجە




ئەبوبەکر مەعرووفی




ئەبوبەکر خزری




عوسمان عەبدوڵلایی




ئەبوبەکر کەدخودایی



لوقمان ئەلیاسی




ئەبوبەکر هیدایەتی



جەعفەر ئەحمەدپوور



محەممەد عەلیزادە




مەحموود مەحموودپوور




عومەر سەلیمی



توفیق عەزیزی


ئەحمەد قادری



ئەبوبەکر کاکلی


مەنسوور حەقپوور


سوڵتان حاجی رەسووڵی



جەعفەر کەدخوادیی



ساڵح شەریفی



محەممەد خانەخا


سەعدوون بارزان


تاهیر بۆکانی



رەحمان ئیبراهیم پوور


کەماڵ ئەشعەری



سەدیق ئەحمەدی


عەلی تەنوومەند


حوسێن رەحیمی (سەیدە)


عوسمان عەبباسی


بەهمەن سامبەگی


سلێمان ئاگووشی


نادر حەمەمرادی


ڕەشید خەلیلی


ڕەحمان مەحموودی


جەماڵ بەهرامی


محەممەد مەحموودی



محەممەد پوورهیمەت



مستەفا مەحموودزادە


سمایل خورشیدی


ڕەحمان ئەمینی


مستەفا دامەنگیر



عەولا ئەمینی



کەریم کانیگورگە



مەشەدی فەتاح


سەعید ڕۆستەمی



حوسێن ناسکی


ساڵح جەهانگیری


مەولوود ڕۆستەمی


کەماڵ یوسفی



مامە قالەی ساڵحی



عەلی وەهاب زادە



عەلی باڵدار


عوسمان عەبباسی


بەهمەن


ساڵە بەننایی


ئەحمەد ڕەسووڵی


مستەفا قادری

# ئەو وێنانەی لە مێژوو دەدوێن



دوکتور سەعید لەکاتی سەردانی هێزی بەیان، ساڵی ١٣٦٩



٤ پێشمەرگەی هێزی بەیان، قەندیل



تیمی فووتباڵی هێزی بەیان، هانیگەرمەڵەی هەورامان



چەند پێشمەرگەیەکی هێزی بەیان، قەندیل



پەلێکی هێزی بەیان، ساڵی ١٣٦٢



تاهیر قادرپوور، ؟ ، رزگار حەبیب زادە



برایم چووکەڵی، محەممەدئەمین جەهانگیری ١٣٦٤



کێبەرکێی واڵیباڵ لەنێوان هێزەکان




چەند پێشمەرگە ساڵی ١٣٧٠ لەناوچە



١-ئەبووجامەردی٢-مەمیل٣-عەلیشەهابی٤-ئەبوومەعروفی٥-



برایم چووکەڵی، ساڵی ١٣٦٣



١- عوسمان مەمیل،٢ عومەر، ٣برایم چووکەڵی٤ شەهید برایم خەتایی‌ساڵی١٣٦٤



سالۆنی کۆنگرەی ١٠ـ موعتەسەم نوورانی، حەسەن شەرەفی، برایم چووکەڵی، عەبدوڵڵا حەسەنزادە



محەممەد شەهرەوان(توپچی)




تیمی فوتباڵی هێزی بەیان و کێلەشین زستانی ١٣٦٨



برایم چووکەڵی و ئەمیر رەسووڵی



پەلێك لە پێشمەرگەکانی هێزی بەیان ـ حسێن ئاباد






کەریم شوجاعی، ئەمیر رەسووڵی، چووکەڵی‌و شەهید ئەبوبەکر مەعرووفی گەورەدێ




مێرگەنەخشینە




تورجان ـ ١٣٦٨



گەورەدێ ـ ١٣٦٥




بۆڵێ ـ ١٣٦٩



ناوچەی سەقز ـ ١٣٦٩



ناوچەی بانە ـ ١٣٦٨




چیای پەڕەژاڵ لە ناوچەی سەقز، ساڵی ١٣٦٨



قەندیل ـ ١٣٧٢



برایم چووکەڵی ـ حسێن ئاباد ـ ١٣٦٤




کانیێ ڕەش ـ ١٣٦٨



برایم چووکەڵی، عومەر باڵەکی ـ چۆمی مەلاحەسەن ـ ١٣٧٢




ئینزێ ـ ١٣٦٩




ئەمیر رەسووڵی، برایم چووکەڵی ـ ١٣٦٥




پەلێکی هێزی بەیان ـ چۆمی بناوەرەشان ـ ١٣٦٨



برایم چووکەڵی، ئەمیر رەسووڵی ـ تەرەغە ـ ١٣٧٢



برایم چووکەڵی ، گوڵاڵە محەممەدزادە ـ ١٣٧٢



هاوڕێی خۆشەویست کاک برایم چوکەڵی


دوای سڵاو و ئاواتی سەرکەوتن

بەم هۆیەوە پێت ڕادەگەیەنین کە لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی جەنابت بە فەرماندەری هێزی پارێزگاری دەفتەری سیاسی دیاری کراوی.

لە کاتێکدا بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایت لێ دەکەین هیواداریت وەک لێت چاوەڕوان دەکرێ هەموو تواناست بۆ ڕێکخستن و پێکهێنانی ئەو هێزە و بە ئەنجام گەیاندنی ئەرکە پیرۆزەکانت وەکار بخەی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی

٢٥/٣/١٣٧٥ی هەتاوی



بەڕێز خۆشەویست کاک برایم چوکەڵی

دوای سڵاو

کاک ... ئێوە داوایان لێ کردووە بێت ... ماڵەکانیان ... خانەوە ... ماڵی ... ئێوە ... ماڵ ...


سڵاویش هەر لە لای وانە.

تکایە لە هاتوچۆدا ئێستا ... وریا بە ...

... سڵاو بۆ هەموو کوڕەکان.

برات عبدالرحمن حسن زادە

١٧/٥/٧٥




هاوڕێی بەڕێز کاک برایم چوکەڵی
لەگەڵ سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە.
بەم هۆیەوە بە فەرماندەری هێزی بۆکان دیاری دەکریی. هیوا داریــــن هەموو توانـا و ئیمکاناتی خۆت بۆ ڕێک وپێک کردنی کاروباری ئەو هێزە و خزمەت بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان، "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بـــۆ کـــوردستان" وەکار بخــەی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی

٢١/١٢/٧١

ڕوونووس بـــۆ
١- کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی
٢- « ماڵی
٣- کۆمیتەی شارستانی بۆکان
٤- سکرتاریا



هاوڕێی تێکۆشەر: کاک برایم چوکەڵی


سڵاوێکی شۆڕشگێرانە

بەم هۆیەوە ئاگادارت دەکەین کە لەسەر پێشنیاری کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی و پەسندی دەفتەری سیاسی لە ڕۆژی ١٥/٣/٧٤وە بە ~~سەرپەرستی~~ فەرماندەری هێزی بۆکان دیاری کراوی.

لە کاتێک دا بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایت لێ دەکەین، هیواداریـن وەک هەمیشە هەموو هێزو توانای خۆت بۆ ڕێک و پێک کردنی کارو باری ئەو هێزەو خزمەت بە بارەوپێش چوونی حیزبەکەمان تەرخان بکەی.

بە ئاواتی سەرکەوتن

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی عبدالرحمن حسن زادە
١٣٧٤/٤/١٥




هاوڕێی بەڕێز کاک برایم چوکەڵی
لەگەڵ سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە
بەم هۆیەوە بە سەرپەرەستی هێزی ٢ی ڕێبەندان دیاری دەکریی. هیوا داریـــن هەموو توانـا و ئیمکاناتی خۆت بۆ ڕێک وپێک کردنی کاروباری هێزی ٢ی ڕێبەندان و کۆمیتەی ناوچەی ٢ و خزمەت بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان، "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بـــۆ کـــوردستان" وەکار بخــەی.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی ناوەندی

١/٢/٧١

ڕوونووس بـــۆ
١-
٢-
٣-
٤-




حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمیتەی بۆکان

هاوڕێی تێکۆشەر کاک برایم چوکەڵی
لەگەڵ سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە.

بە بۆنەی بەڕێوەبردنی سەرکەوتووی پیرۆزەکانی حیزب لە نێو کۆمیتە ... لە لایەن کۆمیتەی شارستانەوە بە نووسراوە تەشویق دەکرێی. هیواداریم هەر واشێلگیرانە ... ئامانجەکانی حیزب دا تێبکۆشی.

بە هیوای سەرکەوتن


١٠/٩/٧٤




حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
کۆمیتەی بۆکان

هاوڕێی تێکۆشەر کاک برایم چووکەڵی
لەگەڵ سڵاوێکی شۆڕشگێڕانە.


بە بۆنەی بەڕێوە بردنی ئەرکە پیرۆزەکانی حیزب
لەنێو کۆمیتەکەو کادرو پێشمەرگەکاندا لە لایەن
کۆمیتەی شارستانەوە بە نووسراوە تەشویق
دەکرێی. هیوادارین هەروا شێلگیرانە لە ڕێناو
ئامانجەکانی حیزب دا تێبکۆشی.



برای زۆر بەڕێز و خۆشەویست کاک برایم چووکەڵی
لەگەڵ سڵاوی گەرم
نامەی پیرۆزباییتان گەیشت و خۆشحاڵی کردم. لە کاتێک دا
پڕ بە دڵ سوپاسی هەستی خاوێنتان دەکەم ئاواتم ئەوەیە هەمووان
پێکەوە و بە هاوکاری یەکتر و بە پشتیوانی کۆمەڵانی دڵسۆزی
گەلی کورد بتوانین ئەرکە نیشتمانییەکانمان بەڕێوە بەرین و ئاڵای
گیانی نەمری شەهیدان و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان سەربەرز و
ڕووسوور بێینە دەر.
هاوکاری دڵسۆزانەی ئێوە لە بەڕێوە بردنی ئەرکەکانی سەر
شانمان دا باشترین پیرۆزبایی لە من و لە هەموو ئەندامانی کادری
ڕێبەرایەتی حیزبە. سەرکەوتن بۆ زیاتر دروستەکەمان و ئامانجە
ڕەواکانمان، نەمری بۆ شەهیدانی ڕێگای ئازادی.
دیسان سڵاو و سوپاسی دووبارە
براتان عبدالله حسن زاده
١٠/٦/٧١




کمیته منطقه بوکان (آکلیشن)
سلام بسر همه همرزمان شما امیدوارم؛ دیگر همه شیرها در آغوش شیریم
سروران من بارها به شما گفتم که کسی از همرزمان شما با نیروهای پاسداران
خیلی همکاری دارد. آن شخص کسی است بنام «عزیز» که اسم خودش
«آتش افروز» گذاشته بود چهار روز پیش در اطلاعات نامه اش را
دیده ام شخص نامبرده بارها با شما در این منطقه دیده ام
خداحافظ شاهین ۲۰۰۰



سەرەتای پێشمەرگایەتی



دوای پێنج ساڵ پێشمەرگایەتی



دوای دوازدە ساڵ پێشمەرگایەتی



دوای بیستو پێنج ساڵ پێشمەرگایەتی

# نووسەر لە چەند دێرێك دا

★ ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە گوندی"داشبەند"سەربە ناوچەی ئەحمەدی کۆڕی بۆکان لە دایك بووە خوێندنی سێهەمی ناوەندی تەواو کردووەو بە هۆی وەزعی ئاڵۆزی کوردستان نەیتوانیوە درێژە بە خوێندن بداو رووی کردۆتە کاری سیاسی.

★ لە ١٣٦٠/٨/١٨ بوە بە پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران.

★ لە بەهاری ١٣٦٣ وەك سەرپەل دیاری کراوەو تا کاتی بریندار بوونی،و دوای سارێژ بوونەوەی برینەکەی گەڕاوەتەوە نێو هاوسەنگەرانی وکراوەتەوە بە سەرپەل تا ساڵی ١٣٦٥ ئەو بەرپرسایەتی یەی هەبووە.

★ ساڵی ١٣٦٦ کراوە بە جێگری لك و هەر لە هاوینی ئەو ساڵە دا وەك فەرماندەری لك دیاری کراوەو لە زستانی ٦٦دا بوو بە ئەندامی کومیتەی شارستانی بۆکان.

★ ساڵەکانی ٦٧ و٦٨ ئەندامی کومیتە شارستان و فەرماندەری لك بووە.

★ ساڵەکانی ٦٩ و٧٠ وەك فەرماندەری لك ئەرکی بەرێوە بردووە.

★ ساڵی ١٣٧١ لە لایەن دەفتەری سیاسیەوە بە سەرپەرەستی هێزی ٢ی رێبەندان و ئەندامی مەڵبەندی ٢ دیاری کرا.

★ ساڵەکانی ١٣٧٢ و٧٣ و٧٤ بەرپرسایەتی فەرماندەری هێزی بەیانی پێ سپێردراوە.

★ ساڵی ٧٥ و٧٦ فەرماندەری هێزی پارێزگاری سەر بە دەفتەری سیاسی بەرێوە بردووە.

★ دوای کونگرەی ١١ی حیزب لە زستانی ١٣٧٦ بەرپرسی کومیتەی شارستانی بۆکانی پێ ئەسپێردراو تا پێکهێنانی ناوەندەکان لە ساڵی ٧٧ دا ئەو برپرسایەتی یەی بەرێوە بردووە.

★ ساڵی ١٣٧٨ وەك ئەندامی ناوەندی٢ی کوردستان و فەرماندەری تیپ دیاری کراوەو تا نووسینی ئەم دێرانەش ئەو بەرپرسایەتیانە بەرێوە دەبا.

★- نووسەر بێجگە لەو کتێبەی لە بەر دەستتان دایە، بەرگی یەکەمی"چەپکێك گوڵاڵە سوورە"تایبەت بە شەهیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران( ناوچەی بۆکان)ی لە ساڵی ١٣٨٤دا چاپ و بڵاو کردۆتەوەو ئیستا نووسینی بەرگی دووهەمی"چەپکێك گوڵاڵە سوورە"و "ئەزموونەکانی مودیرییەتی فەرماندەهی"ی لە بەر دەست دایە.